# پێرست


پێشەکی ....... ٧

موحاسەبەی نیابەت ...... ٩

دوو تەقەلای بێسوود ....... ٣١

خولاصەی دوو تەقریری مەبعووثی سلێمانی ئەمین زەکی بەگ ......٦٨

بەیاناتی ئەمین زەکی بەگ مەبعووثی سلێمانی لە مەجلیسی مەبعووثان ......٧٠

کوردی بەناوبانگ : ......٨١

سوڵطان صەلاحەددینی ئەیووبی....... ٨٣

میرمحەمەد پاشا ....... ٨٩

ئەمیرخانی برادۆستو دمدم قەلا ..... .٩٣

ئەحمەدی ضوحاك قارەمانێکی نەناسراوی کورد.......١٠٥

مەلیکول عادیل سەیفوددین ئەبوبەکر محەمەد ........ ١٠٨

باباطاهیر........ ١١٢

مەلیك ئەفضەڵ.......١١٥

ئەبول فیداء....... ١١٨

مەولانا ئیدریس بتلیسی........ ١٢٢

ئەمیر ئەرسلان خان....... ١٢٤

عیمادوددین ئیسماعیل....... ١٢٤

سوڵطان ئیسحاق........ ١٢٤

مەلیك صاڵح نەجموددین ئەیووب........ ١٢٦

ئیسماعیل پاشا ........ ١٢٨

ئیسماعیل تەیموور پاشا........ ١٢٨

ئیسماعیل حەقی بابان........ ١٢٩

مەلیك ئەشرەف........ ١٢٩

ئیسماعیل ئەلکوردی....... ١٢٩

مەلیکول موعیز ئیسماعیل........ ١٣٠

ئەفراسیاب بەگ........ ١٣٠

ئاڵغ بەگ......... ١٣٠

ئولّغ بەگ........ ١٣٠
ئەلقاس بەگ......... ١٣١
ئیمام قولی بەگ.......... ١٣١
ئیمام قولی سوڵـطان........ ١٣١
ئەمانوڵڵاخان........ ١٣١
ئەمانوڵڵاخان......... ١٣٢
ئەمیرخانی برادۆست......... ١٣٢
ئەمیرخان بەگ.......... ١٣٣
ئەمیرخانی موکری......... ١٣٣
ئەمیر قولی سوڵـطان......... ١٣٣
ئەمیرەیەك........ ١٣٣
ئەمیرە پاشا........ ١٣٤
ئەمین فەیضی بەگ........ ١٣٥
ئیبراهیم ئەفەندی....... ١٣٦
شێخ ئیبراهیم ئەلکوردی.......... ١٣٧
ئیبراهیم ئەفەندی......... ١٣٧
ئیبراهیم سالار........ ١٣٧
ئەمیر ئیبراهیم خان......... ١٣٨
ئەبول هیجا......... ١٣٨
سەیفوددین ئەبوبەکر محەمەد......... ١٣٩
ئەبوبەکر مەلا جامی.......... ١٣٩
ئەبوبەکری گۆرانی........ ١٣٩
ئەبوبەکر ئامەدی......... ١٤٠
ئەبوبەکر گۆرانی......... ١٤٠
ئیبن دینار......... ١٤٠
ئەبو سەعید......... ١٤٠
ئەبوسوعوود ئەفەندی.......... ١٤٠
مەلا صالّح حەریق.......... ١٤٢
صالّح ئەفەندی ئاهی.......... ١٤٢
طاهیر بەگ.......... ١٤٣

عارف صائیب.......... ١٤٣
مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی......... ١٤٣
شێخ عەبدوڕڕەحمان......... ١٤٤
ئیبنول حاجیب......... ١٤٥
ئەبو حەسەن عەلی سەیفوددین......... ١٤٥
ئەبو عیسا محەمەد ضیائوددین.......... ١٤٥
میر ئەبوبەکر.......... ١٤٦
ئیبنو خەلەکانی هەولێری.......... ١٤٦
ئەبو فەضڵ محەمەد ئەفەندی........... ١٤٧
ئیبنول موستەوفی ئەلئەربیلی........... ١٤٨
توورانشا............ ١٤٩
ئیبن فەخر ئەربیلی............ ١٥٠
ئەبو فەتح نەصر........... ١٥١
ئەبو فەتح محەمەد........... ١٥١
ئەبو فەتح............. ١٥١
ئەحمەد تەیموور پاشا........... ١٥١
ئەحمەد ئەلمەشطووب........... ١٥٢
ئەحمەد بەگ............. ١٥٢
قاضی ئەحمەد ئەفەندی طەهازادە.......... ١٥٣
ئەتابەگ ئەحمەدیل............ ١٥٣
ئاق سونگور ئەحمەدیلی............. ١٥٤
ئەحمەد نوصرەتوددین............ ١٥٤
مەلیك ئەوحەد............ ١٥٥
ئولوخان بەگ............. ١٥٥
ئوغوز خان............ ١٥٥
ئوغوز بەگ.............. ١٥٥
ئوغوز بەگ............. ١٥٦
ئەلپارغۆن............. ١٥٦
ئەڵلاوێردی بەگ........... ١٥٦
ئۆغڵان بوداخ............ ١٥٦

ئەولیا بەگ............ ١٥٦
ئووەیس بەگ............. ١٥٧
صەلاحەددینو ئەهلی خاچ............ ١٥٨
بۆ پیرەمێردی خۆشەویست............. ١٨٣
تاریخو ئەشخاص............. ١٨٥
تاریخو ئەشخاص............... ١٨٧
تاریخو ئەشخاص............... ١٨٩
زمانی کوردی : ................ ١٩٣
زمانی کوردیو ئەدەبی............. ١٩٥
زمانی کوردی بۆچی گۆڕاوە، چۆن یەك ئەگرێ ؟............ ٢٠٠
ئەم لەهجانەی کوردی چۆن ئەبێتە یەك لەهجە ؟............ ٢٠٦
زمانی کوردی............. ٢٠٩
قسەو زمانی کوردی............. ٢١٥
ئەو کاغەذەی کە لە ئەستامووڵەوە هاتووە............. ٢٤٨
کاغەذی ئەمین زەکی بەگ مەبعووثی سلێمانی............. ٢٥٠
جوابی پرسیاری "قانع".............. ٢٥٣
نەورۆز.............. ٢٥٤
لە ئەمین زەکی بەگەوە سەلام بۆ "سەلام"............ ٢٥٧
نامەکەی مامۆستای گەورە ئەمین زەکی بەگ............ ٢٥٨
ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە.............. ٢٥٩
ئامۆژگاریمە بۆ "نزار".............. ٢٦٢
دوا نامەی ئەمین زەکی بەگ بۆ "پیرەمێرد"............ ٢٦٤
پاشکۆ : یادی کۆچی ئەمین زەکی.............. ٢٦٥
ئیندێکسی ناو............ ٣٢٧

# پێشەکی

ئـەرك و ئامـانجێكی "بنكـەی ژیـن"، لـەپاڵ ئـەوانی تـردا، كۆكردنـەوە و ڕێكخستن و هێنانـەوە سـەر ڕێنووسـی نـوێ و لەچاپدانەوەی كتێب و نامیلكە و وتـاری پـەرش و بـڵاوی نـاو گۆڤـار و ڕۆژنامـە كۆنـەكانی هەنـدێ نووسـەر و ڕۆشـنبیری پێـشوومانە، كـە نەخـشی بەرچـاویان لـە بنیاتنـانی بنـەماكانی ڕۆشنبیریی كوردی بەگشتی و، زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەوانی و مێژووی كورددا بەتایبـەتی، هـەبوە، هـەم بۆ زیندووكردنـەوەی شاكارەكانیان، كـە حاڵی حازر بـە زەحمـەت دەسـت ئەكـەون و، زۆربـەیان تائێـستایش بـەهای زانـستیی خۆیـان لەدەست نەداوە و، هەڵئـەگرن لەسـەریان بنووسرێ و لێیـان بكۆڵرێتـەوەو، هـەم بۆ پاداشـت دانـەوە و ڕێزنـان لـە ڕەنـج و مانـدوویی‌یان و ناسـاندنەوەیان بـە نـەوەی نوێ، كە بەداخەوە لێیان بێئاگان و نایانناسن.

لەم ڕووەوە، بە شاكارەكانی هەردوو خواڵێخۆشبوو ئەمین زەكـی بـەگ و تۆفیـق وەهبی بـەگ دەستمان پـێكردووە. ئەمـەی بەردەسـت یەكـەم بـەرگی بەرهەمـەكانی ئەمین زەكی بەگە و، دووەم بەرگیشی كە (مشاهیر الكرد و كردستان)ـە، ئامادەی چاپە. یەكەم بەرگی بەرهەمەكانی تۆفیق وەهبی بەگیش، هەر لەوەبەتر چاوەڕوانی نـۆرەی چـاپە. لەچاپدانەوەی یەكـەم بـەرگی "سـەرجەمی بەرهـەمی عەبدولعـەزیز یامولكی"ش، كەموزۆر لە چوارچێوەی هەمان بەرنامەدا بووە.

ئەم یەكەم بەرگەی "سەرجەمی بەرهەمی ئەمین زەكی بەگ"، بریتییە لەمانە:

١. نامیلكـەی (موحاسـەبەی نیابـەت). سـاڵی ١٩٢٨ لـە چـاپخانەی (دار السلام)ی بەغدا لەچاپ دراوە.

٢. نامیلكەی (دوو تەقەلای بێسوود)، كە ساڵی ١٩٣٥ لە چاپخانەی مـەریوانی لـە بەغدا لەچاپ دراوە. بەڵام حكوومەت ڕێی‌نەداوە بڵاو ببێتەوەو قەدەغـەی كـردووە. بەڕێز سەباح غالب هیممەتی نواند، لە لەندەن دانـەی لێ دۆزییـەوە و، سـاڵی ١٩٨٤

بە کۆمەڵێك پەراوێزەوە لەچاپیدایەوە. ئێمەیش، بە داوای لێبوردنەوە، دووبارە خستمانە ناو ئەم کۆکراوەیە. دڵنیاین ئەبێتە مایەی خۆشحاڵیی.

٣. تێکڕای وتار و نامە و لێکۆڵینەوە و نووسینە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەك "بانگی کوردستان" و "ژیانەوە" و "ژیان" و " ژین" و "گەلاوێژ" و "نزار"دا.

٤. نامیلکەی (یادی کۆچی ئەمین زەکی)، کە کۆی وتار و برووسکە خوێنراوەکانی چلەی ئەو زاتەیە و بەهەشتی عەلائەدین سەجادی کۆی کردوونەتەوەو خەرجیی لەچاپدانیی بە کتێب کێشاوە، لەبەر بایەخی وتە و هەڵسەنگاندنەکان و، بۆ یادگار، کرایە پاشکۆی ئەم بەرگە.

ئەوی لە نووسینەوەی ئەم بابەتانەدا، لەبەر ئەمانەتی زانستی و مێژوویی، ڕەچاو کرابێ، لەلایەکەوە دەستکاری‌نەکردن و هێشتنەوەی پیتە عەرەبیەکانی وەك ( ط، ظ، ض، ص، ث، ذ )ـە وەکوو خۆیان و، لەلایەکی ترەوە خاڵبەندیش کە نووسینەکانی زوو کەموزۆر پێڕەویان نەکردووە، بەڵکوو بەگشتی تێیاندا فەراموش کراوە، لەبەر هەمان هۆ و بۆ دەرخستنی هەنگاوەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی زمانی کوردی، وەکوو خۆی بەبێ دەستکاری هێڵراوەتەوە.

لەبەر ئەوەی ژیاننامەی ورد و پوختی ئەمین زەکی بەگ، بە قەڵەمی عەلائەدین سەجادی نووسراوە و لە (یادی کۆچی ئەمین زەکی)دا هێنراوەتەوە، پێویست نەبینرا جارێکی تر دووپات بکرێتەوە.

دواجار، بۆ ئاسانکردنی کاری لێکۆڵەرەوەی کورد، بە باش زانرا پێڕستی ناوی کەس‌و شوێن بۆ ئەم بابەتانە ئامادە بکرێ. هیوامانە ئەم کارە، وەك ئەمەکدانەوەیەکی قەرزی زۆری ئەمین زەکی بەگ بەسەرمانەوە، گیانی پاکی لە گۆڕدا شاد بکات‌و، کتێبخانەی کوردیشی پێ ئاوەدان ببێتەوە.

سدیق ساڵح

٢٠٠٥/٥/٥

ئەوی حیسابی پاکە    لە موحاسەبە بێباکە

# موحاسەبەی نیابەت

(بۆ مووەکیلە موحتەرەمەکانم)

محمد امین زکی

مأموری حسابی باکه له محاسبه‌یی باکه

# محاسبه‌ی نیابت

(بو موکله محترمه کانم)

مطبعة دار السلام في بغداد

١٣٤٦ هجری

١٩٢٨ میلادی

# محاسبەی نیابت

بە مناسبەی فسخی مجلس امت و تەواو بونی وظیفەی نیابتمان وام بە مناسب زانی کە بناوی خوم و رەفیقە کانەوە حساب و کتابێکی خومانە لەگەل موکلە محترمە کانمانا بکەم؛ و لە ایشو کاری لم دو سال و نیوەکە ایمە وکیلیان بوین بە درجە یەك سالی یان بکەم.

لەلام وایە کە ئەم اصولە زور باشە و لازمە دائما تطبیق و تعقیب بکری؛ چونکی بە سایەی امەوە ممکنە کە موکلە کان بزانن کە نائبە کانیان وظیفەی وکالەتیان بە قدر امکان بەجی هیناوە یان نا.

ھەمودە زانین کە وظیفەی نائب دو نوعە:

١ — عمومی.

٢ — خصوصی.

وظیفەی عمومی تقریبا عبارەتە لەمە کە نائب لە گەل ھەمو رفیقانی مجلسیدا او لوایح قانونیە کە عائد بە فائدەی جمیعی وطنە و ھینراوەتە مجلس ـ ـەوە ، موبیك ھینانی بکا و ھەرشتی کە بە نظر فکر و قناعتی خویەوە بو وطن و اھل وطن بە فائدە بی بشتی وانی بی و اگر

به موناسەبەتی فەسخی مەجلیسی ئوممەتو تەواوبوونی وەظیفەی نیابەتمان وام بەموناسیب زانی کە بەناوی خۆمو ڕەفیقەکانمەوە حیسابو کیتابێکی خۆمان لەگەڵ مووەکیلە موحتەرەمەکانمانا بکەم، وە لە ئیشوکاری ئەم دوو ساڵو نیوە کە ئێمە وەکیلیان بووین بە دەرەجەیەك حاڵییان بکەم. لەلام وایە کە ئەم ئوصووڵە زۆر باشەو لازمە دائیما تەطبیقو تەعقیب بکرێ، چونکی بەسایەی ئەمەوە مومکینە کە مووەکیلەکان بزانن کە نائیبەکانیان وەظیفەی وەکالەتیان بەقەدەر ئیمکان بەجێهێناوە یان نا.

هەموو دەزانین کە وەظیفەی نائیب دوو نەوعە:

١- عموومی.

٢. خوصووصی.

**وەظیفەی عموومی** تەقریبەن عیبارەتە لەمە کە نائیب لەگەڵ هەموو ڕەفیقانی مەجلیسیدا لەوایحی قانوونییە کە عائید بە فائیدەی جەمیعی وەطەنەو هێنراوەتە مەجلیس سەعی بۆ پێکهێنانی بکاو هەرشتێ کە بەنەظەر فیکرو قەناعەتی خۆیەوە بۆ وەطەنو ئەهل بەفائیدە بێ پشتیوانی بێو ئەگەر بەعضێ فیکری چاكو بەفائیدەی هەبێ ئەووەڵەن لەگەڵ بەعضێ ڕەفیقانا موذاکەرەی بکاو وئەگەر موناسیب بوو بەصوورەتێك تەقدیمی مەجلیسی بکاو بۆ پێکهێنانی لە هەموو نەوع سەعی قوصوور نەکا، وە هەر ئیشێ کە لەطەرەف حکوومەتەوە دێنرێتە مەجلیس و قەناعەتی بەفائیدەی هەیە مەعینو ظەهیری بێ و ئەگەر بەعضێ فیکری موناسیبتری هەبێ بەیانی بکاو حکوومەتو مەجلیس ئیرشاد کا، وە هیچ وەقتێ نە بە سەوقی غەڕەضی شەخصیو نە بە قصەی ئەم و ئەو خۆی نەهاوێتە ناوەوەو هەراو زەنای بێسوودو بێمەعنا نەکا، چونکی ئەگەر بیکا ئەووەڵەن مووەفەق بە خدمەتکردن نابێو جگە لەمەش لەلایەکەوە خۆی پیاوخراپ دەکا، وە لەلایەکی تریشەوە ئابڕووی مووەکیلەکانیو وەطەنەکەیشی دەبا. لازمە لەسەری کە دائیما مولاحەظەی حاڵ و ئەحواڵ بکاو لە ئیفراط و تەفریط خۆی بپارێزێ دائیما دوورەندێش و موعتەدیل بێ، لە فیکرو قەناعەتدا ثابیت بێ فڕفڕی نەبێو لەپێش طەڵەبکردنی هەرشتێکدا مولاحەظەی ئیمکانی بکا.

**وەظیفەی خوصووصی** تەقریبەن ئەمەیە کە هەموو نائیبێ دەبێ ئەووەڵەن شارەزای دائیرەی ئینتیخابییەی خۆی بێ، ئیحتیاجاتو نەواقیصی بزانێو بۆ ئەمەش دەبێ فرصەتی زیارەتی دائیرەکەی بدۆزێتەوە سەعی بکا بۆ چاوپێکەوتنی هەمووڵایەکیو ئەگەر فرصەتی نەبوو کە هەمووی بگەڕێ لە مەئموورینو ڕوئەساو ئەشرافی ئەو جێگانە پرسیاری حاڵو ئەحواڵ بکاو ئیحتیاجیان بە چییە لێیان بپرسێ لە قەضاو لیواش تەحقیقی بکا، وە حەتتا ئەگەر مومکینی بوو دەبێ لیواکانی تریش بگەڕێو شارەزای حاڵو ئەحواڵیانو ئیحتیاجیان بێ. لەپاش ئەم شارەزاییە دەبێ طەڵەباتی خۆی تەصنیف بکاو لە زۆر لازمەکانەوە دەست پێکاو بەنەظەر قودرەتی حکوومەتو قودرەتی میزانییەوە سەعی بۆ تەئمینیان بکا.

وە بێجگە لەمەش هەر موڕاجەعەتێکی کە پێ دەکرێ چە مەنفەعەتی عومووم بێو چە تەعەللوقی بە ئیشوکاری مووەکیلەکانیەوە بێ دائیما بەقەدەر ئیمکان سەعی بۆ جێبەجێکردنی بکا.

ئینجا لەپاش ئەم موقەدیمەیە لازمە بگەڕێمەوە سەر مەقصەد، کە ئەویش عیبارەتە لە حیسابدان بە مووەکیلە موحتەرەمەکانمان.

لە خوصووص **وەظیفەی عوموومییەوە** ئەوەندە عەرض دەکەم کە لە موددەتی ئەم دوو ساڵو نیوەدا بە سکوونەتێکی تەواو، بە ویجدانێکی موستەریحو بە قەناعەتێکی ثابیتو موعتەدیل، هەرچی بۆ مەصڵەحەتو نەفعی ئەم مەملەکەتە هێنراوەتە پێش یاریەمان دا بە دەرەجەی قودرەتو ئیمکانی خۆمان چە لە مەجلیسدا چە دەری مەجلیسدا ئەوی کە بۆ مەملەکەت بە مصڵەحەتمان دی هەوڵمان بۆ داو دائیما طەرەفداری حەقو پشتیوانی نەفعی عموومی بووین لە ئیفراطو تەفریط خۆمان پاراستو قەط بەبێ موناسەبەت دەنگی خۆمان دەرنەهێناو نە خۆمان و نە ئێوەمان پیاوخراپ نەکرد، وە ئەمین بن هەرچیمان کردووە هەمووی بە حوسنی نییەتو بە فیکری چاکەوە کردوومانەو هیچ شتێکمان بە خاطرانە نە قوبووڵو نە ڕەد نەکردۆتەوە.

### ١ـ تەشكیلات

لەم موددەتەدا خۆشتان دەیزانن كە تەشكیلاتی ئیدارییەی لیوا زۆر زۆر نوقصان بوو ئەمەیش بەرە بەرە تا ئەمڕۆ بە دەرجەیەكی موناسیب تەواوكرا دائیرەی طاپۆ، دائیرەی عەدلییە كە وەكوو مەحكەمەی صوڵح و حاكمییەتی مونفەرید بێ كرایەوە، بۆ ئیش‌وكاری ئیعمارو مەملەكەت دائیرەی ئەشغاڵی عوموومییە دانرا، مودیرییەتی ئەوقاف و مەئموورییەتی نوفووس لە لیوادا تەشكیل كرا. دیسان لە جوملەی ئەمە (قەرەطاغ)و (بازیان) كە لەسەر بەعضــێ ئەسباب بە مووەقەتی درابوو بە لیوای كەركووك تیكرار بۆ سلێمانی ئیعادە كرایەوە.

### ٢ـ صیحییە

نەبوونی ئەم تەشكیلاتە لە لیوادا مەعیبەتێكی گەورە بوو نیهایەت دوو ساڵ لەمەوپێش مووەفەقییەت حاصڵ بوو و دوقتۆرێك بۆ ئەوێ نێررا. خەستەخانەیەكی بیست جێگەیی كرایەوە و ئەجزاخانەیەكی بۆ تەئسیس كراو كەوتە فەعالییەتەوە پاریش بۆ (هەڵەبجە) ئەجزاچییەك و بەعضــێ ئەجزا نێرراو بۆ ناردنی دوقتۆرێكیش هەولّمان داو تائێستەش هەر مەشغووڵ بووین، وە حەتتا بۆ دروستكردنی خەستەخانەیەكی تازەش لەهەوڵدانا بووین. ئینشائەڵڵا ئەم ئیشە خێرانە لەمەولاشەوە بەگەرمی تەعقیب دەكرێ.

### ٣ـ مەعاریف

خۆشتان دەزانن كە ئەو وەقتە كە ئێمە بووین بە وەكیلتان لە هەموو سلێمانیدا تەنیا یەك مەكتەب هەبوو و ئەو مەكتەبەش زۆر زۆر نوقصانیی هەبوو، لەلامان بەتەواوی مەعلووم بوو كە مەسئەلەی مەعاریف بۆ لیواكەمان لەپاش ئەمنییەت و ئاسایش لە هەمووشتیك زیاتر لازم و موهیممەو بەم فكرە لەلایەكەوە سەعی بۆ ئیكمالی نەواقیصی مەكتەبەكە كراو لەلایەكی ترەوە هەوڵ بۆ چەند مەكتەبێكی تازە دراو ئەلحەمدولیللا عەدەدی مەكتەبی سلێمانی لەیەكەوە گەیشتە چوار

یەعنی مەکتەبی ئەووەڵو دووەمی کوڕان، مەکتەبی کچانو مەکتەبی ثانەوی یاخود بەناوی قەدیمی مەکتەبی ئەعدادی کە عیبارەتە لە صونفێك.

پار طەڵەبی کردنەوەی صونفی دووەمی ثانەویمان کرد بۆ خاطری ئەوەی کە ئەو قوتابیانەی کە لە صونفی ئەووەڵ دەردەچن بتوانن دەوام لەسەر تەحصیل بکەنو حەقیقەتەن مووەفەق بوونو تەخصیصاتەکەی داخڵی میزانییە بوو بەڵام چونکی موعەللیمی کورد بۆ بەعضــێ دەرسی وەکوو فیزیاو، تاریخی طەبیعیو عیلمی کیمیا دەست نەکەوت ئەم صونفی دووەمە نەکرایەوەو طەڵەبەکانمان مەجبوور بوون هاتنە بەغداو سەعیم بۆ کردن بەئاسانی داخڵی مەکتەبی ثانەویی بەغدا بوون.

لەپاش ئەمە کە خۆم نێرامە سەر مەعاریف، زۆر تەحقیقاتو پرسیاریم بۆ موعەللیمی کورد کرد لەم خوصووصەوە موفەتیشی مەعاریفی عامیش زۆر یاریەی دام لە نەتیجەدا لێمان مەعلووم بوو کە حەقیقەتەن بۆ ئەو دووسێ دەرسە موعەللیمی شارەزای کورد نییە و ئەگەر لەمەولاوە هەوڵێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی وەیا پێگەیاندنی نەدرێ زۆر موحتەمەلە کە چەند ساڵێکی تریش ئەم صونفی دووەمە نەکرێتەوە. واقیعەن بۆ یەکێ لەم دووسێ دەرسە ڕەنگە ئیستیفادە لە مونەووەرێکی مەعلوومان بکرێ فەقەط ئەو ذاتەش لەبەر بەعضــێ مولاحەظە ئێستا ئیمکانی هاتنەوەی نییە، ئومێد دەکەم کە ئەم مانیعە قەریبەن زائیل بێ.

لە تشرینی ثانیی ڕابوردووا ئەو وەقتە کە هاتمە سلێمانی لە حوضوور جەنابی موتەصەڕیفدا لەگەڵ بەعضــێ لە ئەشرافو مونەووەرانی خۆمان لەم خوصووصەوە قصەو باسێکی کورتمان کردو عەرضم کردن کە بۆ پێشکەوتنی مەکتەبەکە تا ئەو وەقتەی کە موعەللیمی کوردی چاك پێ دەگەیێنرێ هەر تەنیا خوێندنی ئەو دووسێ دەرسە بە عەرەبی لەلای من ضەرووری نییە بەڵکی فائیدەی هەیەو فائیدەکانیشی ئەمەیە:

أ- کردنەوەی صونفی دووەمو بەڵکی صونفەکانی تریش زووترو سەهلتر دەبێ.

ب- چونکی کتێبی کوردیمان لە جوملەی نەبوانە قوتابیەکانمان دەتوانن ئیستیفادە لە بەعضــێ کتێبی عەرەبی بکەنو لە ئەقرانو ئەمثالیان دوا نەکەون، چونکی بەعضــێ کتێب هەیە، وەکوو جەبر، موثەللەثات، هەندەسەی ڕەسمییە،

هەندەسەی موسەطەحەو موجەسەمە، حیکمەتی طەبیعییە، تاریخی طەبیعی و کیمیا ئەمانە زۆر موحتەمەلە تا موددەتێکی دوور بەکوردی دروست نەکریٰ‌و بەم نەوعە طەڵەبەکانمان لە ئیستیفادەی ئەمانە مەحرووم دەمێنن‌و پاش دەکەون.

ج- ئەگەر طەڵەبەی کورد عەرەبی بزانن دەتوانن داخڵی مەکتەبی ئیختیصاصیی بەغدا وەکوو هەندەسە، زەراعەت، دارول موعەللمینی عولیا، جامیعەی ئالوبەیت، حوقووق‌و مەدرەسەی عەسکەرییە بن‌و مەملەکەت چاکترو بەمەعلووماتتر پیٚ بگەن.

د- بە واسیطەی عەرەبی فێربوونەکەیان بەعضـێکیان دەتوانن لەمەولاوە ئیستیفادە لە مەئمووریيەتی لیواکانی تر بکەن. چونکی مەعلوومە کە بەو تەنیا دەرسە کە لە مەکتەبدا دەخوێنریٚ عەرەبی فێربوون مومکین نییە، وەیا زۆر نادیر مومکین دەبیٚ و ئەمەیش لەلای هەموومان بە تەجروبە ثابیتە.

لەم ئیضاحاتەش مەقصەدم تەنیا چارەی کردنەوەی صونفی دووەم و صونفەکانی تری مەکتەبی ثانەوی بوو، هەروەکوو لە حوضووری ئەم مەجلیسەدا بەیانم کرد لازمە کە هەموو دەرسەکانی تر بە کوردی بخوێنریٚ و ئەهەمییەتێکی زۆر بە زمانەکەمان بدەین‌و سەعی بۆ ڕێکخستنی ئوصووڵ‌و قەواعیدێکی سووک‌و دائیمیی بۆ بکەین تا ببێتە زبانێکی ڕێکوپێک‌و زبانێکی تەدریس‌و تەدوین، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مەقصەدە ئەساسیەش بۆ ئێمە نابێتە مانیعی فێربوونی بەعضـیٚ زبانی تر، کە دائیما بەکەڵکمان دیٚ‌و فائیدەی لیٚ دەبینین.

لەلای من دیسان نابیٚ مەئیووس بین‌و لەسەر هەموولایە لازمە کە سەعی و هیممەت بۆ پیگەیاندن وەیا دۆزینەوەی موعەللیمی چاك بکریٚ‌و بە هەر نەوعیٚ دەبیٚ عیلاجی تەواوکردنی صونفەکانی مەکتەبی ثانەوی بدۆزرێتەوە. چونکی پێشکەوتنمان بەو مەکتەبەوەیەو فائیدەی مەکتەبیش بەنەظەر ئینتیظام‌و تەواویی صونفەکانیەوەیە. وە بەتەنیا صونفیٚ مانەوەی وەکوو ئێستا، بۆ ئیستیقبالی مەعاریفی لیواکەمان موصیبەتێکی زۆر گەورەیەو ضەرەری زۆرمان پیٚ دەگەیێنیٚ.

لە جوملەی ئەم ضەرەرانە یەکێکیان ئەمەیە کە لەناو ئەو طەڵەبانەدا کە هەموو ساڵیٚ لەطەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە بۆ ئیکمالی تەحصیل دەنێررێنە ئەورووپا و

ئەمریقا هیچ طەڵەبەی کوردی تیا نابێ، چونکی شەرطی ناردن ئەمەیە کە دەبێ تەحصیلی صونفی چوارەمی ثانەویی تەواو کردبێ. بۆ ئیـثباتی ئەمەش دەتوانم عەرضتان بکەم کە تا ئەمساڵ لەطەرەف وەزارەتەوە نزیکی حەفتا طەڵەبە بۆ ئیکمالی تەحصیل بۆ خاریجی عیراق نێرراوە کە لەناو ئەمانە وەکوو من دەیزانم دوو طەڵەبەی کورد هەیە. حەتتا یەکێ لەم دوانە وابزانم هەر ئەصڵی کوردە و کوردی زانینی لا مەعلووم نییە. دووەمیشیان خەڵقی سلێمانیەو لەسەر تەشەبوثی خۆم لە مەکتەبی هەندەسەوە بۆ ئینگلتەرە نێررا، لاکین بینا لەسەر ڕاپۆری مودیری مەکتەبەکەی و کاغەذی خوصووصیی خۆی کە بۆ منی ناردووە لەبەر ناساغی و نوقصانیی تەحصیلی پار تەرفیعی نەکردو لەسەر موڕاجەعەتی خۆی ناردم بۆ تەبدیلهەوا، زۆر دەترسم کە ئەمساڵیش دیسان پاش کەوێ.

**ضەرەری دووەم**، مەحرووم بوونی طەڵەبەی کورد لە مەداریسی عالییەی بەغدایە، چونکی مەعلوومە طەڵەبەیەك کە تەحصیلی صونفی دووەمی ثانەویی تەواونەکردبێ لە مەکتەبی هەندەسەو زەراعەتدا قوبووڵ ناکرێ و ئەگەر تەحصیلی صونفی چوارەمی ثانەویی تەواونەکردبێ لە مەدرەسەی عەسکەرییە، طبییە، حوقووق و دارول موعەللمینی عولیا قوبووڵ ناکرێ. ئینجا لەم تەفصیلاتە بەتەواوی حاڵی دەبن کە ئیکمال نەکردنی صونفەکانی مەکتەبی ثانەویمان چەند ضەرەرێکی گەورەیەو لە هەموو پێشکەوتن و ئیستیفادەیەك ئەولادەکانتان مەحرووم دەکا. کەوابوو لەسەر هەموو ئەشراف و مونەووەرانی لیوا لازمەو فەڕضە کە بە هەر نەوعێ بێ ئەسبابی ئیکمالی ئەم صونفانە بدۆزنەوەو ساڵێ زووتر ئەم ئیحتیاجە دەفع کەن ئەگینە ئەولادو ئەحفادتان ساڵ بەساڵ لە ئۆڵڵاشی خۆیان دوادەکەون، جاهیل و مەحرووم دەمێنینەوەو بە طەبیعەت ئۆباڵی ئەمانە دەکەوێتە گەردنی ئێوە.

لەپاش ئەمە جا دێمە سەر بەحثەکەمان، مەعلوومتانە کە پێرار لە (هەڵەبجە)و پاریش لە (پێنجوێن)و (قەرەطاغ) دا مەکتەب کرایەوەو بەم نەوعە ژمارەی مەکتەبی لیوا لەیەکەوە گەیشتە حەوت و تەشەبوثم بۆ کردنەوەی مەکتەب لە (تەوێڵە)، (بەرزنجە)، (چوارتا)و یەکدوو جێگەی تر کردبوو. وە ئومێدم وایە کە ئەم تەشەبوثانە بە دڵسۆزییەکی تەواو تەعقیب و جێبەجێ بکرێ.

گەلێ سەعی و تەشەبوثیشم بۆ جەمعکردنی حوجرەکانی سلێمانی دوودوو یا سێ سێ کرد بۆ خاطری ئەمە کە ببنە مەکتەبێکی موناسیبی ئەهالی و لەسەر مینهاجی وەزارەتی مەعاریف تەدریسات بکەن و ئیعانەیەکی ساڵانەی موناسیبیان بۆ بسێنم فەقەط حەیف ڕێ نەکەوتن، وە لازمە حکوومەتی موحتەرەمە لەمەوپاش سەعی بۆ ئەم ئیشە بکا.

لە وەزارەتی مەعاریفدا خەریکی ئیشێکی تریش بووم بۆ سلێمانی ئەمەش هەروەکوو لە بەغداو بەصرەو مووصلێ تەرتیب کراوەو ئیستیفادەیەکی زۆر زۆری بۆ مەعاریفی مەحەللی بووە عیبارەت بوو لە ئیجادکردنی دەرسی شەوی بۆ ئەوانەی کە نەخوێندەوارن و بە ڕۆژ مومکینیان نابێ بچنە مەکتب، ئەمە گەلێ چاک و بەفائیدە بوو. بەڵام نازانم ئەم ئیشە چاکە تەعقیب و جێبەجێ دەکرێ یان نا.

**کتێبی کوردی**، مەعلوومی هەمووتانە کە حەقیقەتەن زۆر کەمە ئەتوانم بڵێم لە جوملەی نەبوانە. تا ئێستا وەکوو من بیزانم پێنج کتێب چاپ کراوە ئەمانەیەش کتێبی (ئەلف وبێ)، (قیرائەت)، (تاریخێکی بچووک) و دوو جڵدی (مەعلووماتی دین)ـە. لەظەرفی ئەم چوار مانگە کە من لە مەعاریفدا بووم سێ کتێبی تر هات. خۆم بە نەفسی خۆم تەدقیق و تەصحیحم کردن (کتێبی ئەخلاق) و جڵدی سێیەمی (مەعلووماتی دین) درا بە چاپخانە. کتێبی (عیلمی ئەشیا) کە بۆ صونفی دووەمی ئیبتیدائی دروست کرابوو چونکی قوتابیی ئەم صونفە بەتەواوی ناتوانن کتێب بخوێننەوەو لە هەموو مەکتەبەکانی عیراقدا هەر بە شیفاهی بە زبانێکی موناسیب بۆ قوتابیە بچکۆلەکان تەعریف دەکرێ لەبەرئەمە ئیحتیاج بە طەبعی ئەم کتێبە بینراو بە واسیطەیەکەوە بۆ صاحێبەکەیم نووسی کە کتێبێ بۆ صنفی سێیەمو چوارەم بکا باشترە. لەوەقتی سیاحەتا قصەم لەگەڵ بەعضێ لە موعەللیمان و مونەووەرانی کورد کردو بۆ کتێب دروستکردن و یا تەرجەمەکردن زۆر تەشویقم کردن، حەتتا ئەمەشم بە کافی نەزانی و بە واسیطەی مودیری عومووميیەوە بۆ مەنطیقەکانم تەعمیم کرد کە تەشویقات بۆ تەرجەمەی کتێبی مەکتەب بەکوردی بکەن، لاکین تائێستا هیچ ثەمەرەیەکی لێ دەرنەکەوت. حەقیقەتەن مەسئەلەی کتێب بۆ مەکتەبەکانمان زۆر زۆر بەئەهەمییەتە و ئەم وەظیفە گەورەو موبارەکە بە طەبیعەت بەشی مونەووەرەکانمانەو دەبێ کەمێ زۆرێ

لەگەڵ ئەمەشدا خەریك بن‌و بە موحەقیقی بیزانن کە ئەم نەوعە خدمەتەیان بۆ وەطەن‌و میللەتەکە زۆر بەفائیدە دەبیٚ‌و بەمە ئیحتیاجێکی زۆر گەورەی مەکتەبەکانمان دەفع دەکەن، وە ئەگەر ئەهەمییەتی پیٚ نەدەن لەمەولا بەبیٚ کتێب تەحصیلی طەڵەبەکانمان لە مەکتەبداو لە دەری مەکتەبدا زۆر زۆر زەحمەت‌و کەم فائیدە دەبیٚ‌و لە نەتیجەدا ڕۆژبەڕۆژ پاش دەکەوین. وە نەتیجەی پاشکەوتنیش هەموو دەیزانین کە مەعاذەڵڵا.

## ٤ ـ ئینشائات

لەظەرفی ئەم دوو ساڵ‌و نیوەدا ئەلحەمدولیللا گەلیٚ بینای تازەو جوان لە داخڵی لیواکەمانا دروست کراو لەدروستکردنایە. لەم خوصووصەوە لەسەر هەموومان فەرضە کە زۆر تەشەکوری لوطف‌و شەفەقەتی کاربەدەستانی گەورە بکەین چونکی بۆ هەموو موڕاجەعەت‌و تەشەبوثمان دائیما ڕووخۆشی‌و تەسهیلاتی زۆریان نیشان داوین‌و بەقەدەر موساعەدەی خەزێنە بۆ ئیحیای لیواکەمان هیممەتیان فەرمووە. بۆ تێگەیشتنی هەموولایە خولاصەی ئەم ئینشائاتەو مەصرەفەکەی لەژێرەوە بەیان دەکەم:

| | | |
|---|---|---|
| | ڕووپیە | |
| سەرای سلێمانی | ٣٠,٠٠٠ | ( ئەمساڵ تەواو دەبیٚ ) |
| مەکتەبی کچان | ٣٢,٠٠٠ | ، ، |
| قشڵە | ٢٠٠،٠٠٠ | ( پارەکەی لە میزانییەی فەوقەلعادەدا داخڵەو ئەمساڵ دەستی پیٚکرد ) |
| سەرای قەرەطاغ | ١٢٠,٠٠٠ | |
| سەرای پێنجوێن | ١١٠,٠٠٠ | (ئەمساڵ تەواو دەبیٚ) |
| نوقطەی پۆلیس | ١٤٠,٠٠٠ | (ئەم نوقاطانە لە دەربەند، تەیناڵ، نۆدیٚ، وڵیاوا، قزڵجە، گڵەزەردە، سەگرمە، پەیکوڵیدایە) |
| ئیعانە بۆ مەکتەبی هەڵەبجە | ٤٠٠٠ | |
| یەکوون | ٨١١,٠٠٠ | |

زیادە لەمانە ئەو سێ نوقطەیوش کە لە (گۆپ تەپە)، (قادر کەرەم)و (قەرە ئینجیر) دروست کراوە بۆ ئەمنییەتی سلێمانیو (قەرەطاغ) تەئثیرێکی زۆر موهیمی هەیەو دەیبێ.

## ٥- ڕێگەی لیوا

مەسئەلەی ڕێگە بۆ سلێمانی چە لە خوصووصی ئیعادە و ئیدامەی ئەمنییەت و ئاسایش و چە لەجیهەتی تەسهیلاتی هاتوچۆ و چە بۆ تیجارەت زۆر زۆر بە ئەهەمییەت بوو، سەعی و تەشەبوثێکی زۆری بۆ کرا باخوصووص لەطەرەف وەزارەتی داخلییەو دیفاعەوە حەقیقەت زۆر ئەهەمییەتی پێ درا تا ئەلحەمدولیللا گەیشتە ئەم حاڵە کە ئێستا بە زستانیش هاتوچۆ نابڕێ و ئەوەندە ئەزێتی نییە و ئومێد وایە کە ئەمساڵ چونکە پارەکەی لە ساڵی پێشوودا تەئمین کراوە بەتەواوی چاك بکرێ و بێتە شەقامێکی مونتەظەمو ڕێك.

شەمەندەفەر، هەموو دەیزانین کە ڕێگەیەکی شەمەندەفەر مەملەکەتەکەی ئێمە ئیحیا دەکاتەوە. ڕەندە بە فکردا بێ کە بۆ ئەمە هیچ نەکراوە. لاکین تەئمینتان دەکەم کە ئەوی مومکین بووە کراوە. حەتتا ئەو وەقتە کە لە ئەشغاڵدا بووم زۆر بەحثی ئەهەمییەت و فائیدەی ئەم خەطەم بۆ مودیری عموومی شەمەندەفەر کردو ئەو ذاتە لەگەڵ گەورەی موهەندیسەکانیا چوون بۆ سلێمانی کەشفی چەند ڕێگەیەکیان کردو کە گەڕانەوە لەسەر خەریطە گەلێ تەدقیقاتو موناقەشاتم لەگەڵ کردن قەناعەتی ئەوان وابوو کە لە کەرکووکەوە بە قەراغ چەمی خاسەدا تا لای ژووروی چەمچەماڵ سەهلە لەوێوە تا تاسڵووجە بە مەصرەفێکی زۆر مومکینەو تاسڵووجە زۆر زەحمەتە یا تونەڵێك وەیا تەرتیباتێکی تری دەوێ وە ئەمما لەلای من ئەگەر باش کەشف بکرێ تێپەڕاندنی خەطی شەمەندەفەر لە تاسڵووجە مومکینە.

بێجگە لەمەش حەوت ساڵ لەمەوپێش ڕێگەیەکی تر بۆ شەمەندەفەر کەشف کراوە ئەویش لە (خانەقین)ـەوە بە قەراغ ڕۆژهەڵاتی سیرواندا تا نزیك ظەڵم دەچێو لەوێوە دەپەڕێتەوەو بە قەراغ چەمی تانجەرۆدا دەچێ بۆ سلێمانی.

دروستكردنی خه‌طی شه‌مه‌نده‌فه‌ر یا به‌سه‌ر سیرواندا وه‌یا له‌ كه‌ركووكه‌وه‌ موحتاجی دوو شته‌، یه‌كێكیان صاغبوونه‌وه‌ی مه‌سئه‌له‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ر، و نوقطه‌ی دووه‌میش موساعه‌ده‌ی ئه‌حواڵی مالییه‌ی حكوومه‌ته‌، له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ئینشائه‌ڵڵا ئه‌مانه‌ سه‌هل‌و حه‌ل ده‌بێ‌و له‌پاش مودده‌تێكی كه‌م ئه‌م خه‌طه‌ دروست ده‌كرێ.

بێینه‌وه‌ سه‌ر ئه‌ساسی مه‌قصه‌د، بینا له‌سه‌ر ئه‌و ته‌رتیباته‌ كه‌ پار قه‌راری بۆ درابوو پاره‌كه‌یشی داخڵی میزانییه‌ی فه‌وقه‌لعاده‌ كرابوو یه‌عنی ئیحتیاجی به‌ طه‌ڵه‌بی ته‌خصیصاتێكی تر نییه‌، ده‌بێ ئه‌مساڵ هه‌م ڕێگه‌كه‌ی (كه‌ركووك)و (سلێمانی) به‌ته‌واوی چاك بكرێ و هه‌م ڕێگه‌ی (سلێمانی)و (هه‌ڵه‌بجه‌)ش ڕێك بخرێ.

ڕێگه‌ی (سلێمانی)و (پێنجوێن)یشمان له‌ فكر نه‌چوه‌ و حه‌تتا ئه‌و وه‌قته‌ی كه‌ له‌ سیاحه‌ت گه‌ڕامه‌وه‌ ڕاپۆرێكی موفه‌صه‌لم ته‌قدیمی حكوومه‌ت كردبوو وه‌ چونكی زۆر موهیم بوو حكوومه‌ت بۆ وه‌زاره‌ته‌كان و هه‌موو لیواكانی ته‌عمیم كرد، له‌ناو ئه‌م ڕاپۆره‌دا زۆر زۆر به‌حثم له‌ ئه‌هه‌مییه‌ت و لوزوومی ڕێگه‌ی پێنجوێن كردووه‌و چاره‌ی دروست كردنی‌و ئیستیقامییه‌تیشم پیشان داوه‌. له‌پاشدا ده‌وامم له‌سه‌ر ئه‌م ته‌شه‌بوثه‌ كرد و چونكی قیسمێكی پاره‌كه‌ی عاده‌ته‌ن حاضره‌ ئومێد ده‌كه‌م كه‌ بۆ ئه‌مساڵ ده‌ستی پێ‌بكرێ.

وه‌زاره‌تی داخلییه‌ش فیكرێكی زۆر باش بۆ ڕێگه‌ی (خانه‌قی)و (هه‌ڵه‌بجه‌) هه‌یه‌ ئینشائه‌ڵڵا ئه‌م فیكره‌ دێته‌ وجوود و ڕێگه‌یه‌كی نزیك بۆ ئۆتۆمۆبیل دروست ده‌كرێ و ئه‌مه‌ زۆر بۆ تیجاره‌تی لیواكه‌ فائیده‌ی ده‌بێ.

ئه‌و پاره‌یه‌ كه‌ له‌ ظه‌رفی دوو ساڵ و نیودا بۆ ڕێگه‌ی لیواكه‌مان له‌طه‌ره‌ف ئه‌شغاڵی عومووم‌ییه‌وه‌ صه‌رف كراوه‌ وه‌یا سێنراوه‌و صه‌رف ده‌كرێ به‌م نه‌وعه‌یه‌:

| | ڕووپیه | |
|---|---|---|
| له‌ ساڵی ١٩٢٥دا | ٥٣،٠٠٠ | |
| له‌ ساڵی ١٩٢٦دا | ١٤٠،٥٠٠ | |
| " ١٩٢٧دا | ١٧٧،٠٠٠ | |
| " ١٩٢٨دا | ٣٠٠،٠٠٠ | (له‌ میزانییه‌ی فه‌وقه‌لعاده‌دایه‌ ده‌بێ صه‌رف بكرێ) |
| یه‌كوون | ٥٧٠،٥٠٠ | |

## ٦ـ خەطی تەلغراف و تەلەفۆن و مەرکەزی پۆستە

هەموو دەیزانین کە واسیطەیەکی موخابەرە چە تەلغراف و تەلەفۆن و چە پۆستە لەپێشدا لەبەینی سلێمانیو کەرکووکدا نەبوو ئەویش بۆ ئێمەو باخوصووص بۆ توجارەکانمان زۆر موشکیل بوو، لەبەرئەمە ئەووەڵەن سەعی کرا تا موخابەرەی بەینی بەغداو سلێمانیو سلێمانیو کەرکووك بە واسیطەی تەلغرافی بێتەلەوە بە نەوعێ تەئمین کراو لەپاشدا هەوڵ بۆ خەطـێکی ئەرضی درا لاکین چونکی ئەحواڵ و ئەمنییەت هێشتا ساغ نەبووبووەوە کەمێ تەئەخوری کردو لە نیهایەتدا ئەلحەمدولیللا مەقصەد حاصڵ بوو و خەطـێکی زۆر تازەو باش لەبەینی کەرکووكو سلێمانیدا ڕاکێشرا و ئێستا مومکینە کە لە سلێمانییەوە بە تەلغراف و تەلەفۆن لەگەڵ کەرکووکدا موخابەرەو قصە بکرێ.

ذاتەن ئەمساڵی ڕابوردوو هەر بەم نەوعە بەینی بەغداو (خانەقین)یش چاك کرا و ئەمساڵ فکر وایە کە بەینی (قەرەغان)و کەرکووکیش بەم نەوعە تەلە تەبدیل بکرێ ئینجا ئەو وەقتە موقابیل بە پارەیەکی جوزئی هەموو کەس ئەتوانێ لە سلێمانییەوە لەگەڵ بەغدا قصە بکا و ئەمەیش مەعلوومە کە بۆ عومووم فائیدەو تەسهیلاتێکی فەوقەلعادەیە.

لە وەزارەتی ئەشغاڵدا تەشەبوث بۆ خەطی (هەڵەبجە)و (پێنجوێن) کرابوو وا ئەم دەفعەیە لە سایەی هیممەتی وەزارەتی داخلییەوە ئەو تەشەبوثە تەقوییە کرا و ئینشائەڵڵا بەم نزیکانە دەست بە خەطی (هەڵەبجە) دەکرێو لەپاش تەواوبوونی لە سلێمانیشەوە بەسەر (چوارتا)دا خەطـێك بۆ (پێنجوێن) ڕادەکێشرێ.

تەخصیصاتی خەطی تەلغرافی کەرکووكو سلێمانی ٤٠،٠٠٠ ڕووپییەیە.

بۆ مەسئەلەی پۆستەش لەوەقتی خۆیدا زۆر هەوڵی بۆ درابوو تا دوو ساڵو شتێك لەمەوپێش مەرکەزێك لە سلێمانی تەئسیس کراو پار بۆ ئەمەی کە هەفتەی هیچ نەبێ دوو جار پۆستە بێو بچێ سەعی کراو مووەفەقییەت حاصڵ بوو.

دیسان پاریش سەعی بۆ (هەڵەبجە) کراو لەوێش مەرکەزێکی پۆستە کرایەوە، وە فیکر وابوو کە ئەمساڵی تازە بۆ (چوارتا)و (پێنجوێن)یش سەعی بکرێ. ئینشائەڵڵا ئەمە لە فیکر ناچێتەوەو بۆ جێبەجێکردنی سەعیو هیممەتێکی تەواو صەرف دەکرێ.

### ٧- موعاوەنەتی بەلەدییە

لە میزانییەی وەزارەتی ئەشغاڵدا قەڵەمێکی موعاوەنەت هەبوو بۆ ڕێگەی بەعضـــێ بەلەدیەکانو لەناو ئەمانەدا ناوی بەلەدییەی سلێمانی داخڵ نەبوو. لەم خوصووصەوە چە لە وەزارەتی ئەشغاڵدا و چە لە وەزارەتی داخلییەدا سەعی کراو بەشێکیش بۆ بەلەدییەی سلێمانی سێنراو بەم نەوعە ئەساسێکی ڕەسمی بۆ موعاوەنەتی بەلەدیەکەمان دانرا، ئومێد دەکرێ کە ئەم ئەساسە دەوام بکا.

| | |
|---|---|
| | ڕووپیە |
| ئەم ئیعانەیەش لە ساڵی ٩٢٦ دا | ٢٥٠٠ |
| « ٩٢٧ دا | ٥٠٠٠ |
| | —— |
| یەکوون | ٧،٥٠٠ ڕووپیەیە |

بێجگە لەمەش لەسەر موڕاجەعەتی لیوا لە ساڵی ٩٢٦ دا موهەندیسی ئەلەکتریق نێررایە سلێمانیو کەشفی ئیمکانی تەنویراتی ئەلەکتریقی کردو بینا لەسەر ئەو ڕاپۆرەی کە دای ئەم تەئسیسیاتە موتەوەقیف بەصەرفی تەقریبەن نیو لەك ڕووبیە بوو، وە چونکی بەلەدییە ئەمەندە پارەی نەبوو مووەقەتەن صەرفەنەظەری لێ کرا و هیممەت بۆ داپۆشینی شیوەکانو کردنەوی شەقامی تازە صەرف کراو ئەلحەمدولیللا ئەم هیممەتو فەعالییەتە بۆ شەرەفو صیحەتی مەرکەزی لیوا گەلێ تەئثیری بوو. بەڕاستی موجیبی فەخرو شوکرە. وەکوو لەوەقتی خۆیا عەرضم کردووە ئینشائەڵڵا مووەفەق بە تەنظیمی ئاو و حەوضەکانیش دەبن.

ئەو وەقتە کە هاتمە سلێمانی لەگەڵ جەنابی موتەصەڕیفدا و ڕەئیسی بەلەدییەدا قصەمان کردبوو کە داوای جێگەی قشڵە کۆنەکە بکەن تا لێرە سەعی بکەینو بیسێننو بەلەدییە بیکا بە باغچەیەکی عموومی (پارق) کە بێتە مەحەللی تەنەفوس بۆ ئەهالی و باعیثی شەرەف بۆ شارەکە فیلحەقیقە کە گەڕامەوە لەگەڵ مەقاماتی لازیمە گفتوگۆم کردو وەعدم وەرگرت فەقەط هێشتا ئەم طەڵەبە واقیع نەبوە تا تەواو بکرێ.

## ٨ - خدمەتی عوموومی و خوصووصی

تەشەبوثی عوموومی و خوصووصی بۆ مەصڵحەتی عاممە و خاصصە دائیما کراوە. لەم جوملەیە ئەو هەزار ڕووپیەیە کە عائید بە تەضمیناتی کاروان بوو ئەمری تەوزیعی ئیستیحصاڵ کرا. بۆ مەسئەلەی ئیعادەکردنی فەضڵەی قیمەتی عوشری تووتنیش سەعیمان کردو موعامەلەکەی لەتەواوبوونایە. مەسئەلەی تەنزیلات لەصەدا بیست بۆ تەخميناتی ئەمساڵ زۆر زۆر بە ئەهەممییەت تەعقیب کراو سێ جار هێنرایە مەجلیسی وزەراء نیهایەت ئەلحەمدولیللا ئەویش جێبەجێکرا. بۆ مەسئەلەی ئیعادەی تەوەلییەتی ئەوقافی دوانزە مزگەوتەکەیش لە هەوڵداندا بووین. ئەلحاصڵ هەر نەوعە موڕاجەعەتێکمان پێ کرابێ تائێستا بە ئیخلاص‌و فەعالییەت تەعقیبمان کردووە و ئەوی لە دائیرەی ئیمکانا بووبێ دروست کراوە. عەلاوەی ئەمانە هەر موڕاجەعەتێکی خوصووصیی مووەکیلەکانمان واقیع بووبێ بە کەماڵی جیددییەت هەوڵی بۆ دراوە چە لێرەو چە لەوێ سەعی بۆ پێکهێنانی کراوە، وە ئەگەر بەعضێکیان نەکرابێ ئەویش سەبەب بە نامومکینییان بووە و ئیللا قوصووری بۆ نەکراوە.

تەشەبوث بۆ موعاوەنەتی زەراعیش کرا لاکین چونکی قانوونی بانقی زەراعی بەدەستەوە بوو مالییە تەعلیقی ئەوەی کردو ئومێدی وابوو کە ئەم قانوونە لەم ئیجتیماعەدا دەردەچێ !

## ٩. نەتیجە

لەپێش ئەمەدا کە نیهایەت بەم ئیضاحاتە بدەم دەمەوێ بۆ تێگەیاندنی هەموو لایەک بەتەواوی حیسابێکی کورت‌و موختەصەریش بە عەرض بگەیێنم، وە دەبێ هەموو کەس بڕوا بکا کە هەرچی گوتوومەو دەیڵێم لەکەڵ ئەم حیسابەدا هەمووی لە مەنابیع و وەثائیقی ڕەسمییە وەرگیراوەو گومان ناکەم کە هیچ زیادوکەمیی هەبێ.

ئینجا ئەووەڵەن با تەماشایەکی واریداتی لیوای سلێمانی بکەین‌و بزانین لە ظەرفی ئەم دوو ساڵ‌و نیوەدا چەند بووە:

| | | |
|---|---|---|
| | ڕووپیه | |
| نیوەی واریداتی عوموومیی ساڵی | ١٩٢٥ | ٥٠٠،٣٣٤ |
| تەواوی « « « | ١٩٢٦ | ٠٠٠،٧٩٠ |
| « « « « | ١٩٢٧ | ٠٠٠،٥٥٤ |
| مەجمووعی | | ٥٠٠،١٦٧٨ یە. |

لەپاش ئەمە کە لە واریداتی ئەم دوو ساڵو نیوە تێگەیشتین و زانیمان کە نزیکەی حەڤدە لەکە، ئینجا وا چاکە کە تەماشایەکی مەصرووفاتی لیواکەش بکەین یەعنی بزانین موقابیل بەم پارەیە کە لە خەڵقی لیواکە سێنراوە چیی بۆ صەرف کراوە، بۆ ئەمەی کە زەریف حاڵیتان بکەم ئەم مەصرووفاتە بە سێ نەوع دادەنێم کە ئەمەیش:

آ . مەصرووفاتی ئیعمار،

ب . مەصرووفاتی ئیدارییە،

ج . مەصرووفاتی عەسکەرییە، یە

قەڵەمی ئەووەڵ کە عیبارەتە لەو پارەیە کە بۆ ئاوەدانیی لیواکە صەرف کراوەو لە ماددەی چوارەمو پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی ئەم (موحاسەبەی نیابەت)ەدا یەکەیەکە بەیان کراوە بە طەبیعەت بەتەواوی مەعلوومە. قەڵەمی دووەمیش بێجگە لە مەصرەفی ساڵی ٩٢٧ بەتەواوی لە دائیرەی خۆیدا تەثبیت کراوە، ئەمما مەصرەفی ئەمساڵی ئاخری تا نیهایەتی تشرین ثانیی ڕابوردوو مەوجوودو مەعلوومە و هینی مانگەکانی تریش بەگوێرەی مانگەکانی ڕابوردووەوە تەقدیرو عەلاوە کراوە، لەمەدا هی مەصرەفی دائیرەی زەراعەتو پۆستەو تەلغراف داخڵ نەکراوە چونکە هێشتا لەطەرەف دەوائیری مەخصووصەیەوە لەم حیساباتە بە مالییە نەدراوە، ئەمما قەڵەمی سێیەم بەتەواوی صاغ ناکرێتەوەو ڕاستیەکەی ئەمەیە کە نیشاندانی موناسیب نییە، فەقەط کەمێ قصەلێکردنی دیسان مومکینە:

**أ- مەصرووفاتی ئیعمار:**

| | ڕووپیە |
|---|---|
| بۆ بیناکان | ٨١١،٠٠٠ |
| بۆ ڕێگە | ٥٧٠،٥٠٠ |
| بۆ خەطی تەلغراف | ٤٠،٠٠٠ |
| ئەمانەی بەلەدییە | ٧٥٠٠ |
| مەجمووعی | ١٤٢٩،٠٠٠ |

**ب- مەصرووفاتی ئیدارییە:**

| | ڕووپیە |
|---|---|
| بۆ نیو ساڵی ١٩٢٥ | ٣٨٠،٠٠٠ |
| بۆ ساڵی ١٩٢٦ | ١١٤٤،٠٠٠ |
| بۆ ساڵی ١٩٢٧ | ١٣٠٠،٠٠٠ |
| مەجمووعی | ٢٨٢٤،٠٠٠ |

ئەگەر ئەم دوو قەڵەمی مەصرەفە جەمع بکەینەوە دەبینین کە بە فەضـڵەی هەزار ڕووپییەیەك ٤٢ لەك و نیو دەگرێتەوەو، ئەگەر واریداتی دوو ساڵ و نیوی لیواکەمانی لێدەرکەین ٢٥ لەك و حەفتاودوو هەزارو پێنجصەد ڕووپیەی دەمێنێتەوە کە ئەمەیش لە خەزێنەی عوموومییە بۆ لیوای سلێمانی صەرف کراوە.

ئینجا ئەم مەصرەفە هەر ئەوەندە نییە دەبێ ئەو پارەیە کە لە جیهەتی عەسکەرییەوە بۆ ئاسایش و ئیستراحەتی لیواکەمان صەرف کراوەو بەنەظەری تەقدیرات و تەحقیقاتی خۆم لە مەصاریفی ئیدارییە کەمتر نییە، ئەویشی بخەینە سەر ئەو وەقتە دەبینین کە ئەوی بۆمان صەرف کراوە چەند مەثەلێکی واریداتی خوصووصییەی لیواکەیە.

لەپاش ئەمە لازمە چاوێکیش بە ڕەسمی تووتنەکەمانا بگێڕین و ئەم واریداتەشمان داخڵی حیساب بکەین، بۆیە لەپێشدا داخڵم نەکرد چونکی ئەم ڕەسمە لە خاریجی واریداتی خوصووصییەی لیوا مەعدوودەو بە واریداتی عومووومییە حیساب دەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا دیسان لە تەحقیقی غافڵ نەبووم فەقەط حەیفە کە ڕەسمی ئەم دوو ساڵ و نیوەی تووتنی سلێمانی بەتەواوی مەعلووم نییە، چونکی هەمووی لە (هەڵەبجە)و سلێمانیدا گومرك نەکراوەو لەبەر ئەمە لەکەڵ لیوای کەرکووك و هەولیردا تێکەڵ و پێکەڵە. لاکین بەنەظەر تەحقیقاتی خۆم لە دائیرەی مەخصووصەیدا بەشی دوو ساڵ و نیوی لیوای سلێمانی نزیکەی (٣٠) لەك ڕووپییەیە، وە ئەگەر لەمە موقابیل بە مەصرەفی مەئموورین و قۆڵچی و ئەم نەوعانە بەلای کەمییەوە لە صەدا دەی لێ تەنزیل بکەین صافی (٢٧) لەکێکی ڕەندە بمێنێتەوە، ئەمەیش تەقریبەن موقابیلی زیادە مەصرەفی ئیدارییە کە بۆمان کراوەو دوو لەکی کەیشی زیاد ئەمێنێتەوە. ئەو مەصرەفەی کە لەجیهەتی عەسکەرییەوە بۆمان کراوە موقابیل بەو بەشەی لیوای سلێمانی لە واریداتی عومووومییەی گومرگ دادەنێم، چونکی هەموو دەیزانین کە ئەو واریداتەی کە لەطەرەف گومرگەوە لە ئیدخالاتی عیراق وەردەگیرێ بەشی هەموو لیوایەکی تیا هەیە، یەعنی هەموو لیوایەك بەنەظەر صەرفکردنی ئەم شتانەیەوە کە وەکوو کووتاڵ و شەکرو چا و بەعضێ شتی ترە ئیشتیراکی ئەو ڕەسمە دەکا. وە شوبهە نییە کە ئەم واریداتە بەنەظەر مەصرووفاتی عەسکەرییەوە کەمترە.

ئینجا بەنەظەر ئەم حیسابەوە وا دەردەکەوێ کە لیوای سلێمانی لە ظەرفی ئەم دوو ساڵ و نیوەدا هەموو واریداتی خوصووصییەو عومووومییەی خۆی بەزیادییەوە بۆی صەرف کراو ئەگەر ئەو قەرضداربار نەبێ خەزێنەی عومووومییە هیچ قەرضداری نامێنێتەوە.

مەقصوودی من لەم حیساب و کیتابە ئەمەیە کە بزانن حکوومەت یەعنی ئیشبەدەستانی گەورەی ئێرە دەرحەق بە ئێمەو بە لیواکەی ئێمە چەند موشفیق و دڵسۆزن و بەبێ ئەمە کە تەماشای کەم و زۆریی واریداتمان بکەن چەند

هەوڵیان بۆ ئیصلاح و ئیعماری مەملکەتەکەمان داوە چەند مەصرووفیان بۆ کردووین‌و بە چە دەرەجەیەك سەعی و تەقەلای نائیبەکانتانیان تەسهیل‌و پڕ ثەمەرە کردووە. لە مەقامی تەشەکوردا ئێمە لازمە ئیقرار بکەین کە ئەگەر ئەم لوطف‌و موساعەداتە نەبوایە ئێمە دەیەکی ئەم خدمەتانەشمان پێ نەئەکرا.

بەعضێ لە هاوولاتیەکانمان کە شارەزای ئەحواڵ نین بەڵکوو ظەنیان بۆ ئەوە دەچێ یاخود چووە کە بۆ لیواکەی ئێمە لەم موددەتەدا هیچ شتێ نەکراوە وەیا بەنەظەر لیواکانی ترەوە زۆر کەمی بۆ کراوەو نائیبەکانیان لە وەظیفەیان غافڵ بوون. لاکین لەپاش ئەم موحاسەبەیە کەوا لەبەینی خۆمانا کردمان ئومێد دەکەم کە تەصحیحی فکریان دەکەن‌و بەتەواوی تێدەگەن کە نائیبەکانی خۆیان زۆر سەعییان کردووەو لە هەموو کەس زیاتر خدمەتی لیواکەی خۆیان کردووەو خدمەتی عومووميی نیابەتشیان بەقەدەر حاڵی بەشەرەفێکی تەواو بەجێ‌هێناوە. حەقیقەت بە کەماڵی خولووص‌و تەواضوعەوە ئیددیعا ئەکەم کە باوەڕم نییە هیچ کەس بتوانێ ئیددیعاو ئیثباتی ئەمە بکا کە زیاتر لە لیواکەی ئێمە لەم موددەتەدا خدمەتی لیوایەکی تر کراوە.

ئینجا بەگوێرەی ئەمە لەسەر ئێوەش لازمە کە هەم تەشەکوری لوطف‌و شەفەقەتی حکوومەت بکەن‌و هەم تەقدیری خدمەتی نائیبەکانیشتان بفەرموون. چونکی ئەو تەشەکورە بە طەبیعەت ئەو لوطف‌و دڵسۆزییە زیادترو بەدەوامتر ئەکا، وە ئەو تەقدیرەش لەلایەکەوە ئیثباتی نەجابەت‌و قەدرزانیی ئێوە دەکاو لەلایەکی تریشەوە بۆ نائیبانی تازەتان دەبێتە سەبەبی شەوق‌و نەشەی خدمەت.

ئیتر تەمەنام لە قاپیی خوای تەبارەك وە تەعالا ئەمەیە کە خاصییەتی برایەتی و ئیدراك‌و فەضیلەتی دووربینی و ئیخلاصمان زیادتر کاو دڵمان لەگەڵ یەکتریدا چاك‌و پاك بفەرموێ، لە موصیبەتی حەسەدو غەرەض‌و لە بەڵای نیفاق‌و ئیختیلاف دائیما بەدوورمان کا.

(والسلام علی من اتبع الهدی)

**محەمەدئەمین زەکی**

٢٦/ ١ / ٩٢٨

# دوو تەقەڵای بێسوود

دوو

# تەقەلای بیسود

معالی امین زکی بک نوسیوەتی

نرخی (٣٠) فلسە

چاپخانەی مەریوانی
بەغدا

١٩٣٥

## سەرەتا

بۆ هاو ولاتیەکانم .

شەوێکی رەمضان خوشەویستێکی هاو ولاتیم لەلابو ، کتای کونێ و تازەمان بەباسە کرد . باسی بعضی ناحقی و مغدوریت هاتە پێشەوە گوتی ، ئەم نوعە حالانە ئەبێ بەحکومت بسلمێنری ؛ بۆچی ئێوە هیچ دەنگ ناکەین ؟ . . گوتم . لەوەختی خویدا ئەوەی پێویست وەقول بو کرا . بەلام افراط و تفریطی بعضێك فرصتێکی گەورەی لەدەس دا وبێ حکمی هێشتەوە . بەم مناسبتەوە ئەو عریضە یەی لەسالی ١٩٣٠ دا تقدیمی جلالتمآبی مرحوم کردبوو صورەتێکیشم بەفخامەتی مندوبی سامی دابو ، بوم خویندەوە . پێی خوش بو ؛ وتکای لەچاپدانی لێکردم .

بەراستی نەمویست دلی بشکێنم ئەوا بەکوردی ولەگەل ملاحظەم دەرحق بەقانونی لغاتی محلیە ، کە لەوەختی خویدا لەسەر آرزوی فخامتی مندوب تقدیمم کردبو لەچاپ ئەدا

# سەرەتـــا

**بۆ هاووڵاتیـەکانم**

شەوێکی ڕەمەضان، خۆشەویستێکی هاووڵاتیم لەلابوو، کای کۆن‌و تازەمان بەبا ئەکرد. باسی بەعضـــێ ناحەقی‌و مەغدورییەت هاتە پێشەوە. گوتی: ئەم نەوعە حاڵانە ئەبێ بە حکوومەت بسەلمێنرێ، بۆچی ئێمە هیچ دەنگ ناکەین؟ گوتم: لەوەختی خۆیدا ئەوەی پێویست‌و ماقووڵ بوو کرا. بەڵام ئیفراط‌و تەفریطی بەعضـێك وفورصەتێکی گەورەی لەدەس داو بێحوکمی هێشتەوە. بەم موناسەبەتەوە ئەو عەریضەیەی لە ساڵی ١٩٣٥دا تەقدیمی جەلالەتمەئابی مەڕحوومم کردبوو صوورەتێکیشم بە فەخامەتی مەندووبی سامی دابوو، بۆم خوێندەوە. پێی خۆش بوو، وە تکای لەچاپدانی لێکردم.

بەڕاستی نەمویست دڵی بشکێنم ئەوا بە کوردی‌و لەگەڵ مولاحەظەم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللییە کە لەوەختی خۆیدا لەسەر ئارەزووی فەخامەتی مەندووب تەقدیمم کردبوو لەچاپمان دا، ناومان نا "دوو تەقەلای بێسوود" غەرەض لە بڵاوکردنەوەشی تەنیا تێگەیشتنی هاووڵاتیەکان‌و خزمەتی تەئریخە.

**بەغدا**

**٢٦ی کانوون ئەووەلی ١٩٣٤**

**محەمەدئەمین زەکی**

**کوردیی ئەو عەریضەیەیە**
**کە لە٢٠ی کانوون ثانیی ١٩٣٠دا**
**تەقدیمی جەلالە تمەئاب**
**مەرحووم مەلیک فەیصەڵ کرا**

## جەلالە تمەئاب

ئەمەوێ بەم مەعرووضاتەی کەوا ئەیهێنمە پێش چاوی جەلالەتتان دەرحەق بە مەسئەلەیەکی موهیم کە تەماسێکی تەواوی هەیە بە مەوجودییەتو پشتیوانیی سیاسیی حکوومەتەوە ڕەئی خۆم بەیان بکەم، ئەمەش مەسئەلەی کوردەکانی عیراقە، بە کەمالی تەئەسوفەوە ئەبینن کە ئەم مەسئەلەیە وردە وردە ڕوو لە گیروگرفتییەو بووە بە سەبەبی هاوارو شیکایاتی بەردەوامی کوردەکان. ئەم وەضعییەتە لەوانەیە ببێ بە سەبەبی چاندنی تۆوی نیفاقو ئیختیلاف لە دڵو دەروونی هەردوو میللەتداو زۆر صوعووباتی سیاسیو ئیداری بۆ حکوومەتی جەلالەتتان بێنێتە پێشەوە. شایستەی ئەوەیە کە بە ئەهەمییەت تەماشا بکرێ، لە ئەسبابو عەوامیلی ورد ببرێتەوە، لێك بدرێتەوەو هەوڵ بدرێ بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی مەعقوولو موناسیب، لەپێش ئەوەی فورصەت لەدەس بچێ. ئەمما ئەو چارەو طەرزی تەداوییەی کە تائێستا حکووماتی موتەعاقیبەی عیراق کردوویانە هیچ ثەمەرێکی نەبەخشیوە، چونکە بێطەرەفانەو عالیمانە نەبوە.

ئەگەر بێتو وردبینەوە لە ئەسبابی شیکایاتو دڵشکاویو عەدەمی ئیعتمادی کوردەکان بەرامبەر بە حکوومەت ئەبینین کە ئەمە عیبارەتە لە تەمەسوککردن بەو قەرارەی کە عوصبەتول ئومەم دابوویو کە لەلایەن حکوومەتی عیراقو حەلیفەی گەورەمانەوە قوبووڵ کرا بوو، کە لە ئیعتیباری ساڵی ١٩٢٦ەوە بەڵێن بە تەطبیقی درا بوو. بۆ تەئییدی ئەم بەڵێنە نەظەری دیققەت جەلب ئەکەمە سەر ئەو خوطبەیە "کۆنفرانس" کە ڕەئیسول وزەرا لە ٢٢/١٢ی کانوون ثانیی ١٩٢٦دا لە مەجلیسی میللەتدا دابووی، وە کە وەزیری موستەعمەرات لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٦دا خولاصەیەکی عەرضی عوصبەتول ئومەم کردبوو (تەماشای مولحەقەکە بکە ). لەمەدا ئەڵێ:(( ئەبێ کوردەکان حەقی خۆیانیان

بدەینێ، مەئموورین لە خۆیان بێ، زمانی خۆیان زمانی ڕەسمی بێ، وە منالّەکانیان بە زمانی خۆیان لە مەداریسدا بخوێنن..)).

ئەم تەصریحاتە بەتەواوی عیبارەت بوو لە ئارەزوو و ڕەغەباتی جەلاتتان‌و هی حکوومەتی حەلیفە، دەلیلیش بۆ ئەمە ئەو دوو خوططەیەیە کە لەطەرەف جەلالەتتان‌و مەندووبی سامییەوە لە حەفلەی ئیمزاکردنی موعاهەدەی ۱۹۲٦ـەوە لە دارول ئیعتیماددا دامەزرابوو. ئەم تەصریحات‌و ئارەزوە شەریفانە لەلایەن هەموو کوردەوە بە مەمنوونییەت‌و سورووڕەوە قوبووڵ کرا، وە هیچ گومانیان نەما کە حکوومەت بۆ مەنافیعیان‌و پێشکەوتنی ئیداری‌و ئیجتیماعییان حوسنی نییەتی هەیە. لەدوای ئەمە هەموو تێگەیشتن کە ئەبێ بە صیدق‌و ئیخلاصەوەو لەژێر بەیداخی حکوومەتدا کە نیشانەی خۆشحاڵی‌و بەختیاریی مەملەکەتە، موحافەظەی وەحدەتی عیراقییە بکەن. یا گەر زۆر وردبینەوە لە هەنگێ وەثائیقی ڕەسمییە مەثەلەن لەو کۆنفرانسەی کە وەزیری موستەعمەراتی بریطانی لە عوصبەتول ئوممەدا دابووی کە وای بەیان کردبوو کە تەفاصیلی خوطبەکەی موستەنەدە لەسەر قوییوودو سیجیللات‌و نەوایای حکوومەتی عیراق، ئەبینین کە ئەم وەثائیقانە هەندێ مەوادو وعوودی وای تیایە کە بە مەجبووری میللەتی کورد دڵنیا بکا. وە لە خوصووصی موستەقبەلیانەوە ئەمنییەتی تەواویان پێ ببەخشێ. بەلاّم مەعەلئەسەف ئەم مەوادە هیچیان تەطبیق نەکراون. وە ئەم وەعدانەی لەگەڵ ئەوەی پێنج ساڵی بەسەردا ڕابورد هێشتا نەهێنراونەتە جێ، وە بە طەبیعەت ئەم وەضعییەتە بوو بە سەبەبی دڵگیری‌و شیکایاتی کوردەکان‌و سەوقی کردنە سەر لێکدانەوەی موستەقبەلی پڕ ترس‌و خەوفی خۆیان، لەپێش ئەوەی قسە لە طەرزی حەللی ئەم مەسئەلەیە بکەم ئەمەوێ ئیثباتی ئەوە بکەم کە حکوومەت ڕیعایەتی وەعدەکانی خۆی نەکرد، وە لەم ڕووەوە بوو بە سەبەبی دڵگیریی کوردەکان‌و ساردبوونەوەیان لە حکوومەت، هەموو ئەیزانین کە ئەو موساعەدانەی کە وەختی خۆی بەپێی تەقریری لیجنەی عوصبەتول ئوممەم بە درێژاییی ئینتیداب لە حکوومەتی عیراق داواکرابوو. چوار بوو، ئەمانەش مەسئەلەی مەئموورین، تەدریس، مەحاکیم‌و زمان بوو. ئینجا با ئەم چوار مەسئەلەیە بگرین‌و تەماشا بکەین کە حکوومەت تا چ دەرەجەیەك ئیهتیمامی پێ داون.

لەم موناقەشەیەدا من ئیسنادم ئەو ژمارەو ئیحصائیاتەیە کە لە ساڵی ١٩٢٦دا حکوومەتی عیراق دابووی بە حکوومەتی حەلیفە کە لە موبالەغەو غەڵەط بەدەر نییە، دیسان بەعضـێ وەثائیقو ئیحصائیاتی ڕەسمیی ترکە عائید بە ساڵی ڕابوردووە.

١- مەسئەلەی مەئموورینی کوردو ئیشتیراکیان لە ئیدارەی مەرکەزیی حکوومەتدا بەپێی مادەی ٤، ٥، ٦ی خوطبەی وەزیری موستەعمەرات، کە لە مەجلیسی عوصبەتول ئومەمدا دابووی‌و بەپێی وەثائیقی ڕەسمییەی تر ئەبینین کە لە ساڵی١٩٢٦و ساڵی حاضیرەدا وەضعییەتی دابەشکردنی وەظائیف لە مەناطیقی کوردییەدا وەکوو خوارەوەیە:

| وەزارەت | لە ساڵـی ١٩٢٦دا<br>مەئموورینـی موسەجەل<br>کورد | غەیری کورد | هەموو | لە ساڵـی ١٩٣٠دا<br>مەئموورینـی موسەجەل<br>کورد | غەیری کورد | هەموو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مالییەو داخلییە | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| عەدلییە | ١٠ | ٣ | ١٣ | ٩ | ٧ | ١٦ |
| وەزارەتـەکانی تر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

ئەم ژمارانە بەتـەواوی نیشانمان ئەدەن کە لە ظەرفی پێنج ساڵدا لە مالییەو داخلییەدا ژمارەی مەئمووری موسەجەل لە کورد تەنها یەکێکی زیاد کردووە، وە بە عەکسی ئەمەوە لە عەدلییـەو وەزارەتەکانی ترکەمی کردۆتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەبینین ژمارەی مەئموورینی غەیری کورد لە هەموو وەزارەتەکانی تردا تەقریبەن لە صەدی صەد زیادی کردووە. ئەم زیادکردنە بەتەواوی موناقیضی ئەو بەیاناتەیە کە وەزیری موستەعمەرات لە ماددەی چوارەمی خوطبەکەیدا (مولحەقی-١) دابووی لەوێدا نییەتی عیراقی وەکوو لای خوارەوە نیشان دابوو:

(( کەمکردنەوەی مەئموورینی غەیری کورد لە مەناطیقی کوردییەدا وردە وردە دەوام ئەکا. وە سیاسەتی ئیستخدامکردنی تەنیا کورد لە هەر جێگایەکدا کە

یەکێکی صاحێب لیاقەتو ئارەزوو دەست بکەوێ بە صوورەتی مونتەظەمە جارییەو لە حاڵی تەطبیقدایە..))

ئایا چ سەبەبێکە وا حکوومەتی مەنع کردووە لە تەطبیقی ئەم وەعدەو بەرامبەر بەم ئیشە لە موستەقبەلدا وەضعییەتی چی ئەبێ ؟
ئەمە دوو سوئالە لازمە جوابی بدرێتەوە

ئەووەڵەن: هەموو ئەیزانین کە لە زەمانی حکوومەتی تورکا مەئمووورینی کورد بەشێکی موهیمیان لە وەظائیفدا هەبوو، وە بەتایبەتی لە سێ ویلایەتەکەی عیراقدا، وە هەموو ئەمانبینی کە بەشێکی زۆری ضابیطانو مەئموورینی موڵکی لەوان بوون، وە هیچ شوبهەی تیا نییە ئەو قیسمە مەئموورەی کە بۆ حکوومەتی عیراق ماوەتەوە هێشتا نەفەوتاوە، وە بەشێکی موهیمیان ئیستاش مەوجوودنو ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە وەظائیفی حکوومەتییەوە، لەبەرئەمە حکوومەت ناتوانێ بڵێ کە من پیاوی صاحێب ڕەغبەتو لیاقەتم چنگ ناکەوێ لەناو کوردەکانا، خۆم زۆرجار موڕاجەعاتم دیوە کە بە حکوومەت کراوە، بەڵام تەنیا قیسمێکی جوزئی تەرویج کراوە، دۆسیەی وەزارەتەکانو بەتایبەتی هی وەزارەتی داخلییە شاهیدە بۆ ئەمە. لەم خوصووصەوە جەسارەتی ئەوە ئەکەم کە بۆ میثال باسی مەسئەلەیەك بکەم: ئەمەش مەسئەلەی شەفیق بەگی کۆنە قائیممەقامە کە داوای مودیرێتیی ناحیەی کرد، دوو ساڵی تەواو بوو ئەم هەوڵەم دا مووەفەق نەبووم بە تەعیینکردنی، هیچ شوبهە نییە کە ئەمثالی ئەم پیاوە بەدبەختە -کە مەئذوونی مەکتەبی موڵکییەی شاهانەیە- زۆر مەناصیبی گەورە گەورەیان ئیشغال کردووەو گەلێ جار لەسەر کورسیی وەزارەتی حکوومەتی عیراق دانیشتوون، بەڵام حەتتا وەظیفەی مودیرێتیی ناحیەش بەم فەقیرە نەدرا، کوردەکان لەلایەکەوە ئەم نەوعە ئەحواڵە ئەبینن و لەلایەکی تریشەوە ئەبینن کە حکوومەت بۆ تەعینی غەیری کورد لە مەنطیقەکەیانا چەند تەسهیلات ئەنوێنێ وە هەوڵ ئەدا بۆ زیادکردنیان بە تەدریج هەروەکوو لە جەدوەلی (أ)دا نیشان دراوە، وە لە جەدوەلی (ب)ی لای خوارەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ:

| لیـــوا | نیسبـەتی صەدانـیی کـوردەکان | نیسبـەتی مووەظەفینی ئێستـــا کـورد | غەیری کـورد | نیسبەتی عادیلـە بەگوێرەی نوفووس کورد | غەیـری کورد |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٩ | ٦٤ | ٣٤ | ٩٩ | ١ |
| کەرکووک | ٥١ | ٢٤ | ٧٦ | ٥١ | ٤٩ |
| هەولێر | ٧٩ | ٦٠ | ٤٠ | ٧٩ | ٢١ |
| مووصڵ "زاخۆ، دهۆك، عەمادییە، عەقرە، زێبار" | ٧٠ | ٣٤ | ٦٦ | ٧٠ | ٣٠ |

لەم جەدوەلەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە کوردەکان لـە هەموو مەنطیقەی کوردییەدا بەنیسبەت نوفووسیانەوە لە نوقطەی وەظائیفەوە مەغدوور کراون، وەلحاڵ لە نوقطەی عەدالەتو ڕیعایەتی قەراری مەجلیسی وزەرای ڕۆژی ١١ی تەمووزی ١٩٢٣ کە ئەڵێ ((حکوومەت نیازی نییە لە قەضای کوردەکانا غەیری مەئموورینی فەننی هیچ مەئمووڕێکی عەرەب تەعیین بکا...)) وە وەعدی وەزیری موستەعمەرات کە لە ماددەی چوارەمی خوطبەکەیدا دابووی "٣ی ئەیلوولی ١٩٢٦"وە تەصریحاتی ٢١ی کانوون ثانیی ١٩٢٦ی ڕەئیسول وزەرا. بۆ حکوومەت وا جوان بوو کە ئەم مەغدوورییەتە لە ظەرفی ئەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا لەسەر کوردەکان هەڵبگرێ، وە نیسبەتی مەئموورینی ئەو مەنطیقانە نەوعەمما بگەیەنێتە ڕادەیەك کە هەروەکوو لە جەدوەلی (ب)دا نیشان دراوە لـەگەڵ نوفووسیان موتەناسیب بێ.

مەعلوومی سوددەی مەلەکیتانە کە لە هەموو وڵاتی شەرقا ژیانی قیسمی مونەووەر هاتۆتە سەر وەظیفەی حکوومەت، وە ئیستیفادەکردن لەم وەسیلەیە جوزئێکە لە حوقووقیانو هەم مەنافیعی حکوومەت وا ئیقتیضا ئەکا کە یاریە بدا بۆ ئەم ئیستیفادەکردنەو لەم ڕێیـەوە ئەگـەر ڕیعایەتی عەدالەت بکرێ نیظامی ئیدارە سووك ئەبێو تەکامول ئەکا لەو ڕووەشەوە ئەم لاوانە ئەبن بە طەرەفداری

موخلّیصی حکوومەت، لە سەرێکی تریشەوە مەیدانی ئەوە نامێنێ کە ئەو کەسانە شکات وە یا تەشویشات بکەن. پێش ئەوەی خیتام بە جەوابی سوئال بێنم، ئەمەوێ نوقطەیەکی تریشی عەلاوە بکەم: حکوومەت لە مەسئەلەی تەوظیفدا بەرامبەر بە ئەقوامی عیراق عەدالەت و موساوات ڕیعایەت ناکا. وە حەقیقەتەن ئەگەر تەماشای وەثائیقی ڕەسمییە بکەین ئەبینین نیسبەتی مووەظەفین لە لیوای کەرکووك بۆ کورد ٢٤/٥٪، بۆ تورکمان ٥٦/٥٪ ، بۆ عەرەب و عەناصیری تر ١٩٪ یە. وەلحاڵ بەپێی ئەو ئیحصایە کە لیوای کەرکووك بەپێی ئارەزووی خۆی تەنظیمی کردووە نیسبەتی نوفووس لەم لیوایەدا وەکوو خوارەوەیە:

٥١٪ کورد، ٢١/٥٪ تورکمان، ٢٥٪ عەرەب، ٧/٥٪ ئەقوامی سائیرەن. لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە حکوومەت لەبەر بەعضێ ئەسباب –کە نایزانم و بڕواش بە صیححەتی ناکەم– بە ضەرەری کوردو عەرەبەکانەوە یارمەتیی تورکمان ئەدا. ئەمەش بێشوبهە دڵشکان و شوبهەی کورد طەویلە ئەکا بەرامبەر بە عەدالەتی حکوومەت کە لەسەری واجیبە بە چاوێك بنوارێتە عەناصیری عیراق.

هەروەکوو لە خوارەوە ئەبینین، حکوومەت نەك لە مەسئەلەی تەوظیفدا بەڵکوو لە مەعاریف و نیابەتیشدا حیمایەی بەعضێك ئەکا، وە هەندێکیش تەرك ئەکا.

**خولاصە** : من هیچ سەبەبێك نابینم کە حکوومەت مەنع بکا لە بەجێهێنانی وەعدەکانی، وە لابردنی مەغدوورییەتی کورد.

ثانییەن: حکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا بۆ پەیداکردنی مەئموورینی کورد ؟

وەضعییەت و ظورووفی ئێستە لەوانە نییە کە موساعەدەمان بکا بۆ دانەوەی جوابێك کە دڵنیامان بکا، چونکە ئەو ڕێگایەی کە حکوومەت ئێستە گرتوویەتە پێش ئەوە نییە کە مەیدانی کوردەکان بدا تا لە عولووم و مەعاریفدا پێش کەون و بۆ وەظیفە خۆیان حاضر بکەن، موهیمترینی ئەم وەسائیطە بەعەثاتی عیلمییەیەو مەداریسی عالییەیە کە موتەخەریجەکان پێئەگەیەنێ بۆ وەظائیفی حکوومەت و بەرەبەرە بۆ ئیشغالی مەناصیبی گەورە.

به کەماڵی تەئەسوفەوە ئەڵێم کە لاوانی کورد هیچ ساڵێك حیصصەی حەقیقیی خۆیان وەرنەگرتووە لەو بیعثانەدا کەوا مەعاریف ئەینێرێ بۆ خاریج. وە ئەمە بە وەثائیقی وەزارەتی مەعاریف خۆی موثبەتە.

ژمارەی ئەو لاوانەی کە هەتا ساڵی ڕابوردوو نێرراون بۆ خاریج ئەگاتە (١٢٥) لەمانە تەنیا دوان یا سیانیان کوردە، چونکە بەپێی ئەو ئوصووڵەی کەوا مەعاریف تەطبیقی ئەکا لە ناردنی بیعثەدا ئەبێ ئەو لاوەی کە داخڵی بیعثە ئەبێ لە مەکتەبێکی ثانەوی تەواو مەئذوون بێ. لە هەموو مەنطیقەی کوردییەدا مەکتەبێکی ثانەویی وەها نییە. لاوانی کوردیش لەبەر هەندێ ئەسباب، زۆر ئارەزووی هاتنە بەغداو ئیستیفادە لە تەحصیلی ثانەویی ئێرەیان نییە، زۆر بەزەحمەتی ئەبینن‌و ئەم حاڵە بووە بە سەبەبی مەنعیان لە ئیستیفادەکردنی بیعثەو مەداریسی ئیختیصاصییەی پایتەخت. لە سەرێکی تریشەوە ئەبینین کە ئەو زەحمەت‌و مەشەققەتەی کە لاوانی کورد لە مەسئەلەی تەوظیفدا دوچاری ئەبن لەوانەیە کە مەنعیان بکا لە پێگەیشتن وە فێری ئیش بوون لە دەوائیری حکوومەتیدا وە خۆحاضرکردن بۆ مەناصیبی گەورە. کەوابوو حکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا ؟ وە چۆن مەئمووری کورد پەیا ئەکا ؟

ئەم حاڵە ئەمانهێنێتە سەر ئەوە کە باوەڕ بکەین کە ئەو نوقصانییەتەی لە مووەظەفینی مەناطیقی کوردییەدا لە موستەقبەلدا حاصڵ ئەبێ بە دامەزراندنی مەئموورینی غەیری کورد پڕئەکرێتەوە، وە بەم ڕەنگە بە طەبیعەتی حاڵ درەنگ یا زوو، ئیستیفادەکردن لە وەظائیفی حکوومەت لە دەست کورد دەرئەچێ‌و ئەکەوێتە دەست غەیری کورد. ئەم دوو نوقطەیە یەعنی ئیمتیناعی حکوومەت لە تەعینکردنی مووەظەفینی کوردو کەمتەرخەمی لە ئیتتیخاذی تەدابیری لازیمە بۆ پێگەیاندنی مووەظەفینی کورد بۆ موستەقبەل، میللەتی کوردی ڕەنجیدە کردووەو بووە بە سەبەبی نەمانی ئیعتمادی بە حکوومەت.

ئەم حاڵەتە یەکێکە لە موهیمترینی ئەو سەبەبانە کە میللەتی کوردی سەوقکردۆتە سەر ئەم شیکایەت‌و تەشویشانە کەوا حکوومەت لێی تووڕە بووە.

هەروەکوو هەندێ جار ئەبێژرێ، ئیحتمیال بەبیرا یەت کە حکوومەت لە مەسئەلەی تەوظیفدا هیچ فەرقێك ناکات لەبەینی ئەقوامی عیراقداو زۆر مەئمووری کورد لە مەناطیقی غەیری کوردیدا ئیستیخدام ئەکا. من ئەمەم زۆر لەلا خۆش ئەبوو ئەگەر بەڕاستیو موافیقی عەدالەت تەطبیق بکرایە، بەڵام حەقیقەتەن وا نییە ، وە بەپێی تەحقیقاتو مەعلووماتی خوصووصییەی خۆم ئەتوانم بڵێم کە لە هیچ لیوایەکی تردا حەتتا صەدی پێنچ مەئمووری کوردی تیا نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ٢٦٪ی مەئموورینی لیوای سلێمانی غەیرە کوردن. بێینەوە سەر دەرەجەی ئیستیفادەی کوردەکان لە ئیدارەی حکوومەتی مەرکەزییەو پەرلەمان، ئەبینین کە لەم ڕووشەوە دیسان مەغدوورن.

وە لای خوارەوە خوڵاصەیەکی ئەم مەغدورییەتانەیان (بەیان ؟) ئەکەین :

**ئەووەڵەن:** نەبوونی کوردێك لەبەینی مودیر عامەکاندا کە ژمارەیان ئەگاتە ١٩.

**ثانییەن:** نەبوونی ضابطـێکی کورد لەسەر دائیرەکانی وەزارەتی دیفاع بێجگە لە یەکێك. بۆ ئامرێتیی مەنطیقەکانو وەحەداتەکانیش هەروایە.

**ثالیثەن:** نەبوونی مەئموورانی کوردی موسەججەل لە مەرکەزی هەموو وەزارەتەکانو مودیرییەتی ئەوقافی عام دوان سیانێ نەبێ.

لەمەدا وا دەردەکەوێ کە کورد لە ئیدارەی حکوومەتی مەرکەزییەدا حەقی خۆی نەدراوەتێو لەم خوصووصەوە حاڵیان لە ساڵی ١٩٢٦خراپترە.

هەروەها حوقووقی نیسبییان لە مەجلیسی نووابیشدا کەمە، چونکە بەپێی تەقریرێکی عوصبەتول ئومەم ئەبینین کە نیسبەتی نوفووسی کورد هەر تەنیا لە لیواکانی شیمالدا بەنیسبەت نوفووسی عیراقەوە ١٨٪ یە نەك وەکوو ئەڵێن ١٧٪ ، لەبەر ئەمە ئەبێ ژمارەی نائیبەکانیش ١٦ بن لە مەجمووعی ٨٨ نائیب، وە ئەگەر ژمارەی نائیبەکانی مەجلیسی حاضری تەطبیق بکەین ئەبینین عەدەدی نائیبی کورد -لەگەڵ نیوە کوردەکانیش هەروەکوو وەزیری موستەعمەرات ناوی ناون- لە ١١ تەجاوەز ناکا. وە ئەتوانم بڵێم بەپێی تەقریری عوصبەتول ئومەم قەومی کورد کە لە هەموو قەومەکانی تر وە حەتتا لە ئەهالیی عەرەبی مووصڵیش زیاتر

مەیلی صەحیحی بۆ عیراق بەرامبەر بە عوصبەتول ئومەم پیشان دا، بەرامبەر بەم ئیخلاصەی چاوەڕوانی موکافاتو موعامەلەیەکی موشفیقترو عادیلتر لە موعامەلەی ئێستا بووە، وە هیوای هەبوو کە حکوومەتی عیراق یارمەتییەکی گەورەتری بدا لەوەی کە وەزیری موستەعمەرات لە خوطبەکەیدا بەیانی کردبوو.

**٢- نەشری عیلم لە مەکتەبەکانی کورددا :**

هەمووومان ئەیزانین کە نەشری عیلم بە زمانی کوردی لەو مەنطیقانەدا کە کوردی تیا دانیشتووە یەکێ بوو لەو چوار طەڵەبەی عوصبەتول ئومەم، وە حکوومەتی عیراقو حکوومەتی حەلیفە هەردوکیان بەڵێنیان دابوو بە تەطبیقکردنی، جا لەدوای پێنچ ساڵ کە بەسەر ئەو وەعدەدا ڕابورد، بزانین ئەم دوو حکوومەتە موحتەرەمە وەفایان بۆ وەعدەکەیان بە چ دەرەجەیەك بووە.

ئەبینین کە زمانی تەدریس لە مەکتەبەکانی لیوای سلێمانیدا کوردییە، بەڵام لە لیوای کەرکووکا کە بەشی زۆری ئەهالییەکەی یەعنی"٥١٪" کوردە بە غەیری سێ هیچ مەکتەبێکی نییە کە کوردی دەرس بخوێنێ و ٢٥ مەکتەبەکەی تری یەکدوویەکی نەبێ، ئەوانی تری هەموو بە تورکی دەرس ئەڵێنەوە، وەلحاڵ ئەوانەی کە بە تورکی قسەئەکەن نوفووسیان ١٢٪ی نوفووسی لیواکە زیاتر نییە.

شوبهە نییە نەبوونی مەکتەبی کورد لە قەضاکانو مەرکەزی ئەو لیوایەدا کە نیوەی خەڵکەکەی وەیا زیاتر لە نیوەی کوردن، ئەهالیی کورد سەوق ئەکاتە سەر ئەوەی کە یا مناڵەکانیان نەنێرنە مەکتەب چونکە نایانەوێ زمانی تورکی قوبووڵ بکەن، وەیا بە نابەدڵ بیانخەن، طەبیعی ئەم نەوعە وەضعییەتە شایانی تەئەسوفە. وە لەعەینی وەقتا لەلایەکەوە موخالیفی عیلمی تەربییەیە، وە لەلایەکی تریشەوە موافیقی مەصڵەحەتی حکوومەت نییە، بەڵام مەیدانانی حکوومەت بۆ مانەوەو دەوامکردنی ئەم وەضعییەتە غەریبە بە هیچ شتێك تەئویل ناکرێ، ئیللا بەوە نەبێ کە حکوومەت ئەیەوێ تەشجیعیان بکا بۆ ئەم زمانەو بۆ بڵاوبوونەوەی، تا ضەربە لە کورد بدا، وە تورکمان ئامادە بکا بۆ ئەوەی کە زیاتر لە ئێستە بەسەر کورددا زاڵ بن، لەم نەوعە موعامەلەیە وا تێئەگەم کە حکوومەت مەصاڵیحی سیاسییەی خوصووصیی خۆی تەقدیر ناکا، بەڵکوو نەوعە

موشکیلاتێ بۆ خۆی حاضر ئەکا کە هیچ بەخەیاڵ نەهاتبێ، هەروەها بە طەبیعەتی حاڵ لەبابەت تەوزیعی قیسمی زۆری ئەهالیی لیواکە لە خۆی عاجز ئەکا.

یارمەتیی حکوومەت بۆ ئەم قەومە بچووکە نەك تەنها هەر مەعاریفە، بەڵکوو لەبابەت گەلێ شتی تریشەوە وەك تەوظیفو نیابەتو سائیرە.

ڕیعایەتی زمانی کوردی لە بەشی زۆری مەکتەبەکانی هەولێردا جارییە، بەڵام لە لیوای مووصڵدا زۆر شایانی تەئەسوفە، لە حاڵی حاضردا لە هەر پێنج قەضای کوردەکانا کە لە چوار سێ بەشیکوردە، مەکتەبێك نابینین کە زمانی تەدریسی کوردی بێ، ئیثباتی ئەمەش کاغەذی مودیری مەعاریفی مەنطیقەی مووصڵە کە بە تەئریخی ۹۳۰/۱۱/۲ ژمارەی ۳۵۱/۱ بۆ مودیری مەعاریفی عامی نووسیوەو لەم کاغەذەدا بەئاشکرا پێی لێئەنێ کە لە مەنطیقەی مووصڵدا مەکتەبێکی تیا نییە کە بە کوردی دەرس بخوێنێ، حاڵ وایە ئەگەر تەماشای مادده "۹"ی خوطبەی وەزیری موستەعمەرات بکەین ئەبینین ۱۳ مەکتەبی کوردی تیا باس کراوە ( لەم ۱۳ مەکتەبە ٦ یان لە مەنطیقەی مووصڵدایە) " وە خۆم بیلنەفس لە ساڵی ۱۹۲۷ دا ۱۵ مەکتەبی کوردیم لە مەنطیقەی مووصڵدا دیوە، سەرەڕای ئەمە بەرامبەر بە بەڵێنی وەزیری موستەعمەرات کە لە ماددەی"۱۵"ی خوطبەکەیدا بەیان کراوە، خیلافێکی تریش ئەبینین، وە ئەوەش بەتەواوی هەڵگرتنی زمانی کوردییە لەطەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە لە مەکتەبەکانی هەرپێنج قەضاکەدا، ئینجا نازانم ئایا وەزارەتی مەعاریف لەخۆیەوە بوو وەیاخود بە ئیعازی حکوومەت بوو کە زمانی کوردیی لەو مەکتەبانەدا دەرکرد، وە لە هەردوو حاڵدا ئەم موعامەلەیە صەرفی نەظەری لەوەی کە موخالیفی عیلمی تەربییە وە دەعوای حکوومەتە بە هیچ شتێك تەئویل ناکرێ، ئیللا ئەوە نەبێ کە بگەڕێتەوە سەر ئەو ئوصووڵە پڕ ضەرەرەی کە لە زەمانی تورکەکانا تەطبیق ئەکرا وە ئەوەی کە برا عەرەبەکانمان بیلنەفس خۆیان دائیما شکاتیان لێ ئەکرد.

مەغدوورییەتی قەومی کورد لە مەنطیقەی مووصڵا هەر مەحوی زمانی کوردی نییە لە تەدریساتدا بەڵکوو هەروەکوو لیوای کەرکووك لە گەلێ جیهەتی تریشەوە وەك تەوظیفو تەمثیلی قەومی کورد لە مەجلسی مەبعووثانا وە حەقیقەتەن ئەبینین کە لەم

پێنج قەضای شیمالییەدا لە ٦٦٪ ی مەئموورەکانی کورد نین ، حالّ وایە نوفووسی ئەم قیسمە لەم قەضایانەدا لە ٣٥٪ی مەجمووعی سوککان تەجاوز ناکا، وە نیسبەتی حەقی تەوظیف کە بە کوردەکان بەخشراوە هەر ٣٤٪ ە ئەوانیش لە وەظائیفی پچووکو لەوانەی کە کەمدەستەکانی ئەوناوە نەبێ کەس پێی ڕاضی نابێ، دەلیلیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە چوار قائیممەقام لەم پێنج قائیممەقامانەو وەك ئەیزانم مودیرماڵو موعاوینی شورطەو موفەووەظینو مەئمووره گەورەکانی تر هەموو غەیرە کوردن، وە ژمارەی نائیبەکانیان بەنیسبەتی نوفووسیان ئەبوایە سیان یا چوار بوایە کەچی هەر دوانن. ئەم وەضعییەتە، وە لادانی حکوومەت لە بەجێهێنانی وەعدەکانی کە لە ماددەی چواری خیطابی وەزیری موستەعمەراتدایەو گوێنەدان بە تەصریحاتی ڕەئسیول وزەرا "٢١ی کانوون ثانیی ١٩٢٦" کوردەکانی سەوق کردو سەوقیان ئەکاتە سەر دڵگیریو سکاڵاکردن کە بێشك ئەمە موخالیفی ئارەزووی جەلالەتتانو مەنافیعی حکوومەتە.

**٣- دابەشکردنی عەدلییە بە زمانی کوردی لە مەناطیقی کوردیدا :**

ئەمە سێیەم موساعەدەیە کە ویستراوە بدرێ بە کورد، وە ئەمەش وەك لە ماددەی "٥"ی خیطابی وەزیری موستەعمەراتدا دەرئەکەوێ لە ساڵی ١٩٢٦ لە لیوای سلێمانیو قەضای کۆیسنجاقدا تەطبیق کراو، تا ئەمڕۆ لە هیچ مەنطیقەیەکی ترا تەطبیق نەکراوە.

لە حەقیقەتی حاڵدا ئەبینین کوردی لیوای کەرکوك لە مەحکەمەکانا بە زمانی تورکی موحاکەمە ئەکرێن، وە لە لیوای هەولێرو مووصڵو قەضای خانەقیندا مەجبوورن کە بە زمانی عەرەبی موڕاجەعەو موڕافەعە بکەن، ئەم حاڵەش بۆتە سەبەبی موشکیلاتو دەردیسەرییەکی زۆر بۆ کورد چونکە بە ناعیلاجی ئەبێ تەرجومان پەیاکەنو شکاتیان بە واسیطەی ئەوەوە عەرضی مەحکەمە بکەنو مودافەعەی حوقووقیان بدەنە دەس تەرجومانو چاوەڕوانی ڕەحمەتی ئەو بن، کە لەوڕووەوە گەلێ جار مەغدوور ئەبن، چونکە یا لە تەرجەمەدا ضەعیف ئەبن وەیاخود بۆ خاطری مەنفەعەتی شەخصیی خۆیان حەقی موددەعی عەلەیهی تێك ئەدەن، وە هەر ئەم مەحذوورە بوو مەجلیسی عوصبەتول ئومەمی هێنایە سەر

ئەوە کە داوا بکا تا کورد بە زمانی خۆی موحاکەمە بکرێ. ئینجا بە طەبیعەت گوێنەدانی حکوومەت بەم حەقە، قەومی کوردی مەجبووری شکاتو نەفرەت کردووە لە حکوومەت، وە من بڕواناکەم کە تەوزیعی عەدالەت لەبەینی کوردا بە زمانی خۆی زەحمەت بێ بۆ حکوومەت بەڵکوو بەم موساعەدەو موعاوەنەتە ئیثباتی حوسنی نییەتی خۆی ئەکا دەرحەق بە کوردو بە صوورەتی قەطعی ڕەضاو ئیخلاصیان بۆ خۆی جەلب ئەکا.

**٤- زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمی بێ:**

بۆ حکوومەت وای هەڵئەگرت کە چەند ساڵێك لەمەوپێش وەعدکانی خۆی بەجێبهێنایە - بۆ ئەوەی کە دەنگی شکاتو هەرا بەرز نەبێتەوە، بەڵام لەم ئاخریەدا لە جەریدەکانی پایتەختدا دیم کە لائیحەی قانوونێك بۆ ئەم مەقصەدە و بەعضـێ شتی تر نەشر کراوەو لەگەڵ ئەوەی کە بەعضـێ نەواقیصی تیا هەیە، وە ئومێد ئەکرێ ڕەفع بکرێ، باعیثی مەمنوونییەتە.

**نەتیجە**

دوای ئەم ئیضاحانەی کە ذاتم کردو عەرضی سوددەی مەلەکیتانم کرد وای بە موناسیب ئەزانم کە ڕێی چارەکردنیشی عەرض بکەم، چارەکردنێکی وا- کە بە ئیعتیقادی من- لە حاضرا کەمێ زۆرێ قەومی کورد وسکوت ئەکا وە حکوومەت لە شکاتو هەرا نەجات ئەدا. لام وایە ئەم چارەیەش ئەوەندە زەحمەت نییە بەڵکوو زۆر ئاسانەو عیبارەتە لە بەجێهێنانی وەعدەکانی حکوومەت بە تەواویو دیققەتکردن لە موحافەظەو دەوامی.

لای من ئەم نوقطەیە، یەعنی ئەهەمییەتدان بە موحافەظەو دەوامی ئەم موساعەداتە لەدوای تەطبیقی زۆر موهیممەو بەنەظەر تەجروبەو ئیختیباراتی خۆمەوە بەبێ دانانی موڕاقەبەیەکی دائیمی بەسەریەوە تەئمینکردنی مەحاڵە، چونکە مومکینە پیاوە گەورەکانی حکوومەت یەعنی ئەوانەی کە تەقدیری مەصڵەحەتی عومومی وڵات ئەکەن، طەرەفداری ئەمە نەبن کە ئەم موساعەداتە خەلەل

پێ‌بهێنرێ. بەڵام لە هەموومانەوە دیارە، کە ئەم پیاوانە ئیشی گەورەو زۆریان بەسەرەوەیەو پێیان ناکرێ ئەم چاوێریکردنە بخەنە سەر شانی خۆیان. کەوابوو ئەم ئیشە ناسکە چ لە مەرکەز و چ لە دەرەوە ئەکەوێتە ژێر دەسی مەئموورە گەورەکان‌و پچووکەکان کە مەصڵەحەتی عوموومی وڵاتیان پێ تەقدیر ناکرێ، وە ئەوانە هەروەکوو ئێستە لە بەعضــێ لیواکانا ئەبینرێ ـ بەگوێرەی حیسییات‌و تەعەصوبی قەومیی خۆیان ئیدارەی عەناصیر ئەکەن‌و بە طەبیعەت پێیان مەئموول ناکرێ کە چاوێریی بەدڵی ئەو حوقووق‌و موساعەداتە بکەن کە لەطەرەف حکوومەتەوە بە مەقصەدێکی بڵند و بۆ ئیظهاری حوسنی نییەتی بە عەناصیر دراوە.

بۆ ئەم نەوعە مەئموورانە لازم بوو، کە بەپێی ئەو نەصیحەتە بەقیمەتەی جەلالەتتان کە لە جوابی نوطقی مەندووبی سامیدا لە دارول ئیعتیماد لە ساڵی ١٩٢٦دا فەرموورابوو حەرەکەت بکەن، ئەو نەصیحەتە باوکانە ئەمە بوو: یەکێ لە جوملەی ئەهەممی وەظائیفی هەموو عیراقییەکی صادیقە کە تەشویقی کوردی عیراقی برای بکا کە لەژێر بەیاخی عیراقدا کە ڕەمزی سەعادەتی مەملەکەت‌و سەعادەتی عموومی ماددی‌و عەقلییەیە، موحافەظەتی جنسییەتی خۆی بکاو لێی لانەدا .... وە پێویست بووە کە لەو تەصریحاتەی کە مەرحووم ڕەئیسول وزەرا لە ڕۆژی ٢٢ی کانوون ثانیی ١٩٢٦دا لە مەجلیسی مەبعووثاندا دای عیبرەت بگرن، چونکە مەرحووم ئەیگوت (( ئەگەر عیراق ئەیەوێ بژی ئەبێ حوقووقی هەموو عونصورێکی عیراقی تەئمین بکا، چونکە هەموومان دیمان کە تەفرەقەو تێکچوونی حکوومەتی عوثمانی لەم ڕووەوە بوو، وە چونکە حوقووقی عونصورەکانی ناوخۆی غەصب کردبوو، وە لە پێشکەوتن مەنعی کردبوون ))

.. وە هەروەها لەسەر ئەو مەئموورانەی ئەم نەوعە ڕەوشتەیان پەسند کردووە لازم بوو گوێ بدەنە ئەو خوطبەیەی مەندووبی سامی کە لە حوضووری جەلالەتتانا دابووی وە ئەیگوت (( ئەبێ ئارەزووی حکوومەتی عیراق ئەوەبێ کە هەموو عەناصیری عیراق، ئەولادێکی صادیقی حکوومەتی عیراق بن، وە بۆ ئەم لازمە کە تەشویقیان بکا تا لەسەر دین‌و جنسییەتی خۆیان بڕۆن‌و لێی جوێ نەبنەوە )).

هیچ وەختێك کورد عەرەب نییە، وە لەوەندەی کە ئیسکۆجی بووە ئینگلیز ئەویش زیاتر نابێ بە عەرەب ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمالکردنی زمانی عەرەبی وەیا عادەتی

عەرەبی قەط نابێتە وەطەنییەکی صادیق بۆ عیراق -خولاصە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی تەواو بەڵکوو ئەبێ هەموو تەشویقاتو تەسهیلاتێکی بۆ بکرێ تا ببێتە کوردێکی تەواو- وە لەسەر ئەو نەوعە مەئموورانە لازم بوو کە چاك بیزانن کە گوێنەدانیان بەم نەصیحەتە بەقیمەتەو لادانیان لەم تەصریحاتە کە لە حەقائیقی تەئریخیی تازەوە وەرگیراوە، ئەبێ بە سەبەبی حوصووڵی شەكو شوبهە لە صەداقەتی حەقیقییەیان بۆ عیراق، وە ئەیانخاتە ژێر توهمەتی هەوڵدان بۆ هێنانە وجوودی مەسائیلی تەفرەقەو تێکدانی وەحدەتی عیراقی. لەگەڵ ئەمەشدا من هەموو لەم شەكو توهمەیە بەری ئەکەم وە ئیعتیقادم وایە کە سەبەبی ئەم تەقدیرنەکردنەی نەتیجەی ئەم نەوعە حەرەکاتە حیسسی تەعەصوب و شوعوورێکی فاسیدە، نازانم چۆن پیاوە گەورەکان لەم نەوعە ئیشە بێمەعنایانە چاو ئەپۆشن ؟ حاڵ وایە کە خۆیان تەقدیری وەضعییەت ئەکەن و موتەحەسیسن بە حیسییاتی لوطفکارانە بەرامبەر بە هەموو ئەقوامی عیراق، شاهیدم تەئریخ و ئەو حادیثاتەی کە هێشتا لەبەر چاومانا گوذەران ئەکا و باوەڕم هەیە کە بەجێنەهێنانی وەعدەکان لەلایەکەوەو تەصەڕڕوفاتی نالایەقی بەردەوام لەلایەکی ترەوە غەیری ضەرەر هیچ فائیدەیەك بە وڵات نابەخشێو ناتوانین بەزۆر وەیا بە تەضییقی ئیداری کە نەتیجەی خراپی لەبەر چاومانە، ببین بە مانیع وەیا.....کەمکردنەوەی ئەو ضەرەرە. لەبەر ئەوە مەصڵەحەتی عومووممییە لەوەدا ئەبینین کە حکوومەت بێتە پێشەوەو تەطبیقی وەعدەکانی لە مەناطیقی کوردییەدا بکا، وە لیوای دهۆك تەشکیل بکات، کە مەندووبی سامی لە ٦ی مایسی ١٩٢١دا وەعدی دابوو وە ئەم وەعدە لە ئەلوییەی شیمالییە بڵاوکرابووەوە، وە لەدوای ئەو هەیئەتێکی خاصەی موڕاقەبە بۆ موحافەظەو حورمەتی ئەم موساعەداتە کە عیبارەت بێ لە موفەتیشێکی شارەزا لە خۆیانو صەڵاحییەتی تاممەی هەبێ بۆ مەنعکردنی لاوان لەو ئەساس و قەواعیدە لە هەموو دەوائیر و تەشکیلاتی حکوومەتیدا، وە یەکێ لە موفەتیشییەتدارییەکانیش یارمەتیی بدا، وە یەکسەر مەڕبووطی ڕەئیسی حکوومەت بێ، وە ماددەتەن بەرامبەر بە ڕەئیسی حکوومەتو قەومەکەی مەسئوول بێ، وە ئیعتیقادم وایە کە حکوومەت بە لوطفو موافەقەتی لەسەر ئەم ئەساساتە لەو

موشکیلاتەی کە دێتە ڕێی و ئەوەی کە لە گەلێ جاردا سەوقی ئەکاتە سەر صەرفی جوهوود و نوفووذ نەجاتی ئەبێ، وە بە ئەمە ئەو عاجزیو نەفرەتە لەبەینی ئەفرادی کورددا مەوجوودە دوایی دێت، وە لەپێش ئەوەدا کە نیهایەت بەم مەعروضاتەم بدەم دەفعەیەکی تریش نەظەری دیققەت جەلب ئەکەمە سەر مەسئەلەی موڕاقەبەو لوزوومی دانانی لەطەرەف حکوومەتەوە چونکە باوەڕ ناکەم کە بەبێ ئەمە نەتیجەیەکی باش چنگ بکەوێ وە چونکە قانوونکردنو قەراردانی حکوومەت بە تەطبیقی وعوود مەقصەدێك حاصڵ ناکا، وە بەڵکوو لەدوای موددەتێك ئەم فەعالییەتە ئەوێستێو لە فیکریش ئەچێتەوە، وە دەلیلی ئەم ترسەشم، بەجێنەهێنانی ئەو قەرارەیە کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣دا دای دەرحەق بە تەعیین‌نەکردنی مەئموورانی غەیری کورد لە مەنطیقەی کورددا، وە بەجێنەهێنانی ئەو ئەمرە کە ڕەئیسی حکوومەت لە ساڵی ١٩٢٦دا بۆ بەجێهێنان و تەطبیقکردنی ئەو چوار ماددەیە کە بە کوردەکان وەعدە درابوو، بە هەموو وەزارەتەکاندا.

خولاصە لە سوددەی عالییەی مەلەکی ئیستیرحام ئەکەم بە چاوێکی عەطفو مەرحەمەت تەماشای ئەم مەسئەلە موهیممە بکرێ و بۆ چارەکردنی زوو ئەمر بدرێ تا ئەم ئیختیلافاتە لەناوا نەمێنێ و وەحدەی موحتەرەمەی عیراق مەحفووظ بێو دڵی قەومی کورد بێتەوەجێو ببێتە عونصورێکی موخلیصو حاریسێکی صادیق بۆ عەرشی جەلالەتتان، ئیتر ئیستیرحام ئەکەم کە لەبابەت سەربەستیی فیکرو مەعروضاتم عەفوو بفەرموون.

ئیتر ئەمر ئەمری جەلالەتتانە.

٢٥ کانوون ئەووەلی ١٩٣٥

محەمەدئەمین زەکی

صوورەتێکی بۆ فەخامەتی سامییە

## مولحەقی عەریضەکەیە

ژمارە ١٢٥ی کوردیی ئەو موذەککیرەیە لە دەرحەق ئیدارەی مەناطیقی کوردی عیراق لەطەرەف مەجلیسی نیابیی عیراقەوە لە ئیجتیماعی ١٩٢٥یدا تەرجەمەو طەبعو تەوزیع کرا.

١. فەقەرەی سێیەمی قەراری مەجلیسی عوصبە کە لەخوصووص حودوودی تورکیاو عیراق بوو ئەڵێ:

((حکوومەتی بریطانیا، بەو صیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەصییە بەسەر عیراقەوە، ئەبێ لە حوضووری مەجلیسی عوصبەدا بەیانی ئەو تەدبیرو ئیجرائاتە بکا کە ضەماناتی قەراردراو بۆ کوردی عیراقی پێ تەئمین ئەکرێ، ئەو ضەماناتە کە لەطەرەف لیجنەی تەحقیقەوە لە ئیستنتاجاتی قەراری نیهائیدا باسی کراوە))

٢. تەوصییاتی لیجنەی تەحقیق دەرحەق بە کوردی عیراق، بەو نەوعە کە مەجلیسی قەراری لەسەر دابوو، ئەمەیە ((ئەبێ ڕیعایەتی ئەو ئارەزوانە بکرێ کە کوردەکان بەیانیان کرد، ئەم ئارەزوانە عیبارەتە لە تەعینی مەئمووڕینی کورد بۆ مەناطیقی کورد، تەوزیعی عەدالەتو نەشری تەعلیم لە مەداریسیانا بە زمانی کوردی بێ، زمانی کوردی لە هەموو ئەم وەظائیفانەدا زمانێکی ڕەسمی بێ)).

٣. وەزیری موستەعمەرات لەو نوطقەیدا کە لە ١٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥دا لە حوضووری مەجلیسی عوصبەدا دای دەرحەق بەم مەسئەلەیە گوتی نیظامی ئیدارەی ئێستا بۆ تەطبیقی بەشی زۆری تەوصییاتی لیجنە موساعید بوو، ئەم ئیدیعیایەش حەقیقەتەو ئیستیناد ئەکاتە سەر ئەو تەدابیرە کە لەطەرەف حکوومەتی عیراقەوە بۆ ئیدارەی مەناطیقی کورد تەطبیق کراوە.

٤. چلوسێ لە مەجموعی ٥٧ مەئموور کە لەطەرەف وەزارەتی مالییەو داخلییەوە لە مەناطیقی کورددا ئیستیخدام ئەکرێ، کوردن، ٩ مووەظەفی کوردیش لە مەناطیقی غیری کوردییەدا هەیە، بەرە بەرە عەدەدی مووەظەفینی غەیری کورد لە مەناطیقی کوردی لە کەمبوونەوەدایە، سیاسەتی حکوومەت وایە کە غەیری کورد کەسێکی تر لە کوردستاندا ئیستیخدام نەکا، بە ئەهەمییەت لەسەر ئەم سیاسەتە دەوام ئەکا.

٥. وەزارەتی عەدلییە لە مەناطیقی کوردییەدا ١٣ مووەظەفی (حاکم‌و کاتبی ئەووەل) هەیە، لەمانە دەی کوردەو موحاکەمە بە کوردی ئەکرێ، مەحضەری موحاکەمە لە سلێمانی‌و کۆیەدا بە کوردی ئەنووسرێ، ئەگەر دەعواکە حەواڵەی مەحکەمەی ئیستیناف‌و تەمیز بکرێ تەرجەمەی عەرەبیی پێوە ڕەبط ئەکرێ، شەش مەئمووری کوردیش لە مەناطیقی غەیری کوردییەدا هەیە.

٦. دەوائیری غەیری ئەوانە کە باس کرا (وەکوو وەقف، پۆستەو تەلغراف، ئەشغالی عومومییە، سوجوون، گومرگ، ڕەی، تاپۆو زەراعەت) پەنجاوپێنج مەئمووری لە مەناطیقی کوردی هەیە کە لەمانە سی‌وهەشتی کوردن، لەگەڵ ئەمەشدا لە مەناطیقی غەیری کوردییەشدا ٧٨ مەئمووری کوردیان هەیە.

٧. کورد، لە ئیدارەی مەرکەزیشدا بەشی خۆی بەتەواوی وەرگرتووە، چونکە لە بیست ئەعضای مەجلیسی ئەعیان دوانیان کوردن (غەیری ئەم دوانە نیوە کوردیش هەیە). لە مەجمووعی ٨٨ مەندووب ١٤ی کوردە. وەزیری مالییە[١]، وەزیری مواصەلات‌و ئەشغالیش کوردن.

٨ . کورد بەگوێرەی نوفووسی مەملەکەتەوە لەصەدا ١٧یە، لە قووەی عومومییەی شورطە"پۆلیس" لەصەدا ٢٤ و لە جەیشدا لەصەدا ١٤ی کوردە، موستەخدەمینی ئیدارەی شەمەندەفەر لەصەدا ٢٣ی کوردە[٢]، مەجمووعی ئەفرادی جەیش‌و شورطەو شەمەندەفەر نزیك بیست هەزارێکەو لەصەدا بیستی کوردە.

٩ . لە مەناطیقی کوردییەدا ٢٥ مەدرەسە هەیە، لەمانە پێنجی بۆ گاورو بە زمانی کلدانی‌و عەرەبی ئەخوێنن. بەڵام زمانی تەدریس لە شانزدە مەکتەبدا کوردییە، لە باقی چوار مەکتەبدا، کە قوتابییەکانی گاورو کوردو عەرەبن. بە زمانی کوردی ئیضاحاتدان بەتەواوی سەربەستە. عەدەدی مامۆستای ئەم مەکتەبانە ٥٢ کەسەو بێجگە لە هەشتیان هەموو کوردن. ئەم هەشتەش زمانی کوردی ئەزانن‌و

---

[١] مەقصەد مەرحووم صەبیح بەگە کە تورکێکی خاڵیص بوو.

[٢] لە ئیدارەی شەمەندەفەردا بە غەیری حەماڵ‌و حاریسی فەیلی‌و خەدەمەو بەعضێ ئەربابی صەنعەتی بچووك کەسێکی تر نەبوەو قەط ئەمانە لە زومرەی مەئموورین حیساب نەکراون.

زۆری ئەمانە بۆ دانەوەی دەرسی عەرەبی ئیستیخدام ئەکرێن کە زۆر لازمە. عەدەدی ئەمانە لەمەوپێش سیانزدە بووە تائێستا کەم ئەکرێنەوە.

۱۰. بێجگە لەمانە ۲۲ مامۆستای کوردی تریش هەیە کە کوردی ئەزانن‌و زۆر مامۆستای عەرەب‌و تورکمانیش هەیە کە کوردی ئەزانن‌و لە مەناطیقی غەیری کوردییەدا ئیستیخدام ئەکرێن، لەمە حاڵی ئەبن کە سیاسەتی تەعلیمی ئێستا بەتەواوی وەکوو تەوصییەی لیجنەیەو ئەم سیاسەتە گۆڕینی پێناوێ تەنیا ئەگەر توانرا عەدەدی مەکتەبەکان زیاد بکرێ.

۱۱. ئەم ئەرقامانەم لە سیجیللاتی مەرکەز کۆکردۆتەوەو لەناویا فەڕاش‌و کاتبی بچووك نییە، ((چونکە ئەم نەوعانە لە جێگەی خۆی تەعیین ئەکرێ)). ڕەنگە ئەم عەدەدانەی کە باسمان کرد کەمتر بێ لە عەدەدی حەقیقیی مەئموورینی کورد، چونکە تەنیا ئەوانەی کە بەتەواوی لە وەظیفەدا تەثبیت کراون داخڵی عەدەدی مووەظەفینی کورد کراوە. بەشی زۆری مووەظەفین بە جنسییەتی عیراق تەسجیل کراون، لەبەر ئەمە مومکینە لەناویانا کورد ببێ، بەڵام مەرکەز نەیزانێ.

۱۲. بێینەوە سەر مەسئەلەی ئیستیعمالی زمانی کوردی، ئەیزانن کە زمانی کوردی، لەپێش حەربی گەورەدا نە بە صوورەتێکی ڕەسمی‌و نە بە خوصووصی بۆ موخابەرە ئیستیعمال نەکراوە، بەڵام میقدارێکی زۆر موئەللەفاتی شیعرییە هەبوو. بە هیممەتی مووەظەفینی بریتانییەوەیە کە زمانی کوردی تەرەقیی کردو بووە واسیطەی نووسین‌و موخابەرە. لەپێشدا بۆ ئەم خوصووصە فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی ئیستیعمال ئەکران.

نووسین بە زمانی کوردی لە لیوای مووصڵدا هێشتا بڵاونەبۆتەوەو لەباتی ئەو تورکی‌و عەرەبی ئیستیعمال ئەکرێن، بەڵام وردەوردە لە لیوای هەولێردا بڵاوبۆتەوەو لەبەر ئەوەیە کە لەدواییدا ڕەسمەن بۆ موخابەرەی بەینی دەوائیری حکوومەت قوبووڵ کرا. بەڵام سلێمانی چەند ساڵێکە جەریدەیەکی بە زمانی کوردی هەیە. لە ئومووری ڕەسمییەو خوصووصییەوە زمانی کوردی واسیطەی موخابەرەیە.

ئەو ئیشەی کە حکوومەتی ئیحتیلال دەستی پێکردبوو ئێستا لەطەرەف حکوومەتی عیراقەوە بە ئیخلاصێکی تەواو ئیتمام ئەکرێ. لە بەغدادا بە زمانی کوردی دوو جەریدە دەرئەچێو ئێستاکەش نەك بۆ دانی حورپییەتی ئیستیعمالی زمانی کوردی بەڵکوو بۆ تەشویقاتی ئیستیعمالی ئەوەی پێویست بێ دڵسۆزی ئەکرێ.

١٣. هیچ شوبهە نییە کە ئەم مەعلووماتە دەلالەت لەوە ئەکا کە لەبەینی ئەو سیاسەتەی کە لیجنەی حودوود توصییەی تەعقیبی کردبوو وە ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی عیراق لەسەری ئەڕوا هیچ فەرقێك نییە.

١٤. دەلیلی هەرە گەورەی ئەمە کە حکوومەتی عیراق تەقدیری مەسئوولییەتی خۆی دەرحەق بە مەطالیبی کورد کردووەو نیشانەیەکی زۆر ئاشکرای بۆ دەوامکردنی لەسەر سیاسەتی حوڕی ئێستای‌و بۆ مەیلی دانی هەموو نەوعە واسیطەیەك بۆ تەرەقیی ئادابی کوردی‌و تەحقیقی مەطاڵیبیان لە داخڵی دەوڵەتی عیراقدا، ئەم عیبارەیەیە کە لە جوملەی نوطقی ڕەئیسول وزەرای عیراقدا کە لە ٢١ی کانوون ثانیی ١٩٢٦دا لە حوضووری مەجلیسی نووابدا گوتی، دەڵێ:

((گەورەکانم .. ..

ئەگەر حوقووقی هەموو عەناصیری عیراق نەدرێ مومکین نییە مەملەکەت بژی .. ئەبێ حوقووقی کورد بدرێو ئەبێ مەئمووریان لە خۆیان بێ‌و ئەبێ زمانیان، زمانێکی ڕەسمی بێ بۆیان، ئەبێ ئەولادیان لە مەکتەبدا بە زمانی خۆیان دەرس بخوێنن (چەپڵە) وە بەتەواوی لەسەرمان لازمە کە موعامەلەیان دەرحەق بە هەموو عەناصیر، موسڵمان وەیا غەیرە موسڵمان بە حەقیانەت‌و عەدالەت بێ‌و حوقووقیان بدەینێ)).

١٥. لەدوای ئەمە کە نووابی عیراق هەموو تەحسینی ئەم سیاسەتەیان کرد، ئەم مەنشوورە بۆ هەموو وەزارەتەکان نێررا:

((شوبهە نییە کە مەعالیتان واقیفی خیطابی ڕەئیسول وزەران کە لە حوضووری مەجلیسی نووابدا خوێندوویەتەوەو لە جەرائیدا ڕۆژی دوایی نەشر کرا. ئەم نوطقە باسی ئەو سیاسەتە ئەکا کە حکوومەت بۆ ئیدارەی مەناطیقی کوردییە قوبووڵی کردووەو ئەڵێ:

((ئەبێ مەئمووریان لە کورد بێ وە زمانی ڕەسمییان کوردی بێ، جا لەسەر ئەمە ڕەئیسول وزەرا ئەمری پێ کردم کە ڕجا لە مەعالیتان بکەم کە سەعییەکی تەواو بکەن بۆ تەطبیقی ئەم سیاسەتەو دەوامی لە هەموو موئەسەساتی ئەو مەنطیقەیەدا)).

١٦. دەلیلی تریش بۆ نییەتی حکوومەتی عیراق، لە دوو نوطقی موقابیل کە گوترا لە دارول ئیعتیمادا بە موناسەبەتی ئیحتیفالی ئیمضای موعاهەدەی تازەوە مەوجوودە، وە فەخامەتی وەکیلی موعتەمەدی سامی لە ئیشارەتیدا بۆ نییاتی حکوومەتی عیراق گوتی:

ئەبێ ئارەزووی حکوومەتی عیراق وابێ، کە هەموو عەناصیری عیراقی ئەولادێکی صادیقی حکوومەتی عیراق بن و بۆ بۆ ئەمە لازمە کە تەشویقیان بکا تا لەسەر دین و جنسییەتی خۆیان بڕۆن و نەك لێی جوێبنەوە، کورد عەرەب نییە، لەوەندەی کە سکۆچی (خەڵکی وڵاتی سکۆتلەندە-س. غ) ئینگلیزە ئەویش زیاتر عەرەب نییە، ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمالی زمانی عەرەبی وەیا عاداتی عەرەب قەط نابێتە وەطەنییەکی صادیق بۆ عیراق، خولاصە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی قوح، بەڵکوو ئەبێ هەموو تەسهیلات و تەشویقاتێکی بۆ بکرێ کە ببێتە کوردێکی تەواو. وەحدەتی دەوڵەت کە زۆر زۆر پێویستە بۆ تەرەقی بە لەناوبردنی عاداتی خصووصیی ئێستای عەناصیری موختەلیفە قەط حاصڵ نابێ، بەڵکوو بە تەشویقی دەوامیان لەسەری پێك دێ، ئەبێ مەیدان بە هەموو عەناصیرێ بدرێ کە بە ئارەزووی خۆی ڕێگەیەکی تەرەقی بۆ خۆی ئینتیخاب بکا. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حکوومەتتان لەسەری ڕۆیشتووە، ئەمە بۆ ئیقناعی عوصبەتول ئومەم بە ئەهلییەتی عیراق بۆ دوخوولی مەجلیس لە هەموو شتێك زیاتر بەفائیدەیە.

جەلالەتی مەلیك فەیصەڵ دەرحەق بەم مەسئەلەیە لە خوطبەی جوابیدا گوتی:

((لە جوملەی ئەهەممی وەظائیفی هەموو عیراقییەکی صادیقە کە تەشویقی کوردی عیراقی برای بکا کە لەژێر بەیداخی عیراقدا کە ڕەمزی سەعادەتی مەملەکەت و سەعادەتی عموومی ماددییە و عەقلییەیە، موحافەظەی جنسییەتی خۆی بکا و لێی لانەدا. بە ئیتیحاد و ئیشتراکیان ببنە ئەعضایەکی باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی وەطەنی موشتەرەك. شوبهە نییە کە هەر عیراقییەکی صادیق ئیشتیراکی ئەم فیکری منە ئەکا دەرحەق بە هەموو عەناصیری مەوجوودەی مەملەکەت)).

لەندەن ٢٤ی شوباطی ١٩٢٦

## کوردیی ئەو کاغەذەیە کە لە ٢٠ی مایسی ١٩٣١دا
## لەگەڵ مولاحەظەم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللی
## تەقدیمی مەندووبی سامی کرا

بۆ فەخامەتی مەعتەمەدی سامیی موحتەرەم

لەدوای سەلام

لە مولاقاتی دواییمدا کە لەسەر ئارەزووی فەخامەتتان واقیع بوو، دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللی کە لەم بەینەدا قووبوڵ کرا، پرسیارتان فەرموو، منیش بە کورتو موختەصەری شتێکم عەرضکردن. بەڵام لە ئەندێشەی ئەوە کە باش تێم نەگەیاندن. بە موناسیبەم زانی فیکرەکەم بخەمە سەر کاغەذو تەقدیمتانی بکەم ئومیدم هەیە کە ئەهەمییەتی پێئەدەن، بەم موناسەبەتەوە ئیحتیراماتی فائیقەم تەقدیم ئەکەم.

موخلیصتان
محەمەدئەمین زەکی

### مولاحەظاتم دەرحەق بە
### ( لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەللی )

١- هەروەك ئەیزانن ئەو سەبەبە کە حکوومەتی عیراقی سەوق کردە سەر دانانی ئەم لائیحەیە ئەوە بوو کە قەواری عوصبەتول ئومەم ١٦ی کانوون ئەووەلی ١٩٢٥ بەجێبێنێ، ئەو قەوارە کەوا حکوومەتی بریطانیاو عیراق لەوەختی خۆیا گرتبوویانە ئەستۆی خۆیانو هەتا ئێستا هەر لەسەر کاغەذ ماوەتەوە.

هەموو ئەیزانین بەپێی ئەو قەرارە ئیهمالکراوە ئەبوایە مەئموورانی کوردستان کورد بوونایە، وە لە مەکتەبو مەحاکیمو دائیرەکانی حکوومەتدا زمانی ڕەسمی کوردی بوایە.

وا دەرئەکەوێ ئەم لائیحەیە سێ موساعەدەی تیایە، ئەمانەش زمان، مەحاکیم، وە مەکتەبەکان. یەکەمینیان یەعنی مەسئەلەی مەئموورین کە لە هەموویان موهیمترە، وە بەبێ ئەوە مومکین نییە شەرطەکانی تر بەجێبهێنرێ کە بەتەواوی وازی لێهێنراوە.

پێش ئەوەی لەخوصووص ئەم لائیحەیەوە فیکرێ بەیان بکەم ئەمەوێ ئەم فورصەتە لەکیس نەدەمو لەبابەت مەسئەلەی مەئمورینەوە نەختێ بەکورتی ڕەئی خۆم بەیان بکەم.

چەند مانگێ لەمەوپێش حکوومەت بەیانێکی ڕەسمیی بڵاوکردەوە، لەم بەیانەدا شەرطی تەوظیفی لە قەضای کوردەکانا، لەجیاتی کوردایەتی، کورد(ی ؟) بە زمان زانین (بوو ؟)، هیچ شوبهە نییە کە ئەم بەیانە بەتەواوی عەکسی ئەو مەبدەئە بوو کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی تەموزی ٩٢٣دا دانابوو وە دیسان عەکسی قەراری ساڵی ٩٢٣ی عوصبەتول ئومەمو تەصریحاتی ڕەئیسول وزەرا بوو کە لە ٢١و ٢٢ی کانوون ثانیی ١٩٢٦دا بەرامبەر بە پەرلەمانی عیراق دابووی. لەم قەرارەدا مەجلیسی وزەرا قوبووڵی کردبوو کە لە کوردستاندا هیچ مەئمووڕانی عەرەب تەعیین ناکرێ. بەپێی قەراری مەجلیسی عوصبەتول ئومەمو تەصریحاتی ڕەئیسول وزەرا حکوومەت مەجبوورە بە تەقدیرکردنی مەئموورانی کورد لە کوردستانا، بەڵام ئەم قەراری دواییی حکوومەتە لەگەڵ ئەمەدا کە موخالیفی دەستوورە، سێ قەرارەکەی تریش یا بەتاڵ وەیا تەبدیل ئەکا. لەگەڵ ئەمەشدا بەڵکوو حوسنی نییەتی هەیە. وە ئەمەی لەدوای ئیستیشارە کردووە. بەڵام هەموو کوردەواری لەمە دڵگیرنو بەراستی لەم بەیانە زۆر ترساون.

### ئەسبابەکانیش ئەمانەن

أ . سەرەڕای ئەو قەرارانەی کە عوصبەتول ئومەم داوێتیو ئەو قەرارە ڕەسمییانەی کە ئێستا هەن (تەماشای ئەو کاغەذەم بکەن کە لە ڕۆژی ٢ی کانوون ئەووەلی ١٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەتی مەلیکم کردووەو نوسخەیەکم داوە بە مەندووبی سامی) حکوومەتی عیراق لەخوصووصی مەئموورینەوە تائێستا ڕیعایەتی حوقووقی کوردەکانی نەکردووە، وە هیچ ئومید ناکرێ کە لەمەودواش

ڕیعایەتی ئەم حوقووقە بکرێ باخوصووص  پاش ئەوەی کە ئەم بەیانە ڕەسمییە هاتە ناوەوە، وە بەم ڕەنگە سیاسەتی ئێستای حکوومەت بەئاشکرا بووە بە سەبەبی ئەندێشەو ترس بۆ کوردەکان.

ب ـ کەمتەرخەمیی مەئموورە غەیرە کوردەکان بەرامبەر بە حیسییاتی قەومی و هەوڵدانیان بۆ مراندنی ئەو حیسییاتەو نەهێشتنی سەربەستی، وە تا حکوومەت لەسەر ئەم شێوەیە بڕوا قەت بڕوا ناکەم مووەفەق بێ.

ئەبێ ئەم بەیانە بە دڵێکی پاکەوە درابێ و بەڵکوو لەسەرێکەوە مەقصەدی یەکخستنی دڵی هەردوو قەومەکە بێ و لەسەرێکی تریشەوە تەئمینی دائیرەیەکی واسیعتر بێ بۆ تەوظیفی کورد بڕوا ناکەم کە نوقطەی ئەووەڵ بەم چەشنە تەئمین بکرێ، بەڵکوو بە واسیطەی بەعضــێ تەدابیری ترەوە کە بۆ حکوومەت دائیما مومکینە سەربگرێ.

وە دووەمیان لە عەمەلی زیاتر نەظەرییەو مەعەلئەسەف هیچ بەکەڵك نایە، چونکە ئەو ڕێگەیەی کە ئەم چەند ساڵە حکوومەت گرتوویەتە پێش مانیعی پەیداکردنی مەئموورینی کوردە بۆ ئیستیقبال، ئەهەمییەتنەدانی حکوومەت بە مەعاریفیان وە ئیکمالو زیادنەکردنی مەکتەبیانو نەناردنیان بۆ بەعەثاتی عیلمییە بۆ دەرەوەو موشکیلات نواندنی بۆ تەوظیفی کورد بە دەرەجەیە کە مەکتەبێك وە یا صونفێکی تازە ئەکرێتەوە حکوومەت بۆ دۆزینەوەی موعەللیم دائەمێنێ و گەلێ جار موعەللیمو مەئموورینی غەیری کورد ئەنێری بۆ وەظیفە بچووکەکان، وەلحاڵ هەموو ئەیزانین کە لە هەموو حکوومەتی عوثمانیداو بەتایبەتی لە وڵاتانی عیراقدا زۆر مەئموورینی کورد هەبوو کە خەڵکی کوردستانی عیراق بوون، ئەم حاڵە گەیشتۆتە دەرەجەیەك کە قەومی کوردی ترساندووەو هێناویەتە سەر ئەوە کە باوەڕ بکا لە ئیستیقبالێکی نزیکداو لەجیاتی ئەوەی ئیستفادە لە وەظائیفی مەناطیقی عەرەبییە بکەن وەظیفەی وڵاتەکەی خۆیشیان لەکیس ئەچێ.

لەوانە نیم کە بڕوا بکەم بە ڕاستیی ئەم فیکرەو لام وایە ئەم فیکرە بەجێ نییە، وە لام وایە ئەبێ ئێستا واز لەمە بهێنرێ و بۆ پێگەیاندنی مەئموورینی کورد بۆ لەمەوپاش هەرچی پێویستە ئەبێ زووبەزوو بەدڵ بکرێ.

٢- لەپاش ئەم موطاڵەعاتە دەرحەق بە مەسئەلەی مەئموورین، ئەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەوضووع و ئەم پرسیارە بکەم: ئایا ئەم لائیحەیە هەروەکوو مەجلیسی عوصبەتول ئومەم ویستبووی[١] بۆ هەموو کوردەکانی عیراقە ؟ وە ئەگەر وایە، باسی قەضاکانی تر ناکا وەکوو خانەقین و مەندەلی.. الخ ؟

بەم موناسەبەتەوە ئەمەوێ نەظەری دیققەت جەلب بکەمە سەر ئەو کوردانەی کە دانیشتووی بەعضــێ لە قەضاکانی عیراقن و لەم لائیحەیەدا ناویان نەبراوە:

**أ- قەضای خانەقین:**

بڕوا ناکەم کەسێ ئیعتیراضــێکی ببێ لەوە کە ئەهالیی ناحیەی (هۆرێن و شێخان و قۆرەتوو) هەموو کوردن. وە لە ناحیەی مەرکەزدا بەشی عەلیاوا، باوەپڵاوی و دەککە هەمووی، وە موقاطەعەی خانەقین، کارێز، حاجی قەرە، وە قولە بەشی زۆریان کوردن و وە لە مەرکەزی قەضادا گەڕەکی حەمیدییە هەموو وە گەڕەکی ئەولاٌبەگ و عەرەب ئاغا بەشی زۆریان کوردن، وە دیسان مەرکەزی ناحیەی قزرابات نیوەیان کوردن، هەروەها لەبەینی شارەبان و ئەبوجەسرەدا بەرەیەکی سوورەمێردیش کوردن (تەماشای تەقریری مێجەر سۆن بکەن لەبابەت عەشائیری کوردستانی خواروو).

**ب- قەضای مەندەلی:**

ئەبینین کە یەکێ لە سێ گەڕەکی قەضا لەگەڵ مەرکەزی ناحیەی قەزانییە (بڕوانە تەقریری مێجەر سۆن ساڵی ١٩١٨بەغدا) وە دێی (دێ شێخ) و (دوور) هەموو کوردن و عەشیرەتی "قەرەوەیسی"ی تیایە کە نزیک ٥٠٠ماڵە.

**ج- شاری بەغدا:**

لەبەر ئەوەی کە بووە پایتەخت ئێستاتستیکێکی قەومی نەکراوە، دەرحەق بە کوردی بەغدا ناتوانم مەعلووماتێکی تەواو بدەم، بەلاٌم بەپێی قسەی

---

[١] کوردیی فەقەرەی سێیەم لە قەراری مەجلیسی عوصبەتول ئومەم ئەمەیە: حکوومەتی بریطانیا، بەو صیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەصییە بەسەر عیراقەوە، ئەبێ لە حوضووری مەجلیسی عوصبەدا بەیانی ئەو تەدبیر و ئیجرائاتانە بکا کە ضەماناتی قەراردراو بۆ کوردی عیراقی پێ تەئمین ئەکرێ. ئەو ضەماناتە کە لەطەرەف لیجنەی تەحقیقەوە لە ئیستینتاجاتی قەراری نیهائیدا باس کراوە.

شارەزاکان نوفووسی دانیشتووی کوردی بەغدا لە ۲۵۰۰۰ کەس کەمتر نییە کە لە ۱۰٪ی نوفووسی شارەکەیە.

۳- ئەگەر ئەم جوابە موثبەت نەبێو ئەم لائیحەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بێ کە لە لیواکانی شیمالدانو ئیعتراف بە بوونی کوردی قەضاکانی تر نەکرێ، ئەم ئینکارە لەگەڵ ئەوەدا کە خیلافی حەقو حەقیقەتە تووشی ئەم دوو ئیعتیراضە ئەبێ:

أ. مادام حکوومەت ئیعتراف بە بوونی کورد ناکا لە شاری بەغدادی سابیقدا بۆچی مەئموورانو نووابیان لێ تەعیین ئەکا بۆ لیواکانی شیمال، بەتایبەتی لەوانەی کە هیچ عیلاقەیەکی ماددیو ئەدەبیيان لەگەڵ ئەو مەنطیقەیەدا نییە.

ب. بۆچی لە لائیحەکەدا ناوی قەضای تەلەعفەرو سنجارو مووصڵ ناهێنێ ؟

**قەضای سنجار:**

ڕەئی عموومی لەسەر ئەوەیە کە ساکینانی ئەم قەضایە یەزیدینو ئەمانەش هەموو کوردن ( تەماشای تەقریری لیجنەی عوصبەتول ئومەم بکە لە ساڵی ۹۲۵ لاپەڕە- ۵۸، ۵۹، ٦۰. ورثة الخلفاء الاخيرة، سير مارك سايكس، لاپەڕە- ۵۷۳. الاكراد، دوكتور فريج، لاپەڕە- ۷، مفصل جغرافية العراق ـ طه الهاشمی، لاپەڕە ۹، ٤۱، ئینسکلوپیدیای ئیسلام). وە پێویست بوو کە ئەم قەضایە بخرێتە ناو قەضای کوردەکانی ترەوە کە لە لائیحەکەدا ناوبراون.

**قەضای تەلەعفەر:**

لەم قەضایەداو بەتایبەتی لە ناحیەی زەمماردا میقدارێکی زۆر کورد هەیە.

**قەضای مووصڵ:**

لە نەفسی شارەکەدا عەدەدێکی موناسیبی کورد تیا ساکینە جگە لەوانەی کە لە دێهاتە نزیکەکانیەوەن.

ئەگەر بوونی ئەقەللییەتێکی کەم لە عەرەبو تورک لە قەضاکانی دهۆک، مەخموور، شێخان، هەولێر، کەرکووک، کفریدا بێتە سەبەبی قوبووڵکردنی زمانی تورکیو عەرەبی لەگەڵ زمانی ئەکثەرییەتدا، هەر بەوچەشنە پێویستە زمانی کوردی لە قەضای تەلەعفەر، سنجارو مووصڵیشدا قوبووڵ بکرێ.

٤- لەپاش بەیانی ئەم مولاحەظەیە لەبابەت ئەساسی لائیحەکەوە ئەمەویٚ ئیشارەتی ماددەی چوارەمی قانوونەکە بکەم کە جەوازی ئیستیعمالی زمانی تورکی ئەدا، هەموومان ئەیزانین ئەم موساعەدەیە لەسەر طەڵەبی مەجلیسی ئیدارەی کەرکووك لەوەختی خۆیداو لەسەر بەعضـــیٚ ئەسبابی تر درابوو.

بەڕاستی پەلەی حکوومەت بۆ تەشریعی ئەم موساعەدەیەو لەعەینی وەقتدا لەغوکردنی قانوونێکی (قەراری مەجلیسی وزەرا کە لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣دا صادیر بووە) موقەیید بوو بۆ کورد. بەیاننامەیەك (کە خیلافی دەستوورە) وە ئیهمالی قەراری عوصبەتول ئومەمو وەعدەکانی یەك لەدوای یەك، لەوانەیە کە موحتاجی لێکدانەوە بیٚو بە طەبیعەت لە حوسنی نییەتی دەرحەق بە کورد ئینسان ئەخاتە شوبهەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا مومکینە کە درانی ئەم هەموو موساعەدانە بە هەموو عونصورێك موناسیبو مەقبوول بیٚ. بەڵام ئەبیٚ دیققەت لە نوقطەیەکی زۆر موهیم بکریٚ کە عیبارەتە لەوەی کە ئەو موساعەدانە ضەرەر بە غەیری ئەو عونصورە نەگەیەنیٚ، لەسەر ضەرەری عونصورێکی تر تەوسیعی پیٚنەدری وە زۆرم پیٚناخۆشە کە بڵێم ئیهمالی حکوومەتی چەند ساڵێك لەم ڕووەوە بۆتە یاریدەر بۆ پەل بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە بەسەر هەموو ئومووری حکوومەتی هەموو لیواکەدا. وە بە ئیدارەی عاممەیو مەکتەبەکانیو مەحاکیمەوە بۆتە لیوایەکی تورکیی تەواو. وەلحاڵ ئەبینین وەضعییەتی قەومی "ئەتنۆگرافی" ٥١٪ کوردە ٢١٪ تورکمان، ٢٠٪ عەرەبو ٨٪ غەیرە موسلیم بوو، وە بە عەکسی ئەم ئەرقامە لە ٢٤ مەکتەبەکەیا تەنیا سیٚ مەکتەبی ئەووەلی بە کوردییە، مەئمووڕانیش بەم چەشنە ٥٦٪ی تورکمان، ٢٤٪ی کورد، ٢٠٪ی عەرەبو غەیری ئیسلام بوون.

ئەم وەضعە شاذە، موشکیلاتو ضەرەرێکی زۆری بۆ بەشی زۆری سوککانی، یەعنی بۆ کورد بوو، وە هەموویانی دەرحەق خستۆتە فیکری شەكو ترسەوە. وەلحاڵ بۆ حکوومەت وای هەڵئەگرت کە حوقووقی موساواتی بەینی قەومەکان موحافەظە بکا. وە طەبیعی ئیستیعجالی ئەخیری حکوومەت بۆ تەشریعی ئەم

موساعەدەیە ترس‌و شوبهەی کوردی زیاتر کرد، جا کەوابوو، کێ ئەتوانێ قەومی کورد تەئمین بکا کە ئەم موعامەلەی حەقشکێنییە زیاتر حەق‌و حوقووقی ون ناکا.

لەلایەکی ترەوە ئەبینین کە زمانی ئەکثەرییەت لە لیواکەدا بە عوموومی حاکیمە، بە صوورەتێ مێجەر سۆن لە کتێبەکەیدا شاهیدی بۆ ئەم وەضعییەتە ئەداو لە لاپەرە ١٦/١٥یدا عەینەن ئەڵێ:

وە موئەللیف هەر لەم کتێبەیدا ئەڵێ ١٣٠٠٠ تورکمان، ٥٠٠٠ کورد، ٥٧٠٠ مەسیحی، ١٠٠٠جوولەکە لە شاری کەرکووکدا، وە ٢٠٠٠ تورکمان، ١٠٠٠ کورد لە ئاڵتوون کۆپری "پردێ"دا هەیە.

شوبهە نییە، مێجەر سۆن وای زانیوە ئەوانەی کە بە زمانی تورکی لە کەرکووك قسە ئەکەن هەموو تورکمانن، بۆیە وا دوو چەندانەی کوردەکان ژمارەیانی داناوە، ئەم فیکرە ڕاست نییە، چونکە هەموو کوردی شاری کەرکووك‌و لیواکەی بە زمانی تورکیش قسە ئەکەن‌و ئەمە مومائیلەیهیی سەوق کردۆتە سەر ئەم فیکرە، دەلیلی بەقووەتی ئەمەش ئەو مەعلووماتەیە کە لە مەئموورێکی گەورەی کەرکووکم وەرگرتووە، کە لە مەسائیلی ئیستاتستیکدا صەلاحییەتی ڕەسمیی هەبوو، وە گوتی بەگوێرەی ئیحصائی بەلەدییە، نوفووسی شاری کەرکووك ئەمساڵ "١٩٣٥" گەیشتۆتە ٣٥٠٠٠ کە لەمە ٢٢٠٠٠ی کوردە، ٧٠٠٠ تورکمان، ١٠٠٠ی نەصرانیی مەحەللی، ٢٠٠٠ی تیاری "فەلە" ٥٠٠ ئەرمەنی، ٢٥٠٠ جوولەکەیە، وە لە گەڕەکەکانی کەرکووك، ئیمام قاسم، ئاخی حوسێن، بلاق، ئاوچی، وە پیریادی هەموو کوردن، وە بەشی زۆری گەڕەکی چەقوور، مەسك، وە چای کوردن.

لێرەدا ئەمەوێ نەظەری دیققەت جەلب بکەمە سەر ئەو مەکتەبانەی کە لە شاری کەرکووکدا مەوجوودن کە ژمارەیان ئەگاتە ١٠مەکتەب ٦ یان بۆ تورکمان. دوانیان بۆ گاور، دوانەکەی تریان بۆ جوولەکەیە. بەڵام نصیبی ئەکثەرییەت یەعنی کورد لەم مەکتەبانە بە غەیرە صفر هیچی تر نییە.

بەگوێرەی ئەم حالە، بۆ حکوومەت وا جوانترو موافیقتر بوو کە وەعدەکانی خۆی بەجێبهێنایەو زمانی ئەکثەرییەتی بە زمانی عوموومی ئەو لیوایەو مەرکەزی ئیعتیبار بکردایە چونکە زۆرتر ئیستیعمال ئەکرێ‌و لەنەظەر هەموانا مەفهوومترە.

٥- پێویسته ماددەی "٦ی لائیحەکە" تەعدیـل بکرێ بە نەوعێك جەوازی موخابەرەکردن بدا بە زمانی کوردی لەبەینی لیواکاندا.

٦- "فەقەرە- ٤ ماددەی ٦" زۆر غامیضە. وە بەتەواوی ئەو زمانە نیشان نادا کە پێویستە ببێ بە ئەساس بۆ ئیش پێکهێنان لە دائیرەکانی حکوومەتیدا لە نوفووسی کەرکووك‌و مەرکەزی قەضای کفریدا، ئینجا نازانین مەقصەد لەم غومووضە مانەوەی زمانی تورکییە لەو دائیرانەدا وەك حاڵی حاضر یان نا ؟

ئەگەر مەقصەد ئەمە بێ کە زمانی ئەقەللییەت حاکیم ئەبێ لە مەرکەزی لیواو قەضادا کە ئەمەش بە هیچ کلۆجێك نە موافیقی عەدالەت‌و نە موافیقی مەنطیقە. وە سەبەبێکی زۆر مەعقوولە بۆ سەغڵەتیی قیسمی زۆری کوردو ئیحتیجاجی دائیمییان لە عەلەیهیی ئەمە. وە لەبەر ئەمەی کە حوقووقی ئەو ئەقەللیاتەی کە لەم لیوایەدا ساکینن لە ماددەی چوارو پێنجدا مەضموونە، ئیتر ئیجابی بە قەیدێکی تر نەئەکرد لە"مادده ٦."دا وە جوێکردنەوەی قەضای کەرکووك‌و کفری لەو قەضایانەی تر کە لە"فەقەرەی ١ تا س"ی عەینی ماددەدا بەیان کراوە.

بێجگە لەمە مەعقوولتر بوو ئەگەر عیبارەی "الامور الفنية" کە لە مادده-٦دا هاتووە ئیضاح بکرایە، نەك لە موستەقبەلدا خراپ تەصەڕوفی تیا بکرێ.

٧- پێویستە زمانی تەدریس، لەو مەکتەبانەی کە تائیستا وەیا لەمەودوا لەو قەضایانەی کە لە ماددەی چوارو پێنجی لائیحەکەدا ناویان هێنراوە، کراونەوە وەیا ئەکرێنەوە زمانی ئەکثەرییەتی سوککان بێ، چونکە قوبووڵ نەکردنی زمانی ئەکثەرییەتی قوتابیان، ئەبێتە سەبەبی سووئی ئیستیعمال لە موستەقبەلدا.

ب . بۆ خاطری موڕاعاتی قەراری مەجلیسی عوصبەتول ئومەم ئیجاب ئەکا زمانی کوردی لە هەموو مەکتەبەکانی کوردییەدا، چ ئەووەلی‌و چ ئیبتیدائی‌و چ لەمانە گەورەتریش زمانی تەدریس بێ، چونکە حەصری تەدریسات بە زمانی کوردی هەر تەکامولی زمانی کوردی، وە ئەو ئیعتیراضاتە کە لەم ڕووەوە ئەکرێ لە سێ ماددە تەجاوز ناکا.

**ئەووەڵەن:**

بێقابیلییەتیی زمانی کوردی بۆ تەدریسات و نووسین. وە ئەمە ئەووەڵ ئیعتیرافێکە کە گەلێ جار ئەیبییەین. ئەم ئیعتیراضە زۆر ضەعیفە چونکە ئەوانەی کە ئەمە ئەڵێن ئاگایان لەو ئاثاری تەئریخی لوغەوی، ئەدەبی، وە دینییە نییە کە چەند صەد ساڵ لەمەوپێش بەم زمانە نووسراوەتەوە وەك ئاثاری مەلا یوونسی باڵکاتی، شێخ عەممار، ئەحمەدی حەکاری، ئیسماعیل بایەزیدی، بابا طاهیر، عەلی حەریری، مەلا جزیری، مەولەوی، مەولانا، حاجی قادر.. الخ.

باوەڕم نییە ئەم نەقصەی کە ئەڵێن لە زمانی کوردیدا بێ، چونکە ئەم زمانە لە زمانی فارسی دەوڵەمەندترە، بەڵام مەیدانی ئەوەی نەبوە کە ئیستیعمال بکرێ و بەرە بەرە ئیصلاح و تەکامولی تیا بێتە وجوود. هیچ شوبهەی نییە ئەگەر ئەمڕۆ عەینی ئەم مەوانیعەی لەبەرا بمێنێ هەر لەسەر حاڵی حاضر ئەمێنێتەوە و طەبیعی لە تەرەقی و پێشکەوتن مەحروومی ئەکا.

**ثانییەن:**

نەبوونی کتێبی مەکتەب بە زمانی کوردی ئەم ئیعتیراضە دەرحەق بە کتێبی مەکتەبە ئیبتیدائیەکان و ئەووەلیەکانیش ئەکرێ. وە بە هیممەتی وەزارەتی مەعاریف و بە تەرجەمەکردنی کتێبی مەدرەسی لە زمانی عەرەبی و زمانی ترەوە بۆ زمانی کوردی زوو زائیل ئەبێ. وە بۆ ئەوەش ئیجاب ئەکا –وەك لە زۆر جاردا وا کرا– لیجنەیەکی خوصووصی لە موعەللیمان و مونەووەرانی کوردی موقتەدیر تەشکیل بکرێ، لەلایەکەوە لەگەڵ تەدقیقی ئەو کتێبانەی کە بۆی ئەنێررێ و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ تەرجەمەی خەریك بێ وە بێجگە لەمە پێویستە تەشویق و تەرغیبی موعەللیمان و مەئموورە موقتەدیرەکان بکرێ بۆ تەرجەمەی کتێب و بە موکافەئات و تەلطیفی ئەم جیهەتە تەشجیع بکرێ.

باوەڕم هەیە کە ئەگەر ئەم تەوصییانە بە ئیخلاص و حوسنی نییەت لەطەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە تەطبیق بکرێ وەکوو چۆن بۆ تەئمینی کتێبی عەرەبی تەطبیقی کرد. هیچ زۆری پێ ناچێ ئەبینین ئەم نوقصانییەتە زائیل ئەبێ.

ئیحتیماله لەم ڕووەوە مەسئەلەی نەبوونی پارە بۆ تەشکیلکردنی ئەو لیجنەیەو بۆ موکافەئاتو بەخشین بە موتەرجیمانو بۆ لەچاپدانی کتێب بکرێ بە بەهانە بەڵام ئەمە ئەصڵی نییەو ئەم نەوعە بەهانەیە تەنیا بۆ ئەوەیە کە حکوومەت خۆی دووربخاتەوە لەوەی کە حیصصەیەکی مەعقوول لە میزانییەی مەعاریف بۆ کوردەکان جویێ بکاتەوە.

وە بۆ ئیثباتی ئەمە حەزم ئەکرد چەند میثالێك دەرحەق بە وەضعییەتی مەعاریف لە ساڵی پاردا بهێنمەوە، بەڵام لە ڕاپۆرتی تازەی وەزارەتی مەعاریفدا لەبابەت مەصاریفی لیواکانەوە مەعلووماتێکی تازەم چنگ نەکەوت لەبەر ئەمە موڕاجەعەتم کرد بە ئیستاتستیکێکی ساڵی ١٩٢٧ کە لە ٣٠ ئاغوسطۆسی ١٩٢٨دا لە مەجلیسی مەبعووثاندا بەیانم کردبوو. "٨٦،٢٧ لەك ڕووپیە" لەوساڵەدا نصیبی ٢٧ مەکتەبی کورد لە میزانییەی مەعاریف ١٢٣٠٠٠ ڕووپیە وە یاخود ٤،٤٪ لە میزانییەی مەعاریف بوو، کەچی بەشی مەکتەبە تورکیەکان ٣٪ وە مەکتەبەکانی تر ٦، ٩٢٪ بوو. وە نیسبەتی صەدی "مئوی" بۆ نوفووسی لە عیراقدا ١٧٪ کورد، ٨٪ تورکمان،و ٨١٪ عەرەبو ئەقوامی ترن.

وە حکوومەت هەر لەعەینی ساڵدا لە واریداتی سلێمانی ١٪و لە واریداتی لیوای هەولێر ٢،٥٪ ی بۆ مەعاریفی ئەم دوو لیوایە صەرف کرد کەچی هەر لەوساڵەدا لە واریداتی لیوای بەغدا ٣٨٪، لە هی مووصڵ ٨،٢٢٪، لە هی کەربەلا ١٨٪، لە هی بەصرە ٢١٪، وە لە واریداتی لیوای کەرکووك ١٥٪ ی بۆ مەعاریفیان صەرف کردووە.

وەضعییەتی حالییە لە مەصاریفی لیوا کوردەکانا فەرقێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوساڵەدا یەعنی ٩٢٧دا نییە، چونکە موقابیل بە کردنەوەی ٩ مەکتەبی تازەو بەعضێ صونف لە قەضا کوردەکانا میزانییەی مەعاریف لە ٨٦،٢٧ لەکەوە گەیشتە ٤١ لەك ڕووپیە.

ئەم ئەڕقامەو وەضعییەتی حاضرییە تەواوی دەریئەخا کە کورد قەد بەشێکی نیسبیی عادیلی لە میزانییەی عموومی مەعاریفدا وەرنەگرتووە –وە ئەم حیصصەیە– بەگوێرەی نیسبەتی نوفووسیان ئیجابی ئەکرد ١٧٪ بوایە، نەك هەر ٤،٤٪. لەبەر ئەم سەبەبە حکوومەت ناتوانێ ئیددیعا بکاو بڵێ پارەم نییە تاکوو صەرفی بکەم بۆ تەشکیلی لیجنەی کتێبی کوردی. وە بۆ بەخشینی ئیکرامیات بە موتەرجیمان.

**ثالیثەن:**

ئیعتیراضی سێیەم کە ئەیبییەین لوزومی فیربوونی زمانی عەرەبییە بۆ لاوانی کورد بۆ ئەوەی کە بتوانن ئیستیفادە لە مەداریسی ئیختیصاصییە و وەظائیفی حکوومەت بکەن، لەو جێگایانە کە ئیجاب بە زانینی ئەم زمانانە بکاو بتوانن ئیش ببینن.

ئەگەر مەقصەد لەم ئیعتیراضە هەر عیلمی و ئیدارە بێ و هیچ تەعەللوقی بە سیاسەتەوە نەبێ مومکینە بە زیادکردنی ساعاتی تەدریس بۆ لوغەتی عەرەبی و ئەهەمییەتدان بە فێربوونی زیاتر لە ئێستا مومکینە تەئمین بکرێ، وە ئەگەر ئەمەش کافی نەبینرا ئەو حەلە مومکینە مەوضووعێك وەیا دوو مەوضووعی تریش بەم لوغەتە بخوێنرێ .

لەدوای ئەم تەفصیلاتە مولاحەظەکانم بەکورتی لەخوارەوە پیشان ئەدەم،

١. پێویستە لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەللییە شوموڵی بەسەر ئەو قەضایانەی تریشەوە هەبێ کە ئەکثەرییەت وەیا ئەقەللییەتیان کوردە وەك بۆ ئەقەللییاتی تر لە قەضا کوردەکانا کرا.

٢. هەڵگرتنی کەلیمەی "الترکیة" لە مادده-٦دا.

٣. ئیضاحکردنی عیبارەتی "ئوموور فەنییە" کە لە مادده-٦دا هاتووە.

٤. زمانی ئەکثەرییەتی سوککانی لیوا وەیا قەضا بە لوغەتی تەدریسی ئیعتیبار بکرێ.

٥. ئیستیعمالکردنی زمانی کوردی لە مافەوقی مەکتەبی ئیبتیدائیشدا.

ئەم ماددانەیە کە پێویستە ئەهەمییەتی پێ بدرێ لە لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەللییەدا چونکە ئەو لائیحەیە لە حاڵی حاضردا عەدل و عوود تەئمین ناکا.

**نائیبی سلێمانی. وەزیر ئەشغاڵی سابیق**

دەرهەق بەو ماددەیەی کە لەم ئاخریەدا عەلاوە کراو بەگوێرەی ئەوە قەضاکانی مووصڵ موخەییەر کران بۆ ئیختیارکردنی زمانێکی کوردی تا ساڵێکی تر. موطاڵەعاتم بەجوێ عەرضئەکەم.

## دەرحەق ئەو ماددەیە کە لەدواییدا داخڵی قانوونی لوغاتی مەحەللییە کرا و بۆ قوبووڵکردنی لەهجەیەکی کوردی قەضاکانی مووصڵی صاحێب ئیختیار کرد، فیکرم ئەمە بوو لە ٢٢/ ٥/ ١٩٣١دا تەقدیمی فەخامەتی مەندووبم کرد

زۆر شوکری ئەو تەئثیرە ئەکەم کە کەلیمەی "مەحەللی"ی کە لەطەرەف مەجلیسی نیابییەوە عەلاوە کرابوو، لەوە هەڵگرت، وە بە دانی حەقی خیار بە ئەهالیی پێنج قەضا بۆ قوبووڵکردنی لەهجەیەك لە ظەرفی ساڵێکدا، ضەرەرەکەی سووك کرد. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شکم نییە کە تەکلیفی ئەووەلیی حکوومەت باشتر بوو لە تەکلیفی دوایی گەلێ موافیقتری قاعیدەی عوموومی بوو، چونکە:

١. ئەو ئەساسە عومووومییە کە میللەتانی تر بۆ ئینتیخابی لەهجە لەسەری ڕۆیشتوون، ئیستیناد ئەکاتە سەر هەرە فەصیحترو ڕێکوپێکتری لەهجەی ئەو زمانە. وەکوو دەبینین لە تورکیادا لەهجەی ئەستەمبووڵە کە لە هەموو شوعەباتو موئەسەساتی حکوومەتی ئەنادۆڵدا جارییە. وەلحاڵ ئەم لەهجەیە لەگەڵ لەهجەی ئەو وڵاتەدا فەرقێکی زۆری هەیە. میثالێکی تریش قوبووڵکردنی لوغەتی فەصیحی عەرەبی لە دەوائیرو موئەسەساتی حکوومەتی عیراقدایە وە هەموو ئەیزانین کە لەگەڵ لەهجەی عەوامدا فەرقێکی زۆری هەیە وە عەینی حاڵ لە میصرو سووریەو باقی ئەقالیمی عەرەبیدا جارییە.

ئەگەر حورمەتی ئەم قاعیدەیە بگیرێ ئەبێ تەماشای فەرقی جوزئی بەینی لەهجەی خەڵکی شەرقی زێی گەورەو غەربی نەکرێو یەکێتیی زمانی کوردی تێك نەدرێ، چونکە قوبووڵی لەهجەی فەصیح موافیقی ئەساسی عیلمییە ئەبێ لەهجەی کرمانجیی شەرقی قوبووڵ بکرێ کە زۆر نزیکە لە لەهجەی موکریی فەصیحو بکرێتە لوغەتێکی ڕەسمی بۆ دائیرەو موئەسەساتی مەوجودەی کوردستانی عیراق.

٢. ئەگەر لوغەتی کرمانجیی غەربی "بادینان" بۆ خەڵکی پێنج قەضای مووصڵ قوبووڵ بکرێ ئەم ضەرەرانەی ئەبێ:

أ. یەکێتیی زمانی کوردی تێك ئەدرێ. کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزیو نەفرەتی کوردو قەط دەلالەت لە حوسنی نییەتی حکوومەت ناکا دەرحەقیان.

ب . ئەبێتە سەبەبی دواکەوتنی مەعاریف لەو پێنج قەضایەدا، چونکە بە لەهجەی بادینان هیچ کتێبێکی کوردی نییەو لاوانی پێگەیشتوویان نییە کە بیخەنە ژێر باری مەسئوولییەتی دەرسگوتنەوەوە لە مەکتەبداو ئیشکردن لە دەوائیردا، وە زۆر موحتەمەلە تا موددەتێکی دوور نەتوانن کتێبی مەکتەب پەیا بکەن، لەڕووی ئەمەوە ئینتیظامو فائیدە لە تەدریساتیانا نامێنێو هیچ بەدوور نییە کە لەڕووی ئەم حاڵەوە لە خوێندنو ئومووری حکوومەتیدا واز لە زمانەکەیان بهێننو مەجبوور بکرێن بۆ قوبووڵکردنی زمانێکی تر.

ج . بە طەبیعەت حکوومەت ئەبێ:

١. یا مەصرەفێکی دوو قات بۆ پەیاکردنی کتێبی مەدرەسە بە دوو لەهجە "لەهجەی سێ لیواو لەهجەی پێنج قەضا" بکاو دیسان دوو قات مەصرەف بۆ حاضرکردنی ئەوراقی مەطبووعەو تەرجەمەی تەعلیماتو نیظامو قەوانین.. الخ بۆ هەردوولا بکا کە زۆر لێی دوورە !

٢. یاخۆ گوێنەداتە مەطالیبی هەردوولا، کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی مەحرووم مانی هەرسێ لیواو پێنج قەضاکە لە پێشکەوتنو شکاتی دائیمیان لە حکوومەت.

بینا لەسەر تەجرەبەی پێشووم، ئەتوانم بڵێم کە ئەم وەضعییەتە خراپە زۆری پێ ناچێ حاصیل دەبێ. چونکە ئەو حکوومەتەی کە تائیستا بەزەییی بە قەومی کورددا نەهاتووەو قەط بەشێکی بە ئینصافی لە میزانییەی مەعاریف نەداوەتێ "تەماشای ماددە-٦، فەقەرە/ ب- ثانییەن لە مولاحەظات دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللییە بکە". ئیستاکە نابێ مەصرەفێکی دوو قات بکا بۆ مەعاریفی کورد لە سێ لیواو پێنج قەضادا.

لەبەر ئەم ئەسبابانە، ڕجا ئەکەم بە چاوێکی عەطفەوە تەماشای ئەم ئیشە بکەنو تەوەسوط بفەرموون تا تەنیا لەهجەیەك بۆ هەموو کوردستانی عیراق قوبووڵ بکرێ. ئیتر زۆر شوکرو حورمەتە بۆ ئێوە.

**محەمەدئەمین زەکی**

٢٢/ ٥/ ١٩٣١

## خولاصەی دوو تەقریری
## مەبعووثی سلێمانی ئەمین زەکی بەگ
## کە تەقدیمی مەجلیسی عالیی مەبعووثانی کردووە[1]:

**خولاصەی تەقریری ئەووەڵ:**

لە لیوای مووصڵ، هەولێر، کەرکووکو سلێمانیدا حاڵی حاضر ٣٨ مەکتەبی کوردیی تیا مەوجوودە، لە مەکاتیبی ئیبتیدائی، ثانەوی کوردەکان لەسەر مینهاجی ڕەسمیی مەعاریف بۆ پەنجاوهەشت مەوضووع کە مەجبوورن تەدریسی بکەن، تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردی هەیە، بۆ مەوضووعەکانی کە چونکە کتێب نییە طەڵەبەکان مەجبوورن نۆط بگرنو لەسەر ئەو نۆطانە مەحکوومی سەعیکردنن. لاکین لە صونفە ئەووەلیەکان چونکە طەڵبەکان بەتەواوی ناتوانن بنووسن، مومکینیان نابێ نۆطـێکی صەحیح بگرنو لە خاریجی ئیمکانیانایە، لە غەیری ئەوەی کە بە غەڵەطو بە عەجەلە دەفتەرەکانیان ڕەشو پڕبکەنەوە، ناتوانن سەعییەکی تر بکەن. لەبەر ئەمە ذیهنیان بە مەعلووماتی غەیر صەحیحە ئیشغالو ماندوو ئەکرێ. هیچ ویجدانێك قوبووڵی ناکات ئەم طەڵەبانە کە ئومێدی ئیستیقبالی کوردەکانن، بە مەعلووماتی غەیر صەحیحە ذیهنو دەماغیان موشەووەشو زەهراوی بکرێ. مەجبوورین ئەم مەکتەبانەی کە کراونەتەوە، بیکەین بە موئەسەسەیەکی مەعریفەتو، بە وەسائیطی تەدریسییەیەکی چاك ماددەتەن وە مەعنەن تەجهیزیان بکەین. لەبەرئەمە ئیستیرحام ئەکەم بۆ ئەوەی دەستبەجێ دەست بکەن بە تەرجەمەو تەئلیف، بە عەجەلە (لیجنەیەکی دائیمی) تەشکیلو لە کوردە موقتەدیرەکانی ئێرە ئەعضای بۆ تەعیین بکەن.

---

[1] ڕۆژنامەی "ژیان"، ژ١١٨، ٢١ حزیران ١٩٢٨، ل١- ٢.

**خولاصەی تەقریری دووەم:**

ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانی، کەرکووك، هەولێردا مەوجوودن قیسمێکیان لەطەرەف مودیرییەتی مەنطیقەی مووصڵو قیسمێکیان لەطەرەف مودیرییەتی مەنطیقەی بەغداوە ئیدارە ئەکرێ. لەبەر ئەوەی کە مودیری هەردوو مەنطیقەکان کوردی نازانن‌و عادەتەن بێگانەن، بەم لیسانە ناتوانن تەفتیش‌و موڕاقەبەی مەکتەبەکان بکەن، وە لە قووەتی تەدریسییەی موعەللیمەکان تێناگەن‌و بەتەواوی عاجزن کە ئیصلاحی طەرزی جەرەیانی ئوصوولی تەدریسییەی مەکتەبەکان بکەن. لەبەر ئەم وەضعییەتە چونکە مەکتەبە کوردەکان لە موڕاقەبەو نەظارەتێکی ماددی مەحروومن‌و نەتیجە بووە بە سەبەبی عەدەم تەرەقی‌و تەکامولیان. لەبەرئەوە طەڵەب ئەکەم ئەو مودیرییەتی مەنطیقەیەی کە دوو ٣ ساڵ لەمەوپێش بۆ ئەم خوصووصە هەبوو، بە عەجەلە ئیحداث‌و ئیعادەی بفەرموونەوە. مەکاتیبی سلێمانی، کەرکووك‌و هەولێر ڕەبطی ئەم مودیرییەتە بکەن‌و مودیرێکی کوردی بۆ تەعیین بفەرموون. وە لەعەینی زەماندا بۆ ئەو شازدە مەکتەبە کوردییە کە لە لیوای مووصڵدا هەیە، بۆ تەفتیش‌و موڕاقەبەیان موفەتیشینی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام‌و عەلاوەی قادرۆی مودیرییەتی مەنطیقەی مووصڵی بکەن‌و موحەققەق‌و لێم مەعلوومە کە مەجلیسی عالیتان ئەبێ بە ظەهیری ئەم طەڵەبەو ئومێدم تەرویج ئەفەرموون.

## بەیاناتی
## ئەمین زەکی بەگ مەبعووثی سلێمانی
## لە مەجلیسی مەبعووثان ڕۆژی ١٩٢٨/٨/٣٠[1] :

١- حاڵەتی بودجە: ئەگەر بە نەظەرێکی بەسیط تەماشای بکەین، چاومان پێئەکەوێ کە ئەمساڵ لە بودجەی پار چوار لە ١٤ هەزار ڕووپیە زیادکراوەو بەعضێ کەس وا وەهم ئەکەن کە ئەم زیادەیە بۆ تەئمینی قیسمێك لە ئیحتیاجاتە عاجیلەکانە.

فەقەط مەعەلئەسەف مەسئەلە وانییە. بەڵکوو ئەم زیادەیە بۆ ئیکمالی مەعاشی بەعضێ موعەللیمینە بۆ ئەو شەش مانگو نیوەیان کە پار داخڵی بودجە نەکرابوو. وە دووەم بۆ مەعاشی ئەو موعەللیمانەیە کە لەبەر تەوەسوعاتێکی طەبیعی زیاد ئەبێ و بۆ فەرقی موخەصصەصاتی ئەرزاقو مەعاشو بۆ زیادی ئوجرەتی ئەو موحاضەرەتانەیە کە لە دارول موعەللمینو لە مەکتەبی صەنایعو لە ثانەویی ئێوارانا ئەدرێو، بۆ ئەو مەکتەبانەیە کە طەبیعەتەن تەوەسوع ئەکەن.

وە غەیری بیعثەیەکی عیلمییە نەبێ کە عیبارەتن لە (٢٠) طەڵەبە وەکوو پار، تەشکیلی شەش مەکتەبی یەك صونفیو دوو صونفی لە دێیەکانو، بۆ تەئمینی قیسمێك ئیحتیاجاتی جوزئیی مەکتەبی حوقووقو مەکتەبی صەنایعی بەغدادو مووصڵو دائیرەی وەزارەت نەبێ بۆ هیچی تر نییە.

وە ئیعتیقادم هەیە کە وەزارەتی مەعاریف مومکینی نابێ لە تەشکیلاتی ئەساسییەو لە کردنەوەی مەکاتیبی تازەداو لە تەعینی موتەخەصیصێکا بۆ دائیرەی ئاثاری قەدیمە کە ئێمە زۆر بەشیددەت ئیحتیاجێکی عەجەلەمان پێی هەیە، ئیصلاحات بکاتو ئەگەر بەم نەوعە تەضییقات لە بودجەکەی بکەین، نازانم ئەم وەزارەتە چۆن جوابی ئەو پێویستییە موحیقانە ئەداتەوە کە بۆ کردنەوەی مەکاتیبی تازەو بۆ زیادیی موعەللیمو بۆ زیادیی صونف لە هەموو موحیطی عیراقەوە لێی طەڵەب ئەکرێ. بەڵام ئەمەڵ تەنهام هەر بەم مەجلیسە مووەقەرەیەو، ئەمەوێ بەقەدەر ئەوەی لیجنەی مالییە قەصدی عەلاوەی بودجەی مەعاریف بکەن.

[1] "ژیان"(ڕۆژنامە)، ژ١٢٨-١٣١، ١٣٣-١٣٤، ١٣٧، ١٣ أیلول-١٥ ت٢ ١٩٢٨.

٢- موازەنە لە مەعاریف- ئیعتیقادم هەیە ئەو ڕەفیقانەی کە لەدەورەی پێشوودا حاضر بوون، ئەو خیطابەی کە لە ئیجتیماعی ئەووەلی غەیرە ئیعتیادیدا کردبووم دێتەوە بیریان، لەسەر ئەو شکاتە موتەعەدیدانەی کە ئەکرا لەخوصووص بێموازەنەتیو بێنیسبەتیی بەینی مەعاریفی لیواکانەوە.

حەقیقەت مەعلوم بووە کە ئەو شیکایەتانە هەموو موستەنەدە لەسەر تەدقیقی وەثائیقی موعتەبەرە بە نەوعێك کە جەلبی نەظەری حکوومەت بکاتو، ئەبوایە سەعی بکرایە کە بەقەدەر حاڵ بۆ دانانی پرۆغرامێکی موناسیب کە تەدریجەن تەطبیق بکرایە بۆ خاطری ئەو مەخاطیرەو ئەو عیجزەی کە لەبەر موازەنەیەکی موختەل مەوجوودە لای ببرادیە. بەڵام موتەئەثیرم لەوەی کە ئەیبینم ئەم مەسئەلە عومومییە ئیهمال کراو هێشتا لەسەر پرۆغرامە کۆنەکە دەوام ئەکرێ. لەبەر ئەمە مەجبوور بووم کە دیسانەوە ڕجاکەم تیکرار بکەمەوەو ئیدیعاکەم تەئیید بکەمەوە بە بەعضێ میثال کە موستەنەدە سەر تەدقیقاتو سەر وەثائیقی وەزارەت بە نەفسی خۆی.

ئەووەڵەن: ئەگەر تەماشای  واریداتی لیواکان بکەینو موقایەسەی بکەین لەگەڵ مەصاریفێکا کە بۆ مەعاریفیان تەخصیص کردووە لە ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧دا ئەبینین ئەو مەبلەغەی کە بەغەیری مەکتەبە عوموومیەکان بۆ لیوای بەغداد صەرف کراوە، عیبارەتە لە صەدی (٣٨) بەنەظەر واریداتەکەیەوەو لەعەینی ساڵدا لە صەد هەتا (٤٩) لە کەربەلادا هەتا (٥-١٢) لە دلێمدا هەتا (١٠) لە کەرکووکدا (٩) لە دیالەو بەصرەدا (٨) لە مونتەفیکدا (٧) لە کووتدا (٤-٥) لە حللەو عەمارەدا (٣- ٥) لە ئەربیلدا (٢-٣) لە دیوانییەدا (٥-٢) لە سلێمانیدا هەتاکوو (١).

ئێستا موڕاجەعەت بە ویجدانی پاكو مونەززەهتان ئەکەم، عەجەب دروست بۆ مەعاریفی لیوای بەغداد لەصەد (٣٨) بەنەظەر واریداتەکەیەوە صەرف بکرێ، کەچی لە لیوای سلێمانیدا لەصەدی (١) زیاتر صەرف نەکرێ، وەیا وەکوو ئەیبینین لە لیوای دیوانییەو هەولێردا صەدی دوو و نیو وەیا سێونیو صەرف بکرێ.

وە ئەم ئەرقامانە بە صەراحەت دەلالەت ئەكات كە مەعاریف لە بەعضـێ ئەلوییەدا بێ‌ئەهەمییەتیی نواندووە بەنیسبەت بەعضـێ لیوای ترەوە. وە ظەن نابەم كە وەزارەت نەفسی خۆی ئەم مەغدوورییەتەی بە جائیز زانیبێو وای بە موناسیب زانیبێ كە ئیهتیمام لە مەعاریفی قیسمێك لیوادا بكاتو لە بەعضـێكی تریان ئیهمال بكات.

دووەم- ئەگەر موقایەسەی واریداتی لیواكان بكەین بەنیسبەت مەصاریفێك كە بۆ مەعاریفمان صەرف كراوە بەنیسبەت نوفووسیانەوە لە ساڵی ١٩٢٦دا، بەم نەتیجەیە ئەگەین .

| | بۆ خەزێنە | | بۆ مەعاریف | | صەرفیات بە پێی واریداتیانەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئانە | ڕووپیە | ئانە | ڕووپیە | ئانە | ڕووپیە |
| بەغداد | ١١ | ٧ | | ٣ | | ٣٨ |
| دیالە | ١٥ | ١٣ | ٢ | ١ | | ٨ |
| حللە | ٦ | ٩ | ٥ | | | ٣,٦ |
| كووت | ١٣ | ٨ | ٧ | | | ٥،٤ |
| دلێم | ١٠ | ٢ | ٤ | | | ١٠ |
| دیوانییە | | ٦ | ٢,٥ | | | ٢,٥ |
| كەربەلا | ١ | ٦ | ١٤,٥ | | | ١٢,٥ |
| مونتەفیك | ١٠ | ٣ | ٤ | | | ٦,٧ |
| بەصرە | ١ | ١٧ | ٥ | ١ | | ٧,٨ |
| عەمارە | ٥ | ١٠ | ٥,٥ | | ٤ | ٣ |
| مووصڵ | ٥ | ٩ | ١٢ | ١ | | ١٩ |
| هەولێر | ٤ | ٨ | ٤ | | | ٣,٢ |
| كەركووك | ٨ | ٩ | ١٠ | | | ٩ |
| سلێمانی | ١٥ | ٨ | ١,٤ | | | ١ |

بەنەظەر ئەم ئەرقامانەوە بەتەواوی مەعلووم ئەبێ كە ئەو ئیهتیمامەی لە مەعاریفی بەغدادا كراوە (٣٤) كەڕەت لە لیوای سلێمانی زیاترەو (١٩) كەڕەت لە لیوای دیوانییەو (١٢) كەڕەت لە لیوای دلێمو ئەربیلو مونتەفیكیشو ئەم فەرقەیش جددەن گەورەیە.

سێیەم- ئەگەر تەماشای موعاوەنەتی وەزارەتی ئەوقافیش بکەین کە لە مەعاریف کردوویەتی، چاومان پێئەکەوێ کە ئەم فەرقە بە دەرەجەیەکی موهیمتریش فەرق ئەکات. حەقیقەتەن وەزارەتی ئەوقاف لە عەینی ساڵدا بۆ مەعاریفی بەغداد ۹۸۷۸۰ ڕووپیەو بۆ کووت ۳۰۰۰و کەربەلا (۱۰۰۰۰)و بۆ بەصرە ٦٦٣٩٠ و بۆ مووصڵ ۱۲۰۰۰ ڕووپیەی صەرف کردووە.

ئەو جوهدە زۆرەی کە وەزارەتی مەعاریفو ئەوقاف لە جیهەتێکەوە بە واسیطەی مەکتەبەکانیەوەو لە جیهەتێکی ترەوە بە واسیطەی ئەو موعاوەنەتەی کە بۆ مەکتەبە ئەهلییەکانو موراقەبەیان کردوویانە نیسبەتی پێشوو وەکوو لای خوارەوە ئەگۆڕێو تەبدیلی ئەکات.

میقداری طەڵەبە بەنیسبەت هەزار شەخصیاتەوە:

لە لیوای بەغداد ٤٩ لە دیالە ١٥,٧ لە حللە ٥ لە کووت ٥,٥ لە دلێم ٣,٦ لە دیوانیە ٢ کەربەلا ١٧,٥ مونتەفیك ٤ بەصرە ٣٨,٥ عەمارە ٥,٦ مووصڵ ٣٠ هەولێر ٣,٨ کەرکووك ١٠,٢ سلێمانی ٢.

بەنەظەر ئەم ئەرقامانەوە لە لیوای دیوانییەو سلێمانیدا بۆ کوللی شەخصێك دوو طەڵەبەو تەقریبەن لە هەولێرو مونتەفیکدا لە طەڵەبەیەك زیاتر نابینی، لەحاڵێکدا کە لە لیوای بەغدادا بۆ کوللی شەخصێ ٤٩و لە مووصڵو بەصرەدا ۳۰ طەڵەبە مەوجوودە.

چوارەم- وە ئەبینین مەوجوودی مەکتەبی کچان لە بەغداد (۱)و لە مووصڵ (۱۲)یە، لەحاڵێکا کە لە لیوای حللەو کووت، دلێم، دیوانییە، کەربەلا، مونتەفیکدا ئەثەرێکی مەکتەبی کچان نییە.

پێنجەم- وە ئەبینین دیسانەوە موازەنەی نیسبییە لەگەڵ میقداری مەکتەبەکانیا نییە. لە ساڵی پاردا لە لیوای سلێمانیدا بۆ کوللی (٤٨٠٠٠) کەس مەکتەبێكو لە لیوای دیوانییەدا بۆ کوللی (۲٥۱۰۰) مەکتەبێكو لە حللەدا بۆ (۲۹۰۰۰)و لە عەمارەدا بۆ (۲٥۰۰۰)و لە مونتەفیكو دلێمدا بۆ (۱۷٤۰۰)و لە هەولێردا بۆ (۱٥۳۰۰)مەکتەبێك مەوجوودە، لەحاڵێکا کە لە لیوای مووصڵدا بۆ

كوللی (٤٢٥٠) كەس و لە دیالەدا بۆ (٥٠٠٠) كەس و لە بەصرەو كەركووكدا بۆ (١٤٠٠) كەس مەكتەبێك مەوجوود بووە.

شەشەم– لە ساڵی پاردا وەزارەتی مەعاریف دوانزە هەزارو حەوتصەد ڕووپیەی لە تەعلیمی ئومییەكانی بەغدادو بەصرەو مووصڵ و نەجەفدا صەرف كردو، ئەم موعاوەنەتەی لەگەڵ باقی ئەماكینەكانی تردا نەكرد كە بەنیسبەت ئەم شارانەوە زیاتر موحتاج و لاوازتر بوو.

حەوتەم– ئەگەر بە صورەتێكی عموومی تەفتیشی مەكتەبەكان بكەین، لە مەكاتیبی لیواكان لەوازیمی مەكتەب و لە ئالات و ئەدەواتی تەطبیقات و لە ئەساسا نوقصانییەتێكی زۆر ئەبینین، لەحاڵێكا كە چاومان پێئەكەوێ مەكتەبەكانی بەغداو شارە گەورەكان بەنیسبەت ئەمانەوە لە حاڵەتێكی مونتەظەم و باشن. لەم میثالانەوە كە هێنامانەوە بە صەراحەت دەلالەت ئەكات و مەعلووم ئەبێ كە لەبەینی مەعاریفی لیواكاندا بێموازەنەتییەكی تەواو هەیە و قیسمێكیان بەنیسبەت باقیەكەی تریانەوە مەغدوورن.

لەگەڵ ئەمەیشا من لەوانە نیم كە ئەزانم ئیحتیمال نییە كە موازەنەتێكی تەواو مەوجوود بێ لەبەینی مەعاریفی بەغدادو شارە گەورەكان و باقی لیواكانی كەدا. فەقەط لەعەینی وەقتیشیا مومكینم نابێ سكووت بكەم لەخوصووص ئەم فەرقە فاحیشەوە كە ئێستا مەوجوودە لەبەینی مەعاریفیان، چونكە ئیعتیقادم وایە كە ئەمە بۆ موستەقبەل ئەبێ بە خەطەرێكی موهیم و غەدرێكی صەریحە بۆ ئەهالیی بەعضێ لیواكان.

بە جددی مەعلوومە كە ئەم فەرقە زۆرە لە موستەقبەلا شكڵێكی وا پەیدا ئەكات كە ببێ بە سووئی تەفاهوم لەبەینی ئەفرادی میللەتەكەداو مەعاذەڵڵا بە طەبیعەت لە جیهەتێكەوە ئەبێ بە سەبەبی تەفەووقی قیسمێكی كەمی میللەتەكە بەسەر قیسمە زۆرەكەی تریا.

٣– نیظامی مەكتەبەكان: لە حەضەراتتانەوە مەخفی نییە كە مەكتەبەكان لەوانەیە كە بەخصووصی نەظەری دیققەت جەلب بكات. وەكوو ئەبینین و دەرئەكەوێ ئانێكی لە ئانێكی تری ناچێ و لە هەموو ئانێكا وەضعییەتێكی موئسیف و موئلیم وەرئەگرێ و لە هەر چوونە شكڵێكا ئەبێتە سەبەبی قوربانی ئەو گەنجانەی كە بۆ موستەقبەلمان ئومێدمان پێویستبوون. ئەو دوو حادیثە

موهیممەیەی کە لەبەردەممانایەو هێشتا لێمان غائیب نەبوەو کە لە منالەکان ڕووی دا، بوو بە سەبەبی مەحروومیی قیسمێکیان بە مووەقەتو قیسمێکیان بە موئەببەد لە مەکتەب. وە لە جیهەتێکی تریشەوە ئەم دوو حادیثەیە ئەثەرێکی زۆر خراپیان بۆ وەطەنەکە بەجیٚهێشت. وە ئەمەش هیچ شك نییە کە ئەم تەشویشاتە بە صەراحەت مەعلوومو دەلالەت ئەکات لە بیٚئینتیظامیو بیٚئینضیباطیی مەکتەبەکان. وە ئەگەر لە موعالەجەی ئەساسییەی ئیهمال بکریٚ، ئەبیٚ بە سەبەبی عەدەم مووەفەقییەتو ئەبێتە سەبەبی خەسارەو کەدەرێکی زۆر لە دڵی هەموو میللەتەکەدا.

لەبەر ئەمە بە ضەروریی ئەزانم کە لازمە موعالەجەی ئەم نەخۆشییە بە عەجەلە بکریٚ. وە لازمە ئەم ئیشە لە هەموو ئیصلاحاتێك کە کردنیان پێویستە پێش بخریٚ. لەو زەمانەی کە من لە مەعاریف بووم دەست کرابوو بە دانانی نیظامێکی مەخصووص کە تەئمینی نیظامی مەکتەبەکان بکاتو هی مەکتەبە ثانەویەکان تەواو بووبوو و لەطەرەف لیجنەوە دەست کرابوو بەوی تریش، بەڵام نازانم لەدواییدا چیی بەسەرهات.

ئیعتیقادم وایە کە واجیبە لەسەر وەزارەت تەفهیمی مەکتەبەکانو هەیئەی تەدریسیەکان بکات کە ئەو منالانەی ئەبەوەینیان تەودیعیان کردوون دەماغیان بە ئەخلاقێکی فاضیلو بە عولوومێکی نافیع پڕبکەنو جائیز نییە شتێك بخەنە دەماغیانەوە کە ببیٚ بە سەبەبی ئەوەی ئەو منالە مەعصوومانە سەوق بکات بۆ سەر شتی خراپو ئەو جوهدو پارەیەی کە تێیان صەرف کراوە بەبادا بڕوا.

٤- کتێبانی مەکتەب: کتێبانی مەکتەب دوو قیسمن ئەجنەبی، وەطەنی.

أ. کتێبی ئەجنەبی: ئەوانەیە کە یەك لەدوای یەك لە میصر، سووریەوە هاتوون. بەڵام ئەو کتێبانەیەش بۆ غایەیەكو مەقصەدێکی خوصووصیی ئەو مەملەکەتانە دانراون. لەبەرئەوە مومکیٖن نابیٚ موافیقی مینهاجی ئێمە بنو دەفعی ئیحتیاجی ئێمە ناکات کە فەرقێکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەو مەملەکەتانە.

ب. کتێبی وەطەنی: ئەو کتێبانەیە کە بەعضێك لە موعەللیمە عیراقیەکان ئیحضاریان کردووە. وە قیسمێکیان لەطەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە بە سەطحی تەدقیق کراونو بوون بە کتێبی مەکتەب. وە ئەگەر ئەمانیش قیسمێکی بچووکیان لیٚ ئیستیثنا بکەین مەعلووم ئەبیٚ کە قیسمەکەی تری موافیقی مەصڵەحەتی ئێمە نییە،

چونکه کەمو زۆر نوقصانییەتیان تیادایە. وە لەطەرەف لیجنەی مەخصووصیشەوە لە ئوصووڵی تەحەڕڕییانا نوقصانییەتیان مەعلووم بووە.

بۆ تەلافیی ئەم نوقصانییەتە موهیممە لازمە نووسینی ئەم کتێبانە حەواڵەی ئەو موتەخەصیصانە بکرێ کە ئیقتیداری کافییان بۆ ئەم وەظیفەیە هەیەو موقابیل بە ئەذیەتەکەیانو بە شەرەفیان پێویستە موکافاتێکی لائیقەشیان بدرێتێ. وە یاخود چاکتر ئەوەیە کە دەرگایەکی موسابەقە لەبەینی موتەخەصیصەکان بکرێتەوە بۆ کوللی کتێبێك بەو شەرطە بدرێ بەو ذاتانەی کە ناجیح ئەبن، موکافاتێك تەخصیص بکرێو ئەمەیش بەجددی تەئثیری ئەبێ.

وە غەیری ئەمەیش لازمە ئیصلاحی لیجنەی تەدقیقییەی موئەللەفات بکرێو لەو موتەخەصیصانە تەشکیل بکرێ کە ئەتوانن بەبێ ضیاعی وەختو بەبێ ئەوەی ئەو کتێبەی تەودیعیان ئەکرێ تەئخیر ناخەن.

وە بەم موناسەبەتەوە نەظەری دیققەتی مەجلیس جەلب ئەکەم بۆ لوزوومی ئیجادکردنی کتێبانی تەدریسییەی کوردی بۆ ئەو مەکتەبە کوردانەی کە میقداریان ئەگاتە چل.

حیضاری کیرام- ئەو مەوضووعانەی کە لە مەکاتیبی ئیبتیدائیداو لە دوو صونفی ئەووەلو لە ثانەویدا تەدریس ئەکرێ، موحتاجە بە کتێبو مەوضووعەکان (٥٨)ـە، هێشتا بۆ کتێبیان تەدبیرێك نەکراوەو غەیری مەوضووعی دینیو ئەلفباو قیرائەتو موحادەثە نەبێ باقیەکانی تریان بێکتێب بە صوورەتێك کە ضـەبطی تەقریرەکە ئەکەن تەدریسی ئەکەنو منالەکان قابیل نییە مووەفەق بن ئەگەر بەم نەوعە تەدریس بکرێو هەر سەعییەك بەم صوورەتە بکرێ بۆ تەعلیمی صونفە ئەووەلیەکان بە عەبەث دەرئەچێ، چونکە لەبەر منالی عاجزنو ناتوانن تەقریرەکە ضـەبط بکەن .

لەگەڵ ئەمەیشا بۆ ئەو هیممەتەی کە لەم چەند مانگی ئەخیرەدا صەرف کراوە لەخوصووص ئیجادی کتێبی کوردییەوەو ئومێدیش ئەکەم لەمەودوا سەعی بکرێ بۆ تەنظیمی ئیدارەیەك بە واسیطەی تەشکیلی ئەو ئیدارە تازەیەوە کە وەزارەتی مەعاریف بۆ ساڵی تازە ئیرادەی کردووە ئیجرای بکات.

٥- میناهجی تەدریس: نەظەری مەجلیسی عالیتان جەلب ئەکەمە سەر میناهجی تەدریسی مەکتەبە ئیبتدائیو ثانەویەکان. من شەخصی خۆم تەدقیقی ئەم میناهجەم کردو لەخوصووص دەرەجەی تەئثیرەوە لە مەکتەبەکان مەعلووماتم پەیدا کردو لەگەڵ ئەرکانی وەزارەت مەعلووممان بوو کە لازمە ئەم میناهجە بە عەجەلە تەعدیل بکرێو تەودیعی لیجنەی خاصی خۆیم کرد.

٦- مەبادیی مەکتەبەکان.

٧- کوللییەی لەیلییە: وە نەظەری عالیتان جەلب ئەکەم بۆ کردنەوەی کوللییەکی لەیلی لە شکلێکی زۆر چاكو تازەدا کە ببێ بە سەبەبی ئەوەی کە ئیستیغنا بکەین لەوەی منداڵەکانمان بنێرین بۆ کوللییەی بەیرووتو مەبادیی یەکەمی عیبارەت بێ لە صونفانی ثانەویو قیسمێکی لەطەرەف ئوستادانی تەدریسی ئەجانیبەوە کە مومتاز و موتەخەصیص بن لە عیلمی تەدریسو تەربییەدا، ئیدارە بکرێ بە نەوعێك فەوقەلعادە ئیهتیمامی پێ بکرێ کە لە هەموو خوصووصیێکەوە مورەجەح بێ بەسەر کوللییەی بەیرووت کە هەموو ساڵێك سێ لەك رووپیە لە ثەروەتەکەمان جەلب ئەکاتو، من ئەتوانم بە صەراحەت بڵێم کە ئەم مەصرەفە زۆرەو ئەم ئەذیەتە کە لەخوصووص ناردنی منداڵەکانمانەوە صەرف ئەکرێ نە لەجیهەتی عولوومەوە نە لە ئەخلاق فائیدەیەکمان پێئەگەیەنێ. لەبەر ئەوە بە عەجەلە واجیبە بۆ تەئسیسی ئەم کوللییە لەیلییە ئیهتیمامو موباشەرەتی پێبکەینو ئەم مەسئەلەیە بۆ ئیصلاحی مەعاریفمان تەئثیرێکی تەواوی ئەبێ. چاوم بە بەعضێ مەکاتیبی لیواو قەضاکان کەوتووە کە لەحاڵیکان ئینسان موتەئەثیر ئەکات. وە ئەو ئەبنییانەی کە مەکتەبەکانی تیادایە نە بە عەمەلی مەکتەبو نە ببێ بە مەسکەنیشو هەتا بە نەوعێك مومکین نییە شەخصێك کە مەعلووماتێکی بەسیطی بێ لە فەننی بەیطەریدا ئەو جێگایە بکات بە تەویلەیەك. وە ئەم ئەبنییانە لەخوصووص صیحەتی طەڵەبەکانەوە تەئثیرێکی خراپ ئەکاتو بێمەکتەب ئیستیفادەیەکی لێناکرێ. لەبەر ئەوە ئەمە بە وەظیفەیەکی مووقەدەس ئەبینم بۆ مەجلیسو حکوومەت کە بە عەجەلە موعالەجەی ئەمە بفەرموێت. وە نەیەڵێت ئەم مەکتەبانە لەم وەضعییەتەدا بمێنێتەوە. وەکوو

نەقصێکی گەورەیە بۆ مەعاریفمان و کولفەتێکی گەورەیە بۆ خەزێنە کە ئەم هەموو مەصاریفە لەخوصووص بەدەلی ئیجاری ئەم مەکتەبانەوە تەئدییە ئەکات و ساڵبەساڵ زیاتر ئەبێ بە نەوعێك کە بەدەلی ئیجاری مەکتەبەکانی بەغداد ئەمساڵ گەیشتووە بە (٦٠,٠٠٠) هەزار ڕووپیە بەڵکوو زیاتریش. وە مومکینە مەکتەبەکان تەقسیم بکرێن بە دوو قیسم: (١) مەکاتیبی ئەووەلی (٢) مەکاتیبی ئیبتیدائی و ثانەوی. مەکتەبەکانی قیسمی ئەووەلی مومکینە لەطەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە ئینشا بکرێ. لەسەر شکلێکی بەسیط و بە موددەتێکی کەم ئەگەر کوللی ساڵێك نیو لەك ڕووپیەی بۆ تەخصیص بکرێ و بە نەظەری تەدقیقاتێکی خوصووصی خۆمەوە کە لە بەعضێ ئەماکیندا کردوومە ئەتوانم بڵێم کە بۆ ئینشائی مەکتەبێکی ئەووەلی مومکینە وەزارەتی مەعاریف لە هەزار ڕووپیەوە تا پێنج هەزار صەرف بکات و ئەگەر بە واسیطەی دائیرەی ئەشغاڵی عومووومییەوە بکرێ، ئەوسا مەجبوور ئەبێ بۆ هەر مەکتەبێك لە پازدەوە هەتا بیست هەزار ڕووپیە صەرف بکات و ئەمەلم هەیە وەزارەتی ئەشغاڵیش لەمە مەمنوون ببێ، چونکە ئیشە زۆرەکانی تەخفیف ئەکات. فەقەط بۆ ئینشائی مەکتەبەکانی قیسمی دووەم وەکوو عادەتە هیچ تەئسیسێك نییە لەطەرەف دائیرەی ئەشغاڵەوە بکرێ بە شەرطێك هەموو ساڵێك لە لەك و نیوێك ڕووپیە کەمتری بۆ تەخصیص نەکرێ، بەغەیری ئەمەیش بۆ خەزێنە ئەمە بە صاڵحتر ئەزانم کە بۆ تەعمیراتی مەکتەبەکان مەبلەغێکی موناسیب لە میزانییەی ئەشغاڵی عومووومییە ( لە فەصڵی ٩ ماددەی ١ کە بۆ موحافەظەی ئەبنییەکانی مەبانیی ئەمیرییە تەخصیص کراوە ) تەودیعی وەزارەتی مەعاریف بکرێ خۆی صەرفی بکات، وە ئیعتیقادم وایە ئەگەر ئەم مەسئەلەیە بەم نەوعەی لێ بکرێ، خەزێنە قانزاجێکی زۆر ئەکات و ئیشی دائیرەی ئەشغاڵیش کەم ئەبێتەوە. وە ئەو وەقتەی من لە مەعاریف بووم طەڵەبی تەخصیصی چل هەزار ڕووپیەم کردبوو بۆ ئینشائی مەکتەبی دێهاتەکان. بەڵام لە میزانییەدا هیچ ئەثەرێکم نەدی. وا دەرئەکەوێ وەزارەتی مالییە قوبووڵی نەکردبێ و موحەقەق ئەم قوبووڵنەکردنەی وەکو ضەرەرێکی گەورە لە مەعاریف ئەدا ضەربەیەکی زلیشە بۆ خەزێنە.

٨- موساعەدەی مەخصووص بۆ تەدریسات: لەپێش ئەوەدا کە قسەکەم تەواو بکەم نەظەری عالیتان جەلب ئەکەمە سەر مەسئەلەیەکی حەیاتی تر کە تەوسیع پێدانی تەدریساتە لە لیواکان.

وە مەخفی نییە لە حەضەراتتانەوە ئەو مەبلەغەی کە لە بودجەدا بۆ مەعاریف تەخصیص کراوە کافی نییە بۆ تەوسیعی تەدریساتی هەموو ئەنحای بیلادەکەمان کە لە هەموو شتێك پێویستترە. وە حەقیقەتەن ئەگەر تەماشای بودجەی سابیقی مەعاریف بکەین چاومان پێئەکەوێ لە ئیعتیباری تەشکیلی بودجەی هەتا ئێستا ئەو نیسبەتەی کە بە ئیعتیباری صەد زیادی کردووە زۆر ضەعیفە. مەثەلەن لە ساڵی ١٩٢١، ٢٢دا بودجەی مەذکوور بە نیسبەتی بودجەی عومووممییەوە عیبارەت بووە لە ٣,٣ ٪ و لە ساڵی ١٩٢٢، ١٩٢٣دا صەدی ٤,١ و لە٢٣، ٢٤دا صەدی ٤ و لە٢٤ و٢٥دا صەدی ٤,٥ و لە ٢٥ و٢٦دا صەدی ٤ و لە ٢٦ و٢٧دا صەدی ٤,٦ و لە٢٧ و ٢٨دا صەدی ٤,٩ بوو. لەم ساڵەدا ئەم نیسبەتە گەیشتووە بە صەدی ٥٥.

وە مەوجوودی طەڵەبەی مەکاتیبی ئیبتیدائیەکان لەم موددەتەدا لە١٧٢٣٢وە گەیشتووە بە ٢٤١١٤، یەعنی لەظەرفی ئەم چوار ساڵەدا ٦٩٣٨ طەڵەبەی زیاد کردووەو نەظەر بەمە موعەددەلی سەنەویی عیبارەتە لە ١٧٣٤طەڵەبە.

وە ئیعتیراف ئەکەم بەمەی کە حکوومەت جوهدی باشی کردووە کە ئەم نیسبەتەی بۆ ساڵی ١٩٢٧و ١٩٢٨دا گەیاندووە بە ٤٪و ئەمساڵیش بووە بە ٥,٥٪ کە بە نیسبەتی پێشوویەوە ٠,٦٪ی زیاد کردووەو حەقیقەتەن ئەم ئیهتیمامەش موجیبی شوکرانە. وە طەبیعی مەعلوومە بەنەظەر ضەیقەتی مالییەوە بۆ حکوومەت بە جوهدێکی فەوقەلعادە پەیدا بووە. فەقەط ئەم عینایەتە مەحدوودە کافی نییە بۆ تەرەقیو تەعالیی حکوومەتەکەمانو بۆ تەخلیصمان لە جەهل ئیللا بە موودەتێکی زۆر نەبێ بەم نەوعە قابیل نییە تەرەقی بکەین. وە ئەبینین موعەددەلی طەڵەبەی مەکاتیبی ئیبتیدائیەکان لە هەزاری هەشت زیاتر نییە کە بە نیسبەت نوفووسیەوە لەحاڵێکا کە موعەددەلی طەڵەبەی پێش حەربی حکوومەتی بریطانیا هەزاری ١٥٧و هی فڕانسە ١٤٤و ئیسپانیا ١٠٣و بوڵغاریا ٩٦و یۆنان ٨٨ طەڵەبەیە.

وە لەم عیبارەتەوە تێئەگەین کە تەرەقییاتی مەعاریفمان هەموو ساڵێك بە نیسبەت هەزار کەسەوە عیبارەت بووە لە نیو طەڵەبەو، ئەگەر بەم نەوعە مەعاریفمان تەرەقی

بکاتو ڕێیەکی تر نەگرێ موحەقەق ئینجا بە ١٦٠ساڵی تر ئەگەین بە دەرەجەی مەعاریفی پێش حەربی یۆنانو بە ١٩٢ ساڵ ئەوسا ئەگەین بە بولغاریا.

لەبەر ئەوە بە هەرە موقەددەسترین واجیباتی مەجلیسی ئەزانم کە طەڵەب لە حکوومەت بکەن کە ئوصووڵێکی موناسیب بدۆزنەوە بو موعالەجەی ئەم مەسئەلە حەیاتییە کە سەریعەن بۆ پێشکەوتنی مەعاریفمان واسیطەیێ بفەرموونو ئەم ئوصووڵەش ئیجادکردنی واریداتێکی مەخصووصە لە لیواکانا کە صرف تەخصیص بکرێ بۆ مەعاریف وەکوو لە حکوومەتەکانی تر ئەمە عادەتەو لەم حکوومەتانەیش یەکێکیان بریطانیایە کە تەطبیقی ئەم ئوصووڵە ئەکاو حکوومەت هەر لە نیوەی مەصرووفاتی مەعاریفیا ئیشتیراك ئەکا، نیوەکەی تری لە ئیدارەی مەحەللیەوە تەئمین ئەکرێو، حکوومەتی تورکیایش نیوەی مەصاریفی مەعاریفی خستۆتە سەر ویلایەتەکانو نیوەکەی تری خەزێنە تەئمینی ئەکا. ئەم ئوصووڵە هەرە چاکترین واسیطەیە بۆ تەرەققییاتی مەعاریف. وەزارەتی مالییەو مەعاریف لازمە لایحەیەکی قانوونی ئیحضار بکەن کە عیبارەت بێ لە دانی بەعضــێ صەلاحییەت بە لیواکان بۆ ئەوەی لەسەر بەعضــێ ڕوسووم میقدارێك زیاد بکرێ بە شەرطێك ئەم زیادییە هەمووی لە مەعاریفیان صەرف بکرێو ئیقتیراحی خۆیشم لەم خوصووصەوە تەقدیم ئەکەم: مەثەلەن دروستە لیوای بەصرە لەسەر هەموو طەنێك خورما کە سەوق ئەکرێ بۆ خاریج لە ڕەسمەکەی زیاتر ڕووپیەیەکی تریشی عەلاوە بکرێو ئەم واریداتە کە نزیکی لەکێك ڕووپیەیە لە مەعاریفیا صەرف بکرێو دیسانەوە لیوای دیوانییەو عەمارە. قابیلە کە ١٠٠٠٥٥ طەن هەموو ساڵێك حاصلاتی چەڵتووکی ئەبێ لە ڕەسمەکەی ڕووپیەیەك وەیا زیاتر بۆ مەعاریف زیادیی لێ بسێنرێ.

بەمە لیوای بەصرە واریداتێکی مەخصووصی موقابیل بە نیوەی تەخصیصاتی مەعاریفی بۆ خۆی ئەکاو لیوای عەمارەو دیوانییەیش بە ڕەحەتی موقابیلی ئەمە ئەبێ.

من لەوەقتێکدا لە مەعاریف بووم بۆ تەطبیقی ئەم مەسئەلەیە لە تەفەکورا بوومو طەڵەبم لە لیجنەی مەخصووص کرد کە خەریکی ئەم ئیشەن فەقەط نەمزانی نەتیجەی ئیشەکەیان بەچی گەیشت.

**مەندووبی سلێمانی**
**ئەمین زەکی**

# كوردى بەناوبانگ

# سوڵطان صەلاحەددینی ئەیووبی[1]

عینوانی ڕەسمیی"مەلیك ناصر صەلاحەددین یووسف"ی ئەووەڵە، کوڕی ئەمیر نەجمووددین ئەیووبی کوڕی شادی کوڕی مەڕوانەو لە عەشیرەتی کوردی (ڕاوادی)ی طەرەفی (دوین)ـەوە، لە (تکریت)دا لە ساڵی ٥٣٢ی هیجری (١١٣٨میلادی)دا هاتۆتە دنیاوە هەروەکوو ئەنسیکلۆپەدیای ئیسلامو موحەڕڕیری کتێبی (حیاة صلاح‌الدین الایوبی) ئەڵێن: لە زەمانی خۆیدا هەرە گەورەترو هەرە بەرزتری سەلاطینو مولووکی ئیسلام بوو، تەرجەمەی حاڵی ئەبێ تەقسیم بکرێ بە چوار بەشەوە:

أ- تا جولووسی،

ب- فەعالییەتی بۆ قایمکردنی مەوقیعیو بۆ تەوحیدی مەمالیکی ئیسلامییە،

ج- دەورەی موحارەباتی لەگەڵ ئەهلی صەڵیبدا تا وەفاتی،

د- ئەوصافو مەزایای بڵندی.

أ- بەڕاستی جێگەی ئەسەفە کە دائیر بە حەیاتی منداڵی وە لاویەتیی ئەم ذاتە مەعلوومات زۆر کەمە. بەگوێرەی تەدقیقاتی"ئەحمەد ئەفەندی بیلی"،"نەجمووددین ئەیووب"و "ئەسەدووددین شێرکۆ" لەدوای ئەمە کە لە(تکریت)ـەوە چوونە لای"عیمادووددین زەنگی"، بەینێ لە لەشکرەکەیدا خزمەتیان کردو لەدوای زەوتکرانی (بەعلبەك) لە ساڵی ٥٣٤ی هیجریدا، عیمادووددین زەنگیی باوکی صەلاحەددینی کرد بە حاکمی ئەوێ. بە طەبیعەت ئەمیر صەلاحەددینیش لەگەڵ باوکیدا بوو.

لەدوای وەفاتی"زەنگی"، (بەعلەبەك)ی تەسلیمی ئەهلی شام کردو خۆشی لە شامدا دانیشتو لەدوای بەینێك بوو بە قوماندانی لەشکری شام.

---

[1] لە ژمارە ١ی ساڵی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، ل٣٤-٤١ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.
(( ئەم وتارە لە کتێبێکی نایابی لەچاپنەدراوی مەعالی محەمەدئەمین زەکی بەگ وەرگیراوەو هیوامان هەیە لەمەودوا هەر جارە مێژووی پیاوێکی گەورەی کوردی لێوەرگرینو لەم لاپەڕەیەدا بینووسین )) / گەلاوێژ

لــەم وەقتــەدا"شــێرکۆ"ی براشــی لــە مەعییــەتی سوڵــطــان"مــەحموود نووروددین"ی کوڕی زەنگیدا بوو و، لەپاشدا بوو بە قوماندانی لەشکری. لەدوای تــەواوبوونی دووەم شــەڕی ئــەهلی صــەڵیب، ئــەمیری (دیمەشــق) عــەرضــی ئیطـاعـەتی"نـووروددین"ی کـردو، لەسـەر ئەمـە"شـێرکۆ" بـە لەشـکرێکەوە ڕووی کردە شام. باوکی ئەمیر صەلاّحەددین کە سەرداری لەشکری شام بوو، نەیویست لە موقابەلەی ئۆردووی وەلیی نیعمەتزادەی خۆی لەگەڵ"شێرکۆ"ی برایا شەڕ بکا. لەبەر ئەمە موخابەرەی لەگەڵ کرد بەم تەرحە بێشەڕ لەشکری "سولـّطان نــووروددین" داخلــی شــام بــوو و سولــّطــان گــەڵ حورمــەتی بــاوکی ئــەمیر صەلاّحەددینی گرت.

ئـەمیر صـەلاّحەددین دەورەی منـداڵیی لـە (بەعلبـەك)دا ڕابـواردو، لـەوێ فێـری خوێندن بوو، مـەبادیئی نەحوو و شیعرو قەواعید لـەوێ فێربوو. لـەدوای هـاتنی باوکی بۆ شامو زەوتکرانی ئەم شارە لەطەرەف سولّطانـەوە، ئاموشـۆی سولـّطان نووروددینی ئەکردو، سولّطان خۆشیئەویستو بە طەبیعەت لـە سـواریو فـەننی حەربدا ماهیر بوو. بـەعضـێ جار لەگـەڵ سولـّطانـدا گۆیێنی ئـەکرد. بـەعضـێ وەظائیفی حکوەمەتیشی تەودیع کرابوو و خاصەتەن موحافیظی شام بوو.

لـە سـاڵی٥٥٩ی هیجریـدا لەگـەڵ مـامی"ئەسـەدوددین شـێرکۆ"دا بـۆ ئـەووەڵ سـەفەری میـصر چـوو. لـە شـەڕی (بلبیس)دا بڵنـدیو ئازایـەتیی خـۆی نوانـد. لـە ٥٦٣داو لە سەفەری دووەمی میصردا دیسان لەگەڵ "شێرکۆ"دا چوو بۆ میصر و لـە (بـابین)دا شـەڕێکی گـەورەیان لـە ئـۆردووی مـەلیك"ئـەموری"ی فەڵـەسـطینیدا کـردو شـکاندیانو ئەسـکەندرییەیان گـرتو ئـەمیر صـەلاّح بـوو بـە قومانـدانیو بەرامبەر بە لەشکری میصرو فەڕەنگ ئەم شارەی بە عـەزمێکی بڵنـدەوە مودافەعە کردو، لەدوای صوڵح گەڕانەوە شام. بەلاّم لـەدوای گەڕانـەوەی"شێرکۆ"ی مـەلیکی فەڵەسطین خیلافی موعاهەدە چووە سـەر میـصرو، لەسـەر ڕجای وەزیـری خەلیفە عــاضــیدی فــاطمیـو وەزیرەکــەی "شــاور"، سوڵـــطان نــووروددین ســێیەم دەفعە"شێرکۆ"ی بە ئۆردوویەکەوەو ئیمـداد نـاردو، ئـەمجارەش بـەناخواهی ئـەمیر

صەلاحەددین لەگەڵ مامی چوو. لەدوای دەفعی ئۆردووی فەڕەنگو لەناوبردنی "شاور"، شیرکۆ بوو بە وەزیری خەلیفە عاضید، بەلام لەدوای دوو مانگ وەفاتی کردو ئەمیر صەلاحەددین چووە جێگەیو لەطەرەف خەلیفەوە عینوانی (الملك الناصر ابو المظفر صلاح الدنیا والدین)ی درایە (٢٥ جومادی ئاخەری ٥٦٤، ٢٦ی مارتی ١١٦٩میلادی)، وە لەسەر ئەمە سوڵطان نووروددینیش مەنصەبی قوماندانیی ئۆردووی سووریەی دایە. لەم وەقتەدا عومری سوڵطان صەلاحەددین ٢٢ ساڵ بوو.

مەلیکول ناصر، لەدوای دەفعی غائیلەی سوودانیەکانو قایمکردنی مەوقیعی خۆی تووشی تەعەروضی مەلیکی فەڵەسطینو حکوومەتی یۆنان بوو و هەردوکیانی بە جویٚجویٚ پەرێشان کرد. بە هیممەتی "تووران‌شا"ی برایەوە (بلادی نوور)ی داگیر کرد، دەسی کرد بە تەهدیدی فەڵەسطینیش. غایەو مەقصەدی مەلیك ناصر فەتحی (قودسی شەریف)و دەفعکردنی فەڕەنگ لە فەڵەسطین بوو.

سوڵطان نووروددین، لەسەر تەسویلاتی بەعضیٚ موغریضین لێی کەوتە شوبهەوە. بەلام مەلیك ناصر بە زەکاو تەدبیر ئیدارەی کرد، لەدوای وەفاتی خەلیفە عاضید (موحەڕڕەمی٦٦٧)، حکوومەتی میصر بەتەواوی کەوتە دەسیو خوطبەی بەناوی خەلیفەی عەباسیو سوڵطان نووروددینەوە خوێندو سەعییەکی زۆری بۆ تەعمیمی مەذهەبی سوننی کرد.

سوڵطان نووروددین لە ٢١ی شەووالی ٥٦٩دا وەفاتی کرد، مەیدان بۆ مەلیك ناصر بە کوللی خاڵی بوو. لەگەڵ ئەمەشدا دیسان بە ئیسم تابیعی مەلیك صاڵحی کوڕی بوو.

ب/ مەلیکول ناصر، لەسەر طەڵەبی یارمەتیی مەلیك صاڵحو ئومەرای، بە ئوردوویەکەوە ڕووی کردە شام (٥٧٠ی هیجری). سەبەبی ئەمەش هەڕەشەکردنی ئەمیر سەیفوددینی برای سوڵطان نووروددین بوو لە مەلیك صاڵحو، ئەیویست ولاتەکانی لیٚ زەوت بکا. مەلیکول ناصر، لەدوای زەوتکردنی شام، (حەما)و (حومص)یشی گرتو، هات (حەڵەب)ی موحاصەرە کرد غەرەضی تەربییەکردنی

ئومەرای مەلیك صالّح بوو. خولاصە ئەمیر سەیفوددینو وەزیری مەلیك صالّح لەگەلّ ئۆردووی فەڕەنگدا ئیتیفاقیان کردو مەلیکول ناصریان تەهدید کرد. بەلاّم ئەم سەرداره گەورەیە لەشکری موتەفیقینی لەنزیك (حەما)دا تەفروتونا کرد (١٩ی ڕەمەضان). جارێکی تریش ئۆردووی ئەمیر سەیفوددینی شکاندو شارانی ولاّتی (حەڵەب)ی یەکە یەکە داگیر کرد، وە لەدوای صولّح گەڕایەوە (شام). وە لە مایسی ١١٧٥ی میلادییا، خەلیفەی بەغدا خەلاّتی بۆ ناردو لەقەبی (سولّطان)ی دایەو لە ئیعتیباری ئەم تەئریخەوە ئیعلانی سەربەخۆیی کرد، سکەی بەناوی خۆیەوەو بە عیبارەی (الملك الناصر یوسف بن أیوب) لیّدا، ناویی داخلّی خوطبە کرد.

لەم بەینەدا بە هیممەتی "توورانشا"ی برای ولاّتی (یەمەن)و (عەدەن)یش داگیر کرابوو. سولّطان صەلاحەددین، گەڕایەوە میصرو، لەسەر شکانی "توورانشا"ی ئەمیری شام بەرامبەر بە فەڕەنگ، بە لەشکرەوە هاتە سەر فەلّەسطینو تا(ڕامەڵلا)ی داگیر کردو لەنزیك ئەم مەوقیعە لەگەلّ ئۆردووی فەڕەنگدا تێك ئالاّو ضایعاتێکی زۆری دا (١ی جومادیل ئاخەری ٥٧٣). زۆری پێنەچوو، سولّطان سەرلەنویّ هاتەوە سەر فەلّەسطینو ئینتیقامی لیّسەندنو دوو جار فەڕەنگی شکاندو بە خوصووص ظەفەری دوایی کە لە (مەرج عیون)دا بوو زۆر بلّند بوو زۆر لە ئومەرای فەڕەنگی ئەسیر کرد (٢ی موحەڕڕەمی ٥٧٥).

سولّطان، لەپاشدا ڕووی کردە شیمالی جزیرە (مەزیەپۆتامیا) قڕالّی ئەرمەنستانی بچووکی هێنایە ژێر ئیطاعەتەوەو شۆرەتی دنیای گرت. بە تەشویقو ئەمریّ لەبەینی ئومەرای موسلیمیندا موتارەکەیەکی دۆستی کرا. لەدوای ئەمە سولّطان گەڕایەوە میصرو گەلیّ مەبانیو ئاثاری گەورەی هێنایە وجوود، وە لەدوای بەینێك دیسان بەسەر فەلّەسطیندا ڕووی کردە شام (بەیرووت)ی موحاصەرە کردو، لەپاشدا ڕووی کردە جزیرە. ئەووەلّ دەفعە (مووصلّ)ی موحاصەرە کرد. لەپاشدا (سنجار)و (دیاربەکر)ی گرت. لەم بەینەدا بینی، کە حاکمی (حەلّەب) ئەمیر عیمادوددین کە لەدوای وەفاتی مەلیك صالّح ئەم شارەی دەس کەوتبوو، لەگەلّ فەڕەنگا لە عەلیهیی ئیتیفاقی کردووە،

دەسـبەجێ ڕووی کـردە ئـەو طـەرەفـە (عێنتـاب)ی گـرتو هاتـە سـەر (حەڵـەب)، عیمـادوددین طـەڵـەبی صـوڵحی کـردو سوڵـطـان (سـنجار)و مولحـەقاتی دایـەو (حەڵەب)ی لێسەند. وە لەپاشدا چووە سەر فەڵەسطینو چاری فەڕەنگی شکاند. بۆ چوار ساڵ صوڵحێکی لەگەڵ کردنو ویستی لەم صوڵحە ئیستیفادە بکاو، ڕووی کردە (مووصڵ) لە ٥٨١دا، دەفعەی دووەم موحاصەرەی کرد، وە بەعضـێ شەرطی ئیطاعەتی حاکمی مووصڵی قوبووڵ کرد. بەم تەرحە لە شیمالی جزیرەو بەشێکی کوردستاندا نوفووذو شەوکەتی سوڵـطان بەتەواوی جێگیربوو. ئیتر بۆ ئەم قەهرەمانە بێئەمثالەی ئیسلامە، بە غەیری فەتحی فەڵەسطینو دەرکردنی فەڕەنگ لە ئەرضی (کەنعان)دا شتێکی گەورە نەمابوو.

ج/ سوڵطان صەلاحەددین لە فەڵەسطیندا: لە ساڵی٥٨٢دا هیجریدا، حاکمی (کـەرەك) خیلافی موعاهـەدە لـە قافڵەیـەکی حـەجاجی داو ظـوڵـمو شـەناعەتێکی زۆری دەرحق بە ئیسلام کرد. لەسەر ئەمە صەلاحەددین بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕووی کـردە فەڵـەسـطین. (طـەبەرییـە)ی زەوت کـردو، لـە ٢٦ی ڕەبیعـی ئـاخری ٥٨٣دا هـەموو قـووەتی فـەڕەنگی لـە (هـاتین)دا تـەفروتوونا کـردو قڕاڵـی قـودسو ئەمیری (کەرەك)ی ئەسیر کرد، وە لەو ظەفەرە بێنەظیرە ئیستیفادەیەکی وای کرد کـە کـەم مەشـاهیری عەسـکەریی غـەرب بـەم تەرحـە ئیـستیفادەیان کـرد، وە لـە موددەتێکی کەمدا هەموو شارانی فەڵەسطینی داگیرکرد. هەر (صوور)و (قودس) بـەدەس فەڕەنگـەوە مایـەوە. نیهایـەت لـە ٢٧ی ڕەجـەبی٥٨٣دا (قودسـی شـەریف)یـشی کەوتـە دەس، دەرحـەق بـە ئـەهالیی گـاور زۆر موعامەلـەی باشیکردو، هەموو موئەریخینی غەرب لەم خوصووصەوە مەدحو ثەنای ئەکەن.

سوڵطان لەدوای ڕێکخستنی ئیشوکاری قودس چووە سەر (صوور)، بەلام لەبەر زۆریی مودافیعینیو مەحکەمیی قەڵاکەی بۆی نەگیرا. لەم بەینەدا قڕاڵی (قودس)ی پێشوو کە سوڵطان صەلاحەددین ئەسیری کردبوو، وە بە شەرطی نەگەڕانەوەی بۆ ئەورووپاو شەڕنەکردنی لەگەڵ ئیسلاما عەفووی کردبوو، بە بەعضـێ قوواتەوە لە (تەڕابولسی شام)ـەوە هاتە سەر (عەکا)و ئیشغالی کرد.

قوماندانی (صوور)یش لەگەڵیا موتتەفیق بوو. لەم بەینەدا بە سەبەبی سوقووطی (قودس) ئەوروپا کەوتبوە هەیەجانو سەفەری ئەهلی صەڵیبی سێیەم دەسی پیّکردو، لە هەموولایەکەوە ڕوویان کردبوە فەڵەسطین. مەلیکی فڕانسە، مەلیکی ئینگلتەرەو ئیمپڕاتۆری ئەڵمانو بەعضێ ناودارانی گاوری تریش بە خۆیانو ئۆردوویانەوە بەڕێگەوە بوون. بەرامبەر بەم لافاوە عەظیمەی ئینتیقامو تەعەصوبە سوڵطان صەلاحەددین تەنیا مابوەوەو لەطەرەف حوکمدارانی ئیسلامەوەو حەتا لەطەرەف خەلیفەشەوە هیچ یارمەتیی نەدی. لەبەر ئەمە مەجبوور بوو کە پلانی حەربی گۆڕیو کەوتە حاڵی مودافەعەوە.

ئۆردووی فەڕەنگ ڕووی کردبوە (عەکا)و موحاصەرەی کردبوو. سوڵطان بە خۆیو قووەتی سەییاریەوە بەرامبەریان بوو و دائیما شەڕی لەگەڵ ئەکردن. عەکا نیهایەت لەدوای دوو ساڵ موحاصەرە کەوتە دەس ئەهلی صەڵیبو کوشتارێکی زۆریان تیا کرد.

پلانی حەربی سوڵطان کە عیبارەت بوو لە تەعجیزاتو ئیشکالی حەرەکاتی صەڵیبییون بە مووەفەقییەت تەطبیق کراو قوماندانەکانیان بێزار بوون و ئومێدی سەندنەوەی (قودسی شەریف)یان بڕی. نیهایەت لە ٢٣ی شەعبانی ٥٨٨ (٢ی ئەیلوولی ١١٩٢)دا صولّح کراو ئەم شەڕی پێنج ساڵیی (فەڵەسطین)ە بڕایەوە. بە نەتیجە تەئریخ ثەمەرەی فەوزو ظەفەری ئەم حەربەی، بۆ قەهرەمانی ئیسلام سوڵطان صەلاحەددین قەید کرد.

سوڵطان صەلاحەددین لە ٢٦ی شەووالی ٥٨٨دا هاتەوە شام. لەپاش بەینێك چوو بەپیر قافڵەی حەجاجەوەو لەڕێگە نەخۆش کەوتو، لە ٢٧ی صەفەری ٥٨٩ (٤ی مارتی ١١٩٣)داو لە عومری ٥٧ ساڵیدا ئەمری خوای بەجێهێناو لەنزیك مزگەوتی (ئومەوییە) دفن کرا (ڕەحمەتی خوای لێبێ).

# میر محەمەد پاشا[1]

کوڕی میر مصطەفا کوڕی ئوغوز بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی ئوغوز بەگی گەورەیە، بە "میر کوێرە" شۆرەتی سەندووە، چونکە چاوێکی نەبوو. میر مصطەفا بەگی باوکی، لە شەڕو گەڕی بابان زۆر بێزار بوو، ویستی دوایی پێ دا، بەم فیکرە فاطمەخانی کچی دا بە حسێن بەگی مەحموود پاشای حاکمی بەبەو بە واسیطەی ئەم خزمایەتیەوە هەرای بەینی دوو ئیمارەتەکە دوایی هات. لەدوای میر مصطەفا بەگ ئیمارەتی سۆرانی بە خوایشتی خۆی دایە میر محەمەدی کوڕیو خۆشی تا ئاخیری عومری لە قەلاّی (دوم دوم)ی نزیک ڕەواندزدا ژیا (١٨٢٦ی میلادی).

میر محەمەد، لەپێش هەمووشتێکدا ویستی ئیش‌وکاری ناو ئیمارەتەکە ڕێك بخاو، بەم فیکرە لەشکری کردە سەر مامەکانی، کە ئەوەندە گوێیان نەئەدایە حکوومەتی ڕەواندز. تەیموور بەگی لە (هەفدیان) و یەحیا بەگی لە (برادۆست)دا شکاندو لەناوی بردن. لە١٨٣٠م دا سەربەخۆیی ئیعلان کردو، لەدوای ئەمە لەشکری کردە سەر خێلاّنی (سوورچی)و (خوشناو) و هێنانیە ژێر حوکمەوەو حاکمی بەبەی (حەریر)ی دەرپەڕاند، بەم تەرحە ئەو بەشانەی ولاّتی سۆران کە لە زەمانی باووباپیریا بەرەبەرە کەوتبوە دەس حاکمانی بەبە، هەمووی سەندەوە، سەربەرز و بزێوی نەهێشت. لەدوای ئەمە بە لەشکرێکی موناسیبەوە ڕووی کردە دەشتی (هەولێر)و، ئەم شارەی لە دوای موحاصەرەیەکی کورت زەوت کرد. وە لەپاشا چووە سەر (ئالّتون کۆپری)و ئەوێشی گرتو ئیش‌وکاری ڕێك خستنو پیاوی بەسەرەوە دانا. خێلاّنی دزەییی هێنایە ژێر حوکمی خۆی. لەدوای ئەمە بە لەشکرێکەوە ڕووی کردە (کۆیە- کویسنجەق)و (ڕانیە)و، قووەتی بەبەی شکاندو ئەم دوو شارەشی گرتو، لەلای ڕاستی (زێی کۆیە)دا حوکمو نوفووذی بەبەی هەلّگرت.

---

[1] لە ژمارە ٢ی ساڵ ١ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٠، ل٣٠-٣٤ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاو بووەتەوە.

لە ناوچەی (سەردەشت)و (لاهجیان)یشدا حکوومەتی ئێرانی شپرزە کردو هێندێ موڵکی داگیرکرد. لە زنجیرەی حادیثات وا دەر ئەکەوێ کە میر محەمەد، ویستوویەتی ئیمارەتی بەبە لەناوبەرێو لەگەڵ سۆران بیکاتە حکوومەتێکی گەورەو بەهێزو بەم مەبەستە بە لەشکرەوە لە (زێی کۆیە) پەڕیوەتەوەو رووی کردۆتە شاری (سلێمانی)، تا نزیك (قەمچووغە) هاتووە.

بەلاّم عەلی رەضا پاشای والیی بەغداد ئیمدادی بۆ سلێمان پاشای حاکمی بەبە ناردووەو لەلایەکی تریشەوە حکوومەتی ئێران بە سەرداریی"سەرتیپ محەمەدخان" لەشکرێکی ناردووە بە هاوارەوە. میر محەمەد، لەنزیك (قەمچووغە)، لەگەڵ لەشکری بابانو موتتەفیقینیدا کەوتۆتە شەڕەوە، بەلاّم قووەتی پێینەشکاوەو گەڕاوەتەوە (کۆیە). لەدوای ئەمە رەنگە بە تەوەسوطی پاشای بەغدا، لەسەر چوار شەرط (تەماشای تەئریخی سلێمانی بکە) لەبەینی بابانو سۆراندا ئاشتی کراوەو (زێی کۆیە)و (دەربەند) بوونە سنووری بەینی دوو ئیمارەت. لەدوای ئەم ئاشتییەیە کە عەلی رەضا پاشای والیی بەغدا روتبەو نیشانی بە میر محەمەد داوە.

لە ١٢٤٧ی هیجریداو لە سەر شکاتی"مەلایەحیای مزووری" بە لەشکرێکی زۆرەوە چووە سەر یەزیدیی ناوچەی شێخانو کوشتارێکی زۆری لێکردنو تا دەوری مووصڵ هات (تەماشای خولاصەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان بکە)و لە (قویوونجق) باقی یەزیدیەکانی تەنگەتاو کردو لەناوی بردن.

بەگوێرەی بەعضێ ریوایاتو ئاثار، ئەبێ محەمەد پاشا لە ١٢٤٨دا رووی کردبێتە ناوچەی (جزیرەی ئیبن عومەر)و لەدوای چەند شەڕێك گەڕابێتەوە دەوری مووصڵ (بنوارە تەئریخی مووصڵ، لاپەڕە-٣٠٦ تا ٣٠٩) وە لەوناوەدا بەینێك بەبێباکی تالاّنو کوشتاری کرد. قاسم پاشای والیی مووصڵ لەترسانا پردەکەی بڕیبوو، لەناو شاری مووصڵدا خۆی شاردبوەوە.

محەمەد پاشا لە ١٢٤٨هـ (١٨٣٣م)دا، دووبارە بە لەشکرێکی زۆرەوە رووی کردە مووصڵو والیی مووصڵ ئەو وەقتە جەلیلی یەحیا پاشا بوو، خەڵکی مووصڵ کەوتە ترس ولەرزەوە. بەلاّم لەشکری رەواندز رووی وەرگێڕاو چوو بۆ

(عەقرە)و زەوتی کرد. لەپاشدا چووە سەر (زێبار)و لەدوای چەند شەڕێك ئەویشی گرت و، لەسەر تکای مووسا پاشای بادینانی، کە خۆی هاویشتبوە لای محەمەد پاشا، ڕووی کردە (عەمادییە)و محەمەدسەعید پاشای حاکمی دەرپەڕاندو، مووسا پاشای لە جێگەی دانا. بەڵام زۆری پێنەچوو سەعید پاشا، بە کۆمەکی خەڵکی عەمادییە، مووسا پاشای دەرکرد. لەسەر ئەمە محەمەد پاشا، دووبارە هاتەوە سەر عەمادییەو، لەدوای سێ مانگ موحاصەرە گرتی و"ڕەسووڵ بەگ"ی برای کرد بە حاکمی. وە (دهۆك)و (زاخۆ)شی زەوت کردو خستنیە سەر مڵکی خۆی و، بەم تەرحە والیی مووصڵ، بێجگە لەلای ڕاستی دیجلەو نوفووسی شارەکەو دێهاتی نزیك، هیچی بەدەسەوە نەما. حاکمیی محەمەد پاشا"پاشا کوێرە" لە پردەکەی مووصڵەوە تا(سەردەشت)و لەلای خوارەوەی (ئاڵتوون کۆپری)یەوە تا سنووری جزیرەو هەکاری زاڵ بوو.

وە گوێی بە ئەمر و نەهیی کەس نەئەدا: ئەم وەضعەی سەربەخۆییەی محەمەد پاشا، حکوومەتی عوثمانیو بەتایبەتی والیی بەغدا عەلی ڕەضا پاشای بە لەشکرێکی گەورەوە ناردە سەر محەمەد پاشا، ئەم لەشکرە بەسەر جزیرەو زاخۆدا هاتە مووصڵو لەگەڵ لەشکری والیی مووصڵ ئینجە بایراقدار محەمەد پاشا پێکداگیر بوو و ڕووی کردە ڕەواندز. لەلایەکی تریشەوە عەلی ڕەضا پاشای والیی بەغدا، بە لەشکری خۆیو بابانەوە ڕووی کردە وڵاتی سۆران. محەمەد پاشا، خۆی کێشایە ڕەواندز، گەلی عەلی بەگی بە قەڵاو سەنگەر زۆر باش قایم کردو بۆ شەڕێکی قورس ئامادەبوو. لەشکری صەدری ئەعظەمو والیی بەغدا، لە دەشتی حەریردا هەڵیان داو زۆر سڵیان لە قووەتو جەرائەتی پاشا کوێرەو سەختیی گەلی عەلی بەگ کرد. صەدری ئەعظەم، بەم تەئثیرە قەراری بە تەفرەدانی محەمەد پاشا دا. لەڕێگەی دیانەتیشەوە لەژێرەوە هەوڵێکی زۆری دا. ئەڵێن بە هێزی ئەم فرۆفێڵەوە بوو کە مەلای خەطێ لە خوطبەدا نەهیی لە شەڕکردن لەگەڵ لەشکری خەلیفە کرد، چە ئەو، چە وتەی مەلاکانی تر لەشکری سۆرانی لە شەڕ سارد کردەوەو، میری ڕەواندز بە ناعیلاجی بە وەعدی صەدری ئەعظەم ڕاضی

بوو، هەڵساو چووە لای‌و مصطفا ڕەشید پاشا لەگەڵ خۆی بردیە ئەستەمبووڵ‌و پادشا لێی‌بوردو ئیمارەتی دووبارە دایەوە بە خۆی‌و، لەدوای خەلاًت‌و دڵنەوایی‌یەکی زۆر موساعەدەی گەڕانەوەی کراو کەوتە ڕێ. ئەڵێن کە والی عەلی ڕەضا پاشا ئەمەی بیست، دەسبەجێ بۆ ئەستەمبووڵی نووسی، کە ئەگەر محەمەد پاشا بێتەوە ڕەواندز ئەو وڵاتە لەدەس ئەچێ‌و بەغداش ئەکەوێتە ترسەوە. لەسەر ئەمە ئەستەمبووڵ لەحەق ئەمیری سۆران فیکری گۆڕی‌و جەللادی بە فەرمانەوە بەشوێنا ناردو لە (سیواس)و بە وتەیەکی تر لە (طەڕەبزوون) لەناوبرا (١٣٥٢ﻫ، ١٨٣٥م).

# ئەمیرخانی برادۆستو
# دمدم قەلا[1]

هێندێ باسی پێشینان هەیە کە بۆ نەتەوەو قەومیان میراتێکی نەمرو فەخرو قەت لەبیر ناچێتەوەو، وەکوو ئەستێرەیەکی بەشەوق لە ئاسمانی چیرۆکی ئەو قەومەدا دائیمەن ئەدرەوشێنەوە، نوورێکی خوایی لە دڵی لاواندا پەیا ئەکا، نایەڵێ تاریکیی یەئس بەسەریانا زاڵ بێ و دائیمەن ڕێگەی ئیستیقبالیان ڕەوشەن ئەکاو بۆ غایەیەکی بەرزو موبارەك پێیان ئەگەیەنێ وەیان بۆ پێگەیشتن، تەشجیعو پشت ئەستووریان ئەکا.

لەناو میرانی پێشیناندا ئەوی کەوا قەت لەناوناچێو بۆ پاشینان زۆر بەکەڵکە ئەو نەوعە حادیثاتی گەورەو بەرزەیە، کە بۆ پاشینان سەرمایەیەکی فەخرو شەرەفو وێنەیەکی وەطەنپەروریی ڕاستەقینەن، پێگەیشتوانی ئەو قەومە، بۆ ڕووناککردنەوەی دڵو مێشکی لاوانو بۆ پێگەیاندنیان بۆ خزمەتو خۆقوربانکردن، ئەم نەوعە حادیثاتە، بە زمانێکی شیرینو بەتەئثیر یان لە شکڵی داستانێکدا وەیان لە صوورەتی سەرگوزەشتێکدا ئەینووسنو بڵاوی ئەکەنەوە. ژیانو خزمەتی پیاوە مەشهوورەکانی ئەورووپاو ئەمریقا، بەم مەبەستەیە، کە لەطەرەف ئودەباو شوعەرای قەومەکانیانەوە هەریەکە لە کتێبێکی گەورە وەیا بچووکداو بە شکلێکی بەتەئثیر نووسراوە.

ئودەباو ناودارانی عەرەبو تورکو فورسو قەومەکانی تریش لەسەر ئەم شوێنە ڕۆیشتوونو ئەڕۆن. غەزەلیاتو قەصائیدی"تەرموکی"، (مەمو زین)ی ئەحمەدی خانیو داستانە بەباوەکانی بەعضێ شاعیرانی کوردیش، هەر لەسەر ئەم فیکرە نووسراوەو هەڵبەستراوە. وە لام وایە لەسەر پێگەیشتوانی ئیمڕۆی قەومەکەش فەرضە کە ئەم شوێنە کوێر نەکەنەوە، وە خەواریقی ئاثارو ئەعمالی

---

[1] لە ژمارە ٣و ٤ی ساڵی ١ی شوباتو مارتی ١٩٤٠، ل٢٣-٣٠و ٣٣-٤٢ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

پێشینانیان لە نەسلی حاضر بگەیەنن. بەم مەقصەدەیە کە من ویستم کەمێك لە داستانی جەلادەتی "ئەمیرخانی زێڕینەدەس" بدوێم، لام وایە ئەم داستانە لەوانە نییە کە بە چەند لاپەرەیەك بڕێتەوە. زۆر پێویستە کە بۆ ئەمە، وەکوو (قنیژە) و (سلسترە)ی نامیق کەمال بەگ، کتێبێکی سەربەخۆ، بە قەڵەمێکی جوانو بەهێز بنووسرێ، وەیا موقەللیدی ئەحمەدی خانیو صاحێبی (مەمو زین)ی تازە حاجی توفیق بەگ، بە قەڵەمە جوانو سیحربازەکەی وێنەیەکی (تەزە و ئەشپڕ)ی بۆ ڕێك بخا.

بێینەوە سەر باسی ڕۆستەمی (دمدم قەلا) بەپێی وتەی"ئەسکەندر مونشی"، ئەبێ قارەمانی (دمدم)، یەکێ لە سەرەك کۆمارانی بەناوی خێلانی (برادۆست) بێ. زۆر ڕەشیدو ئازاو نەبەز بووەو نەیویستووە ئیطاعەتی شاە محەمەد بەگی ئەمیری (برادۆست) بکاو، تەرکی وەطەنی کردووەو موددەتێکی لەگەڵ ئومەرای کوردا ڕابوردووەو لەدواییدا بۆتە دۆستو هاودەمی عومەر بەگی[1] حاکمی سۆران، وە لە شەڕێکی بەینی سۆرانو دوژمنانیانا قۆڵێکی بەر شیر کەوتووەو بڕاوەو، لەدوای ئەمە بە ئەمیرخانی یکدەس شۆرەتی سەندووە. لەپاش چەندێكو لەوەقتێکدا کە شاە عەباسی ئەووەڵ، بە لەشکرەوە ڕووی کردبوە (نەخچەوان)و (ئەریوان)، چووە لای شاەو زۆر بەحورمەتو عیززەت قوبووڵ کراو، ئیمارەتی خیلاتی برادۆستو ڕوتبەی خانی درایەو ئەیالاتی (ورمێ-ئورمیە)و (شنۆ-ئوشنۆ) خرایە ژێر حوکمیو، بە ئەمری شاە، دەسێکی ئاڵتوونی موزەییەن بە دوڕو گەوهەری بۆ دروست کراو، لەدوای ئەمە بە ئەمیرخانی زێڕینەدەس ناوبانگی سەندو، لە موددەتێکی کورتدا بە سایەی ئازایەتیو ڕەشیدیو ئیدارەی باشو زۆریی لەشکریو خزمەتی گەورە گەورەی بووە هەرە بەناو بەرزی ئومەرای صەفەوی. ئەم حاڵە بەغیلیو حەسادەتێکی زۆری لەحەق ئەمیرخان پەیاکرد. ئومەراو سەردارانی قزڵباش، پێشکەوتنو ماقووڵیی ئەم ئەمیرە کوردە سونییەیان زۆر لەلا گران بوو، ئەمیرخان بەمەی ئەزانی، بەڵام گوێی نەئەدایە. لەپاش بەینێك ئیذنی لە شاە خواستو چوو بۆ وڵاتی خۆی. ئیلتیفاتی شاهی لەحەق ئەم ئەمیرە

[1] ئەبێ ئەم عومەر بەگە کوڕی عەلی بەگی سلێمان بەگ بێ کە هاودەوری صاحێبی شەرەفنامە بووە.

ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لەزیادی بوو. زۆر خێڵات و کۆمارانی کوردی تەبەعەی عوثمانیی هێنایە ژێر حوکم و ئیدارەیەوەو، شۆرەتێکی وای سەند کە لە هەموولایەکەوە عەشائیری بلاوەی کورد لەژێر بەییاخی حوکم و ئیدارەیدا کۆبوونەوەو حەسانەوە. میرانی بێهێزی کورد بۆ موحافەظەی خۆیان و موڵك و عەشیرەتیان یەكلەدوایەك چوونە ژێر حیمایەیەوە. ئەم حاڵە دوژمنان و حەسوودانی ئەمیرخانی خستە ترس و لەرزەوەو، بۆ تێکدانی ئەم ئیمارەتە بەشەوکەتەو شکاندنی نوفووذی وەیان بۆ لەناوبردنی ئەم ئەمیرە بەکارو بێباکە، لە فورصەت ئەگەڕان، بەڵام بەهیچ نەوعێ ظەفەریان پێنەئەبرد.

لەوەقتێکدا کە شای ئێران، لە شەڕی (چغالەزادە)ی سەرداری عوثمانی لە دەوری (تەورێز) گەڕابوەوە (سەڵماس)، وە بنەو بارەگای لەوێ هەڵدابوو (١٠١٧هیجری)، ئەمیرخان چووە لای، وە شاە بە عەکسی تەزویرات و بوختانی ئومەرای حەسوودی قزڵباش کە لەحەقیان کردبوو، حورمەت و عیززەتێکی زۆری گرت و، لەدوای چەند ڕۆژێك ئەمیر گەڕایەوە ولاتەکەی و، بۆ دروستکردنی قەلایەکی سەخت ئیذنی وەرگرت. چونکە قەلای (ورمێ) ڕووخابوو و بۆ وەقتی تەنگانە ئیتر کەڵکی پێوە نەمابوو. ئەمیر، بە چاوێکی تیژی دووربینیی سەرداری، لەنزیك (ورمێ)، جێگەی قەلای تازەی نیشانە کردو ئەمری بە دروستکردنی دا. ئەم جێگەیە، لەسەر چیایەکی بەرزو سەخت و بەگوێرەی وتەی ئەونا وە لە جێگەی کۆنە قەلایەکی زۆر قەدیم بوو.

ئەم مەسئەلەیە، بۆ دوژمنانی "زێڕینەدەس" فورصەتێکی باش بوو، لێی کەوتنەخۆ، وە دەسیان کرد بە درۆو بوختان. پێشەنگی ئەم دەستەیە "پیربوداق خان"ی حاکمی (تەورێز) بوو، دەمێك بوو، بۆ لەبەرچاوخستنی ئەمیرخان، لەلای وزەراو ئومەرای دەرباری شاهی لەهەوڵدانا بوو. ئەمجارە قەلا دروستکردنی ئەمیری برادۆستی بە فورصەتێکی موناسیب زانی و دەسی کرد بە تەزویرات لەلای شاە، وە ئەم حەرکەتەی ئەمیری بە موقەددیمەیەکی خیانەت و عوصیان دایە قەڵەم. ذاتەن موقەرریبانی شاهیش، کە هەموو دوژمنی کوردو سوننی بوون،

حەزیان بە لەناوچوونی ئەمیری برادۆست ئەکرد. چونکە وەکوو ئومەرای تر خذمەتی نەئەکردو هیچ ئەهەمییەتی نەئەدانیٚ. تەزویراتی یەکلەدوای یەکی پیربوداق، تەئییدو تەخویفی ئەرکانی حکوومەت تەئثیری کردە شاهو بە عەکسی ئومەرای پێشووی ئەمری مەنعی دروستکردنی قەلاکەی دا بە پیربوداق. حاکمی (تەورێز) بەم تەرحە بە مەرامی خۆی گەیشتو دڵی شاه عەباسی لە ئەمیری برادۆست کرمیٚ کرد.

هەرچەندە ئەسکەندر مونشی، ئەم تەشەبوثەی ئەمیرخان بە ئەنواعی فیکری خراپە تەفسیر ئەکا، بەلاّم لاموایە ئەویش، لەم مەسئەلەیەدا لە صیفەتی موئەرریخی تەجەڕرودی کردووەو قەڵەمەکەی بەتەواوی تەسلیمی تەعەصوبی مەذهەبی کردووە.

ئەمیری برادۆست، لە موحافەظەی بەشێکی حودوودی ڕۆژئاوای ئێران مەسئوول بوو. ئەووەڵ حەملەی لەشکری عوثمانی بۆ طەرەفی (شنۆ)و (لاهیجان)و (ورمیٚ)، بە طەبیعەت بەسەر (برادۆست)دا ئەبوو. حاکمی ئەوناوە ئەبوایە هەموو وەقتێک بۆ شەڕو مودافەعە حاضر بیٚو، قەلایەك وەیا چەند قەلایەکی قایمو سەختی بیٚ، کە بنەو بارخانەو خەزنەو چەكو سیلاحی ئیحتیاطیو ماڵومنداڵی ئەمیرو ئومەرای تیا دابنیٚو بەرامبەر بە دوژمن مودافەعەی بکا، تا ئیمدادی بۆ دیٚ. ئەمیری برادۆست بەم فیکرە دەسیدایە قەلا دروستکردن، چونکە قەلای ورمیٚ وێران بووبوو، چونکە لەناو شارا بوو، جێگەکەشی چیا نەبوو. ئەگەر سەرلەنوێش دروست بکرایەوە، دیسان بەکەڵکی مودافەعە نەئەهاتو، لام وایە ئەم ئەسبابو عەوامیلی فەننیو عەسکەرییە بوو کە ئەمیرخانی هێنایە سەر ئەم فیکرە. بەلاّم ڕقەبەریو حەسوودیی ئومەرای تورکو قزڵباش، فیکرو مەقصەدی ئەو سەردارەی بە نەوعێکی تر لە کاربەدەستان گەیاندو، وەکوو چۆن دڵی ئەوانی لەحەق ئەمیر کرمیٚ کرد، بە طەبیعەت دڵی ئەمیریشی لە دوژمنو بەغیلیو تەعەصوبی قزڵباش خراپ کردو، گوێی نەدایە ئەمرو نەهیی بوداق خانو زیاتر بەگەرمی دەسی دایە قەلاکە، وە لەحەق نییەتی

باشی و ئیخلاصی بۆ حکوومەتی ئێران تەئمیناتی داو ضەروورەتی ئەم قەلایەشی عەرض کرد. بەلام ئەم پاکانەیە فائیدەی نەبوو، ئومەرای قزڵباش و باخوصووص پیربوداقی حاکمی تەورێز، زۆر خراپ لێی کەوتبوونە خۆو ئەیانویست داوێکی بۆ بنێنەوە لەناوی بەرن.

ئەمیری (برادۆست)، زۆر باش لەمە تێگەیشتبوو و بۆی ساغ بووبوەوە، کە هەرچەند ئیخلاص و صەداقەتی خۆی بەرامبەر بە شاه بنوێنێ، حەسوودی و دوژمنایەتیی ئومەرای قزڵباش زیاتر ئەبێ و بە ئەنواعی درۆو دەلەسەو بوختانی لەئیمانە دڵی شای لێئەگۆڕن. مەردایەتی و ئەصالەتی ئەمیر، لەوانە نەبوو کە ڕێگە بە پەیابوونی فیکرێکی خیانەت بداو، ئەم ڕیوایەتە لەطەرەف پیاوماقوولانی بەغیل و موتەعەصیبی قزڵباشەوە ڕێک خرابوو. عادەتەن بۆ نوشستی و لەناوبردنی ئەمیری برادۆست، موقەرریبانی شاه و ئومەرای قزڵباشی دراوسێ قسەیان کردبوو بەیەك، ئەو تەزویرات و بوختانەی کە پیربوداقی حاکمی تەورێز ئەیگەیاندە بارەگاهی شاهی، کاربەدەستان و هاوتەدبیرانی مەجلیسی شاهی ئەبوونە شاهیدی و بە ڕاستیان ئەنواند. کار گەیشتە دەرەجەیەکی وا کە ئەمیرخان، یا ئەبوایە واز لە ئیمارەت و ژیانی خۆی بێنێ و بەداوەوە بێ وەکوو پێشینانی، یا لە زیندانی (قەهقەهە)دا زنجیرلەپێ و ذەلیل بمرێ، وەیان بۆ شیری جەللاد مل درێژ کا. وە ئەگەر نایەوێ بەم تەرحە ذەلیل و داماو لەناوچێ، پێویست بوو خۆی بپارێزێ و، ئەگەر تەنگی پێهەڵچنرا، مەردانە مودافەعەی شان و شەرەفی خۆی بکا. قارەمانی "زێرین دەس"، لەسەر ئەم فیکرەی دوایییە بوو. لەم بەینەدا بوو کە یەکێ لە ئومەرای ناوداری موکری کە "خان ئەبدال"ی برای شێخ حەیدەری ئەمیری موکری بوو، وە بەینێك بوو لە ترسی بوختان و خیانەت لەگەڵ بەعضێ پیاوانی لە حکوومەتی ئێران یاخی بووبوو، هاتە لای ئەمیرخان و قەدرو حورمەتی گیرا. ئەمیری برادۆست، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئیقناعی حکوومەت بە ئیخلاص، زۆری هەوڵ دا. هەموو وەقتێك بە کاغەذ و پیاو ناردن بۆ دەرباری شاهی، ئەیویست دۆستی و مەردایەتیی خۆیان باش تێگەیەنێ. بەلام

ئەمە تەقەلایەکی بێسوود بوو. ئومەراو کاربەدەستانی قزڵباش، بۆ بەربەستو لەناوبردنی شەوکەتی ئەمیری برادۆست، یەکدڵو یەکزمان بوون. مەسئەلەی هاتنی ئەشقیای (جەلالی)[1]ی لە خاکی عوثمانی دەرکراو بۆ کوردستان، مەقصەد و دڵخوازیی حکوومەتی ئێرانی لەحەق ئەمیری برادۆست، وەیا لەحەق کوردستان ئاشکرا ئەکرد.

حکوومەتی ئێران، ویستی لە ئەشقیای جەلالی ئیستیفادە بکاو بیاننێرێ بۆ کوردستان. شایەد ئەم عاصیانە کە بە خونخواریو تالانو دەربەدەری شۆرەتیان سەندبوو، ئەگەر خراپە بکەن لە کوردستاندا بیکەنو، ئەگەر ضەرەرێکیان ببێ بۆ ئێرانی نەبێو بۆ کورد بێو بەگوێرەی ئەو تەعلیماتەی کە بە"حەسەن خان"ی بەگلەربەگی ئۆستاجلوو درابوو، لەوەقتی ڕابوردنیانا بە کوردستاندا هەر خێل دەمیرێکی کورد کە بە ئارەزووی ئەوان خدمەت نەکاو ئەبوایە موڵکەکەی لێ زەوت بکرایەو بدرایە بە ئەشقیای جەلالی. ئەمە بەشی ئاشکرای تەرتیباتی حکوومەتی ئێران بوو کە لەم خصووصەوە پێك هێنرابوو و"ئەسکەندر مونشی" باسی کردووە. بەلام لە مەجرای حادیثات وا تێئەگەین کە لەم تەرتیباتەدا داوێکیشی بۆ ئەمیری برادۆست تیابوو، چونکە بەپێی ئەمری شاهی ئەبوایە ئەویش لەگەڵ حەسەن خاندا بێو، هیچ بەدوور نییە کە ئومەرای قزڵباش ویستبێتیان لە قووەتی (جەلالی)، کە سوارەو پیادەی نزیك چواردە هەزار کەسێك بوو، ئیستیفادە بکەنو، ئەمیری برادۆست بەم بەهانەیە لە قەڵاکەیو وڵاتەکەی دوورخەنەوەو لە فورصەتێکدا لەناوی بەرن. ذاتەن تەرتیباتو تەعلیماتی ئەم لەشکرە، بێشوبهە،

---

[1] جەلالی، کابرایێکە کە لە زەمانی یاوز سولطان سەلیمدا ئیددیعای مەهدێتیی کردو زۆر پیاوخراپی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو لە حکوومەت یاخی بوو، (قەرەحەصار)ی زەوت کردو ڕووی کردە (ئەنقەرە). حکوومەت فەرهادپاشای بە لەشکرێکەوە ناردە سەریو نیهایەت لەطەرەف شەهسوارێکی ئەمیری ذولقەدەرییەوە گیراو کوژرا. موریدو دەروێشانی لە ئەناطۆلیدا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادی بوو. لەم دەورەدا بە جارێك شوولێیان لێهەڵکێشاو لە هەموولایەکەوە دەسیان کرد بە خراپە حەوت ساڵێك لە ئەناطۆڵیدا ئەنواعی خراپەو کوشتاریان کرد لەپاشدا خۆیان کوتایە پاڵ حوکمداری حەڵەبو کلس جانپۆلاد عەلی پاشا. وە لەدوای شکانی عەلی پاشا، قویوجی صەدری ئەعظەم موراد پاشا، لەگەڵ ئەشقیای جەلالی کە لە ئیدارەی "قەلەندەر ئۆغلی محەمەد پاشا"دا بوو، لەنزیك (ئەلبیستان)ـەوە کەوتە شەڕو لە ڕەبیعول ئەووەلی ١٠١٧ی هیجریدا ئەشقیای شکاندو بەگلەربەگیی حەڵەب حسێن پاشای بە لەشکرێکی بیست هەزار کەسییەوە خستە شوێنیانو لەنزیك (بایبورد) شەڕێکی تریان بوو و نیهایەت لە خاکی عوثمانی دەرکرانو خۆیان هاویشتە خاکی ئێرانو بە دەلالەتی "ئەمیر کۆنەخان" حاکمی (ئیرەوان-ئەریوان)، لەطەرەف شاه عەباسەوە زۆر باش قوبووڵ کران.

موخالیفی فیکرو مەقصەدی ئەمیرو حیسسی میللیی بوو. قەت ڕاضی نەئەبوو کە ئەم بەڵایە ڕووبکاتە کوردستان و هاوقەومانی تووشی شەڕو گەڕی جەلالیی دەربەدەر بن. تەئریخی عالەمئارا، لە باسی عوصیانی ئەمیری برادۆستدا ئەڵێ: کە ئەووەڵەن بۆ سەرداریی ئەم لەشکرە"پیربوداق خان"ی حاکمی (تەورێز) تەعیین کرابوو، بەڵام لەسەر ئیعتیراضی ئەمیرخان گۆڕراو حەسەن خان بەگلەربەگی کرا بە سەردار. ئەمەش دەلیلێکی زۆر ئاشکرای فیکر خراپیی حکوومەتی ئێران بوو لەحەق ئەمیرخان و ئەو شکەی کە تا ئەو وەقتە لە دڵیدا جێی گرتبوو، لەدوای ئەمە گەیشتە دەرەجەی حەقیقەت و، بە ناعیلاجی دەسی کرد بە خۆحاضرکردن بۆ مودافعەیەکی دوورودرێژ. ئەحواڵی پێشووی حکوومەتی (سەرسوور)و لەناوچوونی چەند ئەمیرێکی بەناوی کورد بەفڕوفێڵ، مێشکی ئەمیرخانی پڕکردبوو، لەبەر ئەوە بە ناعیلاجی خۆی ئەپاراست.

لەم بەینەدا بوو، کە ئەمر بۆ ئەمیرخان هات کە بە دووصەد سێصەد کەسێکەوە بچێتە مەعییەتی حەسەن خان و، ئەگەر خۆی نەیتوانی، یەکێ لە کوڕانی خۆی لەگەڵ وەکیلیدا بنێرێ. ئەمیرخان عوذری هێنایەوەو، گوتی من بە موناسیبی نازانم کە خۆم وەیا چەند صەد کەسێك ڕەفاقەتی لەشکرێك بکەم کە چەند هەزار عاصی و خوانخواری جەلالیی تیابێ. مصڵەحەت وایە کە قووەتەکەی من لەدوای ئەوانە بێ. حەسەن خان ئەمەی قوبووڵ نەکرد بە لەشکری خۆی و جەلالییەوە ڕووی کردە (دمدم). پێشداری جەلالی کە نزیك بووەوە، لەگەڵ چەرخەی برادۆستیدا تێك ئالان و بەعضێ لە جەلالی کوژراو بریندار کرا. سەرکردەی ئەم جەردانە "قەلەندەر زادە محەمەدپاشا" لەمە تووڕە بوو و بۆ خوێنسەندن هەڵیکوتایە سەر دمدم و، بەم تەرحە دەعوا گەرم بوو. ناوبژیی حەسەن خان بێفائیدە بوو. خەبەری عوصیانی ئەمیرخان گەیەنرا بە شاه عەباس، کە لەو وەقتەدا لە (ئاردەویل- ئەردەبیل) بوو. لە ئیدارەی ئیعتیمادوددەولە حاتەم بەگدا لەشکرێکی گەورە لەگەڵ طۆپ و طۆپخانەدا ڕووی کردە (دمدم). شاه بڕوای بە عوصیانی ئەمیرخان نەئەکرد، چونکە ئەیزانی ئەمیرخان ئەمیرێکی مەردو دورستە. لەبەر ئەوە ئەمری بە ئیعتیمادوددەولە دا کە دڵنەواییی ئەمیر بکاو خۆی لە شەڕ بپارێزێ و جەلالیەکان لە دمدم دوورخاتەوە. شکم نییە کە ئەگەر ئومەرای قزڵباش وەکوو شاه دڵپاك و دروست بوونایە، ئەم هەرایە

نەئەقەوما و قارەمانی دمدم شێری لەڕووی لەشکری ئێرانا هەڵنەئەکێشا. بەڵام بەرامبەر دڵی ڕەش و پیسی پیاوماقووڵانی سەرسوور، دڵپاکیی ئەمیرخان و ئیعتیمادی شا بێ تەئثیر ما و تەقدیری خوایی هاتەجێ.

لەشکری قزڵباش و جەلالی لەگەڵ برادۆستیدا کەوتنە شەڕەوە. حەسەن خان، ئینتیظاری گەیشتنی ئیعتیمادوددەولەی نەکرد و، موڵک و دێهاتی ئەمیرخانی بە جەلالیەکان بەخشی. نزیک سێصەد سوارێکی جەلالی لەگەڵ محەمەد بەگی سەرکردەیان، لە ترسی وەحشەت و خیانەتی قەلەندەر ئۆغلی ڕایانکردە لای ئەمیری برادۆست.

لەولاوە ئیعتیمادوددەولە حاتەم بەگ لە (ئاردەویل)ەوە هاتە (تەورێز)، وە لەوێ لەشکری پیربوداق خان و (ئەصفەهان) و قووەتی ئەمیر وەلەد غازی بەگی کوردی حاکمی (سەڵماس) و حاکمی (ئانزەڵ) و (صۆمای) و دووهەزار سوارێکی جەلالیی کۆکردەوە و، لە بیست و شەشی شەعبانی ١٠١٧ی هیجریدا گەیشتە (ورمێ). ڕۆژی دوایی وەزیر ئیعتیمادوددەولە، پیاوێکی ئەمینی خۆی لەگەڵ مەلیك ئاغامحەمەدی (طسووحی)ی دۆستی ئەمیرخان نارده (دمدم) و، لەدوای دیدەنی و قسە و باسێکی زۆر، قەرار درا کە بۆ سبەینێ ئەمیر لە داوێنی قەڵاکەدا وەزیر ببینێ. واقیعەن ڕۆژی دوایی هەردوولا لەپێش قەڵادا یەکتریان دی و ئەمیرخان سەرلەنۆ تەئمیناتی ئیخلاص و صەداقەتی دا بە وەزیر و، وتی: بۆ دەفعی شوبهە کوڕێکم لەگەڵ دیاری و پێشکەشدا ئەنێرمە خدمەت شاو، خۆشم لەم بەهارەدا و لە یایلاق ئەچمە خدمەتی. ئەوی کە داویانەتە پاڵ من لێم دوورە. تەنیا ئەوەندە هەیە کە لە قەلەندەر ئۆغلی محەمەدپاشاو جەلالیی دەربەدەر ئەمین نیم و، باوەڕم بە حیمایە و دۆستیی حەسەن خانیش نییە و پێم ناکرێ هاوڕێیان بم.

وەزیری صەفەوی، ئەم عوذرانەی بە ظاهیری قوبووڵ کرد و، بۆ ئەمەی کە عالەم تێبگا کە ئەمیری برادۆست لە حکوومەت عاصی نەبوە، تەکلیفی ئەمیری کرد کە بە خۆی و حەشەمیەوە سبەینێ بێتە سەر ضیافەتی وەزیر، تا لەوێ لەگەڵ ئومەرای سەرسوور (قزڵباش)، سەرلەنۆ بناغەی ئاشتی و دۆستایەتی دابنێن تا عاجزیی پێشوو لەدڵدا نەمێنێ و، لەم ضیافەتەدا لە ئومەرای جەلالی کەس حاضر نابێ.

ئەمیری برادۆست، ئەم تەکلیفەی بە ظاهیری قوبووڵ کرد، گەڕایەوە قەڵا و لەوێ دووروودرێژ لەگەڵ میرو ڕیش سپی و سەرکۆمارانی خێڵ، لەم بابەتەوە قسەی کرد و، لە

نەتیجەدا بۆ نەچوونی قەرار درا. سەبەبی ئەم قەرارەش ئەمە بوو کە باوەڕ بە تەئمیناتی وەزیـر نەئـەکراو، ئەگـەر ئومـەرای قزڵبـاش و جـەلالی قەصـدی خراپـەیان بکردایـە، ئیعتیمادوددەولە، کە مەئموورێکی لەقەڵەمەوە پێگەیشتوو بوو، نەیئەتوانی مەنعیان بکا.

ئەسکەندر مونشی، کە خۆی لەگەڵ ئیعتیمادوددەولە بووە، لەحەق فیکری خراپی ئەمیرخان زۆر دوواوەو لەبابەت نەچوونی بۆ ئەم ضیافەتە قەباحەتباری ئەکا. لام وایە ئەمە ڕاست نییەو، بۆ موئەریخێکی عادیل و بێطەرەف ناشێ. چونکە خۆی ئەیزانێ و بەچاوی خۆی دیبووی کە بەم نەوعە فێڵە زۆر ئەمیرو ئومەرای ناودار لەناوبراون و، ئەگەر ئەمیرخان و ئومەرای برادۆست، بە قسەی ئیعتیمادوددەولە بڕوایان بکردایەو بهاتنایە سەر ئەو ضیافەتە، بە چی مەعلووم بەو دەردە نەئەچوون، وەیان ئەمیرخان نەئەگیراو نەئەکوژرا. صاحێبی (عالەمئارای عەباسی) خۆشی ناتوانێ ئەم ئیحتیمالە بەقووەتە ڕەدکاتەوە. کەوابوو چۆن ئەشێ لۆمەی ئەمیری برادۆست بکا؟! خۆی بە نەفسی خۆی ئەڵێ (لاپەڕە-٥٧٣) کە ئەمیرخان، لەدوای مودافەعەیەکی بەطووڵ دەسی هەڵگرت و هاتە لای محەمەد بەگی سەرداری لەشکر. بە ئیفساداتی حەسەن خان، سەردار زووبەزوو و خیلافی شەرط و عەهدی، دڵی گۆڕی و قەصدی کوشتنی ئەمیرو ئومەرای برادۆستی کرد. بە چی مەعلووم کە ئیعتیمادوددەولەش وەکوو محەمەد بەگ، داوی بۆ نەنابووەوە، وەیان لەم ضیافەتەدا بە قسەی حەسەن خان خیانەتی لەگەڵ نەئەکرد.

وەزیری صەفەوی، کە دیی ڕۆژی دوایی ئەمیرخان لە قەڵا نەهاتە دەرەوە، بە نەصیحەت و زۆری ئومەرای سەرسوورو جەلالی قەراری شەڕی دا. ژمارەی لەشکری صەفەوی و جەلالی-وا دیارە- کە لە بیست و پێنج هەزار زیاترو چەك و سیلاح و طۆپێکی زۆری بوو. بەرامبەر بەمە قووەتی مودافەعەی (دمدم) ڕەنگە لە هەزار کەسێك زیاتر نەبووبێ. واقیعەن بە نەظەر قووەتی ئەمیری برادۆست ئەم عەدەدە کەم ئەبینرێ. بەڵام وادیارە کە پچووکیی قەڵای (دمدم) و کەمیی ئاوی خواردنەوە، موساعەدەی زیادکردنی عەدەدی مودافیعینی نەکردووە. واقیعەن لەدوای لەدەسچوونی کانی و حەوضی (صولق)، مودافیعین زۆر تەنگەتاو بوون و، ذاتەن ئەوەی مودافیعینی ئەترساند، لە قووەتی ئیعتیمادوددەولە زیاتر کەمیی ئاو بوو. تەرتیباتی مودافەعەی قەڵاکە چونکە بە تالووکە بینرابوو، وا دیارە کە زۆر بەقووەت و تەواو نەبوو.

لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەمیرخان، پـشتی بـە خـوا بەسـتو، قـەراری مودافەعـەی دا، مەردانـە لەناوچوونی لەلا لە ژیانێکی کزو ئەلیل زۆر باشتر بوو.

ئەسـکەندەر مونـشی، هـەروەکوو زۆری وەقعەنووسـانی ئێـران، لـە باسکردنی مەبدەءو مونتەهای موحاصـەرە کەمتەرخـەمیی کـردووەو، لـەباتی ئەمە لەحـەق قـودرەتی ئیعتیمادوددەولـەی ئاغـایو لەشـکرانی سەرسـوورو ئازاییـیان زۆر دواوە. لەبەر ئەمە ناتوانین بڵێین کە لە فلاّنە تەئریخدا موحاصـەرەو مودافەعە دەسـی پـێکردووەو تـا فلاّنـە تـەئریخ طـووڵـی کێـشاوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا وا دەرئەکەوێ کە موحاصەرەی (دمدم)، شەش حەوت مانگێك دەوامی کـردووەو لـەم موددەتەدا مـودافیعین شێرانە پاسـی قـەڵایان کـردو، لەشکری قزڵباش لـە ژمـارەی مودافیعین گەلێ زیاتر پیاوی بەکاری لەکیس چوو. لە هەرلایەکـەوە هوجوومی کرد بۆی نەچوە سەرو، لە ئاخیریدا بە ناعیلاجی ئوصووڵی موحاصەرەی مونتەظـەمی تەطبیق کردو بە لەغـەملێدان وردەوردە چوونە پێشەوە. لە مـوددەی سـێ مانگدا نەیانتوانی بگەنە کانیی قەڵاکە، کە (صولق)یان پێئەگوتو لـە داوێنـی شاخەکەدا بـوو. ئـەم کـانیو حـەوضـە بهاتایـە زمـانو داسـتانی قارەمـانیو سـەربازیی برادۆسـتیەکانی بـۆ بگێراینایـەوە، لام وایـە وێنەیـەکی بـەرزترو بەشـەرەفتری مودافەعەی (قنیژە)و (سلستەرە)ی بۆ ئەهێنایـنە وجوود.

سەرلەشکری قزڵباشی، بە تەدبیرێکی ترو لەدوای سێ مانگێكو ضیاعاتێکی زۆر، ظەفەری بە (صولق) بردو گرتیو، مـودافیعینی قەڵاکەی تووشـی تینوویـەتی کـرد. لـەم وەقتـی تەنگانەیـەدا ڕەحمـەتی خـوا بـە فریـای مودافیعینـا گەیـشتو بارانێکی باش باری، نزیکەی مانگێك دەوامی کرد، ئەستێرکەی قەڵا پڕبوو لە ئاو، کـە ئەمـە بەشـی شـەش مـانگی مەحـصوورینی ئـەکرد. ئـەم جیلـوەی قودرەتـە لەشـکری سەرسـووری مـەئیووسو شـپرزە کـرد، بەغـەیری هوجـوومی مونتـەظـەم چارەیەکی نەماو چەند مانگێکی تـر خـەریکی پێشکەوتن بـوو. چـەند پارچەیەکی قـەڵا، بـە قـووەتی طـۆپو لەغـەم ڕووخـاو دەس قزڵبـاش کـەوت. بـەڵام جورئـەتو جەلادەتی مـودافیعین نەشکاو خۆیـان کێشایە قـەڵای خـواروو. وەزیـری صـەفەوی بەرامبەر بەم عەزمە بڵندە حەیرانو پەرێشان بوو. بە قووەتێکی بیست سـی میثلـی مـودافیعینو بـە چـەكو سـیلاحێکی زۆرەوە ئەمەنـدە مـانگ هـەوڵی دا، هـەزاران

قزڵباشی لە دەوری ئەم قەڵایەدا ناشتو بە مەرام نەگەیشتو نیهایەت بەم داخەوە شەوێك لەناكاو مرد.

سپەهداری تازەی قزڵباش، محەمەدبەگی بێكدلیی شاملوو، لەدوای گەیشتنی بەعضێ ئیمداد، دەسی كرد بە تەضییقكردنی ئاخر قەڵا كە لە ئیدارەی كوڕەگەورەی ئەمیرخاندا بوو. ئەم قەڵا تازەكراوو ضەعیفە بەرگەی طۆپی گەورەی قزڵباشی نەگرتو لەدوای موددەتێك لەدەس چوو. نیهایەت باقی قارەمانانی برادۆست كە صەد كەسێك بوو، لە(نارین قەڵا)دا، كە ماڵی ئەمیرخان بوو، كۆبوونەوە. ئەمیرخان، كە وایزانی ئیتر نەیهێشت موادفەعە بكەنو لەدوای موذاكەرەیەكی كورت لەگەڵ ئومەرای برادۆستدا، خەبەری نارد بۆ سەرلەشكری قزڵباش كە ئەگەر خۆی بێ تەسلیمی ئەبێ. عەجەبا سەبەبی وازهێنانی ئەمیر چی بوو، بە (نارین قەڵا)دا ڕانەئەپەرمووا كە بەرگەی هوجوومی قزڵباش بگرێ، یاخۆ مەقصەدێكی تری بوو ؟ ئەسكەندەر مونشی ئەڵێ، بەپیی تەحقیقات لەدواییدا دەركەوت، كە ئەمیری برادۆستو ڕەفیقانی جەلادەتی، مەقصەدیان لەم تەسلیمبوونە شتێكی تر بووەو ویستوویانە لە ئەووەڵ فورصەتدا هەموو ئومەرای قزڵباش بكوژنو، لەپاشدا ئەگەر توانییان دەربچنو، خۆ ئەگەر بۆیان نەلوا، تا ئاخر نەفەسیان شێرانە شەڕبكەنو ژیانی خۆیان بە گران بفرۆشن.

لەوبەینەدا ئەبدالخانی موكری، بە خۆیو چەند ڕەفیقێكیەوە لە (نارین قەڵا) هاتە دەرەوە، تەسلیم بوو و، لەلای ئەلیاس خەلیفە كە یەكێ لە ئومەرای قزڵباش بوو، دانرا. لەدوای ئەمە سەرداری صەفەوی هەڵساو چووە (نارین قەڵا) لای ئەمیرخانو، ئەوەندەی پێنەچوو ئەمیر خۆیو كوڕە گەورەكەیو صەد كەسێك لە بەقایای مەعییەتی بە زرێو چەكو سیلاحەوە لە قەڵا هاتنە دەرەوەو، لەگەڵ سەردار محەمەدبەگدا ڕوویان كردە بارەگای سەرلەشكرو، لەوێ لەناو بەعضێ خێوەتدا بەتایبەتی میوان كرانو، محەمەدبەگ پیاوی نارد بەشوێن حەسەن خانو باقی ئومەرای قزڵباشدا، تا كۆبنەوە بێنە لای ئەمیرو ڕەفیقانی. كە حەسەن خان گەیشتە نزیك خێوەتی محەمەد بێگ، بانگی كردە دەرەوەو پێیگوت كە دانیشتنی تۆو براكانت لەناو ئەم عاصییە پڕچەكو سیلاحانەدا لە عەقڵو دووربینیی تۆ دوور بوو، مەصڵەحەت وایە كە ئەمانە لێك جوێكەیەوەو ئەمیرو كوڕیو چەند پیاوێكی لەلای خۆت بهێڵیەوە، باقی تریان هەر چەند كەسێكیان بە

یـەکێ لـە ئومـەرا بـسپێری. سـپەهدار صـەفەوی ئـەم تـەدبیرەی پەسـند کـردو، پیاوێکی نـاردە لای ئەمیرخان و ئـەم تەرتیبـەی تێگەیانـد. بـەوەی ئـەمیر ذاتـەن لـە نەهاتنـە ژوورەوەی حەسـەن خـان و چـوونەدەرەوەی محەمـەد بـێگ و گفتوگـۆی دەرەوەیان کەوتبوونە شکەوەو، کە ئەم تەرتیبە تازەشیان بیست ئیتر ئەمنییـەتیان نەما و ڕاضی نەبوون کە ئەمیرخان لێیـان جویَبێتـەوەو، ئـەم قـەول و قـەرارەیان لـە فورسـتادەکەی سپەهداری صـەفەوی گەیانـدو ناردیانـەوە لای محەمـەد بـێگ. لـەو وەقتەداو لەناکاو لە دەرەوە هەرا هەڵسا و حوکمی قەضا و قەدەر هاتەجێ.

ئەصـڵی ئـەم شۆڕشـەش ئـەوە بـوو. کـە ئـەلیاس خەلیفـەی میوانـداری ئەبدال‌خان و ڕەفیقانی، ویستی کە چەك و سیلاحیان لێ بستێنێ، ئـەمیری مـوکری و مەعییـەتی نەیانویـست ژنانـە تەسـلیم بـن و ئـەلیاس خەلیفـەو چـەند کـسێکیان کوشت و بریندار کرد. گرووهی قزڵباشی، کە ئەم حاڵـەیان دی، لـە هەموولایەکەوە هەڵمـەتی ئـەم چوارپێنج قارەمانـەیان داو لـەدوای جیـدالێکی وەحـشی ئـەو کەڵـە پیاوانەیان بەیدەس کردو لەناوبرد.

ئـەمیرخان و مەعییـەتی، لـە کـون و درزی خێوەتـەوە ئـەم مـەنظەرەیـان چاوپێکەوت، لە قەصدی خراپی قزڵباش گەیشتن و، دەس‌وبرد بەرەی قزڵباشیان دایە بـەر شیلگی تفەنگ و، قزڵباشیش لـە هەرچوارلاوە گوللـەبارانیان کـردن. لـەو جێگە تەنگەداو لەگەڵ باقی مەعییەتیدا بە دڵێکی وەك شێرو دەسـت‌بەشیر خۆیـان هاویـشتە دەرەوەو یـەك بەرامبـەر صـەد کەوتنـە شـەڕەوەو دادی مـەردی و جەلادەتێکی بێ‌نەظیریان دا، شەپۆلی هارو هەڵمەتبەری قزڵبـاش زۆر جار بەرامبـەر بەم ڕەوە شێرە ئەشکاو ئەچوەوە دواوە، پـەنجا ئەکەوت، پێنـصەد ئەهاتـە جێـی. شەپۆلی کین و تەعەصوب، بۆ خنکاندنی ئەو ڕەوە شێرە، زۆر جار ئەهات و ئەچوو. لـە هـەموو جارێکـدا زۆر کەلـەکی کـوژراو و برینـداری لـە ڕێگوزاریـدا بەجێ‌هێـشت. ئاخری زۆر غەلەبـەی سـەند، نـەڕەی شێران بـڕا، لوورەلـووری شـادمانی ئـەوناوەی داگیر کرد. ئەمە نیشانەی دواین جیدالی (دمدم) بوو.

**له قه‌برستانی ته‌ئریخا:**

# ئه‌حمه‌دی ضوحاك
# قاره‌مانێکی نه‌ناسراوی کورد[1]

ئینسان، ئه‌گه‌ر سه‌رنجێکی باش له ته‌ئریخی ئیسلام بدا، زۆر موعجیزه‌ی جه‌لاده‌تو سه‌ربازیی تیا ئه‌بینیٚو بێ‌ئیختیار سه‌ری لێی سڕ ئه‌مێنیٚ. صاحێبی ئه‌م موعجیزانه له‌طه‌ره‌ف شاعیرانی هاومیلله‌تیانه‌وه به قه‌صیده‌ی جوان جوان، وه‌یان له‌طه‌ره‌ف ئوده‌باو موئه‌ریخینیانه‌وه به ڕیساله‌و ڕیوایاتی پڕ له مه‌دحو ته‌قدیر، به عالەم ناسراون.

ئه‌م نه‌وعه قاره‌مانانه له ته‌ئریخی هه‌موو میلله‌تێکدا هه‌نو، زۆرمان ئه‌م پیاوه گه‌ورانه‌ی میلله‌تانی غه‌یره زۆر باش ئه‌ناسین. گوێمان به مه‌ناقیبی جه‌لاده‌تو فیداکارییان به‌ته‌واوی ڕاهاتووه، بەڵکوو به‌عضێکمان داستانی ئه‌مانه‌مان به نه‌ظم وه‌یا نه‌ثر له‌به‌رکردووه. که‌م که‌سمانو به‌ڵکوو که‌م منداڵی مه‌کته‌بمان هه‌یه که له ئه‌شخاصی مه‌شهووره‌ی غه‌یره کورد، چه‌ند که‌سێکت بۆ حیساب نه‌کاو له سه‌رگوزه‌شتی ژیانیان شاره‌زا نه‌بیٚ. به‌ڵام له‌حه‌ق پیاوه گه‌وره‌کانی قه‌ومی خۆی، هیچ نازانیٚو حه‌تا ناویشیان فێر نه‌بوه. ئه‌مه عه‌یبێکی گه‌وره‌یه‌و لۆمه‌ی ئه‌که‌وێته سه‌ر شانی هه‌موو خوێنده‌واره‌کانمانو، به طه‌بیعه‌ت منداڵانی مه‌کته‌ب له‌مه‌دا بێ‌خه‌طان، چونکه ظورووفو ئه‌حواڵ ئیختیاری له‌ده‌س سه‌ندوونو له ناسینی پیاوه گه‌وره‌کانی هاوقه‌ومیان مه‌حرووم کراون. بێجگه له‌مانه، له ده‌سته‌ی خوێنده‌واران هیچ که‌سێك نییه که بتوانیٚ خۆی له‌م لۆمه‌یه ڕزگار کا، چونکه به موتاڵای کتێبی ته‌ئریخی ئه‌توانن پیاوه گه‌وره‌کانیان بناسنو، به نووسینی خه‌واریقی ئه‌عمالیان چه به نه‌ظمو چه به نه‌ثر زیندوویان بکه‌نه‌وه. نیشانی عاله‌می بده‌نو بڵێن ئێمه‌ش قه‌ومێکین وه‌کوو ئه‌وانی تر، ئێمه‌ش مه‌فاخیری ته‌ئریخییه‌مان هه‌یه‌و زۆره. ئه‌مین بن، له قه‌برستانی ته‌ئریخدا هه‌زاران کوردی نوستوو هه‌یه، که له مه‌یدانی جه‌لاده‌تو ئازایی و عیلمو صه‌نعه‌تو شیعرو ئه‌ده‌بدا، له مه‌شاهیری قه‌ومه‌کانی تر قه‌ت دوا ناکه‌ون. به‌ڵام له‌سه‌رمان فه‌رضه

[1] له ژماره ٤ی سالی ١ی مارتی ١٩٤٠، ل٦-١٠ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاو بووەتەوە.

کە لەناو ئەم قەبرستانە گەورەیەدا بگەڕێن و بیاندۆزینەوەو سەرگوزەشتی ژیانیان بژیەنینەوەو لە قەومەکەمان و دنیای بگەیێنین. بۆ ئەمە، بەقەدەر حاڵی خۆم، هەوڵم داو لە هەزار زیاترم دۆزییەوەو وا خەریکی ڕێکخستن و لەچاپدانیم. ئەوی من دۆزیومەتەوە تەنیا بەشێکی ناودارانە، هیوام هەیە کە صاحێب هیممەتانی هاوولات، بەشەکەی تریشی ئەدۆزنەوەو ئیشەکەی من تەواو ئەکەن.

ئەحمەدی ضوحاك، یەکێکە لەو پیاوە گەورە نەناسراوو نەزانراوانەی کورد، وە لایەقە نەك هەر کورد، بەڵکوو هەموو موسڵمانێك ئیفتیخاری پێوە بکا. لەگەڵ ئەمەشدا تەئریخ لەحەق ئەم جەنگاوەرە بێباکە زۆر بێئینصافیی کردووە. تەنیا صاحێبی (تجارب الأمم)ی ئیبن مەسکەوەی، ناوەکەی و قومەکەی ئاشکرا کردووە. وە بە ڕەغمی ئەمە کە بۆتە سەبەبی ظەفەرێکی نامەئموول بۆ لەشکری میصرو لەحەق خدمەتە بێنەظیرەکەی و جەرائەتی مومتازی دوو کەلیمەیەکی تەقدیریش نەنووسراوە.

شکم نییە کە ئەگەر لە میللەتێکی تر بوایە، موئەریخی ئەو قەومە چەند لاپەڕەیەکیان بە مەدح و تەنجیلەوە ڕەش ئەکردەوەو، شاعیرەکانیشیان زۆر قەصیدەو داستانیان بۆ ئەگوت. بەڵام چونکە لە خۆیان نەبوە، ون بووەو کەس نازانێ لەکوێوەو چۆن هاتووە، کوڕی کێیە، کەی هاتۆتە دنیاوەو سەرگوزەشتی چییەو کەی و بە چە تەرحێك لەناوچووە. "ئیبنو مەسکەوەی"ی خەزنەداری عەضوددەولەی بوەیهی، هاوژیانی ئەم قارەمانی کوردە بوو، وە زۆر بە ئاسانی ئەیتوانی سەرگوزەشتی ژیان و بنەماڵەی ئەم کەڵە پیاوەمان بۆ تەحقیق بکاو تێمان بگەیەنێ. بەڵام وا دیارە کە بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە، وە لەحەق هێندێ کەس و حادیثە، کە بە نەظەر ئەم قارەمانەو ئەفعالیەوە هیچ قیمەت و ئەهەمییەتی نییە، زۆر لاپەڕەی پڕکردۆتەوە.

ئەوەی کە لە ڕیوایەتی کوڕی"مەسکەوەی" تێئەگەین ئەمەیە:

لە زەمانی شەشەمین خەلیفەی فاطیمی ئەلحاکم بیئەمریللادا، لەشکرێکی گەورەی میصر لە قوماندای"جیش بن محەمەد بن ئەلصمصامە"دا بۆ شەڕی ڕۆم نێررا بۆ سووریە. لەشکری ئیسلام لەدوای (حومص) کۆبووەوەو لەپاشدا ڕووی کردە لەشکری ڕۆم، کە لەوبەینەدا دەوری قەڵای (ئافامییە)ی دابوو و خەریکی گرتنی بوو. سەرداری

**لەشکری ڕۆم بیذذات ئیمپڕاطۆر"دۆقس- دۆقاس"[1] بوو. ئەم دوو لەشکرە لەبەر قەلاّی (ئافامییە)دا تێکئالاّن و شەڕێکی خراپ قەوما. لەشکری قیصەری ڕۆم تەنگی بە قووەتی ئیسلام هەڵچنی، ڕاست و چەپی بەتەواوی شکاند. بەشی ناوەڕاستیش بلاّوەی کرد، تەنیا"بیشارە ئەلئەخشیدی" بە پێنجصەد سوارێکەوە خۆی ڕاگرت. سەرداری ئیسلام"ئەلصمصامە"، بێئومیدو سەغڵەت دامابوو. لەو وەقتەدا بوو کە شاسوارێك بەتاو هەڵیکوتایە سەر دوژمن، شیرو تیری ڕۆمی ئەم قارەمانەی نەترساند. یەك لەدوای یەك صەفی دوژمنی دڕی و خۆی گەیاندە قەیصەر، کە لەگەڵ کوڕێکی و بەعضێ خەواصی لەسەر تەپۆڵکەیەك وێستابوو، مەمنوون و مەسروور سەیری ظەفەری لەشکرەکەی و پەرێشانی و بلاّوەی لەشکری ئیسلامی ئەکرد. شاسوار وەکوو بریسکەیەکی ئاسمانی خۆی گەیاندە قەیصەرو لەپێش ئەمەدا کە ئەو مست ظەفەرەو خەواصی بێنەوە سەرخۆ، بە ضەربەیەکی ڕۆستەمانە ڕەگ و ڕیشەی ژیانی دەرهێنا. لەشکری بلاّوی ئیسلام کە چاویان بەم موعجیزەیەی جەلادەت کەوت لە هەموولایەکەوە نەعرەی ((ان عدوّ الله قد قتل))یان گەیاندە ئاسمان و وەرگەڕانەوە سەر لەشکری بێ سەرو سەردارو لەدوای کوشتارێکی زۆر تەفروتونایان کردن.**

**(تجارب الامم)، لەمە زیاتر تەفصیلات نادا. ئیتر نازانین کە ئەم خەلاّصکاریی شەرەف و شانی ئیسلامە لەوەودوا چیی لێهاتووە ! لەدوای ئەم خاریقەی جەلادەتە، کە مەغاریبەو مەشاریقەی[2] حەیران کرد، ئایا لەفکر چووەوەو سەردار"صمصامە"ش وەکوو"ئیبنو مەسکەوەی"، دۆزینەوەو تەقدیسکردنی ئەم قارەمانەی بە خەیاڵدا نەهات ؟ یاخۆ ئەو برووسکەی جەلادەتی کوردە، هەروەکوو برووسکەی هەورە تریشقە، لەدوای ئەمە کە لەو دەیجووری شکستەیی و نائومێدییەدا بە شەوقی ئازایی و سەربازیی خۆی ڕێگەی شان و شەرەفی بۆ لەشکری ئیسلام ڕووناك کردەوەو خستنیە ڕێ، کوتوپڕ کوژایەوە ؟ ئەمە لە تەئریخ و موئەریخینی سپڵە زیاتر، خوا ئەیزانێ.**

---

[1] ئەم"دۆقس"ـە کە ئیبن مەسکەوەی باسی ئەکا ئەبێ"قوسطەنطین دۆقاس" بێ کە لە ١٠٥٩ی میلادیدا بۆتە ئیمپڕاطۆری ڕۆمی شەرق.

[2] مەغاریبە، بەشێکی لەشکری فاگیمی بوو کە لە شیمالی ئەفریقاوە هاتبوون. بە لەشکری عەرەب و تورکیش مەشاریقە ئەبێژرا.

# مەلیكول عادیل
# سەیفوددین ئەبوبەكر محەمەد[1]

برای سولّطان صەلاّحەددینە، لە مانگی موحەڕڕەمی ٥٤٠ و بە ڕیوایەتێكی تر ٥٣٨ی هیجری لە (شام) وەیا لە (بەعلبەك)دا هاتۆتە دنیاوەو، ٦ وەیا ٨ ساڵ لە سولّطان صەلاّحەددین بچووكترەو تا وەفاتی كاكی موعتەمەدو مومەثیلی بووە. دائیمەن بەرامبەر كاكی صادیقو موخلّیص بووەو، لەدوای وەفاتی سولّطان، سیاسەتو حەرەكاتی شەخصییەی بۆ حكوومەتو عالەمی ئیسلام بەفائیدە بوو، لە سیاسەتو ئیشوكار دیپلۆماسیدا شۆرەتی بوو.

لەگەڵ كاكیا لە مەعییەتی مامی"شێركۆ"دا چوو بۆ میصر. ئەصڵی شۆرەتی گەورەی، لەدوای ڕۆیشتنی كاكی بۆ سووریەو مانەوەی خۆی لە میصردا بە صیفەتی وەكیلی، پەیا كرد (١١٧٤– ١١٧٥میلادی). لەم وەظیفەیەداو باخوصووص لە ئیختیلالی داخلیی ٥٧٣–٥٧٨ی هیجریداو لە موحارەباتی ئەهلی صەلّیبدا قودرەتو ئیقتیداری خۆی زۆر باش نواند، لە ٥٧٩ی هیجریدا لە میصرەوە نێرا بۆ (حەلّەب). بەلاّم چونكە مەلیكول موظەفەر تەقیوددین عومەری برازای كە لە جێگەی تەعین كرابوو و لەگەڵ موستەشارەكەی كە مەلیكول ئەفضەڵ كوڕی سولّطان صەلاّحەددین بوو ڕێك نەكەوت، دیسانەوە لە ساڵی٥٨٢دا هێنرایەوە میصرو، لەژێر ئیدارەی ئیسمییەی مەلیك عەزیزی كوڕی سولّطاندا ئیشوكاری ئەو ئیقلیمەی زۆر باش ڕێكخست. لە ساڵانی دواییدا لە میصرەوە زۆر موعاوەنەتی كاكیی كردو بیذذات خۆی كە لەگەڵ ئۆردوویەكداو گاه لەگەڵ ئۆردوویەكداو گاه لەگەڵ دوننمایەكدا بۆ یاریەدان چووە سووریەو لەڕێگەیدا (یافا)و (كەرەك)ی زەوت كرد. لە فەتحی (قودسی شەریف)دا حاضر بوو. لە ٥٨٥ی هیجریدا بۆ قوتاركردنی (عەكا) هەوڵی داو، لە موذاكەراتو موخابەراتی

---

[1] لە ژمارە ٥-٦ی ساڵی ١ی مارتی ١٩٤٠، ل١٨-٢١ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاوبووەتەوە.

بەینی سوڵطان صەلاحەددین و مەلیکی ئینگلتەرە"ریشاردی شێردڵ"دا خدمەتێکی باشی نواند. وە لەدواییدا لەگەڵ مەلیکی ئینگلتەرە دۆستایەتییەکی باشی پەیاکردو، "مەلیك ریشارد" یەکێ لە کوڕەکانی مەلیك عادیلی کرد بە"شوالێ". لە ساڵی ٥٨٧ی هیجریدا، بەگوێرەی شورووطی صوڵح، ئەبوایە خوشکی قراڵی ئینگلتەرە بدرایە بە مەلیك عادیل و، لەگەڵ ئەم ژنەیدا ببوونایە بە قراڵی فەڵەسطین، بەلاّم ئەمە سەری نەگرت.

لە عەینی ساڵدا مەلیك عادیل وازی لە بەشی زۆری موڵکەکانی میصرو سووریەی هێناو، لەباتی ئەمانە (دیاربەکر)ی بۆ خۆی سەند. لە سووریەشدا (بەعلبەك)و (کەرەك)ی درایەو خەبەری وەفاتی سوڵطان صەلاحەددینی لێرەدا گەیشتێ.

کە شەڕو دەعوای مەقامی حوکمداریەتی لەبەینی کوڕانی سوڵطان صەلاحەددین، یەعنی مەلیك ئەفضەڵی شام و مەلیك عەزیزی میصردا دەسی پێکرد، مەلیك عادیل ئەووەڵەن وەظیفەی تەوەسوطی بەجێهێنا. ئەووەڵ دەفعە مەلیك عەزیز بە لەشکرەوە هاتە سەر مەلیك ئەفضەڵ. بەلاّم بە موداخەلەی مەلیك عادیل و یەکێکی تر لە ئەیووبیەکان لەبەینیانا صوڵح کرا (٥٩٠ی هیجری). لە ساڵی دواییدا مەلیك عەزیز دیسانەوە بۆ زەوتکردنی سووریە لەشکری کردو، مەلیك عادیل لەگەڵ مەلیك ئەفضەڵدا ئیتیفاقی کردو مەلیك عەزیزیان لە سووریە کردە دەرەوەو، لەپاشدا ڕێك کەوتن. مەلیك ئەفضەڵ گەڕایەوە شام و، مەلیك عادیل بە صیفەتی مودیری ئوموور لەلای مەلیك عەزیز مایەوە. بەلاّم ئەوندەی پێنەچوو، شەڕێکی تازە دەسی پێکردو، سەبەبی ئەمەش حکوومەتی میصر بوو و مەقصەدیش زەوتکردنی شام بوو. مەلیك عادیل کە بە ظاهیری تابیعی مەلیك عەزیز بوو، حوکمداریەتیی سووریەی بۆ خۆی سەندو، بەم تەرحە دیسانەوە لە حەرەکاتی بەرامبەری سەفەری چوارەمی ئەهلی صەلیب سەربەست ما. لە ٥٩٤ی هیجریدا (یافە)ی زەوت کرد. ئەهلی صەڵیبیش (تیبنین)یانن موحاصەرە کردبوو، بەلاّم مووەفەق نەبوون و، لەدواییدا طەڵەبی صوڵحیان لە مەلیك عادیل کردو موتارەکەیەکی سێ ساڵی کرا. وە ئیش وکاری جزیرەیشی ڕێك خست. وە لە

وەقتێکدا کە مەشغووڵی موحارەبەیەکی زۆر موهیم بوو، وەفاتی بێوەقتی مەلیك عەزیز (٢٧ی موحەڕڕەمی٥٩٥) جەلبی کردەوە سووریە، چونکە ئەفضەڵی برای مەلیك عەزیز بەسەر کوڕە بچکۆلەکەی مەلیك عەزیزەوە بوو بە نائیبی سەڵطەنەت و ئەیویست بە موعاوەنەتی مەلیك ظاهیری (حەڵەب)ـەوە لە شامەوە تەعەروض بکاتە مەلیك عادیل و حەقی پێشووی لێبسێنێتەوە. مەلیك عادیل زوو پیا گەیشت و ئەفضەڵ بە ناعیلاجی تەسلیم بوو.

## دەورەی سەڵطەنەتی:

لەگەڵ مەنصووری برازایدا میصریان تەرك کردو، مەلیك عادیل لە ١٦ی ڕبیعول ئاخەری ٥٩٦ (٢ی شوباطی١٢٠٠)دا ئیعلانی سەڵطەنەتی کرد. ئەوەندەی پێنەچوو سووریەو شەرقی جزیرەو کوردستانیشی عەلاوەی مەملەکەتی کرد. لە ٦١٢ی هیجریدا (یەمەن)یشی گرت.

پاپا"ئینۆسان"ی سێیەم لە عەینی ساڵدا سەفەری شەشەمینی صەلیبی ئیعلان کردبوو. قڕاڵی مەجارستان و دۆقەی ئاوستریا و باویرا و ئەغلەبی پرنسەکانی تری ئەڵمان بە خۆیان و ئۆردوویانەوە ڕوویان کردە شەرق. نزیك دووصەدو پەنجا هەزار کەسێك بوون. ئەووەڵەن لە ساحیلی سووریە دەرچوون و ئەوناوەیان تالان و وێران کرد. لەپاشدا ڕوویان کردە میصرو (دومیاط)یان موحاصەرە کرد.

مەلیك عادیل، بۆ دەفعی ئەم تەهلوکەیە لە شیمالی سووریەوە ڕووی کردە میصرو، کە گەیشتە شام وەفاتی کرد (٧ی جومادیل ئوولای ٦١٥ی هیجری و ٣١ی ئۆغستۆسی ١٢١٨ی میلادی).

## ئەوصاف و مەزییاتی:

دەورەی سەڵطەنەتی بیست ساڵێك و بە شوکەت و عەظەمەت دەوامی کرد. هەموو مەملەکەتی زەمانی کاکی تابیعی ئەمرو نەهیی بوو. لە زەمانی سوڵطان صەلاحەددیندا مەعینێکی دڵسۆزو زۆر صادیقی کاکی بوو. بە

جەرائـەتو قـودرەتی لـە شـەڕداو بـە عـەقڵو کەیاسـەتی لـە ئیـدارەو سیاسـەتدا دەستی ڕاستی سوڵـطان صەلاّحەددین بوو.

لە زەمانی پاشو پێش حوکمداریدا بەرامبەر بە ئەهلی صەلیب غەزەواتو فوتووحاتێکی زۆری بوو. ناوبانگی بە هەمووڵایەکا بلاّو بووبووەوە.

صـاحێبی (مەصـدەری تـەئریخیی ئیـسلام) سـەید ئـەمیر عـەلی ئـەڵێ: ((سـەیفوددین مـەلیك عادیـل ئـەهلی مەعریفـەتو تـەدبیر، مـودیرو ئیحتیـاطکـار، صاحێبی فەضیلەتو لە تەشەبوثاتیدا ثـەباتکار بـوو و، زۆر حـەزی لـە چاکەکردن ئـەکرد. ئـەمیش وەکـوو کـاکی موحیـبو موشـەوویقی مـەعاریف بـوو. لـە سـکەدا ناوی"ئەبول فیداء" بوو)).

# باباطاهیر[1]

صۆفی، قەلەندەر، ئەهلی حەق‌و شاعیرێکی مومتاز بوو. بەگوێرەی قصەی "ڕەضا قولی‌خان"، لە زەمانی حکوومەتی (دەیلەمی)دا ژیاوە و لە ٤٠١ی هیجریدا وەفاتی کردووە، ئەشعارو غەزەلییاتی زۆر ڕەقەو عادەتەن موعەممایە. خۆی گوتوویەتی:((من بەحرێکم لەناو کاسەیەکا، من ئەو ئەلف قەدەم کە چووەتە ناو ئەلفێکەوە))، میرزا مەهدی‌خان ئەم لوغزەی حەل کردووەو ئەڵێ: ئەلف قەد=٢١٥، کەلیمەی (دەریا)ش بە حیسابی ئەبجەد عەینی عەدد ئەگرێتەوەو لەگەڵ ئیسمی"طاهیر"دا موساوییە. ئەگەر (ئەلف قەد) کە ٢١٥یە، بخرێتە سەر (ئەلف)، کە ١١١یە مەجموعەکەی ٣٢١ دەرئەچێ‌و بەم تەرحە ئەگەر (ئەلف) بێتە ناو (القەد)ەوە تەئریخی ویلادەتی باباطاهیر (٢٥٦) دەرئەکەوێ.

(راحة الصدور) دەرحەق بە حەیاتی باباطاهیر بەعضێ مەعلوومات ئەدا بەڵام ڕاست نییە، مەثەلەن ئەڵێ: کە سوڵطانی سەلجووقی ئەرطوغرل بەگ داخڵی (هەمەدان) بوو (٤٤٧ی هیجری)، باباطاهیر ئیختیاری کردو گوتی: (( ئەی تورك لەناو موسلیمینا ئیشت چییە ))، ئەم ئیختیارەی باباطاهیر زۆر تەئثیری کردە ئەرطوغرول بەگ. ئەم ڕیوایەتە تەئریخی وەفاتی باباطاهیر ئەخاتە دوای ٤٤٧. ولحاڵ مەعلوومە کە باباطاهیر لە دەورەی حکوومەتی (دەیلەمی)و تابیعەکانیدا وەکوو حکوومەتی (کاکەوییە) کە تا ٤٣٥ لە (هەمەدان)دا حاکم بوو، ژیاوە. کەوابوو ڕەنگە باباطاهیر، لەگەڵ "ئەبوسینا"دا (کە لە ٤٢٨ی هیجریدا وەفاتی کردووە) هاوعەصر بێ کەچی حیکایەتی (راحت الصدور) ئەیکا بە موعاصیری نەصیرووددین طووسی (لە ٦٧٣ی هیجریدا وەفاتی کردووە)، وە ئەمەش غەڵەطە.

ئاثاری مەوجوودە، کە باباطاهیر بە (هەمەدانی) و کە بە (لوڕ) دائەنرێ بەگوێرەی ئەوە ئەبێ ئەم ذاتە لە طایەفەی لوڕی بێ، ذاتی لە (خوڕەم ئاباد)یش بەناویەوە گەڕەکێك هەیە.

---

[1] لە ژمارە ٧ی ساڵی ١ی حوزەیرانی ١٩٤٠ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

مەرقەدی (باباطاهیر)، لە شیمالی غەربی شاری هەمەدان و لەسەر تەپۆڵکەی (بن بازاڕ)ەو قەبری یاری صادیقیش کە "فاطیمە"یە لە تەنیشتیەوەیە. زمانی باباطاهیر هەمەدانیو لوڕستانییە، لەبەینی (هەمەدان)و لوڕستاندا ئەنواعی لەهجە هەیە بەڵام زمانی باباطاهیر بەتەواوی لە هیچیان ناکاو لەگەڵ ئەمەشدا ئەشوبهێتە هەموویان. واقیعەن ئیستعمالکردنی حەرفی ئەلفی (نام= نوم، رفتم- رفتوم) لە زمانی لوڕ ئەکا، وە کەلیمەی (واج= قصە، کار= کردن)ی لە لەهجەی غرووپی مەرکەزیی کوردیو تەعبیراتی (میکرو= ئەیکا، ئەبە= دیت)ی ئەشوبهێتە لەهجەی گۆران.

بەعضێ لە موستەشریقین بۆ گردکردنەوەی ڕوباعیاتی باباطاهیر گەلێ هەوڵیان داوە مەثەلەن"میستەر هەرت-HUART" لە ١٨٨٥دا (٥٩) ڕوباعیو لە ١٩٠٨دا ( ٢٨ ) ڕوباعیو غەزەلێکی دۆزیوەتەوە، وە بێجگە لەمانەش میستەر "ئە. هەرون-E. HERON"یش (٣) ڕوباعیی تازەی دەس کەوتووە. نیهایەت صاحێبی مەجمووعەی"ئەرمەغان"ی فارسی "حسێن واحد دەستگردی ئەصفەهانی" لە ساڵی ١٣٠٦ی ئێرانی (١٩٢٧میلادی)دا لە (طەهران) دیوانی"باباطاهیر"ی نەشر کرد کە ٢٩٦ ڕوباعی (دووبەیت)و چوار غەزەلی تیایە. صاحێبی ئەم مەجمووعەیە ذەیلێکیشی بۆ دیوانەکە داناوە کە ٦٢ ڕوباعیی تری لەملاولەولا دۆزراوەی تیایە و "هەرون ئاللەن"یش ٣ ڕوباعیی تری عەلاوە کردووە.

ئەم دیوانی ڕوباعیاتە لەسەر تەرتیبی ئەلف بێیە، بەڵام طابیعەکە ناڵێ ئەوی لە چە نوسخەیەکی دەسخەت وەرگرتووە.

زۆری ئەم ڕوباعیاتە کە بەناوی "باباطاهیر"ەوەیە باسی شاخانی (ئەڵوەند) و (مەیمەنە) ئەکا. ٥٩ ڕوباعیی کە لەطەرەف"هەرت"ـەوە نەشر کراوە، زۆر ڕەق و موعەممایە جوێکردنەوەی قەصدی تەصەووفو فیکری سەوداویی زۆر زەحمەتە. ٣٤ ڕوباعیی موهیمو پڕ هەیەجانە، ٢ ڕوباعیشی دوعا و موناجاتە باقی ڕوباعیاتی شەخصیو وەصفییە.

شەرحی ئەم دیوانە، وادیارە، کە بەدەس "جانیبەگی عەزیزی"یەوە بووە و ئەم ذاتە لە شەووالی٨٨٩ی هیجریدا دەسی پێکردووەو لە ٢٠ی شەعبانی٨٩٠دا تەواوی کردووە. ئەڵێن ئەم شەرحە لەسەر طەڵەبی"شێخ ئەبول بەکاء" ناوێك

نووسراوەو ئەم طەڵەبەش بە ئیشارەتی باباطاهیر بۆ ئەو شێخە بووە. شێخ ئەبول بەکاء، لەدواییدا ئەم شەرحەی خستۆتە ناو بیری زمزمو کەس نازانیٚ کە لەدواییدا ئەم شەرحە چۆن دۆزراوەتەوە.

فەلسەفەی ڕۆحیانیی"باباطاهیر" بەتەواوی عەکسی ڕۆحیانیی "عومەر خەییام"ـە (لە٥١٧ی هیجریدا وەفاتی کردووە). لە باباطاهیردا ئەنانییەتی (Hedonism) عومەر خەییام و لاقەیدیی بەرامبەر بە تەحەوولاتی بەختو طاڵع نەبوەو ئەو شوعلەی تەصەووفەی کە لە باباطاهیردا بوو لەودا نەبوو.

صیفەتی هەرەباشو خۆشەویستی باباطاهیر، طەڕاوەتی حیسسییاتیو لە تەصویری مەصائیبدا سادەگیی ئوسلووبیەتی. "فیتز ژەراڵد"، باباطاهیر بە ڕەقیبێکی مودهیشی عومەر خەییام دائەنیٚ.

ئەولیایەتیی باباطاهیر: وەکوو زۆری شوعەرای موتەصەووفین (عەطار، جەلالەددینی ڕۆمی، حافیظی شیرازی... والخ)، باباطاهیریش بە ئەولیا دانراوە، وە یەکیٚ لە ئەرکانی موهیممەی عەقیدەی (ئەهلی حەق)ـە. دیوانچەکەی لەگەڵ دیوانی "بیبی فاطیمە" یاخود"فاطیمە لەیلا"ی خوشکیدا، لەناو مونتەسیبینی ئەم عەقیدەیەدا زۆر موحتەرەمە.

ئەم چەند بەیتە، لە غەزەلێکی باباطاهیرە:

دلم کز عشق خوبان کیچ وپیچی مژه برهم زنم خونا به جیجی
دل عاشق و سانی چوب تربی سری سرجبه سری خونا بەجیجی
نسیمەی کز نیا آن کاکل آیه مرا خوشتر زبوی سنبل آیه
که شەو کیرم خیالی تو در آغوش سحر از بسترم بوی گل آیه

## مەلیك ئەفضەڵ[1]

ئەصڵی ناوی"نووروددین"و کونیەی "ئەبوحەسەن عەلی" بوو، کوڕە گەورەی سوڵطان صەلاحەددینە. لە ٥٦٥ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە و لەلای مامۆستاکانی هەرە گەورەی ئیسلامەوە لە قاهیرە و ئەسکەندرییەدا خوێندوویەتی. لە عومری چواردە ساڵیدا و لە ساڵی٥٧٩دا، لە میسردا بوو بە وەکیلی باوکی. تەقیوددین عومەر ناصیح و موڕەببیی بوو. بەلاّم چونکە لەگەڵ یەك ڕێك نەکەوتن، سوڵطان صەلاّحەدین هەردوکیانی بانگ کردە لای خۆی (٥٨٢ه) و مەلیك ئەفضەڵی کرد بە والیی شام، وە لێرەدا تا عومری بیست ساڵیی لەژێر نەظارەتی باوکیا بوو وە ئیشتیراکی شەڕی (حطین)ی کرد (٢٥ ڕەبیعول ثانیی ٥٨٣). لەدوای ئەمە (عەکا)ی زەوت کرد کە لەطەرەف باوکیەوە بە موڵکانە درا بە خۆی. لەپاش ئەمە لە مەعییەتی باوکیا لە شەڕی ئەهلی صەلیبدا (٥٨٨ه) و لە موذاکەراتی "ڕیشاردی شێردڵ"دا حاضر بوو.

لە وەفاتی باوکییا شام و سووریەی بە ئیرث بەر کەوت و مەتبووعی حکوومەتەکانی تری ئەیووبیش بوو. وەزیر و مودیری ئوموری ضیائوددین ئیبنو ئەثیر (برای موئەرریخە مەشهوورەکە) بوو قودرەتی شەخصییەتی ئەوەندە نەبوو کە بتوانێ لە عۆدەی ئیشوکاری سیاسیو ئیداریی حکوومەت بێ. نوفووذی بەشوومی وەزیرەکەی ئومەرای بەقیمەت و مەشهووری زەمانی باوکیی لەبەرچاو خست. ئەم ئومەرایانە چونکە عەزل کرابوون، یەك لەدوای یەك بەجێیان هێشتو چوونە میصر لای مەلیك عەزیزی برای. وە ئەوندەی پێنەچوو مەلیك عەزیز سەربەخۆییی حکوومەتی میصری ئیعلان کرد، وە لە ٥٩٠ی هیجریدا بۆ فەتحی شام حەرەکەتی کرد.

---

[1] لە ژمارە ٨ی ساڵی ١ی تەمووزی ١٩٤٠ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاّوبووەتەوە.

ئیختیلافی بەینی ئەم دوو برایە بە ناوبژیی ماميان و بەعضێ ئومەرای تر مووەقەتەن دەفع کرا، بەڵام ساڵی دوایی دیسانەوە لەشکری میصر هاتە سەر شام، وە لەسەر بەعضێ ئەسباب لەشکرەکەی لەپڕێکا مەلیك عەزیزی بەجێهێشت و ئەم حوکمدارە مەجبوور بوو گەڕایەوە میصر و مەلیك ئەفضەڵ تا ئەوێ بەشوێنیان چوو و لەوێ لەگەڵ مەلیك عادیلدا ئیتیفاقی کرد "قاضیل فەضل"ی وەزیری باوکی بەینی دوو برای چاك کردەوە. مەلیك ئەفضەڵ گەڕایەوە شام و مەلیك عادیل لەگەڵ مەلیك عەزیزدا لە میصر مایەوە.

لەشکری میصر لە ساڵی٥٩٢دا دیسانەوە هاتە سەر سووریە و مەلیك ئەفضەڵ شامی لەدەس چوو و لەباتی ئەو قەڵا پچووکەکەی (سارخەد)ی بە موڵکانە درایە. لە ساڵی ٥٩٥ی هیجریدا کە مەلیك عەزیز وەفاتی کرد، دەسی مەلیك عادیل لەئیش کێشرایەوەو مەلیك ئەفضەڵ لە قاهیرەوە بانگ کرا تا بێتە نائیبی مەلیك مەنصوور (کوڕە پچکۆلەکەی مەلیك عەزیز). مەلیك ئەفضەڵ ئەیویست لەم فورصەتەدا شام داگیر بکا، بەڵام مەلیك عادیلی مامی مەیدانی نەدایە و بەینی ئەفضەڵو طەرەفدارانی تێك داو تەنگی بە ئەفضەڵ هەڵچنی نیهایەت لە (ڕەبیعول ثانیی ٥٦٩)ی هیجریدا تەسلیم بوو، وە بە ناعیلاجی گەڕایەوە قەڵای (سارخەد).

مەلیك ئەفضەڵ، ساڵی دوایی لەگەڵ مەلیك ظاهیری برای کە حاکمی حەڵەب بوو و وەعدی دابوویە کە شامی بۆ زەوت بکا، ئیتیفاقی کرد. واقیعەن لەشکری مەلیك ظاهیر هاتە سەر شام و ئەم شارە ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتە دەستیان، بەڵام لەو وەقتەدا بەینی دوو برا تێك چوو و واز لە موحاسەبە هێنرا.

مەلیك ئەفضەڵ گەڕایەوە (حومص)و لەوێ ماڵو منداڵی هەڵگرتو چووەوە (سەرخەد). لە نەتیجەی موخابەرەو موذاکەرەدا ساڵی دوایی لەطەرەف مەلیك عادیلەوە هەرچەندە قەلعەتول نەجم، سرووجو سومەیسادی درایە، بەڵام لە ٥٩٩دا ئەم مەوقیعانەی لێسێنرایەوە. دایکی لەلای مەلیك عادیل بۆی کەوتە تکاوە بەڵام فائیدەی نەبوو هیچی بۆ نەکرا مەلیك ئەفضەڵ کە وایزانی قەڵای (سومەیساد)ی

باش تەعمیر کردەوەو ئیعلانی تابیعیی بە "ڕوکنوددین سلێمان"ی دووەمی حوکمداری سەلجووقیی ئەناطۆڵی کرد، وە بە کۆمەکی سێیەم خەلەفی ئەم حوکمدارەوە، کە "کەیکاوس" بوو، لەدوای وەفاتی مەلیك ظاهیری برای بۆ زەوتکردنی حەڵەب و دامەزراندنی حکوومەتێك تەجرەبەی طاڵعی کرد. ئەم تەشەبوثە بە سەبەبی ئیختیلافی بەینی موتتەفیقین و موداخەلەی مەلیك ئەشرەفی کوڕی مەلیك عادیل سەری نەگرت (٦١٥ھ). مەلیك ئەفضەڵ لەدوای ئەمە وازی لە تەشەبوثاتی تر هێناو گەڕایەوە (سومەیساد)و تا ئاخیری عومری لە حالێکی مەترووکیو ئینزیوادا ژیا و لە (صەفەری ٦٢٢)دا لە (سومەیساط) کوتوپڕ وەفاتی کرد.

مەلیك ئەفضەڵ لەدوای ئەمە کە لە حکوومەتی سووریەو فەڵەسطین مەحرووم کرا شکاتی بردە لای خەلیفە ناصیروددین ئەڵڵاو کاغەذێکی بۆ نووسیو لەو کاغەذەدا بەم ڕوباعییە کە ئەثەری خۆیەتی تەظەڵلومی حاڵیی کرد.

| | |
|---|---|
| مولای ان ابابكر وصاحبه | عثمان قد غضبا بالسيف حق علي |
| وهو الذي كان قد ولاه والده | عليهما فاستقام الامر حين ولى |
| فخالفاه وحلا عقد بيعته | والامر بينهما والنص فيه جلي |
| فانظر الى حظ هذا الاسم كيف لقى | من الاواخر ما لاقى من الاوائل ! |

خلیفە لە جوابەکەیدا گوتی:

| | |
|---|---|
| وافى كتابك يا بن يوسف معلنا | بالصدق يخبر ان حقك ظاهر |
| غصبوا علياً حقه اذ لم يكن | بعد النبي له بيثرب ناصر |
| فاصبر فان غداً عليه حسابهم | وابشر فناصرك الامام الناصر |

ئەم مەلیکە بەدبەختە صاحێب فەضڵو مەعریفەتو موحیبی عولەما بوو، لە شیعر و ئەدەبیاتیشدا بەهرەدار بوو.

# ئەبول فیداء[1]

ئەم ئەمیرە یەکێ لەو پیاوە گەورانەیە کە لە هەموو خوصووصیێکەوە مەظهەری لوطفی طالع بوون. ذەکایەکی ئاتەشین، عیلمو عیرفانێکی بڵندی بوو، لە مەیدانی شەڕدا قەهرەمانێکی بێئەمثال، لە مەجلیسی عیلمو ئەدەبدا شاعیرێکی مومتاز، لە مەحفەلی صوحبەتدا چەلەبییەکی شیرین بوو. لە جەلبکردنی تەوەجوهی مولووكو سەلاطین سیاسییەکی شارەزاو لە ئیدارەی مەملەکەتدا ئەمیرێکی بێهەمتا بوو.

کوڕی"مەلیك ئەفضەلودین نووروددین"ی کچەزای ئەمیر عومەری کوڕی شەهنشاهی برای سوڵطان صەلاحەددینە. ئەمیر تەقیوددین عومەری باپیری لەطەرەف موجاهیدی ئەعظەم سوڵطان صەلاحەددینەوە کرابوو بە ئەمیری (حەما). مەلیك ئەفضەلی باوکی لەلای مەلیك مەنصووری برای بوو کە حاکمی ئیرثیی (حەما) بوو لەوەقتێکدا کە لافاوی مەغۆل گەیشتە حەلەب، بە خۆیو عائیلەیەوە چووە (شام) ئەبول فیداء لێرە (شام)داو لە ساڵی٦٧٢ی هیجریو لە مانگی جومادیل ئوولادا تەوەللودی کرد.

هێشتا لە عومری منداڵیدا بوو، کە لەگەڵ موجاهیدیندا داخڵی شەڕی ئەهلی صەلیب بوو لە دوانزە ساڵیدا لەگەڵ بەعضێ موجاهدین چوو بۆ فەتحی قەصرە مەحکەمەکەی (مەرقەب). لە شانزە ساڵیدا لەگەڵ باوکی چوو بۆ سەندنەوەی (طەرابولسول شام)، لە ٦٩١دا لەگەڵ ئۆردووی موجاهیدین چوو بۆ سەندنەوەی (ڕۆم قەلعە)و لەم شەڕەدا شۆرەتێکی بەرزی پەیاکرد.

لە ٦٩٧ی هیجریدا ئیشتیراکی شەڕی ئەرمەنستانی بچووکی کردو لە ٦٩٨دا مەلیك موظەفەر تەقیوددین مەحموودی مامی بە وەجاخکوێری وەفاتی کردو ئیمارەتی (حەما)یان لەدەس چوو کەوتەدەس "سونقور". ئەبول فیداء لە

[1] لە ژمارە ١١-١٢ی ساڵی ١ی تشرینی یەکەم-تشرینی دووەمی ١٩٤٠، ل٣-٧ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

مەعییەتی ئەم ئەمیرەشدا دەوامی لەسەر خزمەت کرد. لە ٧٠١ی هیجریشدا لە شەڕی (سیس)دا بوو ئیشتیراکی موحارەباتی مەغۆلیشی کردو لەشکرێکی مەغۆلی لەنزیك (پالمیر) شکاند. خولاصە مەئاثیرو ئیخلاص‌و جەلادەتی ئەبول فیداء نیهایەت لەطەرەف سولطانی میصرو سووریە کە"مەلیك ناصر بن قەلاون" بوو تەقدیر کراو ئیمارەتی (حەما)ی درایە. ئەبول فیداء لەسەر ئەم لوطفە بۆ تەشەکور چووە میصر. وە لە قاهیرە ئیستیقبالێکی لایەقی بۆ کرا. حەتا"ئەمیر ئارغۆن"یش بە قەصدی تەعظیم بۆ ئەبول فیداء لەگەڵ هەموو ئەمیرەکانیا بەپێیان لە ڕکابیدا بوون.

مەلیك ناصر، لە زیارەت‌و مولاقاتی ئەم ذاتە، کە لە عەصری خۆیدا بە عیرفان‌و جەلادەتی بێنەظیر بوو، زۆر مەمنوون بوو. بە خۆی‌و ئومەرای خەڵات‌و دیارییەکی زۆری دا، ڕەوانەی کردەوە (حەما) (جومادیل ئاخەری٧١٠).

ئەبول فیداء لە تاریخەکەی خۆیدا بە زمانێکی شوکران باسی ئەم مولاقاتە ئەکا. بەم موناسەبەتەوە مەلیك ناصر عینوانی"مەلیکول صالح"ی پێبەخشی. ئەبول فیداء، لە ٧١٩ی هیجریدا، لەگەڵ مەلیك ناصر چوو بۆ حەج، وە کە هاتەوە عینوانی"مەلیکول موئەیید"ی درایەو، موساعەدەی کرا لە داخلی سەڵطەنەتی (حەما)دا ئیسمی لە خوطبەدا بخوێنرێتەوە.

ئەبول فیداء، تا دوایی لەگەڵ مەلیك ناصردا باش گوذەرانی کردو وەفا و ئیخلاصی خۆی نواند. مەلیك ناصریش خوا حەقە زۆر حورمەت‌و ڕیعایەتی ئەکردو حەتا لە کاغەذیدا (برادر)ی بۆ ئەنووسی‌و ئەمری بە والییەکانی سووریە دابوو کە دائیمەن حورمەت‌و تەعظیمی بۆ بکەن.

لەو دەوری شەڕوشۆڕەو نیفاق و ئیختیلافەدا بەم دەرەجەیە مووەفەق بوون، دەلیلێکی زۆر گەورەیە بۆ حوسنی ئیدارەو سیاسەتی عالییەی ئەبول فیداء، وە حەتا لەسایەی ئەم فەطانەت‌و کەیاسەتەیەوە بوو کە خیلافی سیاسەتی ئەو دەورە، ئیمارەتە پچووکەکەی (حەما) زۆر دەوامی کرد.

ئەم ذاتە گەورەیە، لەلایەکەوە بۆ ئیدامەی حوسنی موناسەبات لەگەڵ سولطانی میصردا مەشغووڵ بوو و، لەلایەکەوە بەرامبەر بە ڕەقابەت‌و حەسادەتی براکانی خۆی موحافەظە ئەکردو، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ تەدقیقات‌و تەتەبوعات خەریك بوو.

سەراكەی مەجمەعی ئەهلی عیلمو فەن بوو، مەلیكول صالح ئەبول فیداء، بە مەعلووماتی واسیعەی لە فیقھ، تەفسیر، ئوصوول، نەحو، تەئریخ، فەلسەفە، مەنطیق، طیب، عەرووض، بەلاغەت، میقات، جوغرافیاو عولوومی طەبییعەدا ڕەونەقو ویقاری بەم مەجلیسانە ئەدا. بەڕاستی نادر ئینسان هەیە كە بەقەد ئەبول فیداء طاڵعێكی چاكو بەرزی هەبێ، ذەكای زۆر بە قووەت، فەهمو ئینتیقالی سەریع، وقووفو مەعلووماتی واسیع بوو. لەحاڵی حەیاتدا زۆر خۆشەویستو موحتەرەم بوو، وە هیچ شوبهە نییە كە ئینسانی حاضیرەو موستەقبیلەش دەرحەق بەم موئەرریخ و عالمە گەورەی جغرافیایە دائیمەن حوسنی حورمەتو منەتداری ئەنوێنێ.

ئەبول فیداء زۆر موحیبی صەنایعی نەفیسەو ئەدەبیات بوو، بیلنەفس خۆی مەنظوومو مەنثوور گەلێكی نووسییەوە.

دەرەجەو وقووفی لە عولوومی طەبیعییەو طیببییەدا بە دەرەجەیەك بوو كە دەفعەیەك لەگەڵ هەرە مەشهوورینی عولەماو ئەطیبا وەكوو"صەلاحوددین ئیبنول بورهان"، "شێخ زەینوددین ئیبنول قوبەع" و"شێخ جەمالوددین ئەلئوشنەوی"دا كەوتە موصاحەبەی عیلمییەوە، لەدواییدا كە شێخ زەینوددین لە مەجلیس هاتە دەرەوە، بەیانی حەیرانی كردو وتی: ((لەناو موڵكی ئیسلامییەدا كەس ناناسم كە لە عیلمدا گەیشتبێتە ئەم دەرەجەیە)).

طەبیعەتی شیعرییەی زۆر عالی بوو، ئەم ڕوباعییە هی ئەوە:

كم من دم حللت وما ندمت      تفعل ما تشتهي فلا عدمت

لو أمكن الشمس عند رؤيتها      لثم مواطئ أقدامها لثمت

ئەبول فیداء، لە ٢٣ی موحەڕڕەمی٧٣٢داو لە عومری شەستساڵیدا وەفاتی كردو، لە (حەما) لە مەرقەدەكەیدا كە لەطەرەف خۆیەوە حاضر كرابوو، دفن كرا (١٣٣١ی میلادی).

ئاثاری لایەمووتی مەلیك صالح ئەبول فیداء بەڕاستی زۆرو شایانی حەیرانە. "ئیبنول كوتوبی" ئەڵێ: ئەبول فیداء، دەرحەق بە فیقھ لەژێر عینوانی (الحاوي)دا ئەثەرێكی مەنظوومی، وە دەرحەق بە طیب لەژێر عینوانی (النكاش)دا

چەند جلْدێکی نووسیوە. (کتاب الموازین)ی ئەثەرێکی موخەللەدو بەدیعە. بەلاّم ئەوی کە ناوی ئەبول فیدائی بلْند کردۆتەوە، دوو ئەثەری گەورەیەتی: (المختصر في تاریخ البشر) و (تقویم البلدان)ە.

ئەووەڵەکەیان چوار جلْدەو شۆرەتێکی گەورەی هەیە. ئەساسەن دوو قیسمە، قیسمی ئەووەلی باسی وقووعاتی تەئریخییەی پێش ویلادەتی نەبەوی ئەکاو، قیسمی دووەمیشی لە ویلادەتی نەبی (ص)یەوە تا ٧٢٩ی هیجری. هەموو حادیثاتێکی تەئریخییە ئەگرێ. ئەم کتێبە لە ١٢٨٩ی هیجریدا لە ئەستەمبووڵو، لە ١٨٣١دا لە (لایبزیق) تەرجەمەو طەبع کرا. لە ١٧٢٢دا تەرجەمەی ئینگلیزیی لە (ئۆکسفۆرد)داو، لە١٨٣٧دا تەرجەمەی فڕانسزیی لە (پاریس)دا طەبع کراوە.

(تقویم البلدان)یش ئەثەرێکی بەدیع و مومتازەو دائیر بە جوغرافیای ئیسلامە. موئەللیف لە ساڵی٧٢١ی هیجریدا تەواوی کردووە، وە لەدواییدا بە ئەلسینەی ئەوروپا تەرجەمەو طەبع کراوە (اسلامده تاریخ و مؤرخلر، لاپەڕە-٢٠١:٢٢٠).

# مەولانا ئیدریس بتلیسی[١]

لە فوضەڵاو عالمە هەرە مەشهوورەکانی کوردە، بە (حەکیم) شۆرەتی سەندبوو[٢]، ئەصڵەن خەڵکی هەکاری‌و کوڕی موتەصەوویفی مەشهوور"حوسامووددین"ە. لە ئێراندا تەحصیلی کردووە. لە فارسی‌و عەرەبیدا زۆر شارەزاو بەسەلیقە بوو ئەوەوڵ وەظیفەی کاتبییەتی خوصووصیی سوڵطان یەعقووبی کوڕی "حەسەنە درێژ"ی ئاق قۆیونلی بوو. لەدوای غەلەبەیەکی سوڵطان بایەزیدی دووەم بەناوی سوڵطان یەعقووبەوە تەبریکنامەیەکی بۆ سوڵطان بایەزید نووسی‌و سوڵطان بایەزید عاشقی ئوسلووبەکەی بوو، ئارەزووی کرد کە بیهێنێتە لای خۆی (٨٨٩ی هیجری)،و لەدوای ئەمە کە لە حکوومەتی ئاق قۆیونلیدا گەیشتە پایەی وزارەت، چووە لای سوڵطان بایەزید[٣]و قەدر و حورمەتێکی زۆری گیرا، وە لەسەر ئارەزووی سوڵطان دەسی کرد بە نووسینی تەئریخی (هەشت بەهەشت) لەدەورەی سوڵطان سەلیمدا زۆر موحتەرەم‌و لەپێش بوو بە عینوانی (قاضیی عەسکەریی عەرەبستان) لە مەعییەتی یاوزدا بوو. لەدوای ظەفەری (چاڵدێران)، بۆ تەسلیم‌و وەرگرتنی شاری (تەورێز) بە ئەمری یاوز نێررا و ئیستیحضاراتی ڕەسمیی دوخولی یاوزی کرد.

لە فەتحی بێشەڕی کوردستاندا بۆ حکوومەتی عوثمانی خدمەتێکی گەورەی کرد. بۆ زەوتی دیاربەکر و ماردین فیعلەن ئومەرای کورد زۆر موعاوەنەتیان کرد، (ئورفە)و (مووصڵ)و ولاَتانی تری شیماڵی جزیرە دیسان بە موعاوەنەتی ماددییەو مەعنەوییەی ئەو بۆ حکوومەتی عوثمانی ساغ بووەوە.

---

[١] لە ژمارە ١-٢ی ساڵی ٢ی کانوونی دووەم-شوباتی ١٩٤١ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاَوبووەتەوە.
[٢] ئینسیقلۆپەدیا بە تورکی دائەنێ و، لەمەدا بە سەهوو چووە بەیاناتی سیجیللی عوثمانی ڕاستترە.
[٣] موتەرجیمی تەئریخی هامەر، عەطابەگ ئەڵێ: ئەووەڵ وەظیفەی مەولانا ئیدریس تەوقیعی شاه ئیسماعیلی صەفەوی بوو، لەدواییدا چوو بۆ حەج‌و، کە گەڕایەوە هاتە لای سوڵطان بایەزید (مدخل. لاپەڕە-٣٦).

ئـەووەڵ کەسـێ کـە ئیـدارەی داخلییـەی کوردسـتانی بـەگوێرەی ئیحتیاجـاتی ئـەو عەصرە بۆ حکوومەتی عوثمانی ڕێك خست ئەم ذاتە بوو.

بە تەطبیقکردنی شکڵی فەدراسیۆن، تەسهیلی دەوامی ئیماراتی مەحەللییەی کورد بناغەیەکی باشی بۆ کوردایەتی داناو ئەگەر ئـەم ئیماراتانـە خۆخۆرییـان نەکردایـەو لـەناو خۆیانا یەکیان بگرتایە ئیستیقبالی کوردایەتییان زۆر باش تەئمین ئەکرد.

خدمەتێکی مەشکووری مەولاناش، تـەئمینکردنی ئیمـاراتی (حصن کیـف) بـۆ مـەلیك خەلیلی بوو کە بەو تەرحە چرای ئەیووبیی لە کوژانەوە پاراست.

لە مەعییەتی یاوزدا ئیشتیراکی سەفەری میصریشی کردو لەدوای فەتح، دەرحـەق بـە ئیدارەی میصر، زۆر بێباکانە یاوزی ئیرشاد کرد، وە ئەم نەصیحەتە بـە تەهلوکەیـەش لـە شـکڵی قەصیدەیەکی فارسیدا تەقدیمی سوڵـطـان سـەلیم کـردو ئـەو سوڵـطـانـە توند تەبیاتە گوێی لێگرت.

مەولانا ئیدریس، لە ئەستەمبووڵ لە ساڵی ٩٢٦ی هیجری (١٥٢٠م)دا یـەعنی لەگـەڵ سوڵطان سەلیم لـە عـەینی سـاڵدا وەفاتی کـردو لـە قەبرسـتانی ئەبائـەیووبی ئەنصاریدا تەودیعی ڕەحمەتی خوا کرا.

بە تەشویقی سوڵطان بایەزید لەژێر عینوانی (هەشت بەهەشت)دا، تـەئریخی هەشـت پادشـاهی عوثمـانیی نـەظمـەن بە فارسـی نووسـی. ئـەم تەئریخـە، یەکـەم تەئریخێکـە کـە دەرحەق حکوومەتی عوثمـانی نووسـراوەو ٨٠٠٠٠ شیعرە. شـەش کتێب و سێ جلـدەو ئەثەرێکی مومتازە[1]. "ئیدریس کۆشکی"ی ئەیووب سوڵـطـان بـەناوی ئەمـەوە نـاونراوە. لـە سـێ زمانـدا (فارسـی، عـەرەبی و تـورکی) ئەشـعار و قەصـائیدی زۆر جـوانی هەیـە. مونشییەکی زۆر بڵند بوو.

تەئریخی هاممەر ئەڵێ، مەولانا ئیدریس، بۆ مەذهەبی قزڵبـاش، کـە ئـەثـەری ئیجـادی شا ئیسماعیل بوو، (مەذهەبی ناحەق)ی گوتبوو. لەسەر ئەمە شـا ئیسماعیل خەبـەری بـۆ ناردو باسـی حوقـووقی قەدیمـەی بـەینی خۆیـان و عـاجزیی لـەم تەعـەروضـە کـرد. بـەڵام مەولانا لە جوابدا، گوتبووی کە ئەعلا حەضرەتـی شـاه غەڵـەطـی بیسـتووە، من ((مـذهبنا حق))م گوتووە. بەم نوکتەیە شاه ئیسماعیل مەمنوون بوو (جڵد-٣، لاپەڕە-٩٤).

---

[1] تاریخی(هشت بهشت)ی بچووك كە ئەثەری"سوها"یە، ئەبێ لە ئەثەرەکەی مەولانا تەفریق بکرێ.

## ئەمیر ئەرسلان خان

کوڕی ئەحمەدخانو ئەمیری دەنابولەیە. بەینێك حاکمی (تەوریز)و لە خەواصی وەلیعەهد عەباس میرزا بوو. لە١٢٤٠ی هیجریدا بوو بە حاکمی (خۆی)، لە دەوری محەمەد شاهدا بوو بە حاکمی (خەمسە)و (زنجان)، لەدواییدا حکوومەتی (قەرەباغ)ی درایە. زۆر عالمو فاضیلو لە عیلمی حەدیثدا بەهرەی بوو، لە ئەواخیری عومریدا داخڵی سلکی دەروێش بوو. لە موحارەبەی عەباس میرزا لەگەڵ حکوومەتی عوثمانیدا بوو و کرا بە حاکمی (بایەزید)، لەبەینی ئومەرای عوثمانیو ڕووسدا بەشۆرەت بوو، لە ١٢٥٤دا وەفاتی کرد.

## عیمادوددین ئیسماعیل

عینوانی (مەلیکول صالح)و کوڕی مەلیك عادیلی ئەیووبی، لە زەمانی باوکیا حاکمی شام بوو. لەپاشدا مەلیك شامی لێسەندو (بەعلبەك)ی دایە. وەقتێك کە مەلیك صالح نەجموددین هات بۆ میصر، (شام)ی لە مەلیك جواد سەندو چوو بۆ طەرەفی فەڵەسطین. لەم بەینەدا عیمادوددین ئیسماعیل لەگەڵ ئەسەدوددین شێرکۆی کوڕی ناصیروددین محەمەد (حاکمی حومص)دا ئیتیفاقی کردو قەراری زەوتکردنی (دیمەشق)یان داو بە لەشکرەوە ڕوویان تێکردو گرتیان. بەڵام زۆری پێنەچوو مەلیك صالح نەجموددین لێی سەندەوە (٨ی جومادیل ئوولای٦٤٣) و تەنیا (بەعلبەك)ی بەدەستەوە هێشت.

## سوڵطان ئیسحاق

لەسەر مەذهەبی (ئەهلی حەق)ـە، بەگوێرەی ئیددیعای مەنسووبانی ئەم مەذهەبە، ئەبێ ئەم ذاتە لە عەصری چواردەمینی میلادیدا ژیابێ کوڕی"شێخ عیسا"یەو دایکیشی"خاتوون دانزە"ی کچی "حەسەن بەگ جالا"یە. سوڵطان ئیسحاق لە"خاتوونە بەشیر"ی ژنی حەوت کوڕی بووەو (حەوتان)یان پێئەڵێن،

وه هـەروەکوو (حـەوتان)، خۆشـی چـوار مەلائیکـەی هـەبوو و ناویـان: بینیـامین، داود، مـصطەفـا داودان، پیرمووسـا بـووەو هەریـەکێ لەمانـە وەظیفـەیـەکی مەخصووص بووە.

سولـّطـان ئیسحاق، لـە کوردسـتانداو لەبـەینی چیاکانی زاگـرۆس (دەڵاهـۆ)و چەمی (سیروان)دا مەذهەبەکەی نەشر کردووە. بە ڕیوایەتێك سولـّطان ئیسحاق بە (گۆرانی) قصەی کـردووەو لـەو عەشـائیرە بـووە. قـەبری خـۆیو ڕەفیقـەکانی لـەلای ڕاستی (سیروان)و لە هەورامانی (لوهۆم)دایە. (ئینسیکلۆپەدیای ئیسلام. جلـّد-٤)

# مەلیك صاڵح نەجموددین ئەیووب[1]

کوڕە گەورەی مەلیك کامیل کوڕی مەلیك عادیل کوڕی ئەیووبە، لە ساڵی٦٠٣ی هیجری (١٢٠٧ی میلادی)دا هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی٦٢٥دا، باوکی بە وەلیعەهد ئیعلانی کردو، لەوەقتێکدا کە خۆی لەگەڵ شەڕو دەعوای سووریە مەشغووڵ بوو، ئەوی کردبوو بە وەکیلی خۆی لە میصردا.

لە زەمانی باوکیدا لە جیهەتی جزیرە گەلێ جێی زەوت و لەطەرەف باوکییەوە (حصنکێف) و (ئورفە)ی پێبەخشرابوو. لەدواییدا (سنجار) و (نصێبین)یشی داگیرکرد (٦٣٥هیجری)و، بەم نەوعە لە حاڵی حەیاتی باوکیدا بوو بە حاکمی طەرەفی شەرق و کەس نەیئەتوانی ناڕەحەتی بکا.

لەدوای وەفاتی باوکی مەلیك عادیلی دووەمی برای لە میصردا بوو بە سوڵطان، وە مەلیك صاڵح لەوەقتێکدا کە (ڕەحبە)ی موحاصەرە کردبوو، خەبەری وەفاتی باوکی گەیشتێ‌و، بە موخالیفی لەشکری خوارەزمی کە لە مەعییەتیدا بوون، بۆی نەکرا واز لە موحاصەرە بهێنێ‌و ڕووی بکاتە میصر، وە حەتا بە زەحمەتێکی زۆر لە دەسیان نەجاتی بوو. وە لەم وەقتەدا غیاثوددین سوڵطانی ڕۆم‌و بەدروددین لوئلوئی مووصڵ طەمەعیان کردە وڵاتەکانی‌و بەعضێکیان داگیرکرد. لەدواییدا حەقی لە بەدروددین لوءلوء سەندو خراپ شکاندی‌و، سوڵطان غیاثوددینی لەدەوری دیاربەکر دوورخستەوە. لە ٦٣٦ی هیجریدا موعەظەم تووران‌شاهی کوڕی بەسەر جزیرەوە بەجێهێشت‌و ڕووی کردە شام‌و ئیشغالی کرد.

سوڵطان عادیلی دووەم لەگەڵ حاکمی (کەرەك) پرنس داوددا بە موتتەفیقی عەزمی شەڕیان لەگەڵ مەلیك صاڵحدا کرد. بەلاّم قیسمێ لە ئومەرای سوڵطان عادیل ئیلتیحاقیان کرد بە مەلیك صاڵح‌و، داودیش بوو بە طەرەفداری‌و شامی لێ داواکرد. بەلاّم مەلیك صاڵح قوبووڵی نەکردو، لەگەڵ قووەتێك بە فیکری فەتحی میصر ڕووی کردە فەلەسطین. لەپاشدا مەلیك صاڵح ئیسماعیلی مامی لەگەڵ ئەمیری (کەرەك)دا زۆر

---

[1] لە ژمارە ٣ی ساڵی ٢ی مارت-نیسانی ١٩٤١ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاوبووەتەوە.

فیڵیان لیٚکردو موددەتیٚ بەدەستیانەوە ئەسیر ما. نیهایەت لە ئیختیلافی بەینی مەلیك عادیلی برای‌و مەلیك صاڵح‌و داود ئیستیفادەی کردو، لەدوای ئەمە کە مەملووکی ئەشرەفییە مەلیك عادیلی دووەمیان خەلع‌و حەپس کرد، چووە میصرو لەویٚ سوڵطانیی ئیعلان کردو، تورانشاهی کوڕیشی طەرەفی جزیرەو شەرقی موحافەظە کردو، بەرە بەرە سووریەشی بۆ خۆی ساغ کردەوەو سەڵطەنەتی ئەیووبییەی کە بە خەطایەکی سیاسی لەطەرەف مەلیك عادیلی ئەووەلەوە کرابوو بە سیٚ بەش، بە غەیری (حەڵەب)و (مووصڵ) ئیحیای کردەوەو، لە (غەززە) ئۆردووی موتتەفیقینی مامی‌و داودو فەرەنگی بەتەواوی شکاندو، قودسی شەریف‌و فەڵەسطینی ئیستیرداد کردەوە. لەم شەڕانەی دواییدا ئیستیفادەی لە بەقییەی ئۆردووی خوارەزمی کرد. بەڵام لەدواییدا ئەم لەشکرە لەگەڵ دوشمنانی مەلیك صاڵحدا ئیتیفاقیان کردو لەبەر ئەوە مەلیك صاڵح لە شەڕی (قەصاب)دا پەریٚشانی کردن. مەلیك صاڵح، لەوەقتیٚکدا کە لە سووریە بۆ دەفعی شەڕوشۆڕی مامی‌و ئەمیر داودو ئەشقیای خوارەزمی مەشغووڵ بوو، لە ئەورووپاوە سەفەری هەشتەمینی ئەهلی صەڵیب حاضر ئەکرا. قوماندانیان"لویی" حەوتەمی قڕاڵی فرانسە بوو. ئەهلی صەڵیب هاتنە ساحیلی میصرو (دومیاط)یان ئیشغال کرد. لەدواییدا ڕوویان کردە (قاهیرە)و، لەم بەینەدا مەلیك صاڵح لە ١٥ی شەعبانی ٦٤٧دا وەفاتی کرد.

لەناو ملووکی ئەیووبییەی دواییدا هیچیان لەدەوری حکوومەتیانا بەقەد مەلیك صاڵح تووشی ئەزیٚت‌و مەصائیب نەبوون. بەڵام ئەم ذاتە بەڕاستی عەزمیٚکی بەقووەت‌و ئۆردوویەکی زۆر بڵندی نواندو، موڵکی بڵاوی سوڵطان صەلاحەددینی سەرلەنویٚ کۆکردەوەو وەحدەتیٚکی باشی تیا هیٚنایە وجوود. ضەبط و ڕەبطی ئیدارەو حەربییەی بەشیددەت بوو.

بۆ ئیعماری مەملەکەت مەراقیٚکی فەوقەلعادەی هەبوو. قەرارگاهی (ڕەوضە)و (کەبش)ی‌و، مەدرەسەکەی لە زەمانی خۆیدا زۆر مەشهوور بوو، شاری (صاڵحییە)ی بە فیکری ئەمە کە قەلایەك بیٚ بۆ حودوودی میصر، بیناکردو بەعضیٚ ئاثاری تریشی هیٚنایە وجوود (ئینسیقلۆپەدیای ئیسلام جلد-٤، لاپەڕە-١١٠).

فۆن هاممەر لە جڵدی چوارەمی تاریخەکەیدا ئەڵیٚ: (( سوڵطان صەلاحەددین، مەلیك عادیل، مەلیك کامیل و مەلیك صاڵح ناوی خۆیان، بە دروستکردنی گەلیٚ موئەسسەساتی دینییە و عیلمییە و نافیعە، لە میصردا ئیبقا کردەوە )).

## ئیسماعیل پاشا[1]

ئاخر ئەمیری بادینانە. لە وەقتی تەعەروضی"محەمەد پاشا"ی سۆراندا حاکمی (عەقرە) بوو، وە ئیمارەتی بادینان بەدەس سەعید پاشاوە بوو (ڕەنگە برای ئیسماعیل پاشا بێ). لەدوای ئەمە کە عەقرەی لەدەس چوو، تا دەوری نوشستیی محەمەد پاشا هیچی بۆ نەکرا. لەدوای ڕەسووڵ پاشای حاکمی (عەمادییە) ئەم قەڵایەی گرتو بوو بە ئەمیری بادینانو بە سەربەخۆیی ئیدارەی گرتە دەست. موتەصەڕیفی مووصڵ "ئینجە بایراقدار محەمەد پاشا" لە ١٢٥١ی هیجریدا لەشکری کردە سەریو (عەمادییە)ی گرت. ئیسماعیل پاشا خۆی کێشایە قەڵای (نیروا)و، لەدوای گەڕانەوەی موتەصەڕیفی مووصڵو ڕابوردنی موددەتێك، بە یارمەتیی ئەشرافی عەمادییە تیکرار وڵاتەکەی هێنایەوە ژێر دەسی خۆی (١٢٥٨ھ).

تیکرار لەشکری مووصڵی هاتە سەر، بەڵام هیچی پێنەکراو بەینێك مووصڵیشی تەهدید کرد. لەدوای تەسلیمبوونی محەمەد پاشای گەورە، لەشکری صەدری ئەعظەم ڕەشید پاشا هاتەسەریو، لەدوای موحاصەرەیەکی کورت تەسلیم بوو و، نێررایە بەغداو لە حەبسخانەدا وەفاتی کرد.

## ئیسماعیل تەیموور پاشا

کوڕی مەشهوور محەمەد تەیموور پاشای کوردە کە لەطەرەف خدێوی میصر محەمەد علی پاشاوە کرا بە حاکمی حیجاز. ئیسماعیل پاشا، لە زەمانی خدێوی عەباس پاشای ئەووەڵو سەعیدو ئیسماعیل پاشادا گەڵێ مەقاماتی گەورەی ئیشغال کردو، ئاخر وەظیفەی ڕەئیسی دیوانی خدێوی بوو. باوکی شاعیرەی مەشهوورە عایشە تەیموور خانمەو لە ساڵی ١٨٨٢دا لە میصر وەفاتی کرد.

[1] لە ژمارە ٥-٦ی ساڵی ٢ی مایس-حوزەیرانی ١٩٤١، ل١-١٠ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

## ئیسماعیل حەقی بەگ بابان

کوڕی مصطەفا ذهنی پاشا. لە دەورەی مەشرووطییەتی عوثمانیدا (١٣٢٤ی ڕۆمی) لە ئەرکانی گەورەی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیو خەطیبو حوقووقییەکی مەشهوور بوو. وە بەینێك بوو بە وەزیری مەعاریفو، لەدوای دوو ساڵ (١٣٢٩ی ڕۆمی) لە ئەستەمبووڵ وەفاتی کردو لە مزگەوتی بایەزیددا نێژرا. زۆر عالمو فاضیلو موحەڕریرێکی مەشهوورو موقتەدیر بوو. لەگەڵ عەلی ڕەشاد بەگ دوا ئەثەریان نووسیوە: (بسمارقك حیات سیاسیەسی)و (دریفوس مسئلەسی). بێجگە لەمانە دوو ئەثەری تریشی هەیە: (حقوق اساسیە)و (عراق مکتوبلری).

## مەلیك ئەشرەف

بەم ناوەوە دوو ئەمیر هاتووە:

١- کوڕی مەلیك عادیل کوڕی مەلیك محەمەدی ئەیووبیو ئەمیری (حصن کێف) بوو. لە (ماردین) چووە لای"تەیموور لەنگ"و لەطەرەف ئەم پادشایەوە تەصدیقی ئیمارەتی کراو بە شکلێکی تابیعی موددەتێ ئەمارەتی کردووە.

٢- مەلیك ئەشرەف حاکمی بتلیس بوو. لەپێش ئەمارەتیدا لە ئۆردووی ئەیووبیدا قوماندان بوو. وە لەپاش تەشکیلی ئیمارەتی بتلیس بەینێك بە سەربەخۆیی ژیاو کە جەلالوددین خوارزمشا هات طەرەفداریی کرد. بەڵام لەدواییدا لە ترسی مەغۆل لە وڵاتەکەی خۆی دەریکردن.

## ئیسماعیل ئەلکوردی

لە عولەمای بەناوی عەصری دەیەمینی هیجریی شامە، لە عیلمی مەعقوولاتدا صاحێبی یەدی طوولا بوو. لە ٩٥٦دا لە شام وەفاتی کردووە.

## مەلیکول موعیز ئیسماعیل

کوڕی"طەفتکین"ی برای سوڵطان صەلاحەددینەو، لەدوای وەفاتی باوکی (١٦ی شەووالی٥٩٣) بوو بە ئەمیری (یەمەن)و لەدوای پێنج ساڵ ئیمارەت لە ڕەجەبی ساڵی٥٩٨دا کوژرا.

## ئەفراسیاب بەگ

ناوی دوو حاکمی لوڕی گەورەیە:

١- ئەتابەگ ئەفراسیاب کوڕی یووسف شاهە. زۆر توند تەبیاتو ظاڵم بوو. ڕووی لە حکوومەتی ئێلخانی وەرگێڕاو، حەتا جارێکیش لەشکری مەغۆلی شکان، لەدواییدا "کەیغاتو خان" لەشکرێکی تری نارده سەریو ئەتابەك ئەفراسیابی لە قەڵای (جاننجشت)دا موحاصەرە کرد وە قەتڵوعامێکی زۆریان لە لوڕستاندا کرد. ئەتابەگ ئەفراسیاب تەسلیم بوو، بەڵام دیسانەوە عەفوکراو حاکمێتیی لوڕستانی درایە. بەڵام لە ظوڵمو خراپە وازی نەهێناو، نیهایەت لەطەرەف"غازان خان"ەوە لە ٦٩٦هیجریدا کوژرا.

٢- ئەفراسیابی دووەم کە عینوانی"موظەفەروددین"و ناوی"ئەحمەد"و برای یووسف شاهی دووەم بوو. موددەتی حکوومەتی لە ٦٩٦ی هیجرییەوە تا ٧٥٦ دەوامی کردووە.

## ئاڵغ بەگ

برای حسێن بەگی خضر بەگی حاکمی (دریاس) بوو. لەدوای تەضییقی ئەمیرە پاشا، چۆتە ئەرضڕۆم لای فەرهاد پاشای سەردارو، بەڵام لێرە هیچیان بۆ نەکراو چوونە لای شاهی ئێران، وە ناحیەی (دەخوارەکان)ی (مەراغە)یان درایە.

## ئوڵغ بەگ

لە ئومەرای عەشائیری برادۆستە. لەدوای شەش ساڵ ویستی حەقی شوهەدای (دوم دوم) بسێنێ. شەوێك لەگەڵ چل کەسێکدا خۆی هاویشتە ناو

(قەڵای دوم دوم)و موحافیظی قزڵباشی لەناوبردو بۆ مودافەعە خۆی حاضر کرد. بەڵام لەوەقتی دابەشکردنی باڕووت بەسەر مودافیعیندا باڕووتەکە ئاگری گرت و دەموچاوی سووتاو ڕەفیقەکانی بە ناعیلاجی هەڵیانگرت و قەڵاکەیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن.

## ئەلقاس بەگ

کوڕی شەهباز بەگی ئەمیری عەشایری (ماهیدەشت) بوو لە ترسی "مەنصوور بەگ"ی مامی بووە تەبەعییەی عوثمانی. صاحێبی شەرەفنامە ئەڵێ ئەم ئەمیرە زۆر جەسوور و دەوڵەمەند بوو، موعاصیری شەرەفخانی بتلیسییە.

## ئیمام قولی بەگ

کوڕی قلیج بەگی ئەمیری عەشیرەتی بازۆکی و لە ئومەرای مەشهووری شاه عەباسی یەکەمە.

## ئیمام قولی سوڵطان

لە ئومەرای شاه عەباسی ئەووەڵ و حاکمی ئەسفەراینی خۆراسان بوو.

## ئەمانوڵلاخان

کوڕی خەسرەوخانی گەورەی حاکمی ئەردەڵانە و، وەك باوکی عینوانی "گەورە"ی بوو. لە١٢١٤ی هیجریدا بوو بە حاکمی ئەردەڵان. موئەریخینی (تەئریخی ئێران) سێر جۆن مالکۆلم و موستەشریق "ڕیچ" میوانی بوون و زۆر مەدحی حوسنی ئیدارەو شەخصییەتی ئەکەن. زۆر بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعاریف سەعی و ئاوەدانیی وڵاتەکەی تەئمین کردووەو لە زەمانیا شاری (سنە) ڕۆژی ڕەونەقی بووە. مالقۆلم، ڕیچ، چەریکۆف، دەرحەق بە عیمرانی سنە و باخوصووص (تالار) کە سەرای ئەمانوڵلاخان بوو، زۆر مەدح و ثەنا ئەکەن. لە١٢٤٠ی هیجریدا وەفاتی کردووە.

## ئەمانوڵڵاخان

ئـاخر والیـی خانـەدانی بـەنی ئەردەڵانـەو، لـە ١٢٦٥ی هیجرییـەوە تـا ١٢٨٤حکوومەتی کردووە. "چەریکۆف" ئەڵێ حکوومەتی طەهران لە ئیعتیباری ١٨٥١ی میلادییەوە موداخەلەی ئیش‌وکاری ئەردەڵانی کرد.

لە١٢٨٤دا شازادە فەرهاد میرزای کرد بە والیی کوردستان‌و حکوومەتی بەنی ئەردەڵان دوایی هات.

## ئەمیرخانی برادۆست

قـەهرەمانی مودافەعـەی مەشـهووری قـەڵای (دوم دوم)ـە، وە لـە ئومـەرای عەشـائیری (برادۆسـت)ـە، لـە شـەڕێکدا یارمـەتیی عومـەر بـەگی حـاکمی سـۆرانی داو دەسـێکی بـڕا. لـەدوای ئەمە بە ئـەمیرخانی یەکدەس شـۆرەتی سـەند. لـەدوای ئـەوە کە شـاه عەباسـی ئـەووەڵ ئـاذەربایجـانی سـەندەوە، ئـەمیرخان چـووە لای‌و شـاه زۆر حورمـەتی گـرت‌و، دەسـێکی ئـاڵتوونیی موزەییـەن بە جـەواهیری بـۆ دروسـت کـردو لـە جێگـەی دەسـە بڕاوەکـەی دانـراو، لەگـەڵ عینـوانی (خـان)ی نـەواحیی (تەرگـەوەڕ)و (مەرگەوەڕ)و (ئورمیٚ)و (شنۆ)ی دایەو، فەرمانی ڕەئیسی عەشائیری (برادۆست)ی بۆ نووسی.

لەپاش بەینێك بە موساعەدەی شاه، قەڵای (دوم دوم) (نزیك ورمیٚ)ی دروست کرد، ئومەرای شیعە بە سەبەبی ئیختیلافی مەذهەبەوە حەزیان لیٚ نەئەکردو بوختانیان بۆ هەڵئەبەست."پیر بوداق"بەگی حاکمی ئاذەربیجان شای تەفرەداو ویستی مانیعی دروستکردنی قەڵاکەی بیٚ. بەڵام ئەمیرخان گوێی نەدایەو تەواوی کرد. لەپاشدا شاه ویستی بۆ شکاندنی نوفووذی عەشائیری برادۆست دەهەزار جەردەیەکی جەلالی، کە لە خاکی عوثمانییەوە فیراریان کردبوە ئێران، لەناو برادۆستدا ئیسکان بکا. ئەمیرخان ڕازی نـەبوو و، لەسـەر ئـەوە لەشـکری ئێرانیـی هاتـە سـەرو لـە قـەڵای (دوم دوم)دا موحاصەرەی کرد (٢٦ی شەعبانی١٠١٧).

مەناقیبی جەلادەت‌و ئازایی مودافیعین لەطەرەف ئەسکەندەری مونشییەوە باش تەصویر کراوەو، بەڕاستی نموونەی جەلادەت‌و مەفاخیری کوردە[١]. ئەم قەڵایە نزیکی

---

[١] بۆ تەفصیلات تەماشای ( خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان) بکە.

سـالێك موقاوەمـەتی كـردو، لەدواییـشدا مـودافیعین مەردانـە دەسـتەویەخە تـا ئـاخر نەفەسیان لەگەڵ قزڵباشدا شەڕیان كردو كەسیان تەسلیم نەبوو.

## ئەمیرخان بەگ

كـوڕی بـەهلوول بـەگی ئـەمیری (مـەیافارقین)و لـە خانـەدانی سـلێمانیی‌یە. لەدوای باوكی بە فەرمانی عوثمانی بووە ئەمیر، بەڵام ئیدارەیـەكی باشـی نـەبوو و، نیهایـەت لـەطـەرەف حكوومەتـەوە ئـەمر درا بـە محەمـەد پاشـای والیـی دیاربـەكرو ئیعدام كرا.

## ئەمیرخانی موكری

برای شێخ حەیدەرو مامی قوبادبەگی ڕەئیسی عەشائیری موكرییە، ئەمیری (كرمرود) بوو. لە زەمانی شاە عەباسی یەكەمو لە قەتڵوعامی موكری (١٠١٩ﻫ)دا لەناوچوو.

## ئەمیر قولی سوڵطان

لـە ئومـەرای عەشـیرەتی (گـەڕووس)ی كـوردەو لـەلای شـاە عەباسـی یەكـەم مـەوقیعێكی گـەورەی بـوو و ڕەسمـەن ئـەمیری گـەڕووس بـوو. لـە١٠٢٨ی هیجریـدا ضـیافـەتێكی بـۆ ئومـەرای گـەڕووس كردبـوو و، لـەو وەقتـەدا لـەطـەرەف ئاغایـەكی ڕەقیبەوە بە حیلە كوژرا (تاریخی عالم ئارا).

## ئەمیرەیەك

بەم ناوو عینوانەوە سێ ئەمیری كورد بووە:

١- كوڕی حاجی عومەر بەگی صارم بەگەو لەطەرەف سوڵطان سلێمانی قانوونیی‌یەوە كراوە بە ئەمیری (موكری)و، سی ساڵێك ئەم ئیمارەتەی زۆر باش ئیدارە كرد.

٢- لـەدەورەی مـورادی ڕابیعـدا ئـەمیری سـۆران بـوو و، لـە سـەفەری صـەدری ئەعظەم خەسرەو پاشا بۆ ئێران لەگەڵیا بوو (١٠٣٩).

٣- كوڕی میرخان و ئەمیری مەحموودی بوو. سوڵطان سلێمان، لەسەر ئیلتیجای بە حکوومەتی ئێران عاجز بوو و، لەدوای فەتحی (تەورێز) هەرچەندە دەخالەتی کرد، بەڵام دیسان لە کوژران نەجاتی نەبوو.

## ئەمیرە پاشا

کوڕی شێخ حەیدەرو لە ئومەرای (موکری)یە، لەژێر حیمایەی"شاه طەهماسب" موددەتێك ولاّتی موکریی بە سەربەخۆیی ئیدارە کرد، تا زەمانی سوڵطان محەمەد خودابەندە لە حیمایەی ئێراندا بوو. لە ساڵی ٩٩١ی هیجریدا لەگەڵ بەعضێ کوردی تر تابعییەتی عوثمانیی قوبووڵ کردو، سوڵطان مورادی ثالیث زۆر حورمەتی گرت، عەلاوەی موڵکی ئەجدادی، بەشێکی ولاّتی شارەزوور و سنجاغی (مووصڵ)یشی درایە، هەولێرو (مەراغە)ش درا بە کوڕەکانی.

لەگەڵ بەگلەربەگی (وان) محەمەد پاشا تەعەڕوضی کردە بەگتاش قولی بەگی سەرداری ئێران و شکاندی. حکوومەتی عوثمانی لە حوسنی ئیدارەو جەسارەتی ئەمیر بەگ مەمنوون بوو و بە واسیطەی سەردار فەرهاد پاشا سنجاغی (مەراغە)شی درایەو، ناحیەی (دریاس)یش درایە حسێن بەگی ئامۆزای. لەپاشدا ئەمیرە پاشا، حسێن بەگی موحاصەرە کردو (دریاس)ی لێ سەند.

لەدوای ئەمە کە (تەورێز) کەوتەدەس حکوومەت، جەعفەر پاشای کرد بە موحافیظیو، لەگەڵ ئەمیرە پاشادا زوو بەینی تێك چوو. لەسەر شکانی جەعفەر پاشا، ولاّتی شارەزور و مووصڵو هەولێر لە ئەمیرە پاشا سێنرایەوە.

نیهایەت (مەراغە)شی لەکیس چوو و، هەر موڵکی باوباپیری بەدەسەوە ما. شێخ حەیدەری کوڕیشی حاکمی قەڵای (صار و کورکان)ی مولحەقی مەراغە بوو. میری میرانی تازەی تەورێز خضر پاشا ویستی ئەم قەڵایە بدا بە عەشیرەتی مەحموودی، شێخ حەیدەر ئیطاعەتی نەکردو لەطەرەف لەشکری عوثمانییەوە موحاصەرە کرا. بەڵام لە نەتیجەدا قوماندانی لەشکری تورك عەوەض بەگی کوشت. ئەمیرە پاشا نیهایەت تەوەسوطی کردو بەینی خضر پاشاو شێخ

حەیدەری باش کردەوە. داریاس، میان دواب، ئیجاری، لیلان، تاراکا و صارو کورکان بەدەس خۆیو کوڕەکەیەوە مایەوەو، موددەتێکی زۆر ئیدارەیان دەوامی کردووە.

## ئەمین فەیضی بەگ

خەڵکی سلێمانییەو لە ئۆردووی عوثمانیدا میرئالای طۆپچی بوو. زۆر ئەدیبو فاضیلو باخوصووص لە عولوومی ڕیاضییەدا زۆر شارەزا بوو. لەدوای مەشرووطییەت تەقاعود کراو، چەند ساڵێك ئیفلیج بوو و لە خەستەخانەکانی ئەستامووڵدا کەوتو، نیهایەت لە ١٩٢٨دا وەفاتی کرد.

# ئیبراهیم ئەفەندی[1]

**لە خانەدانی بە شۆرەتی حەیدەرییە. جددی گەورەی"محەمەدی کوڕی شێخ حەیدەر"، لە زەمانی شاە ئیسماعیلی صەفەویدا هیجرەتی کردۆتە (حەریر) کە لە تەوابیعی هەولێرە.**

**صاحێبی تەرجەمە لە ١٢٨٢ی هیجریدا لە (هەولێر) هاتۆتە دنیاوە، تەحصیلی ئیبتیدائیی لەوێ کردووەو لەدواییدا داخڵی سلکی مەئموورییەت بوو. وە بە صەرە بوو بە قاضیی قەضاو لیواو ویلایەت. بەعضێ مەئمووریيەتی عەدلییەشی کردووە. لە ١٣١٦دا لە ئەستامووڵ بوو بە ڕەئیسی (قۆمیسیۆنی دارول خەیری عالی)و مودیری عومومیی، وە لە (مەجلیسی کەبیری مەعاریف)دا هەشت ساڵێك ئەعضایەتیی کرد. لەدواییدا بوو بە قاضیی دیاربەکرو، لەدوای ئەم وەظیفەیە دیسانەوە جەلب کرایە ئەستامووڵو کرا بە ڕەئیسی (ئومووری شەرعییەی دەفتەری خاقانی)و بەعضێ وەظیفەی تەدریسیشی کرد. لە ١٣٣٣دا بوو بە ئەعضای (دار الحكمة الاسلامية)، وە ساڵی دوایی بوو بە (شيخ الاسلام)و، ئەم وەظیفە گەورەیەی لە وەزارەتی تۆفیق پاشاو ڕەضا پاشاو صاڵح پاشادا زۆر باش ئیدارە کرد. لەدوای مانەوەی وڵاتی مووصڵ بۆ حکوومەتی عیراق، لە ١٩٢٣ی میلادیدا هاتەوە بەغدا. لە مەجلیسی تەئسیسیدا بوو بە ئەعضاو لە وەزارەتی یاسین پاشادا وەزیری ئەوقاف بوو. لەدوای ئیجتیماعی مەجلیسی میللیی عیراق کرا بە عوضوی مەجلیسی ئەعیانو تا وەفاتی (٢ی کانوون ثانیی١٩٣١) لەم وەظیفەیەدا بوو. دەرحەق بە فەلسەفەو تەئریخی ئەدیان هەندێ ئاثاری هەیە. بۆ ضیاعی عیراق ئاثارێکی مەنظوومی موئەثثیری نووسیوە. تەئریخشوناسێکی مومتازو شاعیرێکی لەبیب بوو. لە زمانی کوردی، عەرەبی، فارسیو تورکیدا بەهرەیەکی بڵندی بوو. حافیظەی زۆر بەقووەت بوو، زۆر شیعری بەم چوار زمانەی لەبەرکردبوو. زۆر عاشقی**

---

[1] لە ژمارە ٧-٨ی ساڵی ٢ی تەمووز-ئابی ١٩٤١ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

ئەشعاری "مەلا قادری کۆیی"بوو. ذاتەن ئەم شاعیرە، لە ئەستامووڵ ئەغڵەب لە ماڵی صاحێبی تەرجەمەدا بوو.

مەرحووم، وەعدی نووسینی تەرجەمەی حاڵێکی موفەصەڵتری پێدابووم، بەڵام حەیف ئەجەل فورصەتی نەدایە.

## شێخ ئیبراهیم کوردی

کوڕی عەبدولکەریم حەڵەبییە. لە وڵاتی عەجەم تەحصیلی کردووەو، لەدواییدا لە مەککە دانیشتووە، پیاوێکی بەئەخلاق و شارەزای گەلێ فونوون بوو، بەتایبەتی لە مەعانی و بەیاندا. لە گەورەترین عولەماکانی ئەو دەورە بوو لە عیلم و ئەخلاقدا. لە ساڵی ٨٤٠ی هیجری لە مەککە وەفاتی کرد. (الضوء اللامع)

## ئیبراهیم ئەفەندی

لە فوضەلای کوردستانە. مودەرریسێکی مەشهووری عەصری دووەهەمی هیجرییە. لە ذیحیجەی ٩٨٤دا وەفاتی کردووە. (سجل عثمانی، جلد-١)

## ئیبراهیم سالار

کوڕی"مزربان"ی حوکمداری ئاذەربایجان بوو. لەدوای وەفاتی باوکی (٣٤٥ھ)، بە تەشویقی "جستان شرمزن" لەگەڵ"جستان"ی برایدا کەوتە شەڕەوە. بەڵام لەدواییدا ڕێک کەوتن. لەدوای گیرانی براکانی لەلایەن"واهسوذان"ی مامیەوە، کەوتە شەڕ لەگەڵ"واهسوذان". لەپێشەوە طالع یاریدەی نەدا، بەڵام لەدواییدا هەموو وڵاتی باوکی داگیر کردەوە. لەدواییدا"واهسوذان" بە یارمەتیی دەیلەمیەکان تەنگی پێهەڵچنی و هەموو وڵاتەکەی داگیر کرد. ئیبراهیم سالار ناچار چووە لای"ڕوکنول دەولە"ی بوەیهی کە زاوای بوو. بە یارمەتیی لەشکری ڕوکنول دەولە دیسانەوە ئاذەربایجانی سەندەوە، وە ڕەنگە تا ٣٨٠ی هیجری بەدەستیەوە مابێ. نیهایەت لەو تەئریخەدا بە نەخۆشیی مەعیدە وەفاتی کردووە. ئەمیرێکی زۆر ئازاو ڕەشید بوو.

## ئەمیر ئیبراهیم خان

ئەمیری بتلیس بوو و، لە زەمانی ئاق قۆیونلی"حەسەنە درێژ"دا ئیمارەتەکەی لێ زەوت کراو، لە زەمانی" سوڵطان یەعقووب"ی کوڕی حەسەنە درێژدا کوژرا.

## ئەبول هیجا

بەم عینوانەوە سێ گەورەی کورد هەیە:

١- "ئەمیر عەبدوڵڵا"ی ڕەئیسی (هازبەنی)یە. لە٤٢٩ی هیجریدا کە لافاوی (غەز) گەیشتە دەوری (تەورێز)و (مەراغە)، لەگەڵ حاکمی تەورێز ئیتیفاقی کردو شەڕێکی بەشیددەتی لەگەڵ غەزەکانا کرد.

٢- ئەبول هیجا ڕەسووڵ: کوڕی"عەبدوڵڵا موشکی"و ئەمیری عەشیرەتی (هەزبەنی)و حاکمی (هەولێر)و (ئاشیب)و مولحەقاتی بوو لە ساڵی٤٩٦ی هیجریدا، کە"جاولی سەقا"ی قوماندانی سەلجووقی هاتە سەر مووصڵ، ئەبول هیجا لەگەڵ"جکرمش"ی حاکمی مووصڵدا ڕێگەیان پێگرتو لە قەراغ چەمی(خازر) شەڕیان لەگەڵ کرد.

لە٥٠٣دا کە سوڵطان مەودوود هاتە سەر (جاولی)، ئەبول هیجا بە خۆیو لەشکریەوە یاریەی داو، ساڵی دوایش لەگەڵ سوڵطان محەمەدی کوڕی مەلەکشاهدا بەرامبەر بە ئەهلی صەلیب ئیشتیراکی سەفەری سووریەی کرد. لە زەمانی عیمادوددینی زەنگیدا چووە مووصڵو تا وەفاتی لەوێ مایەوە. (ئینسیکلۆپەدیا)

٣- ئەبول هیجا ئەمیر حوسامووددین سەمین: ڕەنگە کوڕی ئەبول هیجا ڕەسووڵ بێ. لە هەموو غەزەوات و موحارەباتی سوڵطان صەلاحەددیندا حاضر بوو و قوماندانێکی مەشهوور بوو، مەنصەبی سپەهسالاریی بوو. لە مودافەعەی (عەکا)دا خدمەتی زۆرە. لەدوای وەفاتی سوڵطان صەلاحەددین لە مەعییەتی مەلیک ئەفضەڵی کوڕیدا حاکمی فەلەسطین بوو. کە مەلیک عەزیزو مەلیک عادیل (شام)یان لە مەلیک ئەفضەڵ زەوت کرد، ئەبول هیجاشیان عەزل کرد وە ئەمیر

حوسامووددین سووریەی بەجێهێشتو لە ٥٩٥ی هیجریدا هاتە مووصڵ. لەپاشدا خەلیفەی بەغداد دەعوەتی کردو ئۆردوویەکی دایەو ناردیە سەر (هەمەدان). لەوێ چەند کەسێکی لە ئومەرای خائین حەبس کردو، ئەمەش خیلافی ڕەضای مەقامی خەلافەت بوو و ئەمری درایە کە بەریان دا. ئەبول هیجا لەمە عاجز بوو و ئیستیعفای کردو گەڕایەوە وەطەنی. لەڕێگە لە (داقووقا)دا وەفاتی کرد (الکامل، ئینسیکلۆپەدیا)

٤-ئەبوبەکر بن محەمەد ئەلئەیووبی:

کوڕەزای سوڵطان صەلاحەدینە، لە ساڵی ٥٩٧دا لە میصر هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلو نەشئەتی لە حەڵەبدایە. لە تەحصیلی عیلمدا زۆر صاحێب مەراق بوو، حەتا لە زەمانی موستەنصیر بیللادا هاتە بەغدادو لە عولەمای داروسسەلامیش ئیستیفادەی کرد. ئەمیرێکی ئەدیبو عالم بوو، لە ذیل حیجەی ٦٥٧دا وەفاتی کرد. لە حەڵەبدا مەدفوونە.

## سەیفووددین ئەبوبەکر محەمەد

کوڕی صەلاحەددین کوڕی مەلیك داودی صاحێبی (کەرەك)ـە، لە ئودەبای بەناوی عەصری خۆیەتی. لە (٧٢٧هـ)دا وەفاتی کردووە. شاعیرێکی لەبیب بوو (خطط الشام).

## ئەبوبەکر بن مەلاجامی

کوڕی عەبدول مەعرووفەو باوکی بە "مەلاجامی" شۆرەتی سەندبوو. لە فوحوولی عولەمای عەصری یانزەمینی شامە. لە ١٠٧٧دا وەفاتی کردووە (خطط).

## ئەبوبەکری گۆرانی

لە عولەمای هەرە مەشهووری دەوری خۆی بوو، کوڕی هیدایەتوڵلا ئەفەندییە. تەئلیفاتی زۆرە، لەبەر ئەوە بە (موصەنیف) شۆرەتی سەندبوو. لەژێر عینوانی (سراج الطریق) دا ئەثەرێکی سێ جڵدیو شەرحی (مطول)ی نووسیوە. لە ١٠١٤ی هیجریدا وەفاتی کردووە (دائیرەی مەعاریف).

## ئەبوبەكر ئامەدی:

بە كوچوك ئەحمەدزادە مەشهوورە. وەكوو (تەفسیری فاتیحە)، (حاشیة علی تفسیر البیضاوی)، (شەرحی بوخاری)و بەعضێ ئاثاری تریشی هەیە، لە١١٩٠ ھ دا لە دیاربەكر وەفاتی كرد.

## ئەبوبەكری گۆرانی

كوڕی مصطەفا گۆرانی كوڕی ئەبوبەكرو تەوەللودی لە حەڵەبە لە (١٢٢٧ھ)دا. بوو بە قاضیی حەڵەبو، لە ١٢٣٨دا بوو بە نەقیبی ئەشرافی حەڵەبو، لە ١٢٤١دا وەفاتی كرد. شاعیرێكی موناسیب بوو و زۆر قەصائیدی هەیە.

## ئیبن دینار

یەكێكە لە حەكیمە مەشهوورەكانی ئیسلامو، ڕەنگە خەڵكی (مەیافارقین) بێ. لە زەمانی ناصیرودەولە ئەحمەدی مەڕوانیدا لە مەیافارقین بوو. "ئەقرباذین"ناو كتێبێكی دائیر بە طیب نووسیوە. وە مەوجوودی (شرابی دیناری)یە كە لەبەینی حوكەمای ئەو دەورەدا زۆر شۆرەتی سەندبوو.

## ئەبوسەعید

كوڕی مەلیك پیرئەحمەدی حوكمداری لوڕی گەورە بوو. لە زەمانی باوكیا بە بارمتە لەطەرەف باوكیەوە لە شیراز لەلای حكوومەتی موظەفەری ماو، لەدوای وەفاتی باوكی لە ٨١١ی هیجریدا، بوو بە ئەمیری لوڕی گەورەو، لە٨٢٠ی هیجریدا وەفاتی كرد.

## ئەبوسوعوود ئەفەندی

ناوی ئەحمەدو كوڕی شێخ محێدین مصطەفای (عەمادییە)یە[1]. لە ساڵی ٨٩٦ی هیجری (٤٩٠ھ-؟م)دا لە گوندێكی[1] نزیك ئەستاموول هاتۆتە دنیاوەو، لەدوای

[1] ئینسیكلۆپەدیا ئەڵێ: عەمادیەیی نییە (ئامەد- دیاربەكر)ییە.

تـەواوکردنی تەحـصیلی، دەوامـی دەرسـی فـاضـیلی مەشـهوور"موئەییـەد زادە"ی کردووەو، لە ئاخیریدا بووە بە زاواشی. لە مودەرریسییەوە بەرە بەرە پێش کەوت، بوو بـە قاضیی عەسکەریی ڕۆم ئەیلیو، لەدوای هەشت ساڵ لـە ٩٥٢دا بوو بـە شێخول ئیسلام. وە لـە زەمانی یاوز سوڵطان سەلیمو قانوونی سوڵطان سلێمانو سەلیمی دووەمدا بەبێ فاصیلە سی ساڵ لەم مەقامەدا خدمەتی کردووەو لە ٩٨٢ (١٥٧٤)داو لە عومرێکی٨٧ ساڵیدا وەفاتی کردووە.

---

[١] ئەم گوندە لەطەرەف سوڵطان بایەزیدەوە وەقفی شێخ محێدین کرابوو.

# مەلا صالح "حەریق"[1]

کوڕی مەلا نەصروڵڵاو خەڵکی گوندی(زێوێ)ی ناحیەی (سووورداش)ی قەضای سلێمانیە. لە ١٢٨٢ی هیجریدا هاتوەتە دنیاوە. بۆ تەحصیلْ زۆر لە کوردستاندا سووڕاوەتەوە: لە (ئیلاهییات)دا زۆر شارەزاو لە زمانی فارسیدا زۆر بەقووەت بووە. لەدوای ئیجازە وەرگرتنی بەینێك لە وڵاتی سلێمانیدا مایەوە. لەپاشدا چووە (سابلاخ)و لەوێ لە حوضووری شێخ بورهانی خەلیفەی شێخ عوثمانی (تەوێڵە)دا تۆبەی کردو داخڵی تەریقەتی نەقشی بوو. عومری بە موتاڵاو تەدریس ڕابوارد. بە سێ زمان (عەرەبی و کوردی و فارسی) زۆر ئەشعاری هەیەو زۆر موئەثثیرو بەلیغە. لە ١٣٢٧ی هیجریدا لە (سابلاخ) بەڕەحمەت چوو و لە قەبرستانی (مەلاجامی)دا نێژرا، دیوانی ئەشعاری هێشتا طەبع نەکراوە.

ئەم شیعرە هینی حەریقە:

چاوەکەم دوێنێ لە باغا گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەك نمەکگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند

# صاڵح ئەفەندی "ئاهی"

خەڵکی سلێمانی و لە شوعەرای کوردی عەصری سیانزەمین و چواردەمینی هیجرییە. زۆری حەیاتی لە (کۆیە-کوێسنجەق)دا ڕابواردووە. عالمێکی باش و شاعیرێکی حەساس بوو. زۆر غەزەل و قەصائیدی کوردیی هەیە.

ئەم دوو بەیتە لە نیهایەتی غەزەلەکەی (خوا هەڵناگرێ)ی وەرگیراوە:

هەتاکەی سا زقوومی میحنەتی دووریت بچێژم من
بە شێتی وێڵ و سەرگەردانی دەشت و کێو و صەحرا بم
دەبێ "ئاهی" لە جەژنی وەصڵی دڵبەردا بە قوربان
قەدی باریك و لێوی ئاڵ و چاوی مەست و شەهلا بم

[1] لە ژمارە ٩-١٢ی ساڵی ٢ی ئەیلوول- کانوونی یەکەمی ١٩٤١، ل١-٤ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاوبووەتەوە.

## طاهیر بەگ

کوڕی عوثمان پاشای جافەو لە١٢٩٥ی هیجریدا لە (هەڵەبجە) هاتوەتە دنیاوە. لە سیٚ زماندا (کوردی، فارسی، تورکی) شاعیرو، لەدوای ئەوەدا حەقیقەت ماهیرو صاحیٚب سەلیقە بوو. دیوانی ئەشعاری طەبع نەکراوە. لە ١٩٢٧م دا وەفاتی کرد.

## عارف صائیب

کوڕی مەلا محەمەدی مەلا قادری خەڵکی سلیٚمانیٖیە. لە ١٣٠٧دا هاتۆتە دنیاوە وە هەر لە سلیٚمانیدا خویٚندوویەتیو لە "مەدرەسەتوول قوضات"ی مووصڵدا ئیمتیحانی داو بە قاضیی (شارباژیٚڕ) تەعیین کرا، بەڵام نەچوو. لە ١٣٣٠ی ڕۆمیدا لەگەڵ قووەی سەفەرییەی "عومەر ناجی بەگ" چوو بۆ ئیٚرانو گەڕایەوە. لەم سەفەرەدا کرا بە ڕەئیسی قەڵەمی قیسمی فارسیی غروبی "ئیبراهیم تبلیس"و، لە ١٣٣٤دا بوو بە کاتبی خوصووصیی شیٚخ مەحموودو، ساڵی دوایی لە (قەرەچەتان) کوژرا.

کاتبیٚکی موقتەدیرو شاعیریٚکی بەسەلیقەو حەساس بوو. دیوانی ئەشعاری کوردیو فارسیی -حەیف- لەناوچووە. مەرحووم ئەمین فەیضی بەگ تەنیا قەصیدەیەکی لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا باس کردووە. ئەم شیعرە لەو قەصیدەیەیە کە لەژیٚر عینوانی (شەکوای حاڵ)دا نووسیویەتی:

کافر بەزەیی دیٚتەوە بەم حاڵە پەشیٚوە
وا دەربەدەرو قوڕبەسەرو تووشی بەڵا خوم
بۆ شاری سلیٚمانی بە فەریادو فوغانم
دائیم لە خەیاڵو غەمی تەبدیلی هەوا خۆم

## مەلا عەبدوڕڕەحمانی پیٚنجویٚنی

کوڕی مەلا محەمەدی (شیٚخەڵمارێن)ی قەضای شارباژیٚڕە. لە ساڵی ١٢٤٤ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە، وە هەر لەوێو لە سلیٚمانیدا خویٚندوویەتی. لەدوای ئیجازە وەرگرتن لە مەلا عەلیی (قزڵجە)یی، چۆتە (پیٚنجویٚن)و، لەوێ بە تەدریسو موتالا وەقتی ڕابواردووە. بەعضێ حەواشیو ئاثاری عیلمییەی

نووسیوه. لەم سالأنە دواییدا بەعضێکی لە میصردا طەبع کرا. موددەتێك لە مزگەوتی گەورەی سلێمانیشدا دەرسی گوتوەتەوە. بەلأم لەدواییدا گەڕاوەتەوە (پێنجوێن)و، لەوێ لە ساڵی ١٣١٨ی هیجریدا بەڕەحمەت چووە.

## شێخ عەبدوڕڕەحمان

خەڵکی (قەرەداغ)و کوڕی شێخ مەلا محەمەدەو لە ١٢٥٣ی هیجریدا هاتوەتە دنیاوە. ئەووەڵەن لەلای باوکی خوێندوویەتی و، لە عومری بیست ویەك ساڵیدا ئیکمالی تەحصیلی کردووەو ئیجازەی دراوەتیێ. لە ١٢٧٥دا چۆتە بەغدادو، بەینێك لە موفتی زەهاوی دەرسی وەرگرت و ئیجازەشی لێسەندووە. لەدوای ساڵێك گەڕاوەتەوە (قەرەداغ)و، لەوێ طەریقەتی نەقشیی قوبووڵ کردووەو لە شێخ سیراجوددین ئیجازەی وەرگرتووە. لە ١٢٩٩دا چۆتە کەرکووك و، لەوێدا ساڵێك تەدریسی کردووە. لە ١٣٠٣دا لەسەر طەڵەبی والی هاتۆتە بەغدادو تا ئاخری عومری ژیانی لەوێدا ڕابواردووە، مەشغووڵی تەدریس و موتالأو ئیرشاد بوو. لە ١٣٣٥ی هیجریدا بەڕەحمەت چووەو لە تەکیەی (بابەگوڕگوڕ)دا نێژرا.

## ئیبنول حاجیب[1]

ئەبوعومەر جەمالوددین عوثمان کوڕی عومەر لە فوقەهای مالیکی و لە مەشاهیری میخانە، کوڕی حاجی ئەمیر عیززوددین صەلاحی کوردە، لە (صەعید) لە تەئریخی ٥٧٠ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوەو لە ٦٤٦دا لە (ئەسکەندەرییە) وەفاتی کردووە، دائیر بە ئوصووڵی فیقه کتێبی (منتها) دائیر بە صەرف و نەحویش (شافیە)و (کافیە)ی نووسیوە. ئەم ئاثارە ئێستاکەش لەناو کتێبانی تەدریسدا موعتەبەرە (دائرة المعارف- لاپەڕە-٥١٠).

## ئەبوحەسەن عەلی سەیفوددین

خەڵکی ئامید (دیاربەکر)ەو لە ٥٥١ی هیجریدا لەوێ هاتۆتە دنیاوە. موددەتێکی زۆر لە میصردا ژیا. لەبەر حوڕییەتی فیکرو عەقیدەی لەطەرەف بەعضێ نەفامەوە بوختانی بێدینیی پێکراو لەبەر ئەمە میصری بەجێهێشت، چووە(حەما)و لەوێ دائیر بە ئوصووڵی دین و فیقهو مەنطیق و حیکمەت و خیلاف بەعضێ ئاثاری نووسی (کتاب ابکار الأفکار في علم الکلام)و (کتاب الاحکام في أس الاحکام) ئەثەری ئەم ذاتەیە. بەینێك لە مەدرەسەی (عەزیزییە)ی شامدا تەدریساتی کرد.

عەدەدی تەئلیفاتی بیست ئەثەرێك ئەبێ، لە ساڵی٦٣١ی هیجریدا لە شام وەفاتی کرد (ئینسیکلۆپەدیا).

## ئەبوعیسا محەمەد ضیائوددین

خەڵکی هەکاری و لە ئومەراو موشاویرانی خاصی سوڵطان صەلاحەددینە، لە ڕێکخستنی وەزارەتی سوڵطان صەلاحەددیندا خدمەتێکی زۆری کردو مەیدانی بە تەفرەقەی نەدا. عالم، فاضیل، سیاسی و قوماندانێکی بەشۆرەت بوو. لە عیلمی کەلامدا زۆر شارەزا بوو و بەعضێ ئاثاری دینییەی هەیە. لە ڕۆژی سێشەموو ٩ی ذی قەعدەی٥٨٥ی هیجریدا وەفاتی کردو، لە قودسی شەریف نێژرا.

---

[1] لە ژمارە ٥-٦ی ساڵی ٣ی مایس-حوزەیرانی ١٩٤٢، ل١-٦ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

# میر ئەبوبەکر

**ئیمارەتی(صاصۆن)ی کورد لەطەرەف ئەم ذاتەوە لە دەورەی حکوومەتی (ئاق قویونلی)دا دامەزراوە.**

# ئیبنو خەلەکانی هەولێری

**دوو بران، زۆر مەشهوور و گەورەیان شەمسوددینە.**

**أ- قاضیل قوضات شەمسوددین ئەبوعەباس ئەحمەد بن ئیبراهیم بن ئەبیبەکر بن خەلەکان: بەگوێرەی تەرجەمەی حاڵی مەنسووبی خانەدانی (بەرمەکی)یەو لە ٦٠٨ی هیجریدا لە (هەولێر) هاتۆتە دنیاوە[١] . لەدوای تەحصیلی، بۆ تەوسیعی مەعلوومات لە هەژدە ساڵیدا دەسی کرد بە سیاحەت. شەشحەوت ساڵ لە (حەڵەب) دانیشت، لە ٦٣٣دا چووە شامو، لەدوای چوار ساڵ چووە میصرو، لەوێ لەطەرەف " سوڵطان بایبرس"ەوە کرا بە قاضیل قوضات، لە ٦٥١دا بوو بە قاضیل قوضاتی شام. لە ٦٦٠ی هیجریدا لەم وەظیفەیە جوێبووەوەو گەڕایەوە (قاهیرە)، لە (مەدرەسەی فەخرییە) لەگەڵ تەدریس مەشغووڵ بوو و، دەسی کرد بە نووسینی ئەثەرە گەورەکەیو بە حەوت ساڵ تەواوی کرد، لەدواییدا کرایەوە بە قاضیی شام، بەڵام ئەمجارە بە سەبەبی عوصیانی والییەوە حەبس کراو، لەدوای دوو حەفتە بەردراو، نیهایەت لە ساڵی٦٨١ی هیجری لە عومری ٧٣ ساڵیدا وەفاتی کرد.**

---

[١] گوندی (خەلەکان) دوانە:

أ. لە قەضای (ڕانیە)دایەو شەرقی (هەولێر) کەوتووە. سێ سەعاتێك شیمالی گوندی (چناران) کەوتووە.

ب. لە قەضای ( ڕەواندز)داو لەناو دەربەندی (گەلی عەلی بەگ)دا بوو، بەڵام ئێستاکە ئەثەرێکی نەماوە، لەنزیك وێرانەکەی نوقطەیەکی پۆلیس هەیە. بەگوێرەی ئەمە ئەبێ قاچی شەمسوددینو براکانی خەڵکی ئەم گوندە بن. وەلحاڵ ( اسلامدە تاریخ و مۆرخلر ) ئەڵێ: "ئیبنو خەلەکان" کە باوکی شەمسوددین ئەحمەدە لە ماوراو النهرو لە قەصەبەی (ئەربل)دا هاتۆتە دنیاوەو، لەوێ گەورە بووەو بووە بە مودەریسی (مەدرەسەی موظەفەرییە). بەڵام ئەم مەدرەسەی موظەفەرییەیە لەطەرەف موظەفەرەددین گۆگەبرییەوە لە هەولێر تەئسیس کراوە. کەم ئەچێتە عەقڵەوە کە پیاوێك لە ماوراو النهر گەورە بووبێ، بێتە (هەولێر)و لەوێ ببێ بە مودەرریسی مەدرەسەیەکی ڕەسمی. موحتەمەلە هەر خەڵکی (خەلەکان) بێ. بە غەیری ئەم ئەثەرە هیچ ئەثەرێکی تر ناڵێ ئیبنو خەلەکان تورکە.

ئـەثـەرە موخوللەدەكـەی (وفیـات الأعیـان وأنبـاء ابنـاء الزمـان)ـە كـە باسـی ئەعاظیمی ئیسلام ئەكا. ئەم كتێبە لە ١٢٥٦ی هیجریدا دەس بە طەبعی كراو لە ١٢٧٤دا تـەواوبوو، نوسـخەی دەسـخەتی خـۆی لـە (بـرتیش موزیـوم)دایـە، لـە ئەڵمانیاو لە فڕانسەدا ئینگلیزیەكەی طەبع كراوە. لەطەرەف"ڕودۆسلی محەمەد ئەفەندی"شەوە كراوە بە توركی. لەطەرەف بەعضـێ عولـەمای مەشهوورەوە پێنج ذەیلی بۆ كراوەو لەمانە هەرە بەناوبانگی لـەطـەرەف"ئیبنـول كوتـوبی"یـەوە لـەژێر عینوانی (فوات الوفیات)دا نووسـراوەو لـە میصر طـەبع كـراوە (اسـلامدە تـاریخ و مؤرخلری).

صاحێبی تەرجەمە، دەرحەق بە فیقهو مەعانیش بەعضـێ ئاثـاری هەیـەو زۆر شیعری تەڕو یاراویشی نووسیوە.

ب- محەمـەد بـەهائوددین خەلـەكان: بـرای شەمـسوددینەو لـە ٦٨٣دا قـاضـیی (بەعلبەك) بوو. ئەڵێن (تاریخ الاكبر في طبقات الامم واخبارهم) ئەثەری ئەم عالمەیە.

## ئەبوفەضل محەمەد ئەفەندی

كوڕی مەشهوور"مەولانا ئیدریس"ی بتلیسیـیە، بەینێك لە (مەغنیسا)دا لەگـەڵ تەدریـسات مەشـغووڵ بـوو. لـەدوای ئەمـە كرایـە قـاضـیی طـەڕابـولس‌و، ئەوەنـدەی پێنەچـوو كرایـە (ئـەناطـۆلی دەفتـەرداری)و، لـەدوای بـەینێك بـوو بـە باش‌دەفتەردارو سێ‌وسێ ساڵ لەم وەظیفەیەدا مایەوە. لەدواییدا وازی لە وەظیفە هێنـاو بـە عیبـادەت مەشـغووڵ بـوو. لـە ٩٨٢ی هیجریدا تـەداروكاتی حـەجی دی‌و لەسەرچوون بوو، تەصادوف لەوبەینەدا دوو كوڕی پێگەیشتووی بە دەفعەیەك لە بەحردا خنكان. صاحێبی تەرجەمە لە خەفەتانا نەخۆش كەوت‌و وەفاتی كرد. لە مزگەوتی (طـۆپخانە)دا، كە خۆی دروستی كردبوو، نێژرا.

ذەیلی (هەشت بەهەشت) كە جڵدی چوارەمەو دائیر بە وەقایعی دەوری یـاوز سوڵـطان سەلیمە، لـەطـەرەف ئەبوفـەضلـەوە نووسـراوە. ئەشعاری فارسیی باشی هەیـە. دائیر بـە قـەتڵی چل هـەزار شیعەی ئـەناطـۆل داسـتانێكی صـەد شیعریی

نووسیوه. تەرجەمەی (تفسیر حسین واعظ)و تەرجەمەی (ذخیرە‌ء خوارزمشاه)و تەرجەمەی (محسن)و (تاریخ عوثمانی) بە تورکی ئەثەری ئەم ذاتەو (قصص الأنبیاء) ێکیشی نووسیوه. لە سێ زمانی (فارسی، عەرەبی، تورکی) شاعیرێکی مومتاز بوو (سجل عثمانی).

## ئیبنول موستەوفی ئەلئەربیلی

شۆرەتی ئەبوبەرەکات شەرەفوددین هەولێرییە. لە ٥٦٤ی هیجریدا لە هەولێر هاتۆتە دنیاوه. لە خانەدانێکی ناسراوو پڕ لە ئەهلی عیلمو فەضڵە. بەینێك وەزارەتی موظەفەروددین گۆگەبریی کردو، لەدوای وەفاتی ئەم ئەمیره بەینێك عوزلەتی ئیختیار کردو، لە هاتنی تاتار بۆ ئەوناوه چووه مووصڵو لە (٦٣٧هـ-١٢٣٩م)دا وەفاتی کرد. تەئلیفاتی ئەمەیە:

١-تاریخی ئەربیل، ٤٠ جڵده.
٢-کتاب النظام فی شرح شعر المتنبی وأبی تمام-١٠ جڵده.
٣-کتاب اثبات المحصل من نسبة أبیات المفضل-٢ جڵده.
٤-کتاب سرّ الضیمة.
٥-أبو قماش.

لە شیعرو ئەدەبیاتیشدا بەقووەت بوو، ئاثاری ئەشعاری مەوجووده.

# توورانشا[1]

کوڕی مەلیك صالح نەجموددین ئەیووبە، لە زەمانی باوکیا حاکمی جزیرە بوو، بە عەجەلە هات بۆ میصر، باوەژنەکەی"شەجەرول دور"، تا گەیشتنە میصر وەفاتی باوکیی شاردەوە. توورانشا لەپاش قوبووڵکردنی بەیعەت، لەگەڵ مودافەعە بەرامبەر بە ئەهلی صەڵیب مەشغووڵ بوو.

"سان لۆیی"، لەدوای وەرگرتنی ئیمداد، ڕووی کردبوە (مەنصوورە). "توورانشا" تەرتیباتی مودافەعەی باش ڕێك خستو دونمایەکی پارچەی بە باری حوشتر تا بەحر نارد و، لەوێ تەنظیمی کردو تەعەڕوضی پێکردە سەر(دومیاط)و خەتی ڕەجعەی صەڵیبیەکانی لە بەحرەوە بڕیو ئاوی جۆگەکانیشی بەردایە پشتو پێش ئەهلی صەڵیب. نیهایەت "لۆیی" بە خۆیو ئۆردوەکەیەوە لە برسێتیو نەخۆشیو بە هوجوومی بەردەوامی ئۆردووی توورانشا ئێجگاری شپرزە بوون. زۆر ضایعاتیان دا. تا بە ناعیلاجی ڕوویان کردە (دومیاط). بەڵام لەشکری توورانشا تەنگیان پێهەڵچنینو، ذاتەن (دومیاط)یش لەطەرەف قووەتی میصرییەوە زەوت کرابوو. بەم تەرحە ڕێگەی دەرچوونیان نەبوو و هەموویان ئەسیر بوون (٦٤٧ی هیجری). بە طەبیعەت قڕاڵی فڕانسە"سان لویی"یش لەناویانا بوو. نیهایەت موقابیل بە ٨٠٠٠٠٠ ئاڵتوون بەردراو، لەگەڵ توورانشا موعاهەدەیەکیشی ئیمضا کرد. ضابطانی ئەهلی صەڵیب لەم سەفەرەدا لە سێهەزار کەس زیاتر بوو. (معالم تأریخ المصور الوسطی، لاپەڕە-١٧٧-١٧٨).

توورانشا، بەرامبەر بە مەملووکی بەحریی میصر، کە خەریکی تەغەللوب بوون، بە شیددەت بوو و ئومنییەتی زۆری بە مەملووکی (پرچی)و بە قووەتەکەی

---

[1] لە ژمارە ٧و ٨ی ساڵی ٣ی تەمووز-ئابی ١٩٤٢، ل١-٦ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاو بووەتەوە.

خۆی بوو کە لە جزیرەوە هێنابووی. ئومەرای مەملووکی بەحریی میصر بەدزیەوەو ناگەهانی توورانشاهیان لە سەرەتای ساڵی ٦٤٨ی هیجری (١٢٥٠ی میلادی)دا شەهید کرد.

واقیعەن تەئریخ لەم جیهەتەوە وسکوت بووە، بەلأم لەم سووئی قەصدەی مەملووکدا، ئەبێ دەستی "شەجەرەتول دور"ی باوەڕنی موطڵەقەن تیابێ، چونکە ئەم ئافرەتە بەطەبیعەت حەزی لە توورانشا نەئەکردو لەگەڵ مەملووکی بەحریدا زۆر ڕێك بوو. وە حەتا لەپاش شەهادەتی توورانشا ئەویان لەسەر تەختی سەڵطەنەت داناو، لەپاشدا شووی بە قوماندانەکەیان کرد کە ناوی "ئەبك" بوو.

توورانشا کە ئاخر حوکمداری ئەیووبییە، بە عەزمو ثەباتو بە شیددەتی ضەبط و ڕەبطیو بە ئیدارەی حەربییەی، حەقیقەت مومتاز بوو. یەکێ لە مەفاخیری دەهای عەسکەریی، نەقڵکردنی دونما بە حوشترەو، ئەم خاریقەیە کە لەطەرەف توورانشاهەوە نیشان درا، ئینجا لەپاش دوو عەصرو چوار ساڵ لەطەرەف" سوڵطان محەمەدخان فاتیح"ەوە بە نەقڵی بەعضێ سەفائین بەسەر تەختەدا بۆ خەلیج، تیکرار کراوەتەوەو شەرەفی ئیبداعی ئەم خاریقەیە بە طەبیعەت بۆ توورانشاهە. عەلاوەی ئەمە ئیمحای ئۆردووی ئەهلی صەلیبو ئەسیرکردنی قڕاڵی فڕانسەش، یادگارێکی ئەبەدیی شانو شەرەفە بۆ ئەم حوکمداری شەهیدە.

## ئیبن فەخر ئەربیلی

عینوانو ئیسمی: شێخ بەهائوددین ئەبوحەسەن عەلی بن عیسا فەخرووددین ئەبوفەتح ئەربیلییە، ذاتێکی فاضیلو موحەددیثێکی مەشهوورە. لەدوای ئیستیلای بەغدا لەطەرەف هۆلاکۆوەو لە زەمانی عەلائوددین صاحێب دیواندا، بوو بە ڕەئیسی ئینشاو، لە ساڵی٦٩٣ی هیجریدا وەفاتی کرد. بەعضێ تەئلیفاتی وەکوو (کتاب مقامات اربعة)، (رسالة اللطيف)، (كشف الغمة في معرفة الائمة)ی هەیە، ئەم ئەثەرەی دوایی‌یەی لە ٦٨٧و لە مانگی ڕەمەضاندا تەواو کردووە. دیوانی ئەشعاریشی هەیە (آثار الشيعة الامامية. چوار جوزئە).

## ئەبوفەتح نەصر

کوڕی سوڵطان صەلاحەددینە، حاکمی حەڵەب بوو، لە ٦٥٢دا لەوێ وەفاتی کرد.

## ئەبو فەتح محەمەد

کوڕی"عەنان"و موئەسیسی ئیمارەتی (بەنو عەنان)ە، لە ٣٨١ی هیجریدا حکوومەتی گرتە دەس خۆی‌و، بیست ساڵێك ئیدارەی کرد.

## ئەبوفەتح

کوڕی"ئەبو شەوق"ی ئەمیری (بەنو عەنان)ە، لە ئیستیلای قەومی (غەز)دا خزمەتێکی زۆری هەیەو، لەبەر (دینەوەر)دا زۆری لێکوشتن‌و بەدیلی گرتن. وە لە ٤٣٠ی هیجریدا (قرمیسین) وڵاتی جیبالی داگیرکرد. لەدواییدا بە لەشکرەوە چووە سەر قەڵای (یکورا). بەڵام لە شەڕدا کەوتە دەس"موهەلهەل"ی مامی‌و لە حەپسخانەدا مرد.

## ئەحمەد تەیموور پاشا

باعیثی فەخری خانەدانێکی قەدیمی کوردە، کە لە تەیموور پاشای کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی عەلی کورد هاتۆتە خوارەوە. تەیموور بەگ لە کوردانی وڵاتی مووصڵە، لە زەمانی محەمەد عەلی پاشادا هاتە میصرو وردە وردە نزیك محەمەد عەلی پاشا کەوتەوەو بوو بە والیی حیجاز، لە زەمانی خدێو ئیسماعیل پاشادا، ئیسماعیل تەیمووری کوڕی محەمەد تەیموور پاشا ڕەئیسی دیوانی خدێوی بوو. لەپێش وەفاتیا بە سێ ڕۆژ کوڕێکی بوو، ناونرا ئەحمەد تەیموور کە صاحێبی تەرجەمەیە. لەدوای وەفاتی باوکی، شاعیرەی بەشۆرەت عایشە تەیمووری خوشکیی هێنایە لای خۆی‌و، لە سوننی تەحصیلیدا ناردیە مەکتەبی مارسیل (فڕانسە). چەند ساڵێك لەو مەکتەبەدا خوێندی‌و، زۆر شەیدای ئەدەبی عەرەبی بوو.

لـەدوای تـەواوکردنی مەکتـەب لـە موعـەللیمی خوصووصـی دەرسـی صـەرف و نـەحوی عـەرەبی و زمـانی تـورکی و فارسـیی خوێنـدو زۆر پـێش کـەوت. مەڕحووم زۆر مەراقی موتالاو کتێبی بوو، دەوڵەمەندی و مەراق کردی بە صاحێبی کتێبخانەیەکی زۆر نایاب کە عەددی کتێبی ٥٠٠٠ یێك بوو. حەزی لـە وەظیفەی حکوومەتی نەئەکرد. لەدوای موددەتێك ڕوتبەی پاشاییی درایەو، کرایە ئەعضای مەجلیسی شویووخ. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا ئیستیعفای کرد.

ئەحمـەد تـەیموور پاشا یەکێکـە لـە موئەسیسـانی جەمعییـەتی هیدایـەی ئیسلامییەو، لە مەجلیسی ئیدارەی دارول ئاثاری میصرداو لـە مەجمـەعی عیلمیـی میصرو شامدا عوضوو بوو. نیهایەت لـە ٢٦ی نیسانی ١٩٣٠دا بـە ڕەحمـەت چوو و، لە میصر لە مەقبەرەی خانەدانی تەیمووریيەدا نێژرا. ئاثاری مەطبووعەی:

(١) قبر السيوط. (٢) اليزيدية. (٣) العلم العثماني (٤) الرتب والألقاب. (٥) المذاهب الأربعة (٦) تصحيح القاموس (٧) تصحيح لسان العرب.

بێجگـە لەمانـە شـەش‌حـەوت ئـەثـەری لەچاپنەدراویـشی لـەپاش بـەجێ‌ما. مەڕحووم زۆر خێرخوا بوو و بە فریای داماوانا زۆر ئەگەیشت.

## ئەحمەد ئەلمەشطووب

کوڕی ئەبوهیجاو حاکمی قەڵای (توشی) بوو. ئەمیر سەیفوددین عەلی ئەلمـەشطووب کـوڕی ئـەم ئەمیرەیـە. عیمـادوددین زەنگـی لـەدوای وەفـاتی ئـەبول هیجـا موڵکەکـەی لـە واریثانی زەوت کردو، لەم ناوەدا ئەمیر ئەحمەدیش (توشی) لەدەس چوو.

## ئەحمەد بەگ

کوڕی"عـەرەب بـەگ"و ئـەمیری (کـاس)ـە. لـەدوای"ئـەمیر جـەمال"ی کـاکی بوو بە ئەمیر. دەورەی ئیمارەتی تەصادوفی لە ناوچوونی حکوومەتی ئەیووبییـەی میصری کرد. وە وەکوو ئەمثالی، ئـەویش ئیعلانـی ئیـستیقلالی کـردو چـەند سـاڵێك بە سەربەخۆیی ئیدارەی ئیمارەتەکەی کرد.

## قاضی ئەحمەد ئەفەندی طەهازادە[1]

لە ئەعیانی حەڵەبەو بە چەلەبی مەشهوورە، لە١١٧٧ی هیجریدا وەفاتی کردووە. ئەصڵەن لە کوردی عیراقەو ڕەنگە تەوەللودی لە دەوری١١١٠ی هیجریدا بێ. لە ١١٤٧دا بوو بە نەقیبی ئەشراف. لە قودس و بەغدادشدا قاضیەتیی هەیەو لە ١١٦٥دا گەڕایەوە حەڵەب و (مەدرەسەی ئەحمەدییە)ی بینا کردو نزیکی سێهەزار جڵد کتێبی لەم مەدرەسەیەدا وەقف کرد بۆ ئیدارەی مەدرەسە، وەقفێکی زۆری تەخصیص کرد. وە شەرطی وەقفی ئەوەبوو کە مودەرریسی ئەم مەدرەسەیە ئەبێ کورد بێ و، باقی مووەظەفینیش وەکوو موئەذین و ئیمام و سائیرەش هەموو کوردی سۆران وەیا کۆیسنجەق وەیا کوردی ئەوناوە بێ. وە لە حەیاتی خۆیدا شێخ ئەحمەدی کوڕی کورد ئیبراهیمی کرد بە مودەرریس و شەرطێکیشی ئەوەبوو کە ساکینی دە هۆدەی مەدرەسە ئەبێ کورد بێ.

## ئەتابەگ ئەحمەدیل

لە نەوەی خانەدانی (ڕەوادی)ی (ئاذەربایجان) و کوڕی"ئیبراهیم سالار"ی کوڕی"مەرزبان"ەو ئەمیری (مەراغە) بوو، عینوانی (ئەتابەگ)ی بوو. ئەم ئەمیرە لە ساڵی ٥٠٥ی هیجریدا لەگەڵ"سوکمان قوطبی"ی حاکمی (تەورێز)و "ئەمیر مەودوود"ی حاکمی مووصڵ و باقی ئومەرای سەلجووقی لە مەعییەتی سوڵطان محەمەدی سەلجووقیدا چووە بۆ شەڕی ڕۆم و لە سووریا لەگەڵ "ژۆسلین"ی سەرداری (ملك قدس)دا شەڕی کرد. لەدواییدا گەڕایەوە مەراغە.

"ئیبنو جەوزی" ئەڵێ: ئەم ئەمیرە لەشکرێکی٥٠٠٠ سواریی دائیمیی هەبوو و ئیرادی ساڵانەی موڵکی ٤٠٠٠٠٠ دینار بوو.

لە ساڵی٥١٠ی هیجریدا کە"ئاتابەگ تەفتکین"ی حاکمی شام بە میوانی هاتبوە بەغدا، سوڵطان محەمەدی سەلجووقی بە موناسەبەتی ئەوەوە بەعضێ لە ئومەرای و لەوناوەدا ئاتابەگ ئەحمەدیلیشی دەعوەت کردبوو و، لەو بەینەدا ڕۆژێك لەطەرەف (باطینی)یەکەوە کوژرا.

[1] لە ژمارە ٩و ١٠، ساڵ٣، ئەیلوول- تشرینی یەکەمی ١٩٤٢، ل١-٧ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاو بووەتەوە.

## ئاق سونگور ئەحمەدیلی

کوڕی ئەتابەگ ئەحمەدیلەو، لەدوای وەفاتی باوکی بوو بە حاکمی (مەراغە). لە ٥١٤ی هیجریدا کە حاکمی مووصڵو ئاذەربایجان "مەلیك مەسعوود"ی سوڵطان مەحموودی برای قاضی بوو، لەشکرێکی نارده سەر ئەحمەدیلیو، بە مەجبووری ئەحمەدیلی (مەراغە)ی بەجێهێشتو چووە بەغدا. لە٥١٥دا ئەم هەرایە بڕایەوە، وە ئاق سونگور هاتەوە (مەراغە). لەدوای بەینێك لەگەڵ سوڵطان مەحموود تێك چوو و، بە سەبەبی موعاوەنەتی بۆ سوڵطان طوغرول (مەراغە)ی لەکیس چوو. بەڵام زۆری پێنەچوو دیسانەوە ئاشت بوەوەو لەطەرەف سوڵطان مەحموودەوە کرایە (ئاتابەگ)ی (داود)ی کوڕی. لە ٥٢٣دا ئیشتیراکی سەفەری "دوبیس بن زیاد"ی کرد.

لەدوای وەفاتی سوڵطان مەحموود بۆ دامەزراننی (داود)ی وەلیعەهد زۆر فەعالییەتی نوانو، حەتا لەسەر ئەمە (مەراغە)شی لەدەس چوو. لەدواییدا ئیتیفاقی بە مەلیك مەسعوودو مەلیك داود کردو، سەرلەنوێ مەراغەو ئاذەربایجانیان سەندەوەو (هەمەدان)یشیان لە سوڵطان طوغرول زەوت کردو، لەم شارەوە ئاق سونگوریش وەکوو باوکی لەطەرەف (باطینی)یەکەوە کوژرا (٥٢٧ھ). ئەم قاتڵە لەطەرەف وەزیری سوڵطان طوغرولەوە نێرابوو.

## ئەحمەد نوصرەتوددین

لەدوای "ئەفراسیاب"ی برای بوو بە ئاتابەگی لوڕی گەورەو، لە ٦٩٦ی هیجرییەوە تا ٧٣٣ دەوامی کرد. ئەمیرێکی عادیلو عاقڵ بوو. وەقتێکی زۆری لە سەرای ئێلخانیدا ڕابواردبوو. موحیببی عیلمو عولەما بوو. مەشهوور مەلا فەضلوڵڵا قەزوینی (تاریخ معجم فی احوال ملوك العجم)ی بەناوی ئەم ئاتابەکەوە نووسیوەو بە دیاری بۆی ناردووە. (مجمع الانساب) عینوانی (پیر)ی ئەدانێ (ئیبن بەطووطە) زۆر مەدحی تەئسیساتی مەعاریفی ئەم ئاتابەگە ئەکا. لە ساڵی٧٣٣دا لە (ئیزاج) وەفاتی کرد.

## مەلیك ئەوحەد

عینوانی نەجموددین و ئەصڵی ئیسمی (ئەیووب)ـە. کوڕی مەلیك عادیل و برازای سوڵطان صەلاحەددینە. لە زەمانی باوکییا کرا بە حاکمی (مەیافارقین) و بەعضێ شارانی ئەوناوە. لە ئیبتیدای حکوومەتیدا سەعیی بۆ گرتنی (خیلات) کردو لەگەڵ حکوومەتی گورجیا زۆر شەڕو هەرای هەیە. حەتا لە ٦٠٦دا "ئیوان"ی سەرلەشکری گورجی (ئەخلاط)ی موحاصەرە کرد. لەپڕێکا مەلیك ئەوحەد بۆی دەرچوو، لەشکری گورجیی شکاندو (ئەیوان)ی ئەسیر کرد. نیهایەت موقابیل بە صەد هەزار دینارو ڕەتکردنەوەی موڵکی زەوتکراوی ئیسلام و دانی کچەکەی بە مەلیك ئەوحەد صوڵح کرا. لە ساڵی ٦٠٩ی هیجریدا لە (مەیافارقین) وەیا لە (مەلازگرد) وەفاتی کرد (وفیات الأعیان مرآة الزمان).

## ئولوخان بەگ

کوڕی مورادبەگی سوڵطان ئەحمەدبەگی (سوەیدی)یە و لە ئومەرای دیاربەکرە، لە ئەواخیری عەصری دەهەمی هیجریداو، موعاصیری صاحێبی شەرەفنامە بوو.

## ئوغوز خان

کوڕی شاە ڕۆستەمی حاکمی لوڕی بچووکەو سەردارێکی مومتاز بوو. لە ٩٤٠ی هیجریدا شاە طەهماسب کردی بە سەرلەشکری ئێران، ناردی بۆ سەری ماوراء النهر، لەم سەفەرەیدا جیهانگیری برایی بەوەکالەت بەسەر لوڕستانەوە بەجێهێشت. "عەبدوڵڵا خان" ئۆزبەگی شکاندو گەڕایەوەو، چونکە براکەی حکوومەتی لوڕستانی زەوت کردبوو، لەگەڵیا کەوتە شەڕەوەو لە شەڕێکدا کوژرا.

## ئوغوز بەگ

ئەمیری سۆرانە و کوڕی عەلی بەگە. ئوغوز بەگی گەورەیان پێئەگوت. مەرکەزی ئیمارەتی لە (کالیفان)ـەوە بردە ڕەواندز. وڵاتەکەی گەورە کرد، سیدەکان، هاودیان، دەشتی دیاناو عەشائیری لوڕی ئەوناوەی هێنایە ژێر ئیطاعەت.

## ئوغوز بەگ

کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی ئوغوز بەگی گەورەی ئەمیری سۆرانە. لە ١٢٧٥ی هیجریدا بوو بە ئەمیرو لەگەڵ مصطفا بەگی کوردیدا زۆر ڕێك بوو. عینوانی بچووکی بوو و خدمەتی ئیمارەتەکەی کردو بەعضێکی کەشی خستە سەر.

## ئەلپارغۆن

عینوانی"شەمسوددین ئاتابەگ"ە، کوڕی هەزاراسبو برای ئاتابەگ تیگلەیە. لەدوای لەناوچوونی براکەی، لەطەرەف هۆلاکۆوە کرا بە ئاتابەگی لوڕستانی گەورە، بۆ تەلافیو تەخریباتو خراپەی مەغۆل لە لوڕستاندا، زۆر سەعیی کردو موڵکەکەی ئیحیا کردەوە. ڕەفاه و سەعادەتی لوڕستان لە زەمانی ئەم حاکمە عادیلەدا بووبوو بە داستانو، بەم تەرحە پانزە ساڵێك حکوومەتی کرد.

## ئەڵلاوێردی بەگ

لە خانەدانی ئیمارەتی (چەمشگەزەك)و کوڕی عەلی بەگی حاکمی مەخبکرد بوو، لەدوای حەیدەر بەگی برای بووە سنجاق بەگیو موعاصیری شەرەفخانی بتلیسییەو، شەرەفنامە ئەڵێ: ئیمڕۆ (٢٣ی نیسانی ١٠٠٥) حاکمی مەخبگردە.

## ئۆغلان بوداخ

لە ئومەرای عەشیرەتی چنگنو سەردارانی شاه عباسی ئەووەڵ بوو. حاکمی (خیوشان)ی خۆراسان بوو.

## ئەولیا بەگ

کوڕی"بوداق بەگ"ی خانەدانی برادۆستو ئەمیری قۆڵی (صۆمای)یە. موعاصیری شەرەفخانی بتلیسی بوو و، لە مەبادیی عەصری یانزەمینی هیجریدا حاکمی (صۆمای) بوو.

# ئووەیس بەگ

ناوی دوو ئەمیری کوردە:

١- کوڕی"چۆلاق خالید بەگ"ی شەهسوار بەگی ئەمیری (پازۆکی)یەو، لەدوای کوژرانی باوکی لەطەرەف یاوز سوڵطان سەلیمەوە چووە لای شاھ طەھماسبو کرا بە ئەمیری (عادلجواز)، وە سێ ساڵێك ئیدارەی کرد. لەپاشدا لەگەڵ"مووسا سوڵطان"ی حاکمی (تەورێز) بەینی تێك چوو و، دەخالەتی کردە حکوومەتی عوثمانی. بەڵام عەفوو نەکراو قوماندانی کەیفی"دورزی داود" بە ئەمری سوڵطان سولەیمان کوشتی.

٢- کوڕی قلیج بەگی ئووەیس بەگی ئەمیری بازۆکییەو، لەدوای وەفاتی ذولفەقار بەگی مامی لەطەرەف شاھ طەھماسبەوە کرا بە ئەمیری (بازۆکی). بەڵام چونکە منداڵ بوو، یادگار بەگ کرا بە نائیبی. لەپاشدا دایکی هەڵیگرتو بردی بۆ قەزوینو، ئیمارەتەکەش بۆ یادگار بەگ ما.

# صەلاحەددین و ئەهلی خاچ*

لەپاش ئەوە کە سوڵطان صەلاحەددین لە جێبەجێکردنی ئیش‌وکاری (شام)و (جزیرە) بووەوە، وە لەپاش ئەو دووبەرکیو ناکۆکییە کە بنجی لەبەینی گەورەکانی ئەوناوەدا داکوتابوو، هەمووی لابردو ڕێکیخستنەوە. هەموویانی کرد بە یەك دەستەو هێنانیە سەر یەك بیروباوەڕ، کەوتە سەر ئەوە کە پێویستە (قودس) بگرێتەوەو ئەهلی خاچ لە هەموو وڵاتی ئیسلامیدا دەر کا.

هات لەسەر ئەم بیروباوەڕە ئیعلانی غەزای لەسەر کافرەکان کردو بڕیاری دا کە تا دوا هەناسەی لەگەڵیان دەست بکا بە جەنگکردن. خواوڕاسان وەختێکی باشیشی بەدەستەوە بوو، چونکە هەموو سەرلەشکریو سەرکردەکانی فەڕەنگ لەبەینی خۆیانا دووبەرەکی وەستابوونەوە، بەتایبەتی لەپاش مردنی "بلدوین"ی چوارەم بەتەواوی یاسایان تێك چووبوو، هەر کە بۆ خۆی لە ئاشیٚ لێیئەکرد: "ڕیامۆند"ی حاکمی تەڕابلوس لەلایەکەوە حوکمی هەڵئەسووڕانو هەوای گەورەییی لەسەردا بوو.کە"سیبیل"ی خوشکی پاشای مردو مێردی بە"جۆی" کردو خۆی تاجی پادشاهیی لەسەرنا، مێردەکەی کەوتە سەر ئەو فیکرە کە لەشکرێکی زەبرە کۆبکاتەوەو بدا بەسەر"ڕیاموند"دا لە (تەبەرییە). حەقیقەت ئەمەی کردو تەنگی بە"ڕیاموند" هەڵچنی. ڕیاموند پەنای هێنایە بەر سوڵطانی خۆمان، بەڵام سوڵطان لەبەر ئەوە نەوەك لەکەداری بکەن بەوە کە گوایا ئەو

---

* لە ژمارەکانی ٦-٨ی ساڵی ١٠ی حوزەیران-ئابی ١٩٤٩ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

لێردا ویستمان خوێندەوارانی گەلاوێژی خۆشەویست بە زمانی کوردی لەو کارەساتانە تێبگەیەنین کە قارەمانە گەورەکەی کوردو ئیسلام صەلاحەددینی ئەیووبی لەباری سەندنەوەی فەلەستینو ئەهلی"خاچ"دا گێڕاویەتی. وە بۆ جاری دووهەم عالەم تێبگەیەنین کە "صەلاحەددینی کوردی" لەبەرئەوە بە نییەتێکی خاوێنەوە دەستی دابوویە، لەشکری لێشاوی ئەهلی خاچی لە خاکی فەلەستین دوورخستەوەو سەرلەنوێ ئەستێرەی گەشی ئیسلامی گەیاندەوە شوێنی خۆیو ناوی کوردی نەبەردی بەعالەم ناساند.

ئەم باسە لە"تأریخ الدول والامارات الكرديه"ی مەعالی محەمەدئەمین زەکی بەگەوە وەرگیراوە کە مامۆستا محەمەد عەلی عەونی کردبووی بە عەرەبی. وا ئێمە دیسان کردمانەوە بە کوردی.

لەپێشا دەستی کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە کە لەبەیندا بووە، زوو نەچوو بەدەمیەوەو گوێی بە هاوارەکەی نەدا.

بەلاّم بۆ نەگبەتیی کافرەکان ئەوی کە لەپێشا پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە، "ڕینۆڵد"ی حاکمی (کەرەك) بوو کە یەکێ بوو لە ئەمیرەکانی فەرەنگ. هات لە ساڵی "٥٨٢"ی هیجریدا کاروانێکی موسڵمانەکان کە لەنزیك کەرەکەوە تێئەپەڕی سەر ڕێی پێگرتن و، ڕووتیکردنەوەو هەر ژن و پیاوێکیشی لەگەڵ بوو بەدیل گرتنی. ئەڵێن خوشکی سوڵتانیش لەگەڵ ئەم کاروانەدا بوو. "ڕینۆڵد" بەمەش دەستی هەڵنەگرت، گەلێ کردەوەی ناپەسەندی تری بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام و موسڵمانەکان نواند. کە سوڵتان صەلاّحەددین ئەم باسەی بیستەوە بەتەواوی تووڕەبوو و سوێندی خوارد کە بیگرێت و بەدەستی خۆی بیکوژێت، لە تۆڵەی ئەو کردەوە ناپەسەندانەیدا کە لەم ماوەیەدا کردوویەتی.

سوڵتان ئیتر لە ئیستە بەدواوە جاڕی غەزای گشتیی داو ئەوی پێویست بوو بۆ پاراستنی ڕێوبانی حاجیەکان و خەڵکی تر بەجێی هێنا.

لە (کۆشکی سەلامە)ی نزیکی (بەصرە) سەربازخانەی دامەزراند. زۆری پێنەچوو لەشکری میسریش گەیشت و لەنزیکیانەوە ئەویش سەنگەری داکوتا. هەر لەم ماوەیەدا خەبەر بە سوڵتان گەیشتەوە کە "مەلیك ئەفضەل"ی کوڕی ئەویش ئالاّی پیرۆزیی هەڵکردووەو بۆ یارمەتیی باوکی لەڕێگەی (عەکا)وە تەنگی بە لەشکری فەرەنگ هەڵچنیوەو زیان و شکستێکی باشی پێگەیاندوون.

"ڕینۆڵد" لەم کاتەدا کە تەماشای کرد وا ئیشی بەتەواوی گەنگ بووە، چاری نەما هات لەگەڵ باقی سەردارەکانی فەرەنگدا دیسانەوە ڕێك کەوتەوەو ئەو ناکۆکیو دووبەرەکیە کە لەناویانا بوو لایانبردو بڕیاری ئەوەیان دا کە هەموویان بەرامبەر بەم دوژمنەیان کە صەلاّحەددینە ببن بە یەك. کە سوڵتان ئەم خەبەرەی بیست، گەلێ لە پیاوماقووڵ و سەرلەشکریەکانی کۆکردەوەو بۆ ئەم کەین وبەینە دەستیان کرد بە ڕاوێژکردن. ئاخر قسەیان هاتە سەر ئەوە کە کەمەری شەڕێکی زۆر گەورە بەرامبەر بەم کافرانە ببەستن و ڕەچەڵەکیان دەربێنن.

لە ڕۆژی پێنجشەنبەی ١٦ی ڕەبیعول ئەووەلی ٥٨٣ هیجریدا پێشڕەوی لەشکری سوڵتان بەڕێکەوت، ڕۆژی جومعە لە جنووبی (تەبەرییە)وە لە

ڕووباری"ئەردەن" پەڕینەوە. دەستەیەکیان بۆ ئاگاداری بەسەر ئەو لەشکری دوژمنەدا کە لە (صەفوورییە) بنەیان خستبوو پێش کەوتن. سوڵطان هەندێ لەم ئۆردووەی لە بەرامبەر ئەم دوژمنانەوە دانا، بۆ ئەوە خەریکیان بکەن و خۆی بە باقی قۆشەنگەکەوە گەڕایەوە بۆ (تەبەرییە)و گرتی. بەڵام ئەهلی "ڕیامۆند" فریای ئەوە کەوتن کە ژن و ماڵیان گەیاندە قەڵاکەو داوای پشتیوانییان لە"مەلیك جۆی" کرد. گەورەکانی فەڕەنگ لەپاش ڕاوێژ و تەگبیرێکی زۆر فیکریان هاتە سەر ئەوە کە بە هەموو هێزێکیانەوە جەنگ لەگەڵ سوڵطان بکەن و لە هیچ شتێك درێغی نەکەن. ئینجا هاتن ویستیان لەپێشا ئاو لە لەشکری سوڵطان بڕن، بەڵام فڕوفێڵەکەیان سەری نەگرت، چونکە سوڵطان لەپێش ئەوەدا ئەوان بکەونە سەر ئەم فیکرە، ئیشێکی وای کردبوو کە نەیەڵێ ئەو فیکرەیان بۆ جێبەجێ بێت.

سەیرتر ئەوەبوو ئەوان ئەیانویست ئاو لە لەشکری ئیسلام بڕن، کەچی گۆبەندەکە بۆ خۆیان گەڕایەوەو ئیشەکە بە پێچەوانە دەرچوو، بەبێ ئاو لە گەرمادا مانەوەو ئاگری شەڕیش وا بڵێسەی ئەچێ بە ئاسمانا بە جۆرێکی وا کە ئیتر نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەشکری ئازای ئیسلام شەڕێکی پیاوانەیان کردو هێرشی نەبەردانەیان ئەبردە سەر کافرەکان. لەشکری فەڕەنگ بێجگە لە چێشتنی تاڵاوی ئەم شەڕە بەجۆشە، تووشی تینوێتیو برسێتیو ترس و لەرزو بێهێزیش هاتن، تا بەناچاری هیچ ڕێگەیەکی تریان بۆ نەمایەوە بێجگە لە هەڵاتن نەبێ.

ڕۆژی ٢٦ی ڕەبیعول ئاخەری٥٨٣ی هیجری یەکەم ڕۆژێك بوو کە کۆڵەکەی سەڵطەنەتی فەڕەنگ بەدەستی سوڵطان صەلاحەددینی کوردییەوە لە فەڵەستین ڕووخێنرا، هەر لەم ڕۆژەدا"مەلیك جۆی"و براکەیو ئەمیری کەرەك و گەلێکی تر لە گەورەکانی فەڕەنگ بەدیلکراوی کەوتنە لەشکری سوڵطان صەلاحەددینەوە... وە لەناو ئەو تاڵانەدا کە کەوتە دەست موسڵمانەکان (داری خاچی پیرۆز) بوو کە ئەوە بۆ کافرەکان هەمووشتێکی ئەهێنا. ئیتر تا دنیا دنیا بێ تەئریخ ئازایەتی و خزمەتی صەلاحەددینی کوردی بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام لەو ڕۆژەدا ئەگێڕێتەوە.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەم شکاندن و هەڵاتنە کە کافرەکان لە فەڵەستیندا تووشی بوون، لەو ڕۆژەوە پێیان کەوتبوە ئەم ڕۆژەڵاتە تا ئەووەختە شتیوایان

بەسەرا نەهاتبوو زیانی واشیان لێنەکەوتبوو. ئینجا کە فەڕەنگەکان هەڵاتن‌و ئەوناوە لەوان پاك بووەوە، بارەگایەکی بەرزی پادشاهی بۆ سوڵطان صەلاحەددین هەڵکراو لەلای ژوورەوە لەسەر ئەو تەختی سەڵطەنەتە دانیشت‌و سەرلەشکری‌و گەورەکانی کوردو ئیسلام هەموو لەدەوریا ڕیزیان بەست. بەرەبەرە دیلەکانیان هێنایە بەردەمی، لەپێشدا"مەيك جۆی"و"ئەمیری کەرەك"یان هێنا. کە هەریەکە شوێنی خۆی گرت،"مەلیك جۆی" داوای ئاوی کردو بۆیان هێنا، توزێکی لێخواردەوەو دای بە"ئەمیری کەرەك". بەڵام سوڵطان نەیهێشت، وتی: (( ئێمە ئاوی نادەینێ هەتا دڵنیا نەبێ لەوە کە تۆڵەی لێ ناکەینەوە)).

لەپاشا سوڵطان دەستی کرد بە هەڵدانی ئەو خراپەو جەورو خوێنڕشتنە کە ئەم"ڕینۆڵد"ە لەگەڵ موسڵمانەکان کردوویەتی‌و، باسی ئەوەی کرد کە چۆن پەیمانی هەڵوەشاندۆتەوە ؟ وە چۆن سەر ڕێی بە حاجیەکان گرتووە هەتکی کردوون ؟ کە لە قسەکانی بووەوە خۆی هەستایە سەرپێ‌و دای لە ملی‌و ملی پەڕان، بەمە سوێندەکەی خۆی بەجێهێنا کە وتبووی:(( ئەبێ بە دەستی خۆم بیکوژم )). مەلیك جۆی لەمە زۆر ترساو هەموو لەشی کەوتە لەرزین. بەڵام سوڵطان دڵخوشیی دایەوەو دڵنیای کرد کە هیچی لێنایەت، ئیتر نەترسێت: هەر بەمەوە ڕانەوەستا، هێنای ڕێزێکی باشی لێگرت، گەلێ شتی‌دایەو خزمەتێکی باشی خۆی‌و دیلەکانی تری کرد کە لەگەڵی بوو. تەنها دووسەد دیلیان نەبێ کە گەلێ خراپەیان لەگەڵ ئیسلام کردبو،و ژن‌و منداڵێکی زۆریان لە ئیسلام بە خوڕایی کوشتبوو، سوڵطان فەرمانی دا بە کوشتنیان. ئەگینا ئەوانی تر لەگەڵ مەلیك جۆی بە ڕەوانەکردنێکی باش‌و خزمەتێکی نایابەوە ناردنیەوە بۆ شام.

لەپاش توزێ حەسانەوە، ئینجا سوڵطان بە لەشکرێکی ڕێکوپێکەوە پەلاماری قەڵای ( تەبەرییە)ی دا. ژنی"ڕیامۆند" کە پەنای بردبوە ئەوێ، چاری نەما قەڵاکەی دا بەدەستەوە. ئیتر شیری ئیسلام‌و سوڵطانە ناودارەکەی کورد بینی پێوەنا بۆ گرتنی وڵاتەکانی فەڵەستین. ڕووی ئەکردە هەر وڵاتێکی، خەڵکی ئەوێ ئەهاتن بەپیریەوەو وڵاتەکەیان ئەدایە دەستی. بەم جۆرە بە سەرکەوتوویی

لەوپەڕیـەوە دەرچـوو. چـەند حامیەیـەکی کـەم نـەبێت هیـچی تـر لـەو وڵاتـە پـان و درێـژەدا کـە سـاڵەهای سـاڵ بـوو فەرەنگـەکان بەدەسـتیانەوە بـوو، هیـچی تـر نەمایـەوە. سوڵـطـان کە ڕووی ئەکردە هـەر شـوێنێك، کردەوەیـەکی باش و نایابی لەگـەڵ ئەهلی ئـەو شـوێنەدا ئەنوانـد، بـەبێ ئـەوە چاوی لـە جنس یـا ئایینیانـەوە ببێت. ئەوەنـدە دادو عـەدلی لـەوناوەدا بڵاوکردبوەوە، هـەموو خـەڵکی ئـەو وڵاتـە لـە کوڕو باوکی خۆیان خۆشتریان ئەویست.

لەپاش ئەوە کە لـە گرتنی (تەبەرییە) بووەوە، پەلاماری"عـەکا"ی دا، پارێزگارەکانی ئـەم شـارە لـە سـەرەتاوە هەندێکیان دیفـاع کـرد، بـەڵام لـە ئـاخرا پێـان نـەکراو هاتنـە سـەر ئەوە کە شار بەدەستەوە بدەن و پەیمانی ئاشتی ببەستن. سوڵطان ڕێی بۆ بـەرەڵڵا کردن بـۆ ئـەوە دانیـشتوەکانی شـار بـچنە دەرەوە. لـە ڕۆژی"٢"ی ڕەبیعـول ئـەووەڵی"٥٨٣"ی هیجریـدا لەشـکری موسـڵمانەکان بـە پیرۆزییـەوە چـوونە نـاو شـاری (عـەکا)وە، نوێـژی جومعـەیان لـەو مزگەوتـەدا کـرد کـە گاورەکـان کردبوویـان بـە (کەنیـسە). لـەم قەڵایـەدا موسڵمانەکان ماڵێکی زۆریان دەست کەوت.

ئینجـا سوڵــطـان صـەلاحەددین لـەپاش حەسـانەوەیەکی کـەم مـوژدەی ئـەم سـەرکەوتنەی نـارد بـۆ"مـەلیك عادیـل"ی بـرای کـە لـە میسر بوو وە ڕایسپارد کە ئەویش لەوێوە هێرش بەرێتە سەر ئەو وڵاتانە کە کەوتوونەتە سنووری میسرەوەو بەتەواوی پاکیان بکاتەوە لە پاشماوەی ئەهلی خاچ. مـەلیك عادیـل کـەوتـە خـۆی و دەسـتی دا بـەو ئیشانەوە کـە پێـی سپێرابوو. یەکـەم جـار قـەڵای (مـەجدەل یابـا)و شاری (یافا)ی گرت، دیلێکی زۆری لە گاورەکان گرت. لەملاشەوە سوڵــطـان خـۆی لە قەڵای (عەکا)وە چـەند ئۆردوویـەکی بـەملاو بـەولادا بڵاوکـردەوە. ئـەم ئۆردووانـە (ناصیرە، قیساریە، حەیفا، صەفورییە، شقێف، فوولە و مەعلیا)یان گـرت. قـوواتی ئیـسلامییەی تـریش هــەر بـە فـەرمانی سوڵــطـان لەلایـەکی تـرەوە (نـابلوس)و (سـەبطییـە)و گــەلێ شـوێنی تریـان گـرت- گـۆڕی"زکریـا"ی پێغەمبـەریش لـە (سەبطییـە)یـە-. سوڵـطـان خـۆیشی ڕووی کـردە قـەڵای (تبـنین)- کـە"تـەقیوددین عومەر"ی برازای مەواشیری گرتنی ئەو قەڵایە بوو وە گرتبوویشی- لەپاشا ڕووی کـردە (صـەیدا)، ئـەم شـارە بـەبێ خوێنڕشتن گیرا، لـەپاش شـەڕێکی هـەشت ڕۆژی

(بەيرووت)يشی گرت. ئينجا كەوتە سەر ئەوە كە ڕوو بكاتە ( عەسقەلان)، ئەم شارە كەوتبوە سەر ڕێگەی ميسرو وڵاتی شامەوەو بە كليلی (قودس) دائەنرا.

داخی گرانم لێرەدا سوڵطان گرتنی قەڵای (صوور)ی خستە پشت گوێی، ئەو قەڵايە كە هەڵاتوەكانی ئەهلی خاچی لێ كۆئەبوەوەو چاوەڕوانی گەورەيەكيان ئەكرد كە سەرۆكاريی بكات. گرتنەكەشی لەوەختی خۆيدا زۆر ئاسان بوو. نازانين لەبەرچی وا سوڵطان لەو وەختە تەنگ وچەڵەمەدا گوێی پێ نەئەدا ؟!

ئەم قەڵايە لەپاشا بوو بە مەركەزێكی ئێجگار قايم بۆ گاورەكان، بەتايبەتی كە مەركيز "كۆنارد" لە قوسطەنطينيەوە بە لەشكرێكی زۆرەوە هاتە ئەوێ و كردی بە مەركەزی ديفاع بۆ باقيی شوێنەكانی ئەهلی خاچ لەو وڵاتەدا. ئەم كارەساتەی ئەم بەجۆرێ ناوی دەركرد كە پێيان ئەوت:( شاڵاوی جاری سێهەمی ئەهلی خاچ ). لەم شاڵاوەدا موسڵمانەكان تووشی گەلێ زەرەرو زيان و خراپە هاتن.

بێگومان ئەم ئيشە پچووكە كە لە سوڵطانەوە ڕوویدا هەڵەيەكی زۆر گەورەی سياسی و عەسكەری بوو. چونكە ئەهلی (صوور) لە وەختی خۆيا لە پاڕانەوەی ئەوەدا بوون كە بەبێ قەيدو شەرت سوڵحيان لەگەڵ بكرێت. بەڵام كە "كۆنارد" چووە ناويانەوە هەموو لەو فيكرە پەشێمان بوونەوە. لەم كاتەدا سوڵطان ويستی بەهۆی باوكی "كۆنارد"ەوە كە ديل بوو لەلای و لە شام بوو ئيشێكی وا بكا كە (صوور) خۆی بدا بەدەستەوەو ئەهلەكەی هيچ ديفاع نەكەن بەڵام ئارەزوەكەی پێك نەهات. لەپاش ئەمانە سوڵطان ڕووی كردە (عەسقەلان)، (٢٤) ڕۆژ دەورەی دا فيكری وابوو كە بەڵكوو بەهۆی "مەليك جۆی"يەوە بەبێ خوێنڕشتن و عەزيەت ئەم شارە بگرێت، ئەم تەگبيرەش كەڵكی نەبوو ناچار لە ئاخری جومادیل ثانيدا هێرشێكی زۆر گەورەی كردە سەر قەڵاكە ، ئەهلەكەی بە ناهومێدی بە چەند شەرتێك خۆيان دا بەدەستەوە. بە شوێن ئەمەدا ئيتر بينی پێوە نا، لە ماوەيەكی كەمدا غەززە، ڕەملە، خەليلول ڕەحمان، بەيتە لەحم، بەيت جبريل و گەلێ وڵاتی تريشی داگير كرد.

سوڵطان صەلاحەددين ئەم هەموو سەركەوتنەو فتووحاتەی دەست كەوت هەموو دوو مانگی نەخايان، تا ئەو وەختە هيچ پادشايەك نەيتوانيوە بە ئەوەندە وەخت ئەوەندە ئيش بكاو ئەوەندە پياوەتيی گەورە گەورە بنوێنێ، ئەمانەش

هەموو بۆ ئەوە بوو کە ڕێگە بۆ موسڵمانەکان لە هەموولایەکەوە بەرەڵلا ببێ بۆ ئەوە بچنە (قودس)ەوە بەبێ خوێنڕشتن، چونکە سوڵطانی کورد نرخی ئەم شارە پیرۆزەی لەلای موسڵمانو گاورەکان بۆ دەرکەوتبوو، نەیئەویست کە بەزۆر و بە جەنگ بیگرێتو بە عەسکەر بیشڵەژێنێت، هەموو کۆششی ئەوەبوو بەڵکوو لە ڕێگەیەکی ئاشتییەوە دەستی کەوێت. هات پیاوی نارد بۆ لای ئەهلی (قودس)و سەردارەکان لەوێدا کە: (( پیاوەتی بکەن با خوێن نەڕژێنرێت شارەکە بدەن بەدەستەوە ))، بەڵام فەڕەنگەکان سواری قسەی خۆیان بووبوونو قسەی سوڵطانیان وەرنەگرت. زۆرتریش هۆی وەرنەگرتنی قسەکە ئەمە بوو:

"بالیان" حاکمی پێشووی (ڕەملە) لە هەرای (حطین)دا بە دیل کەوتبوە لای سوڵطان صەلاحەدین، داوای لە سوڵطان کرد کە تاقە شەوێك ئیزنی بدا بچێت لە (قودس) ڕابوێرێتو بەیانی منداڵەکانی بێنێتو بێتەوە، سوڵطان قسەکەی نەشکان لەبەر شەرەفی عەسکەریی، بەڵام کە کابرا چوو نە شەرەفی پاراست نە وەعد، نەهاتەوە، لەوێدا مایەوەو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی لەشکرو خۆئامادەکردن بۆ شەڕ لەگەڵ سوڵطاندا، زۆری پێنەچوو شەست هەزار سەربازی پڕچەکی لەدەور کۆبوەوە، (قەشە)ی قودسیش ماڵو پارەیەکی زۆری کڵێسەی لەلا هەبوو هەمووی دایە بۆ ئەوە بیکاتە خەرجیی ئەم عەسکەرە، بەم جۆرە "بالیان" عەسکەرو ماڵێکی زۆری بۆ پاراستنی قودس پێکەوە نا.

کە سوڵطان صەلاحەددین ئەم خەبەرەی بیستو ئەم ناپیاوەتییەی لە "بالیان"ەوە چاوپێکەوت بەجارێ تووڕە بوو، فەرمانی بە لەشکر دا بۆ ڕووەو (قودس) لە (٢٥)ی مانگی ڕەجەبی (٥٨٣)ی هیجریدا گەیشتە ئەوێو چواردەوری قەڵای قودسی گرت. لەپاش ئەوە کە بە ماوەی پێنج ڕۆژ هەموو شوێنو بنکەی شەڕی تاقی کردەوەو پشکنینی فیکری هاتە سەر ئەوە کە لە شیماڵی شارەکەوە هێرشێکی گشتی بکەن. خێرا سەربازخانەی کێشایە ئەوێو (جەبەلول زەیتوون)ی کرد بە مەرکەزی قیادەی خۆی. لە شوێنەکانی تریشەوە ئابڵووقەی شار درا، بەم جۆرە تەنگی بە قودس هەڵچنی. هەرچەند کۆسپێکی زۆریان هاتە سەر ڕێو تووشی گەلێ تەنگوچەڵەمە بوون بەڵام لە ئاخردا ئەو فەڕەنگییانە کە

لەناو شار بوون چاریان نەما داوای سوڵح و ئەمانیان کرد. لەپاش موفاوەزەیەکی زۆرو درێژ بڕیاریان لەسەر ئەمە دا:

لە ماوەی چل ڕۆژدا فەڕەنگیەکان شارەکەو قەڵاکەی بەجێبێڵن، لەباتی هەر پیاوێك (دە) دینارو ژنێك (پێنج) دینارو منداڵێك (دوو) دینار بدەن لەباتی ئەوە کە بە سەلامەتی لە شار ئەچنە دەرەوە.

لە ڕۆژی (٢٧)ی ڕەجەبی (٥٨٣)دا شاری پیرۆزی قودس لەپاش حەضرەتی عومەر (ع) بە قارەمانیی صەلاحەددینی کوردی کەوتەوە دەست موسڵمانەکان. لێرەدا (دووربینی)یەکەی "قازی محێدین" قازیی (شام) هاتەدی. لەکاتێکا کە سوڵطان صەلاحەددین (حەڵەب)ی گرت وتبووی: (( هەر لە مانگی ڕەجەبیشا (قودس)یش فەتح ئەکرێت ))[١].

سوڵطان ئەم قازییەی بانگ کردو پێیوت خوتبەی جومعە لە ڕۆژی فەتحدا بخوێنێتەوە. نوێژکەری ئەو ڕۆژە ئەوەندە زۆر بوو (مسجد الأقصى) بەو گەورەییە نەیئەگرت. ئەو سەرانەیە کە سوڵطان دانابوو لەسەر حامییەی قودس هەر بۆ فەڕەنگەکان بوو، چونکە دانابوو کە گاورەکانی دانیشتووی (قودس) وەکوو باقیی گاورە ژێردەستەکان سەر دانەوێنن بۆ ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامیو هیچیان لەسەر نەبێت.

سوڵطان نەچوە ناو شارەوە تا هەموو سەرلەشکریو گەورەکانی فەڕەنگ تیایا دەرنەچوون. هەر کە چووە شارەوە لەبەر ئەوە "مەلیك عادیل ئەبوبەکر محەمەد"ی برای تکای لێ کردبوو فەرمانی دەرکرد کە حەوت هەزار فەڕەنگی هەبوونو هەژار بوون سەرانەکەیان لێ نەسەنرێت. هەروەها لە سەرانەی دە هەزار کەسی تریش خۆش بوو. نەوەك هەر ئەوەندە بەڵکوو فەرمانی ئەوەشی دەرکرد کە قاپیی قودس بەرەڵلا بکرێت ڕۆژێك هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بۆ ئەوە هەژارو

---

[١] ئیبراهیم ئەفەندیی حەیدەریی خوا لێی خۆش بێ پێیوتم: کە قازی محێدین ئەم شیعرەی دوایی کردبوو بە سەرەتای خوتبەی ڕۆژی جومعەی ئەو ڕۆژە کە سوڵطان صەلاحەددین شاری (قودس)ی گرتو لە (مسجد الأقصى)دا جومعەیان کرد:

المحد لله ذلت دولة الصلبى وعزّ بالكرد دين المصطفى العربى. دانەر

بێ‌ئەوا بچنە دەرەوە بەبێ ئەوە داوای هیچیان لێ بکرێت. وە قەشەو پیاوە ئاینیەکانیش چی ئارەزوو ئەکەن لەگەڵ خۆیان بەرنە دەرەوە.

صەلاحەددین ئەو دڵنەرمی و دادو عەدلە کە لە گرتنی (قودس)دا بەکاری هێنا، ئەقڵ و قەڵەم ناتوانن بەتەواوی باسی بکەن، تەنانەت موئەرریخ و موئەللیفەکانی فەرەنگیش لەم کردەوە جوانانەی ئەم هەروا سەرسام ماون، چونکە کە تەماشای ئەوە ئەکەن چۆن سوڵطان چاکی لێ بەلادا کردبوو بۆ دەستگرتنی بێ‌نەواو لێقەوماوان و چۆن ڕێزی لە ژن و منالان ئەگرت و خزمەتی ئەکردن ؟ بەتەواوی دان بە گەورەیی و ئینسانییەتپەروەریی صەلاحەدیندا ئەنێن. بەتایبەتی لەکاتێکا کە تکای شاژن "سیبیل"ی گرت و ناردیەوە بۆ لای مێردەکەی"مەلیك جۆی" کە لە نابلوس دیل کرابوو وە پاڕانەوەی ئەو دایك و ژنانەی وەرگرت کە کوڕو مێردەکانیان گیرابوون و سوڵطان لەبەر دڵی ئەوان بەرەڵای کردن، پیاو شکی نامێنێ کە زۆرتر عاتیفەی ئینسانی لە لەشی ئەم سوڵطانە پایەبەرزەدا بووە.

ئەم کردەوە بەرزو چاکانە کە سوڵطان صەلاحەددین لەگەڵ گاورەکانی قودس و فەلەستیندا نواندی، بەتەواوی پێچەوانەی ئەو کردەوە پیسانە بوو کە فەرەنگیەکان لەگەڵ موسڵمانەکان نواندبوویان، تەماشا ئەکەیت کاتێ کە"گودفری" لە (٤٩٢هـ- ١٠٩٩م) قودسی گرت، ئەوەندە ئیشی ناپەسەندی وای بەرامبەر بە موسڵمانە پەنادراوەکان نواند کە تەئریخ شەرم ئەکا بیگێڕێتەوە، هێنای حەفتا هەزار ژن و پیاوی بێ‌گوناحی موسڵمانی لەسەر هیچ کوشت، بەبێ ئەوە تاوانێکیان بێت، ئا ئەم کردە ناشیرینە تەنانەت موئەرریخە گاورەکانیش بە هەموو ئاشکراییەکیانەوە دانی پیائەنێن.

سوڵطان نزیکەی مانگێك لە قودس مایەوە، لەم ماوەیەدا ئیشی شارەکەی ڕێکوپێك کردەوە، مزگەوت و کۆشکە ئایینیەکانی ئاوەدان کردەوەو سەرلەنوێ نازی پێدانەوە. بناغەی گەلێ قوتابخانەو مەعاهیدی تری دامەزراندو هۆی ژیانیان و وەقفی بۆ دانان، ئینجا لەگەڵ ئەو لەشکرە ئازا داگیرکەرەیا ڕوو بە (صوور) بەڕێ کەوت، چونکە فەرمانی دابوو لەپێشا کە (ئوستوول)ـەکەی لە میسرەوە ڕوو بکاتە مینای ئەم قەلایە. بەلام"مەرکیز کۆنارد" بەسەر هەلی خۆیدا

تێنەپەڕیبوو، هاتبوو ئەم قەڵایەی چاك چاك قایم کردبوو. لەبەر ئەمە سوڵطان هەرچەندە کۆششی کرد پێی نەکرا نە لە ئاوەوە نە لە وشکانییەوە ئەم قەڵایە بگرێت، ساردو سەرمای زستانیش هاتە پێشەوە، ناچار لەسەر قسەی هەندێ لە گەورەو سەرلەشکریەکانی بۆ حەسانەوە گەڕانەوە دواوە.

لێرەدا سوڵطان لەم کردەوەیە گەلێ پەشێمان بوەوە، چونکە سەرەتا هات بە گوێی سەرلەشکرییەکانی کردو، ئەوانیش لە ئەووەڵەوە نەیانزانی کە نرخی ئەم قەڵایە لەباری جەنگدا چەند گرانە، بە پێچەوانەی سوڵطان ئەو ئەیزانی بەڵام حەزی نەکرد دڵی ئەوان بشکێنێ. ئەگینا پێویست بوو لەپێش هەمووشتێکدا ئەم تاقە قەڵایە کە بە دەست ئەهلی خاچەوە مابوو، بگیررێت بۆ ئەوە بەتەواوی وڵاتی فەلەستین لە پاشەڕۆکی ئەو گاورانە پاك بوایەتەوە. بەڵام داخی گرانم ئەوی لەم بابەتەوە سوڵطان ئەیزانی سەرلەشکریەکان نەیانئەزانیو هەلیان لەدەست چواند، لەم کردەوەیەدا هەڵەی زۆر گەورە ڕووی دا:-

١. مادام لە وەختی خۆیدا ئەرکێکی وایان نەئەهاتە ڕێ بۆ گرتنی ئەم قەڵایە، پێویست بوو گرتنەکەی پێش گرتنی قودس بکەوتایە.

٢ـ پێویست بوو سوڵطان ئیشێکی وای بکردایە ئەو دیلە فەڕەنگیانە کە بەڕەڵای کردن یا ئەو وڵاتانە کە لێی گرتبوونو ڕێی دا بەو فەڕەنگیانە کە تیایاندا بوون بچنە دەرەوە کە نەتوانن بچنە قەڵای (صوور)و، بەم جۆرە ببن بە کۆسپێکی گەورە بۆ گرتنی ئەم شوێنە، وە ئەبوایە بەتەواوی فیکری لەم وردەکاریی جەنگییە بکردایەتەوە.

٣. پێویست بوو لەپاش ئەوە کە شاری قودس گیراو هەموو ئیشێکی ڕێك خرا، ئەم قەڵاشە بگیرایە، با هەرچەندە گیانوماڵیش لەپێناویا بدرایە، بەتایبەتی لەپاش ئەوە کە دەورەدرابوو نەئەبوا بەجێبهێڵرایە.

بەکورتی گرتنی شاری قودس لەسەر سوڵطان صەلاحەددیندا ئاگرێکی تەعەصوبی لە دڵی گاورەکانی ئەوروپادا هەڵگیرساند، کەشیشو پیاوە ئاینیەکانی هان داو ڕاستی کردنەوەو کەوتنە دنیاوەو تێکەڵاو بە هەموو تیرەو جنسێك بوونو سەرلەنوێ ئاگری کینەو عەصەبییەتیان لەبەینی گاورەکانا

بەرامبەر بە موسڵمانەکان تیژکردەوە. بەم جۆرە ئەمانە دەستیان کرد بە جاڕدان. زۆری پێنەچوو لە هەمووشوێنێکەوە هێزی لێشاوی گاورەکان لەژێر فەرمانداریی پیاوە گەورەو پادشاکانیانا وەکوو لافاو ڕوویان کردە فەڵەستین. لە سەرۆکە گەورەکانی ئەم شەڕە بەناوبانگەی ئەهلی خاچ کە ڕوویان کردە ئەرزی فەڵەستین ئیمپڕاتۆری ئەڵەمانیاو پادشای ئینگلتەرە"ڕیشارد- شیردڵ"و گەلێ کەسی تریش بوون. لەم کاتەدا سوڵطان صەلاحەددین لە گرتنی قەلاّی (هوینین) بووەوە، تەنگی بە قەلاّکانی (کەوکەب، صەفەد و کەرەك)یش هەڵچنی و گرتنی، لەپاشا لە شەشی ڕەبیعول ئەووەڵی"٥٨٤"ی هیجریدا گەڕایەوە بۆ شام، لەوێوە لەشکرێکی کۆکی ڕێکخستو بە سەرکردەییی خۆی ئەم لەشکرە ڕووی کردە (ئەنتاکیە) و (تەڕابلوس). کە شاری (ئەنتەرتوس)ی گرت"مەلیك جۆی"ی بەرەلاّ کرد بەو شەرتە کە سووریە بەجێبێڵێتو بچێت بۆ ئەوروپاو جارێکی کە شەڕ لەگەڵ سوڵطان نەکاتەوە. بەلاّم کابرا شەرتەکەی خۆی نەبردە سەر، هەر کە لە چنگی سوڵطان ڕزگاری بوو، چوو بۆ (صوور)و خۆی گەیاندە"کۆنارد"و پێی‌وت کە ئەمیش ئامادەیە لەژێر چاودێریی ئەودا شەڕ لەگەڵ موسڵمانەکان بکات. لێرەدا "کۆنارد" گوێی بە قسەکەی نەداو دەری‌کرد، ناچار لێی‌دا چوو بۆ (تەڕابلوس). لەوێ هەندێ لە پاشماوەی گاورەکانی کۆکردەوەو ڕوو بە (صوور) گەڕایەوەو لەگەڵ ئەوانا پەلاماری (عەکا)یان داو بەدڵ دەستیان کرد بە جەنگکردن لەگەڵ موسڵمانەکانا.

بەشی سوڵطان لەم هەموو شەڕانەدا هەر فەتح و داگیرکردن بوو، تەماشا ئەکەیت هەر لەم ماوەیەدا(مەڕقەب، جەبلە، لازقییەو صەهیۆن)و گەلێ شوێنی تری داگیرکردو گەڕایەوە بۆ شام. لەوێ حەسانەوەی دا بە ئۆردوەکەی‌و، خۆی بەو زستانە لەگەڵ هەندێ لە سەربازە تایبەتیەکانی خۆیدا ڕووی کردە (صەفەد)و (کەوکەب)و گرتنی. هەر لەم کاتەدا خەبەری درایە کە"مەلیك عادیل"ی برایشی قەلاّ بەناوبانگەکەی (کەرەك)ی گرتووە.

بەڵێ سوڵطانی کورد بە هەموو ئازایەتیەکیەوە توانیی کە هەموو قەلاّی سووریەو فەڵەستین و هەموو شارەکانی لەژێر چنگی فەڕەنگیەکان بێنێتە دەرەوەو

هـەموویان تارومـار بکـات، ئـەوی مایـەوە تـەنها قـەڵای (صـوور) بـوو کـە هـەموو فەڕەنگەکان تیایا کۆئەبوونەوەو بوون بە کۆسپێکی گەورە لـە ڕێی موسڵمانەکانا، ئێجگـار تەعەصـوبی ئەوروپاییـەکان لـەو ڕۆژەدا گەیـشتبوە ئەوپـەڕی ! وای لێهـاتبوو دەسـتە دەسـتە گاورەکـان لـەم پـەلاماری سـێهەمەدا وەکـوو ڕێـچکەی مێرووله ئەکشان بۆ فەڵەستین و خۆیان لە قەڵای (صوور)دا پەنا ئـەدا بـۆ شـەڕکردن لەگەڵ موسڵمانەکان، تا ئیش گەیشتە پایەیەك کە مەوقیفی سوڵـطان لـە سـەرەتای سـاڵی "٥٨٥"ی هیجریـدا وای لێهـات لـە هێرشـکردنەوە بـوو بـە خۆپاراسـتن، چونکە"کۆنارد"ی سەرلەشکری قەڵای (صوور) سـەربازێکی ئێجگار بەهێزی لـەم قەڵایـەدا حەشار دابـوو، لەوانـەبوو وا دەرئەکـەوت کـە ئـەم قووەتـە ئەیـەوێ هێـرش بکاتـە سـەر هەرچـی ولاٚتـی ئیسلام هەیـە، حەقیقـەت هـەر ئـەم قووەتـە بـوو بـە پێشڕەوی ئەو نەگبەتییە کە گەمارۆی ئیسلامی دا، وە ئەمـەش ئیجگـار هۆیەکـەی ئـەوەبوو کـە"مـەلیك جـۆی" بەپێـچەوانەی ئـەو بڕیـارو قەرارانـە کـە دابـووی ئۆردوویەکی کۆکی لە (تـەڕابلوس) پێکـەوە نـابوو، بووبـوو بە پشتیوانێکی بەهێز بـۆ ئـەم قـەڵای (صـوور)ە. پـەیتا پـەیتا لـەڕێی دەریاشـەوە پـشتیوانیی گـەورە گەورەتریشی لەلایەن فەڕەنگەکانەوە بۆ ئەهات.

لەم کردەوانە سوڵـطان هـەروا بـەدەستبەسـراوی وەنـەبێ دانیـشتبێت، بەڵکوو هێنای لەلایەکەوە بۆ دوژمنـەکانی (مـەرج عیون) لەشکرێکی ساز کردو، لەلایـەکی کەشـەوە دەورەیـەکی باشـی قـەڵای (شـقێف ئـەڕنوون)ی دا. لـەم کاتـەدا خەبـەری وەرگرت کـە فەڕەنگـەکان تـەنگیان بـە (عـەکا) هەڵچنیوە. ناچار هێنـای هەنـدێ لـەو قۆشەنگە کە دەورەی (شقێف)یان دابوو، هـەر لـەوێ بۆ ئـەو ئیشە بەجێیهێـشت و خـۆی بـە زبـرەی لەشـکرەکەوە چـوو بـۆ ڕزگـارکردنی (عـەکا) کـە"مـەلیك جـۆی" دەورەی دابـوو. ئـەم دەورەدانـی (عـەکا)یـە دوو سـاڵ درێـژەی کێـشا. هـۆی ئـەم درێژەکێشانەشی ئەوەبوو کە فەڕەنگەکان پەیتا پەیتا پشتیوانییان لـەملاو لـەولاوە بۆ ئەهات و"کۆنارد"یش بۆ یارمەتییان زۆر بەسۆز تێهەڵچووبوو.

ئەگـەر سوڵـطـان صـەلاٚحەددین بهاتایـە لـە ئـەووەڵ جـاردا گـوێی بـە دەورەدانی (عـەکا) بدایـەو لـەپێش ئـەوەدا کە فەڕەنگـەکان لەوێدا پشتیوانییان بۆ

بهاتایەو لەپێش گەیشتنی "کۆنارد"دا ئیشی خۆی بکردایەو دەستێکی باشی لێبوەشاندنایە، ئەم دەورەدانە وا درێژەی نەئەکێشاو فەڕەنگەکان نەئەکەوتنە سەر ئەو فیکرە کە جارێکی کە تەماع بکەنەوە (قودس)و فەڵەستین. خولاصە ئیشەکە هەر لە بناغەوە باش نەهاتبوە پێشەوە، چونکە سوڵطان لەباتی ئەوە بەرەنگاری "مەلیك جۆی" بێتو نەیەڵێت بەوجۆرە ڕۆژ بەڕۆژ لەشکری زیاد بکا، هێنای خۆی بە قەلاّی (شقێف)ـەوە خەریك کرد. کە چاوی کردەوە تەماشای کرد وا فەڕەنگەکان خەریکی (عەکا)ن، چاری نەما بۆیان بگەڕێتەوە، لێرەدا وەکوو بڵێیت پەرتوبلاّو بوەوە، لە (عەکا)دا چەند ڕۆژێك پێیانەوە خەریك بوو، هەتا باش بوو هەلی بۆ هەڵکەوتو لە سووچێکی(عەکا)وە هێرشێکی نەبەردانەی کرد، بە سەرکردەییی ئەمیر"تەقیوددین عومەری کوڕی شاهەنشا"ی برازای ئەو ڕێگەیە فەتح کراو ڕێ بەرەلاّبوو بۆ ئەوە کە چەكو کۆمەکیان بگاتێ.

"ستانلی" ئەڵێت: سوڵطان صەلاّحەددین توانیی لە بەیانی ڕۆژی"٢"ی شەعبانی"٥٨٥"ی هیجریدا خۆی بکا بەناو شاری (عەکا)دا، ئەمیر حوسامووددینی قەلەویی کرد بە حاکمو پارێزگاری قەلاّکە. کە شەو داهات ئۆردووی گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆیان لەمدیوی قەلاّکەوە. فەڕەنگەکان ئەم ئیشەیان بە هەلێکی باش زانی، هاتن کارقایمیی خۆیانیان لە هەموولایەکەوە کرد، بەتایبەتی ئەو ڕێگەیە کە بە ڕۆژ سوڵطان گرتبویو لەوێوە چووبووە ناو شارەوە گرتیانەوە. ئەو هەموو کۆششو عەزیەتە کە سوڵطان لەو ڕۆژەدا بۆ گرتنی ئەو ڕێگەیە کێشابووی، هەموو بە خۆرایی دەرچوو. بەمەشەوە نەوەستا، دوژمن هێنای لە ڕۆژی پێنجی ڕەمەزانی"٥٨٥"ی هیجریدا بێجگە لەوە کە گەمارۆی موسڵمانەکانیان دابوو، هێرشێکی تیژیشیان کردنە سەرو لە دەوروبەری (عەکا) بەتەواوی دووریان خستنەوە، بۆ نەگبەتی ئەم ئیشەش کە ڕووی دا لەکاتێکا بوو کە لەشکری ئیسلام بەملاو بەولادا پەرتوبلاّو بووبوونەوە، هەندێکیان لە (ئەنتاکیە) بۆ بەرپەرچی ئەمیرەکەی کە "بیمەند" بوو خەریکی شەڕ بوون، هەندێکی تریشیان لە ترسی ئەوە نەوەك حامیەی فەڕەنگەکانی تەڕابلوسی شام ئیشێکی خراپ بەرامبەر بە (دیمەشق) بنوێنن، ناچار بوون پارێزگاریی ئەو شارە بکەن، لەلایەکی تریشەوە بەشی زۆری لەشکرەکە ئالاّبوو بەوەوە کە

چاودێریی (دومیات)و (ئەسکەندرییە) بکا، نەوەك کوتوپڕ گاورەکان بێن داگیریان کەن.

لەلایەکەوە ئا ئەم تۆزە [1] شکانەو لەلایەکی تریشەوە هاتنی مانگی ڕەمەزان و وەرگرتنی سەرلەشکریەکانی ئیسلام بۆ گەڕانەوەو شەڕ بەجێهێشتن، تا ماوەیەك سوڵطانی ناچار کردە سەر ئەوە کە پاشەوپاش بگەڕێتەوە تا خۆی ئەگەیەنێتە (خەڕووبە)، (عەکا)و ئەهلەکەشی لەژێر بارانی ڕەحمەتی قەزاو قەدەردا بەجێبێڵێت، سوڵطان لە سووڕانەوەی ئەم دۆلکەیەو ناهەمواریی ئەم حاڵە گەلێ دڵگیر بوو، دڵی پێکاهات، ئیجگار کە تەماشای ئەکرد لەولاوە وا فەڕەنگەکان بەم جۆرە گوڕیان تێکەوتۆتەوەو شێرگیر بوون بۆ داگیرکردنی ولاتەکانی ئیسلامو، کەچی لەلایەکی کەشەوە ئیسلامەکان لە شەڕ هەڵدینو تاکی تەرازووی حەسانەوەیان بەلاوە لە جەنگکردن باشترە. وە هەر لەوکاتەشا ئەیبینی کە ئەمە خەتەرێکی تەواو ناهەموارە دەورەی ئەم موسڵمانانەی داوە، ئوقرەو خەوو خۆراکی لێهەڵگیرابوو، سەری لێ تێکچووبوو نەیئەزانی چی بکا. حەقیقەت لەم کاتەدا سوڵطان بەتەواوی مەوقیفی تێك چووبوو. سەرەڕای ئەم هەموو تەنگوچەڵەمەیەش تووشی نەخۆشی بووبوو و، ئەویشی لێ بوو بە سەربار. بەلاّم زیرەکیو بەجەرگیو ئازایەتیەکەی خۆی هەر بەدەستیەوە مابوو. هێنای کاغەزی بە هەموو ولاتی ئیسلامیدا بلاّوکردەوەو داوای یارمەتیی لە هەموو پادشاو ئەمیرو گەورەکانی ئیسلام کرد بۆ نەهێشتنی ئەم بەلاّیە کە تووشیان بووە، لێرەوە ئەمەی کردو زستانەکەشی لە (خەڕووبە) بەسەر برد، بەبێ ئەوە دەست بەرێ بۆ هیچ ئیشێك، وردە وردە لە نەخوشیەکەشی چاك بووەوە، لەم ماوەیەدا بەرەبەرە لەشکری ئیسلامیش لە دەوری کۆبوونەوە.

ئینجا بەم لەشکرە کۆکەوە لە ڕۆژی١٧ی ڕبیعول ئەووەلی"٥٨٦"ی هیجریدا بۆ بەرەنگاریی فەڕەنگەکان لە جێی خۆی بزووت، لەپاش حەوت ڕۆژ گەیشتە (عەکا)، لەکاتێکا بوو کە دوژمن لەوانەبوو پرزەی دەورەدراوەکانی

---

[1] لە ئاخردا سەرکەوتن هەر بۆ سوڵطان بوو، سەرکەوتنێکی وەها کە نزیکەی دە هەزار گاوری لە سەرلەشکرو زابتو سەربازەکان کوشت (تاریخ اسلام، ٣٨١). دانەر

عەكايان بڕیبوو، هەر لەم كاتەشدا ئوستوولی ئیسلامی لە میسرەوە هاتبوو گەیشتبوە ئاوی (عەكا)، لەگەڵ ئوستوولە فەڕەنگەكاندا لەشەڕدا بوو. زۆری پێنەچوو ئوستوولی فەڕەنگی شكاندو بە شێنەیی چووە میناكەوە، یارمەتیی موحاسیرینی ئیسلامی داو پشتیوانییەكی باشی كردن.

تا لەلایەكەوە ئیش چاك ئەكرا، لەلایەكی كەوە كونی تێئەبوەوە، ئەمان لێرەوە بەم جۆرە سەریان پێچابوو بەمانەوە، كەچی كوتوپڕ خەبەریان هێنا بۆ سوڵطان كەوا"فەردریك باربارۆس"ی ئیمپڕاتۆری ئەڵەمان خۆی داوەتەپاڵ ئەهلی خاچو بە لەشكرێكی زۆرەوە ڕووەو فەڵەستین بەڕێكەوتووەو سەرەتای لەشكرەكەشی گەیشتوونە شیمالی (ئەدرنە). سوڵطان صەلاحەددین ئەوەندەی تر مەوقیفی لێ تێكدرا. چاری نەما بۆ بەربەستكردنی ئەم لەشكری لێشاوی ئەهلی خاچە، داوای یارمەتیی لە هەموو پادشاو گەورەكانی ئیسلام كرد لە ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتی سەر زەوی، تەنانەت چەند كەسێكیشی نارد بۆ لای"یەعقوب مەنصوور"ی سوڵطانی مەراكیش بۆ ئەوە ئەویش كۆمەكێكی بۆ بنێرێت. داخی گرانم ئەم كۆششانەی كە سوڵطان لەباری داواكردنی ئەم یارمەتیانەدا كردی، هەمووی بەفیڕۆ ڕۆیشت. هیچ كەس بەقەدەر پووشێك یارمەتیی نەداو كەس خۆی لێ تێنەگەیاند، بەم جۆرە ئەم قارەمانە نەبەردەی كوردو ئیسلام خۆی بە تاقی تەنها لە بەرامبەر ئەم لەشكری لێشاوی فەڕەنگەوە مایەوەو پشتی بە خواو بە هێزە تایبەتیەكەی خۆی بەستو كەسی توخن نەكەوت.

ڕۆژگار جارجار دەستی خۆی ئەوەشێنێ ! ئیمپڕاتۆری ئەڵەمان كە بە سەركردەییی ئەو لەشكرە زۆرەوە هاتبوو بۆ بەرەنگاریی سوڵطان، نەگەیشتە مەرام. لە ١١ی حوزەیرانی ١١٩٠م=٥٨٦هـ لە یەكێ لە[١] ڕووبارەكانی سەر ڕێگەیانا لەكاتی پەڕینەوەیدا كەوتە ناو ئاوەكەو خنكا. لەشكرەكەی بەناچاری بەرەودوا گەڕانەوە، بەڵام لەلایەكیكەوە"دۆق دو سوابیادا"ی كوڕی لەڕێگەی (ئەنتاكیە)وە لەشكرێكی تری هەڵگرتو ڕووی كردە فەڵەستین.

---

[١] ئەو ڕووبارە كە تیایا خنكا، ڕووباری (جەیحان) بوو كە كەوتۆتە وڵاتی (قلیقیە). لە كتێبی جوغرافیای كۆنی ئیسلامیدا ئەڵێت ڕووباری (مصیصە) بووە. وەرگێڕ

لـەم هەرایـەدا ئۆردووی ئـەهلی خـاچ بـوون بـە دوو بەشـەوە، بەشـێکی ئیـشیان دەورەدانــی قــەڵاکان بــوو، بەشــە زۆرەکەشــی خــەریکی شــەڕکردن بــوون لەگــەڵ سـوڵـطانـدا. ئـەم بەشـەیان دەسـتی کـرد بـە ئیـشکردن، هـات لـە"٢٠ی جومادیـل ئاخـەری ٥٨٦"ی هیجـری کـە ئـەیکردە"٦ی تـەمووزی ١١٩٠"ی مـیلادی، دەسـتی کرد بە هێرشکردن بەسەر لەشکری سوڵـطانا. لەشکری صەلاحەددین لە سـەرەتادا شــپرزەبوو، ورەی بــەرداو شــکا، هەنــدێکیان هــەڵهاتن و بــەرەودوا گەڕانــەوە تــا گەیشتنە قـاپیی (دیمەشـق)و (تەبەرییـە). ئیتر بەتـەواوی لەشـکری فـەرەنگ پێیـان خستە جـەرگی سـەربازخانەکانی سـوڵـطانـەوەو ئیش بەتـەواوی گـەنگ بـوو. لـەم کاتەدا کە حاڵ گەیشتە ئـەم پایەیـە، لەشـکری سوڵـطـان غیرەت و کوردەناموسـی گرتنی و، لەبەر پلاری دوژمنا خۆیان ڕاگرت. زۆری پێ نەچوو لێیان گەڕانەوەو لە هەمووولایەکـەوە شکستیان پێیـان داو، ئـەوی نەشـیّ پێیـان کـردن. ئیش گەیـشتە پایەیـەك تـرس و لـەرز بـەجۆریّ سـەری کردبـوە لەشـکری دوژمنـەوە، نەیانئـەزانی چۆن هەڵێن و بە چە جۆر خۆیـان ڕزگارکـەن. لەلایـەکی تریـشەوە پارێزگارەکـانی قەلاّی (عەکا) بە هەر بارێك بـوو توانییـان ئـەو بورجانـە بسووتێنن کـە فەرەنگـەکان کردبوویـان بـۆ ئـەوە ئـەمانی پـیّ بخەنـە تەنگ و چـەڵەمەوە. بـەم جـۆرە لەشـکری قارەمانی نەبەرد کەوتەوە خۆی و هێزی دوژمنی تارومار کرد.

سوڵـطان بەرەنگاری لەشکری ئینگلز ئەبێت:

لە ڕۆژی ٢٢ی جومادیل ئاخـەری ٥٨٦ی هیجریـدا ئۆردوویـەکی زۆر لـە ئـەهلی خــاچ بــە ســەرکردەییی"کۆنــت هــەنری"ی خوشــکەزای پاشــای ئینگلیــز خــۆی ئەگەیەنێتـە قـاپیی (عـەکا)و سـەنگەری لیّ دائـەکوتیّ و خـۆی ئامـادە ئـەکا بـۆ ئـەوە هێرشێکی گشتی بکاتـە سـەر لەشکری موسڵمانەکان. سوڵـطـان کـە ئـەم حاڵـەی چاوپیّ کەوت و تەماشای شوێنی خۆی و ئەوانی کرد، ئەمـەی بـەلاوە بـاش بـوو کـە بـۆ دواوە بگەڕێتـەوەو لەشـکرەکەی لـە (خەڕووبـە)حەشـار بـدات و بیانپـاریزیّ لـەو هێرشە گشتییە، گەڕایەوە. بـەلاّم ئـەم گەڕانەوەیـە ئەوەنـدەی تـر دڵـی فەرەنگـەکانی بـەهێزتر کـردو زیـاتر پێیـان داگـرت لـە دەورەدانـی شـارەکەدا. بەرەکـەت دا"ئـەمیر

حوسـاموددین" لەلایەکـەوەو"بـەهائـوددین قـەرەقۆش" لەلایـەکیترەوە کـە پارێزگـاریی قەڵاکـەو کاربەدەسـتی ئیـشی قـایمکردن بـوون، ئازایەتییـەکی مەردانەیان نواند بۆ بەربەستکردنی ئەو هێرشی دوژمنەو نەیانهێشت پێش کەون.

"میشۆ"ی موئەرریخ لە کانگای دڵیەوە باسی ئازایەتیی ئەم دوو سەرلەشکری ئیسلامە ئەگێڕێتـەوەو گـەلێکیان مـەتح ئـەکا. ئـەڵێ: ئـەو ڕۆژە ئـەو دوانـە شێرانە هاتنـە مەیدانـەوە، ئیشێکی وایـان کـرد ئـەو بورجـە گـەورە کـە فەرەنگـەکان لـەوێوە تیربارانی قەڵای (عەکا)و بورجەکانیان ئەکرد سووتانیان. هـەروەها پـەیتا پـەیتا لـە قەڵاکـە ئەهاتنـە دەرەوەو پـەلاماری دوژمنیـان ئـەدا. لـەم پـەلامارەدا شـپرزەیان ئەکردن و بەرەودوا ئەیانگێڕانەوە.

ئازایەتی و شەڕکردنی موسڵمانەکان بەم جۆرە هێزێکی تری خستە بەر"کۆنت هـەنری"و خستیە سـەر ئـەو فیکـرە کـە چاکتر خـۆی کۆکاتـەوە بـۆ جـەنگکردن و دەورەدانـی قـەڵاکان. هـەردوولا بـە نیـازی ژیـان و مـردن شـەڕیان ئـەکرد. ئیش وای لێهـات ئازووخـەو شـتومەکی شـەڕ لـە هـەردوولا هاتـە کـزی، بەتایبـەتی هـی دەورەدراوەکـانی قەڵاکـە. بـەڵام سـوڵـطان ئازایانـە هاتـە دەسـت، خێـرا ناردی لـە بەیرووتـەوە ئازووخـەی خـواردن و شـەڕێکی باشـی هێنـاو گەیانـدی بـە پارێزگارەکانی قەڵاکە. گاورەکان زانییان ئەو تەرتیباتە کە بۆ دەورەدانی قەڵاکە کردوویانـە بەرامبـەر بـە ئازایـەتیی موسـڵمانەکان کـەڵکێکی وای نییـەو، موسـڵمانەکان زۆر بـەجۆش تێهەڵـچوون، چـەپەریان بـە وڵاتـەکانی ئـەورووپادا بڵاوکـردەوەو سـەرلەنوێ داوای یارمـەتییان لـە پادشـاو گـەورەو کەشیـشەکان کردەوە، بەتایبەتی لە "پاپا" کرد. دیسانەوە لەپێناوی ئەم داواکردنەوە ئەهلی خاچ لـە هەموولایەکەوە وەکوو ڕێچکەی میروولـە ڕوویـان کـردەوە بـۆ فەڵەسـتین و ڕژانەوە بەسەر قاپیەکانی قەڵای (عەکا)دا.

"کۆنت هـەنری" لـەم کاتـەدا ئەمـەی بە هـەلێکی باش زانی، هێنـای هێرشـێکی گشتیی کـردە سـەر موسڵمانەکان و، بڵێسەی ئـاگری شـەڕ لەبـەینی هـەردوولایانا چـوو بـە عاسمانـا. لـەکاتی ئـەم جەنگـە ئاگرینـەدا سـوڵـطان بـە نەخۆشـییەوە

ئەتلایەوەو لەناو جێگەدا کەوتبوو، لەناو جێگەدا لەژێر چادرەکەی خۆیدا بەدەم ناڵەی نەخۆشییەوە تیلای چاوی دابوە ئەم شەڕە گەورەیە کەوا هەڵگیرساوە. قارەمانیی موسڵمانەکان لەم ڕۆژەدا دەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشا کە لەشکری ئەهلی خاچ وەکوو خۆڵ وابوو، ئەمان توانییان بیانگێڕنەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆیان و شکستێکی باشیان پێبدەن.

"ئەمیر عەلی هیندی"ی دانەری مێژووی وێنەداری ئیسلام ئەڵێ: (( ئەگەر سوڵطان ئەو ڕۆژە بیتوانیایە خۆی سەرۆکاریی شەڕەکە هەڵسووڕێنێ، ئالایەکی سەرکەوتنی بۆ موسڵمانەکان ئەبەست و ئیشێکی وای بۆ ئەخستنە تەئریخەوە کە تا دنیا بوایە وێنەی نەبوایە )).

لەم وەختەدا لەبەر ئەوە هەوا باش نەبوو، ئوستووڵی گاورەکان دوور بووە لە (عەکا)وە. موسڵمانەکان ئەمەیان بەهەل زانی و لەدەستیان بەرنەدا. هێنایان لەژێر سەرکردەیی "سەیفوددین عەلی ئەلمەشتووب"دا حامیەی (عەکا)یان کرد بە حامیەیەکی تر. بەلام لەم گۆڕینی حامیەدا وەکوو چۆن ژمارەی قۆشەنگەکەیان کەمتر بوو لە هی ئەووەڵ و چەکێکی ڕێکوپێکیان نەبوو، سوڵطانیش ڕای لێ نەبوو.

هەندێك لە موئەریخەکان ئەڵێن: هۆی کەوتنی (عەکا) بەدەست فەڕەنگەکانەوە ئەوە بوو کە مودافیعەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە کەم بوون، ئارەزوویەکی باشیشیان لە جەنگ نەبوو. دیسان پەیتا پەیتا پشتیوانیش لە هەموولایەکەوە ئەهات بۆ فەڕەنگەکان. یەکێك لەو پشتیوانییانە کە گەیشت "فیلب ئۆگۆست"ی پادشای فەڕەنسە بوو کە لە ١٢ی ڕەبیعول ئەووەلی "٥٨٧"ی هیجریدا گەیشتە قاپیی (عەکا). هێنای لە لەشکری خۆی و لەشکرەکانی تری ئەهلی خاچ جەبهەیەکی بەهێزی کردەوە. ئەم کردەوەیەی ئەم کردیە کارێ لەشکری فەڕەنگ بەئاشکرا بەسەر لەشکری سوڵطاندا سەرکەوتن. لێرەدا سوڵطان چاری نەما، داوای یارمەتیی لەو ئەمیرانەی ئیسلام کردەوە کە لەژێر فەرمانی خۆیدا بوون.

قسەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ: (( بەرە لەلای تەنکییەوە ئەدڕێ )). لەم کاتەدا کە ئەمان لەم گۆبەنگەدا بوون، "ڕیتشارد- شێردڵ"[1]ی پادشای ئینگلیز کە

[1] کە پادشای ئینگلیزو فەڕەنسە گەیشتنە (عەکا) نەخۆش بوون. سوڵطان صەلاحەددین لە لوبنانەوە سەهۆڵ و میوەی بۆ ناردن (تەئریخی وێنەداری ئیسلام). دانەر

لەتەواوی ئەوروپادا بە ئازاو پاڵەوان ناوی دەرکردبوو، بە لەشکرێکی کۆکەوە ئەویش گەیشتە مەیدانی شەڕ !

دەورەدانی (عەکا) لە ئاوو لە وشکانیدا ئەوەندەی تر بەهێزتر بوو، پارێزگارەکانی بە گیانێکی خاوێن و جەرگێکی پولاّیینەوە بۆ پاراستنی قەلاّکان سنگیان دایە پێشەوە. بەلاّم سوڵطان لەبەر ئەوە هیچ یاریدەیەکی لە هیچ لایەکەوە وەرنەگرت، نەیتوانی هێرش بکاتە سەر دەورەدەرەکان و دەورەدراوەکان ڕزگار بکا لەو برسێتی و بێئازووخەیی و ڕووت و قووتی و نەخۆشییە کە کەوتبوە ناویانەوە.

سوڵطان لەم وەختە تەنگ و چەڵەمەیەدا هەر ئەوەندەی پێکرا کە کەشتییەکی پڕ لە خواردەمەنی لە (بەیرووت)ـەوە بنێرێ بۆ ئەو دەورەدراوانە. بەلاّم گەلێ جار ئیش بە ئارەزووی پیاو نایەتە پێشەوە، ئەم کەشتییە تووشی هێزی پادشای ئینگلیز بوو کە سەر ڕێگایان پێگرتبوو. ئەمیری کەشتی لەبەر ئەوە ئەم خواردەمەنی و شتە نەکەوێتە دەست دوژمن، ناچار هێنای کەشتیەکەی لەئاودا نوقوم کرد.

بیستنی نوقومبوونی ئەم کەشتییە بەتەواوی ورەی لەدەست مودافیعەکان بەردا، ئەو مودافیعانە کە ماوەی دوو ساڵ بوو پارێزگاریی ئەو قەلاّیانەیان ئەکردو لەپێناویانا تووشی هەزاران هێرشی فەڕەنگ هاتبوون و بە هەزاران برسێتی و چەوسانەوەیان چێشتبوو.دیسانەوە داوای یارمەتییان لە سوڵطان کردەوە، بەلاّم سوڵطان لەبەر ئەوە ئازووخەو هێزێکی وای لەلا نەبوو نەیتوانی بچێ بە هاواریانەوە.

کە ئیش وای لێهات، ڕۆژ بەڕۆژ بەلای خراپترەوە ئەچوو. ناچار ئەمیر"سەیفوددین عەلی ئەلمەشتووب"ی سەرلەشکری حامیە چوو بۆ لای پادشای فەڕەنسەو پێیوت: (( ئامادەین بۆ ئەوە شارەکەتان بدەینێ، بەلاّم بەو شەرتە ئێمە لەپێشا چیمان لەگەڵ ئێوەدا کرد ئێوەش بەوجۆرەمان لەگەڵ بکەنەوە )). پادشای فەڕەنسە لە وەلاّما پێیوتەوە: (( نایەڵم تاقە کەسێك لە حامیەی عەکاو لە دانیشتوەکانی بە ژیان لەسەر زەوی بژین )). ئەمیر سەیفوددین کە گوێی لەم گفت‌ولفتە جوانە بوو، بە دڵشکاوی گەڕایەوە بۆ قەلاّکە. ماوەیەکی تر خۆیانیان بە برسێتی و تینوێتی لە بەرامبەر دوژمنەوە ڕاگرت. لە ئاخرا گرانی و برسێتی بە جۆرێ شپرزەی کردن، ئەوپەڕی دیار

نەبێتـەوە. لـە ڕۆژی١٧ی ڕەجـەبی٥٨٧ی هیجـری (١٢ی تـەمووزی ١١٩١م) بڕیاریـان دا شـار بـدەن بەدەسـتەوە، بـەو شـەرتە گیـانی موسـڵمانەکان بـە بێـوەی دەرچێت. هـەروەها (١٦٠٠) دیلی گاوریش لای موسڵمانەکان بوو، بەرەڵایان کەن وە دووسـەد هـەزار دینـاری ئەو وەختەش بدەن بە گەورەو سەرۆکەکانی ئەهلی خاچ.

بـەم جـۆرە ئـەم بڕیارنـەیان مـۆرکردو شـار درا بەدەسـتەوە. بـەڵام ئـەهلی خاچـی نـەجیب لەبـەر ئـەوە سەرخـۆشـی سـەرکەوتن بووبـوون و کەوتبوونـە شـوێن عەصـەبییەتی کوێرانەشـەوە، ئـەو شـەرتە کـە بێـوەی بـوونی گیـانی موسـڵمانەکان بـێ نـەیانبردە سـەر. "فیلیـب ئۆگۆسـت"ی پادشـای فەڕەنـسە هێنـای لـە ڕۆژی٢٣ی ڕەجـەبی٥٨٧دا شیربەدەسـت و تیرئەنـدازی لەبـەر ئـەو قاپییـەوە دانـا کـە حامیـەو ئـەهلی شـارەکەی لێئەچوونە دەرەوە. هـەر کـەس ئـەهات ئەیانکوشت. بەم جۆرە لـەپێناوی ئـەو شـەرتەدا کـە کردبوویـان قەسـابخانەیان خـستە نـاو ئـەم موسـڵمانانەوە، تـا لـە نەتیجـەی دیفـاعی چەند ساڵەیانا شەست هەزار کەسیان لە ماوەی ئەمجارەدا لێ سەربڕین[1].

ئەمانە بـەم چەشـنە ئیشی خـۆیانیـان کـرد، بـەڵام خـوا بکـا کـەس لـە خـۆی دەرنەچـێ. لـەپێش ئـەوەدا بەتـەواوی (عـەکا) داگیرکـەن، دووبـەرەکی و نـاکۆکی لەبەینیانا بنجی داکوتا. لەلایەکەوە پادشای ئینگلتەرە لەگەڵ فەڕەنسیس بـەینیان تێـک چـوو، لەلایـەکی تریـشەوە لەسـەر تـاج و تـەختی فەڵەسـتین"مـەلیك جـۆی" و"مـەرکیز کۆنـارد" بەگـژ یـەکا چوون. "مـەلیك فلیـب" دایـەپاڵ"مـەرکیز کۆنـارد" و"مەلیك ڕیشارد"یـش دایـەپاڵ"مـەلیك جۆی". هـەر لـەم کاتـەدا"فیلیـب" پادشـای فەڕەنسە لەبـەر ئـەوە هەنـدێ کـردەوەی ناهـەمواری لـە"مـەلیك ڕیـشارد"ی پادشـای ئینگلتەرەوە بەرامبەر بـە خـۆی چاو پـێکـەوت، هەسـتا لـە حـەوتی ڕەجەبی٥٨٧ی هیجریـدا فەڵەستینی بەجێهێشت ڕووەو ئاوروپا تێیتـەقان. لەبنیـشەوە"مـەرکیز کۆنـارد" خـەریك بـوو لـە زردی پادشـای ئینگلتـەرە بـەنهێنی لەگـەڵ سوڵـطـان صەلاحەددیندا ڕێك ئەکەوت. بێگومان ئـەم دووبـەرەکی و ناکۆکییـە کـە کەوتـە نـاو ئەهلی خاچـەوە، تـاکی تـەرازووی موسـڵمانەکانی هەنـدێ گـرانتر کـردو قـازانجێکی زۆریان لێکرد.

---

[1] ئەم کردەوە ناپەسندەو ئەم شەرت شکاندنە کە ئەهلی خاچ بەرامبەر بەو موسڵمانانە نواندیان، ئەگەر موسڵمان بێت نابێ تا دنیا دنیا بێ ئەمەی لەبیر بچێتەوە. وەرگێڕی عەرەبیەکەی

پادشای ئینگلتەرە لەپاش ئەوە کە مانگێك لە (عەکا)دا مایەوە، هەستا بۆ هاوینەهەوار چوو بۆ (یافا). بەلاّم لەشکرەکەی لەڕێگەدا بەدەست لەشکری ئیسلامەوە تووشی زیانێکی باش هاتن. "ڕیشارد" چاری نەما، لەبەر خۆپاراستن و لەبەر گێڕانەوەی ئەم هێرشانەی لەشکری ئیسلام، هێنای قەلاّی (یافا)ی قایم کردو چەند قەلاّیەکی تریشی لە دەشتەکانا بەدەوریا دروست کرد. ئەوەندە هەبوو لەشکری ئیسلام ماوەی ئەوەیان نەدا کە بەتەواوی ئامانجەکەی خۆی پێك بێنێ و قەلاّکان قایم کات، چوار چاویان کردەوە. تەنانەت لەبەر پێکهاتنی ئەم دوو لەشکرە، چەند جارێك"مەلیك ڕیشارد" بەدەست لەشکری ئیسلامەوە تووشی دیلکراوی و دزران هات، بەلاّم بەرەلاّشیان ئەکردەوە.

خولاّسە پادشای ئینگلتەرە کە تەماشای کرد ئەم بیروباوەڕە کە سوڵطان صەلاّحەددین لە سەریەتیو، ئەم ئازایەتیو دڵقایمیو کۆڵنەدان لە شەڕە، با هەر جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەکیشی بێتە پێشەوە، وە ئەم شارەزایەتیە لە باری شەڕدا کە بە سوڵطانەوە هەیە، ئیمانی بەوە هێنا کە ئەم دوژمنەی وەکوو ئەو دوژمنانە نییە کە لە ئەوروپادا چاوی پێکەوتن وە کەوتە سەر ئەو بڕوایە کە بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەمدا وەکوو ئەوە وایە ئاو لە دنگا بکوتێ. لەبەر ئەمە وە لەبەر ئەوەش کە فیکری چوونەوەی بوو بۆ ئینگلستان، هاتە سەر ئەوە کە قاپیی ئاشتی لەگەڵ سوڵطاندا بکاتەوە.

سوڵطان صەلاّحەددین لەبەر ئەوە پیاوێکی خوو و ڕەوشت بەرز، دڵقایم، بەئیرادە، دڵپاك و بەعاتیفە بوو، زۆر بەپەرۆش بوو بۆ ئەم کارەساتانەی کە هات بەسەر ئیسلامداو تووشی ئەم قۆرت و نەگبەتیانە هاتن. هێنای لەبەر ئەمانە"مەلیك عادیل"ی سەربەست کرد کە لەگەڵ"مەلیك ڕیشارد"دا بچنە ناو دەرگای ئاشتییەوە. ئەم دوو پادشایە یەکیان گرت و"هەمفری دو تۆرون" بوو بە زمانزان لەبەینیانا، بەلاّم لەبەر ئەوە ئەو شەرتانە کە پادشای ئینگلتەرە لە باری ئەم شەڕە ئاگرینەدا دایئەنا"مەلیك عادیل" بەدڵی نەبوو، ڕێککەوتن لەبەینیانا پەیدا نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا کۆشش هەر ئەکرا بۆ ئەوە بگەنە سەرچاوە.

ئەمجارە"مارکی دوفروا"و پادشای ئینگلتەرە پێکەوە تێهەڵچوون. لەپاش گەلێ هاتوچۆ و قسەکردن، مەلیك عادیلو مەلیك ڕیشارد لەسەر ئەم شتانە ڕێك کەوتن:

١ـ مەلیك عادیل خوشکی پادشای ئینگلیز مارە بکا، بەو شەرتە کە مەلیك ڕیشارد ئەو وڵاتانە کە کەوتوونەتە لێواری دەریاکانەوە بیدا بە مەلیك عادیل بەناوی دیاریی ئەم خزمایەتیەوە.

٢. سوڵـطان صەلاحەددین ئەو وڵاتانە کە لە ئەهلی خاچی گرتووە، بیدا بە مەلیك عادیل، وە شاری (قودس) لەژێر ئیدارەی خوشکی شای ئینگلیز کە ژنی مەلیك عادیلە لەبەینی موسڵمانو گاورەکانا بێت.

سوڵـطان صەلاحەددین هەرچەند دڵیشی ئاوی نەئەخواردەوە بەم شەرتانە، بەڵام بە دڵبریندارییەکەوە پێی قایل بوو. کەچی پیاوە ئایینیە گاورەکان قوبووڵیان نەکردو ئەو ناوەیان داخست کە گۆیا مەلیك ڕیشاردو خوشکەکەی لە ئایینی گاوریەتی لایان داوە. بەم بۆنەوە ئیتر شرووتی ئەم ئاشتیە پێك نەهات. بەڵام لێرە سوڵـطان لە ماوەی قسەکردن لەم ئاشتییەوە تا دوا هەناسە کە ڕێك نەکەوتن، گەلێك قازانجی کرد.

جارێ ئەمە بۆی بوو بە هەل کە لە ڕۆژی ٢٩ی شەعبانی٥٨٧ی هیجریدا پەلاماری قەڵا بەناوبانگەکەی (عەسقەلان) بدات. لەبەر ئەوە موسڵمانەکان لە پاراستنی قەڵای (عەکا)دا تووشی گەلێ زیان هاتبوونو نەیانئەتوانی ئەم قەڵای (عەسقەلان)ـە بپارێزن. سوڵـطان بۆ ئەوە نەکەوێتەوە دەست گاورەکان، دار و پەردووی بەسەریەکا تێك دا. لەپاشا پەلاماری (ڕەملە)شی دا، ئەویشی تێك دا. ئینجا بە لەشکرەکەیەوە هێرشی بردە سەر (عين النظرون)، ئەویش هەر لەبەر ئەوە نەکەوێتەوە دەست دوژمن، خاپووری کرد، کە زستان داهات سوڵـطان بەبێدەنگ چووە (قودس)ـەوەو بە غازیەکانی وت هێزێکی پچووك لەوناوەدا بۆ ئەوە بزانن دوژمن چی ئەکا بەجێبێڵنو خۆیان بگەڕێنەوە، لەلایەکی تریشەوە چوونەکەی زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە قەڵاکانی (قودس) بە پوختی قایمتر کەنەوە.

لە سەرەتای زیلحیجەی ٥٨٧ی هیجری، لە جەرگەی زستاندا"ڕیشارد" چوو بۆ (ڕەملە)و لەپاش دەردیسەرییەکی زۆر گرتی. لەپاشا پەلاماری (بيت النوبة)یشی دا. بەڵام لێرەدا نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، ناچار بەرەودوا گەڕایەوەو هەندێ لە ئۆردوەکەی

بەجێهێشت بۆ ئەوە دەست بکەنە تالآنکردنی ئەو دەورە. ئەمانە چوون بۆ (یافا) و (عەکا). بەم جۆرە ئەم لەشکرە کۆکەی"ڕیشارد" بەملاو بەولادا پەرت‌وبلاو بووەوە. هەر لەم کاتەدا ویستیشی کە قەڵاکەی (عەسقەلان) ئاوەدان بکاتەوە بۆ ئەوە بیکا بە (بنە)ی حەرەکاتی عەسکەریی تایبەتی خۆی. بەڵام ئەو دووبەرەکیە کە بنجی لەبەینی گاورەکانا داکوتابوو، بە جۆرێکی وەها کە ترسی لەدەست دەرچوونی گەورەییەکەیانی لێئەکراو، بەربەرەکانیکردنی"مەرکیز کۆنارد" لەگەڵیاو وەرگرتنی پەیتا پەیتای خەبەری ناخۆش لە دوورگەکانی بەریتانیاوە، ئەمانە هەموو کردیانە کارێ کە جارێکی کە ئەم"ڕیشارد"ە مەیلی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ سوڵطان صەلاحەددیندا تازە بکاتەوەو سەرلەنوێ دیسانەوە تێهەڵبچنەوە.

ئەوا ئەم فیکرە لێرە پەیدابوو، کەچی کوتوپڕ خەبەریان هێنا بۆ سوڵطان کە لە دەوروبەری (جزیرە) ئەوا خەریکە ئاژاوەی ناوخۆیی پەیدا ئەبێت. ئەم خەبەرە دڵی سوڵطانی ناخۆش کرد، ناچار هێنای هەندێ لە لەشکرەکەی جوێکردەوە بۆ ئەوە هەتا بەتەواوی ئەو ئاژاوەیە هێزی پەیدا نەکردووە دایمرکێنێتەوە. ڕیشارد ئەمەی بەهەل زانی بۆ ئەوە لەم کاتەدا پەلاماری سوڵطان بدا، هێنای لەشکرێکی ڕێکوپێکی پێکەوە ناو لە ناوەڕاستی جومادیل ئوولای ٥٨٨ی هیجریدا پەلاماری وڵاتەکانی سوڵطانی دا تا گەیشتە (حصن الداروم).

لەپاش ئەوە کە ئەم"ڕیشارد"ە خوێنی گەلێ لە موسڵمانەکانی ئەوناوەی ڕشت‌و گەلێکی لە شارو دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە وێران کرد، هاتە سەر ئەوە کە بە شوێنەکەی خۆیا بگەڕێتەوە بەرەودوا. ئەمەش لە ترسی ئەوە کە نەوەك لە سەندنەوەی (قودس)دا لەلایەن سوڵطانەوە تەنگ‌وچەڵەمەی بێتە ڕێ. لەبەر ئەوە گاورەکان لەم فیکرەدا شوێنی نەکەوتن‌و بەگوێیان نەکرد. ناچار ئەو هێرشە کە دەستی دابوویە هەر لەسەری ڕۆیشت، تا گەیشتە (بیت النوبة) کە سوڵطان لەوێدا خۆی ئامادەکرد بوو بۆ دیفاعێکی ژیان‌و مردنی. حەقیقەت سوڵطان پیاوانە هاتبوە دەست، ڕێگەو ڕووبارەکانی تێك دابوو، ئاوی بەردابووە ئەو ڕێگایانە کە ئومێد ئەکرا دوژمنی پێدا بڕوا. ئەم کردەوە زیانێکی زۆری بە

گاورەکـان گەیانـدو گـەلێکی پـاش خـستن. وایـان لێهـات ترسـێکی تـەواویان لێنیـشت. ناچـار کۆنگرەیـەکی جـەنگییان دانـاو تیایـا بڕیاریـان دا کـە واز لـە سەندنەوەی (قودس) بێنن لەباتی ئەوە کە هێرش بکەنە سەر (قودس) وا باشترە بۆیان کە بیکەنە سەر (میسر).

کـە"مـەلیك ڕیـشارد" گەڕایـەوە بـۆ (عـەکا) کاغـەزێکی نـارد بـۆ سـوڵـطـان صـەلاحەددینو، تیایـا دیـسانەوە باسـی ئاشـتیی هێنـابوە نـاوەوە. لـەپاش قسەکردنێکی زۆرو چەند جار هاتوچۆکردن، لە ٢٢ی شـەعبانی ٥٨٨ی هیجـری (٢ی کانوونی یەکەمی١١٩٢م)دا پەیمانی ئاشتی لە سەر ئەوە بڕایەوە کە (یافا)ش هەر بەدەست ئەهلی خاچەوە بێت.

لەم پەلامارەی جاری سێهەمی ئەهلی خاچەدا بوو وڵاتی ڕۆژهەڵات کە بە هـەزار هەزاران فیدائییان لە وڵاتی ئەوروپاوە بۆ هێنابوو، وە لە نەتیجەی ئەو تەعەصوبە کوێرانـەیانا کـە ڕایکێـشابوون بـۆ زەوی‌وزاری فەڵەسـتینو دەشـتەکانی قـودس، ئەوەندەیان کوژراوو زیانی ماڵی دیبوو خۆشیان سەریان لێ دەرنەئەکرد. ئەمانە هـەموو بـەهۆی ئیرادەی لـە پـۆلا قـایمتری سـوڵـطـان صـەلاحەددینو بەجـەرگیو ئازایەتیو ئیشزانیی بوو لە هەموو تەنگ‌وچەڵەمەیەکی جەنگیدا. جا لەبەر ئەمە ئەمانە لەماوەی ئەم پێنج ساڵە شەڕەدا کە خۆیانیان تێوە گلاندبوو، جاڕیان بە هـەموو ئاوروپـادا دابـوو وە قوربانییـەکی بێشوماریـشیان لەڕێگـەیا سـەربڕیبوو، نـەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیـان بگـەن، تـەنها ئەوەنـدە نـەبێ کە دوو شـاریان لـە کەناری دەریاوە چنگ کەوتبوو بۆ ئەوە فەرمانی خۆیانیـان تیادا بڵاوبکەنـەوە، وە ئەو لەشکرە لێشاوەش کە لە وڵاتەکانی ئاوروپاوە هێنابوویان بەشی زۆری سـەری تیاچوو، ئـەوەش کـە مایـەوە بـە ناهومێدی گەڕایـەوە. ئەمـە بـوو کـردەوەی ئـەهلی خاچ لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا، ئەمـەش بـوو کـردەوە قارەمانـە نەبەزەکـەی کوردو ئیسلام بە تاقی تەنها هەر لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا.

ئـەوەی سـوڵـطـان صـەلاحەددین لـەم شـەڕو هـەرای دواییـەدا دەسـتی کـەوت، وەکـوو خـاوەنی کتێبـی (ژیـانی صـەلاحەددینی ئـەیووبی) ئـەڵێت، هەنـدێکی لێ

باسئەکەین. ئەڵێ: ((شەڕی فەڵەستین لەپاش هەرا گەورەکەی"حطین"بەڕاستی دەستی پێکرد. لەو وەختە تەنانەت تاقە ئاواییەکیش لە ولاتی فەڵەستیندا بەدەست موسڵمانەکانەوە نەبوو. بەڵام ئاشتیی (ڕەملە) کە لە٢٢ی شەعبانی ٥٨٨ی هیجریدا پەیمانەکەی کرا، کردیە کارێ کە موسڵمانەکان پەلیان باوێژنە تەواوی فەڵەستینەوە. مەگەر دوو پارچە ئەرزی درێژکۆلە نەبێت کە لەبەینی (صوور)ەوە تا (عەکا) بوو، ئیتر لە باقیەکەی تریا دەستی ئەهلی خاچیان تێدا بڕیو فەرمانی خۆیانیان تێدا بلاوکردەوەو، (قودس) کە قیبلەی ئەهلی خاچو تەواوی ئەوروپا بوو، کەوتە ژێر دەستی سوڵطان صەلاحەددینەوە. بەم کردەوەیە سەرلەنوێ شەوکەتو نیگاری ئیسلام لەسەر دەستی سوڵطان صەلاحەددیندا پەیدا بووەوە)).

لەپاش ئەم ئاشتییە، پاڵەوانە بەناوبانگەکەی کوردو ئیسلام هاتەوە بۆ (قودس) دەستی کرد بە ڕێکوپێککردنی ئیشو فرمانی، بە دانانی قوتابخانەی عیلمی تێیداو کردنەوەی هەژارخانەو خەستەخانە، ناوی خۆیو کوردی بەدرێژاییی جیهان بەجێهێشت. کە لەمانە بووەوە، هەوای حەجی کەوتە سەر، بەڵام سەرلەشکریەکانو گەورەکانی ئیسلام لەبەر ئەوە کە ڕێگەی حەج بە ئەهلی خاچ تەنرابوو وە ئەترسان کە سوڵطان لەم چوونەیدا تووشی قۆرتێك ببێت، تکایەکی زۆریان لێ کرد کە واز لەم فیکرەی بێنێت، سوڵطانیش لەبەر دڵنەشکاندنی ئەوان چوونەکەی جارێ دواخستو وازی لە فیکرەکەی هێنا.

ئینجا هات ئۆردوویەکی کەمی تایبەتی خۆی هەڵگرتو بۆ تەفتیش بە ولاتەکانی کەناری دەریادا سووڕانەوەو، چاوپێکەوتنی ئومووراتی قەلاکان. لەم گەڕانەیدا وەسائیلی ئاسایشی دانیشتوانی ئەو ولاتانەی پێك هێناو، ئەو قووەتانەی کە لەوێدا بوون بەهێزتری کردن. لەپاش ئەمانە لەڕێگەی (نابلوس)و (بیسان)و (کەوکەبە)وە چوو بۆ (بەیرووت). لەوێدا لەگەڵ ئەمیری (ئەنتاکیە)ش چاویان بەیەك کەوت. لە ٢٦ی شەووالی ٥٨٨ی هیجریدا گەڕایەوە بۆ (شام).

# بۆ پیرەمێردی خۆشەویست[1]

بە موناسەبەتی مەقالەی (تاریخ و ئەشخاص)یەوە کە لە "گەلاوێژ"ی ژمارەی (١١ و ١٢)دا نووسرابوو.

پیرەمێردی مامۆستا ئەڵێ: ((کە دارا لە شەڕی ئەسکەندەردا کوژراوە، ساسانی کوڕی لە ترسا ڕایکردەوە، لە ئیقلیمی (بابەك)دا بێناوو نیشان بووە بە شوان. بابەك خەوێکی دیوە کە ئەو شوانە شازادەیەو هێناویە کچی خۆی لێ مارەکردووە، کردوویە بە زاوای خۆی و "ئەردەشیر"ی لێ بووە)).

هەموو ئەیزانین کە "ئەردەشیر" بناغەی دەوڵەتی ساسانیی داناوەو، ئەووەڵ پادشای ئەم بنەماڵەیە. لەحەق باوك و باپیرانی "ئەردەشیر" دوو ڕیوایەت هەیە:

١- ڕیوایەتی شانامەو ئەفسانەی ئێرانە کە ئەڵێ: ساسان کوڕی "بەهمەن"ی ئەسفەندیارە کە باوکی هومای کچی و ژنی کرد بە جێنشینی خۆی، مەئیووس و تووڕە بوو، سەری خۆی هەڵگرت و چوو بۆ (نیشاپوور). فیردەوسی ئەڵێ:

چو ساسان شنید این سخن خیرەشد
ز گفتار بهمن دلش تیرە شد
بسە روز و دو شب بسان پلنگ
از ایران بە مرزی دیکر شد زننگ

کوڕو کوڕەزای ئەم شازادەیە لە (نیشاپوور) بە شوانی ڕایانبواردووە.

هەر فیردەوسی، لە باسی پەیابوونی بنەماڵەی ساسانیدا ئەڵێ: کە دارا لە شەڕی ئەسکەندەردا لەناوچوو. ساسان ناو کوڕێکی بوو، سەری خۆی هەڵگرت و چوو بۆ هیندستان. وە فیردەوسی ئەڵێ:

بهندوستان دربزاری بمرد    ز ساسان یکی کودکی ماند خرد
براین همنشان ناچهارم پسر    همی نام ساسانش کردی پدر
شبانان بدندی دگر ساربان    همە سالە با دردو رنج گران

[1] لە ژمارە ٢ی ساڵی ٤ی شوباتی ١٩٤٣، ل١-٤ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

فیردەوسی لەسەر قسەی خۆی ئەڕواو ئەڵێ ئەم ئاخر نەتەوەی ساسانە دێتە فارس و ئەبێتە سەرشوانی (بابەك) کە حاکمی فارس بووەو، لەدواییدا خەوێك ئەبینێ و بۆی مەعلووم ئەبێ کە ئەم شوانە شازادەیەو کچی خۆی ئەداتێ و ئەردەشیر دێتە دنیاوە.

ئەم ئەفسانەیە باش هەڵنەبەستراوە. خانەوادەی ساسان ئەگەر پێنج قەڕن و نیو لە هیندستاندا مابێتەوە، شك نییە کە تەواوی بوونە هیندی و فیکری ئێرانیان نەماوەو، لەم نەتەوەیە ساسانێك نەچۆتە فارس. ئەگەر ئەم شوانە لە نەتەوەی ساسانی "بەهمەن" بێ ماقووڵترە، چونکە هەر لە ئێراندا ژیاون.

٢- ڕیوایەتی موشیروددەولەیە (تاریخ ایران قدیم) لەگەڵ تەواریخی یۆنان و ئاثاری نووسراوی قەدیم یەك ئەگرێ و ئەبێ ڕاست بێ. ئەم عالمە ئەڵێ: ((ساسان، موئەبەدی صەعیدێك بوو لە (ئەصطەخر). "ڕام بهشت"ی کچی پادشاهێك ژنی بوو. مەرکەزی ئەم پادشاهانە (نیسایە) بوو. "بابەك"ی کوڕی ئەم موئەبەدە، حوکمداری (شەهرخەیر) بوو و دوو کوڕی بوو: شاپوور، ئەردەشیر، شاپووری کوڕە گەورەی زۆری پێنەچوو مرد و "ئەردەشیر" بوو بە حوکمدار. وە لە ساڵی ٢١٣ی میلادیدا لە حوکمداری ئەشکانی عوصیانی کرد و (کرمان)ی گرت و، لە ٢٢٤م دا (ئەردەوان)ی لەناوبرد و بوو بە پادشای ئێران)).

بەپێی قسەی "پیرەمێرد"، ئەبێ "ساسان"ی دارا لە پێنجسەد ساڵ زیاتر ژیابێ و، ئەمە ماقووڵ نییە. ڕیوایەتی فیردەوسیش، بەگوێرەی فاصیلەی زەمانی بەینی داراو ئەردەشیر دیسان قوبووڵ ناکرێ.

وا دیارە کە ڕاوییانی ئەفسانەی ئێران بۆ ئەمەی ئەردەشیر ببەنەوە سەر بنەماڵەی کەیانیان ئەم حیکایەتی ساسانەیان ڕێك خستووە. وەکوو چۆن نەسەبی ئەشکانێتی ئەبەنەوە سەر "ئەردەشێر"ی دووەمی هەخامەنشی (کەیانی). وە ئەم غیرەتەشیان بۆ ئەسکەندەر صەرف کردووەو کردوویانە بە کوڕی "داراب".

ئەم چەند دێڕەم، بۆ ڕووناککردنەوەی تاریخ و هێنانەوەی بیری مامۆستامان پیرەمێرد نووسی و، شکم نییە کە خۆشی شارەزای ئەم باسەیە.

# تاریخو ئەشخاص[1]

بلبلی ولاتەکەم،

لە "ژیان"ی ئەمجارەتدا، بەرزنجەو پیاوانی بەناوبانگیت هاتوەتەوە فیکرو، ئەمەش سونووحاتی وردە باسقی ناو گیرفانتە.

هەموو بیستوومانە کە، لەو دێ پچکۆلەیەدا پیاوی گەورە پەیابووە. بەلام ئەمانە کێنو لە چە دەورێکا بوونو بە چی شۆرەتیان سەندووە، بۆ ژیانو ناویان چییان کردووەو بۆ ئەخلاف چە میراتێکی عیلمو هونەریان بەجێهێشتووە ؟ من بەش بە خۆم بۆ دۆزینەوەی جوابی ئەمانە زۆر بێدەسەلاتم. زۆرم حەز ئەکرد کە (کوردانی بەناوبانگ = مشاهير الاكراد)، چەند لاپەڕەیەکی بە تایەبەتی بۆ ئەمانە بێو پیشانی لاوانی کوردی بدا. بەلام چەند ساڵ تەقەلام داو چەند صەد کتێبم موتالا کرد لە سێچوارێك زیاترم بۆ پەیا نەکراو ئەمانەش کۆنن، وەکوو شێخ محەمەدی مەظهەر ( هاوعەصری سوڵطان سەلیمە )و محەمەدی عەبدوڕڕەسوول ( لە ١١٠٣ی هیجریدا لە مەدینەی مونەووەرەدا بەڕەحمەت چووە )و یەکدووێکی ترن.

زۆریی عالمانی- بەڕاستی- ئەم دێیە گوێی هەموومانی پڕ کردەوە. پێویست بوو کە ئەمانە بێناونیشان لە گوێی ئێمەدا نەژینو لە قەبرستانی تاریخدا هەریەکە گومەزێك وەیا کێلێکیان ببێ. خۆشت ئەیزانی کە شاهیدی موئەثیر، ئەثەرە. ئەگەر واقیعەن وەکوو ئەیبییەین بەرزنجە پیاوی زۆری لێ هەڵکەوتبێ دەبوایە تاریخ بیناسینایە. هەریەکێ لە خۆیان، ماجەرای ژیانو ئاثاری ئەو پیاوە گەورانەی بۆ کۆکردینایەوەو بۆی بەجێبهێشتینایە.

بنەماڵەو پێگەیشتوانی ( شارەزووری)، لە ئاسمانی تاریخدا ئەدرەوشێتەوە ، ئەبوایە بەرزنجەیش وابوایە. چونکە وانین، بە ناعیلاجی ئەبێ باسی نەکەین تا

[1] "ژیان"، ژ٤٢٩٤، ساڵ ١٠، ٢ی شوباطی ١٩٣٥، ل١.

ئەهلی خێرێك ( چە لە خووبان چە لە غەیر ) پەیا ئەبێو بە ئاثارو ئیشی باشیانەوە ئەیانخاتە بەرچاو.

وە لای من وایە پیاوی گەورە ئەوەیە کە یا بە ڕەوشت وەیا بە زانستیی بەخێری خزمەتی وڵاتو خەڵکی کردبێ. ئەگەر تۆ، مامۆستا، لەم تەرحانە ئەناسی وەیا ئەیزانی لەگەڵ باسی خزمەتو ئاثاریانو تاریخی ژیانو وەفاتیان تێمان بگەیەنە تا بیخەینە سەر کاغەذو ناویان گوم نەبێ. کتێبی (کوردانی بەناوبانگ– مشاهیر الاکرد) کە ئینشائەڵلا لەچاپ ئەدرێ، هەر لەئێستاوەو پێشەکی تەشوکرتان ئەکا.

بەغدا
٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٥
محەمەدئەمین زەکی

# تەئریخو ئەشخاص[1]

بۆ شاعیری قەلەندەری سلێمانی حاجی تۆفیق بەگ

بلبلی وڵاتەکەم،

لـە "ژیـان"ی هەشـتی کـانوونی یەکـەمی ئـەمجارەدا پرسـیارێکی قورسـتان کردووە: ڕۆستەم چییە، کوردە یان نا ؟ لام وایە لەپێش ئەم پرسینەدا پێویستە شتێکی تـر بـزانین، ڕۆستەم پیاوێکی تاریخییـە، یـان خەیاڵییـە ؟ تا ئیمـڕۆ هـیچ پیاومـاقووڵێکی تـەئریخنـویـس ئەمـەی سـاغ نەکردۆتـەوە. بـەعـضـێ لـە موئەریخینـەکان وەکـوو "ئەبوحەنیفـە"ی دینـەوەریو فیردەوسـیو سـێر جـۆن مالقۆلم باسیان کردووە، بەڵام ئەم باسە، یا دراوەتە پاڵ بیستن وەیا پاڵ تاریخی ئەساطیریی ئێران. شەخصی خەیاڵیی ڕۆستەمو داستانی بەناوبانگی، زۆر لە شەخصی "هەرکل"ی یۆنانیو سەرگوزەشتی ئەکا، وە نە ئەو و نە ئەم هێشتا بۆ تاریخ ساغ نەبۆتەوە.

واقیعەن بەعضـێ لەوانە کە ئاگری عەصەبییەتی قەومییان زۆر بڵێسەدارە، تـەنیا بـە بیـستنێك وەیـا بـە شـاهیدیی کتێبێکـی بـێبن زوو حـوکم ئەکـەن، وە بـەعـضـێ ئەشخاصـی خـەیاڵی وەیـا حـەقیقی ئەکـەن بـە هاوقـەوم. بـە نـەظـەر هاوقەومەوە بەڵکوو ئەم حوکمە دەسوبردە عەیبێکی گەورەی نەبێ، بەڵام غەیرە بە عـەیبێکی گـەورەی دادەنـێ، وە بـەڵکوو ئـەڵێ قـەومی کـورد، چـونکە پیـاوی بەناوبانگی نییە وەیا کەمە، خەریکی دزینی پیاوی گەورەن لە قەومەکانی تر. لام وایە بۆ پێگەیشتوانی کورد پێویستە کە مەیدان بەم نەوعە توانجە نەدەن. چونکە قـەومی کـورد پیـاوی گـەورەی زۆرەو ئیحتیـاجی بـە پیـاودزین وەیـا بـە پیـاوی خـەیاڵی پەیـداکردن نییـە. مـن، لـە (کـوردانی بـەناوبانگ)دا نزیـك بـە هەشتـصد کەسێکم بـۆ سـاغ بۆتـەوە، وە لام وایـە ئەمـە لـە نیـوەش کـەمترە، بـەڵام نەمویـست

---

[1] ڕۆژنامەی "ژیان"، ژ٤٢٤، ساڵ٩، ٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٣٤، ل١-٢.

بەدرۆ بخرێمەوە وەیا بەرامبەر بە ڕەخنەی بێگانە دامێنم. واقیعە "ئەردەوان"ی پادشای ئەشکانی لە کاغەزەکەیدا بۆ "ئەردەشێر"، توانجی داوەو گوتوویەتی تۆ کوردی (تأریخ الأمم والملوك، جلد-١، ابن جریر). بەڵام بەم توانجە ڕووتو قووتە نەمتوانی موئەسیسی دەوڵەتی ساسانیو مولووکی ئەخلافی بکەم بە ماڵ بەسەر کوردەوە. تەماشای (کتاب اخبار الطوال) بکەین لە باسی "بەهرام چۆبینە"دا باسی "کورد"ی برایو "کوردییە"ی خوشکی ئەکاو "کوردییە" لەدوای "بەسطام"ی خاڵی "کیسرای هورمز"، شووی بە "کیسرا" کردووەو بۆتە مەلیکەی ئێران. بەڕاستی تەنیا بە دەلالەتی ناوی "کورد"و "کوردییە"ی براو خوشکی نەمتوانی بڵێم "بەهرام چۆبینە" کوردێکی تەواوە. جا کەوابوو، چۆن ئەتوانم نیسبەتی قەهرەمانێکی خەیاڵی کە هێشتا تەئریخ لە بوونی بەشکە، بدەمە پاڵ قەومی کورد. ئەمە یەکێکو، دووەمیش ئەمەیە کە عولەمای ئاثار تائێستا کە سەرڕشتەیەکی وایان چنگ نەکەوتووە کە ئیددیعای بوونی قۆڵێکی کورد لە (سیستان)ا بکەن. بەڵام هەروەکوو ئەوان ئەڵێن: ئەگەر بەشێکی ئەصڵیی کورد لەگەڵ (ماد)ی هاوقەومیان لە عەصری دەهەمی پێش میلاددا وەیا لەدوای ئەم تاریخە لە (باقتریان)ەوە بۆ شیمالی ئێرانو کوردستان هاتبن، بەدوور نییە کە قۆڵێکی لە (سیستان)دا کە لەسەر ڕێگەیانا بووە، مابێتەوە، وە دیسانەوە غەیری مومکین نییە کە ڕۆستەم _ئەگەر بووبێ- لەوانە بووبێ. بەڵام زۆر زەحمەتە کە ئەم ئیحتیمالە لە شکڵێکی ئیددیعادا بەیان بکرێ.

بەغداد

# تەئریخ و ئەشخاص[1]

بلبلی ولاتەکەم،

بەڕاستی ئەم پرسیارە قورس قورسانەی تۆ، هێناومییە سەر ئەوە کە دوعات لێ بکەم کە قەت نەبیتە مامۆستای مەکتەب، چونکە قوتابیە بەسەزمانەکان بۆ دۆزینەوەی پاسوخێکی بەڕێوجێ بۆ ئەم تەرحە پرسیارانەی تۆ زۆر دائەمێنن. بە هەزار گوپچڕ گوپچڕ جوابێکی خۆمانەمان بۆ باسی ڕۆستەم دۆزییەوە. بەڵام ئەمجارەش تووشی باسی "فەقێ ئەحمەد"و بەبەت کردم. جا خوا ئەیزانێ لەناو مێوژو کاکڵە گوێزی گیرفانتا چە تەرحە پرسیاری ترت بۆ حاضر کردووم. پەنا بە خوا !

ئەپرسی بەبە لەکێوەو لەکوێوە پەیا بوون ؟

شەرەفخان ئەڵێ: دانەری حکوومەتی بەبە "پیربوداق بەگی کوڕی میرعەبدال"ـەو، ڕەنگە بنچینەی حکوومەتەکەشی موکریانی بێ، بەرە بەرە ولاتانی (لارجان)و (سۆران)و (سولدوون)و (بانە)و (شاربازێڕ)و (کەرکووک)یشی داگیر کردووە. بەینێك بە سەربەخۆیی و بە شەوکەتێکی تەواوەوە ڕایبواردووە. لەپاشدا لەطەرەف "ئەمیر سەیدی کوڕی شاه عەلی"ی سۆرانەوە لە ڕاووشکاردا کوژراوە.

لەدوای "پیربوداق بەگ" -کە لەقەبی (بەبە)ی بە خۆی دابوو- "بوداق بەگی برازای بووەتە حوکمدارو، لەدوای دوو ساڵ ئەویش لەناو چووەو، "پیرنەظەر" ناو پیاوماقوولێکی پیربوداق بەگ ولاتانی بەبەی گرتۆتە دەس خۆی و، لەپاش ئەویش ئەم موڵکە زۆرە کەوتۆتە دەس دوو پیاوماقوولی پیربوداق بەگ: میرسلێمان، میرئیبراهیم. لەدوای چەند ساڵێك میرسلێمان، میرئیبراهیمی کوشتووەو خانەدانی دووەمی بەبەی دامەزراندووە.

"حاجی شێخ بەگ"ی کوڕی میرئیبراهیم ئەووەڵەن ئەچێتە ئێران و، لەدواییدا بە کۆمەکەوە دێتەوە ولاتی بەبە. بەڵام لە شەڕو هەرادا لەناو ئەچێ و، "بوداق

[1] ڕۆژنامەی "ژیان"، ژ٤٢٦، ساڵ ١٠، ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٣٥، ل٣-٤.

بەگ"ی کوڕی بە فەرمانی قانوونی ئەکرێتە حاکمی بەبە. زۆری پێناچێ ئەم پیربوداق بەگە لەگەڵ "میرحسێن"ی کوڕی "میرسلێمان" ئەکەوێتە شەڕەوەو، لەپاش کەین وبەینێکی زۆر، ئەم میرحسێنە ئەکوژرێ.

خضر بەگی کوڕی میر حسێن، لەدوای کوژرانی "بوداق بەگ" لە هەرای شازادەی بایەزیددا، ئەبێتە حاکمی وڵاتی (مەرگە)و یەشێکی موڵکەکەشی ( کە ڕەنگە ناوچەی پشدەر بێ ) بەدەس "ئەمیرەبەگ" ناوێکی موکریانیەوە ئەبێ. ئەم خضر بەگە حکوومەتێکی بە طوولی کردووەو، ظاهیر وایە لە ئەووەڵی عەصری یانزەمینی هیجریدا ئەمری خوای بەجێهێناوەو، موڵکەکەی خراوەتە ناو (خەواصی هومایۆن)و عەشرەتەکە ساڵ بەساڵ ڕەسمی حکوومەتیان بردۆتە کەرکووك تەسلیمیان کردووە.

لەبەینی مردنی خضر بەگو پەیابوونی "فەقێ ئەحمەد"دا -لام وایە- تەنیا شەست حەفتا ساڵێك هەیە. وە بەدوور نییە کە "فەقێ ئەحمەد" کوڕەزای " خضر بەگ" وەیا "بوداق بەگ" بووبێ. هەموو ئەیزانین کە حیکایەتێکی باوی پشدەری هەیەو لەمەدا ئەڵێن:

((دوو برا میرەبەگو کاکە شێخ -کوڕانی بوداق بەگ-حاکمی پشدەرو مەرگە بوون. لەدوای بەینێك میرەبەگ، کاکەشێخی کوشتووەو خێزانی میری کوژراو لەگەڵ منالێکیدا ڕای کردووەتە دێی (خدران)ی ڕانیەو، ئەم منداڵە کە "فەقێ ئەحمەد"ە، لەوێ گەورە بووەو، لەپاشدا هاتووە مامەیی کوشتووەو موڵکی باوکیی سەندۆتەوەو، ئاخر بنەماڵەی بەبەی دامەزراندووە)).

جا دێتە عەقڵەوە کە میرە بەگو کاکەشێخ یا کوڕانی بوداق بەگ وەیا خضر بەگ بوونو تەنیا ئاغایەتییان بەوەوە بووبێو لە کاکەشێخ "فەقێ ئەحمەد" پەیابووبێ. ئەگەر ئەمە قوبووڵ بکرێ، نەتەوەی بەبە ئەچێتەوە سەر میرئیبراهیم وەیا زیاتر سەر "میرسلێمان" پیاوماقووڵی "پیربوداق بەگ"و، چونکە "میرسلێمان" عینوانی بەبەشی بەخۆیەوە نابوو، ئەبێ ئیرثی بۆ فەقێ ئەحمەدو نەتەوەی بووبێتە ماڵ.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەڵێن: عینوانی بەبە لە میرسلێمان کوڕی -وەیا کوڕەزای- فەقێ ئەحمەدەوە بەجێمابێ. وە ئەمەش تەنیا ئیددیعایەو وەثیقەیەکی نییە.

(گلشن خلفا ) ئەم عینوانەی دەرحەق بە میر سلێمان باس نەکردووە. لەبەر ئەمە من کەوتوومە شکەوە، چونکە صاحێبی ئەم کتێبە هاودەوری میر سلێمانەو خەڵکی بەغدایە، ئەبێ شارەزای ناوو عینوانی بێ. (چوار عەصری دوایی عیراق)یش ئەم قسەیەی من تەئیید ئەکاو ئەڵێ: ئەبێ عینوانی بەبە بە ئیرث بۆ "فەقێ ئەحمەد" مابێتەوە.

مەحموودپاشای عەبدوڕڕەحمان پاشا بە تەرحێکی تر داویەتە قەڵەم و بە "میستەر ڕیچ"ی گوتووە کە (( بنەماڵەی بەبە قۆڵێکی عەشیرەتی کرمانجن و بە بەبە ناوبانگیان هەیە )). بەڵام بەشی خۆم بەمە بڕوا ناکەم.

بێینەوە سەر بەبەی حللە.

بەڕاستی لەمە سەرم سڕ ماوە، چونکە تەئریخ باسێکی تیا نییە. تەنیا "میر مەئموون"ی کوڕی "بێگەبێگ"ی ئەردەڵانی کە لە ئەستەموول حەبس بوو، لەدوای یاخیبوونی "سورخاب بەگ"ی مامی لە عوثمانی، لەطەرەف سولطان سلێمانەوە بەرەڵڵا کراو حاکمێتیی حللەی درایەو "ئیسماعیل بەگ"ی براشی کرا بە حاکمی (سرۆچك). جا نازانین مەئموون بەگ لە حللە چەند ماوەتەوەو، لەوێ قۆڵێکی ئەردەڵانی پەیابووە یان نا.

وە ئەمەش ئەزانین کە بەینێك محەمەد پاشای بابان کوڕی سلێمان پاشا کە بە (خدێو) شۆرەتی بوو، قائیممەقام وەیا موتەصەڕیفی حللە بووەو، ئەمەش لەدوای لەناوچوونی حکوومەتی بەبەیەو تازەیە. ئەم ئەمیرە باوکی حەمدی بەگە.

بەغدا

٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٥

# زمانی کوردی

# زمانی کوردیو ئەدەبی[1]

بۆ مانگنامەی "گەلاوێژ" دیارییەکی بچووکە

نەك زۆری خەڵك، بەڵکوو بەشی زۆری عولەماو مەتەفەکیرینیش لە خوصووص کونە و ماهییەتی زمانی کوردییەوە یان بەتەواوی بێخەبەرن وەیان زۆر خراپ تێگەیشتوون. کە لەبابەت ئەم زمانەوە پرسیاریان لێ ئەکەی، ئەڵێن: ئەم زمانی کوردییە لەهجەیەکی تێکەڵو پێکەڵی فارسییەو ئەصڵو ئەساسێکی سەربەخۆو ڕێکوپێکی نییە. ظاهیر وایە، سەبەبی جێگیربوونی ئەم فیکرە لە مێشکی بەعضێکدا دوو شتە: یەکێکیان بوونی موشابەهەت لەبەینی بەعضێ کەلیماتو ئەڵفاظی کوردیو فارسیداو، دووەمیشی ئیستیعمالکردنی بەعضێ کەلیماتی فارسی لە کوردیدا. ئەگەر باش سەرنجی لێبدەین، ئەبینین کە لەیەکچوونی هێندێ کەلیمەی کوردی لە فارسی، نەتیجەی خزمایەتییەکی بەقووەتی ئەم دوو زمانەیەو، ئەم نەوعە موشابەهەتە لەبەینی زمانەکانی تریشدا هەیە. ئینگلیزیو جەرمەنیو لاتینی چونکە هەموویان لە ئەصڵێك (زمانی ئاریی قەدیم) هاتوونە خوارەوە، ئەبینین کە زۆر لەفظو کەلیمەیان لەیەك ئەچنو ئەم لێکچوونە هیچ صاحێب مێشکێکی شارەزای تووشی غەڵەطێکی وا نەکردووە کە بڵێ ئەصڵی ئینگلیزی جەرمەنییە وەیا لاتینییە، بەڵکوو ئەڵێ سەبەبی ئەم موشابەهەتە دەلالەت لەوە ئەکا کە هەموو ئەم زمانانە لە ئەصڵێك کە زمانی ئارییە، هاتوونە خوارەوەو، کەلیماتی موتەشابیهەیان کەلیماتی ئەصڵییەنو لە هەموویانا ماوەتەوەو کەمێك زۆرێك تەڵەفوظەکەی گۆڕاوە.

نازانم بۆچی موتەفەکیرین، لە باسی زمانی کوردیو فارسیدا، لەم حەقیقەتە لائەدەنو کوردیەکەمان ئەکەنە بێچوویێکی لەڕو لاوازی زمانی فارسی. ئەگەر بە ئینصاف لێکی بدەنەوە، ئەبینن کە بەشی زۆر زۆری کەلیماتی کوردی لە شکڵو

[1] لە ژمارە ١ی ساڵی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، ل٣-٨ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاو بووەتەوە.

تەلەفوظدا هیچ لە فارسی ناکاو سەربەخۆیە. واقیعەن لەبەینی (تووك)، (لووت)، (چەناگە)، (برژانگ)، (سك)، (دایك)، (باوك)، (کچ)و (کوڕ)ی کوردیو (مو)، (بینی)، (زنخ-زنخدان)، (مژە)، (شکم)، (مادر)، (پدر)، (دختر)و (پسر)ی فارسیدا هیچ موشابەهەتێکی لەفظی نابینرێ. جا کەوابوو ئەم کەلیماتانە ئەبێ لەدوای جوێبوونەوەی قەومی کوردو فارس- ڕەنگە ئەم حادیثەیە لە عەصری نۆهەم وەیا دەهەمی پێش میلاددا واقیع بووبێ- ئیجاد کرابێ. وە ئەو پێنج موشابەهەتەی ( تەلەفوظی، ئەساسی، شکڵی، تەصریفیو نەحوی ) کە لەبەینی کوردیو فارسیدا ئەبینرێ، دەلیلی ئەوەیە کە ئەم دوو زمانە لە ئەصڵێکی مەعلووم، کە لەپێش هیجرەتیانا بۆ طەرەفی غەرب زمانێکی موشتەرەك بووە، هاتۆتە خوارەوەو هەروەکوو زمانی ئەقوامی ئارییەی تر، بەرە بەرە فەرقێکی کەمو زۆری تێکەوتووە (تەماشای خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان بکە).

ذاتەتن لەلای عولەمای لیسان مەعلوومە کە زمانی فارسیی ئیمڕۆ، حەتا لەگەڵ فارسیی قەدیمیشدا موناسەبەتێکی ضەعیفی هەیەو، لەدوای دەوری ساسانی پەیدا بووەو مومکین نییە کە ببێتە ئەصڵی زمانێکی لەو قەدیمتر.

صاحێبی (تاریخ آثور)، سێر سیدنەی سمیث، لەو فیکرەدایە کە نەظەریەی پەیابوونی زمانی کوردی لە فارسی بێئەصڵو ئەساسەو هیچ بەدوور نییە کە کوردی لە زمانی فارسیی قەدیمیش کۆنتر بێ.

بۆ ئەم باسە، پێویستە تەماشایەکی جلدی ئەووەلی ( خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان ) بکرێ.

## ئەدەبیاتی کوردی:

بەدوور نییە کە ئەم مەوضووعە لەلای موتەفەککیرین وەکوو مەتەڵێکی قورس وەیان وەك مەوضووعێکی ئەساطیری وابێو ناحەقیش نین، چونکە نەك لە ئەدەبی کوردی بەڵکوو لە زمانەکەی یا بێخەبەرن وەیا زۆر خراپ تێگەیشتوون. ئەم جەهلە وەیا غەڵەطە، بەڕاستی بۆ ئەم قەرنی عیلمو کەماڵە نەقصێکی گەورەیە. ئەبینین کە بەعضێ لە عولەمای ئەم دەورە، بۆ قەومێکی زۆر

بێئەهەمییەت هەموو وەقتی خۆیان صەرف ئەکەنو ئەیانەوێ کە عالەمی مەدەنی لە تاریخو زمانی ئەو قەومە پچووکو بێدەسەڵاتانەی وەکوو صابیئیو سامیری تێبگەیێننو، قەومێکی زۆر کۆنی وەکوو کوردیان زۆر کەم دێتەوە فیکرو تەنیا بە موناسەبەتی بەعضێ ئەحواڵو حادیثاتەوە لێی ئەدوێنو ئەم دوانەشیان یا لەسەر ئەساسێکی عیلمی نییە، وەیا زۆر نوقصانە. ئەوانەی کە زۆر بۆ تەدقیقی زمانی کوردی هەوڵیان داوە: لەرچ، شیندلەر، ویتەر بەتیراغ، سۆن، مۆغان، مان، ویلادمیر مینۆرسکیو بەعضێ موستەشریقینی ڕووسن.

ئەم عالمانە، لەحەق زمانی کوردی کەمێ زۆرێك دواون، بەڵام بە غەیری ئەدیبەیەکی فڕانسز "لووسی پوول مارغرێت" کەسیان لە ئەدەبیاتەکەی باسێکی وایان نەکردووە. بەڕاستی حەقی گلەییمان نییە، چونکە ئەبوایە عولەماو ئودەبای کورد خۆیان لەگەڵ ئەمە خەریك بوونایەو لەحەق زمانو ئەدەبیاتەکەیان زۆر بدوانایەو بیاننووسیایە. بەڵام لە کوڵۆڵیی کورد، لە صەدا نەوەدو پێنجی ئەم ئەولادانەی خذمەتی زمانی غەیرەیان کردووەو زمانو ئەدەبیاتەکەی خۆیان ئیهمال کردووە. بە تەرحێکی وا بۆ ئەدەبیاتی غەیرە هەوڵیان داوەو خەریك بوون کە بەعضێکیان کەوتوونە سەر دەفتەری ئودەبای ئەو قەومەو، حەتا زۆریشیان لەطەرەف ئەو قەومانەوە زەوت کراونو بوونەماڵیان. خەسرەوخانی ناکام، ماه شەرەف خانمو، شوعەرای کوردستانی ئێرانیو موکریو باخوصووص مەولانا ئیدریس بتلیسیو ئەبوفەضڵ محەمەد ئەفەندی کوڕی زۆر خذمەتی ئەدەبیاتی فارسییان کردووە.

تاریخی (هشت بهشت) شەش کتێبو ٨٠٠٠٠ شیعرە، نموونەیەکی مومتازی ئەدەبیاتی فارسیو وێنەیەکی دواییی شەهنامەیە.

ئەو ئودەبای کوردە کە عومری خۆیان لە خذمەتی ئەدەبیاتی عەرەبیدا بەسەربردووە، زۆر زۆرن، یەکەیەکە ناویان بنووسین چەند لاپەڕەیەك ئەگرێتەوە، باخوصووص بەعضێکیان لەم قەڕنی دوایییەدا بوونە ئوستادی ئودەبای عەرەبو مەفاخیری ئەم قەومە، ئەوانەش "ئەحمەد شەوقی" و "زەهاوی"و "ڕەصافی"ن.

موفتی ئەبوسوعوود ئەفەندی ( وەفاتی لە ٩٨١ی هیجریدایە )و بەعضێ لە ئەولادو ئەحفادی و عەبدوڵلا جەودەتو بەعضێ لە بابانزادەکان گەلێك خذمەتی ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و فارسییان کردووەو زۆر ئاثاریان بەجێهێشتووە. مەلا عەبدوڵلای بێتووشی، کە "ئیبنول سەنەد بەصری"ی بە سیبەوەیهی عەصری داناوە، تەنیا شیعرێکی کوردیی بۆ بەجێهێشتووین. خولاصە عەدەدی خذمەتکەرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی زۆر کەمەو بەگوێرەی شناسیمانەوە لە عەلی تەرمۆکی( لە عەصری پێنجەمی هیجریدا ژیاوە )یەوە دەس پێئەکا. ئەدیبەی فرانسز "لوسیەن"، لە ئەثەرە نایابەکەیدا ( ضەربی مەثەلی کوردی– Proverbes kurdes)، چەند پارچەیەکی نایابی لە ئاثاری ئەم شاعیرە بە فرەنسزی تەرجەمە کردووەو، حەقیقەتەن نموونەیەکی مومتازی ئەدەبە. لەدوای "تەرمۆکی"، باباطاهیری هەمەدانی و بیبی فاطیمەی خوشکی ( لە عەصری پێنجەمو شەشەمی هیجریدا ژیاون) لە وادیی تەصەووفدا زۆر شیعریان وتووەو هەردوکیان صاحێب دیوانن. "عەلی حەریری"ش هاوعەصری ئەم سێ شاعیرەیەو دیوانێکی نایابی بۆ بەجێهێشتووین. ئەشعاری وێنەیەکی بەرزی فیکری ڕەقیقیەتی. مەلای جزیری کە عینوانی "شێخ ئەحمەد"ە، لە نیصفی دووەمی عەصری شەشەمدا ژیاوە، دیوانێکی لەطیفی هەیەو، لە ١٩٠٤دا لە (بەرلین) طەبع کراوە. بەگوێرەی ڕیققەتی حیس و صەنعەتی ئەدەبییەی لە مەفاخیری ئودەبای عەصرییە. "فەقێ تەیران" عەصری هەشتەمی و "مەلای باتە" قەرنی نۆهەمی بە سەلیقەی بەرزو حەساسی خۆی ئاواکردوەتەوە.

"ئەحمەدی خانی" لە مەفاخیری ئودەبای عەصری یانزەمینی هیجرییە (داستانی مەمو زین)ی و لوغەتی نۆبهاریی کە دوو ئەثەری لایەمووتن، بۆ ئەحفادی بەجێهێشتووە. لە هەموو ئەشعاریدا ذەوقی ئەدەبی و میللیی خۆی ئیظهار کردووە. داستانەکەی لە ١٣٣٨ی ڕۆمیدا لە ئەستامووڵ طەبع کراوە، بە لەهجەی حەکاری نووسیویەتی. بەعضێ ئەشعاری فارسی و تورکیشی هەیە.

شاعیر "ئیسماعیل بایەزیدی"یش لە قەرنی یانزەمیندا ژیاوەو لە موقەللیدینی "ئەحمەدی خانی"یە. (نەفەحاتی گول) شاه ئەثەرێکی ئەدەبییە. "شەریف خانی

جۆڵـەمێرگی"ش کـە یـەکێ لـە ئومـەرای (بتلـیس) بـوو، قـەڕنی دوانزەمینـی بـۆ پڕکردووینەوە، بە کرمانجی و فارسی زۆر ئەشعارو غەزەلیاتی هەیە.

قـەڕنی سـیانزەمین و چواردەمینی هیجـری، لەبابـەت شـیعرو شـوعەرای کـوردەوە لـە عەصـرەکانی پێشوو گـەلێ دەوڵەمەنـدترە. شـاه پرتـۆی حـەکاری، کوردیزادە "ئەحمـەد ڕامیز بەگ"، میصباحوددیوان سابلاخی، کوردی "مصطەفا بەگ"، نالی "مـەلا خـضر"، حـاجی قـادری کـۆیی، سـالم "عەبـدوڕڕەحمان بـەگ"، مەولـەوی "شـێخ عەبـدوڕڕەحیم"، مـەولانا خالیـد، شـێخ ڕەضـای طـاڵـەبانی، مـەحوی "محەمـەد ئەفەنـدی"، حەمـەئاغای دەربەندفەقەرە، حەسەن کەنۆش، ئاهی "صالح ئەفەندی"، ئەحمەد حەمدی بەگ، طـاهیر بەگ و ئەحمەد بەگی جاف، ئـەمین فـەیضی بـەگ، خەسـتە، یـومنی "سـلێمان ئەفەنـدی"، حـەریق "مـەلا صـالح"، عەبـدوڵڵا حەسـەن، خـاکی "مـەلا محەمـەد"، بێـسارانی "مـەلا مـصطەفا"، وەلی دێوانـە، سـالار سـەعیدی موکریـانی، ئەحمـەدە کـۆری سـابلاخی، ئـەمین بەگی دزەیی، وەفائی، مەلا مصطەفای بیاری، حەسەن هۆمەر، مـەلا محەمـەدی کۆماسـی، مەلا ئەحمەدی دەربەند، مـەلا قـادری شـێخ وەسـانی، مـەلا ڕەحیمـی مـوکری، کاکەئـەمینی موکری، کاک مصطەفا ئیرانی، بەردەشانی و ئەمثالیان، ئـەم دوو عەصـرەی دواییـیان بـە نـووری ئـەدەبی کـوردی زۆر ڕوونـاک کردۆتـەوە. بێجگـە لەمانـە کـە بەڕەحمـەت چـوون لـە حاڵـی حـاضـردا زۆر شـوعەرای بەقیمـەتمان هەیـە کـە جارجارێك قەصـائیدو غـەزەلیاتی جوانیان لە ڕۆژنامەی "ژین"دا ئەبینین. خوا عومریان درێژو ژمارەیان زیاد کا.

# زمانی کوردی
# بۆچی گۆڕاوە، چۆن یەك ئەگرێ ؟[1]

یەکێ لەو قۆرتە گەورانەی دێنە ڕێی نووسینی کوردی‌و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەناو کوردا، بە گران لە نووسین‌و قسەی یەکتری گەیشتنمانە مەعالی ئەمین زەکی بەگ لەم وتارە بەقیمەتەیدا ڕێوشوێنی لابردنی ئەم قۆرتە گەورەیەمان پێشان ئەدا.

تکا ئەکەین لە خوێندەوارانی خۆشەویست هەریەکە لەم بابەتەوە بیری خۆیانمان بۆ بنووسن.

(١)

زانایانی زمان، ئەڵێن بنچ‌و بناوانی ئەم زمانە وتەی (ماد= میدیا)ی قەدیمە، کە (زەردەشت– زرادشت) کتێبەکەی (ئاوەیستا) بەو زمانە نووسیوە.

بێشك، کە زمانی خێڵانی کوردی پێش (ئاوێستا)، وەکوو (گووتی) و (لۆللۆ) و (کاسای) و (میتانی) و (خالدی– ئۆرارتۆ) و (نایری) زمانی (ماد) نیوەو بەڵکوو لکێکی زمانی (قۆقازی) بووە، وە ئەبێ لەدوای هاتنی خێڵانی (هیندۆ– ئەوروپی) لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ وڵاتانی لای ڕۆژئاوا، وە زاڵبوونی دەوڵەتی (ماد) بەسەر (ئێران)و کوردستان‌و بەشێکی ئەناطۆلیدا، زمانەکەشی بەسەر وتەی خێڵانی قەدیمدا زاڵ بووبێ، وە وردە وردەو بە فەرقێکی کەم‌وزۆر هەموویان قسەیان پێکردبێ‌و بووبێتە وتەیەکی کۆمەڵی.

ئەو فەرقە کەم‌وزۆرەی کە ئێستاکە لەبەینی لەهجەی (لك= لەك) و (لوڕ) و (گۆران) و (موکری= سۆران) و (بادینان)دا ئەبینرێ بێشك ئەودەمە زیاتر بووە، چونکە ئەو سەبەبانەی کە ئەم فەرقانەی لێ پەیائەبێ، لەوزەمانەدا گەلێ بەهێزترو زۆرتر بووە، هاموشۆ و زانینی زۆر کەم یاخۆ بەتەواوی نەبوون، طەبیعەتی

[1] لە ژمارە ٢ی ساڵی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٠ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

کوردستان و زۆری کەژو کێوی، چەمی گەورەو بەخوڕی جەنگەڵی پڕو زۆری بەربەستی ئاموشۆی کردبوون لەبەر ئەوە فەرقی لەهجەو زمانیان لە ئیمڕۆ گەلێ زۆرتر بوو ئەگەر لەباتی زمان و لەهجەی ئەو دەورە تاریکە شتێکمان دەس بکەوتایە ئەمانتوانی چەند وێنەیەکی ئەو فەرقانە لێرەدا بنووسین. بەڵام داخم ناچێ کە جگە لە زمانی (ئاوێستا) وەیان (ماد)، لەبابەت ئەوانی ترەوە بەتەواوی هیچ نازانین چونکە خێڵانی کوردی ئەوسایە زمانەکەیان تەنیا بە وتن بەکەڵك هێناوەو بۆ نووسین، زمانی (کلدانی)و (ئاسوری)یان پەسند کردووەو بەعضێکیشیان مەیلی (کلدۆ- پەهلەوی)یان کردووە، ئەو کەمتەرخەمییەیە کە ئیمڕۆ ئێمەی لەم باسەدا نەفام و نەزان هێشتوەتەوە.

فەرقی ئێستای بەینی لەهجەکانی کوردیش دیسان هەر لەو سەبەبانەوەیە کە لەپێشا هەبوو و، تا ئەم سەبەبانە بمێنێ لەهجەکانی ئەم زمانەش هەروەکوو ئێستاکە یەك لەیەك جوێ ئەبێ.

فەرقی لەهجەکانی زمان، یا لە عواریضی طەبیعی، یا لە جێگۆڕین وەیا لە گۆڕانی صەنعەت و مەسلەك و ضەروورەتی ئیجتیماعی و ئیقتیصادی و تەربییەو تەعلیم و ئیختیلاط لەگەڵ ئەقوامی تر، پەیائەبێ.

١- ئەبینین کە چەمێکی گەورەو خوڕ وەیا زنجیرە کێوێکی سەخت و بێ ڕێ وەیا دارستانێکی چڕ قەومێك ئەکاتە دوو یا چەند بەشێك. ئەمانەیە سەبەبی ئەو مانیعە طەبیعییە، ناتوانن ئاموشۆی یەکتری بکەن و جوێجوێ ئەژین. ئیحتیاجی ژیان و کۆمەڵی زۆر کەلیمەو ئیسطیلاحاتیان پێ پەیا ئەکاو، جگە لەمە لەژێر تەئثیری طەبیعی نشیمەنیانا بەعضێ کەلیمەی زمانەکەیان بەرەبەرە شکڵ و تەلەفوظی کەم وەیا زۆر ئەگۆڕێ. وە وێنەیەکی ئاشکرای ئەم حاڵەش لەهجەی بادینان و سۆرانە، (زێی گەورە- زێی بادینان) و کەژو کێوی (بارزان) و دەوری حودوودی لای ژوورووی عیراق بۆتە سەبەبی فەرقێکی زۆر لەبەینی ئەم دوو لەهجەیەدا. بە سەبەبی مومکین نەبوونی ئاموشۆ بۆ ناو یەکتری، بەرەبەرە وتەی ئەمبەرو ئەوبەری ئەم (زێ) گەورەو خوڕە لەیەك جوێبۆتەوە.

ئەگەر سەرنجێكی باشی لیبدەین ئەبینین كە فەرقی لەهجەی گۆران‌و موكریش‌و گۆران‌و لوڕیش لە عەینی ئەمەو بەعضێ تەئثیراتی تر پەیابووە.

٢- لەیەكنەچوونی دوو لەهجە بەعضێ سەبەبی خوصووصیشی هەیە. ئەبینین كە (زازا)ی (دێرسیم) و (هەورامی)ی سلێمانیش لە لەهجەی ناوچەكەی ناكا. هەروەكوو عولەمای زمان ئەڵێن، ئەبێ ئەم دوو قۆڵی كوردە لەلایەكی دوورەوە هاتبنە ئەوناوەو لەهجەكەی خۆیان تا ئیمڕۆ ون نەكردبێ. لەهجەی (زازا)و هەورامی زۆر لە زمانی (دوملی- دنبلی) و (دیلەمی) نزیكەو بەدوورنییە كە لەوێوە هاتبنە هەورامان‌و دێرسیم. ذاتەن بەگوێرەی ڕیوایەتی ناو هەورامی، ئەبێ لە كێوی(دەماوەند)ەوە هاتبن‌و ئەم كێوەش نزیك نشیمەنی دەیلەم‌و دونبولییە. یەكێ لە موستەشریقین"ئەندریس"، وتوویەتی (زازا)یی، لە لەهجەی دەیلەمی ئەكاو لەهجەی هەورامیش واقیعەن زۆر لە (زازا)یی نزیكە. جا بەدوورنییە كە ئەم دوو قۆڵی كوردە لە دوورییەكی تەئریخیداو بە تەئثیری شەڕوشۆڕی مەغۆل وەیا غەزا جێگەیان گۆڕیبێ‌و چووبنە ئەم دوو وڵاتە.

(ئینسیقلۆپەدیا بریتانیكا) لە باسی زماندا، میثالێكی ئەم حاڵەمان نیشان ئەداو ئەڵێ، بە قسەی عالمی زمان"گوجات" لە(سویس)دا دوو دێ هەیە كە"Les Bois"و "La Ferriere"یان پێ‌ئەڵێن‌و دراوسێن‌و تەنیا ساعاتێك لە یەك دوورن. بەڵام لەهجەی زمانیان ئەوەندە لەیەك جویێیە كە لە زمانی یەكتری ناگەن، لەهجەی یەكێكیان نزیك زمانی جنووبی غەربی فڕانسەیەو ئەوی تریان لە زمانی شیمالی فڕانسە ئەكا. خەڵكی گوندێكیان (پرۆتستان)و ئەهلی صەنعەتن‌و خەڵكی گوندەكەی تر (كاثۆلیك)و جوتیارو خاوەن دەغڵ‌ودانن.

٣- جێگۆڕینیش ئەبێتە سەبەبی پەیابوونی ئیختیلافی لەهجە. واقیعەن ئەم ئەنواعی زمانی ئەوروپایە كە ئێستا ئەیبینین، لەپێش هاتنی ئەو قەومانە بۆ ئەو وڵاتانە نابێ بووبێ‌و ئەبێ بەتەنیا زمانێك قسەیان كردبێ، جا ئەم زمانەش چە وەكوو بەعضێ ئەیڵێن زمانی (ئاری)و چە زمانی (هیندۆ- ئەورووپی) بووبێ، تەنیا یەكێك بووەو لەدوای هاتنیان بۆ ئەوناوەو بڵاوبوونەوەیان بەرەبەرە

ئیحتیاجی ژیان و کۆمەڵی و صەنعەت و مەسلەك زۆر کەلیمەی جویجویی پێ ئیجاد کردوون و تەلەفوظی کەلیماتی ئەصڵییەی پێگۆڕیون و لەهجەی تازەیان بۆتە زمانێکی سەربەخۆ. واقیعەن باش سەرنج لەم زمانە خوشکانە بدرێ، ئەبینرێ کە هێندێ کەلیماتی ئەصڵییەیان بە فەرقێکی کەموزۆر هێشتا موحافەظە کردووە. واقیعەن (مادر) و (برادر)ی فارسی (مازەر)و (برازەر)ی ئینگلیزیو (فات)و (برات)ی ڕووسی (موتەر)و (برودەر)ی ئەڵمانی زۆر لەیەك ئەچن و بنج و بناوەکەیان ئەبێ یەك بێ. ئەم تەرحە کەلیماتە لەم زمانانەدا زۆرەو بەعضێ زانایانی زمان لەمە وا حاڵی بوون کە ئەو زمانانە هەموو بنج و بناوەیان یەکە.

٤- فەرقی لەهجە لە هێندێ ئەسبابی تریشەوە پەیا ئەبێ. هەموو سیلك و صەنعەتێکیش پێویستیی بەعضێ ئەلفاظو ئیسطیلاحاتی تازەیە مەنسووباتی بەرەبەرە بۆی ئیجاد ئەکەن. توجاڕ، ضوباط، کەوشدروو، ڕاوکەر، جوتیار، باخەوان.. زۆر ئیسطیلاحات و تەعبیراتی مەخصووصیان هەیەو کەسی تر ئیستیعمالی ناکا و مەسلەکی عەسکەریو ئەدەبیش لەم نەوعانەیە. ئەم فەرقانە حەتا لە زمانی ئەقوامی زۆر پێشکەوتووشدا هەیە.

٥- فەرقێکی ئاشکرای تری لەهجە هەیە کە لام وایە ئەویش عومومییە. ئەمەش فەرقی بەینی نووسین و قسەکردنە. ئەم فەرقە، لام وایە لە هەموو زمانێکدا بووەو ئێستاش هەیە. واقیعەن عولەمای ئاثار ئەڵێن، لەناو ئاثاری دۆزراوەی کۆنی ئێراندا بەعضێ بەردی نووسراو هەیە کە پاشماوەی دەوری ئەووەڵی پادشاهانی ساسانییە. وە لەسەر ئەمانە بە لەهجەی (کادۆ- پەهلەوی) نووسراوە. وەکوو"ئامانۆس مارسیلینیۆس" ئەڵێ، باسی شەڕەکانی "وستەنتینۆس"و "شاپووری دووەم" بەم زمانە نووسراوە کە کەلیماتەکەی کلدانی و خوێندنەوەکەی بە زمانی پەهلەوی بووەو، ئەم لەهجەی (کلدۆ- پەهلەوی)یە (زاواریش)یان پێگوتووەو لەو دەورەدا زمانی قسە پەهلەوی بووە. لەپێش ئەم دەورەدا "کاسای"، ئاثاری بە زمانی کلدانی نووسیوەو خەڵك بە زمانی کاسای قسەیان کردووە. لە تەواریخی زمانی زۆر قەدیمدا ئەمە زۆر بووە.

بێینەوە سەر زمانی خۆمان، ئەبینین کە لە وڵاتانی عەرەبدا، ئێستاکە بە چەند لەهجەیەك قسە ئەکرێ، وە ئەم لەهجانە فەرقێکی کەمی هەیە وەکوو لەهجەی مووصڵو بەغدادو زوبێر وەیا وەکوو لەهجەی خەڵکی سووریەو میصرو جەزائیرو عیراق فەرقێکی زۆری هەیە، بەڵام لە هەموویانا زمانی نووسین یەکێکەو ئەمەش زمانی عەرەبیی فەصیحە.

لە تورکیاشدا ئیختیلافی لەهجەیەکی زۆر لە قسەکردنا هەیە، بەڵام زمانی نووسین تەقریبەن یەکە. لە فارسیشدا حاڵ وایە، زمانی قسەکردن لە وڵاتانی ئێراندا فەرقێکی کەموزۆری هەیە، بەڵام لە نووسیندا یەك لەهجەن.

لە مەملەکەتانی زۆر پێشکەوتووی ئەورووپا و ئەمریقاشدا ئەم فەرقە هەیە، بەڵام کەموزۆری فەرق لە زمانی شیعرو ئادابدا ئەبینرێ. ئەو کەلیماتە کۆنانە کە ئێستا قسەی پێناکرێو لە فیکر چۆتەوە، شاعیرەکانیان بەتایبەتی ئەیدۆزنەوەو لە شیعردا ئیستیعمالی ئەکەن.

٦- نەوعە فەرقێکی تریش لەبەینی زمانی عەواماو زمانی دینیدا هەیە. ئێستاکەش لە کڵێسای ئەورووپادا بۆ ئایینو دوعا نەوعە لەهجەیەك ئیستیعمال ئەکرێ کە لە دەری ئەو مەعبەدەدا کەس قسەی پێناکا. زمانی کڵێسای ڕۆمەن کاثۆلیكو رووس ئیستاش هەر لاتینییە.

٧- لەم باسی گۆڕانی لەهجەیەدا زۆر پێویستە کە قسە لە تەئثیری تێکەڵیی ئەقوامی غەریبەش بکەین. واقیعەن زمانی ئەو قەومە غەریبانە کە لە دوور و نزیکەوە هاتوونە کوردستانو موددەتێکی زۆر حوکمیان بەسەر قومەکەیا کردووە، تەئثیرێکی زۆری کردۆتە زمانی کوردی. دەرەجەی ئەمەش تابیعی نەوعی حوکمی قەومە بێگانەکەو ئەندازەی زانستیو مەدنییەتیە. ئەگەر ئەم ئەوصافە لە قەومی بێگانە ئەوەندە وتەو نووسینی ئەو وڵاتە ناگۆڕێ، بەڵکوو زمانە غەریبەکە تا دەرەجەیەك خۆی ئەکەوێتە ژێر تەئثیری وتەی ئەو وڵاتەوە. لە ساڵی ١٩١٣دا بە پۆڵۆنیادا ڕابوردمو لە بەشی ڕووسیەو ئەڵمانیاداو بەتایبەتی لە (وارشۆ)دا کەمێ زۆرێ سەرنجم داو، دیم کە پۆڵەنیای ڕووسی، لەبابەت زمانو

عـادات و عەنعەناتـەوە بەسـەر قـەومی حاکمـدا بەتـەواوی زاڵـەو زۆر کـەلیمات و تـەعبیراتی مەحـەللی کەوتۆتـە نـاو زمـانی ڕووسـیی ئـەوێوە. بـە عەکسی ئەمـە لـە بەشـی ئـەڵمانیادا لەهجـەی لـەهی زۆر کەلیمـەی جەرمـەنیی قوبـووڵ کردبـوو، زەبوونیی زمان و مەدەنییەتی ئەڵمان بوو.

کوردی دەشتی (خیمانە)ش چەند عەصرێك لەمـەوپێش براونـە ئـەوناوە، بـەڵام لەهجـەو عاداتیـان نـەگۆڕیوە، بـەڵکوو لـەم خوصووصـەوە کـەمێ زۆرێ تـەئثیریـان کردۆتە دێهاتی ئەطرافیان.

شاه عەباس، لە ئەووەڵ چواریەکی عەصری یانزەمینی هیجریدا، بە قەصدی موحافـەظـەی حـودوودی خۆراسـان، چـوار خێڵـی کـوردی لـە وڵاتـی (مـوکری)یـەوە بـردە وڵاتـی (مەشـهەد) و داینـان و ئەمـە چـوار صـەد سـاڵە لـەوەناوەدان و زمـان و عاداتیان نەگۆڕاوە. بەئاسانی ئەتوانین زۆر میثالی تریش بهێنێینەوە، بـەڵام لام‌وایـە ئەبێتە باعیثی سەرئێشە.

وا دیارە کە ئەمە تەئثیرێکی کـەم‌وزۆری کردۆتـە لەهجـەکانی کـوردی و، ئـەبینین کـە لـە کوردسـتانی ئێرانـی و وڵاتـانی نزیـك حـودوودا زۆر کـەلیمات و تـەعبیراتی فارسی کەوتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەم حاڵە لە بـەعـضـێ وڵاتاندا گەیشتۆتە دەرجەیەك کە زۆری عولەمای زمان و موستەشریقینی هەڵخەڵەتاندووە و بردوونیـە سـەر عەقیدەیـەکی چـەوت لەحـەق قەومییـەتی خەڵکەکـەی. لەهجـەی لـەك، بەختیاری و لوڕو گۆران زۆر کەلیمـەی فارسیی تیایـە و، حـەتا ئـەم حاڵـە تـەئثیری کردۆتـە وتـەی مـوکری و سۆرانیش لـەڕووی ئەمەوەیـە کـە زۆر کـەس وا ئـەزانێ کـە زمانی کوردی لەهجەیەکی فارسییە. بەرەکەت دا کە زانایـانی ئـەم عیلمـە بـە فریـادا گەیـشتوون و بنج وبنـاوەی زمانەکـەمانیان گەیاندۆتـە دەورو تاریخێـك کـە لـەو وەقتەدا زمانی فارسیی ئیمڕۆ لەدایك نەبوە.

ئـەم نەوعـە تـەئـثیرە لـە زمـانی خیلانـی کـوردی تورکیـا و قەفقاسـیا و عـیراق و سووریەشـدا هەیـە، چـونکە زمـانی دراوسـێیانی دوێنـێ و ئیمـڕۆ کـەم‌وزۆرێك تـەئـثیری تێ‌کردوون.

ئەم حاڵە تەنیا بۆ زمانی کوردی نییە، بۆ زمانەکانی تریش هەروایە. چۆن کوردی عیراق و ئەقوامی ئێران زۆر کەلیماتی عەرەبی لە وتەو نووسیندا ئیستیعمال ئەکەن، ئەم قەومەش و بەخوصووص بەناو بەشی پێشکەوتوویدا بەعضێ کەلیماتی فارسی و تورکی و حەتا ئینگلیزیش لە وتەدا ئیستیعمال ئەکەن. تەئثیری زمانی تورکی لە میصردا بەقووەتترەو کەلیمات و تەعبیراتێکی زۆری تورکی ئیستیعمال ئەکەن. زمانی تورکیش، هەروەکوو فارسیی ئیمڕۆ زۆر زەبوونی ئەم تەئثیرە بووە. زمانی دین غەلەبەی بەسەریانا هێناوە. تەماشایەکی نووسراوەی تورکیی دەوری عوثمانی بکەین، ئەبینین کە بە غەیری فیعل و ضەمیرو ئەدەوات، هەمووی عەرەبی و فارسییەو فارسیی ئیمڕۆش غەیری ئەفعال و ئەدەواتەکەی بەتەواوی زنجیرەیەکی کەلیماتی عەرەبییە. بەنەظەر ئەم دوو زمانەوە، ئەگەر بڵێین کە کوردی هیچ تێک نەچوەو ئەصڵی خۆی بەتەواوی موحافەظە کردووە، موبالەغە نابێ.

(٢)

## ئەم لەهجانەی کوردی
## چۆن ئەبێتە یەك لەهجە؟

ئەگەر تەنیا بە چاوی عیلم و مەنطیق تەماشای جوابی ئەم سوئالە بکەین، ئەوەندە سەختی نابینین. تەنیا ئەوەمان لەسەرە کە لەسەر شوێنی قومە گەورەو پێگەیشتوەکان بڕۆین. وا ئەزانین ئەم نەقصەی کە ئێستا کە لە ئێمەدا هەیەو بۆ لەناوبردنی ئەمانەوێ هەوڵ بدەین، لەمەوپێش لەو کۆمەڵەشدا بووەو هێشتا بەتەواوی ون نەبوە. ئێستاکەش لەبەینی قسەی خەڵکی (سقۆچیا)و (ئیرلاندا)و لەهجەی ئینگلیزی ئەمریقاو جێگایانی تری ئینگلیزداو لەبەینی وتەی وڵاتانی خوارو ناوەڕاست و ژوورووی فڕانسزدا فەرقێکی مەحسووس هەیە. شکم نییەو ذاتەن تەئریخی زمانیش ئەڵێ کە ئەم فەرقی لەهجانەی ئینگلیزی و فڕانسزی ئیمڕۆ، لەپێشدا گەلێ زۆرتر بووە، وە تا ئیمڕۆ لە سایەی بڵاوبوونەوەی زانستی و

زۆربـوونی ئەسـبابی هاتوچـۆو کۆبوونـەوەی مەنـسووبینی ئـەنواعی لەهجـە لـە بـەعضـــیّ موئەسـسات و تەشـکیلاتی وەك جامیعـەو مەکتبـەکانی ئیختیـصاص و دیفاعی بەحری و بەڕی و هەوائی و ئەمثالی فەرقی لەهجەکان بەرەبەرە کەمبۆتـەوەو ڕۆژێك ئەبیّ بەتەواوی نەمێنیّ.

ئەگــەر زمانەکــەی ئێمــەش وەك ئــەو زمانانــە بــەختیار بوایــەو کولــۆڵی و بیّدەسـەڵاتی یەخـەی بەردایـەو، لەسـەر ئـەو شـوێنە بیتوانیایـە بڕوا، ئیمڕۆ ئـەم فەرقە زۆرانەمان تیا نەئەدی.

بـە غـەیری چـەند کەسـێکی وەکـوو"بابـاطـاهـیر"و "عـەلی تـەرمۆکی"و "عـەلی حـەریری"و "جزیـری"و"فـەقیّ تـەیران"و "مـەلای باتـە"و "ئەحمـەدی خـانی"و "شـەریف خـان"و "شـا پرتـۆ"و "حـاجی قـادر"و "کـوردی"و "سـالم"و "مـەولانا خالیـد"و "نـالی"و "مەولـەوی"و "شـێخ مـەعرووف"و "شـێخ ڕەضـا"و "مـەحوی"و پانزە بیست شاعیریکی تری کورد، کەس زمانەکەی خـۆی بـۆ نووسین ئیـستیعمال نـەکردووەو تـا دەورەی ئیحتـیلال تـەنیا زمـانی قسەکردن بـوو و بـۆ پێشخـستن و پاککردنەوەی هیچ هەوڵێك نەدراوە.

گونـاهی ئـەم کەمتەرخەمییـە ئەکەوێتـە ئەسـتۆی عولـەما و ئودەبـا و شـوعەرای کـورد کـە چـەند صـەدێك لەمانـە تـەنیا خـزمـەتی زمـانی غـەیرەیان کـردووەو بـۆ پێشخـستنی عـومری خۆیـان صـەرف کـردووە. بەڕاسـتی نـازانم چ عـەیبێکیان لـە زمانەکەی خۆیاندا دیوە. خوای لیّ ڕاضی بیّ حاجی قادری کۆیی ئەڵیّ:

کوردی ئاخر چییە عـــــــەیبی    هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی
لەفظی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو    وا لە مابەینی ئێمەدا تێك چوو
لە فەصـــاحەت بڵێی موعەڕڕا بی    چە قیامەت، بە ئەرمەنیش نابی

واقیعـەن ئـەم خوماڵیانـە ئەگـەر ئەوەنـدەی خـزمـەتی زمـانی بێگانـەیان کـرد، خزمەتی زمانە بەدبەختەکەی خۆیـان بکردایە، ئیمڕۆ زمانەکەمان باشترو صافتر ئەبوو و ئەم فەرقە زۆرە لەبەینی لەهجەکانیا نەئەبینرا و لە بێژنگی عیلم و ئەدەب ئەدرا بەردو داڕووجانەکەی جویّئەکرایەوەو فڕیّئەدرا.

لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەتوانین بڵـێین کـە لـە دەوری ئیحتیلالـەوە تائێـستا، لـەو فرصـەتو موسـاعەدە بچووکەی کـە پێمـان دراوە، ئیـستیفادەیەکی بـاش کـراوەو زمانەکەمان کەمێ زۆرێك پێش کەوتووە. وە ئەگەر ئەم نەوعە فرصەتانە بۆ هـەموو بوایـە، لەهجـەکانی تـریش پـێش ئەکـەوتن و لەیـەك نزیـك ئەبوونـەوە، فـەرقی ئەساسـی و تەلـەفوظیـو نـەحوییان بەرەبەرە کـەم ئـەبوەوەو لـەناو کۆمـەڵی زمانـە زیندوەکاندا مەرکەزێکی بڵندو بەحورمەتی بۆ خۆی ئەسەند.

لەگەڵ ئەمەشدا نابێ نائومێد بین، چونکە ئەگەر خوا بیـەوێ ڕۆژێکی وا دێنێتە پێش ئـەم زمانـە، کـە ئـەوی پێشینان نـەیانکردووەو ئـەوی کـە کوڵـۆڵیو دامـاوی نەیهێشتووە بکـرێ، خاوەنـەکانی زینـدووی بیکـەنو ئـەم بێـچوە لاوازەی (زمـانی ئـاری) بـە نـەوعێ قەڵەوو بەهێز بکەن کە لە هیچ باسێکی عیلمو فەندا سەر دانەخاو لەناو کۆمەڵی زماندا مەوقیعێکی موحتەرەمو بەشۆرەت بۆ خۆی تەئمین بکا.

# زمانی کوردی[1]

لەم باسەما نامەوێ زۆر بدوێم، چونکە لە جلْدی ئەووەڵی (خولاْصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان)دا بە طووڵو تەفصیل باسم کردووە.

ئەگەر وەکوو زۆری زانایانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک (تەئریخی شەرقی قەریب) ئەڵێن، باپیرەگەورەی کورد (گووتۆ- گوودی) و خێڵاتی (کاسای)و (لۆللۆ) بێ، پێویستە کە بنجو بناوانی زمانەکەمانیش هەر زمانی ئەم خێڵانی زۆر کێوییە بێ. بەڵام بە من بێ ئەڵێم، کە زمانی ئەم خێڵە زۆر کۆنانە، کە بەعضێك وتوویانە لە کۆکازی ئەچێ، لە ئیعتیباری قەڕنی پانزە وەیا دەهەمینی پێش میلادەوە، بەڵکوو لەدوای لەناوچوونی حکوومەتی (کاردونیاش)ی (کاسای)یەوە، کەوتۆتە بەر لافاوی زمانی موهاجیرینی (ئاری)یەوەو ون بووە. ئاثاری کۆنی دۆزراوەی تا ئیمڕۆ، لەبابەت زمانی گووتۆ، کاسایو لۆللۆوە سەرڕشتەیەکی وای نیشان نەداوە کە بتوانین لەناو زمانی کوردیی ئیمڕۆدا شوێنێکی ئەو زمانانە هەڵگرینو بیبەینەوە سەر ئەصڵەکەی. جا لەبەر ئەمەیە کە بە ناعیلاجی ئەڵێن کە ئەو زمانانە لەناو زمانی کۆمەڵانی ئاریدا بەرە بەرە ون بووە، لەگەڵ ئەمەشدا بەدوورنییە کە کەشفییاتی لەمەودوا، لەم بابەتەوە هێندێ مەعلووماتی باشو بەکەڵکمان بداتێو ئەم فیکرەمان پێبگۆڕێ.

بەپێی ئەوەی کە تا ئیمڕۆ بۆ زانایانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک ساغبۆتەوە، ئەبێ بنجو بناوانی زمانەکەمان بچێتەوە سەر زمانی (ماد)ی قەدیم کە لە تەئریخی ئێراندا بە بنەماڵەی (کەیانیان- ئاخەمەنی) شۆرەتی سەندووە. یەکێ لە چاکەی زۆری "مێجەر سۆن" لەحەق قەومی کوردو زمانەکەشی لەم بابەتەوەیە. واقیعەن ئەم حاکمە دڵسۆزو زانایەی سلێمانیی دەورەی ئیحتیلال، لەپێشدا چەند ساڵێ

[1] لە ژمارە ٣ی ساڵی ٤ی مارتی ١٩٤٣، ل١-٩ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بلاوبووەتەوە.

که به تەبدیل له کوردستاندا ژیاوەو، لەحەق زمانەکەمان تەدقیقاتێکی زۆر باشی کردووەو به دەرەجەیەکیوا شارەزای ئەصڵو تەطەوریو صەرفو نەحوی بووە، که کەم کەس له کورد گەیشتۆته ئەو دەرەجەیە. ئەم غەیرە خۆماڵییە موناسەبەتێکی زۆر بەقووەتی لەبەینی کوردیو زمانی (ئاوەستا)دا دیوەو جەدوەلێکی کەلیماتی موتەشابیهەی ئەم دوو زمانەی له صەرفو نەحوەکەیداو له ڕیسالەیەکی بچووکتریدا نووسیوەو، بەپێی ئەم جەدوەلە، بەعضێ کەلیماتی (ئاوەستا)ی "زەردەشت-زۆرواستر"، ئیمڕۆش له زمانی کوردیدا به فەرقێکی کەم وەیا زۆر و بەڵام به عەینی مەعنا ئیستیعمال ئەکرێ. لەدەورەی ئاوەستادا ( قەڕنی شەشەمی پێش میلاد)و له دەورەکانی دواییشیدا، لەبەینی خێڵاتی کوردی بڵاودا، بەعضێ لەهجە پتریش بووەو بەدوورنییە که لەبەینی وتەی ئەم خێڵانەدا، وەکوو ئەنواعی لەهجەی زمانی کوردیی ئێستا، زۆر وەیا کەم فەرق بووبێو پەهلەویی (پارت- ئاشکانی)یەکانیش یەکێ لەوانە بووبێ[1]. خولاصە بەشێکی زۆری موستەشریقین لەو فیکرەدان که بنجو بناوانی زمانەکەمان ئەچێتەوە سەر زمانی میدیاییەکان، که بێشك قۆڵێکی پاكو تەمیزی زمانی ئارییە[2].

وا باشە تۆزێکیش له موناسەبەتی کوردیو فارسی بدوێین. بەعضێ کەس ئەڵێن کوردی لەهجەیەکی بێسەروبنی فارسییە. ئەم فیکرە له ڕاستی زۆر دوورە. عولەمای لیسان لەو قەناعەتەدان، که کوردی بێچوویەکی پێگەیشتووی (ئاری)یەو بەتەواوی سەربەخۆیە، لەگەڵ فارسیدا موناسەبەتی تەنیا برایەتییە، چونکه بنجو بناوانی هەردوکیان زمانی (ئاری)یە. کوردی تەطەورێکی خوصووصیو کۆنی هەیەو، له زمانی فارسیی هەرە کۆنی لەوحەکەی"داریوش"یش قەدیمترە. بەپێی تەدقیقاتی بەعضێ عولەمای

---

[1] موئەللیفی صەرفو نەحوی ئێرانی (تحفه العجم) که سەید حسێن شاهە، ئەڵێ ئەم زمانی پەهلەوییە، له ناوچەی (ڕەی)و (ئەصفەهان)و (دینەوەر)دا قسەی پێئەکەنو لەهجەیەکه له حەوت لەهجەی ئێرانی.

[2] ئاوەستا به زمانی (ماد) نووسراوەو ئەم زمانە لەگەڵ سانسقریتی (ویدیس-Vidic)دا زۆر کەم فەرق ئەکرێو ئەم فەرقی صەرفو نەحوە تەنیا له شێوەو تەلەفوظدایە. لەبەینی (جەڕمانی)و (دۆیچ)دا چەند فەرق هەیە، فەرقی بەینی زمانی (ئاوەستا)و (ویدیس)یش ئەوەندەیە. لەمەش وا دەرئەکەوێ که زمانی ئەم دوو کتێبە موقەددەسە له ئەصڵی زمانی (ئاری)یە.

بەناوبانگ ( وەکوو سەدنەی سیمس، سەر جۆن مالقۆلم، سایس، دارمیس تیستر، هۆوارت، خیۆرسکی، سۆن )، لە عەصری شەشەمینی پێش میلادیشدا زمانێکی سەربەخۆ بووەو کتێبە موقەددەسەکەی "زەردەشت-زۆروئاستر"ی پێنووسراوە.

ئەو فیکرە غەڵەطە کە لە بەعضێ مێشکدا جێگیر بووەو کوردیی کردووە بە بێچوویەکی لەڕو لاوازی فارسی، لام وایە لە ئەم فیکرە غەڵەطە لە موشابەهەتە، نەك هەر لەبەینی کوردی‌و فارسیدا بەڵکوو لەبەینی هەموو زمانەکانی بێچوولەی ئاریدا مەوجوودەو، بۆ ئیثباتی ئەم حەقیقەتە هێندێ کەلیماتی موتەشابیهەی ئینگلیزی کە لە ئەصڵی زمانی ئاری هاتۆتە خوارەوە، لەگەڵ موقابیلەکانی فارسی‌و کوردی نیشان ئەدەین:

| فارسی | کرمانجی | موکری | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| | کوردی | | |
| فارسی | کرمانجی | موکری | ئینگلیزی |
| درد | ئیش | ئیش | ئەك |
| | نگری | رق | ئەنگری |
| نو | نوە | نوێ | نیو |
| نی | نا | نا | نۆ |
| برادر | برا | برا | براذەر |
| دختر | دۆت | کچ | دۆتەر |
| مادر | دایك | دایك | ماذەر |
| خواست | خواست | ویست | کویست |
| رووبار | روبار | چەم | ریڤەر |
| تنگە | دۆڵ | دۆڵ | دەڵ |
| گاو | گا | گا | کاو |
| ابرو | برۆ | برۆ | برۆ |

هەروەکوو ئەمانە، زۆر وتەی تری فورووعی ئارییە هەیە کە لەفظەکەیان ئەصڵی زمانەکەن. ئەم نەوعە موشابەهەتە، بەپێی نزیکی‌و دووریی لە فەرعەکانی ئاری زۆر وەیا کەمە. (ژنو) و (لیڤر) و (زانو) و (لب) (دندان)ی فارسی، (بڕودەر) و (موتتەر) و (دۆتەر)ی ئەڵمانی (برادر) و (مادر) و (دختر) فارسی، وێنەیەکی

ڕاستی ئەم نەوعە موشابەهەتەیە. قەومی کورد، لە تەئریخێکی زۆر کۆنەوە تائێستا لەگەڵ قەومی فارسدا بە دراوسێیەتی ژیاوەو، لەبەرئەمە دەرەجەی ئەم موشابەهاتی ئەساسییە لەبەینی زمانەکەیاندا زۆرترە. مەثەلەن گوش، سەر، زبان، ئەنگشت سینە، دەست.... و الخی فارسی، لە کوردیدا بۆتە گوێ، سەر، زمان، ئەنگوست، سنگو دەس. بەلاّم لە فەرعەکانی تری زمانی ئاریدا مەثەلەن لە فرانسیدا بۆتە (نەت، لانگ، دواگ، پواترینو مەن) و لە ئینگلیزیدا بۆتە(هەد، تونگ، فنیگەر، چەست، هەند). لەگەڵ ئەمەشدا لام وایە ئەم موشابەهاتی ئەساسیی کوردیو فارسی بەنەظەر موشابەهاتەی وتەی زمانەکانی ترەوە زۆر کەمە. سەرنجێك لە زمانی ئینگلیزو فڕانسزی بدەین، ئەبینین کە ئەلفاظی موتەشابیهەی زۆر زۆرترە، لەبەینی ئینگلیزیو ئەڵمانیو فڕانسزیشدا هەروایە.

لەگەڵ ئەمەشدا تائێستا کەس نەیگوتووە، کە ئینگلیزی وێنەیەکی تێکدراوی لاتینی وەیا جەرمانییە. بەلاّم زمانی کوردی چونکە زمانی قەومێکی دواکەوتوو و کەمطاڵعەو تا ئەمڕۆ حەتا لەطەرەف پێگەیشتوانی خۆشیەوە خزمەتی نەکراوەو لە نووسیندا بەکەڵك نەهێنراوە، تووشی بوختانێکی قورسی عیلمی بووە و کراوە بە لەهجەیەکی تێکەڵوپێکەڵی فارسی. ئەمە چونکە بوختانی غەیرە کوردو نەشارەزایە ئەهەمییەتو قیمەتی نییە.

٢- ئەگەر هێندێ کەلیماتی فارسی کەوتبێتە ناو کوردی، ئەمە بە سەبەبی ئیختیلاطێکی سیاسیو ئیجتیماعیو ئەدەبییەوەیە. کوردستان موددەتێکی زۆر ولاّتێکی ئێرانی بوو. کورد، لەگەڵ ئێرانیدا تێکەڵییەکی زۆری بۆ عیلمو ئەدەبی فارسی غەڵەبەی لێسەندو، فارسی بۆ بەشێکی زۆری کوردستان بووە زمانێکی خوێندنو نووسینو عیلمو شیعرو ئەدەب. واقیعەن ئەم عاریضەیە چەند ساڵێکە نەماوە، بەلاّم بەعضێ ڕوسووبی لەملاولاوە بەجێهێشتووە. بەرەبەرە تا زمانەکەمان تەرەقی بکا، ئەم ڕوسووباتەش نامێنێو کەلیماتی کوردی موقابیلی جێگەی ئەگرێتەوە.

دیسان بە سەبەبی دیانەت وەیا ئیختیلاطەوە، هێندێ کەلیماتی عەرەبی و تورکی و غەیرەش کەوتۆتە ناو زمانەکەمانەوە. ئەم تەئثیری عەرەبییە لە هەموو زمانی شەرقیەکانا (وەکوو تورکی، فارسی، هیندی) خۆی نواندووە. ئەگەر هەمووشی نەبێ، بەشی زۆری بە مرووری زەمان و بەرەبەرە مومکینە لابچێ. لەم بابەتەوە هەڵەشەیی هیچ باش نییە، بەڵکوو ضەرەری هەیەو تەگەرە لە خوێندن و لە مەیلی خوێندەواران ئەداو سەریان لێ ئەشێوێنێ. تورکیا ئەم ئیصطیفای تەدریجییەی قوبووڵ کردووەو لە سەری ئەڕوا.

خولاصە چەن کەلیماتی عەرەبی و چەند کەلیماتی غەیرەی تریش کە کەوتە ناو زمانەکەمان و موقابیلێکی مەعقوولیمان بۆ نادۆزرێتەوە، ڕاستەوڕاست بۆ کوردی ئەکرێتە ماڵ و، ئەمەش نابێ پێمان گران بێ، چونکە هەموو زمانەکانی تریش لەسەر ئەم شوێنە ڕۆیشتوون. سەرنج بدەین ئەبینین کە زمانی عەرەبیی قەدیم بە تەئثیری ئەدەبی فارسی زۆر کەلیماتی فارسیی وەکوو (اسفیداج، سکباج، دوغیاج، سکنجبین، جەلاب.... والخ) تێکەڵاو بووبوو، ئیمڕۆش وەکوو کەهرەبا (کەربا)ی فارسی و (سینەمی) و (کومپیالە) و (سیقۆرتە) و (شوگەر) وەیا (سوکر) زۆر تەعبیرات و کەلیماتی تری لاتینی و ئینگلیزیشی بۆ خۆی کردووە بە ماڵ و ئیستیعمالی ئەکا، تورك (ئیدەئال) و (ئەلستینۆ)، (فاکولتە)، (ئەلیمان)، (بودجە)، (پلانچو) قولسر، قولسرواتوار، ستراتیژی، تاکتیك، غارانتی...الخ کەلیماتی ئەوروپاییی وەکوو (مەفکوورە)، (ذهنییەت) و زۆر کەلیماتی تری عەرەبی و (نمان) و (ئابدەست)ی فارسی و ئەمثالیی کردووە بە ماڵ بۆ خۆی و ئیستیعمالی ئەکا. ئێمەش ئەبێ هەر لەسەر ئەو شوێنە بڕۆین و، ئەو ئەرك و ڕەنجەی کە بۆ دۆزینەوەو دروستکردنی هێندێ کەلیمات و تەعبیراتی تازەو نەبیستراو ئەدەن، بۆ ئیحتیاطێکی ترمانی صەرف بکەن چاکترە.

لەم بابەتەوە نامەوێ هیچ باسی فارسیی ئیمڕۆ بکەم. چونکە وای لێهاتووە کە هیچ لە زمانی فیردەوسی ناکا، نیواونیو بەڵکوو زیاتریشی بۆتە عەرەبی و عەرەبییەکی مەخصووص بۆ خۆیان.

لەوسەرەوە وتمان کە تا مومکینە لە جێگەی کەلیماتی غەیرە کوردی، موقابیلێکی ماقووڵی کوردی ئیستیعمال بکەین. ئەشێ کە ئەم موقابیلە لە لەهجەکەی ئێمەدا نەبێ وەیا نەیزانین، کەوابوو ئەبێ بنواڕینە لەهجەکانی ترمان و سەرنجێکی تەواوی لێبدەین. زۆر ڕەنگە کە هێندێ کەلیمەی وا بدۆزینەوە کە لە لەهجەکەی خۆمانا نییە یاخۆ هەیەو بە سەبەبی ئیستیعمال نەکردنی لە فکر چۆتەوەو بە ناعیلاجی کەلیمەیەکی عەرەبی وەیا فارسی وەیان تورکیی لەجێ دانراوە. ئەبێ ئەم کەلیمە غەیرانە هەڵیگرین و ئەوانەی لەجێ دابنێین. وەکوو (شاخ وداخ)و (دێ)ی لەهجەی خۆمان کە ئەووەڵەکەیان نیوەی تورکی و دووەمیان فارسییەکی تێکچووەو ئەصلەکانی (طاغ)ی تورکی و (دە)ی فارسییە. سۆران و بۆتان لەجیاتی ئەم دوو کەلیمەیە (چیا)و (گوند) ئیستیعمال ئەکا کە کوردییەکی تەواوە. (ئەدەبخانە)ش فارسییەو لازمە بکرێ بە (ئاوڕێژ)ی بۆتانی.

(بەرسیلە)ی فارسیش پێویستە هەڵگیرێو (شیلە)ی بۆتانی بخرێتە جێی. شك نییە کە لەهجەی ئێمە کە قۆڵێکی (موکری)یە، لە هەموو لەهجەکانی تر ئاسانترو باشترە. خدمەتێکی بەدڵی بکەین باشتر ئەبێ.

لەهجەی بۆتانی، حەیف زۆر تێك چووە، لە نیوەی گەلێ زیاتر کەلیماتی عەرەبی و تورکی و تاتاری و ئارامییە. تەصفییەی زۆر زەحمەتە. لە هەموو چاتر ئەوەیە لەگەڵ لەهجەکەی خۆمان خەریك بین. وای لێ بکەین کە بێتە ئەساس بۆ هەموو کورد.

٢٩-١-١٩٤٣

# قسەو زمانی کوردی[1] *

لەو باسانەدا کە دکتۆر "سپایزەر" لەبابەت زمانی کوردییەوە کردوویەتی، وا دەرئەکەویٚ کە چوار بەرەکانی زاگرۆس : لۆلۆ. گۆتی ، کاسای سۆباری یا هوری شێوەی قسەکردنیان جویٚ بووە. هەرچەندە هی واشیان تێدایە کە زۆر لێکەوە نزیکن. هەندیٚ لە موستەشریقەکان لەوباوەڕەدان کە شێوەی قسەکردنی ئەم چوار تیرەیە لە ضیمنی لوغاتی ئاری –ئاریو ئێران– یەکانایە. بەلاٚم هەندێکی تر لە عولەماکان ئەڵێن ئەمانە هەر بە لوغاتی قەوقاسی دائەنرێن. لەگەڵ ئەم باوەڕانەشا ئاثارە بینراوەکان تائێستە ئەم گرێیەی نەکردوەتەوە، بەڵکوو ئێستەش بۆ ساغبوونەوەی ئەم دەعوایە پێویستییەکی زۆر بە وەثائیقی تاریخی هەیە.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە تائێستە شێوەی قسەکردنی ئارییە کۆنەکان بەتەواوی نەزانراوە کە چیو چۆن بووە، چونکە بەڵگەیەکی نووسراو یا هەڵکەنراو بەم لوغەتە زۆر کۆنە چنگ نەکەوتووە. تازەش ئەو ئومێدە ناکرێت کە ئەم جۆرە بەڵگانە دەست بکەوێت، چونکە تاریخی فێربوونی خوێندنو نووسینی قەومەکانی ئاری تازەیە، لە (١٤٠٠) ساڵ پێش میلاد زیاتر سەرناکەوێت. ئێستە ئیتر با دەست بکەین بە باسکردنی شێوەی قسەکردنی بەشی دووهەم لە ئەصڵی کوردو باوباپیری کۆنیان کە میدیو وەچەکانیانن:

داخی گرانم مەعلووماتو ئاثارێکی بینراوی وامان لا نییە کە باس لە لوغەتی میدیەکانو شێوەی قسەکردنیان بکات. هەرچەندە "دارمیس تیتر"یش ئەڵێت: زەردەشت کتێبەکەی خۆی –ئاوێستا– بە شێوەی قسەکردنی میدیەکان

---

[1] لە ژمارەکانی ٦-١٠ی ساڵی ٧ی حوزەیران- تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم باسە نایابە لە کتێبی "خلاصە تاریخ الکرد وکردستان"ی مەعالی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگیراوە . لەبەرئەوە زیادە ئاگادارییەکی تێدابیٚ، هێنامان بەشی عەرەبییەکەی – کە مامۆستا محەمەد عەلی عەونی لە کوردییەوە کردبووی بە عەرەبی وە هەندیٚ قسەی خۆیشی لەسەر نووسیبوو لەگەڵ تەعلیقاتەکەی، ئەوا کردمانەوە بە کوردی و ئەیخەینە پێش چاوی خوێندەوارانی گەلاوێژ.

نووسیوەتەوە ،بەلاّم تائێستا شتێكیوا بەو لوغەتە نەبینراوەتەوە هەتا بەرانبەری لەگەڵ ئاوێستادا پێبكرێتو ئەم حەقیقەتەمان بۆ ڕوون ببێتەوە كە ئەو كتێبە بەو زمانە نووسراوەتەوە[1].

جوغرافیزانی كۆنی یۆنان "ئیسترابۆن" ئەڵێت: فارسەكانو میدیەكان لەوەختی خۆیا لەكاتی قسەكردنا هەندێكیان لە هەندێكیان تێئەگەیشتن ، بەپێی

[1] بەلاّم "نۆلدكە" ئەڵێت: (( من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئاپاری نووسراوو هەڵكەنراوی دەوری میدیەكان ببینرێتەوە، ئەمانە عەینی ئاثاری هەخامەنشیەكان ئەبێت، چە لە شێوەدا چە لە نووسینا )). ئەمەش لەبەر هیچی تر نییە غەیری ئەوە نەبێت كە مەردمی دەوری هەخامەنشی – كەیانی- ـەكان بەشێوەی قسەكردنو نووسینو مومەییزاتی تریان هەر نەفسی میدیەكان بوون . وە بە تێپەڕكردنی حوكم لە میدیەكانەوە بۆ "ئەنشان —ئەنزان"و لەپاشا بۆ "پارس" ـەكان غەیری خێزانی پاشایەتی نەبێ هیچیتر تێك نەچوو. پارس یا "پارسو" ەكان بە یەكێ لە عەشیرەتی بەرەبابی میدیەكان ناسراون، چونكە بێجگە لە دەورەی ساسانیەكان ئیتر نە سەربەخۆیی وە نە لوغەتێكی تایبەتیان بەخۆیانەوە نەدیوە . كەوابوو لێرەدا قەومێكیتر نییە كە پێیان بڵێن "فورسی ئەووەل —پارسی كۆن" وەكوو چۆن ئەو قەومەش نییە كە پێیان بڵێن "پرث —ئەشكان"، چونكە ئەمانەش وەكوو ئەوان یەكێ بوون لە تیرەكانی میدیو لەپاش ئەسكەندەری مەقدۆنی نیشتوونەتە سەر تەخت. ئەوەندە هەیە پێیان وتوون ئەشكانی، لەبەرئەوە بووە كە دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە "ئەشكان"ی ناو بووە وە پێشیان وتوون پرپی نیسبەتیان دراوە بەلای "پارث —خۆراسان" كە نیشتمانی ئەصلّییان بووە .

دەلیل لەسەر ئەوە كە مەردمی دەوری كەیانیەكان بە هەموو ڕەوشت و مەیزەیەكیانەوە هەر میدی بوون، چۆنیەتی تێپەڕكردنی حوكم بوو لە ئاخر پادشای میدیەكانەوە —كە بە "ئیختۆویكو" وەكوو لە ئاثاری "نەبونید" پادشای بابل ،یا "ئاستیاغ" وەكوو لە ئاثاری یۆنانیدا هەیە —بۆ "كۆرش" وەكوو لە ئاپاری بینراوەی "داریوش"دا ئەبینرێ ، یا "قیروس -كەیخوسرەو" وەكوو لە ئاثاری ئیسلامیدا ئەڵێ، كاربەدەستە گەورەكانی دەوڵەت و پیاوە بەناوبانگەكانی میللەت هاتن ئەم حوكمەیان هەر لە یەك قەوما لە خێزانێكەوە خستە بەرەبابێكی تر بەعەینی نیسبەتی پێشوەكان ئەمانەی دواییشیان بانگ ئەكرد. لەبەرئەوە كە جوێوازیی ڕەگەزی لەبەینی ئەم دوو تیرەیەدا نەبوو، ئەبینین كەس دان بەوەدا نانێت بڵێت ئەم جۆرە گۆڕانانە سەركەوتنی قەومێكە بەسەر قەومێكا وە توانەوەی ئەمە لەوی ترا ، بەڵكوو ئەوەی قسە لەم باسەوە بكات هەر ئەڵێت ئەمە كردەوەیەك بوو لەناو خۆیانا ڕوی داو بوو بەهۆی درێژبوونەوەی دەسەلاّتی میدیەكان وە گۆڕانێك بوو ، بۆ یەكیەتی بوونی ئاریەتیی ئێرانیەكان.

یۆنانیەكانی هاودەوری ئەخمینیەكان چەند دەورێك ئەو قەومەی ڕۆژهەلاّتیەكان پێیان ئەوتن فارسی ئەووەڵ. ئەوان هەر پێیان ئەوتن "میدی" وە شەڕو شۆڕی بەینیئێرانیو یۆنانیەكانیان بە شەڕی میدی ناو ئەبرد . بە پێچەوانەی نووسراوی عەرەبەكان، ئەوان لە زەمانی كۆنو تازەدا فارسیان هەر بە ئێران وتووە .

ئەمە وا ، ئەبێ ئەوەش بزانین كە لە زەمانی زوودا بە میدیەكانیان ئەوت (ئاریانی —ئاری —ئێرانی )، ماوەیەكی باشی پێچوو ئینجا بە میدی ناویان دەركرد . هەر لەبەرئەمەش بوو كە "داریووش"ی یەكەم لە ئاثارەكەیا – نەقشی ڕۆستەم – ئەیوت : ((من هەخامەنشیم)) یانی لە بنەماڵەی ئەوان وە "پارسی كوڕی پارسیم "، یانی تیرەی پارس وە "ئاریانی، لە ڕەگەزی ئاری" یانی لە میدیەكان) (هیردۆت ،مشیر الدولة ،الاخبار الطوال ،الآثار الباقیة). وەرگێڕی عەرەبیەكەی "محەمەد عەلی عەونی"

ئەمە وا دەرئەکەوێت کە قسەی میدیەکان غەیری قسەی فارسەکان بووە. هەر ئەوەندە هەبوە کە زۆر لێکەوە نزیك بوون[1] (ایران قدیم).

لێرە وا ، لەلایەکی کەشەوە مامۆستا "سنایس" ئەڵێت: هەر هۆزو تیرەی کوردەکانن، ئەوانیش لەلایەن قسەکردنیانەوە ئارین- هیندۆئەوروپی- ....، میرالاّ "ویلسن" کە لە ساڵی ١٩٢٠ ی میلادی وەکیلی مەندووبی سامی بوو لە عیراق، لە کتێبە نایابەکەیا ئەڵێت:(( قەومی کورد موباشەرەتەن لە نەتەوەی میدیەکانن وە شێوەی قسەکردنیان یەکێکە لە شێوەی قسەی ئاسیای ڕۆژاوا )) ( ج٢-ص١٢٧). لەگەڵ ئەوەشا من لەوباوەڕەدام کە فیکرەکەی "دارامیس تیتر" نزیکترە بە ڕاستی و حەقیقەت. پسپۆڕەکانیش لایان وایە کە "زەردەشت"خەڵکی (میدیە)یە. کەوابوو دوورنییە کتێبەکەی -ئاوێستا- بە شێوەی نیشتمانی خۆی میدی نووسیبێتەوە.

خاوەنی (تاریخی ایران قدیم) ئەڵێت:(( لەو بەڵگە نووسراوانە کە دەوری ئەخمینیەکانمان پیشان ئەدا وە لەو دیراسەتانەی کە لە شێوەی قسەکردنی فارسەکانی ئەووەڵ کراوە، وا دەرئەکەوێ کە ئەم لوغەتی دواییە بۆ نووسینی ڕوسوومات و فەرمانی پادشاهی بەکار هێنرابێ. هەر لە عەینی وەختا لوغەتی پەهلەویش کە لەوەوە نزیك بوو، لە قسەو گفتوگۆدا بەکارئەهێنرا، وە لوغەتی فارسیی ئەووەڵ و لوغەتی سانسکریتی- لوغەتی کتێبی پیرۆزی هیندی- وە لوغەتی ئاوێستا- لوغەتی کتێبی پیرۆزی زەردەشت- ئەمانە هەموو لە لوغەتی ئاریی کۆن هەڵتاشراون. بەڵام ئێمە تائێستە لەم لوغەتە موشتەرەکەوە مەعلووماتێکمان چنگ نەکەوتووە )).

هەر ئەم مێژوونوسە گەلێ ئاگاداری بەبایەخی تر لە شێوەی قسەکردن و خەتی پەهلەوییەوە باس ئەکاو ئەڵێت: لەو شتانەوە کە وەرگیراوە، وا دەرئەکەوێت کە لوغەتی پەهلەوی لە دەورەی دوایی ئەخمینیەکانا، وەکوو دەورەی پرثو ساسانیەکان

---

[1] لەمەوە وا دەرئەکەوێت کە لوغەتی فارسی یەکێك بووبێت لە شێوەکانی لوغەتی میدی، یەعنی شێوەی هۆزە یا تیرەی "پارس " کە ئەوانیش لە میدیەکان بوون. ئیتر وەنەبێ لوغەتێکی سەربەخۆ بووبێت، بەم جۆرە هاتووە تا کەوتۆتە دەورەی ساسانیەکان. لە زەمانی ئەوانا ئەم لوغەتە وردە وردە لە شوێن پەهلەوی یا میدی دانیشتووە. (وەرگێڕی عەرەبیەکەی)

**لوغەتی قسەکردنی هەموو کەسێك بووە. دیسان لەپاش دوایی‌هاتنی ساسانیەکانیش هەر لە ئێرانا ماوەیەکی زۆر خۆی ڕاگیرکرد، بەتایبەتی لە (تەبەرستان)ـا وەکوو قسەکردنی ڕەمەکی ئاگاداری مەرکەزی خۆی کرد.**

**لەم دوایی‌یەدا بەڵگەیەکی کۆنی نووسراوە بەم خەتی پەهلەوی‌یە لە (فەییوم)ی میسر بینرایەوە." ویست"ی پسپۆڕ لەم لوغەتەدا ئەڵێت: (( وا دەرئەکەوێت مێژووی ئەم بەڵگە نووسراوەیە بۆ سەدەی دووهەمی هیجری ئەچێتەوە )). لە عەینی وەختا نووسراو و ئاثاری دەوری ساسانیەکانیش هەمووی هەر بەم شێوەیە قەید کراون. دیسان هەر ئەو پسپۆڕە ئەڵێت : ئەو کتێبانەی بە لوغەتی پەهلەوی نووسراونەتەوە بێجگە لە کتێبی (ئاوێستا ) هەموویان مێژوویان بۆ دەوری دواییی ساسانیەکان ئەچێتەوە. وە ئەم کتێبانەش ئەبن بە سێ بەشەوە، بەشێکیان وەرگێڕان‌و شەرحی ئاوێستان ( ٨٢ کتێب یا نامیلکە)یە، بەشی دووهەمیان کتێبی ئایینیە ، بەشی سێهەمیان غەیری دینییە[١].**

**وەختی خۆی وشەی پەهلەوی زۆر گران بووە ، چونکە هەمووی وشەی تەنهایی (مجموع کلمات المفردة) ئەم زمانە لە نزیکەی هەزار تیپ‌و نیشانە پێك هاتووە وە ئەمانەش لە سەردەمی خۆیا لە وشەی ئارامی وەرگیراون.**

**خاوەنی کتێبی (لوغەتی فارسی‌و خەتیان‌و باوەڕی ئایینیان) کە ئەیەوێ باسی شێوەی قسەکردنی پەهلەوی‌و لوغەتی (پازەند) بکا، ئەڵێت ، پاکژیەکەی:- ئەو لوغەتەی کە لەپاش ئەسکەندەری گەورە لە ڕۆژاوای ئێرانا بینراوەتەوە، لوغەتی پەهلەوی بووە وە ئەم وشەی پەهلەوی‌یە بووەتە ناو بۆ تەختە لەوح‌و**

---

[١] عینوانی ئەم کتیبانە پیاو وا لێ‌ئەکەن کە بڵێن زۆر نزیکە لوغەتی پەهلەوی بناغەی کوردیی ئێستە بووبێت، .چونکە گەلێ لە وشەکانی بەتەواوی لە وشەی کوردیی ئێستە ئەچێت. مەثەلەن کتێبی (دین کورت) کە لە سەدەی سێهەمی هیجریدا دانراوە، هەندێ شتی تێدایە باس لە ئایین‌و ئەدەبیات‌و ڕەوشت‌و مەبادیئی زەردەشتییەوە ئەکات. ئینسان وا لێ‌ئەکا کە بڕوا بەوە بکا پەیوەندییەکی تەواو لەبەینی ئەم ئایینی زەردەشتی‌و تەعالیمەیا وە لەبەینی ئایینی کوردو ئەوەی تیرەو مەذهەبەکانی کوردی لەسەرە هەیە ، بگرە ئەتوانین لەسەر ئەو باوەڕە بین کە بڵێین ئایینی زەردەشتی هەر ئەو ئایینەیە کە کوردی لەسەر بووە پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام قوبووڵ بکات . وە وشەی "دین کورت" هەر عیبارەتە لە دین کورد یانی دینی کورد . هەروەها کتێبی (دانستانی دینێك ) یانی ڕازی ئایینی بە لوغەتی کوردیی ئێستە ، ئێجگار پیاو بەوە زۆرتر ئەکەوێتە تەماوە کە ئەبینێ بە شێوەی کرمانجیی ئێستە نووسراوەتەوە .

خۆ کتێبی (شیگند گومانیك وی‌جار) کە بەتایبەتی بۆ ئەوە دانراوە دیفاعی لە ئایینی زەردەشت پێ‌بکرێت، شێوەکەی بەتەواوی ئەشوبهێتە قسەکردنی ئێستە . دانەر

**پارەی ساسانیەکان . لە وشەی پەهلەوی زۆر دوواون. هەندێك ئەڵێن ئەم وشەیە لە (پەهلەو) وەرگیراوە، وە بەتایبەتی ناوی ئەو شێوە قسەکردنە بووە کە لەسەر نووسراوەکانا بەسەر لوغەتەکانی تری ئەو شوێنانەدا زاڵ بووە.**

**عادەتەن لەسەر سنوور بەهۆی تێکەڵاوی‌و دانیشتووی هەموو جۆرە کەسێکەوە لوغەت زۆرە، هەندێکی تر ئەڵێن نەء، ئەمە لە وشەی "پەهلەوان"ـەوە وەرگیراوە ئەویش بە مانا پاڵەوانە. بەشی سێهەم ئەڵێن چی ؟ ئەڵێن پەهلەوی ناوی لوغەتی وڵات یا شارە ، فیردەوسیش ئەڵێت لوغەتی پەهلەوی قسەکردنی لادێییەکان بووە. لە حەقیقەتا خەڵکی وڵاتانی ئەسفەهان ، ڕەی هەمەذان ، ئازەربایجان‌و نەهاوەند ،یانی وڵاتی میدیای کۆن، هەموو بەم لوغەتە قسەیان کردووە. بەڵام مێژوونووسەکانی فارس‌و عەرەب کەسیان دانیان بەوەدا نەناوە کە ئەم وڵاتانە پێیان وترابن پەهلەوی[1].**

**لە قسەکانی "کاترمر" وا دەرئەکەوێ کە تاریخنووسەکانی یۆنان ، وڵاتی پرث- ئەشکان-یان بەناوی پەهلەوییەوە ناوبردوە، وەکوو چۆن مێژوونووسەکانی ئەرمەنی ئەڵێن ئەم وشەی پەهلەوییە عینوانی پاشاکانی ئەشکانی بووە. لە حەقیقەتیشا لە مەعبینی قەومە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکانا ئەم پرثییانە بە قەومێکی ئازاو خۆشەویستی خۆپاراستن لە هەموو چەپۆکێك ناوبانگیان دەرکردبوو وە لوغەتی پەهلەویش بەسەر هەمووڵادا زاڵ بووبوو تەنانەت پەلی بۆ هیندیش هاویشتبوو.**

---

[1] وا دەرئەکەوێ خاوەنی ئەم قسەیە ئەو دانراوە نایابانەی نەپشکنیوە کە هەر لەوانەوە (المكتبة الجغرافية العربية) وەرگیراوە وە ماوەیەکی دووریش نییە لە ئەوروپا لەچاپ دراوە، ئەگینە لەوانا شتی‌وا هەیە کە قسەکەی ئەو ڕاوئەنێ. سەرنج دە چۆن ؟:

ئیبنو خورداذبە لە لاپەڕە ٥٧ ی کتێبەکەیا (المسالك والممالك) ئەڵێت: وڵاتی پەهلەویەکان، ڕەی، ئەسفەهان، هەمەذان، دەینەوەر، نەهاوەند، مهرجانقذ، ماسثذان، قەزوین، بەربەر، تەیلەسان‌و دەیلەمە .. هەروەها لە بەرگی دووەمی (احسن التقاسيم)ی مەقدیسی لاپەڕە ٣٨٤ لە ئیقلیمی کێوەکاندا ئەڵێت: لە هەندێ لە کتێبەکانا خوێندمەوە ئەبینم ڕەی‌و ئەسفەهان بە وڵاتی پەهلەویەکان دانانێ، بەڵکوو ئەڵێ هەر هەمەذان، ماسثذان، مهرجانقذ—کە سەیمەرەیە —ماه البصره—کە نەهاوەند—وە ماه الكوفه— کە دەینەوەرە ئیتر هیچی تر نییە ، لە ئیبنول فەقیهیشا لەژێر عینوانی( القول فى الجبل )دا هاتووە کە ئەو ناوچەیە بە وڵاتی پەهلەویەکان ناو ئەبات.

ئەم باسانە هەموو وا پیشان ئەدەن کە کورد بە خۆی‌و وڵات‌و لوغەت‌و هەموو جۆرە ڕەوشتێکی قەومی‌و ڕەگەزییەوە پەهلەوی‌و میدییە . وەرگێڕی عەرەبیەکەی

**وەکوو هەندێك لە وەثایقی تاریخی تێمان ئەگەیەنێ خولاسەی قسە ئەوەیە کە لوغەتی پەهلەوی لوغەتی قەومێکی بەهێز لە قەومەکانی ئێران بووە .وە پێویستە بۆ باسکردن لە بناغەی مەعنای وشەی پەهلەوی باسێك لە دوو وشەی (پارسیاو پارسوا)ی یۆنانیو ڕۆمانییەوە بکرێت ، وا دەرئەکەوێ کە (th) لە (پارسوا Parthoi)دا کراوە بە (h)، وە تیپی (r)ی لێکوژێنراوەتەوەو بووە بە (پاهلوا)، وەکوو ئەمە چۆن لە وشەی (mithra-میسرا) کە لە ئابستاقا هەیە ڕووی داوە ، سەیر ئەکەی کە هێنراوەتە سەر زمانی فارسی، بووە بە (میهر). بەکورتی لە هەموو شت نزیکتر ئەوەیە کە ئەم لوغەتی پەهلەوییە لوغەتی ئەو ئەشکانیانە بووبێت کە تا پێنج سەدە هەر لەگەڵ ڕۆمانیەکانا شەڕیان ئەکرد وە زۆر جاریش هەر ئەمان بەسەر ئەوانا زاڵ ئەبوون.**

**"ئیبنو حەوقەل" کە باسی ئێرانی کۆن ئەکا ئەڵێت: (( سێ شێوە قسەکردنی تێدا هەبوە: أ- لوغەتی فارسی، هەموو خەڵکی وڵاتەکە بەم شێوەیە قسە ئەکەن. ب- لوغەتی پەهلەوی، ئەمە لە پێشترا شێوەی تێکڕای ئێرانیەکان بووە. بەڵام ئێستە تەنها عالمەکانی مەجووس هاڵو هەواڵی تاریخی بەم شێوەیە ئەنووسنەوە، خەڵکەکە تا بۆیان نەخرێتە سەر ئەو زمانەی ئێستەیان لێی تێناگەن. ج- لوغەتی عەرەبی، ئەمە لە نووسینەوەی بەڵگەو ئیشی ڕەسمیدا بەکار دێنرێت )). بەڵگە کۆنەکان لە دەورەی فیردەوسیدا (سەدەی دەهەمی میلادی) بەتایبەتی هی ساسانیەکان کە ئەبینرانەوە هەموو بەم لوغەتی پەهلەوییە نووسرابوونەوە. شك لەوەدا نییە کە لە دەورەی چوار بنەماڵەی پاشاکانی ئێرانا ئەم لوغەتە بەکار ئەهێنرا، بەتایبەتی لە دەورەی ساسانیەکانا لوغەتی ئەدیبەکانو کتێب دانان بوو.**

**ئەم لوغەتە پەهلەوییە کە نووسراوەتەوە گەلێ وشەی تێدا هەیە کە جیاوازییەکی تەواویان هەیە لەگەڵ ئەو وشە عەرەبیانەی کە ئێستە لە لوغەتی فارسیی تازەدا هەن. سەیر ئەوەیە ئەو وشە عەرەبیانە کە لە پەهلەویدا هەبوون، وەکوو خۆیان نەئەوتران، بەڵکوو تەرجەمەکەیان -کە ئەکران بە فارسی- ئەوان ئەکەوتنە سەر زمانەوە. لە کتێبی "ئەمانۆس مارسیلینۆس" لە باسی شەڕەکەی**

بەینی "قوسطـەنطـینۆس"و "شاپوور"ی دووهەمدا ئەڵێت: وشەی (ملکان ملك) کە لە خـەتی پەهلەویدا هەیە ئێرانیەکان بە (سائەنسائان) یا (شاهەنشاهان)یان ئەخوێنـدەوە. وە بـەم جـۆرە لوغەتـە ئـەوترا (کلـدۆ-پەهلـەوی). بێجگـە لەمـەش ئێرانیـەکان هـاتن هەنـدێ وشـەی عـەرەبی هـەبوو، سـەروگوێلاکیان کـردو شـتێکی تریـان پێـوە ئەنووسـانو ئـەیانکرد بـە مـاڵ بـۆ خۆیـان، وەکـوو (ئـەب- ئەبیـدەر) لەپاشا بوو بە (پیدەر- پیدەر)، هەروەها (ئەم- ئەمیدەر- مادەر).

"ئیبنـول موقەفـەع" (١٣٣هـ- ٧٥٠م) ئـەڵێت: جـۆرە قـسەکردنێکی تـری فارسی هەبوو پێیان ئەوت (زاواریش) کە لـە نزیکـەی هـەزار وتەیـەك پێك ئەهات. ئەم جۆرە قسەیە لە وتنو مەعنالێدانەوەدا ڕاستتر بوو. شێوەی نووسینی لەگەڵ وتنەکەیـدا لێك جویبـوون. وەکـوو ئەنووسـرا (لحمـا- لحـم) کەچـی بـە (گۆشـت) ئەخوێنرایەوەو ئەوترا. لەم باسەی پێشوو وا دەرئەکەوێ کە ئێرانیـەکانی سـەدەی هەشـتەم وەکـوو عالمـە ئاینیـەکانی (پـرس)ی ئێـستە لـە هینـدا بـە لوغـەتێك ئەیاننووسـیو بـە لوغـەتێکی تـر ئەیانخوێنـدەوە. یـانی هـەر جـارە کـە تووشـی وتەیـەکی سامی ببوونایە لـە خوێندنـەوەی پەهلەویدا، بەرامبەرەکـەی لـە لوغـەتی ئێرانییا چی بووایە ئەوەیان ئەوت. ئەم کـەینو بەینـە بەم جۆرە هـەر مایـەوە هـەتا تیپی عەرەبی لە وڵاتی ئێرانا بڵاو بووەوەو بەتەواوی وەریانگرت.

کە (ئاوێستا) وەرگێڕرایە سەر زمانی پەهلـەوی ناویان نـا بـە (زەنـد)، وەك (زاواریـش) یـا (هـوزواریش) کـە پێیـان ئـەوت (پازەنـد). وە ئـەو ئـاثـارو پارچـە لەوحانـــەی لـــە زەمـــانی ئەردەشـــیرو شـــاپووری یەکەمـــەوە (٢٢٦-٢٧٠ م) بەجێمابوونـەوە، بـە سـێ شـێوە نووسـرابوونەوە (پەهلـەویی ساسـانی-کلـدۆ پەهلەوی-یۆنانی).

مەقالـە (٥٥)ی (جغرافیـة مـالطبرون) لـە باسـی وڵاتـی ئاسـیادا، ئـەڵێت: (( دوو لوغەتـەی زەنـدو پەهلـەوی کـۆنتر لوغـەتی ئـارین، شێوەی زەنـدی لـە کتێبـە ئاینیـە کۆنەکانی ئێرانا -وەك ئاوێستا-بەکارهێنراوە. ئەم لوغەتە لە ڕۆژاوای (بوخـارا)وە تـا (ئازەربایيجـان) یـانی لـە تـەواوی وڵاتـەکانی ئێرانـی شـیمالیدا لەسـەر زاری خەڵکییـەوە بـووە، بووبـوو بـە شـێوەی قـسەو گوفتوگۆیـان، تەنانـەت ئێـستەش

لەبەینی عالمەکانی مەجووسا هەر باوی هەیەو وەکوو لوغەتێکی ئاینی خۆی ڕاگرتووە. بەم خۆڕاگرتنەیا وا دەرئەکەوێ لێکچوونێکی تەواو لەلایەن بناغەو ڕەچەڵەکەوە لەبەینی ئەم دوو لوغەتەدا هەبێ. ئەمە زەندی، بەڵام لوغەتی پەهلەوی یا پەهلەوانان- پاڵەوانان- وا دەرئەکەوێ ئەو لە عێراقی عەجەمی (میدیای گەورە)و فارسدا بڵاو بووبێتەوە، چونکە لەوێدا هەموو کەس هەر بەو شێوەیە قسەی کردووە. هەندێکیش ئەڵێن ئەم شێوەیە لە دەوری پاشاکانی نەتەوەی (قیرۆس- کۆرش-کەیخوسرەو[1])دا لوغەتی ڕەسمیی دەوڵەتو بارەگای پادشاهی بووە )).

هەروەها گەلێ ئاثارو بەڵگەش بینراوەتەوە کە بەم لوغەتی پەهلەوییە نووسراوەتەوەو مێژووی بۆ دەوری ساسانیەکان چووەتەوە. بەڵام ئەم لوغەتە لە (٢١١-٦٣٢ م) یانی لە دەوری ساسانیەکانا بەهۆی ئەوەوە کە فەرمانی شاهانە دەرچووبوو بۆ ئەوە کە شێوەی قسەکردنی ئیقلیمی فارس لە دەفتەری دەوڵەتو بارەگای پادشاهیو قوتابخانە بەرزەکانو شوێنە زانینە گشتیەکانی ترا ببێت بە لوغەتێکی ڕەسمی، وردە وردە کەوتە لێژیو بێنازی. هەتا وای لێهات ڕەسمەن ناوی کوژێنرایەوە. کە عەرەبەکان ئێرانیان گرتو ساسانیەکان دواییان هات، ئەم شێوەی ئێرانیەش وردە وردە سەری تیا چوو. کە (دەیلەم)ـیەکان هاتنە سەر دەور و بوون بە فەرمانڕەوا لە (٣٦٧هـ-٩٧٧م)دا لوغەتی ئێرانییان هێنایەوە ناوو زیندوویان کردەوە. بەڵام گەلێ وشەی عەرەبیو لوغەتی دراوسێی تریان تێکەڵاو کرد. لەپاشا کە دەوری عولەماو ئەدیبەکان هات، ئەوان بۆ خاوێنکردنەوەی تەقەلایەکی باشیان دا. هێنایان وشەی زەندیو پەهلەوی کە لوغەتی کۆنی ئێرانی بوونو مردبوون، زیندوویان کردنەوەو تێکەڵاویان کردو بەتەواوی هێنایانەوە قەوام. ئیتر لە دەوری ئیسلامیدا ئەم لوغەتی فارسیی ئێستەیە، لەو تاریخەوە هەڵدایەوەو پێگەیشتەوە[2].

---

[1] ئەم کەیخوسرەوە دامەزرێنەری بنەماڵەی هەخامەنشی یا ئەخمینی، یانی کەیانیەکان بوو (٥٥٩-٥٢٩ی پێش م). لە ئاثاری باقییەی "بەیروونی"شدا ئەڵێت: (( کۆرش کەیخوسرەوە)). وەرگێڕی عەرەبیەکەی

[2] سەیری سەرەتا عەرەبیەکەی کتێبی (شەرەفنامە)ی فارسی لە مێژووی کوردو کوردستانی سەدەکانی ناوەڕاستا بکە، ئەبینیت ئەبێت بە بناغە بۆ ئەوەی دوکتۆر "بیلەچ شێرکۆ" وتوویەتی لە نامیلکەکەیدا- القضية الكردية- کە بە عەرەبیو فەڕەنسزی دایناوە. وەرگێڕی عەرەبیەکەی

"سێر جۆن مالکۆلم" لە کتێبە بەنرخەکەیا (تأریخ ایران، بەرگ-٢ لاپەڕە-٥٠-٦١) ئـەڵێت: (( هــەرە دەلیلــی زلو ئاشــکراتر شــتێك لەســەر ئــەوە کــە عەشـایەرەکانی ناوچـەی (کرمـان)و (فـارس)و هەنـدێك لـە (عـیراق)و تـەواوی (کوردوستان) هەموو یەك ڕیشەیان هەیە، ئەوەیە کە هـەموویان هـەر بـە یـەك شێوە قسە ئەکـەن. ئەوەنـدە هەیـە شـێوەکەی ئـەمان شـێوەیەکی قەبەیـە لـە لوغـەتی پەهلەویی کۆن. هەرچەندە جیاوازییـەکی کـەم هەیە لە مەعبـەینی قسەکردنی ئەم عەشایەرانەدا، بەڵام لەبەر ئەوە لـەکاتی قسەکردنا هـەموو یـەکێك لـەم تیرانە لـەوی تر ئەگا. ئەم جویَبوونە نابێتە هۆی تێنەگەیشتنیان لەیەك. ناتوانین بڵێین ئەمانە ڕیشەکەیان یەك نییە )).

دیسان هەر لەم بابەتەوە سێر"سیدنی سمیث" خاوەنی کتێبی (تاریخی ئاشوور)، ئەڵێت: (( وردبوونەوەو بینینـەوەی ڕەچەڵەکی زمانی کوردی دەورێکی تری بەسەرا هاتووە، غەیری ئەو شتانەیە کە باسی لێوە کراوە. لەسـەر بڕوای ئـەو پـسپۆڕانە کــە پیــاو ئــەتوانێ تــێبینێو وردبوونەوەکــەیان بەتــەواوی بگــرێ بەدەستەوە، وەنەبێ لوغەتی کوردیی ئێستە شێوەیەکی هەڵتاشراو یا تێکدراوی لوغەتی فارسیی ئێستە بێ، بەڵکوو لوغەتێکی سەربەخۆیە. خۆی بە تەنها گۆڕانو هەڵسووڕانێکی تـاریخیی هەیـە وە کـۆنترە لـەو لوغەتـە فارسـییە کۆنـە[1]ی کـە ئاثارەکەی "داریووشی یەکەم[2]"ی پێنووسراوەتەوە. کەوابوو ئەگەر ئەم باوەڕە

[1] ئەم شێوەیە فارسیی هەووەڵە، لەو شـێوانەیە کـە هـەموو میدیـەکان قسەیان پێئـەکرد. وە هـەر بـەم شـێوەیە بەڵگەی پاشاکانی هەخامەنشی-کەیانی- بە خەتی بزماریی ئێرانی نووسراوەتەوە.

[2] ئەم دایووشە (داری وەهش)ی یەکەمە کە سێهەم پاشـای ئەخمینیـەکان ئەگرێتـەوە لـە (٥٢١-٤٨٦ی پـێش م) فـەرمانڕەواییی کـردووە. بـەناوبانگتر شـتێك کـە ئـەم پاشـا گەورەیـە بەجێیهێـشتووە، نووسـینە نایابـە هەڵکەنراوەکەیەتی لەسەر بەردەکانی (بێستوون)ی نزیکی (قەسری شیرین) کـە بـە سێ شـێوە نووسـراوەتەوە (فارسیی هەووەڵ، عیلامی، ئاشووری). لەوێدا باسی باووباپیریو ئیشە گەورەکانی خۆی تێدا کـردووە. هـەروەها لێرەدا نووسینێکی تریش هەیە وەنەبێ لەوی پێشوو کەمتر بێ، پێی ئەڵێن (نەقشی ڕۆستەم) کە سێ فرسەخ لە (تەختی جەمشید)-پرسپۆلیس-ی دەوری یۆنانی، وە (ئەستەخر) دەوری ئیسلامییەوە دوورە. باسـی ئـەو وڵاتو شارانە ئەکا کە لەژێر فەرمانی ئیمپڕاتۆریەتی ئێرانیەکانی هەووەڵا بووە (ایران قدیم: مشیر الدولە).

دیسان لە ئاثاری باقییەی بەیروونی چاپی لیدن ( ٩٩-١٣٣) لـە ڕیـزی پاشـاکانی ئێـرانو بابلـدا کـە لـە کتێبی ڕۆژاواییەکانەوە وەری گرتووە، ئەڵێت: (داراماهی، داریوشی یەکەمە) ماهیش یانی میـدی، چـونکە لـە دەوری ئیسلامـەکانا بە میدییان ئەوت (ماە) وەکوو چۆن پێیـان ئـەوت وڵاتـی پاڵەوانـەکان بـەپێی (المکتبـة

بەقووەتە ڕاست بێ، پێویستە لەسەر عالمەکانی تاریخ بەبێ دوودڵی ئەم ڕێچکەی دواوە بگرن. لوغەتی کوردی لە سەدەی شەشەمی پێش میلادا هەبوە وە بەتەواوی سەربەخۆ بووەو هیچ پەیوەندییەکی بە لوغەتەکانی دراوسێوە نەبوە )).

"میستەر ئەدمۆندس"ی پسپۆڕ لە مێژووی کوردا لەو مەقالەیەیدا کە لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری (جمعیة آسیا الوسطی)دا بڵاوی کردوەتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە ئەڵێت: (( بەتەواوی دەرکەوتووە کە زمانی کوردی وەنەبێ شێوەیەك بێ لە فارسیو تێك درابێتو بووبێت بەم کوردییە، بەڵکوو زمانێکی سەربەخۆی خاوێنی ئاریی بەناوبانگە، هەموو جۆرە نیشانەیەکی تایبەتی هەیەو هەر لە زەمانی کۆنەوە هەڵسووڕانو تەپاوتلی خۆی جوێ بووە)).

وا بە چاك ئەزانین هەندێ لە ئاگاداریەکەی "مێجەر سۆن[1]"– کە لەلایەن زمانی کوردییەوە  بوویەتی– لێرەدا بکەین، چونکە ئەو زانایە وەکوو کوڕی زمانەکە شێوەی قسەکردنی زانیوە. بگرە لەگەڵ شتا لە عالمەکانی کورد شارەزاتر بووە. پاکژیەکەی:

(( ئەو شێوەیە کە کوردەکانی ئێستە بەسەر زمانیانەوەیەو قسەی پێ‌ئەکەن وەنەبێ –وەکوو زۆر کەس لە گەڕۆکەکان لایان وایە– شێوەیەکی تێکچووی بێ‌سەرەوبەر وە فارسی بووبێتو دەسکاری کرابێت، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەوە لوغەتێکی ئاریی خاوێنی سەربەخۆیە. لەو وەختەوە کە تاریخی ڕاستی ئێرانی گەورە شڵەژانی بەسەرا هاتووەو قسەی پڕوپووچو ڕازو چیرۆکەی بێ‌ڕێوجێی لە شوێن دانیشتووە، ئەم هەر هەبوە وە لەبەینی کێوە گەورەکانی کوردوستانا بە سەربەخۆییو خاوێنی تائێستە ژیاوە وە تاقانە لوغەتێکە لەناو لوغەتەکانی

---

الجغرافیة). لە (مختصر البلدان)ی ئیبنول فەقیە لاپەڕە ٣٥٩دا ئەڵێت: لە دەوری موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیاندا بە نەهاوەندیان ئەوت (ماە البصرە) وە بە دەینەوەر (ماە الکوفە). لە شوێنێکی تر ئەڵێت: هۆی ناونانیان ئەوەیە کە (نەهاوەند) هەرچەندە کووفیەکان گرتیان، بەڵام درایە بەسرییەکانو ناو نرا (ماە البصرە) وە (دەینەوەر)یش درا بە کووفیەکانو ناونرا (ماە الکوفە). "مشیر الدولە"ش لە ئێرانی قەدیم لاپەڕە ٤٨ پەراوێز ٢ ئەڵێت: ((داریووشی یەکەم وڵاتی میدیەکانی ناونا (مادە) لە دەوری ساسانیەکانا ئەیانوت (مای) لە دەورە ئیسلامیدا بوو بە ماە وەکوو ماە البصرە)). وەرگێڕی عەرەبیەکەی

[1] لەو قسانەیدا کە لە وڵاتی سولەیمانی‌یەوە کردوویەتی (چاپی کەلکەتە ١٩١٨ لاپەڕە ٨٥). دانەر

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا خۆی پاراستبێ لەوە – بێجگە لە هەندێ وشەی ئاینی نەبێ ئەویش ناچاری بووە تێکەڵاوی بووە– کە لوغەتی عەرەبی بتوانێ تەئثیری تەواوی تێبکا. دیسان هەندێ وشەی ئاریی کۆن هەیە لەم زمانی کوردییەدا وا پیشان ئەدەن کە ئەم وشانە لە وەختی خۆیا لە زمانی فارسیشدا بووەو لەپاشا سەری تیا چووە، بەڵام کوردەکان وەکوو خۆیان ماونەتەوەو لە قسەکردنیانا هەر بەکاری دێنن.

لەگەڵ ئەمەشا پێویستە شێوەو پەلەکانی ئەم زمانە دەستێکی تر بە خۆیانا بێنن و بۆ سەرکەوتن و پەل هاویشتن خۆیان دەق بدەن وەکوو گۆڕانی لوغەوی و ناموسی طەبیعی لە هەموو شتێکا ئەم کردەوەیە ئەکات. لەبەر ئەوە کە ئەم شێوەیە ببێ بە شێوەی قسەکردنی هەموو کوردەکان، لەم وەختەدا پێویستە.

أ. تێکدانی هەووەڵی وشەکانی شێوە یا دوو شێوەی بەرزی ئەم زمانە.

ب. گۆڕینی ئەو تیپانە کە ئێستە ئەم زمانەی پێ ئەنووسرێتەوە، وە کۆششکردن بۆ ئەوە قەواعیدی صەرف و نەحوی ڕێکوپێکتر بکرێت بە جۆرێکی وا ئەوی زمانەکە یا شێوەیەك لە شێوەکانی ئەزانێ بەتەواوی لێی تێبگا. من بەلامەوە ئەم ڕێگەیە چاکتر ڕێگەیەکە بۆ چاککردنەوەی ئەو پەلە ئەساسییەی لوغەتی ئاریی کۆنە کە دوو لوغەتی کوردی و فارسیی ئێستەی لێبوەتەوە. چونکە ئاگاداریەکان وامان پیشان ئەدەن کە دوو لوغەتەی کوردی و فارسی لە سەردەمێکا هەردوو یەك بوون. لەپاشا وردە وردە لێك جوێبوونەتەوە، هەریەکە بۆ خۆی ڕێگەیەکی گرتووە هەتا گەیشتوونەتە ئەو پایەی خۆیانە لە بەرزی و پوختیدا. لەبەر ئەمە بە هیچ کلۆجێك ناتوانین بڵێین زمانی کوردی شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی فارسی نە لە زەمانی کۆنا و نە لە زەمانی تازەدا وەکوو چۆن ناتوانین بڵێین لوغەتی (سکەندناڤی) شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ئینگلیزی.

لەم باسەوە وا دەر ئەکەوێ کە لوغەتی کوردی لە یەك ڕیشەوە لە لوغەتی فارسی جوێبوەتەوە، وە هەریەکەیان بوون بە چەن شێوەیەك وەکوو ئەبینین کە لوغەتی فارسی بەپێی ناوچەکانی وڵاتی فارس بووە بە چەن شێوەوە وە جیاوازییەکی تەواویش لەبەینیانا هەیە. لەگەڵ ئەوەشا هەموو ئەچنەوە سەر یەك تاقە ڕیشە کە لوغەتی فارسییە، نەك کوردی یا شێوەی لوڕی یا بلووچی، هەروەها

لوغەتی کوردیش لەبەر ئەوە چەند کەسێکی شارەزا نەهاتوون خۆیان خەریك کەن بە ڕێکوپێککردنی سەرەتای وشەکانیەوە وە شوێن و ڕێیەکی وا دابنێن بۆ نووسینێ کە بتوانرێ هەموو شێوەکانی بنووسرێتەوە، ئەم شێوانە لە یەك دوور کەوتوونەتەوە و ڕواڵەتەکەیان وا تێك چووە، یەکێ ئەگەر زۆر چاك تێی وردنەبێتەوە لای وایە هەریەکە لوغەتێکی سەربەخۆیە و هیچیان لەگەڵ ئەوی تریانا پەیوەندییەکیان نییە. تەنانەت ئەم تێکچوونی ڕواڵەتییە بووە بە قۆرتێکی گران لەڕێی ئەو کەسانەدا کە باسیان لە زمانی کوردییەوە کردووە وە وا سەری لێ تێكداون گەلێکیان هیچ بۆ ئەوە نەچوون بڵێن ئەم شێوەیە ئەبێ یەکێکیان ڕیشە و ئەوانی تر لق و پۆپی بێت و سەریان لەوەوە هەڵدابێ.

بەڵگەی ئەتنۆغرافی، جوغرافی، فیلۆلۆجی وە بەڵگەی تری تاریخی و ڕازو چیرۆکەی کۆمەڵایەتی و خوو و ڕەوشتی قەومی، هەموو وا پیشان ئەدەن کە عەشیرەتی (موکری) ئەوانەی لە دەوروبەری (سابڵاخ)دا دائەنیشن. ئەم نیشانەو بەڵگانەی تائێستە باس کرا، هەموو لەوانا هەیە و بۆ ئەوە ئەشێن بکرێن بە نموونەیەك و زۆر بەوردی سەیریان بکرێت بۆ ناسینی حەقیقەتی ڕەگەزی کورد و زمانی کوردی.

ئەوەش شکی تێدا نییە ئەو "زەردەشت"ـە کە بە شێوەی میدیای دوایی قسەی ئەکرد لە شیمالی ناوچەی میدیا -کە ئێستە بە ناوچەی (موکری) ئەناسرێت- هاتۆتە دنیاوە. وە ئەم لوغەتی زەردەشتییە- وەکوو لە (زەنداڤێستا)دا ئەبینین- زۆر نزیکە لە شێوەی ئێستەی موکرییەوە، بگرە -وەکوو لەمەودوا باسی ئەکەین- هەر ڕاست لوغەتی موکرییە)).

ئەم سەیرکردنە یا وردبوونەوەیە بەهۆی "هوارث"و "دارمیس تیتر"و پسپۆڕەکانی ترەوە پشتئەستوورییەکی تەواوی پەیدا کردووە. پاکژیی باسەکانیان ئەڵێت : لوغەتی "ئاوێستا"ی زەردەشت لوغەتی کوردیی ئێستەو میدیی پێشوو بووە، وە لوغەتی فارسی لەو سەردەمەدا ئەو لوغەتە بووە کە بەڵگەکانی (پرسی پۆلس-ئەستەخر)ی پێ‌نووسراوەتەوە. ئەوەندە هەیە جیاوازیی و دووبەرەکییەك کە لەم دوایییەدا بەهۆی پێشهاتی زەمانەوە لە

مەعبێنی ئەم دوو لوغەتەدا پەیدابووە، ئەوەیە کە لوغەتی کوردی بەپێچەوانەی لوغەتی فارسی، وەنەبێ وشەی عەرەبیی زۆری تێکلاو بووبێت، بەڵکوو بەتەواوی ئاگاداری هەموو وشە بەرزە دارژاوەکانی خۆی کردووە وە لە هەموو دەسکارییەك پاراستوویەتی.

لەسەر بیری شەمسەددین بەگ سامیی خوالێخۆشبوو[1] لوغەتی کوردیی تازە ئەشوبهێتە ئەو لوغەتە پەهلەوییە کە ئێستەش هەندێ لە شێوەکانی لە وڵاتەکانی (میدیا)ی کۆنا ماوەتەوە، وەکوو شێوەی (تات) لە وڵاتی (باکۆ) وە شێوەی کوردەکانی (تاڵش و قەرەباغ و گێلەك لە گەیلان).

داخی گرانم ئاگاداریمان لە لوغەتی میدی زۆر کەم و بێتینە، چونکە شێوەی (زەندی ئاوێستا)ی "زەردەشت"کە ڕەنگە لە دەورەی بنەماڵەی ئەخمینیەکانا دابنابێ، لەگەڵ شێوەی میدیدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە. بەلاّم دەلیل و نیشانەی ئێجگار بەهێز هەیە بۆ ئەوە کە لوغەتی کوردی بەتەواوی ئاگاداری فەسالی ئەصلی خۆی کردووە. ها، سەیری هەندێکیان کە:-

| زمانی کوردی<br>شێوەی سولە یمانی | زمانی<br>شێوەی کرمانجی و زازایی | زمانی<br>ئاوێستا | فارسی |
|---|---|---|---|
| گەورە | مەزن | ماز | سەنگین، بوزرگ |
| بەرز | بەرز | بەرەزا | بولەند |
| ماسی | ماسی، ماسە | ماسیا | ماهی |
| تیژ | تیژ، توژ | تیژ | تیز |
| حوشتر | ئوشترا | ئەشترا | شوتور |
| پرد | پرت، پر | پەرەتا | پول |
| ڕۆژ | خۆر، ڕو | هور | ئافتاب |
| میش | میش | مەخشی | مەگەس |
| بەرخ | بەرخ | وەرخا | بەررە |

---

[1] خاوەنی (قاموس الاعلام) و (قاموسی تورکی) بە زمانی تورکی. وەرگێڕی عەرەبیەکەی

| | | | |
|---|---|---|---|
| قسه | کسه، قسش | خسا | حەرف، سوخەن |
| ویستن | ویسو، واشتن | واسی | خواستەن |
| زانین | زانین | زان | دانستەن |
| من | ئەز ،مە | ئەزم | مەن |

بێجگـە لـەو دەلیـلو میـسالانەی لـەم جۆگـەدا هەیـە، شـتی تریـشمان بەدەستەوە هەیە شایەت بێ لەسەر ئەوە کە زمانی کوردی ئاگاداریی گەڵێ شتی خۆی کردووە، وەکوو ئەبینین هەندێ وشە هەیە لە کوردیدا تیپی "ھ"ی پێوەیە، کەچی هەر ئەو وشەیە لە فارسیدا "ھ"یەکەی لێ کرپێنراوە. بەمەدا ئەزانرێ کە زمانی فارسی ئەم "ھ"یەی ون کردووە. کەچی کوردی ئاگاداریی کردووەو هێشتوویەتەوە. بگرە لە هەندێ وشەی تریشا زیادی کردووە. لە دوو لوغەتی ئاوێستاو پەهلەویدا هەندێ وشە هەیە وەکوو (هەنجومەن، هان، هین)، ئەمانە لە زمانی کوردیشا هەنو، سەرەکانیان وەکوو خۆ یان بە"ھ"دەست پێئەکەن. کەچی ئەبینین زمانی فارسی هەرچەندە وشەکانی تێدایە، بەڵام تێکیداوەو بەبێ "ھ" ئەیڵێت وەکوو (ئەنجومەن ،ان ،این).

کە پیاو سەیری ئەم بەرامبەری یا لێکچوونە کەمە بکا، تێئەگا کە زمانی کوردی زیاتر لە دراوسێکەی کە زمانی فارسیی ئێستەیە هۆشی بەخۆیەوە بووبوو تێکنەچوونی پەیوەندی لەگەڵ بناغەکەیا کە لوغەتی ئارییە. لام وایە لەم شتانە کە بەم درێژیو ئاشکراییەیە باس کرا، ئەوکەسانە بەو چاوەی کە سەیری لوغەتی ئاریی خاوێنی تێکەڵاونەبووی بە شتی ترەوەی پێئەکەن. سەیری لوغەتی فارسیش ئەکەن، دڵیان ئاو ئەخواتەوە کە بەهەڵەدا چوون لە فیکرەکەیانا، چونکە هیچ شتێکی تێدا نییە کە ئەوانە ئاگادارییان نییە بەسەر ئەو گۆڕانو ئەمدیو و ئەودیوەی کە بەسەر لوغەتی فارسیدا هات لە دەورێکا کە ئێران کەوتە ژێر دەستی بێگانەکانەوە. هەروەکوو چۆن ئاگادارییەکەی کتێبی (قضية كردستانو تركيا) لەم بابەتەوە زۆر ناتەواوەو پێچەوانەی بیروباوەڕی تازەیە. پاکژیەکەی ئەڵێت:(( لوغەتی فارسیی کۆن پەیوەندییەکی تەواوی بە دوو لوغەتەی زەندیی ئێرانیو سەنسکریتیی هیندییەوە هەیە. لە دەوروبەری سەدەی چوارەمی پێش

میلادا خرایە پشت گوێو بێگانە بووەوە. ئەوەندە هەیە زمانەکانی فارسیی ئێستەو پەهلەوی وەیا میدیو کوردیی ئێستەی لێ پەیدابوو)). ئینجا ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، ئەبێ پەیدابوونی میدی بەلانی کەمەوە سێچوار سەدە لەپاش کەوتنی دەوڵەتی میدیەکان بووبێت. ئەوەش بێجگە لەوە کە دوورە لە ئەقڵەوە، پێچەوانەی باوەڕی عالمەکانی لوغەتو تاریخی کۆنە. خۆ ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت یا بەلانی کەمەوە بچێتە ئەقڵەوە کە ئەڵێت لوغەتی فارسیی ئێستە بە چوار سەدە لەپێش میلادا پەیدابووە، ئەبێ چی بکەینە هۆی پەیدابوونی ئەم وشە زۆرە عەرەبیانە کە لە زمانی فارسیدا هەیە، لەکوێوە وە لە چە وەختێك هاتوونو کەوتوونەتە ناویەوە ؟

قسەی ڕاست ئەوەیە کە ئەم زمانی فارسیی ئێستە– وەکوو لەپێشا وتمان– پاش ئەوە کە عەرەبەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئێرانا پەیداکردو ئیسلامەتیی تێدا بڵاوبووەوە، سێ سەدەی پێچوو ئەو وەختە پەیدابوو. وەکوو لە سەرەتای"شەرەفنامە"دا ئەڵێتو لە"جغرافیة ملطبرون"ی ئەگێڕێتەوە لە دەوری "بوەیهی"یەکانا بووە. دیسان لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٣ی کتێبی پێشوودا ئەڵێت:(( کە پرثیەکان لە سەدەی سێهەمی پێش میلادا دەسەڵاتیان بەسەر کوردستانا پەیداکرد، زۆریان بۆ کوردەکان ئەهێنا بۆ ئەوە زمانەکەیان– کە لوغەتی پەهلەویی هەڵتاشراو لە لوغەتی فارسی بوو– وەرگرنو تیایانا بڵاوببێتەوە. لەم کردەوەیە ئەم کوردانە کە زیاتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پرثییەکانا بوو، شێوەیەکیان بۆ پەیدابوو کە نزیك بوو لە سەنسکریتیی هیندییەوە. بەڵام ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژئاوای کوردستانا دائەنیشتنو هاتوچۆیەکیان بەسەر پرثیەکانەوە نەبوو، کەوتنە سەر شێوەیەك کە نزیك بوو لە لوغەتی ئەرمەنی. ئیتر لەو وەختەوە زمانی کوردی تووشی ئەو بەڵایە بوو کە ببێ بە سێ شێوەی جیاواز: کرمانجی، بابانی، زازایی (دونبولی). هەر کتێبی پێشوو ئەم وردبوونەوەیەی دوایییە بە قسەی ڕۆژهەڵاتیناس "مادیسۆن گرانت"دائەنێت. دیارە ئەمەش لەگەڵ قسەی ئەو پسپۆڕانەدا ڕێك ناکەوێت کە (دائرة المعارف الاسلامیة)یان داناوەو هیچ کابراشیان لەگەڵ نەبوە. بێجگە لەوە کە لەگەڵیان

نەبوە، هەر دانی پێدا نانێن کە لە عالمەکانی تاریخ بووە. ئەم باسنەکردنەیان، ئەوە ئەگرێتەوە کە بیروباوەڕی ئەم ڕۆژهەڵاتیناسە لە ڕاستییەوە زۆر دوورە[1].

خولاسەی قسە، زمانی کوردی هەرچەندە وەکوو زمانی فارسی کەوتۆتە ئەستۆی لوغەتەکانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە لە بناغەو داڕشتنا غەیری لوغەتی فارسییە، هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، سەربەخۆیی‌یەکی تەواوی هەیە، چونکە لوغەتەکانی ڕۆژئاوای ئێران –لەسەر بیری هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان– ئەبێ بە دوو بەشەوە، بەشی شیمالی‌و بەشی جنووبی. لەگەڵ ئەو لێکچوون‌و نزیکی‌و تێکەڵاوییە زۆرە کە لەبەینی دوو لوغەتەی کوردی‌و فارسیدا هەیە، جیاوازییەکی تەواویش لەبەینیانا هەیە. ئەم جوێبوونە نیشانەی ئەوەیە کە هەریەکە بۆ خۆی سەربەخۆییی تەواوی هەیە. ئەگەر ئەو بەڵگانەی لوغەتی کوردی کە ئێستە هەیەو دیارە لە ئێمەوە کۆنتر بوونایە لە بەڵگەکانی دەوری زێڕینی لوغەتی فارسی کە لەو دەورەدا ئاگاداریی کەیانی خۆی کردبوو، جیاوازیی ئەساسی لە مەعبێنی ئەم دوو لوغەتەدا بەتەواوی دەرئەکەوت‌و وای لێ‌ئەهات وەکوو ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمانا دیار بوایەو پێویستی بە هیچی‌تر نەبوایە.

دیسان بەلانی کەمەوە پێنج شت هەیە ئەبنە هۆی جیاوازیی بەینی ئەم دوو شێوەی کوردی‌و فارسییە: وتن، بینای وتەکە– کە تیپەکان ئەگرێتەوە، صیغە– کە پێکهێنانی وشەیەکە لەسەر وشەیەکی ترو داڕشتنی، قەواعیدی صەرف– کە هەڵگێڕو وەرگێڕی وشەکەیە، قەواعیدی نەحو– کە سەرو بۆرو ژێر دان بە وشەکە ئەگرێتەوە. ئینجا جیاوازییان لەلایەن (وتە – لەفظ)ـەوە زۆر جار لە دوو تیپەی (ڕ) و (ل)ی زل‌و بچووک‌و (د)ی سووک‌و قورسەوە ئەبێت. جیاوازیی بیناشیان بە تێکدانی وتەو وشەکانی ئەبێت، وەکوو وشەی (آتش ،ماهی ،نماز)ی فارسی کە بەرامبەرەکەیان لە کوردیدا (ئاگر ،ماسی، نوێژ– نمی)یە. بەڵام جیاوازییان لە

---

[1] ئەوی ئێجگار ئێمە ئەخاتە سەر ئەوە کە بکەوینە شکەوە لە قسەو بیری ڕۆژهەلاتیەوانی ناوبراو"مادیسۆن گرانت"، ئەوەیە کە ئەڵێت میدیەکان لە (٦٠٠٠) ساڵ پێش میلادەوە لە وڵاتی میدیەدا بوون . کەچی هەموو عالمەکانی تاریخ ئەوانەی قسەیان لە شارستانیەتی‌و ئارامگرتن لە ئاوەدانیەکانا کردووە، ئەڵێن هاتنی ئەم میدیانە بۆ میدیا لە (١٠٠٠) ی میلادەوە زیاتر نەبوە. دانەر

صیغەو صەرف و نەحودا، ئەوە بە هەڵگێڕو لەبەریەکدەرهێنان و تێکخستنی وشەو کردن—فعل و جوملەکانی ئەبێت، وەکوو (فرستاد ،آمد ،آورد)ی فارسی کە بەرامبەرەکەیان لە کوردیدا (ناردی یا شاندی، هات، هانی)یە (دائرة المعارف الاسلامیة). بۆ ئەوە ئەم جیاوازییە لەبەینی ئەم دوو لوغەتەدا چاکتر بزانرێ، وا چاکە کە پیاو تەماشای کتێبی (دەستووری زمانی کوردی)[1] بکا.

وەکوو چۆن زمانی فارسی گەلێ وشەی لە عەرەبی وەرگرتووە، هەروەها زمانی کوردیش هەندێکی لە عەرەبی و فارسی وەرگرتووە. وە بەشێکی کەمیش لە وشەی توركی، ئارامی و ئەرمەنیی تێکەڵاو بووە. ئەمانەش هەمووی بەهۆی ئەوەوە بووە کە بە هەزاران ساڵ لەژێر یەك ئیدارەدا بوون و لە هەڵس وکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێکیانەوە بووە. بەڵام لەگەڵ ئەم تێکەڵاویی ئیدارەو پێکەوەبوونیان لە بناوانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەشدا، وەنەبێ کەموکوڕی و زەرەرێك ڕووی کردبێتە بنج و بناوانی زمانەکەو تەگەرەیەکی لێدابێ. دیارە تازەش ڕووی تێناکا.

ئەگەر سەیری زمانەکانی تر بکەین ئەبینین هەریەکە بەپێی خۆی لە زمانێکی تری دراوسێوە شتێکی تێکەڵاو بووە، ئەمەش بەپێی نامووسی طەبیعەت هیچ چارە نەکراوە. ئەگەر ڕاستەوڕاست زمانێك لە زمانێکی ترەوە شتێکی تێکەڵاو نەبووبێت، لەلایەن (خواستن و وەرگرتن — استعارة واقتباس)ـەوە بەناچاری هەر وەریگرتووە. تەنانەت زمانی عەرەبیش لەم کردەوەیە ڕسگاری نەبوە. هەروەها زمانی فەڕەنسیزیش گەلێکی لە یۆنانی و هەندێکیشی لە عەرەبی وەرگرتووە. دیسان زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەشا کە هەموو تەقەلا ئەدەین بۆ ئەوە فێری ببین، چونکە بۆ فێربوونی زانین و مەعاریفی تازە داهاتوو زۆر لەبارو ئاسانە، ئەبینین پڕیەتی لە وشەی لاتینی، یۆنانی و جەڕمانی. خۆ، زمانی فارسیی ئێستە قسەی لێوە هەر ناکرێت. وای لێهاتووە پیاو ناتوانێت بڵێت ئەمە بۆنی فارسیی کۆنیشی هەر لێوە دێت، چونکە وەکوو لوغەتی عوسمانیی کۆن بووە بە سیغەی

---

[1] کتێبێکی بەنرخە بە شێوەی سولەیمانی قسە لە قەواعیدی زمانی کوردییەوە ئەکات . هی دانەرەکەی کۆلۆنیل تۆفیق وەهبی بەگە. دانەر

فیعلەکان‌و شتومەکی خەبەردان لە فارسییەوە، ئیتر جەوهەری قسەکان‌و وردەو واڵەکەیان هەمووی عەرەبی، تورکی، بلووچی، هیندی‌و ڕووسییە. وەکوو لەپێشەوە وتمان ئەم جۆرە شتانە هەموو لە تێکەڵاوبوون بەم‌و بەوەوەو لە ژێردەستەیی‌یەوە پێك دێت. کەوابوو لۆمە لەسەر بناغەی لوغەتەکەو بونیانە سەربەخۆکەی نییە.

لەگەڵ ئەمانەشا من لەوباوەڕەدام کە ڕێگەیەیێکی باش هەیە بۆ ئەوە زمانی کوردی سەرکەوی‌و ئاسان بێت بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ فێری بن. بەم جۆرە بهێنرێ زانین‌وخوێندەواری‌و ئاگاداریی گشتی بەم زمانە بنووسرێ‌و بڵاوبکرێتەوە. تەقەلا بدرێت بۆ زیادبوونی خوێندەواری کوردو خوێندنەوەی کوردی. هەروەها دانانی کتێبی نایاب‌و پێویست وەکوو صەرف، نەحو، فەرهەنگ‌و زیندووکردنەوەی ئەدەبیات‌و وشەی کوردی وە خوێندن‌و خوێندنەوەی هەمووجۆرە دانراوێکی کوردی وە وەرگێڕانی شتی‌تر لە زمانەکانەوە بۆ ئەم زمانە. ئیتر بەم جۆرە ڕێ‌وشوێنی خوێندنەوەو نووسین لەبەینی هەموو شێوەکانی کوردیدا ئەبێ بە یەك، وە وردەوردە ئەو وشە بێگانانە کە کەوتوونەتە ناویەوە، بەهۆی دۆزینەوەو دانانی بەرامبەرەکەیان لە شێوەیە لە شێوەکانی کوردی ڕووئەکەنە کەمی‌و سەریان تیائەچێ. ئەمە بۆ ئەو وشانەیە کە پیاو بتوانێ بەهۆی زیندووکردنەوەی وتەکانی خۆمانەوە ئەوان لە کۆڵ بکاتەوە. بەڵام ئەو وشانە کە پیاو ناتوانێ هەروا بەئاسانی دەسیان لێ‌هەڵگرێ، وەکوو وشەی فەننی‌و عیلمی یا ئەو وشانەی کە بوون بە زڕەکوردی‌و لەسەر زمانی هەمووکەسێك بڵاوبوونەتەوە، ئەگەر بێتو تێك یا فڕێ بدرێن، ئەبنە هۆی سەر لێ‌تێکچوونی هەموو خوێندەوارێکی کوردی یا ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ کوردی فێربن‌و بیخوێننەوە. ئەوە لەوەیدا واچاکە کە هەروەکوو خۆیان بیانهێڵینەوەو بە ماڵی زمانی کوردی بزانرێن، وەکوو قەومە شارستانیەکان دەربارەی زمانەکەیان کردوویانە. بەڵکوو لەم ڕۆژەدا کە شتی تازەبابەت هەر زیاد ئەکا، پێویستە لەبەر هەندێ مەبەستی عیلمی‌و فەننی وە بۆ زیادبوون‌و پەرەسەندنی سەرمایەی عیلمی‌و ئەدەبیی زمانی کوردی، وشەی بێگانە بێنین‌و بیخەینە ناو زمانەکەمانەوە.

هەندێ کەس بە پشتیوانی ئەوە کە زمانی کوردی شێوەی زۆری هەیە ئەڵێن: سەرکەوتنی زمانی کوردی شتێکی گرانە، سەرکەوتنێکی وەها هەموو

شێوەکانی بگرێتەوە، بەڵکوو ئەڵێن هەر نابێت. بەڵام من لاموایە ئەم شکە کە ڕووی تێکردوون لەبەر دوو شتەو هیچی تر: یەکەم بێئاگایییان لە گۆڕانی لوغەتە زیندوەکان، دووهەم تێنەگەیشتنیان بەسەر زمانی کوردیدا. لە وەرامی یەکەمیانا ئەڵێین: ئەگەر سەیری قەواعیدی عیلمی فیلۆلۆجی بکەین، ئەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە مەعبێنی شێوەی پەلەکانی هەر لوغەتێ کە تۆ بیگری لە لوغەتی میللەتە گەورەکانی ئێستە کە لە هەموو ڕەوشتو مومەییزاتێکی قەومیدا بە یەکجۆر خۆیان ئەخوێننەوە. بۆ شایەتو میثال هێنانەوە هیچ پێیناوێ دوور بڕۆین وا لەپێش چاومانە کە جیاوازییەکی تەواو لەبەینی شێوەی ئەو کەسانەدا هەیە کە بە عەرەبی قسەئەکەن لە میسر، حیجاز، سووریە، عیراقو شوێنەکانی تردا. تەنانەت ئەگەر عێراقییەك مەثەلەن بیەوێ قسە لەگەڵ میسرییەك بکا، زۆر بەگرانی لێك تێئەگەن، بەڵکو زۆر شتیوا هەیە کە کابرای میسری یا سووری ئەیڵێت ئەم هەر لێی تێناگا.

جیاوازیی بەینی شێوەکانی زمانی کوردی، هیچ وەختێ ناگاتە ئەو جیاوازیانەی لەبەینی شێوەکانی عەرەبیدایە لەم وڵاتانەدا. شك لەوەدا نییە هەتا فێرکردنی گشتیو زانینی پێویستی بە زمانی قەومی زیاتر بڵاوببێتەوە، جیاوازیو دووبەرەکی لە مەعبێنی شێوەکانی قسەی ئەو قەومەدا زیاتر ڕووئەکاتە کزیو سەرتیاچوون. ئاشکراتر شتێکیش لەسەر ئەم بڕوایەی من، زمانی ئینگلیزیو فەڕەنسزیو ئەڵمانییە، پاش ئەوە کە هەریەکە لەناو خۆیانا شێوەکانیان کۆکردەوەو کردوویانن بەیەك. بۆ وەرامی دووهەمیش ئەڵێم، ئەو کەسە کە باوەڕی وایە سەرکەوتنی زمانی کوردیو بەیەکبوونیان ڕێکناکەوێت، ئەگەر بەتەواوی شارەزای شێوەکانی زمانی کوردی ببوایەو لە وردەکاریی لوغەتەکە تێبگەیشتایە، شوێن ئەو قسە بۆشەی خۆی نەئەکەوتو خێرا فیکرەکەی خۆی ڕاست ئەکردەوە، چونکە جیاوازیی بەینی شێوەکانی کوردی– وەکوو ئەیزانن–جیاوازییەکی وانییە ببێتە هۆی لەیەك تێنەگەیشتن. بەڵکوو یەکێکی سولەیمانی، میسال ئەتوانێ بە پوختی لە کوردێکی لوڕستانی یا گۆران

یا بادینانییەك بگا. ئیتر بێجگە لەوە لەم شوێنەدا هەندێکیوا هەیە کە لەیەکترەوە زۆر نزیکە. .میسال بۆ ئەمەش ئەوەیە ئەبینین ئەو کوردانەی لە شیمالی غەربی ئێرانو ئەوانەی لە جنووبی غەربیدان، شێوەی قسەکردنەکەیان جیاوازییەکی وای لەبەینا نییە.

هیچ ترسێکی تێدا نییە کە شێوەی زمانی کوردی بووەتە چەند بەشەوە، بەشی زۆریان شێوەی کرمانجییە. لەسەر قسەی "شەرەفنامە" قەومی کورد ئەبنە چوار بەشی گەورە: کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران. بەشی "لوڕی"یان هەڵئەگرێ ئەوانە بن کە لە جنووبی غەربی ئێراندان ( ئۆ .مان) وە هەڵیشئەگرێ لقێکی سەربەخۆ بن، ئیشێکیان بەویتر نەبێ.

ئەمە لێرە وا، ئینجا گۆرانەکانی (زەهاو) وەکوو"هەورامی"ـەکانی (سنە) هەروەها "زازا"کانو لق و بەشەکانی تر هەموو بە شێوەی شیمالی غەربی قسە ئەکەن کە ئەم شێوەیە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو کوردییەی کە بڵاوبۆتەوە. وەکوو سەیرئەکەی گۆرانەکان بە"سێ"ئەڵێن"هەری" زازاکان ئەڵێن "هیری". کەچی کرمانجەکان ئەڵێن "سە". لەسەر بینینو خۆخەریککردنی"ئەندریس"ی ڕۆژهەڵاتیەوان لوغەتی زازا لە لوغەتی (دەیلەم)ـە کۆنەکانەوە پەیدابووە، وادەرئەکەوێ ئەم وردبوونەوەیە لەچاو گێڕانەوەی هەورامیەکانەوە ڕاست بێت.(مێجەر سۆن)

"شەرەفنامە" ئەڵێت: عێلاتەکانی "کەڵهوڕ" لەبەینی (سنە، کرماشان، زەهاو)دا دائەنیشن. لەسەر باوەڕی ئەو، وشەی کەڵهوڕ بەو کوردانە ئەڵێن کە کرمانج نینو لە (سنەو کرماشان)دا ئەنیشن. ئەم شێوەیەی کەڵهوڕییە لەلایەن (ئۆ. مان)ی ڕۆژهەڵاتیناسەوە وردەکاریو تیاخەریکبوونێکی باشی تیا کراوە. بەلام تائێستە تیاخەریکبوونەکەی هێشتا بڵاونەکراوەتەوە. ئەو دیراسەتە بەنرخانە کە ڕۆژهەڵاتیناسی ناوبراو خستوویەتیە کتێبەکەیەوە لە ئاگاداریەکانی وا وەرئەگیرێت کە بەرگی یەکەمیان باسی شێوەکانی ناوچەی جنووبی کرماشان ئەکات، ئەوانەش شێوەی قسەکردنی (کرماشان، کەلهوڕ، لەك، پەهراوەندی، ناناکالیو گولی)ن. بەرگی دووهەمیشیان باسی شێوەکانی (سنە ،کرند و گەڕوس

–یانی بیجاڕو ڕۆژهەڵاتی سنە) ئەکات. ئەوانەی بەم شێوانە قسەئەکەن بە خۆیان ئەڵێن "کورد"، یا بەناوی ئەو عەشایرانەوە ئەناسرێن کە ئەچنەوە سەریان. لە دراوسیی (لوڕستان –لەکستان) شێوەی قسەکردنی کوردەکانی جنووبی بە "لەکی" ئەناسرێت. لە وڵاتی (سەلماس)و ئیقلیمی (فارس)یشدا عەشایەری "لەك" هەیە. بەڵام لەسەر قسەی (ئۆ، مان)، ئەو شێوەیە کە عەشیرەتی (کلۆن – عەبدۆن) لە فارسدا قسەی پێئەکەن شێوەی "لەك"ی نییە.

شێوەی قسەکردنی کوردەکانی جنووبی ئێران لە داڕشتنو ڕواڵەتی وێنەکەیدا نزیکە لەوەوە کە جوێببێتەوە لە لوغەتی کوردی. وا دەرئەکەوێ بوونی ئەم جۆرە شێوەیە، کرمانجی نەبێت، ئەهەمییەتێکی وای لە باسی مەسئەلەی (کاردو–کارتیوی)ی کۆندا نەبێت. ئێمە لە بناغەی وشەی "کرمانج" شتێکی وای لێ نازانین. ئایا ئەم وتەیە وشەی "کورد"و ناوێکی تری عەشیرەتی میدیەکانە یان نەء ؟! لێی تێناگەین.

وا دەرئەکەوێ کە وڵاتی کرمانجەکان دوو کۆمەڵە لوغەتی سەربەخۆی تێدا بووبێت، یەکەمیان (کرمانجیی ڕۆژهەڵات) یا جنووبی ڕۆژهەڵات، دووهەمیان (کرمانجیی ڕۆژاوا). ئەوەندە هەیە شتێك کە ئەم دوو کۆمەڵە لێك جوێبکاتەوە تائێستە نەزانراوە.

## کرمانجیی ڕۆژهەڵات:

ئەمانە کۆمەڵێکن لە وڵاتی (موکری)و بەینی عەشایرەکانی حەوزی (دیجلە)دا بڵاوبوونەتەوە، یانی ئەو ناوچەیە کە کەوتۆتە بەینی ڕووباری زابی خواروو و ڕۆخانەی ئەدهەمو دەوروبەری چەمی (سیروان)ـەوە. ئەم شێوەیە شێوەیەکی ڕەوانو ڕێکوپێکە، بەهۆی زۆریی وتە تاکەکانیو زیادیی ژمارەی سیغەو تەعبیری، هەتا بڵێیت دەوڵەمەندە.

## کرمانجیی ڕۆژاوا:

ئەم کۆمەڵە عیبارەتە لە بناغەی لوغەتی کرمانجی، ئەوەندە هەیە هەندێ گۆڕانی ناوخۆی تێکەڵاو بووە. کوردەکانی وڵاتی (دیاربەکر، ماردین، بۆتان،

بادینـان، هـەکاری، ورمـێ، ئـەرزوڕۆم، مـەریوان وە ئـەو ناوچـە کوردیانـە کـە لـە ئەنادۆڵ و خۆراسان)دان، هەموو بەم شێوەیە قسە ئەکەن.

وا دەرئەکـەوێ کـە کوردەکـانی شـیماڵی (سـووریە) لـە قـسەکردنا چـەند شێوەیەکیان هەیـە، وە هەنـدێکیش لـە وتـەی تـورکی تێکـەڵاوی زمانەکـەیان بـووە. گەڕۆکـە بەناوبانگەکـەی تـورك "ئـەولیا چـەلەبی" ئـەڵێت: ١٥ شـێوە لـە زمـانی کوردیدا هەیە، ئەوانەش ئەمانەی خوارەوەن:

( زازا، لۆلـۆ، هـەکاری، عـونیکی، مـەحموودی، شـیروانی، جزیـری، پـسانی، سـنجاری، حـەریری، ئـەردەلانی، سـۆرانی، خـالتی-خـالـدی، چکوانی، عـەمادیو ڕۆژکی ) (بەرگ -٤، لاپەڕە ٧٥).

مامۆسـتا "غـارزۆنی" لـە کتێبەکـەیا (غراماتیکـا) ئـەڵێت: وەکـوو چـۆن شێوەی قسەکردنی (عەمادییـە) جویێـە لـە هـی (بتلـیس)، هـی (جۆڵـەمێرگ)یـش جویێـە لـە هـی (بادینـان و سولەیمانی). "مێجـەر سـۆن"یـش لـە کتێبەکـەیا (غرامـر الکـورد) لەلایـەن شـێوەکانی زمـانی کوردییـەوە تاقیقـاتێکی تـەواوی هەیـە. ئـەم بەشکردنانەی خوارەوە پاکژیی ئەو تاقیقات و خۆخەریککردنانەیە کە دەربارەی زمانی کوردی کراون.

**١- بەشی ئێرانی:**

أ. شێوەی (سنە-کرماشان) "لرچ" [1] ی ڕۆژهەڵاتیەوان لە کتێبەکەی خۆیا ئەڵێت: کتێبێکی (گولستان) هەیـە کـە بـە شـێوەی (سـنە) نووسـراوەتەوە . بێجگـە لەمـەش گـەلێکی تـر لـە ڕۆژهەڵاتیەوانـەکان[2] تـاقیقێکی تـەواویان دەربـارەی ئـەم شـێوەیە کردووە.

ب. شێوەی کۆچەرو کێونیشینەکان-وەکوو شێوەی قسەکردنی"گـەڕوس"ی عەشیرەتی"خواجەوەنـد" لـە ولاتـی (مازنـدەران) و شـێوەی (گـالۆن -عەبـدۆن) لـە ولاتـی فـارس. هـەروەها شـێوەی کوردەکـانی خۆراسـان و تـاران. ئـەم شـێوەیەی دوایییە گەڵێ نزیکە لە شێوەی قسەکردنی کوردەکانی ولاتی ئەرزوڕۆمەوە.

---

[1] Ffrsehungen uber die kurden سان بترس بۆرج ساڵی ١٨٥٧.

[2] وەکوو : شندلر، ویتیر بیتراغ ، سۆن، مۆرغان، و. مان.

**٢- كرمانجيی ڕۆژهەڵات:**

ئەم بەشە عیبارەتە لە دوو شێوەی سولەیمانی و موکری.

**٣- كرمانجيی شیمالی و ڕۆژاوا:**

ئەم شێوەیە عیبارەتە لە شێوەی کوردەکانی (ئەریڤان–ئەریوان)و کوردی "باروکلی" لە دەوروبەری (ئاڕاڕات).

هەروەها کوردەکانی (ئەرزوڕۆم، بایەزیدو ناوچەکانی ورمێ–هەکاری – شەمدینان و بادینان و توورعابدین– ماردین– دیاربەکرو شیمالی[1] سووریە)ش ئەم شێوەیانە هەیە .

لەگەڵ ئەمانەشا "مێجەر سۆن[2]"ی پسپۆڕ لە زمانی کوردی لەلایەن ژمارەی شێوەکانی کوردی و لە جویێوازییان ئەم ئاگادارییەی خوارەوەمان پیشان ئەدا:

(( بێجگە لە شێوەی قسەکردنی "موکری"و لقەکانی گەلێ شێوەی تر لە کوردوستانا هەیە کە قسەپێکەرانی خۆیان بە خۆیان ئەڵێن ئێمە کوردی پەتین. یەکێك لەوانە بگرە یەکێکی هەرە موهیمیان شێوەی "زازا"یە. ئەمانە تیرەیەکی گەورەی کوردن لە شیمالی (دیاربەکر)و دەوروبەری (ئەرزنجان)و هەندێ شوێنی (ئەنادۆڵ)دا بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە قەومێکی کێونشین و ئازاو خۆڕاگرن بۆ شەڕوشۆڕ، سەریان گرد و ئێسکیان ئەستوور و پانە. بە شێوەیەکی ئاریی زۆر خاوێن قسەئەکەن. ئەم شێوەیە وەنەبێ شێوەی"موکری"و شێوەکانی تری کوردی بێ، بەڵکوو شێوەیەکی تەواو سەربەخۆیە و هەر لە زەمانی زووەوە لە فارسیی کۆن جویێبۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشا پیاو ئەبێ بەوچاوە کە سەیری لوغەتی ئاریی خاوێن ئەکا، ئەبێ هەر بەوچاوەوە سەیری ئەم شێوەیەش بکا، چونکە ئەم گەلێ لە فارسییەوە نزیکترە بە کوردییەوە. ئەم شێوەیە بەتەواوی بێگانەیە لەگەڵ ئەو لوغەتە کوردییە کە ئێستە بڵاوبوەتەوەو باوی هەیە، چونکە"زازا"کان لە ئەسڵی خۆیانا شێوەکەیان قەبە و دوو بەرامبەرە.

---

[1] سەیری کتێبو دانراوەکانی ئەکیازارۆف، خاجاتورۆف، جابا، موللەر، هارتمان، نیکیتین، نۆئێل، ئاغا بوترس، غارزۆنی، شەرەفنانە، ئەسۆسین، جاردین، فونلولوك، سۆن، بکە .

[2] لەو قسەیا کە لە ولاتی سولەیمانی لە کوردستانا داویەتی. لاپەڕە ٨٨ و٩١. دانەر

هەر لەمانە شێوەیەکی زۆر سەیر لە قەزای (سعرد)دا هەیەو، خەڵکی ئەوناوە قسەی پێئەکەن–گەلێ وتەی ئارامیشی تێکەڵاو بووە–پێی ئەڵێن"کاوارنای" یا لوغەتی "گوار". ئەم وتەشە بەو قەزایە ئەڵێن کە لە وڵاتی هەکاریدایەو نزیکی سنوورە. ئەم شێوەیە عیبارەتە لە تێکەڵاوبوونی کوردیو کلدانی. وا دەرئەکەوێ ئەم شێوەیە زمانی پێشووی گاورەکانی ئەوناوە بووبێت کە لەمەودوا ئیسلام بوون.

لەنزیکی (ساسۆن)ەوە عەشیرەتێکی تری بچووك هەیە، پێیان ئەڵێن"باڵەکی"، ئەمانە نە موسڵمانن نە گاور. قسەکردنێکی زۆر سەیریان هەیە، لە"کوردی ، عەرەبی ،ئەرمەنی" لوغەتێکیان بۆ خۆیان پێکەوەناوە. هەروەها لە گەلێ شوێنی تری کوردستانا هەندێ عەشیرەتو کۆمەڵانی سەیر سەیرتری لێیە کە لە نەتەوەی ئەو هەڵاتوانەن وەختی خۆی پەنایان بە کێوە بەرزەکانی کوردستان بردووەو لەوێدا ماونەتەوە، هەتا تێکەڵاو بە کوردەکان بوونو بوون بە کورد. هەرچەندە ئێستە بە کوردی قسەئەکەن، بەڵام هەندێ وشەی لوغەتە ئەسڵیەکەی خۆیانیان پاراستووەو ئێستە ئەیخەنە ناو قسەکردنەکەیانەوە.

خوڵاسە زمانی ئەسڵی قەومی کورد ئەو شێوەیە کە ئێستە قسەی پێئەکەن، ئەوەش لەسەر دوو جۆرە :"کوردی"و "کرمانجی". چاکتر شێوەی ئەم دوو جۆرەش شێوەی (سابلاخ)ـە، لە شاری (بایەزید)یشا گەلێ شاعیرو نووسەری هەکاری بوونو مردوون. ئێستەش گەلێ ئەدیبو نووسەری کوردی لێیە، نووسینەوەو شیعروتنو نامەنووسینیان هەر بە لوغەتە نیشتمانییە ئەسڵییەکەیانە.

ئەم بەشی شیمالی کوردستانە کە عیبارەتە لە بەشی شیمالی (وانو ورمێ) لەلایەن لوغەتو زمانەوە (ئیقۆسیا)ی کوردن. ئەم بەشە لوغەتەکەیان هەموو هەریەکە ئەوەندە هەیە لەچاو شێوەی جنووبیەکانا ئەم قەبەو زبرییەکی تێدا ئەبینرێتو هەندێ دوورە لە شێوەی جنووبیەکانەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تیپی"ب"[1]ی ئاری لای ئەمان وەکوو خۆی ماوەتەوە، بەڵام لەلای جنووبیەکانەوە

---

[1] مەبەس لەم تیپە ئەوەیە کە بەرامبەرەکەی تیپی"p"ی فەرەنسزییە، چونکە لە شێوەکانی لوغەتی کوردیدا گەلێ وتەی وا هەیە لە شیمالدا بە"ڤ –v"وە لە جنووبدا بە"و"ییێکی نەرم ئەڵێن، وەکوو(ڤ ،باڤ) لە شیمالەوە

كراوه بـه "و" يێكـی نـەرم. ديسان تيپی"ب"و هەندێ تيپی تـريش هـەر لای ئـەم شـيماليانه زۆر بـه قەبـه و توندوتيـژی دانـی پێدائـەنێن. لەگـەڵ ئـەم جویێبـوونی وتەيەشـياندا جيـاييی نەحويـشيان هـەر لەبـەينا هەيـه، بەتايبـەتی لـه سـيغەی فيعلەكانا. پێويستيی هەريەك لەم دوو بەشه به تيا خەريكبوون و وردبوونەوەيـەكی تايبەتی ئەم جوێوازیو بەينەيان پێمان ئەسەلمێنیّ.

بەكورتی جيـاوازيی بـەينی ئـەم دوو شـێوەيه گەيـشتۆته پايەيـەك كـه يـەكێكی خـەڵكی (سـولەيمانی)، بـه ميـسال، هـەروا بەئاسـانی لـه قـسەكردنی يـەكێكی (ئەرزورۆم)ی تێناگا. لەگەڵ ئەوەشا كه ئەمانيش له ئەسڵی خۆيانا قسەكەيان هەر به لوغەتێكی كورديی كرمانجی ناسراوه.

پەرەسەندنی ئەم جوێوازييه لەبەينی شێوەكانی كورديدا بەهۆی ئەوەوه بوو كه هەنديێكيان له قسەكردنيانا هەندێ وتەی وايان بەكارئەهێنا كه شێوەكانیتر گوێيـان بەوانـه نەئـەدا، تـا ئـيش گەيـشته پايەيـەك ئـەو شـێوەيه كـه ئـەو وشـانەی بەكەڵكئەهێنا بەتەواوی لەوانیتر جوێبووەوه. سەير ئەكەی شێوەی شيماليەكان ئاگاداری هەندێ وشەی وای كردووه كه ئەمانه گەلێ كۆنترن لەو وشانه كه شێوەی مـوكری لـه شـێوەكانی ناوەڕاسـتی تەپۆڵكـه دريـژەكانی ئێرانـەوه وەریگرتـووه، كەچـی لـه عـەينی وەختـا ئـەبينين گـەلێ وشـەی خۆمـاڵی خۆيـان بـووه، بـەرەلایان كـردووەو وشـەی كلـدانیو توركييـان لەشـوێن دانـاون. وەكـوو ئـەوه: كرمـانجيی شيماليی ئێسته به"دەليا" ئەڵێت (دكز–دەنيز) كه ئەمه توركييه، كەچی موكریو كوردەكانی جنووبو ڕۆژهەڵات ئەڵێن "گۆلاو". هـەروەها شيماليەكان به "كەشتی "ئـــەڵێن " "گـــەمی" كـــه ئەمـــه توركييـــه، كەچـــی موكريانـــەكانو ئـــەوانیتر ئەڵێن"كەشتی" كه ئەمه وشەيەكی فارسييه. ديسان كرمانجيی شيمالی به زەوی ئـەڵێت "عـەرز–عـەرد"، ئەمـه وشـەيەكی عەرەبييه. موكریو كوردەكانیتر ئـەڵێن" زەوی – زەڤی".

---

(ئاو، باو) له جنووبا. مەبەستيشيان يەك شته ،ئەوی زۆرتر بڕوای پێبكرێت ئەوەيه كه ئەم تيپه له گەلێ له شێوەكانی كورديدا تيپێكی سەربەخۆيه. وەرگێڕی عەرەبيەكەی

ئیتر بەهۆی ئەم کەین‌وبەین‌و بەکارهێنانی وشەی بێگانەو جوێوازی لە وتەو وتندا، ئەوەندەی‌تر جیایی لەبەینی شێوەکانی کوردیدا پەیدابووە. ئەم وشانەی خوارەوە جیاوازیەکانمان پیشان‌ئەدەن:

| | شێوەی شیمالی | شێوەی سولەیمانی |
|---|---|---|
| ئاو | ئاب[1] | ئاو |
| وەفر | بەرف | بەفر |
| هوری–خوری | هری | خوری |
| کاکەز | کاکیت | قاقەز |
| دان | دوان –دران | دان |
| خویشک | خوالیک | خوشک |
| کچ | خز – قز | کچ |
| تاو | تاڤ | ڕۆژ |
| ئوەی | ئەویش – ئەو | ئەوی |
| پیاو | میر – پیا | پیاو |
| مل | ئیستو | ئەستۆ |
| نویستو | ڕاکوا – ڕازایی | نوستوو |

لە دەوری پێشوودا خەڵکی وڵاتی (ئەردەڵان) بەجۆرێ قسەیان ئەکرد کە نزیک بوو لە هەورامییەوە، بەڵام بەهۆی وازهێنانی کۆچەریەکان لە هاتوچۆ و حەزکردنیان بە ستارگرتن و هاتنی گەڵێك لە کوردەکانی شیمالی بۆ وەرگرتنی خێرو خۆشی لە وڵاتی ئەردەڵان‌و حەوانەوەیان لەوێدا، خەڵکی وڵاتەکە زۆری نەخایان ئەو حاڵەیان دوایی‌هات. ئیتر بەم جۆرە ئەم شێوەیەی ئێستە کە تۆزێ نزیکە لە شێوەی موکرییەوە، چونکە زۆریان بەین نییە، لە وڵاتەکەدا پەیدابوو.

---

[1] لە ئەسلەکەشدا وایە ، بەلاّم وا دەرئەکەوێ کە تیپی "ڤ–V" بێت نەك"ب"، وا چاکە کە پیاو بڵێت: هەرتیپێك لە شیماڵ‌و ڕۆژاوادا بە"V"یێکی فەڕەنسزی بیلێن لە جنووب‌و ڕۆژهەلاتا بە"و"یێکی نەرم لە زاریان دێتە دەرەوە. وەکوو"ئاڤ–ئاو، باڤ–باو". وەرگێری عەرەبیەکەی

بەشــی زۆری دانیــشتوەکانی شــیمالی ئــەردەلآن بەشــێوەی ئــەردەلآنیی فــەرعی قسەناکەن، بەڵکوو ئاگاداری شێوە کۆنەکەیان کردووە. ئەو شێوە ئەردەلآنییە کە هێشتا گۆڕانی پێشووی بەسەر نەهاتبوو، ئەو شێوەیە کە ئێستا شاری (سنە)و دەوروبــەری قــسەی پێئەکــەنو پێــی ئــەڵێن" شــێوەی کوردســانی"، هــەتا بڵێــی شــێوەیەکی نــازكو قەشــەنگو دەوڵەمەنــدە، بــەهۆی وەرگرتنــی هەنــدێ وشــەی فارسیو توانەوەی لەخۆیدا کتوپڕ هەڵبڕنگا و بەتەواوی بلآوبووەوە.

بەبێشك بەشی زۆری دوو شارەکەی (سنەو سولەیمانی) لە شێوەی ئەو ئەردەلآنییە کۆنە کە بەهۆی جوانیو ڕێکوپێکیو دڵگیرییەوە بووە بە زمانی ئەدەبو شیعر لە کوردستانی جنووبیدا، تێئەگەن. لە حەقیقەتا ئەو شێوەیە وەنەبێ یەکێ بێ لە شێوە ڕەمەکیەکانی کوردی، بەڵکوو وەکوو گۆرانیو هەورامی لە گۆڕانو هەڵسەنگاندنو پێگەیشتنی لوغەتی فارسیی کۆنەوە پەیدا بووە.

وا دەرئەکەوێ شێوەی هەورامیەکان هەر ئەو شێوە "تاجیك"ـە بێت کە لە سەردەمێکا لە ئێرانی ناوەڕاستا بلآوبووەوە. دوور نییە هەر ئەویش بووبێت کە لە کوردستانی جنووبیدا بلآوبووەوە، چونکە ئەوانەی قسەیان پێئەکرد ئێرانی کۆچکردوو یاخود شەعبێکی نیشتەجێی غەیری کورد بوون. هەورامیەکان وەکوو گۆرانە لادێییەکان ئاگاداری زمانەکەی خۆیانیان کردووە، ئەو زمانەیان کە ئیمڕۆژ هەتا بڵێی زمانێکی جوانو خۆشو خێرا ئەچێتە دڵەوە، ئەو شێوەیە ئێستە لە (هەورامان، پاوە، پاڵنگان)و دەوروبەریانا بلآوبووەتەوە وە بە ئاسانی کورد وەنەبێ لێی تێبگا.

هەروەها شێوەی قسەکردنی کرماشانیو کەڵهوڕی وەنەبێ بەتەواوی یەکێ بن لە شێوەکانی زمانی کوردی، بەڵکوو زۆرتر لە شێوەی"لەك"ی ئەچن، کە ئەم شێوەیە پیاو وای لێئەزانێ لقێ بێت لە لقەکانی ئێرانی لوغەتی فارسی. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم شێوەیەی کرماشانیو کەڵهوڕییە چەندە دوورن لە فارسییەوە، ئەوەندە نزیکن لە کوردییەوە. تەنانەت پیاو ئەتوانێ بە ناوێکی سەربەخۆوە ناویان بەرێتو، پێیان بڵێت"کورد-لەك". لەگەڵ ئەوەشا داڕژاویی کردەوەکانیان نە لە سیغەی ئەفعالی لەکی ئەچێت نە لە هی کوردی. لە

ناوەکانا هەمووجار بۆ تاك–فەرد، کۆمەڵ–جەمع، بەکاردێنرێت، کەچی بەلانی کەمەوە نیوەی ناوەکانیان"لەك"ییە، وەکوو چۆن زۆرجاریش ڕێك ئەکەوێ کە تەرتیبی جوملەکانیان لەسەر قاعیدەی پێکەوەنووساندنی جوملەی شێوەی لەکییە، هەنێ جاریش لەسەر قاعیدەی پێکەوەنووساندنی شێوەی کوردییە.

## شێوەی لوڕ[1]

زۆر حەزئەکەم لێرەدا – لە باسی زمانا– هەندێ لە شێوەی قسەکردنی لوڕ بدوێم، چونکە گەلێك لە گەڕۆك‌و ڕۆژاوایی‌ناسەکان لەبەر لێکچوونێ کە لەبەینی ئەم شێوەیەی لوڕییە–کە یەکێکە لە شێوەکانی زمانی کوردی–وە زمانی فارسیدا هەیە، لوڕەکانیان بە یەکێك لە عێلاّتەکانی فارس داناوە. هەر لەبەر ئەمەش (دائرة المعارف الاسلامية)– وەکوو لەپێشەوە باسمان کرد– شتێکی تایبەتی لەلایەن شێوەی قسەکردنی لوڕەکانەوە باس نەکردووە. بەڵێ ئێمە بە چەند دێڕیك لە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئیشارەتمان کرد بەوە کە ئەم بیروبڕوایە هەڵەیە.

قەومی لوڕ لە ئەسڵی خۆیانا ئەبنە چوار بەشەوە: (١) لوڕی ئەسڵی–فەیلی– (٢) ماماسانی (٣) کۆه گەلۆیی (٤) بەختیاری.

بەشی یەکەمیان یانی"فەیلی" یا لوڕی بچووك هیچ شتێکی تێدا نییە کە شێوەکەیان زۆرتر لە شێوەی کوردی ڕۆژهەلاّت ئەچێ تا فارسی. فەیلیەکان بەبێ دوودڵی خۆشیان دان بە کوردایەتیی خۆیانا ئەنێن.

لە ساڵی (١٩١٦م) دا بە ئیشێکی ڕەسمی نێررام بۆ (لوڕستان). ماوەیەکی باش لەلای "والیی پشتکۆه"مامەوە. ئەم مانەوەم بە هەل زانی، بۆ کردنەوەی باسی قەومی‌و کۆمەلاّیەتی قاپیم خستەسەر پشت، لێی‌دوام، زۆرتر قسەمان لەگەڵ والی‌و دەست‌و پێوەنگی هەر بە زمانی کوردی بوو. زۆر بە ئاسانی من لەوان ئەگەیشتم‌و ئەوانیش لە من ئەگەیشتن. بۆم دەرکەوت کە جیاوازییەك لەبەینی شێوەی کرمانجیی ڕۆژهەلاّت‌و شێوەی ئەسڵی ئەم لوڕانەدا وەنەبێ زیاتر بێت لەو جیاوازییەی کە لەبەینی شێوەی ڕۆژهەلاّت‌و ڕۆژاوادا هەیە (سەیری ئەم ڕێچکەی دواوە بکە) .

---

[1] لێرە بەدواوە لەسەر باسەکەی مێجەر سۆن نییە ، من خۆم بۆ زیادە ئاگاداری هێناومەو باسم کردووە. دانەر

با ئێسته شێوەی سێ بەشەکەی تریش باس بکەین. (دائرة المعارف الاسلامیة) ئەڵێت: شێوەی قسەکردنی ئەم سێ بەشەی لوڕی هەندێ وشەی وایان تێدایە کە لە زمانی فارسیی ئێستە ئەچێت. کەچی هەر لەوانا هەندێ تیپ‌و تێکخراوی واشیان تێدایە لەلایەن وتن‌و وتەوە زۆر لە تیپ‌و تێکخراوەکانی زمانی فارسییەوە دوورن، وەکوو ئەبینین:

وشەی (میکونەم)ی فارسی لە شێوەی لوڕیدا بووە بە (ئەیکونەم)

| | | |
|---|---|---|
| " (میخەرەم) | " " " " | (ئەیخڕم) |
| (ئادم) | | (ئادوم) |
| (پوول) | | (پیل) |
| (میدەهەم) | | (ئەدەمەی) |
| (خانە) | | (خونا) |
| (جامە) | "بەختیاریدا" | (جوا) |
| (ئیشان) | "لوڕیدا" | (ئیسا) |
| (ئانها) | | (ئیگال) |
| (ئینراگرفت) | | (یوناگوت) |

ئەگەر هەندێ لەم وشە لوڕیانە لەگەڵ شێوەی کوردیی سولەیمانیدا مەسەلا بەرامبەری پێبکەین، ئەبینین جیاوازییەکی وا لەبەینیانا نییە. سەیر ئەکەی کوردی سولەیمانی لەباتی ( ئەیکونەم ) ئەڵێ ( ئەیکەم–ئەکەم). هەروەها لەباتی (ئەیدەهەم– یوناگوت، ئەیخڕم) ئەڵێت (ئەیدەم ،ئەمەی وت، ئەیکڕم). ئەمێنێتەوە سەر کردنی وتەی"خانە" بە"خونا". من لام وایە ئەمە نەتیجەی ئەو تێکەڵاوییە دوورودرێژەیە کە لەبەینی لوڕ و ئەو فارسانەدا هەیە کە زۆرجار لە وتندا تیپی"ئەلف" ئەکەن بە "واو". وەکوو لەباتی وشەی "نان، انها، جان"، فارسەکان ئەڵێن "نون ،اونها، جون".

من لەوباوەڕەدام کە ئەم جیاوازی‌و لێکچوونە کەمە نابێتە هۆی ئەوە کە پیاو حوکمی پێبکا بۆ دیاریکردن‌و سنووردانانی ئەثنۆلۆجیی قەومی شەعبێك لە شەعبەکان.

١– زۆر نزیکە کە ئەم ڕۆژاوایی‌ناس‌و گەڕۆکانە لەکاتی قسەکردنیانا لەگەڵ لوڕەکانا زۆرجار بەهەڵە چووبن، بگرە هەر بەتەواوی لە قسەکانیان تێنەگەیشتبن. ئیتر بێجگە لەوە کە نەیانزانیوە چۆن بە پوختی وەکوو ئەوان قسەکەیان بکەن.

٢– ئەوان ئەم حوکمەیان داوە بێ ئەوەی بتوانن لە شێوەکانی زمانی کوردیدا ڕۆبچن‌و بتوانن بە کوردیی پەتی قسە بکەن‌و لێکیان جوێ بکەنەوە. ئیتر بێجگە لە بێئاگایی‌یان بەسەر زانینی فەیلۆلۆجیادا، ئەو ئاگادارییە کە ئەوان ئەیانەوێ زمانەکانی پێبکۆڵنەوە.

ئەگەر چاك ورد ببینەوە لە هەندێ وشەی فارسی‌و لوڕی وە بەرامبەریان پێبکەین لەگەڵ وشەی لق‌و بەشەکانی زمانی کوردیدا، ئەبینین لێکچوونی وشەی ئەم لقانە بە زمانی فارسییەوە زۆرترە لە لێکچوونیان بە وشەی لوڕییەوە. بۆ ئەم بەرامبەرییە سەیری ئەم ڕێچکەی خوارەوە بکە:

| فارسی | لوڕی فەیلی | لوڕی لەکی | هەورامی | کرمانجیی ڕۆژهەڵات سولەیمانی | کرمانجیی ڕۆژاوا بادینان |
|---|---|---|---|---|---|
| برەو | بچو | بچوو | لووە | برۆ | هەڕو ،بچە |
| بنشین | بنیش | بنیش | بنیشەرە | دانیشە | ڕوونە، ڕوونی |
| بالا | ئوبان | بان | سەر | سەروو | ژوور، سەر |
| ئەنگەین | عەسەل | عەسەل | هەنگوین | هەنگوین | رەهەنكوی، هەنگەڤ |
| هندوانە | شامی | شامی | هەنی | شووتی | زبش، شمتی، زیش |
| ئەنجیر | ئەنجیر | ئەنجیر | هەنجیر | هەنجیر | هێژیر، هیجیر |
| ئەرمود | ئەرمود | ئەمرود | هەمرو | هەرمێ | هەرمی،ئەسکرگ |
| سیب | سیو | سیف | سییف | سێو | سیڤ |
| ئەسپ | ئەسپ | ئەسپ | ئەسپ | ئەسپ | هەسپ، حەسپ |
| جەو | جەوە | جەو | یەو | جۆ | جە، جو |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| میایەم | ئەتیم | ئەتیم | مەیۆ | یەم، دێم | دەهیم، تیم |
| بەرخیز | ئەلس | فیری | هورزە | هەڵسە | ڕابە، هولو، ورزە |
| ئەنگور | ئەنگور | ئەنور | هەنگور | تریێ | ترا، تریێ |
| گوسفەند | می | پەز | پەز | مەڕ | پەز، پڕ |
| مەویز | مەوێژ | میویژ | مەویژ | مێوژ | مویژ |
| مبفروشەم | ئەفرۆشم | ئەفرۆشم | ورەتا | ئەفرۆشم | دەفرۆشم |
| ایمروز | ئیمرۆژ | ئیمڕو | ئارۆ | ئیمڕۆ | ئێرۆ، ئەوڕۆ |
| ایمشەب | ئیمشەو | ئیمشەو | ئیشەو | ئیمشەو | ئیشەڤ، ئەوشەو |
| نەمیدانم | نازانم | نازانم | مەزانو | نازانم | نزانم، وزانم |

وەك لـەم ڕێـچکەی سـەرەوەدا دەرئەکـەویێ، وەنـەبێ جیاوازییـەکی زۆر لەبـەینی دوو شـێوەی کرمـانجی (سـولەیمانی و بادینـان)دا بێـت، ئەوەنـدە هەیـە ئەگـەر جیاوازییەکی کەمیش هەبێ، لە بینای هەندێ لە وشەکان و هەڵگێڕو داگێڕی بڕێ لە کردەوەکانا دەرئەکەوێت، وەکوو سەیر ئەکەین کرمانجیی ڕۆژهەلاَت لـە تەسـریفی کـردەوەی"هەڵـسان"دا ئـەڵێت:"هەڵـسا" بـۆ ڕابـردوو و"هەڵئەسـتێ" بـۆ لەمـەودوا "هەڵسە" بۆ ئەمر، کەچی بادینان لـە بەرامبـەر ئەمانـەوە ئـەڵێن"ڕابـو" بـۆ ڕابـردوو، (د ڕابـت–رادبـی) بـۆ لـەوەدوا "ڕابـە" بـۆ ئـەمر، هـەروەها کرمـانجیی ڕۆژهەلاَت بـۆ دانیشتن ئەڵێت، دانیشت، دائەنیشێ، دانیشە)، بادینان ئەڵێن : (ڕۆنیشتن، دڕونت ، ڕوونە).

ئەگـەر چـاوێك بـەم ڕێـچکەیەدا بخـشێنین– کـە میـسالێکی زۆر بچووکیـشە– ئەبینین لێکچوونی دوو شێوەی فەیلی و لەکی بە شێوەکانی تری کوردییـەوە گـەلێ زیـاترە بـە لێکـچوونیان بـە فارسـییەوە، کـەوابوو لەبـەر ئـەم لێکـچوونە کەمـەیان بـە فارسـییەوە نـاتوانین بڵـێین قـەومی لـوڕ لـە فارسـن. بێجگـە لەمـەش هەنـدێ لـە ڕۆژهەلاَتناسەکان–وەکوو لە فەسڵی یەکەما ڕامانبوارد– هیچ جیاوازییەك ناخەنە بەینی لوڕو کوردەکانی ترەوە.

"ڕاولنسۆن" که باسی دوو شێوەی لوڕی گەورەو بچووك ئەكات، ئەڵێت: لوڕە گەورەكان ئەوشێوەیە كە قسەی پێئەكەن هەر شێوەی كوردییە. ئەوەندە هەیە نەسەقەكەیان جوێیە. لوڕە بچووكەكانیش شێوەكەیان نزیكە لە شێوەی كوردەكانی (كرماشان)ـەوە. وە ئەوانەی بەم دوو شێوەیە قسە ئەكەن، زۆر بە ئاسانی لەیەك تێئەگەن.

زاناكان و ئەوانەی لە زمانی كوردی دوواون، لەوانەیە هەموو لەسەر ئەو باوەڕە بن كە شێوەی قسەكردنی عێلاتی كێوەكانی (زاگرۆس) لە پاشماوەی لوغەتی پەهلەویی كۆنە– لە زەهاوەوە تا خوزستان– لە (دائرة المعارف الاسلامية)وە لە باسی شێوەی (سنەو هەورامان)دا.

شێوەی موكری"كرمانج"ی تا (بانە و سەقز) ئەڕوات، شێوەی كوردستانی لە جنووبی ڕووباری (جەغەتوو، خوڕخوڕە و تیلەكۆ)وە دەست پێئەكات تا ئەگاتە جنووبی "سنە" بەڕاستی ئەم شێوەیە زۆر لەبارە بۆ ئەوە كە ئوسوولێكی عیلمی و دیراسەتێكی وردی تێدا بكرێت.

بەلام شێوەی قسەكردنی مەریوان وەكوو هی جافەكان كرمانجییەكی پەتییە، لە دوو بەشەكەی"هەورامان"دا شێوەیەك هەیە كە كوردی[1] نییەو خەڵكی قسەی پێئەكەن و پێیئەڵێن هەورامی و بە"ماچۆ" ناوبانگی سەندووە. لە هەندێ لە لادێكانی (پاوە)شا خەڵكی هەر بەم شێوەیە قسەئەكەن وەكوو چۆن شێوەی زازاكان– كە تێكدراوی هەورامییە– گەلێ لە لادێییە عێلاتە گەورەكانی گۆران لە شیمالی (زەهاو)و دێی (كاندۆلا)و ناوچەی (دینەوەر– كرماشان)و هەندێ دێهاتی ترو ناوچەی (دەرسیم)ی داگرتۆتەوە. لەسەر قسەی "ئۆ. مان" ئەم شێوانە هەموو (شێوەكان ئێرانی ناوەڕاستن). پێویستە ئینسان لەتەنیشت سامانی، كوهرودی و ماهیللانییەوە دایان بنێ.

بەڵگەیەكی وامان بە شێوەی قسەكردنی (سنە) بەدەستەوە نییە، ئەوەندە هەیە شێوەی"هەورامی– گۆرانی" بەهۆی غەزەلە دڵگیرو شیعرە جوانەكانیەوە كە ڕازو

[1] ڕەنگە مەبەسی غەیری كرمانجی بێ. وەرگێڕی عەرەبییەكەی

چیرۆکە ئەگێڕنەوە، واپیشان ئەدەن کە ئەو شێوەیە ئەدەبیاتێکی فراوان و شیعری نایاب و ئاوداری هەیە، ئەوەش بەوەدا ئەزانین کە حاکمی (ئەردەلأن) هەموو جار بە جۆرێکی تایبەتی لە بارەگای خۆیا برەوی بە شیعرو ئەدەبیاتی ئەم شێوەیە ئەدا، هەتا بڵێی بەلایەوە ماقووڵ بوون. هیچ شکی تێدا نییە ئەم شێوە ئەدەبییە جوانە ئەو شێوەیە نییە کە ڕەمەکی قسەی پێئەکەن.

هەر لەم باسەوە "مێجەر سۆن"یش ئەڵێت:(( لە دەوروبەری سنووری بەینی لوڕستان و کوردستانا هەندێ عێلأتی کورد دائەنیشن و بە شێوەیەك قسە ئەکەن کە نزیکە لە شێوەی پێشووی تاجیك لە ئێران )).

وا دەرئەکەوێ کە ئەم خەڵکی ولأتی (گۆران)ە نیشتەجێ بوون وە کۆچەری نەبوون. وەکوو لەوەوپێش وتمان بە چەند شێوەیەکی جیاواز قسەیان کردووە. هەروەها عێلأتەکانی (هەورامی، کاندۆلا، وریزو)یش هەر بەم شێوانە قسەیان کردبێت. ئەوەندە بووە جیاوازییەکی کەمیان لە وتن وە وتەدا لەبەینا بووە.

ئەم شێوە بەناوبانگەی (ئەردەلأن)ییە لە ئەدەبیات و شیعرا بەکارهێنراوە، تەنانەت ئێستەیش لە (سنە)دا هەر بەم شێوەیە ئەنووسن و ئەخوێننەوەو پێیئەڵێن"هەورامی"یا "شارەزووری". لە هەندێ لە تێبینیەکانا وا وەرئەگیرێت کە بەشی زۆری دانیشتوەکانی عەشایری"گۆران" بەم شێوەی پێشووە قسەئەکەن، وەکوو چۆن کۆچەریەکانیان هەر بەتەواوی بە لوغەتی کوردیی ڕەمەکی قسەئەکەن. ( گەڕانێك لە کوردستانا یا لە جزیرەدا )

عێلأتە کوردەکانی"براخۆیی"، ئەوانەی کە بەشی زۆریان لە بلووجستان و هەندێکیشیان لە ولأتی (سند)ی هیند دائەنیشن، هەموو بە زمانی کوردی قسەئەکەن و شێوەکەشیان پێیئەڵێن "شێوەی براخۆیی". ئەم شێوەیە لە کۆمەڵە شێوە (دراویدی)یە کە لە هیندی مەرکەزی و جنووبیدایە، لەگەڵ هەندێ وشەی فارسی و بلووچیدا تێکەڵأو بووە. هەتا ئەم دەورەی دواییە نە پێی ئەنووسرا و نە پێی ئەخوێنرایەوە، بەڵکو هەر زمانی قسەکردنی ڕەمەکی بوو، بەڵأم ئێستە بووە بە زمانی خوێندن. هەندێ ڕاز و شیعریانمان بەرچاو کەوت کە بەم شێوەیە نووسرابوونەوە[1] (دائرة المعارف الاسلامية، بەرگ-١، لاپەڕە ٦٣).

[1] ئەم باسی (قسەو زمانی کوردی)یە لەهەموولەوە تا دوایی عەلائەددین سەجادی کردوویە بە کوردی.

# ئەو کاغەزەی
# کە لە ئەستامووڵەوە هاتووە[1]

ئەمانـەویٚ بـە واسـیطەی ئێـوەوە مەسـئەلەیەکی زۆر گـەورە عـەرضـی هەمـشەهرییان بکـەین. زۆر ئومێـدمان هـەبوو کـە ئـەم ئـیشە لـەپێش موڕاجەعـەتی ئێمەدا لەطەرەف "پێشکەوتن" بەیانو تەعقیب بکرێت، فەقەط وا ئەسەف تائێستا لە ئەم خوصووصەوە هیچ شتێکمان نەدی. وە بە طـەبیعـەت موتەئەثیر بووین و ئەم موڕاجەعەتەمان نەتیجەی ئەم تەئەثوراتەیە.

مـەعلوومی ئێوەیـە کـە قیـسمی کـوللیی ضـابطانو مـەئموورینی عیراق، لـە حـەربی عوموومیـدا بـۆ طـەرەفـی قافقـاسو حەڵـەبو ئـەملاو ئـەولا فـڕیٚدران. بـەعـضـێکیان تەلەف بوونو قیسمێکیان ئەسیر مانەوەو قیسمیٚ کە زۆر کەمیان بە صاغی نەجاتیان بوو. ئێستە ئەوانەی کە ئەجەلیان نەهاتبوو و کە نەمردبوون، لە ئێرە لە ئەستانبووڵدا غەریبو بیٚکەس، موحتاجو پەرێشان ماونەوە. لێرە نە کەس ڕەحم بە حاڵیان دەکاو، نە ئێوە لەویٚ فیکری ئەمانە دەکەنەوە. ئەم حاڵە هیچ شوبهە نییە کە خیلافی ڕەضای خوداو پێغەمبـەرو مونـافیی حەمییـەتو غیرەتـی ئـەهلی وەطـەنـە. باخوصـووص ئـەم فەقیرانە کە عومدەی مونەووەرانی ئەهلی وەطەنن، لازمە فکر بکەینەوە کە لـە موددەتی چـەند سـاڵدا پیٚگەیـشتوونو، ئایـا لەسـەر هـەمووتان فـەڕض نییـە کـە چارەیێکیان بۆ بدۆزنـەوە کـە بیانگەیـەنن بـۆ وەطـەنـی خۆیـان. بیٚشـوبهە ئەمانـە بـۆ مەملەکـەت عونـصرێکی لازمو موفیـدنو هـیچ کـەس لـە خـزمـەتی ئەمانـە ئیستیغنا ناکـات. ئەگـەر بینـا لەسـەر نـاوی غەزەتەکـەتان بـە ڕاسـتی فیکـرو ئـارەزووی پێـشکەوتنتان هەیـە، بەتـەواوی موحتـاجی خـزمـەتی ئـەمانو ئـیللا تەهلوکـەی پاشـکەوتن بـۆ وەطـەن مەوجوودە، حەتا موحەققەق ناقابیلی ئیجتینابە.

---

[1] "بانگ کردستان" (ڕۆژنامە)، ژ٤، ٢٨ یٚغستوس ١٩٢٢، ل٢-٣.
لە: ڕەفیق سالح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود، لەسەرنووسینی سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠٣.

لـه ئـەم خوصووصـەوە بـۆ هەموولایـەك نووسـراوە، باخوصـووص (بـە مەنـدووبی سـامی کـە لـە بەغدایـە ) موڕاجەعـەت بـێ کـراوە. ئـەزانین کـە لـە هەموولایەکـەوە غـیرەت بـۆ نـەجاتبوونمان دەکـەن. فەقـەط لەسـەر ڕۆژنامـەی "پێشکەوتن"یش فەڕضـی عەینـە کە صـەرفی هیممـەت و غیرەت بکا. چونکە ئەم فەلاکەتزەدگانـە کە لێرە کەوتوونەوە، زۆریـان خـەڵقی سلێمانیـیەو هیچ شوبهە نییـە ئـەهلی سـلێمانی و ئـەطـرافی، کـە بـە صـەلابەتی دیـن و غیرەتـی وەطـەن و هەمـشەهرێتی مەشـهوورن، لـە هەموولایـەك زبـانزەدن. سـەماحەت و جەوانمـەردی پیـشان دەدەن و بەقـەدەر حاڵی خۆتـان هەرچـەندێ مـەمکین بـوو، بـە سـورعەت بـۆ ئەمانـە ئیعانـەیێك گردبکەنـەوە بـەناوی ئێمـەوە، کـە لـەطـەرەف ئەوانـەوە بـۆ ئەستامبووڵی ئەنێرن و ئینشائەڵلا لەسایەی غیرەت و حەمییەتی ئەهلی وەطـەنەوە ئـەم فەقیرانـە لێـرە ڕزگـار دەبن و بـە خـزم و ئـەقرەبای خۆیـان شـاد ئەبنـەوە. بـاقی تەوفیق لە خودا، غیرەت لە ئێوە.

زەهاوی‌زادە یووزباشی

بیکباشی ئەرکان حەرب مصطەفا کامیل

حاجی عەبدوڕڕەحمان باپیرزادە بیکباشی ئەرکان حەرب محەمەدئەمین

ئالووسی‌زادە طەبیب ئیبراهیم

ثابت بەگ زادە نووری

# کاغەذی ئەمین زەکی بەگ مەبعووثی سلێمانی
# بۆ خذمەتی موتەصەڕیفی ئەفخەمی[1]

میری نەجابەت سەمیرم !

بینـا لەسـەر وجـوودی لـوطـف و........ سـەرکار و هەمـشەهریەکانی موحتەرەم بە فەخر و شەرەف قوبووڵی ئەم خذمەتە ئەکەم و لە داخڵی ئیمکاندا سەعی بۆ خذمـەتی وەطـەن دەکەم. لەم خوصووصـەوە یەگانـە سیلاحم لـوطفی باری، ئیمدادی ڕووحانییـەتی حەضـرەتی پێغەمبـەری و موعاوەنـەتی شورەفا و نوجەبای وەطەن و ڕەفیقەکانە، وە ئینشائەڵڵا شتێ کە موخالیفی زەمین و زەمان بێ لـە ئێمـەوە ڕوو نـادا. تـەوەغول لەگـەڵ مـەحالات و غـەیرە مـەعقوولات ناکرێ. موجـەڕڕەد ڕجـای ئـەوەم هەیـە کـە لەخوصـووص کـارو خـذمـەتی وەطـەن و ئیحتیاجاتی مومکینول ئیزالـەوە دائیما خەبەردارو ئیرشادمان بفەرموون، تا بۆ نـەیلی مەقصەد ڕێگـەیێکی کورت و موناسیب بگرین. ڕجای دووەم ئەوەیـە کـە ڕەفیقەکانیشم ئیقاظ بفەرموون، تا وەحدەتی حەرەکەت و سەلامەتیی مەصڵەحەت موحافـەظـە بکـەین. ئینشائەڵڵا لـە ئیرشاد و دەلالـەتی ڕێگـەی ڕاست خیلاف لـە ئێمـەوە صـادیر نابێ. هـەرەکوو عـەرضـی میرزا فـەرەجم کردووە، بەوانی تریش ئەڵێم (( فاتبعونی أعدکم سبیل الرشاد )). ئومێدم لە قاپیی خوای گەورە وایە کە ئێمە لەبەر چاوی ڕوئەسا و ئەشراف و هەمشەهرییەکان شەرمەسار نەفەرموێ. مەعلوومی سەرکارە کە ئەگەر تەوفیقی ڕەفیق نەبێ، عەقڵ و تەگبیری مەخلووق بێبەر ئەمێنێتەوە. (( والعبد یدّبر والله یقدّر )).

ڕجای سێیەم ئەمەیە ئەشراف و نوجەبای وەطەنی عەزیز حوسنی نییەت و فیداکاریی بەندە فەرامۆش نەکەن. مەعلوومی هەموولایەکە موخڵیص صاحێب

[1] "ژیانەوە" (ڕۆژنامە)، ژ٣٣، ٣٠ تەمووز ١٩٢٥، ل٢-٣.
لە : عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، هەلێر، ٢٠٠٠.

مەسـلەك و مەنـصەبم و بـەڵكوو لـەپاش چـەند ڕۆژێ تـەرفیعیش ئەکـەم، موخەصەصاتی ئێستام یەكو نیوی موخەصەصاتی مەبعووثییە. خـذمەتی مەبعووثـی مووەقەتییـە، مەسـلەکی ئێستام دائیمییـە. مەئمووریـیەتێکی وەکوو مودیرییەتی مەکتەبی عەسکەرییەو دارول تەدریب دراوە بە من، بەندە لە مەقامی شوکراندا ئەم هەموو مەنفەعەتە شەخصییانەی خۆم فیدای هامشارییەکانم کرد و خذمەتی مووەقەتەی نیابەتم قوبووڵ کرد، تەنیا ئارەزوو و ئەمەلم ئەوەیە کە ئیخلاص و حوسنی نییەت و فیداکاریی فەقیر لای خاصو عام مەعلووم ببێ و بە نەوعێکی تر، یەعنی بۆ ئەمەل و ئومێد و طەمەع و شتێکی تر نەدرێتە قەڵەم و بەدڵدا نەیەت. هەتا بەندەیش موتەسەللی ببم و بە خوڵووص و شەوقێکی تەواو دەست بکەم بە خذمەتی هاموەطەنیەکانم. ڕجای ئەووەڵم دیسانەوە تیکرار ئەکەمەوە کە چونکە خۆم لەپێش گەڕانەوەی مەجلیسدا مومکین نەبوو بێمەوە ئەوێ. ئیلتیماسی ئەوەم هەیە کە لە ئیحتیاجاتی عاجیلە خەبەردارم بفەرموون، تا ئەوی مومکین بێ بیکەین. لەگەڵ ئەوەیش بەندە تائێستا لە تەعقیبی ئەحواڵی مەملەکەت غافڵ نەبووم و وقووفێکی غیابیم هەیە. ئەگەر ئەم وقووفە لەگەڵ ئیرشاد و ڕێگەپێنیشاندانی عالیدا یەك بگرێ، دیارە ئەبێتە باعیثی نەفع و قازانجی زیاتر و گەورەتر. هەروەکوو لە عەریضەی پێشوودا عەرض کرابوو، فەقیر لە تەقدیری فورصەت حەقیقەتەن عاجز نیم و، بەڵکوو چەند ساڵ لەمەوپێش قەراری خۆم داوە و بۆ ئەم خوصووصە عەلاقەدارانیشم تەنویر و ئیرشاد کردووە. بینا لەسەر ئەمەی شتێك کە موخالیفی مەنافیعی حکوومەتی فەخیمە و حکوومەتی عیراق و وەطەنی خوصووصی بێ، لە دەستو زبانی ئێمە دەرناچێ هەموو غیرەت و مەساعیی ئێمە بۆ ئەمە صەرف ئەکرێ کە مەنافیعی موتەقابیلە تەوحید و بەیەکەوە تێکەڵ بکرێ. وەکوو بیستوومەتەوە لە سلێمانیدا هەر مەکتەبی ئیبتیدائی هەیە. ئەویش ضەعیفە. عەجەبا لە هەڵەبجە مەکتەب نییە و مەوجوودی مەکتەب چەندە. ئەحواڵی عومووممییە دەرەجەی ئیقتیداری موعەللیمەکان چە نەوعێکە. ئەگەر تەشەبوث بۆ تەزییدی مەکتەب بکەین، جێگەی

حاضر هەیە یان نییە. مەکتەبی ئەوقاف هەیە یان نەء. ئەگەر هەیە مەوجوودی چەندە و لە چە حاڵێکدایە. ئەحواڵی صیحییەی عومومییە چۆنە. ئەگەر تەشەبوث بۆ خەستەخانەیەك بکەین، جێگا دەست ئەکەوێ یان نەء ؟ لەم خوصووصانەوە، لە خوصووص ئیحتیاجاتی ترەوە لوطفەن تەنویرم بفەرموون، بەڵکوو ئینشائەڵڵا شتێك بکەین باقی لە غایەت بەدەر مەمنوون و منەتداری جەنابی عالی و ئەشرافم. ڕجای دەوامی مەحەببەت و موعاوەنەت ئەکەم. خوا تەوفیقی هەموومان بدا.

# جوابی
# پرسیاری "قانع"[1]

له ڕۆژنامەی ژین له سێی ڕەمەضان    هەشت شیعرم بینی زۆر شیرین‌و جوان
پێنج شیعری ئەووەڵ شایسته شەکره    سێ شیعری دواییش پرسینی فیکره
ئەڵێن هەیــکەلی دەربــەندی گەوره    نازانین چییەو هینی چه دەوره
عولــەمای ئاثار، بۆ ئەو تیمثاله    ئەڵێن پاشماوەی چەند هەزار ساڵه
قڕاڵی ئاکاد "نارام ســین" ناوێك    چل‌وحەوت عەصره هەڵسا به تاوێك
بۆ شەڕ هاته سەر لۆلۆو گۆتوو    له قەرەطــــــاغدا داوا گەرم بوو
لەدوای شەڕ لۆلۆ گۆتوو ئەشکێنێ    مەلیك "ســــاتۆنی" دەرئەپەڕێنێ
باسی ئەو شەڕه ئەو بگرەو بەرده    نووسراوه یەك یەك لەسەر ئەو بەرده
چەکی ئەو حـــەله تیرو کەوانه    لەلای هەیکەلدا دیاره نیشــانه
وەك دار تاشییان ئەو شاخه گەوره    کردیان به تیمثال له دەربەند گەور
لەدوای سێ عەصرێك ساسانی هاتوون    زۆر تیمثالیان بوو بەدەستەڵات بوون

---

[1] "ژین"، ژ٥٨٧، ٢٨ تشرینی دووەم ١٩٣٩، ل٢.

# نەورۆز[1]

هـەموو ئـەزانین کـە هەمووسـاڵێك زەمـاوەنگێکی بـچووك وەیـا گـەورە بـۆ ئـەم جـەژنی طـەبیعییـە ئەکـەی. هێنـدێ کـەس لـەم فیکـرو عەمەلـە باشـەی تـۆ تێنەگەیـشتن‌و بوختـانی بێمـەعنایان پـێکردی‌و، بۆیەیـەکی سیاسـییان ای‌ێـداو نەیانهێشت لەسەر ئەم فیکرە بڕۆی. زۆر ناحەق بوون، چونکە ئەم ڕۆژە بەپێی ئەوە کە ئەووەڵ ڕۆژی بەهارەو مزگێنیی ژیانەوەی طەبیعەت ئەدا، بۆ ئادەمیزاد جـەژنێکی طـەبیعیـی سـاڵی تازەیـە. پێـشینانی وڵاتـانی شـەرق، لـەم ڕوەوە بـە موبارەکیان داناوەو ئەنواعی زەماوەنگ‌و یارییان بۆ کردووە.

ئێـران، کـە لـە زۆر قەدیمـدا مـەفتوونی جـەلائیلی ئـاثـاری طـەبیعییـە بـوو ئەیپەرسـت، ئـەم ڕۆژی نـەورۆزەی لـە هـەموو زیـاتر تەقـدیس کـردووە، چـونکە مەبدەئی ژیانەوەی حەیات‌و طەبیعەتە. وەکوو بەعضـێ کەس ئیددیعا ئەکەن، کە (نـەورۆز) جـەژنی ئاتەشپەرسـت نییـەو نـابێ تەفسیرێکی بێڕێ‌وجـێی دینیـی بـدرێتێ. جـەژنی دۆزینـەوەی ئـاگر، بـەپێی شـانامە، ئـەبێ (جـشن سـدە) بـێ. فیردەوسی، لە باسی حکوومەتی (هۆشەنگ)دا ئەڵێ، ڕۆژێك ئەم پادشایە لەگەڵ دەستەو دایەرەیدا ئەچێ بۆ گەڕان. لە شاخێکدا تووشی مارێکی گەورەی ڕەشکاڵ ئەبێ، بەردێکی تێئەگرێ. لە مارەکە ناکەوێ، ئەدا لـە بـەردێکی تـرو تیشکێکی لێ پەیائەبێ‌و بەم تەرحە ئاگر کەشف ئەکرێ‌و زۆر شوکرانە بۆ خوا ئەکاو، ئەو شـەوە ئاگرێکی گەورە ئەکەنەوەو تەقدیسی ئەم کەشفەی کردو فیردەوسی ئەڵێ:

یکی جشن کرد آن شب‌و بادە خورد
سـده نام آن جشن فرخنده کرد
ز هوشـنگ ماند ابن سده یادگار
بس یاد چون او دگر شـهریار

[1] لە ژمارە ١ی ساڵی ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٣ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

هەر بەپێی قسەی فیردەوسی، ئەبێ ڕۆژی نەورۆز ئەووەڵ جار لە زەمانی "جەمشید"دا بە ئەووەڵی ساڵی تازە دانرابێ‌و تەقدیس کرابێ. لەدوای ئەمە کە ئەم پادشایە لە ڕۆژی نەورۆزدا تەختێکی فڕۆکی دروست کردووەو لەسەری دانیشتووە، دەستەو دائیرەی تەقدیسیان کردووەو لەم بابەتەوە ئەڵێ:

به جمشید بر گوهر افشاندند
مر آنروزرا روز نو خواندند
سر سال نو هـرمز فرو دين
بر آسوده از رنج تن دل زكين

لەبابەت مەبدەئی نەورۆز، لە ئاثاری کۆنی تەئریخیدا هیچ نییە وەیا من نایزانم، (محيط المعارفی اسلام) لەخوصووص نەورۆز کەم ئەدوێ.

تەنیا ئەڵێ، بەعضێ ئاثاری عەرەبیی ئەم ڕۆژەیان لە شکڵی ( نیروز )دا نووسیوەو ئەووەڵ ڕۆژی سەنەی شەمسییەی ئێرانە. لە دەوری حکوومەتی ئەخەمینیدا ( کەیانیان ) ڕەسمەن بە سەری ساڵی تازە قوبووڵ کرا (مروج الذهب). ئەم ڕۆژەی نەورۆزە لە مەبادیی ئیسلامدا بە ناوەڕاستی هاوین حیساب ئەکرا (ئەلبەیروونی). وە مەبدەئی درەو بوو، خەڵك بە جەژنیان دانابوو و ئەنواعی زەماوەنگ‌و یاری و ڕمبازی ئەکرا. دۆست‌و دراوسێ، وەکوو چۆن ئێستاکە ئەورووپایی بۆ نۆئەل‌و سەری ساڵ دیاری بۆ یەکتری ئەنێرن، دیارییان ئەنارد. بە شەو فیشەکبازی‌و ئەنواعی یارییان ئەکرد، ئەم عادەتی تەقدیسکردنە، بێجگە لە ئێران، لە عیراق‌و میصریشدا هەبوو ( طەبەری، مەسعوودی ). لە تورکیاشدا تا دەوری دوایی جەژنی نەورۆز هەبوو. بەینێك خەلیفەی عەباسی موعتەضید ویستی ئەم جەژنە هەڵگرێ وەیا سووکتری بکا، بەلاّم بۆی نەچوە سەر (طەبەری).

ڕۆژی نەورۆز، بەینێك مەبدەئی کوکردنەوەی خەراج بوو. حەمزەی ئەصفەهانی، لە تەئریخەکەیدا ئەڵێ، لە ئەووەڵی ساڵی هیجریدا، نەورۆز تەصادوفی ١٨ی حوزیران‌و ئەووەڵ ڕۆژی ذیل قەعدەی کردووە. لە زەمانی خەلیفە موتەوەکیلدا ڕۆژی نەورۆز کە مەبدەئی جەمعی خەراج کۆکردنەوە بوو، دوو مانگ پێش خرا، مەقصەد لەمەش زووتر خەراج کۆکردنەوە بوو.

لــه ٢٤٥ی هیجریــدا، ١٧ی حــوزیران، بــه ڕۆژی نــهورۆز دانــرا (طــهبــهری، بــهیروونی). خهلیفــه موعتــهضــید کــردی بــه ١١ی حــوزیران. لهدواییــداو لــه زهمانی"مهلهکشا"ی سهلجووقیدا که تهقویم گوڕا، عولهمای فهلهك نهورۆزیان به مهبدهئی ساڵی تازه قوبووڵ کرد که تهصادوفی ڕهمهضانی ٤٧١ﻫ ی کرد (١٥ی مــارتی ١٠٧٩م) بۆتــه مهبــدهئی ســاڵی تــازه لــه میصریــشدا موعتهبــهر بــوو (مهقریزی)و تهصادوفی ١٠ وهیا ١ی ئهیلوولی ئهکرد.

بــه عــهقڵی خــۆم، تــهئریخی دهوری مهلهکــشا زۆر بهجێیــه وهیــا زۆر نزیکــی حهقیقهتــه، چونکه ئهووهڵی بههار ٢٢ی مارته. خولاصه وهکوو سهرهوه گوتمان نهورۆز، ئهووهڵ ڕۆژی بههارهو جهژنێکی طهبیعییه ههموو حورمهتو تهقدیسی زۆر بهجێیه.

بێینه سهر ئاگری نهورۆز، لام وایه ئهم ئاگره لهگهڵ نهورۆزدا هیچ ڕابیطهو موناسبهتێکی نییه. بۆ (جشن سده) هه‌ڵئهگرێ. بهڵام بۆ نهورۆز، ڕهنگه لهوهقتی خۆیدا پهرستشکارانی (جشن سده)، بۆ ئهمهی که نهورۆزیش بهپێی مهیلو دڵخوازی خۆیان ڕێك بخهن، ئاگریان بۆ کردبێتهوهو بهرهبهره بووه به عادهت، وهیا قووهی حاکیمه، بۆ ئیعلانی ڕۆژی نهورۆز له بهعضــێ جێگهی بهرز ئاگری کردبێتــهوهو ئهمه بــووبێ بــه عــادهت. بــهڵام لــه حهقیقهتدا نــهورۆزو ئــاگر هــیچ موناسهبهتێکیان نییهو نهبوه. لهم بابهتهوه له ئهفسانهی ئێرانداو له تهواریخی عهرهبو عهجهمدا قسهو باسێك ههیه.

## له ئەمین زەکی بەگەوە

## سەلام بۆ "سەلام"[١]

کاتێ لە میصر گەڕامەوە شام — لاوانی گەلم دەوروپشتیان دام
لە چەندو چۆنی خۆمان ئەدوان — خۆشە سکالای گەل لەگەڵ لاوان
یەکێکیان وتی "گەلاوێژ" هاتووە — ژمارەی ٧ی زۆر جوان دەرچووە
ڕۆژی دواییتر هاتو بۆی هێنام — خوێندمەوە بەدڵ، دڵێکی پڕ زام
مادەی چاودێری کە هیوای بەش بوو — لە باخی گوڵێك بۆنخۆش و گەش بوو
سەرنجم دایێ دیم کە ئەو گوڵە — نموونەی وەفاو پەسەندی دڵە
شەوقی گەلاوێژ دابووی لەو گوڵە — قەڵەمی سەلام نەغمەی بلبلە
سەغڵەتیی دڵمی زوو لابردەوە — ژانی پەنجەمی لەبیر بردمەوە
خەم مەخۆ سەلام کە من لێکەوتووم — سپاسم بۆ خوا کە خێر لەدوا بووم
خوا ڕەوای بێنێ ئەم دەستە لاوە — کوردو کوردستان ئەخەنە دواوە
نووسەرەکانی دوای من بەهۆشن — بۆ خدمەتی کورد زۆر تێئەکۆشن
دایکێکیان تۆی نموونەت دیارە — دیاریت دیارە بۆ ئەم دیارە

---

[١] ژمارە ١١ی ساڵی ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤ی گۆڤاری "گەلاوێژ".
لە"ژین"، ژ٧٦٤، ساڵ ١٨، ژ٩ی چیریەی دووەمی ١٩٤٤، ل١یشدا بڵاوبووەتەوە.

# نامەکەی مامۆستای گەورە
# ئەمین زەکی بەگ[١]

شوکرانەم بۆ "ژین"ی بیست ساڵە.

بەپێی شەرع، لاوان لە عومری بیست ساڵیدا ئیثباتی ڕوشد ئەکەن و ئەمەش بینا لەسەر حیکمەتێکە، لەگەڵ ئەمەشدا من وا ئەزانم کە "ژین"ی ئێمە زۆر دەمێکەو هەر لە ئەووەڵ ساڵیدا ئیثباتی ڕوشدی کردووەو هەموو ئەیزانین لەسایەی مێشك و قەڵەمی باوکیەوە بوو، خوا بە گەورەیی و قودرەتی خۆی عومری خۆی و باوکی درێژ کا و چەند بیست ساڵێکی تریش بیانژیەنێ و ئەم لاوەش لە لەڕو لاوازی ڕزگار کا نەتەوەی بەفام و بەئەدەبی لێبکەوێتەوە.

بەڕاستی بێتاقەتی و بێدەماغیی باوکی و دەوری دەوران "ژین"ی زۆر لەڕ کردووە. دڵ ئەیویست و ئەیەوێ ئەم تاقانەیە قەڵەوترو بەگوڕتر بێ. تەنیا بە (پەندی پێشینان) و بەعضێ قەصیدەی تر نەمانغافڵێنێ. چەند لاپەڕەیەکیش بۆ زادەی طەبع و قەڵەمی شاعیرو ئەدیبە ناسراوەکانمان جوێکاتەوە، چونکە بێدەنگی و کەنارەگیریی ئەمانە بۆ ئەدەبی کوردی ضەرەرێکی گەورەیەو حەیفە جارجار دەنگی بەزەمزەمەو ئاهەنگی " فائیق و سەلام و زێوەر" و ئەمثالیان نەگاتە گوێمان. زۆر ئیشتیاق و حورمەت بۆ باوکە کەبابخۆرەکەی.

[١] "ژین" (ڕۆژنامە)، ژ٨١٩، پێنجشەموو ٧ شباگ ١٩٤٦، ل٢.
ئەو ژمارەیە تایبەتە بەبۆنەی ڕۆژی بیستەم ساڵی"ژین"ـەوە. فایەق هۆشیار ئەو نامەیەی خوێندوەتەوە.

# ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە[1]

مـن ئـەم گۆڤـارە بـە جگەرگۆشـەیەکی خـۆمی ئـەزانم وە لـەو بـاوەڕەدام کـە بـۆ خزمـەتکردن بـە زمـانو ئـەدەبیاتی کـوردی هـیچ درێغییـەکی نـەبوە وە لـە حـاڵی حاضریشدا ئەوی کە بەدەستمانەوە بێو خەڵکی بیبینـێ هـەر ئەمەیـە. لەبـەر ئـەوە حەز ناکەم بە هیچ نەوع ناتەواوی ڕووی تێکا.

دەمێکـە مـن ئـەوەم وتـووە کـە زمانـە شـەرقیەکان بـە واسـیطەی عیلاقـەی دراوسێیەتییەوە هەموویان لە قسەو گفتوگۆدا لێکیـان وەرگرتـووەو تێکەڵاوی یـەك بوون، بەتایبەتی زمانی عەرەبی بەهۆی ئیسلامییەتەوە غەلەبەی بەسـەر هـەموویانا کـردووەو تێکـەڵاوی هـەموویان بـووە. تەماشـا ئەکـەی ئەمـە زمـانی تـورکی یـا فارسییە، چە لە ئەدەبیاتیانا چە لە قسەیانا بەلای کەمەوە سێیەکێکی عەرەبییە. ئەوەی لە هەموو کەمتر تێکەڵاوی بووبێ هەر ئەم زمانەی ئێمەیە.

وەکوو لە شوێنی خۆیا بەیانم کردووە، ئەو کەلیماتە عەرەبیانە کە لـە کوردیـدا موسـتەعمەلنو خـەڵکی ئـەیانڵێن، بـوون بـە مـاڵ بـۆ زمانەکـەمان، نـاتوانین ئێسـتە ئیسـتیغنایان لێبکـەین. نـاتوانین مەعنایـەکیان بێـنینو لـەفظـــێکی کـوردیی بـۆ دانێین، چونکە ئەمە وەقتێك ئەکرێ کە مەجمەعێکی لوغەوی ببێ، کۆببنـەوە وە بـە ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوی کەنەوە، هەتا لەپێشەوە خوێندەوارەکان پێیڕابێنو لەپاشـا بکەوێتە سەر زمانی عاممە.

ئەمێنێتـەوە سـەر شێوەی نووسین، من ئینکـاری ئـەوە ناکـەم ئـەم حەرفانـە کـە ئێمە ئێستە پێیان ئەنووسین ناتەواونو بەش ناکەن بۆ ئەو دەنگو مەخرەجانە کە لـە کوردیـدا هـەن. تـازە وا پێـوە بـووین، ناچـارین هەرچـۆنێ بـێ ئـەبێ لەگـەڵیا ڕێکـەوین تـاوەکوو حورووفـاتی لاتینـی قوبـووڵ ئـەکرێ. بـەڵام بـەو شـەرطـە هـەر لـەفظـــێکی ئەجنـەبی کەوتـە ناویـەوە بـە ئیملای خـۆی بنووسـرێو تێـك نـەدرێ، لەفظـێ کە کوردی بێ وا ئەم (و،ە،ی)یەی بۆ دانـراوە لـەباتی ئیعـراب ئیسـتیعمال ئەکرێ. بەڵام لەفظـێکی عەرەبی تۆ ناتوانی بەو شێوەیە بینووسی.

[1] لە ژمارە ٤ی ساڵی ٨ی ١٩٤٧ی گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاوبووەتەوە.

جاریٚ مەطبووعات وەکوو دەسنووس نییە، بڵاو ئەبێتەوەو خەڵکی بە واسیطەی ئەوەوە فێری خوێندنەوەو نووسین ئەبن. مەخصووصەن ئێمە کە مەطبووعاتمان کەمە ئولفەتمان لەگەڵ خوێندنەوەی کوردی زۆر کەمە، ضەروورییە شتێك کە چاپ کرا، ئەبیٚ بە نەوعیٚ بکریٚ زۆر بەئاسانی بخوێنرێتەوەو پیاو لیٚی تیٚبگا. لەبەرئەمە ئەو لەفظە عەرەبیە کە ئەکەوێتە کوردییەوە، ئەبیٚ هەر بە ئیملای خۆی بنووسریٚ، نابیٚ بڵێیت من بە چە شێوەیەك کوردیەکە ئەنووسم، هەر شێوەیەش عەرەبیەکە ئەنووسم، چونکە تۆ ئەو لەفظە عەرەبیە کە هێنات لەسەر ئیملای کوردی نووسیت، ئەو کەسە ئەیخوێنێتەوە، ئەگەر ئاگادار بیٚ لە خوێندنەوەی عەرەبی کتوپڕ ئەمەی بۆ ناخوێنرێتەوە. پێویستە وەختێکی تر صەرف کا بۆ خوێندنەوەی. ئەمەش، ئەگەر ئاگادار نەبیٚو تازە فێری خوێندنەوە ببی، ئەوا خراپتر سەری لیٚ تێکئەچیٚ، چونکە لەبەرئەوە زمانی عەرەبی زمانیٚئیسلامییە هیچ نەبیٚ قورئان هەر ئەخوێنیٚ. تەماشا ئەکا ئەو لەفظە کە بە ئیملای کوردی فێری بووە، غەیری ئەم لەفظەیە کە لێرەدا ئەوەندەی تر دوائەکەویٚ.

خولاصە لە تێکدانی لەفظی عەرەبی موشکیلێکی زۆر گەورە ڕوو ئەکاتە ئەو کەسانە کە تازە فێری خوێندنەوە ئەبن، چونکە بۆ تاقە لەفظێك ئەبیٚ دوو شکڵ فێر بین: شکڵێکیان بۆ کوردی یەکێکیشیان بۆ عەرەبی، ئێمە کە زۆر دواکەوتووین لە عیلما، پێویستە لەباتی ئەوە بۆ کەلیمەیەك دوو شکڵ فێر بین، دوو کەلیمە فێر بین چاکترە. دیسان بێجگە لەمەش هەم وەخت زۆرتر صەرف ئەکا وە هەم جێگەش زۆرتر ئەگریٚ.

ئێستە تۆ نظام بە نیظام، انتخاب بە ئینتیخاب، معتبر بە موعتەبەر، عثمان بە عوسمان ئەنووسیٚ. ئەمە چۆن ئەبیٚ ؟! ئەمە سەر لە پیاو تێك ئەداو خیلافی ئەمانەتی عیلمیشە، من لەسەر ئەوەم هەر لەفظێکی ئەجنەبی کەوتە نووسینی ئەم زمانەی ئێمەوە ئەبیٚ هەروەکوو خۆی بنووسریٚو دەسکاری نەکریٚ وەکوو پارلەمان شکڵی لاتینیەکەی Parliament بیٚ، ئیتر نابیٚ تێك بدریٚ. نەصیحەتێکی تریشم ئەمەیە:

بەعضـــێ کەلیماتی کوردی لەطەرەف هەندێ ئەشخاصەوە خەلق کراوە، وە ئەمانە بەشـی زۆری خوێنـدەوارەکان نـایزانن، وە لـەوەختی خوێندنەوەیـدا بـۆ دۆزینـەی مەعناکەی عەزیـەت ئەکێشن. ئیستیعمالی ئەمانەش جائیز نییە، وە تا مومکین بێ ئەبێ زۆر کەم ئیستیعمال بکرێن، چونکە ئەم کەلیماتانە بەنەظەر خالقەکەیەوە ڕەنگ بێ باش بن، بەلاّم لەلای هەموو کەس وانییە.

گۆڤاری گەلاوێژم دی ئەندامی لەباتی عوضوو ئیستیعمال کردووە. ئەمەش غەڵەطـێکی گەورەیە، چونکە ئەندام بە مەعنا بەدەنە وە دەلالەت لە عوضوێکی بەدەن ناکا. لەبەرئەوە جائیز نییە لەباتی عوضوو ئیستیعمال بکرێ. ئەمثالی ئەمەش زۆرە. ئومێد ئەکەم ئەم دوو نەصیحەتە ئەگرنە گوێ، چونکی بۆ فائیدەی زمانەکەو قومەکەمە.

# ئامۆژگاریمە بۆ نزار[1]

ڕۆڵـەی خۆشەویـست ! زۆر دەمێکـە کـە کـورد لـە باسـی سیاسـەتو نووسـینی مـەحرووم بوو، وا تـۆ ئـەمجارە بـە ئیـذنێکی حکوومی ئـەم ئیشەت گرتـە ئەستۆو هیوام وایە لە عۆدەتی دێیت. وەکوو من لێکی ئەدەمـەوە ئـەم ئەرکـە ئەوەنـدە گـران نییە ئەگەر بێتـو لـە لێکدانـەوەو نووسـیندا هەڵەشـەیی نەکـەیو هەدەفەکـەت تـەنیا چاکەی وڵاتو هاووڵاتـت بـێ. وە قـەت شـوێنە ئیفـراط و تـەفریـط مەکـەوە. وە لـە هەموو وەختێکدا موعتەدیل بە.

ئەم ڕێگەیە بگریتە پێش فائیدەی گەورەت دەس ئەکەوێ:

١- درێژیی عومرت.

٢- خزمەتی وڵاتو هاووڵاتیت.

بۆ هەدەفەکەت لە ڕێگەیەکی ڕاستەوە وە بە دڵو گیانێکی بەهێزەوە بڕۆ. غـەیری چاکیی نیشتمانو پێشکەوتنی مەبەستێکی تـرت نـەبێ. لـەپێش تـۆدا زۆر کـەسو زۆر جار بە فیکری خزمەت هاتنە مەیدانەوە وە زۆر هەوڵیان دا بەڵام نە خێریـان لێ دی وە نە کـەڵکی کەسیان گرت چونکە هـەوڵو ڕەنجیـان بـۆ خزمـەتی دڵسۆزانەی گـەل نـەبوو، هـەدەفی ڕاسـتەقینەیان یـا تـەئمینی نـەفعێکی خوصووصـی وەیـا خزمـەتی مەصـڵەحەتی غـەیرە بـوو. لەبـەر ئـەوە خـوا مووەفـەقی نـەکردنو لـەناو چوون. لە هەوڵو تەقەلاشیان جگە سووکیو ترۆییی خۆیانو ئێمە شتێکی کەیان لێ بەجێنەما.

کەوابوو زۆر پێویستە ئەمە بۆ تۆ ببێتـە دەرسێکو تـۆ خـۆتی لێ بپارێزی وە لەسـەر شـوێنێکی تـر بڕۆی. ئـەم شـوێنەش مەتـەڵێکی قـورس نییـە هـەڵهێنانی ئاسـانە، چـەوت مەبـە، شـوێن چـەوت مەکـەوەو خـۆتی لێ بپـارێزە. پێـشینان وتوویانـە: (( خـوا ڕاسـتەو ڕاستی خۆش ئەوێ )) ئەمە بکەرە بناغەی ئیشو کارت.

---

[1] "نزار" (گۆڤار)، بەغدا، ژ١، ٣٠ی مایسی ١٩٤٨، ل١٣.

بۆ ئەوە چەند کەسێکت لێ ڕاضی بێ مەکەوەرە ئیفراط و تەفریط. دائیمەن ڕووو لە ئیعتیدال بە. قەت بۆ تەفرەقەو دوژمنایەتی هەوڵ مەدە. هەمیشە هەوڵ بدە بۆ تەئییدی برایەتی و کوشتنی دوودڵی و دوژمنایەتی. بەم ڕەوشتە پشتی ئیستیعمارو دەستو پێوەندی ئەتوانی بشکێنی. لە غەیرەپەرستو عەبدی مەنفەعەت خۆت بپارێزە. قەت داوای خزمەتیان لێ مەکە. چونده موعاەنەتیان ظاهیری و بێفائیدەیە حەتتا زۆر جار ضەرەری لێ ئەبینی. ئەگەر بێتو ئەم ئامۆژگارییەی من بگریتە گوێو لەسەری بڕۆی ئومێدم هەیە کە خوانتەعالا لەگەڵت تووشی نوشستی نابی.

# دوا نامەی
# ئەمین زەکی بەگ بۆ پیرەمێرد[1]

**بەناوی خوا**

**بەغدا**

**٢٩ / ٦ / ٩٤٨**

**چرای ئەدەبی وڵاتەکەم !**

**کارتـە دڵبەرەکـەتم وەرگـرت . ئـای چـەند دڵـسۆزانە بـوو، چـاومی ڕوون کـردەوەو ژانـی پەنجەکـەمی شـکاند . بـەو هێـزە دەسـتم دایـە، ئـەم چـەند دێـڕەم نووسی . خۆزگە بمتوانیایە بە کوڵی دڵ تێر بنووسم . نـازانی چـەند ئاواتـەخوازی گفتوگۆم لەگـەڵ تـۆ . یـاخوا تـۆ هـەر بـژیت . ئەگـەر قیسمەت بێ، چـاومان بـە یـەك ئەکـەوێ . نـازانم تـا کـەی ( تـەپڵی تـۆپێن ) بـە بێـسارانیو وەلی دێوانـەو ئەمانـە ئەکـەی . سـەرم وا لێ تێـك چـووە، فـەرقی وتـاری ئێـوەو ئـەوان ناکـەم . ڕەنگـە ئەوانیش زیندوو بوونایە، وا بوونایە . هەر خۆش بە مامۆستا .**

**محەمەدئەمین زەکی**

[1] "ژین" (ڕۆژنامە)، ژ٩٢٨، پێنجشەموو ٢٩ی تەمووزی ١٩٤٨، ل١.

# پاشكۆ

**یادی کۆچی ئەمین زەکی**

لەسەر ئەرکی عەلائەددین سەجادی لەچاپ دراوە

١٣٦٨، هـ ـ ١٩٤٨، م

# سەرەتا

(( ئەمین زەکی بەگ تاقە کەسێك بوو کە ئێمە لەناو عالەمی عیلمو تەئریخو ئەدەبدا پێوەی بنازین، مردنەکەی زیانێکی وابوو کە پڕ نەکرێتەوە. بەلاّم مردن هیچی لەگەڵ ناکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا قەومەکەی ئەویان لەبیر نەچوەوە هاتن لە ڕۆژی ٢٦/٨/١٩٤٨دا لە شاری سولەیمانی کۆبوونەوەیەکی یادئاوەرییان بۆ کرد، پیاوانی کوردو عەرەب چە بە خۆیان چە بە نووسینیان حازری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

لەبەر ئەوە ئێمەش وەکوو قەومەکانی تر پیاوە تاریخیەکانمان هەموودەم لەبەر چاو و لە گۆشەی دڵمانا بێت وا ئەو وتارانە کە لەوێدا خوێنراوەتەوە بە سەرگوزشتی شەخصیی خۆیەوە لەم نامیلکە تایبەتیەدا چاپ ئەکەین و خۆمان ئەخەینەوە بیری ئەمین زەکی: بۆ ئەوە بزانی کە لەبیرمان نەچوەتەوە. جا لەپێشەوە ئەمە سەرگوزەشتەکەیەتی )):

کوڕی حاجی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەحموودە، لە دانیشتوانی گەڕەکی (گوێژە)یە کە گەڕەکی ڕۆژهەلاّتی شاری سلێمانیە. لە ساڵی ١٨٨٠م لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، لە حوجرەی مەلا عەزیز فێری خوێندنی دەرسی فارسیو نووسین بووە، لە ١٨٩٢دا چۆتە مەکتەبی ئیبتیدائیی ڕەسمییەوە، لەپاش ساڵێك چۆتە پۆلی دووهەمی مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەرییەوە. کە پۆلەکانی ئەو مەکتەبە تەواو ئەکا لە بەغدا لە ١٨٩٦دا ئەچێتە مەکتەبی ئەعدادیەی عەسکەرییەوە، ٣ ساڵ لەوێ ئەمێنێتەوە، ئینجا ئەچێتە مەکتەبی حەربییەی ئەستەموول. لەوێشەوە ئەچێتە مەکتەبی ئەرکان بە ڕوتبەی ڕەئیس مومتاز لە مەکتەب دەرئەچێ. لە ١٩٠٢دا لە لەشکری شەشەمین لە بەغدا دانرا، لە ١٩٠٣ نەقلی خزمەتی کرا بۆ ( ئیدارەی ئەملاکی سنییە)و کرا بە موهەندیس، تا ئیعلانی دەستووری لەوشوێنە مایەوە.

ئینجا بەهۆی داواکردنی خۆیەوە نەقڵ کرا بۆ لەشکری دووهەم کە شوێنی ئەم لەشکرە لە (ئەدرنە) بوو. لەوێوە چوو بۆ ئەستەمووڵ، کرا بە ئەندامی کۆمەڵی (خەرائیط) کە ئەمیرلیوا "شەوقی پاشا" سەرکردەی ئەو کۆمەڵە بووە. لە ١٩٠٧دا دەستیان کرد بە خەریتەگرتنی ئەستەمووڵ و دەوروبەری، لە ١٩٠٨ دا کرا بە ئەندامی کۆمەڵی دیاریکەری سنووری تورکیا و بولغاریا، کۆمەڵێکیش لە ناوچەی قەفقاسیا وە دانرا بۆ دیاریکردنی سنووری تورکیاو ڕووسیا. لەپاش دوو ساڵ بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیش. کە ئاگری شەڕی باڵقان هەڵگیرسا لەسەر داواکردنی خۆی لە ١٩١٢ لە لەشکری پێنجەم لە جەبهەی (چەتاڵجە) کرا بە دووهەمین ئەرکانی حەرب، لە ١٩١٣ لەگەڵ بڕێ لە زابتانا بۆ جێبەجێکردنی هەندێ ئیشی عەسکەری نێررا بۆ فەڕانسە، نزیکەی ساڵێك لە شارە گەورەکانی فەڕانسەدا مایەوە، لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەمووڵ لە شوعبەی فەننیی لەوازیماتی عومومییە دامەزرا.

کە چەند مانگێکی پێ‌چوو نەقڵ کرا بۆ شوعبەی یەکەمی ئەرکان. لە ١٩١٤بۆ جاری دووهەم کرایەوە بە ئەندامی کۆمەڵی دیاریکەری سنووری ڕووسیا. لەپاش جێبەجێکردنی ئیش لەگەڵ ئەم کۆمەڵە لە شاری (بایەزید)ەوە چوون بۆ (تفلیس). ئینجا دەوڵەتی ڕووس بۆ گەڕانەوەیان بۆ تورکیا لەڕێگەی (باکۆ، ڕۆستۆف، مۆسکۆ، پیترۆغراد، فینلاند و سوید)ەوە مووافەقەی کرد، لە ئاخری تشرینی دووهەمی ١٩١٤ لە تفلیس ڕێ کەوت، لە کانوونی یەکەمی عەینی ساڵدا لەپاش گێرەوکێشەیەکی زۆر هاتەوە بۆ ئەستەمووڵ، زۆری پێ‌نەچوو لە قولئۆردووی یەکەمدا کرا بە ئەرکانی حەرب، ماوەیەکی باش لەم ئیشەدا مایەوە، ئینجا لەسەر داواکردنی مارشاڵ "فۆندەر غۆڵتس" هەتا سێ مانگ لە (ئیستفانۆس)دا ئیشتیراکی دەورەی طەیرانی کرد، لە ساڵی دووهەمی شەڕی گەورە لە ئەیلوولی ١٩١٥ کرا بە موقەددم نێررا بۆ ئەرکانی حەربییەی لەشکر لە شوێنی عیراقدا، لە دووی تشرینی دووهەمی عەینی ساڵدا گەیشتە ناو لەشکرەکە کە شوێنی لە (سەلمان پاك) بوو، لە ٨ی تشرینی دووهەمی ١٩١٥ بە ئەمری ڕەئیسی ئەرکانی عوموومی داخڵی پۆلی ئەرکان بوو، وەظیفەی مودیری

حەرەكاتی درایە، كە لەشكری شەشەم لە عیراق لەژێر فەرماندەی "خەلیل پاشا"دا پێك هات كرا بە مودیری شوعبەی ئیستیخبارات، كە بەغدا سوقووطی كرد لەگەڵ لەشكرەكە گەڕایەوە بۆ مووصڵ، زۆری پێنەچوو چووەوە بۆ ئەستەمووڵ.

لە یەكی تەمووزی ۱۹۱۷ لەسەر داواكردنی فەرمانـدەی حەوتـەم ئـەتاتورك "مـصطەفا كـەمال پاشـا" بـوو بـە موعـاوینی ڕەئیـسی ئـەركانی ئـەم لەشكرە، لـە ئەستەمووڵ داخڵی لەشكر بوو. ئینجا چوون بۆ (حەڵەب)، كە مصطەفا كـەمال پاشا لە فەرماندەی لەشكری حەوتەم لاچوو، فەوزی پاشا "فەوزی چەقماق" بوو بـە فەرمانـدە، لەگـەڵ ئـەم لەشكرە چوو بـۆ فەڵـەسطین. لـە ۲۸ی تـشرینی یەكـەمی ۱۹۱۷حازری جەبهەی شەڕی (خلیل الرحمن، قدس، نـابلس) بـوو تـا ۱٥ ئـەیلوولی ۱۹۱۸ لــەم ناوچــەیەدا مایــەوە. ئینجـا نێــررا بــۆ لەشــكری ســێهەم لــە قــۆڵی قەفقاسـیاوە، لـە ۲۰ تـشرینی یەكەمـدا لـەپاش ڕێكـەوتن لـە ئەسـتەمووڵ داخڵـی لەشكرەكە بوو، هەر لە ئاخری ئەم ساڵەدا نەقڵ كرا بۆ شوعبەی (تاریخ الحرب) تا ناوەڕاستی حوزەیرانی ۱۹۲٤ لەم شوعبەدا مایەوە.

ئینجا لە ۲٤ تەمووزی ۱۹۲٤دا هاتـەوە بـۆ عیراق، لەپاش چەند ڕۆژێك بوو بە مامۆستای مەكتەبی عەسكەرییە، ئیمتیحانی دا چووە لەشكری عیراقەوەو بوو بە ئامر لە فەوجی شەشەمدا، هەر لە ئاخری ئەم سـاڵەدا لـە (مەكتـەبی عەسـكەرییە و دار التدریب) كرا بە ئامر. لە تەمووزی ۱۹۲٥دا لـە لەشكر دەرچوو بـوو بـە نـائیبی لیـوای سـلێمانی، لـە ئاغـستۆسی ئەوسـاڵەدا عەسـكەرییە وەریگرتـەوەو كـرا بـە عەقیـد، ئینجـا لـە ۲٤ تـشرینی دووهـەمی۱۹۲٥دا بـوو بـە وەزیـری ( ئەشـغاڵو مـوواصـەلات) لـە دەورەی ڕەئیـسول وزەرای عەبدولموحـسین بـەگ سـەعدوونو جەعفـەر پاشـای عەسـكەریدا وەزارەتـی نـاوبراوی بەدەسـتەوە بـوو، لـە ٦ی ئاغـستۆسی ۱۹۲۷دا كـرا بـە وەزیـری مـەعاریف، لـە ۱۸ی كـانوونی دووهـەمی ۱۹۲۸دا بـەهۆی تێكـچوونی وەزارەتـەوە ئـەمیش لـە وەزارەتـی مـەعاریف نـەما، لەپاش چوار مانگ دیسان بووەوە بە نائیبی لیوای سلێمانی، لە ۲۸ی نیسانی ۱۹۲۹دا كرا بە وەزیری جەنگ.

ئینجا لە جاری دووهەمی ڕەئیسول وزەرای عەبدولموحسین سەعدووندا لە ١٩ی ئەیلوولی عەینی ساڵدا بووەوە بە وەزیری ئەشغاڵو مواصەلات، دیسان بەهۆی خۆکوشتنی ڕەئیسول وزەرا عەبدولموحسین سەعدوونەوە لە ١٤ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٩ لە وەزارەت لاچووەوە، لەپاش چوار ڕۆژ بۆ جاری چوارەم کرایەوە بە وەزیر لە عەینی وەزارتدا، لە ٢٢ی مارتی ١٩٣٠دا خۆی لێ کشاندەوە، لە٢ی تەمووزی ١٩٣١دا لە دەورەی جاری یەکەمی ڕەئیسول وزەراییی نووری سەعید پاشادا بوو بە وەزیری ئیقتیصادو مواصەلات لەم بەینەدا بەهۆی تێکچوونی وەزارەتەوە لە وەزارەت هاتەدەرەوە، کە نووری سەعید پاشا بووەوە بە ڕەئیسول وزەرا ئەمیش کرایەوە بە وەزیر لە شوێنەکەی خۆیدا، لە دووی تشرینی دووهەمی ١٩٣٢دا لە وەزارەت هاتە دەرەوە، لە ٢٥ی مارتی ١٩٣٣دا بوو بە مودیر عامی وەزارەتی ئیقتیصادو مواصەلات، لە ١٢ی ئەیلوولی عەینی ساڵدا بە موددەیەکی کەم کرا بە مودیر عامی (دائیرەی ڕەی) دیسانەوە لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٤دا کرایەوە بە مودیر عامی وەزارەتی ئیقتیصادو مواصەلات.

لە ٣ی مارتی ١٩٣٥دا لە دەورەی جاری سێهەمی ڕەئیسول وزەراییی جەمیل مەدفعیدا بووەوە بە وەزیری ئیقتیصادو مواصەلات، لە ١٦ی ئازاری عەینی ساڵدا بەهۆی تێکچوونی وەزارەتەوە لە وەزارەت کشایەوە، هەر لەم تەئریخە لە دەورەی جاری سێهەمی ڕەئیسول وزەراییی یاسین هاشمیدا هەشتەمین جار کرایەوە بە وەزیری ئیقتیصادو مواصەلات. لەم کاتەدا هەندێ حەرەکاتی عەسکەری بوو بەهۆی تێکچوونی وەزارەت. لە ٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٣٧دا بووەوە بە نائیبی لیوای سلێمانی، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٠دا کرایەوە بە وەزیری ئەشغاڵو مواصەلات، لە ٣١ی مارتی عەینی ساڵدا کرا بە وەزیری ئیقتیصاد، لە ١٠ی تشرینی دووهەمی ١٩٤١دا بۆ جاری دەهەمین کرایەوە بە وەزیری مواصەلاتو ئەشغاڵ. لەم وەختەدا تووشی نەخۆشیی ڕۆماتیزم هات بەهۆی تەداویکردنو نەتوانینی جێبەجێکردنی فەرمانی وەزارەتەوە لەپاش ٣ مانگ لە١٠ی شوباتی ١٩٤٢دا لە وەزارەت ئیستیقالەی کرد. لە وەختە بەدواوە لە مەجلیسی شوییوخی عیراقدا تا دوا هەناسەی کۆچکردن (ئەعیان) بوو، لە تەمەنی (٦٨) ساڵیدا لە شاری سولەیمانی مردو لە گردی (سەیوان) لەتەنیشت گۆڕەکەی " مصطەفا پاشا"وە نێژرا.

**ئەمین زەکیی عالم:**

خاوەنی تەرجەمە هەر لە دەوری منداڵییەوە سەودای لەگەڵ شتی تەئریخیو ئاساری کۆندا بووە، زۆرتر وەختی بە شانامەو کتێبو ئەشعاری تاریخەوە ڕابواردووە، یەکەم جار بەناوی تاریخەوە بڕە شیعرێکی لاوانەوەی بۆ کوژرانی "سەیید طەهای بەرزنجی" داناوە، لە ڕوشدییە عەسکەری لە ١٨٩٢دا بڕە شیعرێکی تری وتووە، سێهەمین قەسیدەی لە ئەعدادیەی عەسکەرییە لە بەغدا لە ساڵی ١٨٩٧دا وتووە.

لەپاش دەرچوونی لە مەدرەسەی ئەرکان هەوای ئاساری عەسکەریو تەئریخی بەتەواوی کەوتۆتە سەر، زۆر جار لەبابەت ئاساری عەسکەرییەوە لە ئەستەموول لە ڕۆژنامەی "طەنین"و"تصویر الافکار"دا نووسینی بڵاوکراوەتەوە، لە ڕۆژنامەی "وەقت"یشدا لە ئەستەموول وەزیفەی نووسەری عەسکەریی گرتۆتە دەست. وردە وردە وای لێ هات بە عالمێکی قەدیرو شەخسێکی نایاب ناسرابوو، بەهرەیەکی زۆری لە عولوومی عەرەبی، فارسی، تورکی وەرگرتبوو، شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی ڕۆژاوادا وەکوو ئینگلیزیو فەڕەنسی هەبوو، بۆ زۆر شتی عیلمیو تەئریخی مەرجەعی لێپرسینەوە بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ عولەما، ئودەباو شوعەرا بۆ وەرگرتنی مەعلوومات ڕوویان تێئەکرد، زۆرتر مەجلیسی بە قسەکردنی عیلمی ئەبڕایەوە، لەناو کۆمەڵی ئودەباشدا بە گوڵدەستەی ئەدیبو شاعیرەکان ئەژمێررا. پیاوێکی هێمن، لەسەرخۆ، ڕووخۆشو دڵنەرم بوو، بە ئیشکردن زۆر حەزی بە خزمەتی قەومەکەی ئەکرد. تەئلیفاتی لەکاتێکا کە لە لەشکری عوسمانلی ئیش بەدەست بوو ئەمانەی خوارەوەیە: -

١- عثمانلی اردوسی، چاپی بەغدا ساڵی ١٣٢٤ی هیجری.

٢- عثمانلی اسفاری حقندە تدقیقات . چاپی ئەستەموول ساڵی ١٣٣٦ی هیجری.

٣- عراقی نصل غائب ایتدك. چاپی ئەستەموول ساڵی ١٣٣٦ی هیجری.

٤- عراقی سفری، الرمز. چاپی ئەستەموول ساڵی ١٣٣٦ی هیجری.

٥- حرب عمومیە عثمانلی جبهەلری وقایعی. چاپی ئەستەموول ساڵی ١٣٣٧ی هیجری.

٦- سلمان پاك میدان محاربەسی و ذیلی. چاپی ئەستەموول ساڵی ( ١٣٣٨)ی هیجری.

٧ـ بغداد وصول حادثه ضياعى. چاپى ئەستەموولْ سالْى ١٣٣٨ى هيجرى.

٨ـ عراق تأريخى، هەندێكى لێ چاپ كراوە. چاپى ئەستەموولْ سالْى ١٣٣٨ى هيجرى.

چەند كتێبێكى تريشى بووە هێشتا لەچاپ نەدراون.

## ئەمين زەكيى موئەرريخ:

كە ئەلْێين موئەرريخ مەبەستمان پێ عالەمى كوردييە، ديارە ئەمە پێويستە بە شارەزايىيەكى زۆر لە گەلێ تەواريخى بێگانەدا.

ئەم قەومى كوردە لە كونو قوشبنى تەئريخدا گەلێ ناوو نيشانى لێوە ئەوترێ بەلْام سا، لەبەر هەرشتێك بووە كتێبێكى تايبەتى كە بەناوى خۆيەوە بێ بۆى رێ نەكەوتووە كە نووسرابێتەوە. يەكەمين كەس كە پێى هاويشتە ئەم مەيدانە "ئەمير شەرەفەددين"ى بتليسى بوو كە لە (١٠٠٥) ى هيجريدا كتێبى (شەرەفنامە)ى بە زمانى فارسى لە تەئريخى كورددا نووسى. ئيتر هەر ئەوە بوو هيچى كەى لەلايەن كەسى كەوە بەشوێنا نەهات، كتوپڕ لە ١٩٣١ى م دا ئەم ئەمين زەكيى موئەرريخە بوو بە خاوەنى كتێبى (خولاْصەيەكى تەئريخى كوردو كوردستان). كە بە دانانى ئەم كتێبە لە دەورەى كاربەدەستيدا لە دەولْەتى عيراق ئاسارى مردوانى كوردوستانى زيندوو كردەوە وە سەرچاوەى مێژووى نەژادى كوردى ژياندەوە، بەرگى يەكەميان لە سالْى ١٩٣٢دا لە بەغدا وە دووهەميان لە ١٩٣٧دا هەر لە بەغدا لەچاپ دراوە، هەردوو جلْدەكە لەلايەن مامۆستا "محەمەدعەلى عەونى" موتەرجيمى بيلاطى ميصر كراوە بە عەرەبى، يەكەميان لە سالْى ١٩٣٩، دووهەميان لە ١٩٤٨هەر لەوێ لەچاپ دراوە.

هەروەها لەم دەورەى دواييەشدا كتێبى ( مشاهير الكرد)ى بە زمانى كوردى لە دوو بەرگا دانا، "سانيحە"ى كچى كردنى بە عەرەبى، يەكەميان لە بەغدا لە سالْى ١٩٤٥دا وە دوومبان لە ميسر لە سالى ١٩٤٧دا بە هەندێ دەستكاريى مامۆستا محەمەدعەلى عەونييەوە لەچاپ دراون، ديسان تەئريخى ليواى سولەيمانى بە زمانى كوردى لە ئاسارى ئەم زاتەيە كە بنجو بناوانى شارى سولەيمانى ڕوون ئەكاتەوە، لە سالْى ١٩٣٧دا لە بەغدا لەچاپ دراوە.

**ئەمین زەکیی سیاسی:**

ژیـانی سیاسـی ژیـانێکی تایبەتییـە، بیریکـی ورد، سەرڕوشـتەیەکی تـەواو، تێفکرینێکـی قـووڵی ئـەوێ، تەبیعـەتی شـەعب و ئیقتیـسادییاتی مەملەکـەت بەشـێکی زۆری هەیـە لـە ڕاگرتنـی نەفسییەتی کەسێکا کـە ژیـانی لەگـەڵ سیاسـەتا تێکـەڵاو بێـت، چـونکە عالـەمی سیاسـەت ئەگـەر پیـاو بـەوردیو ئامـادەیی خـۆی تێنـەخا زوو ئەیـدا بەزەویـدا، یـا ئەگـەر زۆر زۆر پیـاوەتیی لەگـەڵ بکـا ڕۆژێ ئەیباتـە ئاسمـانی بـەرزی ڕۆژی ئەیخاتە ئەرزی ناهومێدی.

لێـرەدا ئەگـەر ژیـانی محەمەدئـەمین زەکـی بخوێنینـەوە بـەرزیو نزمیـی لـە عالـەمی سیاسـەتا بۆمـان دەرئەکـەوێو وەسـتایەتیی لەومەیدانـەدا ئاشـکرا ئـەبێ، چـونکە لەوڕۆژەوە کە لە مەکتەبی ئەرکان دەرچوو تا ئەوڕۆژە کە بە (ئەعیان)ی چووە مەجلیسی شـویووخی عیراقییـەوە بـە هـەزاران پێپلیکانـەی سیاسـەتدا سـەروخواری کـردووە لـە هەموو پلەیەکدا پەردەیەکی سـەرکەوتنی بۆ خۆی پیشان ئەدا، لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەڵ هـەمووجۆرە پیـاوانێکی سیاسـی عەسـکەریو ئیـداریی گـەورە گـەورەی نـاوخۆیی و بێگانـەدا هەڵسوکەوتی کردبـوو وە ڕەوشـت و تەمـەع و سیاسـەتی ئەمانـە هەریەکـە لـە سازیێ لێی داوە ئەم پیاوە تـەوازونی ئەمانـەی هـەموو بـەڕێوە بردووەو نەیکردۆتـە کارێ ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەری بووە لێی تێك بچێت.

دیـسان ئـەو لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کـە لـە عالـەمی سیاسـەتدا نـابێ توندوتیـژی بنوێنرێ لەبەرئەوە لە هەموو مەیدانێکی سیاسیدا بە هێمنی ئەهاتە پێشەوە، لە پایـەی یەکـەما خـۆی بـە کـورد ئـەزانی لـە هـی دووهـەما بـە عیراقی، هـەرکاتێ کـە بچوایەتە نـاو ئیشەوە لەبەرئەوە کورد لـە عیراقا هـەبوو، لەڕێگەی گشتییەوە زووتـر ئەیویـست خزمـەت بە کورد بکا.

لەبـەر ئـەو ڕێگـە هێمنـە تایبەتییـەی لـە سیاسـەتدا مەرکـەزێکی لـەو عالەمـەدا هـەبوو پیـاوانی سیاسـی گـەلێ جار ڕاوێـژیان پێئـەکرد، پیاوە بـەرزەکانی دەرەوە لـە هـەر تیرەو تایفەیەك ببوونایە کە ئەهاتنە عیراقەوە هاتوچۆیان لەگەڵ ئەکرد، زۆرتـر فیکری خـۆی بـە سیاسەتی ناوەوە خەریك ئەکرد. دیسان ئەیتوانی بە سیحری بـەیانی بـەپێی عەقڵییـەتی گـەنجێك ئەگـەر گـەنج بوایـە وە پیرێـك ئەگـەر پـیر بوایـە ئـەو ئیـشە کـە داوای لێ ئـەکرا جێبەجێ بکاو نەیەڵێ دڵڕەنجاندنی تێدا ڕووبدا.

**عەلائەددین سەجادی**

## وتاری مەعالی مامۆستا
## تۆفیق وەهبی بەگ

شەپازلەییێکی دێو ـ دەستی لەپڕێکا درا بە بناگوێما، کاسی کردم، ئەمین زەکی بەگ مرد! دەنگی (مرد!) دەنگێکی داچڵەکێنەرە، لەمە نەفرینتر دەنگ نییە بۆ گوێی پیاو، بەڵام ئەو پەیامەی ئەم دەنگە دای بە بناگوێی منا پەیامی کارەساتێکی قورس بوو، پەیامی کارەساتێکی زۆر قورسی گشتی.

((ئەمین زەکی بەگ مرد!)) ئەوەی ئەگەیاند کە تانجەرۆی زانستی سەدەی بیستەممان وشك بوو، تانجەرۆیەکی زانست کە هەموو بستێکی خاکەکەمان بەراوی بوو.چەند ساڵێ بوو، ئەژدەهایێ خۆی گیرکردبوو لەم چەمەدا، ئەژدەهای نەخۆشی.

ئاوی بەخوڕ خۆی گەڵێ جەنگی بەرامبەر بە ئەژدەهاکە، درێغا، چاری نەبوو، فەرەیدوون نەگەیشت بە فریای ئاوو بەراوا، ئەوەتا، سەرزەویمان وشك بوو.

ئەمین زەکی بەگ لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەندە ساڵ بوو، لە زۆرانا بوو لەگەڵ نەخۆشیەکەی، وە ڕۆژبەڕۆژ زەبوونتر ئەبوو بەدەسیەوە، بەڵام گیانی بەهادەری، بۆ کاتێك سستو بێهیوا نەبوو.

ئەو چەمە بەخوڕە هەتا ئەوکاتەی کوتوپڕ وشك بوو، هەر بەگوڕ بوو، هەر بەفەڕ بوو. ئەمین زەکی بەگ بەڕاستی سروشتی هەنگی هەبوو، بێسرەوتن لەکارا بوو، کاری ڕێکوپێكو زانستی بوو.

یەك هەنگ نەبوو، کوورەیێ بوو، کوورەیێکی بەپیتو بەرەکەت بوو. نەء هەنگ نەبوو، هەنگ ڕقی هەڵئەسێ، بە پیاوەوە ئەدا ئەو هەرگیز ڕقی هەڵنەئەسا، کینی نەبوو.

هەنگوینی شیرینی هەنگ ئەخورێو ئەبڕێتەوە، کەوسەری ئەو نابڕێتەوە، کردەوە زانستیەکانی ئەو ئێمە لێرە پشتاوپشت لێی بەرخۆر ئەبین، خۆیشی لە پاداشتی ئەمەدا ناوی لە گێتیدا نەمر، وە ڕەوانی لە بەهەشتدا کەوسەرنۆشە.

**سەرچاوەی ئەم تانجەرۆی زانستییە سلێمانیە، سلێمانی پێیەوە ئەنازێ، کورد پێیەوە ئەنازێ، عیراق پێیەوە ئەنازێ.**

**ئێستا ڕوو ئەکەمە ڕۆڵەکانی ئەمڕۆ،**

**ئەی لاوینە،**

**بیرەوەرەیی پیاوی گەورەو ستایشی کردەوەی بەرزو بەکەڵکیان بە زمانێکی پەسەندکارییەوە، هەرچەندە ئەرکێکی سپاسبژێرییە، بەڵام پتری بۆ ئامۆژگاریی ئێوەیە. ژیانی زانستیی پیاوی گەورەی نەتەوەیەك وێنەیە بۆ لاوەکانی کە لاساییی بکەنەوە.**

**وتم، ئەمین زەکی بەگ پرشنگی سلێمانیە، ڕۆڵەی کوردە، وە پێگەیشتووی عیراقە، بەڵام ئەبێ بزانی کە ئەمین زەکی بەگ بە سروشتی مەزن، بە ڕەوشتی پاك، بە کردەوەی چاك، وە بە تێکۆشینی بێوچان توانیی پیاڵەیێکی زانستیان بۆ تێبکا.**

**تێکۆشینی زانستیی ئەمین زەکی بەگ وێنەیە بۆ ئێوە، کردەوەی زانستیی ئەمین زەکی بەگ دەستووری کردارتانە، لەسەری بڕۆن. چاك بزانن کە نەتەوەییێك لاوەکانی، لە تێکۆشیندا بۆ زانست، چاو لە زانا گەورەکانی نەکا، بەشی بەشبڕاوییە.**

**تۆفیق وەهبی**

## وتاری سەعادەت
## مەعرووف جیاووك بەگ

ئەڵێن ئەمین زەكی بەگ مرد..

من ئەڵێم ئەمین زەكی بەگ نەمردوە، نەوەكا هەر من، هەموو كوردێك، هەموو كەسێك ئەوی ناسیبێتن ئەڵێت نەمردوە، تا دنیا دنیا بێت ناوی بڵندی ئەو زاتە دەنگ ئەداتەوە وە لە هەناوی هەر كوردێكی نیشتمانپەرستدا جێگیرە، ئەم ناوە موبارەكە بەڵێ چونكە ناوی محەمەدئەمین زەكی هەم مەمدووح وە هەم ئەمین وە هەم زیرەك وە پاكە لەبیرناچێ.

كە یادكرا واجیبە لەسەر هەموو كوردێك سەری حورمەتو تەقدیری بۆ كەچ بكا، دانەوێنێ، كورد مەدیوونی سوپاسو شوكرانەی ئەوە، بە تیشكە تیشكی هەتاوی ئەثەری، ئەو ئەثەری قیمەتدارەی (تەئریخی كوردو كوردستان) ظوڵمەت وە تاریكیی كوردستانی لابرد، تەئریخی عالەمی ڕووناك كردەوە، مەوقیعێكی موهیممی بۆ كورد ئەقوام دامەزراند، سەری هەموو كوردێكی بەرز وە بڵند كردەوە وە ناوی كوردی لە گۆڕی دووهەزار ساڵەی فەرامۆشی ڕزگار كرد وە گیانێكی نوێو تازەی پێبەخشی، هەیهات كە دایكی وەتەن، ڕۆڵەیەكی نازدارو قیمەتداری وا بەم زوانە بێنێ، وە خوصووصەن لەم عەصری دەیجوورە، لەم زەدوخوردی ئەقوامی زەبەردەستانە، كێ ئەتوانێ دەم بكاتەوە، كێ ئەتوانێ كامەران بێ، كێ ئەتوانێ نەشرو حەشری میللەتی نیشتمانی خۆی بكا ؟ ئەوە ئەمین زەكی بە شەجاعەتێكی كوردانەو ئازاییەكی مەردانەوە هاتە مەیدان وە تەئریخێكی كوردیی موهیممی بەكارهانی، لەبەرئەمە ناوی ئەمین زەكی ژیاوەو ئەژی...

زۆرمان لەم بابەتەوە هەولمان دا لێی دواین بەڵام هیچمان نەكرد ئینكار ناكرێ كە هەندێ لە ئودەباو شوعەرای كورد، لاوانو گەنجانی كورد بە ڕۆحێكی وەتەنپەروەرانەوە جووڵانەوە، ئینتیباهێكی عموومییان بڵاوكردەوە شوعوورێكی

قەومیو حیسسیساتێکی عالییان لە مێشکو هەناوی میللەتیان چاندو تەثبیت کرد بۆشك ئەم زاتانەش مووقەددەسن، ناویان لە تەئریخی کورد بە ئاوی زێڕ ئەنووسرێ وە نووسراوە. بەلاّم ئەمین زەکی بەگ مەقامێکی موهیمم و بڵندی لەناو ئاسمانی ئەم زاتانەدا داگیرکرد، وەکوو مانگ ئەستێرەی لەدەور ئەدرەوشایەوە لەبەرئەوە ئەمین زەکی نەمردوە، بەڵێ ڕاستە ئەندامی جەسەدی فانیی موبارەکی چووە مەقامی ئەبەدی، پێکەنین وە قسەی خۆشو سوحبەتو مەناظیری لێمان برا، بەلاّم گیانی پاکی لە ئاسمانی کوردستاندا ئەسووڕێتەوە وە سەرنجی کاروبارمان ئەدا..

ئاه چە سوود ! ئەو بە حەسرەتی وەتەنو میللەتەوە سەری نایەوە، زۆر ئارەزووی ئەکرد بەچاوی خۆی هەتاوی ئاسمانی ببینێ کە کراسی زێڕینی دایکی وەتەن بە هەتاوی ئەو ئاسمانە درەوشابێیەوە..

ئەمما چە سوود ! ناڵەی مەظلوومانی کورد، فرمێسکی خوێنی غەریبانی کورد ئەو زاتە گەورەیەی گریاند، بە ئاه و داخەوە بردیە گۆڕ چونکە تەرازووی عەدالەت بەیداخی حەقی هێشتا لە ئاسمانایە، لە دونیادا نییە، ئەوی ئەڵێت هەیە درۆ ئەکا، لە دەستووری سیاسەت ناوی عەدالەت، حەقی حەیات نەنووسراوە، قووەت، ظولم ئیش ئەکا، ئەوە فەڵەسطین لەپێش چاومانە ئەو ظولمە، کە لەحەقی فەڵەسطین کراوە لە تەئریخی عەصری حازردا هەر بە ئێمە کراوە!..

نەختێ لە مەوضووع دەرچووم، بگەڕێمەوە، بەڵێ ڕووحی ئەمین زەکی بەگ خزمەتی ئەوێت، خزمەتیش بە عیلمو ئیتتیفاقو ئەخلاق ئەبێ لەدووی ئەم سێ شتەش بگەڕێن، بیدۆزینەوە.

ئەمین زەکی بەگ نەك تەنها هەر موئەرریخ بوو، کاتب بوو، ئەدیب بوو، شاعیر بوو، عەسکەر بوو، سیاسی بوو، عیلمو ئەخلاقی بە مەزایای عالیەی، بە حیسسییاتی ئینسانپەروەریی، بەرزیو، شەرەفو مەقامێکی گەورەی هەبوو، لەچاو ئەمانەدا وەزارەت، وەظیفە، ڕوتبە، مەوضووعی بەحث نییە، ئەو ئەوانەشی ئیحراز کردبوو.

وەضعو زەمان موساعید بوایە موحەقەق ئیشێکی زۆر گەورەی بۆمان ئەکرد، بەلاّم لەبەینی چوار دیواری بەغدا بێ دەستگیرو ظەهیر، میللەتێکی پەرێشان، نیشتمانێکی پارچەکراو چی ئەتوانێ بکات.

**کەوابوو دەست هەڵبڕین‌و دوعا بکەین، بەشکم درووودو سرووودمان بگاتە پایەی عەرشی خواو بە لوطفی خۆی دەستگیریمان بکا، وە فاتیحەیەکیش بۆ ڕووحی ئەمین زەکی بەگ‌و پیاوانی چاکی کورد بە زمانێکی ڕاست‌و دڵێکی پاک بخوێنین.**

**مەعرووف جیاووک**
**٢١ـ ٨ـ ٤٨**

## وتاری ماموستا شێخ محەمەدی خاڵ
## قاضیی سلێمانی

### مەرگی ئەمین زەکی

ئیمڕۆ زمانم لاڵو قەڵەم کولە، لە هەموو باسێکدا، تەنیا لە باسی مەرگی ئەمین زەکیدا نەبێت، چونکە نووسین ئیلهامێکە لە نووسەر (کاتب)ەوە بۆ سەر نووکی قەڵەمەکەی، ئینجا ئەگەر نووسەر کەیفخۆش بوو، ئەوا قەڵەمەکەی ئەکەوێتە سەماو گۆرانی وتن، وە ئەگەر دڵتەنگ بوو، ئەوا قەڵەمەکەی دەست ئەکا بە شیوەنو گریانو فرمێسک هەڵڕشتن، زۆر خەفەتبارم کە تا دوێنێ بوو شانازیمان ئەکرد بە ئەمین زەکیو بە گەورە ناومان ئەبرد، وە گوێمان لە قسە بەرزە بەنرخەکانی ئەگرت، کەچی ئیمڕۆ شینی بۆ ئەکەینو بۆی ئەلاوێنینەوە.

بەڵام جیهان هەروا بێوەفاو بێبەقایە، وەك نەقشێکە لەسەر ئاو، یا کێڕێکە لەسەر با، بەڵکوو وەك بڵقی سەر ئاو وایە، تا هەیە پووچە کە نەما ئەبێ بە هیچ، کەوابوو دنیا هیچو پووچە.

ژیانی جیهان وەك پەردەیەکی سینەما وایە کە بەپێش چاوا دێتو ئەڕواو تێئەپەڕێت، یا وەك شانۆی تەمثیل، بەسەرهاتەکەی وەك تەمثیل وایە، جا ئەم شانۆوە هەر ڕۆژەی جۆرە تەمثـیلێکی لەسەر ئەکرێت، دەمێ سوورو دەمێ شین، یا دەمێ پێکەنینو دەمێ گریان، ئێمەش لەسەر ئەم شانۆوە دەمێ سەیری مەردوم ئەکەین، دەمێکیش خۆمان هەڵئەسووڕێینو مەردوم سەیرمان ئەکات.

ژیان زنجیرەیەکە لە خەمو تەمو خەفەتو دەردیسەری، بەدیمەن جیان بەڵام بەڕاستی یەکن. ژیان چییە ؟ ڕۆژە لەدوای ڕۆژو شەوە لەدوای شەو، بەڵکوو هەناسەیە لەدوای هەناسە، هەر هەناسەیەك کە مەردوم ئەیدا هەنگاوێك نزیکی ئەخاتەوە بە مردن، یا خشتێك لە بناغەی کۆشکی عومری دەردێنێ لەبن، ئەمەتە دنیای بێوەفا.

ئەم ئەرزە كۆنەهەوارە خەلائیفیش كووچە
طەماعی سووری نەبێ كەس لەژێری چادری شین
دوو گەز زەمین‌و سێ گەز جاو‌و مستەخۆڵێكە
لە باسی پێخەف‌و ڕاحەت هەتا ئەگاتە سەرین

مردن گەورەترین پەندو عیبرەتە بۆ ئادەمیزاد، مردن بە چاوێك تەماشای هەموو كەسێك ئەكات، گەورەو بچووك، دەوڵەمەندو هەژار، خوێندەوارو نەخوێندەوار، گەنج‌و پیر، جوان‌و ناشیرین، باوك‌و كور، دایك‌و كچ، پیاوو ژن، دیندارو بێدین، چاك‌و خراپی لەلا وەك یەكە، ئەرستوقراطی ئەگەر بە چاوێكی وردبوونەوە تەماشای مردن بكا ئەبێ بە دیموقراطی.

مردوو تا گەورەتر بێ پەندو عیبرەتی زۆرترە، مەردوم ئەگەر بیربكاتەوە لە مردنی ئەسكندرو دارا، تەیموور لەنگ‌و، ناپلیۆن سامی زیاتر لێ ئەنیشێ، چونكە گەورەییی ئەمانە، هەروەك هەژارێكی بێنەوا ـ لەبەر هەڵمەتی مردنا ڕووخاوە، كەوابوو گەورەیی‌و دەوڵەمەندی‌و پایەبەرزی شتێكی هیچ‌و پووچن لەبەر وەیشوومەی مردنا، بە هەناسەیەك ئەڕووخێن‌و ئەچنەوە پەردەی نەبوون.

بەڵام ئەوی كە هەرگیز نەڕووخێ، وە بەدرێژاییی شەوو ڕۆژو ساڵ‌و مانگ هەر بمێنێ‌و پایەدار بێ ناوە.

مەرگ‌و ژین میثلی سێبەرو تاوە * ئەوی بمێنێ هەر تەنها ناوە

زۆر دەمێكە ئادەمیزاد لێكی داوەتەوەو تێگەیشتووە كە عومری لە جیهانا، بەپیی عومری گەلێ شتی ترەوە زۆر كەمە، فیلێك سەد ساڵ ئەژی، كیسەڵێك دووسەد ساڵ ئەژی، سوورەچنارێك هەزار ساڵ ئەژی، كەچی ئادەمیزاد ـ كە لە هەموویان گەورەتر، وە یاری بە هەموو جیهان ئەكات ـ چل پەنجا ساڵ ئەژی، جا لەبەرئەمە ئادەمیزاد لە زۆر دەمێكەوە خەریكە بە چاكەو خزمەتكردن ناوی خۆی ئێجگاری ( ئەبەدی) وە عومری خۆی درێژ بكات، وە لەدوای مردنی هەڵگرێ‌و بیخاتە سەر ژیانی.

جا لەم ڕووەوە زۆر كەس لە گەورەو هەڵكەوتوەكانی جیهان، وە لە بلیمەت‌و تێگەیشتوانی دەوران، هەریەكە بە ڕەنگێك ناوی خۆی ئێجگاری

کردووه، یەکێك بە دادو عەدالەت، یەکێك بە عیلمو زانین، یەکێك بە ئیختیراعو شتی بەکەڵك دروستکردن، یەکێك بە خێرو چاکەو دەستگرتن، یەکێك بە شیعری جوانو کتێبی بەکەڵكو نووسین. کێ ئەڵێ حەضرەتی عومەرو صەلاحەددینی ئەیووبی مردووە، کێ ئەڵێ ئیمامی ئەعظەمو ئیمامی شافیعی مردووە ؟ کێ ئەڵێ ئادیسۆنو مارکۆنی مردووە ؟ کێ ئەڵێ ڕۆکفلەری ئەمریکانی مردووە ؟ کە لە ژیانی خۆیا (١٤) ملیۆن پاوەندی لە خێرو چاکەو دەستگرتنی هەژارانا بەخت کردووە، کێ ئەڵێ جەمیل صدقی زەهاویو ئەمین زەکی مردووە.

ئەمین زەکی ئەستێرەیەکی گەش بوو لە ئاسۆی سلێمانی هەڵات (٦٨)ساڵ بە ئاسمانی ژیانەوە مایەوە، هەمیشە لە ورشەو پرشەو بریسکەو تریسکەدا بوو، وە هەردەمە شوێنێکی ڕووناك کردۆتەوە، گەلێك بە ڕووناکی ئەو ڕێگای دۆزییەوە.

ئەمین زەکی لە گەلێ لاوە شایستەیە کە دوورودرێژ لێی بدووین، بەڵام لەبەرئەوەی کە وەخت تەنگە تەنها لە باسی نووسینو تەئریخەکەی ئەدوین، ئەمین زەکی یەکەمین کەسە لەدوای خاوەنی شەرەفنامە، کە تەئریخی کوردو کوردستانی لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە نووسی، بە دوو جلد لە چاپیدا، گەلەکەی خۆی ناسی بە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی، و ئیثباتی قەومییەتو میللییەتی کردن بۆ هەموو جیهان.

ئەمین زەکی یەکەمین کەسە کە ناوی (١٠٥٧) کەسی کۆکردۆتەوە لە پیاوی گەورەو بەناوبانگی کورد، لە کونو قوژبنی کتێبی بێگانان دەریهێناوون، بە دوو جلد تەرجەمەی ژیانی نووسیون، ناوی ناوە(مشاهیر الکرد)و لەچاپی داوە.

ئەمین زەکی یەکەمین کەسە کە تەئریخی وڵاتی سلێمانیی نووسیو لەچاپی دا، پیشانی عالەمی دا وڵاتی سلێمانی لەناو عالەمی عیلمو ئەدەبا هەمیشە وەك ئەستێرەی گەلاوێژ درەوشاوەتەوە.

ئەمین زەکی یەکەمین کەسە کە بە تەئلیفەکانی نەك هەر خزمەتی کورد بەڵکوو خزمەتی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە.

ئەمین زەکی یەکەمین کەسە کە شەهیدی نووسینو تەئلیفکردن بوو، دەستو پەنجەی کول بوو، لەو ڕێیەدا سەری خۆی دانا.

ئەمین زەکی یەکەمین کەسە کە خۆی وەك مۆم داگیرساندو ئەسووتاند تا گەلەکەی لەبەر ڕووناکییەکەیا دانیشنو بەهرەمەند بن.

بەڵێ ئەمین زەکیی بەدیمەن شەربەتی مەرگی خواردەوە، هەروەك لەدەم کەلی سلێمانی هەلاْتبوو، هەروەها هاتەوە سلێمانیو لە ئاسۆی سلێمانی ئاوابوو، بە ئێجگاری خۆی فڕێ دایە باوەشی نیشتمانەوە.

ئەی خاکی پاکی نیشتمان ئاگاداریی تاقانە ڕۆڵەو جگەرگۆشەکەت بکە، ئازاری خۆیو پەنجەکانی مەدە، چونکە شەهیدی ڕێگای تۆیە

بۆ میللەتەکەی هێند تێکۆشابوو
قەڵەمی دەستو پەنجەی شکابوو
لەوساوە کە ئەو ئەسپەردەی گڵە
فرمێسکم تێکەڵ بە خوێنی دڵە

بەڵێ ئەمین زەکی گیانی پاکی هەڵفڕیو پەروازی کرد لەم جیهانە پەستەوە بۆ بەهەشتی بەرز، لەم زەویی خاکەوە بۆ ئاسمانی پاك، لە دراوسێتیی ئەم ئادەمیزادەوە بۆ دراوسێتیی خواو فریشتە. ئەمین زەکی جاران ئەگەر لە ڕەنجا بوو ئێستا لە گەنجایە، جاران ئەگەر لە ئێشو نێشا بوو ئێستا لە نۆشایە، جاران ئەگەر لە زیندانی ژیانا بوو ئێستا لە کۆشکی بەهەشتایە، جاران ئەگەر هەر لەپێش چاو بوو ئێستا لەناو دڵو دەروونایە.

زور کەسی وا بووە هەزار ئەوەندەی ئەمین زەکی دەوڵەمەندو دەستدار بوون، بەلاْم چونکە خزمەتیان نەبوە، لەگەڵ چرای عومریان کوژاوەتەوەو لاشەکەیان شارراوەتەوە، ناویشیان لەسەر ڕووپەڕەی جیهان شۆراوەتەوە، وە لە یادو لە بیری کەسا نەماونەتەوە، وەڵێ ئەمین زەکی تا دنیا دنیا بێو گەلەکەی لەڕووی کار بی ئەمیش هەیە، وە تا ئەو زیندوو بێ ئەمیش زیندووە.

کەوابوو ئەی ئەمین زەکی خۆت بە مردوو نەزانیت، تۆ نەمردوویت، هەموو کوردێك وێنەیەکی تۆی لەسەر دڵی خۆی هەڵکەندووە، بەیانیو ئێوارێ یادی خۆتو کردەوە جوانەکانت ئەکات.

لە خوا ئەپاڕیمەوە، بە میهرەبانیی خۆی لێت خۆش بێت، وە شوێنەکەت کوێر نەکاتەوە، وە بتکا بە سەرمەشقو پێشەوا بۆ هەموو عیراقو کوردەواری لە کردارو ڕەفتارە جوانەکانتا.

## وتاری مامۆستا عەبدولقادر قەزاز

چل‌وحەوت ڕۆژ لەمەوپێش لە سەعات یەکی پاش نیوەشەوا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردستانا کشا، وە لەگەڵ کشانی ئەم ئەستێرەیە گیانی پاکی گەورەترین وە دڵسۆزترین پیاوی کورد کە ئەمین زەکی بەگە بەو دنیا سپێررا.

وا ئێستە ئێمە لە چلەی ئەمین زەکی بەگدا کۆبووینەوە بۆ یادی ئەم پیاوە گەورەیەوە بۆ گێڕانەوەی کەمێك لە ڕەوشتە بەرزو کردەوە نەمر وە جوانەکانی کە نەك هەر بۆ کوردەواری بەڵکوو بۆ گەلێ میللەتانی تریش کەڵکبەخش بووە.

ئەمین زەکی بەگ وەك مۆم ژیانی خۆی لەڕێی ئازادیو سەربەرزیو کامەرانیی کوردا توانۆتەوە وە چراکەی باو باران‌و گێژەڵووکەی ڕۆژگار کاری لێ نەکرد تا دوایی سووتاو نەکوژایەوە.

کورد تائێستا بەهەزاران پیاوی گەورەو ناوداری تیا پێ‌گەیشتووە، هەریەکە لەم پیاوانە لەڕێیەکەوە خزمەتی کورد وە عالەمی ئیسلامییان کردووە، ئەمین زەکی بەگ یەکێکە لەم پیاوە گەورانە وە بەکردەوە جوانەکانی، یەکەمینی لە گەورە پیاوانی چەرخی بیستەمی بۆ خۆی سەندووە وە کەس نییە شان لەشانی بدا.

بەئاوات بووین ئەمین زەکی بەگ تا چەن ساڵێکی تر بمایە تا زیاتر لە کردەوە باشەکانی بەهرەمەند ببووینایە وە ئەگەر بشیایە گەلێ کەس خۆی ئەکرد بە قوربانی، بەڵام لەگەڵ کاری خوادا هیچ ناکرێ وە لەسەر شۆڕکردن زیاتر چە دەسەڵاتێك نییە.

ئەمین زەکی بەگ دانەری تاریخی کوردە وە ئەم ذاتەیە کە لە عالەمی گەیان کە کوردیش وەك میللەتانی تر ڕابوردووی پڕە لە کردەوەی مەردانە، پڕە لە فیداکاری، لەخۆبوردن، لە ئازایی وە لە گیان بەختکردن بۆ پاراستنی نیشتمان.

ئەمین زەکی بەگ خاوەنی ڕەوشتێکی جوان‌و بەرز بوو، تا بڵێی ڕووخۆش وە لە گفتوگۆدا زۆر نازك‌و هێمن‌و لەسەرخۆ بوو. لەگەڵ گەورەدا گەورە وە لەگەڵ بچووکا بچووك بوو، بەچاوی حورمەت تەماشای هەموو کەسێکی ئەکرد وە لە

یاریدەدانی هەژاران و لێقەوماوانا گەلێ جار دەست پێشکەریی کردووە. ئەوی جارێك بۆ چاوپێکەوتن بچوایە لای وە گفتوگۆی لەگەڵ بکردایە ئیتر لەوجارەوە چوونەوە لای ئەخستە ناو پڕۆگرامی ڕابواردنی ڕۆژانەی.

ئەمین زەکی بەگ تا بەتەواوی لە شتێك ورد نەبوایەوە وە ئەمدیوو ئەودیوی نەکردایە بڕیاری لەسەر نەئەدا، ئەو حەلە بڕیاری یەك بوو نەئەبوو بە دوو. هاتنی ئەمجارەی لە شقلاوەوە بۆ سلێمانی بۆ سەرپەرشکردنی داپۆشینی شیوی پێنجوێن لە قرچەی هاوینا وە بەو لەشە ناساغ و تێکشکاوەوە نموونەیەکە لە فیداکاریی و لەخۆبوردن بۆ بەرزیی و پێشکەوتنی نیشتمان.

ئەمین زەکی بەگ بێجگە لە زمانی دایك و باوکی خۆی زمانی عەرەبی فارسی، تورکی، ئینگلیزی، فڕاسزی، ئەڵەمانی وە ڕووسیی ئەزانی، وە شارەزاییی تەواوی لە عولوومی ئیقتیصادو زەراعەت و تیجارەت و عەسکەریدا هەبوو. لە هەرکامێك لەم مەوضووعاتە بدوایە زانستی خۆی بەتەواوی تیا پیشان ئەدا.

مردنی ئەمین زەکی بەگ زیانێکی گەورەیە بۆ کورد هەرگیز جێی ئەم زیانە گەورەیەی پڕ نابێتەوە. بە مردنی، هەرچەندە کورد هەتیو وە بێناز ماوەتەوە بەڵام دڵنیایین بەوە کە بەسایەی هەوڵ و تەقەلای پیاوماقوڵان و گەنجە گرانبەهاکانمانەوە ئەم بێنازییە بە کوردەوە دیاری نادا وە لەسەر ئەو بناغەیە کە ئەمین زەکی بەگ خوا لێی خۆش بێ وە گیانی پاکی بە بەهەشت شاد بکا، بناغەی یەکیەتی، سەربەرزی وە ئازادی دائەمەزرێنن.

١٧/٨/٩٤٨

عەبدولقادر قەزاز

## وتاری مامۆستا مەلا مصطفا صەفوەت

**مودەرریسی مزگەوتی باشچاوش لە سلێمانی**

هەمدیسان کەوتەوانێ کۆسی کورد — پێشەوامان ئەمین زەکی بەگ مرد
کوردی بێکەس بەچی بێ بەتەما — پێشەوایێکی بوو، ئەویش نەما
ڕێگەیێکی گشتییەو نییە چارە — ئەگینا شانی کوردو ئەم بارە!؟
باری وا پشتی قەومێ ئەشکێنێ — باری وا کێو و کەژ ئەڕووخێنێ
خوا بە غوفرانی ئەو بکا دڵشاد — هۆزەکەیشی لە بەندیی ئازاد
زۆر بە تەئریخەکەی دلم شـــادە — کە ڕەضای ڕەببی بۆ بوو ئامادە
«رضی الرب عنه» بێهـــەمزە — هیجرەتی پێشەوای سەربەرزە
١٠١٠+ ٢٣٢+١٢٥= ١٣٦٧.

گەورەکانم: شەرەف و کەرامەتی ئینسان بە ئیجتیماعییاتە، بینای ئیجتیماعییات لەسەر خزمەتە، شەریفترینی ئادەمیزاد ئەوانەن کە خزمەت ئەکەن وەك حەضرەتی موحەممەد(ص) ئەفەرموێ «خیر الناس من ینفع الناس». خزمەت ئەوە نییە ئینسان هەر بۆ خۆی بکا، حەیواناتیش خزمەتی خۆیان ئەکەن. خزمەت ئەوە نییە ثەروەت و ئەملاکی زۆر پێکەوە بنێ، خزمەت ئەوەیە هەموو کەس لێی بەهرەوەر بێ. سەعدیی شیرازی ئەڵێ:

«قارون هلاك شد كه چهل خانه گنج داشت
نوشیروان نمرد كه نامی نكو گوزاشت»

بەڵێ خزمەت ئەوەیە هەموو دانیشتوانی زەمین سوودی لێ وەرگرن، ئینسانی کامڵ ئەوکەسەیە جیایی لەبەینی کەسا نەکا و بڵێ:.

نیشتمان زەمین ئینسان برایە — لە باوکی ئادەم، دایکی حەوایە
ئەگەر بە برا یەکتر بناسین — ئیتر بۆچ ئەبێ ئەم گشت هەرایە
ئەمەی من ئەیڵێم بێشوبهەو گومان — فەرمان و ئەمری "رسول الله"یە

ئەوەتە حەضرەتی پێغەمبەر (ص) ئەفەرموێت: «وکلکم من آدم و آدم من تراب».

گەورەکانم: مەڕحوومی ئەمین زەکی بەگ یەکێ بوو لەو پیاوە گەورانە کە ئەم بیروباوەڕەی بوو، هەر ئەو بوو کە بەو هەموو زەکاو دەسەلاتو پایە بەرزانەیەوە هیچ ثەروەتو سامانێکی پێکەوە نەناو دائیما خەریکی ئاثاری عیلمیو تەئریخی بوو بۆ ولاتو قەومەکەی وە یەکێ بوو لەو پیاوە ناودارانە کە یەئس ڕووی تێنەئەکرد وە لای وابوو ئەبێ بینای ئامانج دامەزرێو ڕۆلەو نەوەکانی دواڕۆژ تەواوی کەنو لەژێر سێبەریا بحەسێنەوە وە یەکێ بوو لەو زاتە بەنرخانەی کە بە تەئلیفی بەقیمەت هۆزەکەی بەرز کردەوە. تەئریخی کوردو کوردستانی ڕۆژێکە لە ئاسمانی مەجدی کوردەوارییا ئاوا نابێ، ناودارانی کوردی تاجێکە بەسەر سەری هەر کوردێکەوە ئەدرەوشێنەوە، بنەچەی کوردی بەجۆرێ بۆ عالەم دەرخست تا قیامەت سەریان پێ بوڵەند بێ. بەڵێ پیاوێك قەومی بەرزو بوڵەند ئەکاتەوە !

وکم اب علی بابن ذی شرف * کما علی برسول الله عدنان

کۆچی ئەمین زەکی بەگ بۆ عیراقو بەتایبەتی بۆ کورد کەلێنێ بوو پڕبوونەوەی نییە. ئەبێ چاو بگری، ئەبێ دڵ بسووتێ بقرچێ بۆ پێشەوای بەرزی، بۆ دڵسۆزی بەپەرۆشی، بۆ مامۆستای تەئریخی، بۆ پەنای هەزاران هەژارانو داماوان، بۆ ئەو گەورە بەنرخەی تا دوا هەناسەی بەو نەخۆشییە گەورەیەوە لە خزمەت دوا نەکەوت، بەوحاڵەوە هاتەوە بۆ خزمەتی پێنجوێن بۆ ئەوە بوو، یا دایکی نیشتمان تەقدیری دڵسوزیی ڕۆڵە شیرینەکەی خۆی کرد هێنایەوەو گریتە باوەش نواندی بۆ حەسانەوەی ئەبەدی ؟ لە ڕەمەزانا کردی بە تاجێ بۆ گردی سەیوان کە گۆڕستانی کوردستانە. نوستووە ئەمین زەکی بەگ نەمردوە، مردن بۆ لەشە، گیانی پاکی ئەو لەناومانایە بەسەر سەرمانەوەیە. گەورەکانم لەبەر کەمیی وەختو لەبەرئەوەی بەیانی خزمەتو ئەخلاقی فاضیلەی مەڕحووم بە موجەللەدات تەواو نابێ بەم چەند شیعرانە دوایی وتارتان پێشکەش ئەکەم.

لەدووری تۆ زەکی بەگ دڵ سووتا وا هەموو کوردێ هەناسەی لێ بڕا وا
شکا پشتو بڕا هێزی دوو ئەژنۆ لە گریەن، پیر هەتا منداڵی ساوا

ئەوەندە نیشتمانیش جەرگی سووتا		لە سەرچاوەی نەما ئاو وەك لەچاوا
ئەمانە دەردی دووریتن وەئیللا		نەمردوویت زیندوویت هەروای لەناوا
هەتا ڕۆژێ سەما تیشکی ئەمێنێ		هەتا ئەم سەرزەمینە مابێ ئاوا
خەیاڵت هەیکەلێکی یادگارە		لەنێو ساحەی دڵی هەر پیرو لاوا
لە فیکرم پرسی تەئریخی وەفاتی		وتی پێم نیشتمانپەروەر نەماوا

٩٨+٤١٨+٨٥١

مصطەفا صەفوەت

# وتاری ئەبوبەکر ئەفەندی

## شێخ جەلال

تەماشای بەرزیی وەفای ئەو کردن        وەطەن هاتەوە لای تۆ بۆ مردن

چل ڕۆژ لەمەوپێش گیانێکی بەرزی بەتەمکینی کەم وێنە کە وەك ئاوێنە هەموو ڕوویەکی ئەنوان لە هێلانەی دڵی لاشەیەکی بۆ هۆزو گەلەکەی چەوساوە، بەدرێژیی ژیانی نەحەساوە کەوتە پەرواز بەبێ پەڕوباڵ توندتر لە خەیاڵ تیژتر لە هێزی چاو وەك بڵقی سەر ئاو ڕۆیی، بێ ئاوڕدانەوە، بەبێ گەڕانەوە. بۆ تاریکستانێکی بەترسی بەسامی بێ سەرحەدو سنوور.

ئەو دەست و پەنجەیەی کە هەمیشە بۆ پێگەیاندن وە پێشخستنی گەلەکەی هۆگری خامە بووبوو وە بۆنی هەموو خزمو خوێشێکی بەوەوە نابوو. لەوەخت و بێوەختدا ڕازی پەنهانی خۆی بۆ هەڵدەڕشت لەپڕ دەمارەکانی سست بوو، خوێنەکەی تیا مەیی. ئەو لە جووڵە کەوت.

خامەش خام بوو وەك هەتیوێکی بێباوك بێناز کەوت چاوەڕوانە کە لەمەولا خێرخواهێك ئاوڕی لێ بداتەوە وە دەستێك بداتە باڵی. بەڵام خەیاڵی خاوە قەدری زەڕ بەلای زەڕنگەرەوەیە. ئەو دڵەی کە بۆ هەموو دەردو ئازارو نەهاتیو ناتەواویو بەڵای ناگەهانیو نەخۆشیی کوردەواری دائەچڵەکیو دائەخورپا وە ئەکەوتە پەلەو کوتەکوت وە خوێنی ئەڕژانە دەموچاوی خاوەنەکەیەوە لەخۆیەوە وەستا. وەستانێکی بێجووڵانەوە بەبێ هەناسەدان و پشوو.

ئەو مێشکەی کە چاویلکەی نەزانیو نەشارەزاییو لووتبەرزیو خودپەسەندیی لەچاوی هەموو گەلانی دراوسێمانا داماڵیو فڕێی دایە گۆشەی بیرچوونەوەوە و ڕاستیی چۆنیەتیی کورد وە کوردستانی تێگەیاندن دەستی کێشایەوە لە فەرمانڕەوایی هەموو ئەندامەکانی لەشی بێدەنگ لەناو هێلانەکەی خۆیدا لێی مات بوو وەك گەوهەرێکی بێهاوتا کە لەناو قەڵاییچەیەکی زێڕا بێت.

ئەو تاقە ئەستێرەیەی کە لە ئاسمانی سیاسەتو مێژووی کوردا جریوەی ئەهاتو ئەدرەوشایەوە وە ڕێگەی هەوارگەی پێگەیشتنی بۆ لاوانی کورد ڕۆشن ئەکردەوە کشاو کەوتە پشت کەلی یادگار یادگارێك کە لەبیرناچێتەوە چرای ئەو

بیرو هۆشەی کە چەند ساڵە لە تاریکەشەوی گیاڕەشی بەهاری نەزانینی کوردەواریدا بە نەوتی مێشكو پڵیتەی پەنجەی محەمەدئەمین زەکی بەگی خوالێخۆشبوو ئەسووتاو ئەگڕا کەچی لە بەختی کەچما لە کاتێکی نەهاتدا لە ساتێکدا کە زیاتر ئەمانویست پڵیتەکەی هەڵدەینو گڕەکەی خۆشتر کەین کوژایەوە. کوژانەوەیەکی بێهەڵگیرسانەوە.

چل شەو لەمەوبەر محەمەدئەمین زەکی بەگ کە یەکێ بوو لە ئەرکانە ناودارەکانی ئیمپڕاتۆرێتیی عوثمانی وە پایەیەکی بەرزی بەهێزی حکوومەتی عیراق بوو وە یەکانە چرای هەموو کوردستان بوو لە شاری سلێمانی مرد بەڵام مردنێك زۆر لە ژین بەرزتر چونکە هەموو دڵێك بۆی هاتە جۆش، هەموو قوڕگێك بۆی گیرا، هەموو دەمێك بۆی گریا، هەمو دەنگێك بۆی نووسا، هەموو چاوێك فرمێسکی بۆ ڕشت، هەموو ئەژنۆیەك بۆی هاتە لەرزە، هەممو چەپۆکێك بۆی درا بە سەردا، قوڕی بۆ درا بەسەر هەموو شانێکدا، ڕووی هەموو ناسك ئەندامێکی بۆ ڕنرا. بەڵێ پێویست بوو وای بۆ بکرێ بۆ ئەوەی ببێ بە دەرس بۆ هەموو گەورەیەك وە بۆ ئەوەی بزانرێ کە کورد گەیشتۆتە ڕادەیەك ئەزانین پیاوی گەورەی دڵسۆزی بەکەڵك وەك ئەبرۆ هەردوو پێ‌ی لەسەر چاوە.

دوای ئەوە گردی سەیوان لە شێوەی ئافرەتێکی ڕۆڵەمردووی زگسووتاوی جەرگبڕاودا بەرەو پیری چوو وە سنگی خۆی بۆ کردەوە و بۆی کرد بە گۆڕ ئەوسا پێی‌گوت دە بنوو بەبێ‌غەم ڕۆڵەی شیرینم تۆ کە ناوت لەسەر هەموو کوردو کوردستانێکە چۆن لەبیر ئەچێتەوە یادت لە هەموو دڵێکدا گینگڵە ئەخوات تا خۆر ئەگەڕێتەوە چل ڕۆژی تەواوە کورد وە کوردستان، دوو تەقەلای بێ‌سوود، مێژووی سلێمانی، کوردی بەناوبانگ بێ‌باوك کەوتوون بۆیە ماتو لێو بەبار کەوتوونە گۆشەو کەنار هێزی گریانیان نەماوە بە زبانی حاڵ ئەڵێن:

بێ پشتیوانو بێ‌کەس بووین هەموان
ئیتر کەی لەکوێ کێ هەوڵ دا بۆمان
کەوابوو دەبا کۆی لەیل ڕەنگین بێ
سەرانسەر بە خوم دڵان غەمگین بێ

تا فرمێسك ئەبێ بە دەنكی هەنار
هەموو بەجارێ بۆی بگرین بە زار
كە فرمێسك نەما ئەوسا بە نالّە
بیرچوونەوەی ئەو چونكە مەحالّە
تەماشا بەرزیی وەفای ئەو كردن
وەطەن هاتەوە، لای تۆ بۆ مردن

أ. ب . هەوری

## سۆزی مامۆستا پیرەمێرد

### بۆ خوالێخۆشبوو

داخێ کە فەلەك نای بە جەرگما
کزم لە کزەی سەرەمەرگما

بەختو بەرگم ڕەش چاو سپی بە شین
فرمێسك سوورو سوێر بۆ حەمەدەمین

ئۆف لایێ پیری، لایێ نەخۆشی
لایێ پەرۆشیی خەوش و سەرخۆشی

لایێ ماتەمیو ماتیو بێهۆشی
بۆ پیرێکی گەنج کە خاك داپۆشی

گولێ لێم بوو بەخار گوڵشەن پڕ جەخار
هوزارە هەژار زارو ناڵەکار

ئەلاوێنەوە لاوان دڵ غەمبار
خوا ئاهی پیریم بۆ بخاتە کار

باوەڕم هەیە کەوا گیانی پاك
نامرێ ئەچێتە هەوارگەی ئەفلاك

هەروەك گەلاوێژ بە جریوەو ڕووناك
پرشنگ ئەداتە ڕووی مەڵبەندی خاك

ها ئەوە گیانی حەمەدەمینە
نیگەهبانە بۆ ئەم سەر زەمینە

چونکە باوەڕی بەخوا و ئایینە
جیی خاڵی نابێ لە خۆی ئەمینە

## سۆزی مامۆستا بێخود

لە یـــــارانی وەفاداران ئەدیـــــــبێکی زەکی مـــــابوو
ئەویش پشتی لە دنیا کردو ڕووی بۆ موڵکی عوقبا بوو
ئەمینی عاصیمەی ڕەئفەت زەکی بەگ خادیمی میللەت
دەبیری مەکتەبی غیرەت وەزیری شـــــــاری بەغدا بوو
کە هات بۆ زیـــــــارەتی خاکی وەطەن یەعنی سلێمانی
درێغا زوو وەفاتی کردو ڕۆحـــــــــی جەننەت ئارا بوو
بلا با ناڵە هاودەم بێ لە چاو ئەســـــرین بە خوڕڕەم بێ
ضیای ڕۆژی فەرەح کەم بێ شەوی غەم ظوڵمەتئەفزا بوو
خیرەد تاریخی کۆچـــــی ئەو زەعیمەی وا بە بێخود وت
کە بەدرو بورجـــــی عیرفان و مەعالی ئیمشەو ئاوا بوو

## شیوەنە بەجۆشەکەی سەلام

**١ـ شین:**

گەرمای تەمووزی ئەمساڵ بۆ گەرمە　　دڵ ئەکا بە ئاو
ئاسۆگەی شاخان پڕ تەمی شەرمە　　بێ سوپایە چاو
کێ دی تەمومژ بە چلەی هاوین　　گوێژە دابگرێ ؟
گەر نەبێ ئاه و ناڵەی گریەو شین　　سەرداریێ بمرێ!

***

بەیداخی هیوای کوردی مەینەتبار　　لەگەڵ هەڵدرا
داماڵا تەواو نەک تا نیوەی دار　　گرمۆڵەش کرا
قەڵای قایمی لەبن هەڵکەنرا　　بەبێ شەڕو خوێ
شیعاری قەومی بە یەخسیر برا　　بەبێ سەرو شوێن

***

سەرمایەی عیلم و دانش و هونەر　　عالمی ناودار
حەکیمی حاڵزان پێشەواو ڕەهبەر　　بۆ کوردی هەژار
ئەرکانی حەربی ئۆردووی شەشەمین　　بە ڕەئی و تەدبیر
وەزیری عیراق موحەممەدئەمین　　دە کەڕەت وەزیر
نائیب، ڕەئیسی مەجلیسی ئەعیان　　گلێنەی چاوان
ئیجادکوننەدەی تاریخی کوردان　　سۆران و بابان
تۆ قەومی کوردت زیندوو کردەوە　　تەئریخت نووسین
دیلی و ئەسیریت لەبیر بردنەوە　　هەر بە تێکۆشین
شوعلەی ڕووناکی دامرکایەوە　　هەرەس بەماڵمان
صەفحەی تەئریخی کورد کوژایەوە　　دوژمن بەحاڵمان

ئەی خاک مەیگوشـــە لەباوەشتا ورد
پەنجەکەی ئێشێ جەرگ و دڵی کورد

***

**٢ـ میوانداری له گردی سه‌یوان :**

«پاشا» میرلیوای قه‌ومی کوردستان　　خاوه‌ن هۆش و بیر
میرحه‌جی حیجاز سه‌فیری ئێران　　له چه‌شنی وه‌زیر
میوانی تۆیه موحه‌ممه‌دئه‌مین　　دۆستی شیرینت
ئه‌ڕکانی حه‌ربی شاهی قوسطـه‌نطین　　یاری دێرینت
توخوا گوێ بگره له گوفتاره‌که‌ی　　چه‌نده شیرینه
سه‌رنجی بده له ڕه‌فتاره‌که‌ی　　چه‌نده ڕه‌نگینه
خه‌ریته‌ی هه‌موو خاکی کوردستان　　خۆی نه‌خشه‌ی کێشا
جێی نه‌هێشت هێنای بۆ گردی سه‌یوان　　دڵی بۆی ئێشا
لێی بگره داینێ ئاثاری سه‌رمه‌د　　ده‌س که‌ن به ته‌دقیق
بۆی بکه‌ن به مێز به‌رده‌که‌ی ئه‌لحه‌د　　مێزه به ته‌حقیق
له‌شکر شکاوه سوپا نه‌ماوه　　قائید ئه‌سیره
مه‌علووم هاواری بۆ تۆ هێناوه　　وه‌ختی ته‌دبیره
داینێ لای خۆت ئامان سه‌د ئامان　　به‌بێ کینایه
وه‌ضعی ئه‌م قه‌ومه‌ت بۆ ئه‌کا به‌یان　　هه‌تا نیهایه
چه‌ن ضابطی لاو له‌و ده‌وروپشته　　وریا و ئاماده‌ن
شه‌هیدن هه‌موو جێیان به‌هه‌شته　　له قه‌ید ئازاده‌ن
هه‌موو پڕ هونه‌ر غیره‌ت ئه‌نوێنن　　ئازاد زووبه‌زوو
زنجیری مه‌رگ زوو ئه‌پسێنن　　به زۆری بازوو
که ئیشتان هه‌موو گه‌یانه ئه‌نجام　　هه‌ڵسن به یه‌کجار
بۆ قسنی بابان وه‌ك بیت الحرام　　بچنه سه‌ر مه‌زار
له‌و حاکمانه هه‌ر که‌س که‌وته ده‌س　　بگرن داوێنی
بۆی بکه‌ن باسی کوردانی بێکه‌س　　به دڵ خاوێنی
چه‌نده بێکه‌ســـن، هه‌نده زه‌لیلن
به‌ده‌س جه‌هله‌وه خنکاو و دیلن

*****

**٣ـ كۆچی ئەمین زەكی بەگ**

میرم تۆ ئەڕۆی یەزدانت یارە     بەهەشت مەئواتە
بەلاّم قەومەكەت زۆر گرفتارە     لەسەر ئاواتە
وەك هەتیو وانە بێ لانەو بانە     سەرگەردان ئەبن
تۆ بمری هەموو مەرگیان میوانە     مالّوێران ئەبن
بۆ كێت بەجێهێشت تۆ قەومی هەژار     وا بەبێدەنگی
بە داوی دەردی جەهل گرفتار     زۆر بە دلّتەنگی
میرم تۆ مەڕۆ تا "سانیحە" دێت     زۆر دلّ غەمگینە
دەس كاتە ملت تاسەی بشكێ لێت     ڕۆلّەی شیرینت
ڕاوەستە بابێ تاقـە گولّەكەت
مەحرەمی ڕازی بەستەی دلّەكەت
میرم تۆ ئەڕۆی ئێمە ئەمێنین     لە سەری سەختیا
تۆوی نیفاق‌و كینە ئەچێنین     لە بەدبەختیا
یەكێ دۆست نییە دونیا دوژمنە     لە بێدەسییا
ئیشی ڕاست‌و حەق هەر سەروبنە     لە بێكەسییا
خۆزگە ئاواتم زوو ئەهاتەدی     تف لەم ژیانە
تەریك لەم دنیا تەنها تۆم ئەدی     بەم دوو چاوانە
قەدری یەك ناگرین هەتا نەمرین
مەگەر لە قەبـــرا بۆ یەكتر بگرین
سالّی تەئریخی دلّی ئاشوفتە     وتی بە تەعجیل
ئەمین زەكی بەگ شوێنی بەهەشتە     بە یكصەد دەلیل
١٠٦ ٢٤ ٢٧ ٣٧٠ ٧٢٢ ١٠٠

## شینەکەی بێکەس

بەشی کورد ئەبێ دەردو خەفەت بێ
ڕۆژێ بە تیری جەرگێ لەت لەت بێ
ئاسمانی بەختی لێڵو تاریک بێ
ئەستێرەی کزو ڕوو لە مەینەت بێ
***
قەد نەبوو ڕۆژێ گەردوشتی دەوران
چەرخی هەڵسووڕێ بەکەیفی کوردان
ناشکوری نەبێ خۆشی لە ئێمە
دوورە بەغەیری شیوەن و گریان
***
بەڵێ زەمانەی چەرخی کەچ ڕەفتار
وا لێمان بۆتە دوژمنی خوێنخوار
دایم خەریکەو بۆ هەل ئەگەڕێ
زیانێ بدا لە کوردی هەژار
***
ورد سەرنج ئەدا کێ بەقیمەتە
کێ نەختێ خاوەن هەوڵو و هیممەتە
گورج ئەیڕفێنێو لەناوی ئەبا
سەیری کە چەندە چەوتو نەگبەتە
***
جەنابی ئەمین زەکی بەگ کەوا
پیاوێ بوو بۆ کورد گەورەو پێشەوا
داخی بەجەرگم زوو لەدەسمان چوو
نازانم بڵێم چی لەحەق ئەوا؟!
***

پیاوێ بوو هەتا بڵێن مونەووەر
خاوەنی عیلم‌و ئەخلاق‌و هونەر
عومری خۆی دانا لەڕێی خزمەتا
پێویستە قەدری بگرینە سەر سەر
***
پیاوێك بوو بۆ كورد تاریخی نووسی
لای نەدا لە ڕێ مەوقیع‌و كورسی
زۆ فیداكارو میللەتپەرست بوو
هەواڵی قەومی بەدڵ ئەپرسی
***
پیاوێكی زاناو هێمن‌و بەبیر
ڕەوشتی بەرزو بە ڕاوو تەدبیر
ئاواتەخوازی بەرزیی وەطەن بوو
پشتیوانێ بوو بۆ لات‌و فەقیر
***
پیاوێ بوو زۆر تەواو پیاو بوو
خاوەن كردارو مەوقیع‌و ناو بوو
پیاوی وا نامرێ دیارە ئەمێنێ
لەناو عالەما بەرزو ناسراو بوو
***
ئەی خاك دەخیلم قەدری بزانە
ئازاری نەدەی لەلات میوانە
تەئریخی كۆچی ئەمین زەكی بەگ
((میللەت مەحزوونە زۆر پەرێشانە))
١٣٦٧

## عەبدورڕەحمان بەگی بابان
## شینی کۆچی ئەمین زەکی ئەکا

ئەی جەمالەددینی ئەفغان، ڕێزەچینی خوانی تۆ
وەی موحەممەد عەبدە عەبدی بارەگای عیرفانی تۆ
ئەی نیظامەددین لە ڕەئیا کەمترین دەربانی تۆ
وەی فەریدەددین لە عیلما تابیعی فەرمانی تۆ
تۆ مەسیح نیتو بەڵام ئاثارەکەت موعجیزنما
کوردی زیندوو کردەوە تەئریخی کوردستانی تۆ
گیانی پاکت مەیلی خاکی نیشتمانی کردبوو
جێی لەدڵیا پێنیشان دا مەقبەرەی سەیوانی تۆ
گەر لەبەرچاو غائیبی حاشا نەمردوی نامری
قیبلەگاهی قەومی کوردە جێگەیی جەولانی تۆ

# محمد أمين زكى

حياته وشخصيته و

مجموع الخطب والرسائل التي القيت

رثاء على الفقيد الغالي في يوم ٢٦/٨/١٩٤٨

تأبيناً عليه فى السليمانية

١٣٦٨هـ - ١٩٤٨م

# مقدمة

بســــــم الله الرحمن الرحيم

## ذكرى الامين

للاستاذ عبد المجيد حسن

مدير معارف السليمانية ورئيس لجنة التأبين

في صبيحة يوم الجمعة ٩ تموز سنة ١٩٤٨ شيعت السليمانية جنازة فقيدها الغالي ابنها البار المخلص العالم العامل السيد "محمد أمين زكي" وهي تعلم أنها لم تفقد منه الا الجزء القابل للفناء وهو شخصه، أما أخلاقه السامية، وأما أعماله النافعة، وأما آثاره في التأريخ والبحوث العلمية والعسكرية، وأما خدماته واخلاصه لوطنه وقومه فلا سلطان للموت عليها ولاسبيل ليد الفناء والبلى أن تمتد اليها. ذلك لأن الفقيد ـ رحمه الله ـ كان من ذلك الصنف الممتاز من الرجال الذين يموتون بأجسادهم إذا حم القضاء ويخلدون بآثارهم التي هي من عناصر الحياة والبقاء. إن ذلك الجسم النحيل الذي غالب المرض أعواماً طوالا أدى في خلالها ما أدى لوطنه وللانسانية من جليل الأعمال ثم اختطفه الموت قد أصبح بعد فنائه معنى خالداً لن يفتأ يطالع الأجيال من وراء السنين والأحقاب.

وفي عصر يوم الخميس ٢٦ آب ١٩٤٨ أقيمت حفلة لتأبين الراحل الكريم وتمجيد مآثره وقد مضى على المصاب الجلل بفقده الأربعون فكانت هذه الحفلة اجتماعاً رائعاً في السليمانية، كان هذا الاجتماع في الحق وفاءً لبعض حقوق الفقيد الكبير، وغذاءً لأرواح الأوفياء من الأحياء، واذكاراً للفضائل السامية.

في ذلك الجمع الحاشد أدى كل فرد من شهود الحفلة حق الفقيد عليه وعلى البلاد باللوعة الصامتة والذكرى الخالدة، والكتاب والخطباء والشعراء ممن شهدوا الحفلة أو أرسلوا اليها بزفراتهم كلمات قد وفوا هذا الحق خير الوفاء.

أبت الهمة والوفاء لشباب من الأوفياء لذكرى الفقيد الغالية إلا أن ينشروا وحي الكتاب والخطباء والشعراء في حفلة الأربعين التأبينية هذه مجموعاً في هذا السفر وليكن نصيبي من وداع الراحل الكريم هذه الكلمة.

تغمد الله الراحل الكبير بواسع رحمته وألهم السيدة الجليلة الثاكلة فلذة كبد الفقيد العزيز كريمته "سانحة" وأنجاله الكرام وعارفي فضله ومواطنيه جميعاً الصبر والسلوان.

إنا لله وإنا إليه راجعون، وسلام على الأمين في قبره، سلام عليه في ذكره.

السليمانية: عبد المجيد حسن ولي

# ترجمة حياة الفقيد
# محمد أمين زكي

هو ابن الحاج عبد الرحمن بن محمود، ولد في سنة ١٨٨٠ في محلة (گويژه) التي تقع شرقى مدينة السليمانية. وفي سنة ١٨٩٢ دخل المدرسة الابتدائية الرسمية بعد أن تعلم اللغة الفارسية على يد الملا عزيز وبعد سنة من دخوله المدرسة الابتدائية دخل الصف الثانى من المدرسة الرشدية العسكرية التي تكمل في بغداد وفي سنة ١٨٩٦ دخل مدرسة الاعدادية العسكرية وبعد ثلاث سنوات تخرج منها وذهب إلى الاستانة ودخل في المدرسة الحربية وبعد تخرجه منها دخل مدرسة الأركان وتخرج منها برتبة رئيس بدرجة (الممتاز) وفي سنة ١٩٠٢ عين في الجيش السادس في بغداد.

وفي سنة ١٩٠٣ نقلت خدماته إلى إدارة الاملاك السنية بوظيفة مهندس وبقي فيها حتى اعلان الدستور، وبعده نقل إلى الجيش الثانى في أدرنه بناء على طلبه ثم رجع إلى الاستانة وعين عضواً في لجنة الخرائط التي كان يرأسها أمير اللواء "شوقي باشا" وفي سنة ١٩٠٧ أبتدأ بتخطيط خارطة استنبول وأطرافها وفي سنة ١٩٠٨ عين عضواً في لجنة تثبيت حدود تركيا ـ بلغاريا. وبعد سنتين أصبح عضواً في لجنة تثبيت الحدود بين تركيا وروسيا وفي سنة ١٩١٢ عندما اندلعت نيران الحرب البلقانية عين أركان الحرب الثانى في جبهة (جتالجة) وفي ١٩١٣ أوفد مع بعض الضباط بمهمة عسكرية الى فرنسا وبقي هناك حوالي سنة واحدة زار خلالها كثيراً من المدن الفرنسية وبعد رجوعه الى الاستانة عين في شعبة اللوازم الفنية العمومية ولم تنقض على تعينه بهذه الوظيفة مدة قليلة حتى نقل إلى الشعبة الأولى لأركان الحرب، وفي ١٩١٤ أعيد ثانية إلى عضوية لجنة تثبيت الحدود بين تركيا وروسيا وبعد إتمام مهمته ذهب من مدينة (بايزيد) إلى مدينة تفليس وهناك وافقت الحكومة الروسية على رجوعه إلى تركيا عن طريق (باكو، رستوف، موسكو، بتروغراد، فنلندة والسويد).

ابتدأت رحلته من تفليس في أواخر شهر تشرين الثاني ١٩١٤ ووصل إلى الاستانة في كانون الأول من نفس السنة، وبعد وصوله بمدة قصيرة عين أركان حرب اللواء الأول وبناء على طلب المارشال "فوندر غولتس" بقي ثلاثة أشهر في (اياستفانوس) حيث اشترك في دورة الطيران وفي السنة الثانية من الحرب العالمية الأولي ١٩١٥ رقي إلى رتبة مقدم وأرسل إلى أركان حرب الجيش في العراق.

وفي اليوم الثاني من تشرين الثاني من نفس السنة وصل إلى مركز القيادة في (سلمان باك) وفي ٨ منه ١٩١٥ عين بوظيفة مدير الحركات في الجيش السادس في العراق الذي كان تحت قيادة (خليل باشا) وبعده نقل إلى مديرية شعبة الاستخبارات وعندما سقطت بغداد رجع إلى الموصل مع الجيش في طريقه إلى الاستانة، وفي ١ تموز ١٩١٧ عين معاوناً لرئيس أركان حرب بناء على طلب قائد الجيش السابع "مصطفى كمال باشا" وذهب إلى (حلب) وحين تسلم فوزي باشا چقماق قيادة الجيش السابع تحرك إلى فلسطين في ٢٨ تشرين الثاني ١٩١٧ وحضر جبهة (خليل الرحمن، القدس ـ ونابلس) وبقي في الجبهة إلى ١٥ أيلول ١٩١٨. وبعده أرسل إلى الجيش الثالث من قفقاسيا والتحق به في ٢٠ تشرين الاول وفي آخر هذه السنة نقل إلى شعبة تأريخ الحرب وبقي فيها إلى منتصف حزيران ١٩٢٤.

وفي ٢٤ تموز ١٩٢٤ رجع إلى العراق وبعد مدة قليلة عين مدرساً في المدرسة العسكرية وبعد أداء الامتحان دخل في الجيش وأصبح آمراً للفوج السادس وفي أواخر هذه السنة عين آمراً للمدرسة العسكرية ودار التدريب وفي ١٩٢٥ خرج من الجيش وانتخب نائباً عن لواء السليمانية وفي آب من نفس السنة اعيد إلى الجيش برتبة عقيد.

وفي ٢٤ تشرين الثاني من السنة نفسها عين لأول مرة وزيراً للاشغال والمواصلات وتقلد عشر مرات مناصب وزارية وثلاث مديريات عامة وهي (الاقتصاد والمساحة والاشغال). وفي ١٠ شباط ١٩٤١ استقال من الوزارة بسبب ابتلائه بمرض (روماتزم) وبقي عضواً في مجلس الأعيان إلى يوم وفاته المصادف١٠ تموز ١٩٤٨ عن عمره البالغ ٦٨ سنة في مدينة السيمانية ودفن في مقبرة (گردي سيوان) بجوار قبر مصطفى باشا ياملكي.

وكان رحمه الله بالاضافة إلى غزارة علمه يتذوق الأدب، بل كان أديباً بالفعل نظم الشعر وله فيه جولات، وكان يمتاز بلينه وطيبته ونقاوة نفسه وبالابتسامة التي لاتفارق وجهه، وكان مجلسه عامراً بالفضلاء من العرب والاكراد ممن يرغبون بنهل المعارف والعلوم، وقد أحبه الناس كافة لسجاياه النادرة وكثيراً ما استشاره سياسيو البلد فيما يصيبهم من المعضلات.

أمين زكى العالم:

كان الفقيد معروفاً بتضلعه في العلم فكان مجلسه كعبة الادباء والعلماء ومرجعاً لهم في قضاياهم التاريخية والعلمية، يباحثونه ويأخذون منه سديد الآراء والأفكار وكان علاوة على إجادته لغته الكردية فقد أتقن الفرنسية والانكليزية والفارسية والتركية والعربية مما ساعده هذا كثيراً في تآليفه العديدة. وحين ألح عليه المرض في اخريات أيامه لم يقعده ذلك عن الدرس والتحصيل فكنت ترى ((الشاهنامة)) تزين مخدعه دوماً.

ومن تآليفه في الدور العثماني:

١. عثماني اردوسي
٢. عثماني أسفاري حقندة تحقيقات
٣. عراقي نصل غايب ايتدك
٤. حرب عموميده عثمانى جبههلرى وقايعى
٥. عراق سفرى الرمز
٦. سلمان باك ميدان محاربهسى وذيلى
٧. بغداد وصوك حادثه ضياعى
٨. عراق تأريخ حرب مختصرى

وعدة تآليف اخرى لم تطبع.

أمين زكى المؤرخ:

كان صاحب الترجمة منذ صغره مولعاً بالقديم من التاريخ، فقضى الفترة الاولى من حياته بين "الشاهنامة" والكتب القديمة الاخرى. ولكنه اضطر الى كبت هذه الرغبة بعد تخرجه من المدرسة العسكرية فوجه قلمه الى تحرير الامور العسكرية لمجلات عديدة معروفة، ولكن بعد انحلال الامبراطورية العثمانية وظهور

القوميات ظهرت رغبته الكامنة في دراسة تاريخ قومه، فكان ( تاريخ الكرد وكردستان) و (مشاهير الاكراد) و (تاريخ سليماني) وعدة كتب اخرى هي ثمرة خير سني حياته واليه يرجع الفضل في إحياء تاريخ هذه الامة المجيدة وتعريف عظمائها للاقوام الاخرى.

أمين زكى السياسى:

كان الفقيد يجنح نحو الواقع فكنت تراه مع الشباب المتحمس المتطرف وتسمع كلماته فلا يسعك سوى الاعجاب بمنطقه السليم وقدرته على الكلام وانقياده له، وتأثيره هذا كان معروفاً له وللجميع، فكان يستغله رحمه الله لما فيه مصلحة قومه وخيرهم. لم يمل في حياته إلى أية قوة أجنبية دون أخرى ولكن كانت مصالح قومه وبلاده لها المحل الأول في تفكيره واتجاهه السياسي، ومن ميزات المرحوم انه كان متزناً دائماً فلم يطوح بنفسه في الطرق الملتوية ذات الاعاصير والعواطف، بل كان الاعتدال رائده، ولذا فقد كان يسمو دائماً إلى الاعلى منذ ان زج بنفسه في ميدان السياسة، ولم نره ذات مرة قد هوى إلى الحضيض . كما يحصل لبعض الساسة . وتلك والحق يقال ميزة جلية كان الفقيد متحلياً بها.

**أمين زكى الاديب:**

نتمكن من القول انه لولا تفرغ الراحل للتاريخ والتاريخ الكردي على الاخص لكان في مقدمة الادباء لما اتصف به من لطف العاطفة ورقة التعبير وسمو الخيال، ففي بعض المناسبات التي عمد فيها إلى الشعر برز فيه وانتظمت معانيه، ومن ذلك الابيات التي قالها جواباً للشيخ سلام والتي نشرت في مجلة «گەلاویژ» الكردية وبعض القصائد التي نظمها في استانبول يتذكر فيها الوطن ويتحسر عليه.

**مجلة نزار**

## كلمة معالى السيد تحسين على
## دمعة على الصديق الراحل

تخترم المنون كل يوم عدداً من الخلق وقد شاءت سنة الله في خلقه أن يكون ذلك للعبرة دليلا قاطعاً على تصغير شأن الحياة الدنيا. وصرف النفس عنها ولتعظيم شأن الآخرة فيمر الانسان على جسر الحياة القصير مستشعراً العمل الصالح والخير فيعمل لهما. وليترك دنياه الفانية محموداً من الله ومن مخلوقاته فقد جاء في الأثر (إن ألسنة الخلق موازين الحق) وليس أحق بحمد الله وحمد عباده من العلماء العاملين والعباد الزاهدين وممن يتولون أمور الناس فيقيمون الاود ويحرصون على المصالح العامة. وقد كان فقيد الوطن المرحوم أمين زكي واحداً من اولئك الافذاذ السباقين لفعل الخير الساعين لكل عمل مثمر يعود على البلاد بالنفع العميم كما كان من المحافظين على التقاليد القومية فهو وطني من أخلص الرجال وهو عالم في معارف شتى عسكرية وتاريخية واقتصادية له باع طويل في كل فرع منها وكان على رجاحة عقله وسعة علمه لايتبجح بجدل ولا يدعي في معرفة مع بعد غوره في كل مسألة يصار اليه فيها من اختصاصه. وكان مما أضمر له الحب والاعجاب والتقدير لدى عارفي فضله مايبدو عليه من تواضع العلماء ومهابتهم التي يسمو بها ويغليها فى النفوس ذلك التواضيع المحترم.

ولقد ولي الفقيد مراكز كبيرة في الدولة مدداً طويلة متوالية. وكان من أحرص الناس على واجباته وأمعنهم في تدقيق القضايا لا يغادر صغيرة ولا كبيرة إلا أحصاها وتفقهها بفطنة وحذق وذكاء نادر. ذلك الذكاء الذي لم تستطع السنون حين تقدمت به ان تكسر من حدته أو تنقص من تيقظه المتقد بنور المطالعة والتتبع واعتكافه على الكتب محباً للانفراد والعزلة فلا يلج المجتمعات إلا بمقدار ماتفرضه الواجبات الرسمية والاجتماعية في مناسبات خاصة. وكنت تحسبه إذا خلوت اليه وحركت طرفاً من أطراف الحديث انه لايحسن غير الاستماع فاذا كان الحديث في باب من أبواب العلم أو في القضايا العامة عسكرية كانت أو سياسية أو

تاريخية أخذك في مجراه وانحدر يتدفق في البحث حتى يستقر البحث في نصابه فتحس كأنك في مكتبة عامة حوت نفائس الكتب وغرائبها ولكن بفارق واحد هو انك استطلعتها بداهة عن طريق ذالك الخضم الفياض.

فرحم الله أميناً وأمطر جدثه الزكي بفيض رحمته وتقبل منه صوالح أعماله وحشره تحت لواء سيد المرسلين في زمرة العلماء العاملين. وأعاض الامة عن خسارتها بفقده بما بهيئه لها في قابل أيامها من أصحاب النبوغ والعبقريات فما أحوج البلاد الى مثل الفقيد الغالي وألهمنا وإياكم جميل العزاء إنه سميع مجيب.

تحسين على

الصديق المفجوع

## كلمة السيد أحمد شوقى الحسينى
## مدير وزارة المواصلات والاشغال العام سابقاً

ايها الراحل الكريم. يعز علي وايما الله أن اقف موقفى هذا لتأبينك وأنت قد درجت تحت اطباق الثرا وقد كنت بالامس القريب جليساً وانيساً وقد كنت اعلل النفس بأن الله سيمنحك صحة ويمد في حياتك لتعمل على اكمال ماتبقى من مشاريعك الخالدة التي بدأت بها وذلك خلال اشتغالك في مناصب الدولة الهامة.

أيها الراحل العزيز: لقد خدمت العراق مدة ثلاثه وعشرين عاماً خلال الحكم الوطني وقد انجزت من الاعمال المفيدة في هذة المدة ما سيبقى ذكراه مدى الأجيال القادمة. لقد فقدتك البلاد فى ظروف هى في أشد الحاجة إلى الاستنارة في آرائك الصائبة وعلمك الواسع وخبرتك الفذة.

سادتي اخواني الحاضرين الكرام. لقد تعرفت على المرحوم السيد محمد أمين زكي بعد تقلده لمنصب وزارة الأشغال والمواصلات لاول مرة وذلك سنة ١٩٢٦ ومن ذلك التاريخ حتى وفاته كنت أكثر الناس اتصالا به وان قلت انني أعلم الناس باحواله فلن اكون مخطئاً حيث انني اشتغلت في معيته مدة لا تقل عن العشرين سنة في فترات متقطعة مع كثرة معاشرتي له عندما يكون في منصبه او خارجه واني أشهد بانني وجدته صادقاً نزيهاً أميناً عف اللسان أديباً وقوراً يحترم جلسائه ولم أسمع منه كلمة نابية خلال اشتغالي ومعاشرتي له. وكان رحمه الله شفوقاً على الضعفاء والفقراء والمحتاجين ساعياً لقضاء حوائجهم ما استطاع إلى ذلك سبيلا وكان الى ذلك وطنياً مخلصاً وهو أول وزير حدد من نفوذ الأجانب في وزارة المواصلات والأشغال وأسند مناصب مديرية الأشغال العامة والري العامة والبرق والبريد إلى الوطنيين العراقيين في ظروف كان للأجنبي القول الفاصل في الدولة وانني أشهد بأنه كان شديد الوطأة على الأجانب وكان الأجانب يتحاشون التصادم معه نظراً لوقوفه على واجباته وكثيراً ما لاحظنا التجاء الأجانب إلى رؤساء الوزراء أو غيرهم لحسم النزاع الذي كانوا يتورطون فيه مع المشار اليه في أغلب الأحيان.

كان رحمه الله شديد الحمية إلى قوميته لايرى في الدنيا لها بديلا، شديد المسك بالوحدة العراقية عاملا على تقويتها باذلاً كل مافي وسعه لأدامتها عن اعتقاد وايمان ويقين وكثيراً ماكنت أتباحث معه حول الوحدة العراقية حينما تحدث بعض القلاقل في الشمال فيجيبني ان الاكراد إذا انفصلوا عن اخوانهم العرب في العراق فتلك قيامتهم قد قامت ولا حياة لهم بدون الاتحاد مع العرب. وكان رحمه الله من مؤيدي الاتحاد العربي إذ كان من رأيه رحمه الله أن أقلية تعيش في دولة قوية مرهوبة الجانب خيراً لها من أن تعيش أقلية في دولة ضعيفة. وكان من رأيه رحمه الله ترجيح تعيين الموظفين من العرب الأكفاء إلى المناطق الشمالية على الاكراد حيث يكونون بعيدين عن الانصياع إلى ذوي النفوذ من رؤساء القبائل أو غيرهم من ذوى النفوذ والمنافع الشخصية وان قلت بان معظم الأعمال الانشائية التي تمت من طرق وجسور ومباني في المناطق الشمالية والجنوبية كانت من جهوده وجهود زميله وصديقه معالي السيد جلال بابان حيث انهما أشغلا منصب وزارة المواصلات والأشغال بفترات متعاقبة ولمدة مناسبة. وانني أشهد أمام الله وأمامكم بأن معاليه قد خدم الشعب الكردي في قلمه ونفوذه خدمات جلة لم يتسنى لغيره أن يقدم مثل هذه الخدمات الممتازة البارزة. أما آثاره ومؤلفاته التي تركها في شتى العلوم فهي لسان ناطق على علو كعبه في مسلكه وثقافته الممتازة وعبقريته في البحث والتنقيب وذلك بالرغم من مرضه الذي لازمه بضعة سنين.

أيها السادة الأجلاء: إن الموقف لايساعد على بيان مزايا الراحل الكريم باسهاب في هذه الفترة القصيرة وانني أعتذر اليكم من تقصيري هذا وأرجو من الحاضرين الكرام ان يقولوا معي رحم الله السيد أمين زكي اللهم اسكنه فسيح جناتك واغفر لنا وله وعوض اللهم على هذا الوطن هذه الخسارة الجسيمة وعزائنا إلى الشعب العراقي الكريم وعزائنا إلى ذوي الفقيد وإلى أصدقائه الكرام وإنا لله وإنا إليه راجعون والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

أحمد شوقى الحسينى
مدير وزارة المواصلات والأشغال العام سابقاً

## كلمة سعادة السيد أحمد زكي الخياط

أيها الحفل الكريم:

أنا من الذين يهوون بالفطرة شمال الوطن بجباله وسهوله ووديانه ويكنون لرجاله أعز ما يكنه صدر امرء أحب وطنه وبلاده. ولكم تمنيت أن تساعدني الظروف التي تحيطني أن أحضر بنفسي احتفالكم هذا لأقول كلمتي في الراحل الكريم فأكون قد ساهمت معكم باقامة ذكرى رجل كنت احترمه فاحترم ذكراه.

سادتي تقاس الرجال بأعمالهم وبما يكون لهم من أثر في المجتمع الذي تحيا فيه. والمغفور له السيد محمدأمين زكي، الذي اقيم هذا الاحتفال المهيب لذكراه، من رجالات العراق الذين كان لهم أثر كبير في تاريخ الحكم الوطني فى العراق. لقد حاول رحمه الله أن يقدم لوطنه شتى أنواع الخدمة وفي الواقع كان التوفيق حليفه فيما حاول حيث استطاع ان يخدم وطنه عن طريق الثقافة والقلم بعد ان خدمها إبان شبابه عن طريق السيف. وان مؤلفاته العديدة التي خلفها لابناء وطنه خير شاهد على ذلك.

كان الفقيد يتحلى بخير الصفات كالصبر والجلد والوطنية وعلو الهمة بالرغم من كبر سنه وهذه صفات الرجولة الحقة وإن أنس لن أنسى تلك الهمة القعساء التي كان يبذلها لحضور جلسات البرلمان الخطيرة عيناً كان أو وزيراً وهو يكافح في جسمه المرض ووطأة الشيخوخة وثقل الأعوام والسنين.

وكذلك كان محباً للجد والمثابرة على اداء الواجب وهذه قد تأصلت فيه من جراء التربية العسكرية التي درج عليها وترعرع في كنفها ويشهد له بذلك مرؤوسوه الذين كان لهم حظ الاشتغال بمعيته وما أحوجنا اليوم، ونحن قوم ناشىء، إلى مثل هذه الخصال الحميدة التي لايمكن لأي شعب من الشعوب أن يستغني عنها للتشييد والتنظيم. هذا من ناحية ومن الناحية الاخرى فانه كان من الابرار الذين يتلذذون بعمل الخير ولايتورع في أن يتعب نفسه ويتحمل المشقة والعناء في سبيل اغاثة ملهوف أو اعطاء ذي حقٍ حقه وهذه كلها وضع للامور فى نصابها قلما نلمسها اليوم بين الناس وهي لاشك في انها احدى المفاخر.

أنا لا أريد بكلمتي هذه أن أطيل عليكم فقد أبان الخطباء والمتكلمون الشئ الكثير عن خصاله ومزاياه وهذا ما دعاني إلى الايجاز ولعلي اكون قد وفيت الراحل حقه وأنا من الذين يحرصون على المساهمة في ذكراه هذه ولو بهذه الكلمة المختصرة العاجلة وسلام الله عليكم جميعاً.

**بغداد**

**١٦ـ ٨ـ ١٩٤٨**

**أحمد زكى الخياط**

## كلمة الاستاذ محمد على الكردى

## وا مصيبتاه وا وزيراه

بسم الله الرحمن الرحيم: (كل شئ هالك إلاّ وجهه له الحكم وإليه ترجعون) هذه الكلمة وحدها تصبرنا ولكن متى وأين الصبر ؟

آنساتي سيداتي سادتي

... إن الرزء لأليم وإن الخطب لجليل، وإن النكبة قاصمة الظهر، وإن المصيبة فادحة هائلة: إنا لله وانا إليه راجعون... هذه نكبة تنسينا النكبات التي توالت على هذه الامة المنكودة، جرح بالغ في جسم القوم ينسينا الجروح التي لم تندمل بعد سهام فاتكة في قلب الامة تكسرت على نصال لم تخرج بعد، شيخ يفقد يجدد المصاب بشباب ألمت بهم الرزايا من غير انتظار، فيا للسماء ما أقساها ويا للارض ما أشقاها ويا للنكبة ما أنكاها: وجوه نضرة تيبس ورؤوس عالية بالكرامة تنكس:

كذا فليجل الخطب وليفدح الامر * فليس لعين لم يفض ماؤها غدر...

إن الحزن العميق على فقد الوزير أمين زكى بيگ قد أمننا من كنا خائفين من هذا اليوم، والآن وقد بلغ الحزن نهايته فلا تحزن على هالك بعده حيث لا تفقد البلاد بعد اليوم أعز منه:

ليت السماء على من تحتها وقعت وانشقت الأرض وانجابت بمن فيها

آنساتي سيداتي سادتي

ماذا عسى أن يقول الشعراء والخطباء في تأبين أمين زكي بيك، ماذا يقول اللسان عن محاسن رجل كان كله محاسن، وماذا يذكر القول عن مفاخر شخص كان شخصاً للمفاخر والمآثر: علم وحلم وحكمة فهل بعد ذلك من مزيد ؟

... كان الوزير الفقيد رحمه الله كالمطر أو أنفع لبلاده كأيام الشباب أو أجمل لقومه وكفصل الربيع أو أزهر لهذه المدينة المنكوبة بفقده.

آنساتي سيداتي سادتي

... ترون في هذه المدينة المنكودة -السليمانية- التي قلت أخيراً مرافق حياتها وضاقت فيها سبل العيش، ترون مئات من العائلات كان الفقيد رحمه الله باعثاً لحياتها وموجداً لكيانها، فليس فينا من يستطيع ان يعد صنائع نعمته وربائب احسانه، وكذلك كان فضله عاماً شاملاً لسائر مدن الشمال والجنوب، فلم يكن فقده فقد فرد بل انه كيان قوم قد تهدم، وبنيان امة قد تقوض، وهكذا تموت الآمال فلا تعوض.

آنساتي سيداتي سادتي

... من السهل الميسور أن يصبح الفرد وزيراً أو كبيراً ولكن من الصعب أن يكون كل وزير أو كبير مثل أمين زكي بيك، هيهات هيهات ان يجود الزمان في حقب من الدهر بمثل أمين زكي عظيماً في مقامه متواضعاً في ذاته، عالماً بكل فن، حليماً في كل حين بصيراً بكل شيء.

آنساتي سيداتي سادتي

... اليكم مثلا من حلم أمين زكي الوزير وفضله على بني قومه: (( دخل مرة على أمين زكي بيك في مكتب وزارته طالب حاجة من رجال الشوارع في زي غير رضي إن لم نقل كان زرياً، فقال له الوزير بعد الاستماع إلى قوله: امهلني إلى غد، فقال له الرجل في حنق وحدّة: لماذا أصبحت وزيراً إن لم تقض حوائجنا، فأجابه الوزير وهو ضاحك مستبشر: والله اني لا أحب الوزارة إلا لأجلكم لكي استطيع ان اساعد أمثالك وامهلني الى غد فان حاجتك مقضية لا محالة )).

آنساتي سداتي سادتي

... اننا لم نفقد بفقده وزيراً كسائر الوزراء، بل فقدنا شيخاً كانت حياته نعمة وفيضاً لآلاف الشباب، فقدنا شيخاً به كان الشباب يدفعون غوائل الأيام ومصائبها، ولما حلت به المصيبة لم نستطع أن ندفع عنه شيئاً فوا أسفاه:

فقدناه فقدان الشباب وليتنا  فديناه من فتياننا بألوف

إي والله لوكانت الآجال في مقدورنا لفديناه بآلاف وآلاف، ولكن ما العمل فليردد لسان القوم:

ذهب الذين يعاش في أكنافهم  وبقى الذين حياتهم لاتنفع ...

إن مثل أمين زكي بيك لايموت ولن يموت لأنه حي خالد بمآثره وباق سرمدي بمفاخره وبآثاره، له في أمته ذكر على كل لسان وذكرى في كل قلب واحسان في كل بيت، ولكن تموت امة تفقد ركناً من أركان حياتها العلمية والثقافية، تموت امة تفقد علماً من أعلام نهضتها العلمية و السياسية يموت قوم يفقد وزيراً كان الملوك يفتخرون بصحبته، وكان الفقراء مثل الاغنياء يفوزون متى شاءوا بطلعته.

... يكفى الفقيد رحمه اللة عظمة و حكمة و دراية فى حياته السياسية ما قد رأيتم من العواصف الانقلابية التي هبت على العراق فلم تحرك تلك العواصف شيئاً من عظمته، وان تلك الرعود القاصفة التى انتابت البلاد بين آونة واخرى لم تزعزع شيئاً من مكانته، ورأيتم انه: لم تظهر حكومة في دست الملك الا كانت في أشد الحاجة الى مؤازرة امين زكى بيك فكان رحمه الله عالماً قائماً بحد ذاته.

آنساتي سيداتى سادتي

... اننا فقدنا شيخا وزيراً لا يؤبن بالكلام ولا يعزى بفقده فرد او عائلة او مدينة بل تعزى بفقدة امة وبلاد، فنرجو الله أن يلهم الصبر لأمتنا وان يعوض عن المصيبة لقومنا وما ذلك على الله بعزيز والسلام عليكم.

الفلوجة : محمد على الكردى

# كلمة السيد محمد فاتح توفيق

فقيدنا الكريم معالي الوزير العالم

الاستاذ محمدأمين زكي

أيها الحضار الكرام

ليست منزلة فقيدنا الغالي بما وصل اليه من جاه الوزارة أو مناصب الدولة الرفيعة، ولكنها قبل كل شيء بأخلاقه العظيمة وروحه العالية ونفسه الطيبة الزكية، وعلمه الغزير و معرفته الواسعة و درايته وكفايته و مقدرته الذاتية. ولم يبلغ ما بلغه من جاه ومنزلة، سواء أكان ذلك في مناصب الدولة أو في قلوب الناس، الا بما وهبه الله من خلق رضي وعلم نافع وسعي مشكور.

لقد كونت شخصية الفقيد ثلاث مقومات: أولاها، تربيته العسكرية ونشأته، فقد صيرته رجلاً صبوراً مقداماً شجاعاً ... فقد ذاق مرّ الحياة ومتاعبها ومرن على شظف العيش وقسوته، وقد عرك الدهر وقارع الزمن والحوادث، فخرج منها رجلا كاملا قد هذبت نفسه الحياة وهيأته ليقود زمام الامور على خير وجه.

وثانيتها: علمه الغزير ودراسته وحبه للاطلاع، فقد كان رحمه الله يتقن عدة لغات شرقية وغربية يجيد طائفة منها اجادة تامة ويحيط بأخرى احاطة لا بأس بها. وكانت له ثقافة علمية واسعة، وقد اتجه الى التاريخ يتوسع في بحوثه أكثر مما سواه من العلوم الاجتماعية فكان الباحث المدقق والمؤلف المحقق الذي يرجع في الامور الى مظانها الحقيقية ومصادرها الأصلية، ولا يلقي الكلام على عواهنه. وكان يشتغل في العلم لا لمكسب أو شهرة أو غاية وضيعة ، فكان بذلك كله رمز العالم الحق.

وثالثتها: اشتغاله بالسياسة. وأهم صفاته فيها النزاهة والاخلاص فهو أحد أولئك القلائل الذين نستطيع أن نقول عنهم بكل صراحة وبملء أفواهنا أنهم أمناء مخلصون نزيهون. وليست هذه الصفات تخلص لأحد الا من كان ذا حظ عظيم. وكان رحمه الله في حياته الخاصة مع من يتصلون به الصادق الوفي

المخلص، والذي يسأل عنهم ويهتم بشؤونهم ويعين من يحتاج الى الاعانة ويمد يد المساعدة لمن هو في حاجة اليها، جم التواضع يبدي النصح والعطف كأنه الأب الحنون لكل منهم. وتلك صفات طالما قرأنا عنها فى الكتب و لم نر لها أثراً في الواقع ، ولكنها كانت فى أبي بديع ماثلة واقعة، وحقيقة ملموسة. بل ان ماذكرته أقل من الوقع وقليل من كثير.

وبعد، فان الكلام في مناقب الراحل الكريم يطول ويطول، ولا يتسع له المقام هنا. وليس لنا الآن الا أن نبدى شديد ألمنا وعظيم أسفنا لفقدنا اياه في هذه الأيام التي عزت فيها الرجال الكرام وقل فيها ذوو النفوس العالية وندر.

ونسأل المولى تعالى أن يسكنه فسيح جناته وأن يسبغ عليه الرحمة والرضوان. ونتقدم الى أولاده البررة بالعزاء الحار سائلين المولى عز وجل ان لا يريهم مكروها انه سميع الدعاء والسلام عليكم.

**محمد فاتح توفيق**

## كلمة السيد حسين الرشواني

يتهيب القلم من الخوض فى ميدان تأبين معالي الراحل المرحوم، حيث تتبارى الأقلام في استعراض مزايا وخصائص المأسوف على فضله وعلمه التي قلما يتاح لواحد أن يتحلى بواحدة منها.

ولقلمي الحق في ذلك لاني ماكنت من الاوساط التي كان الراحل العظيم المثل الافضل فيها، فحق تأبينه مقصور على زملائه العظماء، عظماء الوزراء ، عظماء المؤرخين ، عظماء الوطنيين المخلصين، عظماء القادة الحربيين.

فالوزراء يضمون مشاهداتم من الراحل الكريم مع شهادات تلك المناصب العالية التي زين المرحوم كراسيها في مختلف الوزارات والمصالح الكبرى في الدولة، فهؤلاء مع تلك يشهدون بانه كان زين المناصب وكان يملئها بما يوحيه اليه ضميره النقى المهذب من الاعمال، وانه كان العقل المدبر لجميع الدوائر التابعة لرآسته، وانه كان القدوة المثلى لجميع مرؤوسيه وكان يعلم اقرانه كيفية القيام بالواجب الاكمل، وهو صامت دائب على مافيه مصلحة الدولة والشعب.

والمؤرخون يعرفون مدى انتشار ضوء أبحاثه اللامعة فى مجاهل التأريخ ويعترفون بفضله في كشف خفاياه التي لولا بحثه الامين وتنقيبه الدقيق لبقت محجوبة عن أعين الباحثين الى مدى بعيد، ونحن نلمس علمه الغزير وذهنه الجامع وبحثه المتواصل اذا ألقينا نظرة فاحصة على ماقام به من جهود جبارة في تدوين تاريخ شعبه الكردي، حيث نرى أبحاثا علمية دقيقة تنم عما كان يتحلى به الراحل الكريم من صبر ونشاط وعلم وفطنة وصدق واخلاص. فلا تراه يسجل بحثاً الا بعد طول تردد وتمحيص وبعد ان يتأكد من صحته بشهادة أساطين العلم والتاريخ وتراه غير متحيز في تتبعاته فلا يلصق بقومه من الفضائل الا ما أثبتته أقلام الاجانب خدمة للعلم واظهارا للحق.

وفضلا عن ذلك فهو بتدوينه وجمعه هذا التاريخ العريق في القدم لشعبه الكردي قد أفاد شعبه وأفاد الشعوب المجاورة لهم فوائد كثيرة ماكانت تحصل عليها لولا تآليفه القيمة.

فهو قد أفاد شعبها بأن لهم اصلا في التاريخ يساوى اصول الشعوب الحية الاخرى ان لم يفقها بكثير، واثبت لهم بأنهم قد ساهموا مع الاسرة الانسانية بنصيب كبير في جميع أدوارها، وأظهر لهم ان هذا الخمول والتأخر اللاحق بهم ليس الا نتيجة تشتت وتفكك بواسطة عوامل مختلفة جائرة لا سند لها من الحق والتاريخ، وانهم يجب عليهم أن يفتحوا أعينهم ويشمروا عن ساعد الجد، ويدلون بدلوهم في خدمة الحضارة الحاضرة كما كان شأنهم في الحضارات القديمة، وهو قد أفاد الشعوب المجاورة لهم، بان الأكراد منذ القدم كانوا حريصين على القيام بكل واجبات الجوار، وما كان الظلم والتعدي على جيرانهم من شيمهم أبداً، وان الشهامة والكرامة ما فارقتهم في جميع حالاتهم، وانهم كانوا أكثر قدرة على ايصال النفع الى كل من يمت اليهم بصلة الجوار أو الدين في أيام السلم والمصافات، كما أنهم كانوا أمتن عودا وأصلب قناة وأشد صمودا أيام الحرب والنضال مع جميع من خاضوا معهم هذه الميادين الممقوتة، وأثبت لكل من اولئك القلائل الذين بقوا على عاداتهم وتقاليدهم واحتفظوا بكيانهم ومقوماتهم الاجتماعية ولغاتهم رغم تقلب أدوار التاريخ العديدة الشديدة التي أفنت شعوباً وأهلكت امما عن الوجود وسلخت عن كثير منها مقوماتهم و مشخصاتهم بحيث تلاشوا في غيرهم ولكن الاكراد بما حبتهم الطبيعة من قوة الشكيمة وشدة المراس وقدرة المحافظة على البقاء غالبوا جميع العوادي وقاوموا جميع المؤثرات المهلكة بحيث بقوا الى الآن ليقف التاريخ أمامهم مدهوشا بمناعتهم وصمودهم.

والوطنيون المخلصون الذين زاملوا الفقيد في أول نشئته الى أخر حياته يشهدون له باخلاصه الجم وسعيه المتواصل وتفانيه في القيام بواجب الوطن، سواء ذلك أيام ما كانت الامبراطورية العثمانية تعتبر وطنا في هذه البلاد، حيث أفنى زهرة شبابه بالقيام باعباء الوظائف المختلفة الخطيرة الملقاة على عاتقه سواء في الوظائف الحربية أو السفارات والوساطات التي قام بها مخلصا موثوقا به. أو بعد ان تقلصت الامبراطورية وأصبح العراق وطنه الحقيقي والرسمى فنراه مند تشكيل الحكومة الوطنية العراقية الى أن لقي ربه لم يأل جهدا وما قصر خدمة في المساهمة بكل ما أوتي من كفاية وقوة واستعداد ومواهب في بناء هذه الحكومة بحيث يعد من كبار أساطينها.

وكان مع هذه الخدمات الجليلة كردياً من الطراز الاول أسدى الى بني جلدته غضون عمره المبارك خدمات لاتنسى أبد الدهر، فهو بذلك يفند تلك المزاعم التي

تعششت في بعض الرؤوس المريضة بان تولي الاكراد للمناصب العالية في الدولة ينافي اخلاصهم في وطنيتهم. اذ نرى كيف استطاع ان يوفق بين جميع واجباته نحو الدولة ونحو بني قومه بحيث قدم خدمات عظيمة لهما معاً قلما يستطيع أخلص الوطنيين القيام ببعض منها. وهو مع ذلك كان مثالا للاخلاص للدولة والتفاني في حب العرش والتاج والوفاء والبر ببني جلدته مهما أمكنه ذلك.

وبعد فما نريد أن نسترسل اكثر من هذا في سرد محاسنه ومزاياه وخدماته الكريمة التي زينت جميع مراحل حياته، لان ذلك كما قلنا من شأن المرافقين له والمطلعين على حياته اكثر . وفضلا عن ذلك فان أعماله كلها بارزة متجسمة لجميع العيون. وانما هدفنا الأصلى ان ننبه بهذه المناسبة كبار شعبنا العراقي من قبل ناشئتهم على مواضع العظمة في هذا الرجل الفذ ليكون بذلك قدوة صالحة لكل نفس كريمة مخلصة لشبعها ووطنها.

ونوجه الكلام خاصة الى الأكراد الذين يشغلون مناصب خطيرة في الدولة وندعوهم الى أن يكونوا كالراحل العظيم في تقديم كل خدمات يستطيعون اسدائها الى الدولة بصدق واخلاص ونزاهة وان يكونوا مثله مهتمين بشؤون بني جلدتهم الاكراد في حدود القانون والدستور ليأخذوا بأيديهم من هذه الظلمة الشاملة لجميع أركان حياتهم الاقتصادية والصحية والثقافية والاجتماعية وبذلك يكونوا قد أسدوا الى الوطن والدولة مساعدة عظيمة حيث نهضوا بقسم منها وأشعروه بروح الحياة، وبروا أيضا ببني جلدتهم الذين أولوهم ثقتهم وجعلوهم ممثلين لهم في ادارة شؤون الملكة ويكونوا قد دفعوا اليهم ثمن الثقة بهم واثبتوا أنهم لا يمثلونهم في الدوائر والمصالح الا بالاسم.

وأخيرا نقدم بكل أسى وأسف مشاطرتنا في هذا المصاب الفادح الى أفراد اسرته الكبيرة العراق وكردستان والى أفراد أسرته الصغيرة أفراد عائلته الخاصة راجين من المولى عز وجل أن يلهم الكل الصبر والسلوان وان يفيض على الفقيد شآبيب الرحمة والغفران.

عن أفراد بعثة علي كمال بك بالازهر الشريف بمصر

السيد حسين السيد عزيز الرشوانى

## كلمة السيد خضر العباسي
## أثر الفقيد في تاريخ العراق الحديث

تفخر جميع الامم برجالها المخلصين و تعتز بعلمائها المصلحين . وتشيد بذكرهم على مدى الأعوام والعصور اذ في ذلك عبرة وذكرى للذي يلقى السمع وهوشهيد، وما من أمة جهلت قدر أدبائها ومؤسسي كيان مجدها وعزها الأدبي الا وتدهورت في عبودية وتوارت عن الانظار لان خدماتهم العظيمة وتضحياتهم الباسلة أعظم من ان تنسى وما هم الا نور ساطع قي صحائف التاريخ يضيء للاجيال القادمة سبل الحياة.

ولا عجب ان نحتفل اليوم بمرور أربعين يوما على وفاة العلامة الكبير معالي أمين زكي ذلك الاديب الفاضل والسياسي اللامع ونحن لا نستطيع أن نلم بكل جهات الكمال للفقيد بل يجبرنا الوقت وضيقه على حصر صفحة واحدة من صفحات حياته التاريخية وأثره في تاريخ العراق الحديث .

اذ هو صاحب تلك الكتب التي ستبقى خالدة يقرأها أبناء الشعب العراقى ويعلم مدى الجهود الجبارة الذي بذل مؤلفها في استحصاله المصادر التاريخية وكيف عانى مشقات ثقيلة في تجواله بين مكتبات أوربا وبلاد الاسلام مستفسراً عن الكتب منقباً في المخطوطات، كل هذا لخدمة الثقافة العراقية واحياء مجدها المندثر ومكانتها السامية التي كانت عليه في القديم.

نشأ الفقيد وتخصص بدراسة الثقافة العسكرية وتلقي دروسها على أشهر علماء الفنون العسكرية أمثال الفيلد مارشال فوندر غلج والجنرال ليمان سندرسن قائد (جنقله) وغيرهم من لهم شهرة طبقت الآفاق بذكرى عبقريهتم العسكرية.

ولما تخرج الفقيد ضابطاً وتدرج بمناصبها وشاهدت الدولة العثمانية من اقدامه واخلاصه عينته عضواً في رئاسة هيئة القيادة العثمانية الموجودة في العراق أيام الحرب العالمية الاولى والتي كانت تضع الخطط الحربية لمحاربة الجيوش الانكليزية التي جاءت لمحاربة الاتراك وانتزاع العراق من سلطانهم.

فلما كان الفقيد يعلم سير الحرب وكيف جرت بين الجيش العثماني والانكليز في العراق واطلع على الأخطاء التي ارتكبتها القيادة ألّف عدة كتب قيّمة عن كل موقعة حربية وقد طبعت هذه الكتب في الاستانة باللغة التركية نالت استحسانا لدى القيادة العثمانية والألمانية وقد حصل مؤلفها الفقيد على أوسمة كبيرة من الدولة على نبوغه العسكري وجدارته في تنظيم الخطط الحربية . ولم تمنع الفقيد ثقافته العسكرية وتفرسه بها من أن يطالع الكتب التاريخية ويبحث في حوادثها حتى ان الفقيد بعد سقوط الدولة العثمانية ورجوعه الى العراق وتقلده المناصب أخذ يفكر في وضع تاريخ الى الامة التي ينتسب اليها وذلك لما لاحظه من افتقار الكتب التاريخية من البحث في تاريخ الشعب الكردي وسير رجاله وعندما عزم الفقيد على التأليف سمع بذلك الوجيه حمدي بك بابان الذي يقيم الآن في لندن فاجتمع بالفقيد وتحادث معه في تكليف الاديب اللغوي انستاس ماري الكرملي ان يؤلف تاريخاً عن الاكراد ويدفع له لقاء ذلك مبلغا من المال قدره مئتا روبية ولما شرع الأب الكرملي وانتهى من تأليفه دفعه الى الوجيه حمدي بابان وهذا دفعه الى الفقيد واطلع عليه فوجده غير ملم بتاريخ الشعب الكردي وتقريبا ان الكتاب مقتصر على تاريخ الامارة البابانية وأخبار السيلمانية، لهذا أخذ الفقيد يبحث و ينقب جميع المصادر التاريخية من شتى اللغات. وكان يجيد عدة لغات أوربية وشرقية وحينما تهيأت هذه الابحاث كان ينتظر الفرصة المتاحة للبدء بتنسيقها حتى سنحت الفرصة في أواخر سنة ١٩٣٠م عند تركه المناصب الحكومية واعتكافه في داره . فبهذه المدة تمكن أن يضع تاريخاً شاملاً للشعب الكردي مع تأسيس اماراته وسير رجالها وسماه ( مختصر تاريخ الكردو كردستان ) و ( تاريخ السليمانية ) وقد ترجم اكثرها أحد ادباء الاكراد المقيمين في مصر الى اللغة العربية. ان هذه الكتب الجليلة قد سدت نقصا كبيرا في الخزانة العراقية حيث كنا مفتقرين الى من يقوم بتأليف كتب عن تاريخ سكان الالوية الشمالية وبيان تاريخ ماضيهم المجيد ومجدهم الزاهر ووضع هذه الكتب بين أيدي أبناء الشعب العراقي يتداولها ويقف على مكنوناتها الجوهرية والتي لها أثر عظيم في الثقافة العراقية .

وقد دلت هذه الاسفار الجليلة على سعة علم الفقيد وحصافة فكره السديد ونباهته الوقادة وحافظته القوية. ولولا أن الفقيد يكشف لنا من تاريخ العراق صفحة مجهولة ويظهرها الى الملأ، لبقيت هذه الصفحة مطوية لايعرفها الادباء.

ان موت الفقيد خسارة فادحة لا تعوض في هذه الظروف الذي كان أحد أعلام العراق ورجاله وممن اشتغل في تأسيس كيانه وكما قال الشاعر:

أبكي وعين الشرق تبكي معى          على الكاتب الاديب الالمعي

خضرالعباسى

## كلمة السيد بشير المشير
## أربعينية محمد أمين زكى بك

كتابي عن سلامة وما سلامة من يرى كل يوم ركنا مهدوداً ولحداً ملحوداً واستاذ التاريخ مفقوداً وحوضاً من المنية موروداً ويعلم ان أيامه مكتوبة وأنفاسه محسوبة وان شباك المنايا له منصوبة .

ان لهذه الدنيا ماكدر صافيها وأخيب راجيها وأغدر أيامها ولياليها وأنقص لذاتها وملاهيها... ورد علينا بواسطة جريدة ژين من مدينة السليمانية خبر وفاة الاستاذ الكبير والعالم الشهير محمد أمين زكي بك الوزير السابق فدارت بي الارض حيرة واظلمت في عينى الدنيا حسرة وملأ الوله قلبى وفكرت وتذكرت الأيام التى كانت تجمعنا فى نادي الارتقاء وكان الاستاذ الكبير ينورنا بنور علمه الشهير فعلمت انه شرب بكأس سأشربها ورمي بقوس سوف أرمى بها فبكيت عليه بكاء لي نصفه وحزنت له حزناً لنفسي شطره وسألت الله تعالى أن يفيض عليه من رحمته مايتمم به سهمه من نعمته وان يتغمد كل زلة ارتكبها بمغفرته ويضاعف له كل حسنة اكتسبها بمنته وان يذكر له تلك الاخلاق الكريمة وتلك المروءة الواسعة العظيمة.

ثم تذكرت ما انزل بسيدي من الوحشه لفقده والغمة من بعده حتى استفرغ ذلك ما في صبري بل ما في صدري وحتى صار الوجع وجعين والمصاب اثنين ثم رجعت الى أدب الله تعالى فقلت اللهم ارحم الماضي رحمة تحبب اليه مماته وابق الحي بقاء تهنئه فيه حياته واطبع على قلبه حتى لا يطيع داعيه الجزع ولا يضع عنانه بيد الهلع ويتمم جانب الاجر والذخر . اقتصرت من تعزية سيدي على هذا المقدار لا جرياً على مذهبي في الاقتصار ولكنني لم أجد من لساني بياناً. ويحق لهذه الفادحة ان أجعل اللسان محصوراً والبيان مقصوراً وان تحدث في العقل خللاً وفي البنان شللاً.

بشير المشير

## برقيات من مختلف الشخصيات

**من سعادة السيد على كمال**

رئاسة لجنة تخليد ذكرى الفقيد أمين زكي بك – السليمانية

كان بودي أن أحضر هذا الحفل الذي يثير ذكرى عظيم من عظماء الشرق خدم بلاده بعلمه وعمله لولا مشاغلي الفكرية والجسمانية التي حالت دون قيامي بهذا الواجب المقدس في آخر لحظة. ان أمين زكي كان مفخرة من مفاخر الامة الكردية الفقيرة برجالها ولم ينجب الزمن لها مثالا له من عهد بعيد ولذلك فان خسارته كارثة يجب أن يذكرها أبناء هذا الجيل ومن يأتى بعدهم وأن يجدوا فى تاريخ وفاته السنوى يوما للاستفادة من فضائله كما ويجب أن لا تنسى بلدة السليمانية التي أحبها المرحوم من كل جوارحه تخليد ذكرى الراحل العظيم بتسمية أجمل شارع في البلدة باسمه. ان تاريخ الكرد وكردستان الذ ي قاسى ما قاسى في سبيل جميع مأخذه كاف لتقديس هذا الرجل العظيم من قبل الامة الكردية فضلا عن تآليفه الاخرى التى يجب ان يعتز بها الشرق جميعا. ان مدة ذكرة أمين زكي رغم شيخوخته وأمراضه المفنية وسعة علمه كان مثارا للدهشة لمن يجالسه ولذلك يجبب ان تعد وفاته خسارة للعلم والتاريخ، بما أن أمين زكي كان وطنياً غيوراً مثالاً للشرف والمروءة عفا الله عنه و كان ذا خلق كريم وبطلاً لايذكر له النقص الذي يلازم البشر شآبيب الرحمة على روحه الطاهرة أرجو للنشأ الجديد أن يواسي روح أمين زكي بالاهتداء له في مضمار العلم علّ الزمن يخلق لنا من أمثاله بأقرب وقت حتى تهون على الامة العاقبة الفجيعة بهذه الخسارة الفادحة.

**على كمال**

**من دمشق**

**مجلة نزار –بغداد**

آلمنا نعي العلامة معالي أمين زكي بك، فقده خسارة كبرى للفكر والنهضة القومية. نعزيكم ونعزي اسرته الكريمه .

**دمشق: قدري جان**

**من القاهرة**

**لجنة تأبين المرحوم أمين زكي بك بالسليمانية**

يضاعف حزني بمنع الظروف القيام بأقدس واجب لأعلى فقيد. اليكم مشاطرة المعجبين بالراحل العظيم بمصير عزاءنا، ان الفقيد سجل في سفر الجهات أثاراً خالدة أجزل الله مثوبته وألهم أهله الصبر

**علي عوني**

**من كركوك**

السيلمانية . مدير المعارف السيد عبد المجيد

تمنعني أعمال طارئة عن نيل شرف الحضور في الحفلة لاداء آخر واجب تجاه الراحل الكريم، أرجو الانابة عني بواجبات التأبين.

**سعيد قزاز**

**من بعقوبة**

سليمانية. الاستاذ عبدالمجيد حسن رئيس حفلة التأبين لم أجد كلمة خالدة تليق أن تقال في حفلة تأبين الراحل الخالد المرحوم أمين زكي بك هذا هو السبب الأول في عدم حضوري شخصيا كما واني اشارككم والجمع الحاشد المحترم بالغ الحزن والآسى رضوان الله عليه.

**رفيق حلمي**

# ئیندێکسی ناو

## ١. کەس

**ئـ**


ئاغا محەمەد: ١٠٠

ئاق سونگور ئەحمەدیلی: ١٥٤

ئاڵغ بەگ: ١٣٠

ئوغوز بەگ: ١٥٥, ١٥٦

ئولوخان بەگ: ١٥٥

ئووەیس بەگ: ١٥٧

ئۆ. مان: ٢٣٤, ٢٤٦

ئۆغلان بوداخ: ١٥٦

ئۆڵغ بەگ: ١٣٠

میر ئەبوبەکر: ١٤٦

ئەبوبەکر بن محەمەد ئەلئەیووبی: ١٣٩

ئەبوبەکر بن مەلاجامی: ١٣٩

ئەبوبوکر ئامەدی: ١٤٠

ئەبوبەکری گۆرانی: ١٣٩

مەلیکول عادیل ئەبوبەکر محەمەد: ١٦٥

ئەبوبەکر هەوری (أ. ب. هەوری): ٢٩٠

ئەبوحەسەن عەلی سەیفوددین: ١٤٥

ئەبوحەنیفە: ١٨٧

ئەبوسەعید: ١٤٠

موفتی ئەبوسوعوود ئەفەندی: ١٩٨

ئەبوسینا: ١١٢

ئەبوعیسا محەمەد ضیائوددین: ١٤٥

ئەبوفەتح: ١٥١

ئەبوفەتح محەمەد: ١٥١

ئەبوفەتح نەصر: ١٥١٢
ئەبوفەضــڵ محەمەد ئەفەندی: ١٤٧, ١٩٧
شێخ ئەبول بەکاء: ١١٣, ١١٤
ئەبول فیداء: ١١١, ١١٨, ١١٩, ١٢٠
ئەبول هیجا: ١٣٨, ١٣٩, ١٥٢
فەقێ ئەحمەد(ی دارەشمانە): ١٨٩, ١٩٠, ١٩١
مەلا ئەحمەدی دەربەند: ١٩٩
ئەحمەد ئەفەندی بیلی: ٨٣
ئەحمەد ئەلمەشتووب: ١٥٢
ئەحمەد بەگی جاف: ١٩٩
ئەحمەد تەیموور پاشا: ١٥١, ١٥٢
ئەحمەد حەمدی بەگ: ١٩٩
ئەحمەدی خانی: ٩٣, ٩٤, ١٩٨, ٢٠٧
ئەحمەد ڕامیز بەگ: ١٩٩
ئەحمەد زەکی ئەلخەییاط: ٣١١, ٣١٢
ئەحمەد شەوقی: ١٩٧
ئەحمەد شەوقی ئەلحوسەینی: ٣٠٩
قاضی ئەحمەد ئەفەندی طەهازادە: ١٥٣
ئەحمەد نوصرەتوددین: ١٥٤
ئەحمەدە کۆر: ١٩٩
ئەحمەدی ضوحاك: ١٠٥
ئەدمۆندس: ٢٢٤
ئەردەشێر: ١٨٣, ١٨٤, ١٨٨, ٢٢١
ئەردەوان: ١٨٤, ١٨٨
ئەمیر ئەرسلان خان: ١٢٤
ئەسکەندەر, ئەسکەندەری گەورە: ١٨٣, ١٨٤, ٢١٦, ٢١٨
ئەسکەندەر مونشی: ١٠٢, ١٣٢
ئەسەدوددین شێرکۆ: ٨٣, ٨٤, ٨٥, ١٢٤

مەلیك ئەشرەف: ١١٧, ١٢٩
مەلیك ئەفـضەڵ, ئەفـضەلوددین نوروووددین: ٨٤, ٨٥, ١١٥, ١١٨
ئەلپارغۆن: ١٥٦
ئەلقاس بەگ: ١٣١
ئەڵلاوێردی بەگ: ١٥٦
ئەمانوڵلاخان: ١٣١, ١٣٢
ئەمانۆس مارسیلینۆس: ٢٢٠
ئەموری: ٨٤
ئەمیرخان بەگ: ١٣٣
ئـــەمیرخانی برادۆســـت: ٩٣, ٩٤, ٩٥, ٩٦, ٩٧, ٩٩, ١٠٠, ١٠١, ١٠٢, ١٠٣, ١٠٤, ١٣٢
ئەمیرخانی موکری: ١٣٣
ئەمیرقوڵی سوڵطان: ١٣٣
ئەمیر کۆنەخان: ٩٨
ئەمیر وەڵەد غازی بەگی کوردی: ١٠٠
ئەمیر ئیبراهیم خان: ١٣٨
ئەمیرەبەگ: ١٩٠
ئـەمین زەکـی بـەگ, محەمەدئـەمین زەکـی بـەگ: ١٥٨, ٢٠٠, ٢١٥, ٢٥٠, ٢٥٧, ٢٥٨, ٢٦٤, ٢٦٩, ٢٧٥, ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٧٨, ٢٧٩, ٢٨٠, ٢٨٣, ٢٨٤, ٢٨٥, ٢٨٦, ٢٨٧, ٢٨٨, ٢٩١, ٢٩٣, ٢٩٦, ٢٩٧, ٢٩٩
ئەمین فەیضی بەگ: ١٣٥, ١٤٣, ١٩٩
ئەمین بەگی دزەیی: ١٩٩
ئەنستاس ماری کەرمەلی: ٣٢٢
ئەولیا بەگ: ١٥٦
میر ئیبراهیم: ١٨٩, ١٩٠
ئیبراهیم ئالووسی: ٢٤٩
ئەمیر ئیبراهیم خان: ١٣٨
ئیبراهیم ئەفەندی (حەیدەری): ١٣٦

ئیبراهیم ئەفەندی: ١٣٧
ئیبراهیم تبلیسی: ١٤٣
ئیبراهیم سالار: ١٣٧, ١٥٣
شێخ ئیبراهیم کوردی: ١٣٧
ئیبن دینار: ١٤٠
ئیبن فەخر ئەربیلی: ١٥٠
ئیبن مەسکەوەی: ١٠٦
ئیبنوحەوقەل: ٢٢٠
ئیبنوخەلەکانی هەولێری: ١٤٦
ئیبنول حاجیب: ١٤٥
ئیبنول سەنەدی بەصری: ١٩٨
ئیبنول کوتوبی: ١٢٠, ١٤٧
ئیبنول موستەوفی ئەلئەربیلی: ١٤٨
ئیبنول موقەفەع: ٢٢١
مەولانا ئیدریسی بتلیسی: ١٢٢, ١٤٧, ١٩٧
ئیسترابۆن: ٢١٦
سوڵطان ئیسحاق: ١٢٤, ١٢٥
مەلیک صاڵح ئیسماعیل: ١٢٦
مەلیکول موعیز ئیسماعیل: ١٣٠
ئیسماعیل ئەلکوردی: ١٢٩
ئیسماعیل بەگ: ١٩١
ئیسماعیل پاشا: ١٢٨
خدێو ئیسماعیل پاشا: ١٥١
ئیسماعیل بایەزیدی: ٦٣, ١٩٨
ئیسماعیل تەیموور پاشا: ١٢٨, ١٥١
ئیسماعیل حەقی بابان: ١٢٩
شاه ئیسماعیلی صەفەوی: ١٢٢, ١٢٣, ١٣٦
ئیمام قولی بەگ: ١٣١

پاپا ئینۆسان: ١١٠

**ب**

باباطاهیر, باباتاهیری هەمەدانی: ١١٢, ١١٣, ١١٤, ١٩٨, ٢٠٧

بابەك: ١٨٣, ١٨٤

سوڵـطان بابیرس: ١٤٦

مەلای باتە: ١٩٨, ٢٠٧

بالیان: ١٦٤

بلبیس: ٨٤

بلدوین: ١٥٨

پیر بوداق خان: ٩٥, ٩٦, ٩٩, ١٠٠

پیر بوداق کوڕی میرعەبدال: ١٨٩

شێخ بورهان: ١٤٢

بەدروددین لوئلوء: ١٢٦

(عەلی) بەردەشانی: ١٩٩

بەسطام: ١٨٨

بەشیر موشیر: ٣٢٤

بەهائوددین قەرەقۆش: ١٧٤

بەهرام چۆبینە: ١٨٨

بەهمەن: ١٨٣

بەیروونی, ئەلبەیروونی: ٢٢٣, ٢٥٥, ٢٥٦

بیبی فاطیمە, فاطیمە لەیلا: ١١٤, ١٩٨

بێخود "مەلا مەحموود": ٢٩٣

بێسارانی: ١٩٩, ٢٦٤

بیشارە ئەلئەخشیدی: ١٠٧

بێکەس "فائیق": ٢٥٨, ٢٩٧

بێگەبێگ: ١٩١

بیلەچ شێکۆ: ٢٢٢

بیمەند: ١٧٠

ت
حاجی تۆفیق بەگ "پیرەمێرد": ١٨٣, ١٨٤, ١٨٧, ٢٥٤, ٢٦٤, ٢٩٣
تۆفیق پاشا: ١٣٦
تۆفیق وەهبی: ٢٣١, ٢٧٦, ٢٧٧
توورانشاه: ١٢٦, ١٤٩, ١٥٠
تەحسین عەلی: ٣٠٧, ٣٠٨
ئەمیر تەقیوددین عومەر: ١٠٨, ١١٥, ١١٨
تەیموور بەگ: ٨٩, ١٥١
تەیموور لەنگ: ١٢٩, ٢٨٢

ج
مەلاجامی: ١٣٩, ١٤٢
جانی بەگی عەزیزی: ١١٣
جاولی سەقا: ١٣٨
جزیری: ٦٣, ١٩٨, ٢٠٧, ٢٣٦
جستان: ١٣٧
جستان شرمزن: ١٣٧
جکرمش: ١٣٨
سێر جۆن مالکۆلم "مالقۆلم": ١٣١, ١٨٧, ٢١١, ٢٢٣
جۆی: ١٥٨, ١٦٠, ١٦١, ١٦٣, ١٦٦, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧٧
جەعفەر پاشا: ١٣٤
جەعفەر پاشای عەسکەری: ٢٧١
شێخ جەلالوددین ئەلئوشنەوی: ١٢٠
جەلالوددین خوارزمشا: ١٢٩
جەلالەددینی ڕۆمی: ١١٤
جەمشید: ٢٢٣, ٢٥٥
جەمیل صدقی زەهاوی: ١٩٧, ٢٨٣

**جەمیل مەدفەعی: ٢٧٢**
**جیش بن محمد الصمصامە: ١٠٦**

**چ**

**چەریکۆف: ١٣١, ١٣٢**

**ح**

**حافیظی شیرازی: ١١٤**
**حسێن بەگ ( ئامۆزای میرەبەگ): ١٣٤**
**حسێن بەگی خضر بەگ: ١٣٠**
**حسێن بەگی مەحموود پاشا: ٨٩**
**حسێن پاشا: ٩٨**
**حسێن ڕەشوانی: ٣١٨, ٣٢٠**
**حسێن شاه: ٢١٠**
**حسێن واحد دەستگردی: ١١٣**
**حوسامووددین: ١٢٢, ١٣٩, ١٧٤**
**حوسامووددینی قەڵەوی: ١٧٠**
**حەسەن بەگ جالا: ١٢٤**
**حەسەن خانی بەگلەربەگی ئۆستاجلوو: ٩٨, ٩٩, ١٠٠, ١٠١, ١٠٣, ١٠٤**
**حەسەن کەنۆش: ١٩٩**
**حەسەن هۆمەر: ١٩٩**
**حەمدی بەگ (ی بابان): ١٩١**
**حەمەئاغای دەربەندفەقەرە: ١٩٩**
**شێخ حەیدەر (ئەمیری موکری): ٩٧, ١٣٣, ١٣٤, ١٣٥**
**حەیدەر بەگ: ١٥٦**

**خ**

**خاکی: ١٩٩**
**خاتوون دانزە: ١٢٤**

خاتوونه بەشیر: ١٢٤
مەولانا خالید: ١٩٩, ٢٠٧
چۆلاق خالید بەگ: ١٥٧
خضر ئەلعەباسی: ٣٢١
خضر بەگی میر حسێن: ١٩٠
خضر پاشا: ١٣٤
خەستە: ١٩٩
خەسرەوخانی ناکام: ١٣١, ١٩٧
خەلیل پاشا: ٢٧١
خیۆرسکی: ٢١١

**د**
دارا: ٢٢٣, ١٨٤, ٢٨٢
داراب: ١٨٤
دارمیس تیستر: ٢١٧
داود: ١٢٥, ١٢٧
پرنس, مەلیك داود: ١٢٦, ١٣٩, ١٥٤
دورزی داود: ١٥٧
دوبیس بن زیاد: ١٥٤
دۆق دو سوابیا: ١٧٢
دۆقس, دۆقاس: ١٠٧

**ڕ**
ڕام بهشت: ١٨٤
ڕاوڵنسۆن: ٢٤٦
ڕوکنوددەولەی بوەیهی: ١٣٧
ڕوکنوددین سلێمان: ١١٧
مەلا ڕەحیمی موکری: ١٩٩
ڕەصافی: ١٩٧

ڕەضا پاشا: ١٣٦
ڕەضا قولی خان: ١١٢
شێخ ڕەضای طاڵەبانی: ١٩٩, ٢٠٧
ڕەفیق حیلمی: ٣٢٦
ڕیامۆند: ١٥٨, ١٦٠, ١٦١
ڕیچ: ١٣١, ١٩١
ڕیشاردی شێردڵ: ١٠٩, ١١٥, ١٦٨, ١٧٧, ١٧٨, ١٧٩, ١٨٠, ١٨١
ڕینۆڵد: ١٥٩, ١٦١

ز
زەردەشت: ٢٠٠, ٢١٠, ٢١١, ٢١٥, ٢١٧, ٢٢٦, ٢٢٧
زەکەریا: ١٦٢
زەهاویزادە: ٢٤٩
شێخ زەینوددین ئیبنول قوبەع: ١٢٠
زێوەر "مەلا عەبدوڵڵا": ٢٥٨

ژ
ژۆسلین: ١٥٣

س
ساسان: ١٨٣, ١٨٤
سالار سەعید موکریانی: ١٩٩
سالم "عەبدوڕڕەحمان بەگ": ١٩٩, ٢٠٧
سانیحە: ٢٧٤, ٢٩٩
سایس: ٢١١
سپایزەر: ٢١٥
ستانلی: ١٧٠
میر سلێمان: ١٩١
سلێمان پاشای بابان: ٩٠, ١٩١

سوڵطان سلێمان قانوونی: ١٤١
سنایس: ٢١٧
سورخاب بەگ: ١٩١
سوکمان قوطبی: ١٥٣
سونقور: ١١٨
سۆن: ٥٨, ٦١, ١٩٧, ٢٠٩, ٢١١, ٢٢٤, ٢٣٤, ٢٣٦, ٢٣٧, ٢٤٢, ٢٤٧
سەبطـییە: ١٦٢
سەدنەی سیمس, سیدنی سمیث: ٢١١, ٢٢٣
سەعدی شیرازی: ٢٨٧
سەعید قەزاز: ٣٢٦
ئەمیر سەیفوددین: ٨٥, ٨٦, ١١١
سەیفوددین ئەبوبەکر محەمەد: ١٠٨, ١٣٩
سەیفوددین عەلی ئەلمەشتووب: ١٥٢, ١٧٥, ١٧٦
سەلام: ٢٥٧, ٢٥٨, ٢٩٤
سوڵطان سەلیمی یەکەم: ٩٨, ١٢٢, ١٢٣, ١٤١, ١٥٧, ١٨٥
سوڵطان سەلیمی دووەم: ١٤١
سیبیل: ١٥٨, ١٦٦
شێخ سیراجوددین: ١٤٤

**ش**

شاپووری دووەم: ٢٠٣
شاور: ٨٤, ٨٥
شاه پرتۆی هەکاری: ١٩٩
شەرەفخانی بتلیسی, شەرەفەددین بتلیسی: ١٥٦, ٢٧٤
شەریف خان, شەریف خانی جۆڵەمێرگ: ١٩٨, ١٩٩, ٢٠٧
شەفیق بەگ: ٣٨
شەمسەددین بەگ سامی: ٢٢٧
شەوقی پاشا: ٢٧٠

حاجی شێخ بەگ: ١٨٩

**ص**

مەلا صاڵح "حەریق":

صاڵح ئەفەندی "ئاهی": ١٩٩

صاڵح پاشا: ١٣٦

صەڵاحوددین ئیبنول بورهان: ١٢٠

سوڵطان صەڵاحەددینی ئەیووبی: ٨٣, ٨٤, ٨٥, ٨٦, ٨٧, ٨٨, ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١١, ١١٥, ١١٨, ١٢٧, ١٣٠, ١٣٨, ١٣٩, ١٤٥, ١٥١, ١٥٥, ١٥٨, ١٥٩, ١٦٠, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣, ١٦٤, ١٦٥, ١٦٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧٢, ١٧٣, ١٧٥, ١٧٧, ١٧٨, ١٧٩, ١٨٠, ١٨١, ١٨٢, ٢٨٣

**ط**

طاهیر بەگ: ١٤٣, ١٩٩

سوڵطان طوغرول: ١٥٤

طەبەری: ٢٥٥, ٢٥٦

طەفتکین, تەفتکین: ١٥٣

طەها ئەلهاشمی: ٥٧

سەید طەهای بەرزنجی: ٢٧٣

**ظ**

مەلیك ظاهیر: ١١٦, ١١٧

**ع**

عارف صائیب: ١٤٣

عاضید: ٨٤, ٨٥

عایشە تەیموور: ١٢٨

شێخ عوثمانی تەوێڵە: ١٤٢

عومەر خەییام: ١١٤

عومەر ناجی بەگ: ١٤٣
عەباس میرزا: ١٢٤
شاه عەباسی ئەووەڵ: ٩٤, ٩٦, ٩٨, ٩٩, ١٣١, ١٣٣, ٢٠٥
عەبدوڕڕەحمان بەگی بابان: ٢٩٩
مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی: ١٤٣
عەبدولقادر قەزاز: ٢٨٥, ٢٨٦
عەبدوڵڵا ئۆزبەك: ١٥٥
عەبدوڵڵا جەودەت: ١٩٨
عەبدوڵڵا حەسەن: ١٩٩
عەبدوڵڵا موشكی: ١٣٨
عەبدولموحسین بەگ سەعدوون: ٢٧١
عەبدولمەجید حەسەن: ٣٠١, ٣٠٢, ٣٢٦
مەلا عەزیز: ٢٦٩
مەلیك عەزیز: ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١٦, ١٣٨
عەضدوددەولەی بوەیهی: ١٠٦
عەطا بەگ: ١٢٢
عەطار: ١١٤
عەلائەددین سەجادی: ٢٦٧, ٢٧٥
جانپۆلاد عەلی پاشا: ٩٨
عەلی تەرمۆكی: ١٩٨, ٢٠٧
عەلی حەریری: ٦٣, ١٩٨, ٢٠٧, ٢٣٦
عەلی ڕەشاد بەگ: ١٢٩
عەلی ڕەضا پاشا: ٩٠, ٩١, ٩٢
مەلا عەلی قزڵجەیی:
ئەمیر عەلی هیندی: ١٧٥
شێخ عەممار: ٦٣
عەوەض بەگ: ١٣٤
شێخ عیسا: ١٢٤

عیمادوددین ئیسماعیل: ١٢٤
عیمادوددین زەنگی: ٨٣, ٨٦, ٨٧, ١٣٨, ١٥٢

**غ**
غارزۆنی: ٢٣٦
غازان خان: ١٣٠
غیاثوددین: ١٢٦

**ف**
فاطیمەخانی میر محەمەد پاشا: ٨٩
فریج: ٥٩
فۆندەر غۆڵج: ٢٧٠
فەردریك باربارۆس: ١٧٢
مەلا فەضـڵوڵڵا قەزوینی: ١٥٤
فەقێ تەیران: ١٩٨, ٢٠٧
فەوزی پاشا, فەوزی چەقماق: ٢٧١
مەلیك فەیصەڵ: ٣٥, ٥٤
فیتز ژەڕاڵد: ١١٤
فیردەوسی: ١٨٣, ١٨٤, ١٨٧, ٢١٣, ٢٥٤, ٢٥٥
فیلیپ ئۆگۆست: ١٧٥, ١٧٧

**ق**
حاجی قادر: ٦٣, ١٣٧, ١٩٩, ٢٠٧
مەلا قادری شێخ‌وەسانی: ١٩٩
قاسم پاشا: ٩٠
قاضـیل فەضـڵ: ١١٦
قانع: ٢٥٣
قوسطەنـطـینۆس: ٢٢١
قەدری جان: ٣٢٦

**ک**


کاترمر: ۲۱۹

کاکەئەمینی موکری: ۱۹۹

کاکەشێخ: ۱۹۰

مەلیک کامیل کوڕی مەلیک عادیل: ۱۲٦, ۱۲۷

کورد: ۱۸۸

کوردی " مصطفا بەگ": ۱٥٦, ۱۹۹

کوردییە: ۱۸۸

مەرکیز کۆنارد: ۱٦۳, ۱٦٦, ۱٦۸, ۱٦۹, ۱۷۰, ۱۷۷, ۱۸۰

کەیخوسرەو "کۆرش": ۲۱٦, ۲۲۲

کەیغاتوخان: ۱۳۰

کیسرای هورمز: ۱۸۸


**ل**


لرچ: ۲۳٦

لووسی پوول مارغرێت: ۱۹۷


**م**


مادیسۆن گرانت: ۲۲۹, ۲۳۰

مارک سایکس: ٥۹

مارکی دوفروا: ۱۷۹

ماه شەرەف خانم: ۱۹۷

شێخ مەلا محەمەد: ۱٤٤

ڕودۆسلی محەمەد ئەفەندی: ۱٤۷

شاه محەمەد بەگ: ۹٤

سەردار محەمەد بەگ "بێگ": ۱۰۳

محەمەد بەگی بێکدلیی شاملوو: ۱۰۳, ۱۰٤

محەمەد بەگی جەلالی:

ئینجە بایراقدار محەمەد پاشا: ۱۲۸

محەمەد پاشا: ١٣٣, ١٣٤
میر محەمەد پاشا: ٨٩, ٩٠, ٩١, ٩٢, ١٢٨
قەلەندەر ئۆغلی"قەلەندەر زادە"محەمەد پاشا: ٩٨, ٩٩, ١٠٠
محەمەد پاشای بابان: ١٩١
سوڵطان محەمەد خودابەندە: ١٣٤
سەرتیپ محەمەدخان: ٩٠
سوڵطان محەمەدخان فاتیح: ١٥٠
محەمەدسەعید پاشا: ٩١
محەمەد شاه: ١٢٤
شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٨١
سوڵطان محەمەدی سەلجووقی: ١٥٣
محەمەد عەلی پاشا: ١٥١
محەمەد عەلی عەونی, عەلی عەونی: ١٥٨, ٢١٥, ٢١٦, ٢٧٤
محەمەدعەلی ئەلکوردی: ٣١٢, ٣١٥
محەمەد کوڕی شێخ حەیدەر: ١٣٦
محەمەد فاتیح تۆفیق: ٣١٦, ٣١٧
محەمەدی عەبدوڕڕەسوول: ١٨٥
مەلا محەمەدی کۆماسی: ١٩٩
شێخ محەمەدی مەظهەر: ١٨٥
شێخ محێدین: ١٤١
قازی محێدین: ١٦٥
کاك مصطەفا ئیرانی: ١٩٩
میر مصطەفا بەگ: ٨٩
مصطەفا پاشا (یامولکی): ٢٧٢
مصطەفا داودان: ١٢٥
مصطەفا ذهنی پاشا: ١٢٩
مصطەفا ڕەشید پاشا: ٩٢
مصطەفا کامیل: ٢٤٩

مصطەفا کەمال پاشا: ٢٧١
مصطەفا گۆرانی: ١٤٠
مەلا مصطەفای بیاری: ١٩٩
مەلا مصطەفای صەفوەت: ٢٨٧, ٢٨٩
موراد بەگی سوڵـطان ئەحمەد بەگی سوەیدی: ١٥٥
موراد پاشا: ٩٨
موڕادی ثالیث: ١٣٤
موڕادی ڕابیع: ١٣٣
موظەفەروددین گۆگەبری: ١٤٨
خەلیفە موعتەضید: ٢٥٥, ٢٥٦
موفتی زەهاوی: ١٤٤
پیر مووسا: ١٢٥
مووسا سوڵطان: ١٥٧
مووسا پاشای بادینانی: ٩١
میر مەئموون: ١٩١
سوڵـطان مەحموود: ١٥٤
شێخ مەحموود(ی حەفید): ١٤٣
مەحموود پاشای عەبدوڕڕەحمان پاشا: ٨٩
مەحوی: ١٩٩, ٢٠٧
مەلیك مەسعوود: ١٥٤
مەسعوودی: ٢٥٥
شێخ مەعرووف: ٢٠٧
مەعرووف جیاووك: ٢٧٨, ٢٨٠
مەقریزی: ٢٥٦
مەلەکشا, مەلەکشاه: ١٣٨, ٢٥٦
مەلیك مەنصوور: ١١٠, ١١٦, ١١٨
مەنصوور بەگ: ١٣١
سوڵـطان مەودوود: ١٣٨, ١٥٣

مەولەوی: ٦٣, ١٩٩, ٢٠٧
میرەبەگ: ١٩٠
میشۆ: ١٧٤
میصباحوددین سابڵاخی: ١٩٩

**ن**

نالی: ١٩٩, ٢٠٧
نامیق کەمال بەگ: ٩٤
سوڵطان نووروددین: ٨٤, ٨٥, ١١٥
نووری ثابیت بەگ: ٢٤٩
نووری سەعید: ٢٧٢
نەجموددین ئەیووب: ١٢٣
نەصیروددین طووسی: ١١٢
پیر نەظەر: ١٨٩

**هـ**

هاممەر, فۆن هاممەر: ١٢٢, ١٢٣, ١٢٧
هۆشەنگ: ٢٥٤
هۆلاکۆ: ١٥٠, ١٥٦
هۆوارت: ٢١١
هەرکل: ١٨٧
هەروون ئاللەن: ١١٣
هەمفری, هەمفری دو تۆرن: ١٧٨
هیدایەتوڵڵا ئەفەندی: ١٣٩

**و**

واهسوذان: ١٣٧
وستەنتینۆس: ٢٠٣
وەفائی: ١٩٩

وەلی دێوانە: ١٣٩

**ی**

یاسین پاشا هاشمی: ١٣٦, ٢٧٢

مەلا یوونسی باڵکاتی: ٦٣

یەحیا بەگ: ٩٠

جەلیلی یەحیا پاشا: ٩٠

مەلا یەحیا مزووری: ٩٠

سوڵطان یەعقووب کوڕی حەسەنەدرێژ: ١٢٢, ١٣٨

یەعقووب مەنصوور: ١٧٢

## ٢. شوێن

**ب**

بایەزید: ١٢٤, ١٢٩, ١٩٠, ٢٣٧, ٢٣٨, ٢٧٠

بوڵغاریا: ٢٧٠

**پ**

پاریس: ١٢١

پالمیر: ١١٩

پاڵنگان: ٢٤١

پاوە: ٢٤١, ٢٤٦

پشدەر: ١٩٠

پەیکوڵی: ٢٠

پیترۆگراد: ٢٧٠

پیریادی: ٦١

پێنجوێن: ١٨, ٢٠, ٢٢, ٢٣, ١٤٣, ١٤٤, ٢٨٦, ٢٨٨

**ت**

**تاڵش:** ٢٢٧

**توركيا:** ٥٠, ٦٦, ٨٠, ٢٠٤, ٢٠٥, ٢٣١, ٢٥٥, ٢٧٠

**ج**

**جاننجشت:** ١٣٠

**جزيــره, جزيــرەی ئيبنــو عومــەر:** ٨٦, ٨٧, ٩٠, ٩١, ١٠٩, ١١٠, ١١٢, ١٢٦, ١٢٧, ١٤٩, ١٥٠, ١٥٨, ١٨٠, ٢٤٧

**جەبلە:** ١٦٨

**جەغەتوو:** ٢٤٦

**چ**

**چای:** ٦١

**چاڵدێران:** ١٢٢

**چغالەزادە:** ٩٥

**چوارتا:** ١٨, ٢٣

**چەتاڵجە:** **٢٧٠**

**چەمچەماڵ:** ٢١

**چەمشگەزەك:** ١٥٦

**ح**

**حاجی قەرە:** ٥٨

**حصن كێف:** ١٢٣, ١٢٩

**حصن الداروم:** ١٨٠

**حطين:** ١١٥, ١٦٤, ١٨٢

**حللە:** ٧١, ٧٢, ٧٣, ١٩١

**حومص:** ٨٥, ١٠٦, ١١٦, ١٢٤

**حەرير:** ٨٩, ٩١, ١٣٦, ١٩٨

حەڵـەب: ٨٥, ٨٦, ٨٧, ٩٨, ١٠٨, ١١٠, ١١٦, ١١٧, ١١٨, ١٢٧, ١٣٩, ١٤٠, ١٤٦,
١٥١, ١٥٣, ١٦٥, ٢٤٨, ١٧١
حەما: ٥١, ٨٥, ٨٦, ١١٨, ١١٩, ١٢٠, ١٤٥
حەمیدییە (گەڕەك): ٥٨
حەیفا: ١٦٢
حیجاز: ١٢٨, ١٥١, ٢٣٣, ٢٩٥

خ

خاسە: ٢١
خانەقین, خانەقی: ٢١, ٢٢, ٢٣, ٤٥, ٥٨
خدران: ١٩٠
خوڕخوڕە: ٢٤٦
خوڕەم ئاباد: ١١٢
خۆراسان: ١٣١, ١٥٦, ٢٠٥, ٢١٦, ٢٣٦
خوزستان: ٢٤٦
خۆی: ٩٩
خەڕووبە: ١٧١, ١٧٣
خەلەکان: ١٤٦, ١٤٧
خەلیلو ڕەحمان: ١٦٤
خەمسە: ١٢٤
خیمانە: ٢٠٥

د

دارياس, درياس: ١٣٠, ١٣٤, ١٣٥
داقووقا: ١٣٩
دلێم: ٧١, ٧٢, ٧٣
دمدم, دوم دوم: ٨٩, ٩٣, ٩٤, ٩٩, ١٠٠, ١٠١, ١٠٢, ١٠٤, ١٣٠, ١٣١, ١٣٢
دومیات, دومیاط: ١١٠, ١٢٧, ١٤٩, ١٧١
دوور: ٥٨

دەربەند: ٢٠, ٩٠
دەربەند گەور: ٢٥٣
دەرسیم: ٢٤٦
دەككە: ٥٨
دهۆك: ٣٩, ٤٨, ٥٩
دیاربەكر: ٨٦, ١٠٩, ١٢٢, ١٢٦, ١٣٣, ١٣٦, ١٤٠, ١٤٥, ١٥٥, ٢٣٥, ٢٣٧
دیالە: ٧١, ٧٢, ٧٣, ٧٤
دیانا: ١٥٥
دیجلە: ٩١, ٢٣٥
دیمەشق: ٨٤, ١٢٤, ١٧٠, ١٧٣
دینەوەر: ١٥١, ٢١٠, ٢٤٦
دیوانییە: ٧١, ٧٢, ٧٣, ٨٠
دێ شێخ: ٥٨

ڕ
ڕامەڵڵا: ٨٦
ڕانیە: ٨٩, ١٤٦, ١٩٠
ڕستۆف: ٣٠٣
ڕووسیا: ٢٧٠
ڕۆم قەلعە: ١١٨
ڕەملە: ١٦٣, ١٦٤, ١٧٩, ١٨٢
ڕەواندز: ٨٩, ٩٠, ٩١, ٩٢, ١٤٦, ١٥٥
ڕەوضە: ١٢٧

ز
زاخۆ: ٣٩, ٩١
زاگرۆس:
زنجان: ١٢٤, ٢٣٨
زەممار: ٥٩

زەهاو: ١٤٤, ٢٣٥, ٢٤٧
زێبار: ٣٩, ٩١
زێوێ: ١٤٢
زێی کۆیە "بچووک": ٨٩, ٩٠
زێی بادینان, زێی گەورە: ٦٦, ٢٠١

**س**

سابڵاخ: ١٤٢, ٢٢٦, ٢٣٨
سارخەد: ١١٦
سرۆچك: ١٩١
سرووج: ١١٦
سعرد: ٢٣٨
سلستەرە: ٩٤, ١٠٢
سلێمانی: ١٥, ١٦, ١٨, ١٩, ٢٠, ٢١, ٢٣, ٢٤, ٢٥, ٢٧, ٢٨, ٣٩, ٤٢, ٤٥, ٥١, ٥٢, ٦٤, ٦٥, ٦٨, ٦٩, ٧٠, ٧٢, ٧٣, ٨٠, ٩٠, ١٣٣, ١٤٢, ١٤٣, ١٨٧, ٢٠٩, ٢٤٩, ٢٥٠, ٢٦٩, ٢٧١, ٢٧٢, ٢٧٧, ٢٨١, ٢٨٤, ٢٨٦, ٢٨٧, ٢٩١, ٢٩٣, ٢٩٥
سنجار: ٥٩, ٨٦, ٨٧, ١٢٦, ٢٣٦
سنە: ١٣١, ٢٢٠, ٢٣٠, ٢٣٤, ٢٣٥, ٢٤١, ٢٤٦, ٢٤٧
سولدووز: ١٨٩
سومەیساد, سومەیساط, سومەیسات: ١١٦, ١١٧
سوید: ٢٠٧, ٣٠٣
سۆران: ٨٩, ٩٠, ٩١, ٩٢, ٩٤, ١٢٨, ١٣٢, ١٣٣, ١٥٣, ١٥٦, ١٨٩, ٢٠٠, ٢٠١, ٢١٤, ٢٩٤
سووورداش: ١٤٢
سووریە: ٦٦, ٧٥, ٨٦, ١٠٦, ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١٥, ١١٦, ١١٧, ١١٩, ١٢٦, ١٢٧, ١٣٨, ١٣٩, ١٦٨, ٢٠٤, ٢٠٥, ٢٣٣, ٢٣٦, ٢٣٧
سەبطییە: ١٦٢

سەردەشت: ٩٠, ٩١
سەقز: ٢٤٦
سەگرمە: ٢٠
سەلماس: ٩٥, ١٠٠, ٢٣٥
سەلمان پاك: ٢٧٠
سەیوان: ٢٧٢, ٢٨٨, ٢٩١, ٢٩٥, ٢٩٩
سیدەكان: ١٥٥
سیروان: ٢١, ٢٢, ١٢٥, ٢٣٥
سیس: ١١٩
سیستان: ١٨٨
سیواس: ٩٢

## ش

شارباژێڕ: ١٤٣, ١٨٩
شارەبان: ٥٨
شـام: ٨٣, ٨٤, ٨٥, ٨٦, ٨٧, ٨٨, ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١٥, ١١٦, ١١٨, ١٢٤, ١٢٦, ١٢٧, ١٣٠, ١٣٨, ١٣٩, ١٤٥, ١٤٦, ١٥٢, ١٥٣, ١٥٨, ١٦١, ١٦٣, ١٦٣, ١٦٥, ١٦٨, ١٧٠, ١٨٢, ٢٥٧
شقێف: ١٦٢, ١٦٩, ١٧٠
شنۆ, ئوشنۆ: ٩٤, ٩٦, ١٣٢
شەقڵاوە: ٢٨٦
شەمدینان: ٢٣٧
شەهر خەیر: ١٨٤
شێخان: ٥٨, ٥٩, ٩٠
شێخەڵمارێن: ١٤٣

## ص

صار و كوركان: ١٣٤, ١٣٥
صاصۆن, ساسۆن: ١٤٦, ٢٣٨

صاڵحییه: ١٢٧
صوور: ٨٧, ٨٨, ١٦٣, ١٦٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٨٢
صولق: ١٠١, ١٠٢
صۆمای: ١٠٠, ١٥٦
صەیدا: ١٦٢
صەعید: ١٤٥
صەفوورییە: ١٦٠
صەفەد: ١٦٨
صەهیۆن: ١٦٨

**ط**

طۆپخانه (مزگەوت): ١٤٧
طەرابولس: ١٤٧
طەرابولسول شام: ١٤٧
طەرەبزوون: ٩٢
طەهران: ١١٣, ١٣٢

**ع**

عادلجواز: ١٥٧
عەدەن: ٨٦
عەرەب ئاغا: ٥٨
عەسقەلان: ١٦٣, ١٧٩, ١٨٠
عەقرە: ٣٩, ٩١, ١٢٨, ١٤٠, ٢٣٦
عەکا: ٨٧, ٨٩, ١٠٨, ١١٥, ١٣٨, ١٥٩, ١٦٢, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧١, ١٧٢, ١٧٣, ١٧٤, ١٧٥, ١٧٦, ١٧٧, ١٧٨, ١٧٩, ١٨٠, ١٨١, ١٨٢
عەلیاوا: ٥٨
عەمادییە: ٣٩, ٩١, ١٢٨, ١٤٠, ٢٣٦
عەمارە: ٧١, ٧٢, ٧٣, ٨٠

عــيراق: ١٨, ١٩, ٢٨, ٣٥, ٣٦, ٣٧, ٣٨, ٤٠, ٤٢, ٤٣, ٤٧, ٤٨, ٤٩, ٥٠, ٥٢, ٥٨, ٦٤, ٦٦, ٦٧, ٧٠, ٧٥, ١٣٦, ١٥٣, ١٩١, ٢٠١, ٢٠٤, ٢٠٥, ٢٠٦, ٢١٧, ٢٢٢, ٢٢٣, ٢٤٨, ٢٥١, ٢٥٥, ٢٧٠, ٢٧١, ٢٧٢, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٧٧, ٢٨٤, ٢٨٨, ٢٩١, ٢٩٤

عیراقی عەجەم: ٢٢٢

عێنتاب: ٨٧

**غ**

غەززە: ١٢٧, ١٦٣

**ف**

فارس: ١٨٤, ٢٢٢, ٢٢٣, ٢٢٥, ٢٣٥, ٢٣٦, ٢٤٢

فنلەندە: ٣٠٣

فوولە: ١٦٢

فەڕەنسە: ١٧٥, ١٧٦, ١٧٧

فەلووجە: ٣١٥

فەڵەسطین, فەڵەستین: ٨٤, ٨٥, ٨٦, ٨٧, ٨٨, ١٠٩, ١١٧, ١٢٤, ١٢٦, ١٢٧, ١٣٨, ١٥٨, ١٦٠, ١٦١, ١٦٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧٢, ١٧٤, ١٧٧, ١٨١, ١٨٢, ٢٧١, ٢٧٩

**ق**

قادر کەرەم:

قاهیرە: ١١٥, ١١٦, ١١٩, ١٢٧

قرمیسین: ١٥١

قزرەبات: ٥٨

قزڵجە: ٢٠, ١٤٣

قنیژە: ٩٤, ١٠٢

قودس, قودسی شەریف: ٨٥, ٨٧, ٨٨, ١٠٨, ١٢٧, ١٤٥, ١٥٣, ١٥٨, ١٦٣, ١٦٤, ١٦٥, ١٦٦, ١٦٧, ١٧٠, ١٧٩, ١٨٠, ١٨١, ١٨٢

قوله: ٥٨
قویوونجق: ٩٠
قۆرەتوو: ٥٨
قەرەئێنجیر: ٢١
قەرەباغ: ١٢٤, ٢٢٧
قەرەحەصار: ٩٨
قەرەطاغ, قەرەداغ: ١٤٤, ٢٥٣
قەرەغان: ٢٣
قەزانییە: ٥٨
قەفقاسیا: ٢٠٥, ٢٧٠
قەمچووغە: ٩٠
قیساریە: ١٦٢

ك
کارێز: ٥٨
کاس: ١٥٣
کالیفان: ١٥٦
کاندۆلا: ٢٤٦, ١٢٤٧
کرماشان: ٢٣٤, ٢٣٦, ٢٤٦
کرمان: ١٨٤, ٢٢٣
کرند: ٢٣٤
کفری: ٦٢
کلس: ٩٨
کوردستان: ٥٠, ٥٥, ٥٦, ٥٧, ٥٨, ٨٧, ٩٠, ٩٨, ٩٩, ١١٠, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٥, ١٣٢, ١٣٧, ١٤٢, ١٨٨, ١٩٦, ٢٠٠, ٢٠١, ٢٠٤, ٢٠٩, ٢١٠, ٢١٢, ٢٢٩, ٢٥٧, ٢٧٤, ٢٧٨, ٢٧٩, ٢٨٣, ٢٨٥, ٢٨٨, ٢٩٠, ٢٩١, ٢٩٥, ٢٩٩
کوردستانی ئێران: ١٩٧, ٢٠٥

کوردستانی عیراق, کوردستانی خواروو: ٥٧, ٥٨, ٦٦, ٦٧
کورکان: ١٣٥
کووت: ٧١, ٧٢, ٧٣
کۆیه, کۆیسنجەق: ٥١, ٨٩, ٩٠, ١٤٢, ١٥٣
کەبش: ١٢٧
کەربەلا: ٦٤, ٧١, ٧٢, ٧٣
کـــــەرکووك: ١٥, ٢١, ٢٢, ٢٣, ٢٨, ٣٩, ٤٠, ٤٣, ٤٤, ٤٥, ٥٩, ٦٠, ٦١, ٦٢, ٦٤, ٦٨, ٦٩, ٧١, ٧٢, ٧٣, ٧٤, ١٤٤, ١٨٩, ١٩٠
کەرەك: ٨٧, ١٠٨, ١٠٩, ١٢٦, ١٣٩, ١٥٩, ١٦٠, ١٦١, ١٦٨
کەوکەبە: ١٦٩, ١٨٣

**گ**

گۆپ تەپە: ٢١
گۆیژە: ٢٦٩, ٢٩٤, ٣٠٣
گەیلان: ٢٢٧
گێلەك: ٢٢٧

**ل**

لارجان: ١٩٠
لازقییە: ١٦٩
لاهیجان: ٩٦
لایبزیق: ١٢١
لوڕستان: ١١٣, ١٣٠, ١٥٦, ١٥٧, ٢٣٦, ٢٤٣, ٢٤٨
لوهۆم: ١٢٥
لەندەن: ٥٤

**م**

ماردین: ١٢٢, ١٢٩, ٢٣٥, ٢٣٧
مازەندەران: ٢٣٦

ماهیدەشت: ١٣١
مـــــــوكری: ٦٦, ٩٧, ١٠٣, ١٠٤, ١٣٣, ١٣٤, ١٩٧, ١٩٩, ٢٠٠, ٢٠٥, ٢١١, ٢١٤, ٢٢٦, ٢٣٥, ٢٣٧, ٢٣٩, ٢٤٦
مۆسكۆ: ٢٧٠
مەجارستان: ١١٠
مەجدەل یابا: ١٦٢
مەخبگرد: ١٥٦
مەخموور: ٥٩
مەراغە: ١٣٠, ١٣٤, ١٣٨, ١٥٣, ١٥٤
مەرج عیون: ٨٦, ١٦٩
مەرگە: ١٩٠
مەرگەوەڕ: ١٣٢
مەریوان: ٢٣٦, ٢٤٦
مەزیەپۆتامیا: ٨٦
مەعلیا: ١٦٢
مەندەلی: ٥٨
مەنصوورە: ١٤٩
مەیافارقین: ١٣٣, ١٤٠, ١٥٥
مەیمەنە: ١١٣
میان دواب: ١٣٥
میدیا: ٢٠٠, ٢١٩, ٢٢٦, ٢٢٧
میدیای گەورە: ٢٢٢

**ن**

نابلوس: ١٦٣, ١٦٧, ١٨٣
ناصیرە: ١٦٣
نصێبین: ١٢٦
نۆدێ: ٢٠

نەجەف: ٧٤
نەخچەوان: ٩٤
نیسایە: ١٨٥
نیشاپوور: ١٨٣

**هـ**
هاتین: ٨٧
هاودیان: ١٥٦
هوینین: ١٦٩
هەفدیان: ٨٩
هەکاری، حەکاری: ٦٣، ٩١، ١٢٢، ١٤٦، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٣٧، ٢٣٨
هەڵەبجە: ١٥، ١٨، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٨، ١٤٣، ٢٥٢
هەمەدان: ١١٢، ١١٣، ١٣٩، ١٥٥
هەورامان: ١٢٥، ٢٠٣، ٢٤٢، ٢٤٧
هـــەولێر: ٢٨، ٣٩، ٤٤، ٤٥، ٥٢، ٥٩، ٦٤، ٦٨، ٦٩، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٨٩، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٨، ١٤٦،
هیندستان: ١٨٤، ١٨٥

**و**
وان: ١٣٤، ٢٣٩
ورمێ، ئورمیە: ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١٠٠، ١٣٢، ٢٣٨، ٢٣٩
وڵیاوا: ٢٠

**ی**
یافا: ١٠٨، ١٦٢، ١٧٨، ١٨٠، ١٨١
یکورا: ١٥١
یۆنان: ٧٩، ٨٠، ٨٥، ١٨٤، ٢١٦، ٢١٩
یەمەن: ٨٦، ١١٠